# ڕامان

98


- زیانی کۆمەڵایەتی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی-دا.. ئەحمەد تاقانە
- خوێندنەوەیەکی تازەی شیعری.......... عەبدولڕەزاق بیمار
- چاوپێکەوتنێکی بەرفراوان لەگەڵ (عەبدولکەریم هەورامی)...
- شۆڕشی بەدرخان لە بەڵگەنامەکانی... عەبدولڕەقیب یوسف
- پرشنگێک لە بیروباوەڕی زەردەشتی.......... هاشم سەراج
- فیردەوسی لەجەژنمان.................. دلشاد مستەفا
- بەرەو کۆنگرەیەک بۆ گۆرانی و موزیکی....... وریا ئەحمەد
- شەرعیەتی داگیرکان.. شەرعیەتی...... ئازاد عەزیز سورمێ



مەڵبەندی ڕۆشنبیری کتێبە
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان دەری دەکات



تابلۆ: ڤیرنەر ئیگا - ئەڵمانیا

RAMAN
July, 2005
Issue, No. 98

# رامان

98

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات
خولی دووەم - ساڵی دەیەم
تەمموز/ **2005**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**دارێژەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیڤ و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەڵاحەدین

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی**
www.raman-media.net

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
٢٢٣٠٥٨٢

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
٤٤٩٤٦٦٢
٢٢٢٨٥٠٦

**چاپ**
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

**نرخ**
(٧٥٠) دینار

# ناوەڕۆک


• **پێڕست** 2
• **سەروتار**
– کوانێ سیاسەتی ڕۆشنبیریمان.................................................. سەرنووسەر 3
• **لێکۆڵینەوە**
– ژیانی کۆمەڵایەتی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی-دا.............................. ئەحمەد تاقانە 4
– خوێندنەوەیەکی تازەی شیعری عەبدوڵڵا بەگی «ئەدەب»........................ عەبدولڕەزاق بیمار 14
– جوانکارییەکانی هونەری شیعری لە کۆشیعری «خاک و ڕۆژ...»......................... کەریم شارەزا 24
– یاخیبوون ژ هندک دیاردێن جڤاکی – سیاسی.......................................... ئەمین عەبدولقادر 32
• **ڕەخنە**
– فەنتازیای پێشبینی لە چیرۆکی «هاوار»............................................. سەباح ئیسماعیل 38
• **دەق و ڕەخنە**
– دەقی: محەمەد ئەمین ئەحمەد.................................................... ڕەخنەی: سابیر ڕەشید 45
• **ئەدەبیاتی نامە**
– بەشێکی دی لە نامەکانی هزرمەندی کورد (مەسعود محەمەد).............................. ئا: حەکیم کاکەوەیس 61
• **چاوپێکەوتن**
– چاوپێکەوتنێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەری ناسراو (حەمەکەریم هەورامی).................. ئا: ئازاد عەبدولواحید 78
• **دیمانە**
– دیمانەیەک لەگەڵ زمانەوان (د. شێرکۆ بابان)........................................ ئا: مەحموود زامدار 95
• **فەلسەفە**
– بنەڕەتە فەلسەفییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیک.............................................. د. حەمید عەزیز 100
• **دەروونزانی**
– دژە بۆچوون لە سایکۆلۆژیادا.................................................. یووسف عوسمان حەمەد 108
• **مێژوو**
– شۆڕشی بەدرخان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا........................................ عەبدولڕەقیب یووسف 111
• **وتار**
– پوختەیەک لە بیروباوەڕی زەردەشتی................................................... هاشم سەڕاج 118
– یەزدانی یان یەزدانییەت و یەزدانییەکان.......................... و/ لە تورکییەوە: یووسف عزەدین 123
• **شیعر**
– ئەوان لە مردن سەما دەکەن........................................................ کەریم دەشتی 127
– ئاوێنەکانی چارەنووس............................................................... نالە حەسەن 129
– شیعرنامەیەک بۆ گوڵ.............................................................. شیلان گەیلانی 131
• **شیعری بیانی**
– مەملەکەتی سێبەر.................................... و/ لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا 132
• **دەق**
– چریک، گێڕانەوەیێ بۆ مەرگ......................................................... کامبیز کەریمی 134
• **چیرۆک**
– چارەنووسی کەسایەتی................................................................ مستەفا شێخە 141
– مردنەوە............................................................................ محەمەد ئەردەڵان 143
• **دەقی خۆماڵی**
– فیردەوسی تەمتومان.................................................................. دڵشاد مستەفا 147
• **شانۆ**
– لە بارەی میللەر و شانۆکانییەوە........................................................ د. فازیل جاف 167
• **گۆرانی و مۆسیقا**
– بەرەو کۆنگرەیەک بۆ گۆرانی و مووزیکی کوردیمان.......................................... وریا ئەحمەد 174
• **بەدواداچوون**
– پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە فەرهەنگی (فەڕەنسی – کوردی)......................... د. کەمال مەعرووف 176
• **کتێب**
– دیوانی حاجی باقی (بەنگینە)............................................ لێدوانی: زانیار سەردار قرگەیی 185
– بهێنڤەدانەک د ئەرشیفی – هزرڤانیدا.......................................... لێدوانی: عەبدولڕەحمان بامەڕنی 189
• **نامە**
– نامەیەکی هونەرمەندی نەمر ئازاد شەوقی.............................................. ئا: ڕامان 192
• **تیراژ**.................................................................................. 193
• **دواپەنجەرە**
– شەرعیەتی داهێنان.. شەرعیەتی هاووڵاتیبوون.............................................. نەژاد عەزیز سورمێ 208

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# کوانێ سیاسەتی ڕۆشنبیریمان؟

سەرنووسەر

* هەرچەندە قسە زۆرە لەبارەی کەناڵەکانی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆی کوردستان بینووسین، بەڵام دەپرسین: کوانێ پلان و بەرنامەڕێژی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی بەناو جەماوەردا لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە؟ کوا سیاسەتی ڕۆشنبیری ئێمە کە بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و زمانی ژمارەوە بەرنامەی داهاتووی ئەو دەزگا و دامەزراوانە دانرابێ تا بەرچاویان ڕوون بێ لە داهاتوو چۆن کاربکەن؟ کام دەزگا و کەناڵی ڕۆشنبیری حزبی و حکومی بەرنامەی (٦) مانگی داهاتووی خۆی داناوە وبە وردی کەوتووەتە جێبەجێ کردنیان؟ باسی بەرنامەی کاری (١) ساڵ و (٣) ساڵ و (٥) ساڵی دادێ ناکەین!

* ئەگەر کەناڵێکی حکوومی ئەو هەموو ئیمکانیاتە مرۆیی و ماددییەی بۆ تەرخان کرابێ، بۆچی بە شەفافیەتەوە کار و پرۆژەکانی خۆی هەڵناخا و نایخاتە بەرچاوی ڕاگەیاندنەوە، یان خۆ کافر نابن ئەگەر (٦) مانگ جارێ، ساڵێ جارێ ڕۆشنبیران بانگهێشت بکەن تا لە کار و پرۆژەکانیان ئاگادار بکرێن و پێیدا بچنەوە، تا بزانن چی کراوە و کەموکوڕی لە کوێدایە و چۆن چارەسەر دەکرێن، ئەوە ئەگەر مەبەست خزمەت گەیاندنە بە واقیعی ڕۆشنبیری، نەک هەر بە تەنیا سواری قسەی خۆیان ببن.

ئەو توێژەی سەرکردایەتی ئەو کەناڵانە دەکەن پێویستە لە هەموو کەس زیاتر باوەڕیان بە دیالۆگێکی کراوە بێ، کەچی بەداخەوە بەشێوەیەکی بیروڕاکراتیانە لە پشت مێزەکانیانەوە کار دەکەن و ئەمرو نەهی دەکەن و لە بورجی عاجی خۆیانەوە لە کاری سەقەت بەولاوە شتێکی تر ناکەن، پێشیان وایە شاکاریان ئەنجام داوە.

* لەو واقیعی حاڵە تاڵەوە کە دەیبینین پێدەچێ پرس و ڕاکردن و بیروڕا گۆڕینەوە باوی نەمابێ، چونکە بەو واقیعی حاڵەوە، دان بە نامۆیی خۆیان دانانێن و حەزیش بە ڕاوێژکردن ناکەن بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی ڕۆشنبیری تۆکمە و هەمەلایەن کە بایەخدان و لاکردنەوە بە گرنگی هەر بوارێک بە پێی ئەو سیاسەتە بێ بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەلەبەرەکان، بۆیە بوونی ئەو سیاسەتە ڕۆشنبیرییە بۆ ئەوەیە:

(١) لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چۆنیەتی زۆرکردنی خوێنەران و بینەرانی شانۆ و سینەما و پیشانگا هونەرییەکان بێ، ئەوانەی لە کتێب و خوێندنەوە و لە هۆڵەکانی شانۆ و سینەما تۆراون ئاشتیان بکاتەوە.

(٢) ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بێ بەرنامە و بە میزاج و بۆ ڕازیکردنی دڵی یەک- دووکەس دەردەکرێن، کە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بێ، بۆیە دەبێ لەو پلان و بەرنامەڕێژییەدا بەپێی زەروورەت و بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێک ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە دەربچن تا توانای ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانیش پەرش و بڵاونەبێتەوە و لە دواجاردا ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە ببنە گۆڤار و ڕۆژنامەی میللەتێک، نەک گرووپێک، کە تەنانەت جاری وا هەیە نوێنەرایەتی چاپخانەیەک یان شارێکیشیان پێ ناکرێ.

(٣) بۆ گەشە و نەشونماکردنی هەموو کەناڵە ڕۆشنبیرییەکان دەبێ مۆتەکەی (مەرکەزییەت) لەسەریان نەمێنێ و کەسایەتییان نەسڕێتەوە، ئەگەر (سەربەخۆیی) تەواویشیان نەبێ دەکرێ (فیدراڵی)یان بدرێتێ.

(٤) لە گەیاندنی کتێب بەخوێنەران دەبێ پاڵپشتی لە دەزگاکانی چاپەمەنی بکرێ لە دانانی نرخی گونجاو بۆ کتێب و چاپکراوەکان، بەدواداچوونیش هەبێ بۆ گەیاندنی ئەو کتێب و چاپکراوانە بەدەستی خوێنەرانی خۆیان، نەک لەبەر زۆری کاغەزی ئەو کتێب و چاپکراوانە و نرخە هەرزانەکەی بکرێنە لوولەی پاقلە و گوڵەبەڕۆژە فرۆشان.

(٥) زۆرکردنی سەنتەری ڕۆشنبیری، ئەگەر لە هەر کوچە و کۆڵان و گوندێکی سەرسنوور و شار و شارۆچکەیەکی ئەو وڵاتەدا سەنتەر هەبێ زەرەرناکەین و سەرمان ناشکێنێ، بە مەرجێ تەنیا نەبێتە شوێنی (چاو و قاوە) خواردنەوە، بگرە پێش ئەوە ببێتە شوێنی کار و چالاکی نواندن و بیروڕا گۆڕینەوە و کۆبوونەوە و دۆزینەوە و ناساندنی بەهرە و تواناکان و هێنانە پێشەوەیان.

(٦) سیاسەتی ڕۆشنبیری، با بەشێکی گرنگی سیاسەتی دابەشکردنی چاپەمەنیش بگرێتەوە، هەموو شوێنێ لەناو ئەو وڵاتە و لە هەر چوار پارچەی کوردستانیشدا کە چاویان لە دەستی ئێمەیە پشت گوێ نەخرێن.

(٧) بایەخ بە نەفسیەت و میزاجی خوێنەری کورد بدرێ و بزانرێ چییان دەوێ، تا لەلایەک ئەو مەیل و ئارەزووانە تێربکرێن و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئاستێکی هوشیاریی بەرز و بڵندتر ئاراستە بکرێن.

(٨) بەداخەوە ڕەچاونەکردنی سیاسەتی ڕۆشنبیری، گەڕەلاوژە و فەوزاو بەهەدەرچوونی توانای مرۆیی و ماددی زۆری لێکەوتووەتەوە، ئەوە جگە لەوەی ئەنجامی کارەکانیشی بێ بەرهەم کردووە و تەئسیری لە کاری جدی و ڕاستەقینەش کردووە کە لەناو ئەو تەپوتۆزەدا ون ببن و بە ئاسانی نەناسرێنەوە، ئەم دیاردەی نەبوونی سیاسەتە وای کردووە لە هەموو کایەکانی ژیاندا ڕەنگ بداتەوە هەر لە هێنانی ئوتومبێل، تا نەبوونی سیاسەتی کشتوکاڵ کە هەر ساڵێ بە هۆی دیراسەنەکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵی خۆمان بەرهەمێک لە بازاڕ زۆر دەبێ و لە هەمان کاتدا بەرهەمی دیکە لە بازاڕ ون دەبن.

* گرنگترین توێژێک کە توێژی ڕۆشنبیرانن و ئەمڕۆکە کارەکانیان دراوەتە دەست و هیچ بیانوویەکیان نەماوە بەوەی گوایە کەسانی ناشی و ناشارەزایان بەسەرەوەیە، کەچی خەڵکی خەمخۆر ڕەحمەت بۆ کفن دز دەنێرن. (کتێب) کە سەرچاوەی سەرەکی ڕۆشنبیربوونە و هەموو ڕۆشنبیرییەکی قووڵ لە کتێبەوە دێ ئەمڕۆکە لە زۆر لەو دەزگا ڕۆشنبیرییە گرنگانە ونە، ئەگەرچی توانا و ئیمکانیاتی ئەمڕۆ لە چاو ساڵانی ڕابردوو هەر بەراورد ناکرێ، کەچی بە فیستیڤاڵ و قەڵەباڵغیی بێ بەرنامە و بێ ئەنجام و کاری سەقەت ئەو توانایە بە هەدەر دەدرێ کە نە جێگە دەگرێ و نە لەوانەی ڕابردووش پێشکەوتووترن، هۆیەکەشی هەر ئەوەیە کە تەنانەت لە فیستیڤاڵێکی هونەریی گەورەدا پرس بە بەڕێوەبەر و شارەزا و هونەرمەندانی خۆشیان ناکەن.

* بە کورتی و بە کوردی پێویستمان بە دانانی سیاسەتێکی ڕۆشنبیریی ورد و لەبارە کە لەم قۆناغە ناسک و مێژووییەدا کەناڵەکانی ڕۆشنبیری لە پاڵ یەکە بە یەکەی ڕۆشنبیران و نووسەران بە کارو ئەرکی سەر شانی خۆیان دابچنەوە لە پێناوی برەودان و پێشخستنی هوشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریی کۆمەڵگای کوردستان و لە قۆناغی داهاتوودا ئەو ئەرکە زیاتر بەرجەستە بکرێ تا ئەوانیش لەگەڵ ئەو کەناڵە ڕۆشنبیرییانە لە ئاستی گۆڕانکاری و ڕووداوەکاندا بن و بۆ ئەو ئەرک و پەیامە ئامادە بکرێن کە هەموو لایەک چاوەڕێیەتی، ئەو ئەرکەش دواخستن قەبووڵ ناکات و دەبێ هەرچی زووتر دەست بەکاربێن.

# ژیانی کۆمەڵایەتی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی-دا

ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

### وتەیەکی کورت

وتەیەکی کۆن هەیە دەڵێ: ئەدەب ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی، ئەگەر ئەمڕۆ شیعر و ئەدەبیاتی هاوچەرخ بەلای کەمەوە بە ڕواڵەت دوورکەوتبێتەوە لەوەی بەزەقی ئەمە بنوێنێ، ئەوا شیعری ئەو سەردەمەی شێخ ڕەزای تێدا ژیاوە، ئەو وتەیەمان بۆ دەسەلمێنێ. هەروەها ئەگەر ئەم جۆرە دەقانە، بەتایبەتی شیعر، نەکرێ وەکو دەقێکی مێژوویی پشتی پێ ببەسترێ، دەتوانرێ وەکو ئاماژە و پاڵپشتی دەقی نووسراوی دیکە، سوودی زۆری لێ ببینرێ و...تاد. هەروەها چونکە لەو سەردەمانەدا بواری ئەوە نەبووە، یان کەشی ڕۆشنبیری بەو شێوەیە نەبووە گەلێک لایەنی کۆمەڵایەتیی وردی ئەو سەردەمانە بنووسرێنەوە، ئەم دەقانە وەکو سەرچاوەی بەهێزی پشت پێبەستراوی گەلێک لەو لایەنانە خۆیان دەچەسپێن و گەلێک لایەنی شاراوە و نادیار و وردمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، لەو سەردەمانەدا، ڕۆشنبیری و زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تورکی بووە و گەلێک شیعریشی پێ گوتراوە، کە فەرمانبەر و کاربەدەستان بە زۆری یان تورک بوون یانیش ڕۆشنبیرییەکی تورکییان بووە. بۆیە یەکێکی وەکو شێخ ڕەزا، بە تایبەتی شیعری ڕەخنە ئامێز و توانجهاوێژ و ئاراستەکراوی ئەو کاربەدەستانەی بە تورکی گوتووە کە دەکرێ بۆ لێکۆڵینەوەی فراوانتر سوودێکی گەورە لە دەقەکانی شێخ و شاعیرانی دیکە وەربگیرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە من لێرەدا وەکو نموونە باسم لە هەندێک لایەنی کۆمەڵایەتی کردووە لە شیعری شێخ ڕەزادا، دەمەوێ بڵێم ئەمەی من کردوومە نە هەموو لایەنێکی بە تێرو تەسەلی گرتووەتەوە و نە لە بەرنامەی ئەم نووسینەشمدا بوو ئەو کارە بکەم، چونکە خۆم بە سنوورێکی دەستنیشان کراوەوە بەستووەتەوە. دەکرێ لە باسێکی تێروتەسەل و فراوانتردا ناوی لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە بگۆڕرێ و ناوونیشانی «ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی شێخ ڕەزادا»ی بۆ دابنرێ و سوود لە سەرچاوەی دیکەو شیعر و دەقی شاعیرانی دیکەش وەربگیرێ، بۆ تێگەیشتنێکی باشتر و قووڵتری پێکهاتەی بیری کۆمەڵایەتیی بەتایبەتی شاری کەرکووکی ئەو سەردەمە؛ جا ئەو دەقانە بە کوردی بن یان بە زمانانی دیکە.

### شیعری شێخ ڕەزا
### لە دەوروبەری مێژووی کۆمەڵایەتیدا

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، هەردوو دەوڵەتی



شێخ ڕەزای تاڵەبانی

عوسمانی و ئێرانی، کاریان بۆ ئەوە کردووە کە دەسەڵاتە خۆجێییەکان کەم بکەنەوە و میرنشینەکان لەناو ببەن. بەمجۆرە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە زۆری بەسەردا ڕەت نەبووبوو کە میرنشینییەکانی ئەردەڵان و سۆران و بابان لەناوبرابوون و ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی دەوڵەتە ناوەندییەکانیان بەسەردا سەپێنرابوو.

شێخ ڕەزا کە لە میرنشینیی بابان نزیکتر بوو، بەڵکو خۆی بە کەسێکی ناو میرنشینییەکە دەزانی، تەنانەت تا کۆتایی ژیانیشی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ میرو میرزادەکانی باباندا هەبووە، ئەم پێوەندیی دۆستایەتییانە لەم شیعرانەی شێخدا ڕەنگیان داوەتەوە کە بۆ کەسایەتیی وەکو ئەحمەد پاشا (ل٩٧، ١٣٤ی دیوان) و حەمدی پاشا (ل٨٨ی دیوان) و مستەفا زهنی پاشا (ل٩٥، ١٣٠ی دیوان) و مەجید پاشا (ل٢٠٨ی دیوان) و گەلێک وردەباس و ئاماژەی دیکەی تۆمارکردووە و هەرگیز باسی سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینییەکە و بیرەوەرییە خۆشەکانی لەبیر نەکردووە. ئەمەش لەو شیعرەیدا خۆی دەنوێنێ کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

**لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو**
**نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**

ئەوەی ڕاستی بێ لێرەدا من پتر مەبەستم ئەو سێ دێڕە شیعرەی دوای ئەم دێڕەیانە کە وێنەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکوپێکی ڕێوڕەسمی چوونە سەرای میری بابان و هەڵسوکەوتی میللەتەکەیە کە لە پێشوازی و لەسەرەڕێی میردا وەستانمان بۆ بەرجەستە دەکا کە دەڵێ:

**لەبەرقاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید**
**مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو**
**لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا**
**سەدای مۆزیقەو و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو**
**دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە**
**کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بوو(١)**

دیارە ئەم لابردنی میرنشینانە و ڕاستەوخۆ دەسەڵات گرتنە دەستە، چارەسەرێکی بنەڕەتیی گیروگرفتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی نەکردووە و پیرە دەوڵەت بەرەو کۆتاییەکانی بووەتەوە و سەردەمەکە پڕاوپڕبووە لە گێرەوکێشە. نەهاتی دەوڵەت بووەتە باری قورسی سەرشانی گەلانی ژێر دەسەڵات و ئاڵۆزی و ناخۆشیی ژیان.

هەر لەو سەردەمەدا هەڵسوکەوتی عوسمانی، سەر لێشێواوییەکی پێوە دیاربووە و بەوەی کە بەڕێوەبەرێتییەکان ڕێکدەخا، سەری لە خۆشی و لە خەڵکیش شێواندبوو و تووشی نیگەرانی و ناخۆشیی کردبوون. ساڵی (١٢٩٦)ی کۆچی (١٨٧٨-١٨٧٩)ی زایین) دوای ئەوەی کەرکووک مەڵبەندی موتەسەرریفێتییەکی سەر بە ویلایەتی بەغدا بووە، جیاکراوەتەوە و کراوەتە ویلایەت، کەچی دواتر هەر لەو ساڵەدا کەرکووکیان خستووەتە سەر ویلایەتی مووسڵ و «نافیع ئەفەندی»یەکیشیان کردووەتە والی کە شێخ ڕەزا ڕقی لێ بووەتەوە و گوتوویەتی:

**موصل أولدی ویلایەت، نافع افندی والی**
**ویل لکم رعیت، کول باشوە آهالی(٢)**

واتە: مووسڵ بووە ویلایەت و نافیع ئەفەندیش کرایە والی.. ئەی هاووڵاتینە بزانن چیتان بەسەرهات، خاکتان بەسەر خەڵکینە.

سەڵتەنەتی عوسمانی وەک دەسەڵاتی ناوەندی، باجی دەستنیشانکراوی خۆی هەر ویستووە و لە سەرەوە تا خوارەوە، هەر لە سوڵتان و «بابی عالی»یەوە بگرە تا دەگاتە والییەکان و میر و ئاغا و کوێخا و سەرکارەکان..

هەر چۆنێک بێ هەریەکە و برِی بۆ دەستنیشانکراوی خۆی لە باج و سەرانە و هی دی لە میللەت وەرگرتووە و هەر کەسێکیش ئەو برِەی پێ نەدراوە و یان نەیویستووە بیدا، بە یاخی یان بێدەسەلآت دانراوە و لە کارخراوە یان لابراوە، یانیش لەشکری کراوەتەسەر. بەم شێوەیە، هەرکەسە و باجی دەوڵەتی وەرگرتووە، بەشی خۆشی بە بەرچاوەوە گرتووە و لە پارووی دەمی رەشوڕووتی گرتووەتەوە. ئیدی دەوڵەتی ناوەندی بەلایەوە گرنگ نەبووە زۆرداری و زۆرەملێی و رێگری و باجگریی دیکە پەیدا دەبێ پەیدا نابێ و هەر مەبەستیشی نەبووە. لەلایەکی دیکەوە، ژیان هەندێک بەرەو پێشەوە چووە، بارودۆخەکە ئالۆزتر بووە. فەرمانبەران و دەستروِیان هەر وایان پیشان داوە کە ولآت و ئەو خاکەی ژێر دەسەلآتی عوسمانی بووە، «شامی شەریف»ە، تەنانەت رِۆژنامەی ئەوساش هەر پرِۆپاگەندە درۆزنانەی خۆی کردووە.. مامۆستا «عەتا تەرزی باشی»ی لێکۆڵەرەوە و نووسەری تورکمان دەڵێ: لەکاتێکدا لە هەموو لایەکی ویلایەتی مووسڵدا تاوان ئەنجام دەدرا، هەموو هەفتەیەک لە رِۆژنامەی ویلایەتدا دەستەواژەی «لەژێر سێبەر و سایەی پادشادا ئاسایش لە هەموو لایەکی ویلایەتدا بەرکەماڵە»... شێخ رەزاش وەڵامی ئەوە بەم تاکە دێرِە تورکییە دەداتەوە و کە دەڵێ:

**قتل و نهب اشقیادن ملت اولدی پایمال**
**أمن و اسایش ینه الحمد لله بر کمال(٣)**

واتە: بە کوشتن و تالآن کردنی رێگر و یاخی بووانەوە میللەت بوو بە ژێر پێیانەوە. دیسانەوە هێمنی و ئاسایش- سوپاس بۆ خودا- چەسپاو و بەرکەماڵە.

لەو شیعرەشیدا کە داوای توتن لە «حاجی ئەسعەد ئاغا» دەکا و لەسەرەتایدا دەڵێ:

**تۆ کەم نەزەری دەرحەقی من ئیستێکە ئاغا**
**من ماوە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا**

لە دێرِی پێنجەمدا کە لێرەدا مەبەستمانە دەڵێ:

**رێی نەوتە کە باجگیری ئەگەر زۆر دەفەرمووی**
**رێ خاسە بەشەو خاڵییە، بابێ بە بلاغا(٤)**

بەمجۆرە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە رێی «نەوتەکە» کە مەبەستی ئەو رێیەی پردێ کەرکووکەیە کە لە خۆراوای کەرکووکەوە بەناو ئەو ناوچەیەدا دەرِۆی کە ئێستا جێی بیرە نەوتەکان و کۆمپانیاکانی نەوتە(٥)، هەموو زورگ و هەڵەتە و جێی تەراتێنی رێگر و چەتە بووە و بووەتە مایەی مەترسیی خەڵکی لەهاتوچۆدا و... رێی خاسەش ئەوەیە کە لە باکووری خۆرهەڵاتی کەرکووکەوە بەرەو گەرەکی بلاغ دێت کە ئەم «بلاغ»ە واتە: کانی یان سەرچاوە (بەتورکی)، ئاوێکی لێ بووە کە ئێستا لەلای کەنیسەی سووری دێرینی بەرامبەر نەقلییات (ئێستگەی گواستنەوەی باکوور) یان «سلێمانی»یەوەیە.

عەونوڵلآ هولکازمی-ی موتەسەرریفی کەرکووک، لە یادداشتەکانیدا کە بەناوی «دیوانی عورفی و عەونوڵلاهولکازمی»یەوە بە تورکیی عوسمانی چاپ کراوە، باسی ئەو ساڵە دەکا کە بووەتە موتەسەرریف کە ساڵی (١٩١٠)ی ساڵی کۆچی دوایی شێخ رەزاشە، باسی ئەو رێیە و گێرە و کێشە و ناخۆشی و مەترسی و باج و سەرانەی چ میری و چ عەشایەر و هەڵمەت و هێرش بردنە سەر یەکدی و تالآن بردن و رووتکردنەوانەمان بۆ دەگێرِێتەوە(٦).

عەونوڵلاهولکازمی کە موتەسەرریف بووە و کابرایەکی ئاسایی نەبووە و بە کۆمەڵێک پاسەوانی جەندرمە و نیزامی و یاوەرەوە بەوێدا رەت بووە و لە پردێوە بەرەو کەرکووک هاتووە، باسی گەلێک ترس و لەرزی پاسەوان و یاوەرو خەڵکەکە دەکا و بارودۆخی ئەو رِۆژانەمان بۆ روون دەکاتەوە.

ئەو خەڵکەش خۆ وەنەبێ لە گوێی گادا نووستبن، بەڵکو ئەوەندە ژێر بوون تا بزانن «ماسی لەسەریەوە بۆگەن دەبێ» و هەموو ناخۆشی و نارێکییەکی ژیان و گوزەران لە ئەنجامدا هەر دەکەوێتەوە سەر ئەستۆی سوڵتانی زەمان. خۆ ئەگەر بەرپرسە لەو خوارترەکانیش خراپ و بەدکاربن ئەوا ئەوانەش هەر سوڵتان دایانی ناوە و هەر خۆی بەرپرسە. بۆیە ساڵی (١٩٠٥) کە بۆمبێک بۆ سوڵتان عەبدولحەمید دادەنرێ و دەتەقێتەوە، بەڵام هیچی لێ نایێ، شێخ رەزا بەداخەوە ئەم تاکە دێرِە شیعرە تورکییە دەڵێ:

**نەدیم حکم خدادر، (هو یحیی ویمیت)**
**یوقسە مقصود یمیزی حاصل ایدردی دینامیت**

واتە: بڵێم چی، ئەمە فەرمان و کاری خودایە، خۆی خەڵکی دەژیێنێ و هەر خۆشی دەیانکوژێ و دەیانمرێنێ، ئەگەرنا (دینامیت) مەبەستمانی بەدی دەهێنا... کە کوژران و لەکۆڵ بوونەوەی سوڵتانە.

ئەگەرچی وەکو باس کراوە، شێخ کە ئەم شیعرە دەڵێ:

ئەمین فەیزی-ی برادەری بەگاڵتەوە پێی دەڵێ: ئەگەر پاشا ئەمە ببیستێتەوە، بۆ تاراوگەیەکی زۆر دوور، دوورت دەخاتەوە.. شێخیش یەکسەر بادەداتەوە و دێڕەکە دەئاخنێتە قاڵبێکی دیکەوە دەڵێ:

**جملەنک حافظی حقدر، (هو یحیی و یمیت)**
**پادشاه ظل خدادر، اونه نەیلر دینامیت(٧)**

واتە: پارێزەری هەر هەمووان خودایە، خۆی دەژیێنێت و هەر خۆشی دەیانکوژێ، پادشا (سوڵتان)مان سێبەری خودایە لەسەر زەویدا، دینامیت دەتوانی چی لەوبکا؟!

ئەمانەی باس کران، باسی هەندێک لایەنی دەوروبەری ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی سەردەمی شێخ ڕەزا بوون، بەکورتی. کە دێینە ناو باسەکە و وردەکاریی ژیانەکە، هێشتا هەڵسوکەوتی میری و بارودۆخی گەلەکەمان بەرچاو دەکەوێت و دەکرێ هەندێک نموونە بۆ ئەم لایەنانەش لە شیعری شێخ بهێنینەوە.

دەبێ بڵێین سەرەڕای ئەو هەموو مەینەتی و نەهامەتی و باج و سەرانەیەی لە میللەت وەردەگیرا و هەندێکی دەچووە ناو گیرفانی وردە بەرپرسان و پلەپلە پێی دەژیان و پارووبان پێ چەورتر دەکرد، بەشە زۆرە دەستنیشانکراوەکەی سوڵتانیش هەر دەبوو ئامادە بکرێ و بۆی بچێ تا کۆشک و تەلار و سەرا و شوورە و قەلا و هی دیکەی پێ دروست بکرێ، لۆنگریک کە باسی میریی عیراقمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا دەڵێ: پارەیەکی زۆری بۆ ڕابواردنی لە تام بەدەری سوڵتان عەبدولعەزیز دابین دەکرد(٨). هەروەها کە باسی «نامیق پاشا»ی والی بەغدا دەکا، دەڵێ: چیرۆکێکی زۆری لێ دەگێڕنەوە لە بارەی توانای ڕێکخستنی کاروباری داراییەوە، کە توانیویەتی پارەیەکی زۆر بۆ سوڵتان عەبدولعەزیز بنێرێ بۆ ئەستەمبووڵ تا کۆشکەکەی پێ دروست بکا(٩). ئەم باسە، «عەبباسولعەززاوی»ش دووبارەی دەکاتەوە.(١٠)

لەکاتێکدا ئەمە حاڵی سوڵتان و دەسەڵاتدارەکان بووە، ژیان و گوزەرانی میللەتانی ژێر دەستە، گەلێک دژوار و نالەبار بووە، شێخ ڕەزا وەکو یەکێک لەمانە، باسی خانووەکەی خۆی دەکات و دەبێتە نموونەیەک بۆ ئەو سەردەمە و دەڵێ:

**حەوشەیەکم هەیە بە قەدەر لەپێ**
**ڕۆژ عیلاجی ئەکەم، بە شەو ئەتەپێ**
**مەنفەز و درز و ئاودزی هەرچەند**
**دەیگرم، دەیکوتم، بەدەست و بەپێ**
**شەو کە دێم دەم دەکاتەوە وەکو هار**
**وا ئەزانم سەگە و بەمن ئەحەپێ**
**سەر و ڕیشم لە تۆز و قسڵ و گەچا**
**وەک پەڵاسێکە پڕ لە ڕشک و سپێ(١١)**

هەر لەگەڵ ئەمانەشدا، سوڵتان و میری، بەشە سەرباز و شەرکەری لە ڕۆڵەی ئەم گەلانە هەر دەویست و لەسەردەمی شێخ ڕەزادا بەزمی قورعە «تیروپشک»یان داهێناوە. وا دیارە ئەو کاغەزی تیروپشکەی هێمای پیتی قاف (ق)ی پێوە بووە، خاوەنەکەیان بۆ سەربازی بردووە، سەربازیی ئەو سەردەمەش بۆ سەفەر بیرلگ (سەفەربەرلگ) بووە کە ڕێی هات و نەهات بووە و هەزاران لاوی بێتاوان، بێ ئەوەی هیچ پێوەندی و بەرژەوەندییەکیان لەو جەنگانە بووبێ، چوونیان بووە و هاتنیان نەبووە.

لەو سەردەمەی شێخ ڕەزادا، شاهین بەگ ناوێکی بینباشی، کە ناوەکەی بە کوردی شاهۆ دەگەیەنێ، بەڕێوەبەری قورعەی سەربازگرتن بووە لە کەرکووک و دیارە قورعەش بەرتیل و سەرانە و فرۆفێڵی دیکەش کاری تێدا کردووە. یەک لە پیاوانی شێخ ڕەزا ناوی لە قورعەی سەربازیدا دەرچووە و (قاف) کراوە.. شێخ ڕەزاش بەم دوودێڕە تورکییە جنێو و توانج لە کابرا دەگرێ و دەڵێ:

**قاف ایدوب عسکر ایدردی سنی ألبت یراغم**
**زیر دستنده ملازم وار ایکن ایکی معین**
**أعوریت سکابر فیض خدادر یوقسە**
**أو قزل باشکە بر پنجە وورار دی شاهین(١٢)**

واتە: شێخ قسە لەگەڵ «هین»، قەڵەمە قامیشەکەی خۆی دەکا و دەڵێ: ئەم قەڵەم، «شاهین بەگ» هەڵبەتە ناوی تۆی لە (قاف)دا دەردەکرد و دەیکردیتە سەرباز، کە لە ژێر دەستت (ژێرت)دا دوو (مولازم)ی ئەفسەری یاریدەدەریشت هەیە، بەڵام چاو خێلیت (یان تاک چاویت) چاکەیەکی خوداییە لەگەڵتدا کراوە دەنا، شاهین (وەک مەل و وەک شاهین بەگ) پەنجە و چڕنووکێکی لەسەرە رووتە سوورەکەی گیر دەکردی.

هەر ئەم بەزمی قورعە و سەربازگرتنە تۆبزییەی ئەوسەردەمە، چ لە زماندا و چ لە نەستی کۆمەلایەتی فۆلکلۆردا، دەکرێ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و فراوانی

لەبارەوە بکرێ. بۆ نموونە دەستەواژەی (لەقافدا گیراوە) و ئەو دێڕە شیعرە فۆلکلۆرییەی لە کۆنەوە ماوەتەوە و دەڵێ: «منالم بەخێوکرد» بەچای و شەکەر.. ڕەزاشا بردی کردی بە عەسکەر» و لەلای تورکمانەکانی کەرکووکدا کە دەڵێن: «قوعەسی قەرەچیخوپ» واتە: قورعەکەی ڕەش دەرچووە.. کە وشەی قەرە (واتە: ڕەش) لە تورکمانیدا وەکو قورعە و قاف بەپیتی «قاف» دەست پێ دەکەن... ئەمانە و گەلێکی دیکەش لەو بڕوایەدام، کە پاشماوەی ئەو سەردەمانە بن.

هەروەها ئەم بەزمی قورعەیە، ئەو گۆرانییە میللەییە تورکمانییەشمان بیردەخاتەوە کە جۆرە هەستێکی سەرەتایی جیاوازی چینایەتیشمان پیشان دەدا کە دەڵێ:

**آمان طابور، یار... یامان طابور**
**زنگینلره بدل قبول، فقرایه الله صابر**

واتە: ئەمان سەرکردەی تابوور، ئەی سەرکردەی بەدکاری تابوور(١٣)، دەوڵەمەندەکان بۆیان هەیە (بەدەل)ی پارە لە جیاتی سەربازی کردن بدەن.. فەقیر و هەژاریش خودا سەبووریبیان بدا.

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا (١٨٣٠-١٨٧٦) کە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی سوڵتانی پێش خۆیەوە، دەوڵەتی عوسمانی تووشی قەرزێکی زۆر بووە. خۆی و فوئاد پاشای سەدر ئەعزەم (واتە سەرەک وەزیرانی عوسمانی)، (١٨١٥-١٨٦٨) ویستوویانە و هەوڵی ئەوەیان داوە، ئەم قەرزانە بدەنەوە یان کەمیان بکەنەوە(١٤). بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە داکەوتووەی دارایی عوسمانییە، هەندێک یاسا دەرکراوە، ساڵی (١٨٧٢-١٨٧٣) بەپێی یاسا، کاروباری تاپۆ دامەزراوە(١٥). ساڵی (١٨٧٤) یاسای باجی مەڕ و ماڵات جێبەجێ کراوە.. هەر لەم ساڵەوە لە بەغداش کەوتووەتە گەڕ(١٦) ئیدی هەر ڕۆژە و چەشنە باجێک لەم ڕەشوڕووتە وەرگیراوە، کەرانە و مەڕانە و سەرانە و سوورانە و گەلێکی دیکە، ناوی باجی جۆراوجۆر و زاراوەی ئەو ڕۆژگارانەن، بۆمان ماونەتەوە.

شێخ ڕەزا لەجیاتی خۆی و خەڵکیش، بێزاریی لەم باجانە دەربڕیوە و بەشیعر بە ڕەنگاری بووەتەوە و گاڵتە و قەشمەریی پێ کردووە. ساڵی (١٨٩٩-١٩٠٠) باجی مەڕ یان «مەڕانە» بەزێدەڕۆییەوە یەخەی شێخیش دەرگرێ و شێخ بەمجۆرە باسی دەکا:

**یا پشور گردەنە ساقز گبی ایرلمسی یوق**
**صیچمەمشدر بو فلک ذمت میری گبی بوق**
**یوق ایمش اون قویونم مدت عمر مده بنم**
**نره دن گچدی بنم بوینومه یارب شو طوق(١٧)**

واتە: وەکو بنێشت بە گەردندا دەنووسێ و لێی نابێتەوە.. زەمانە (فەلەک) پیسایی وەک ویژدانی میریی نەکردووە، من کە بە درێژایی تەمەنم دە سەر مەڕم نەبووە، لە کوێوە ئەم تەوقە کرا بە ملمدا خودایە.!؟

خۆ مەسەلەی کەرانە لە شیعری شێخدا جێیەکی دیار و بەرینی گرتووە.. ئەم زاراوەی کەرانەیە، دواتر، ئێستاشی لەگەڵدابێ، هەر لەسەر زاراندا بووە و واتای باجێکی لەخوتوخۆڕایی وەرگیرا و دەگەیەنێ.. شێخ لە شیعرێکیدا باسی سەرانە و کەرانە دەکات و لە دێڕی یەکەمیدا دەڵێ:

**شرعا یوغیکن ملت إسلامە سرانە**
**قانوونە إطاعت دییەرک أولدی بهانە**

واتە: بەپێی شەرعی ئیسلامەتی، میللەتی موسڵمان سەرانەیان لەسەر نییە و نابێ لێیان وەربگیرێ، بەڵام گوێڕایەڵیی قانوون کرایە بیانوو بۆ وەرگرتنەوەی،

ئینجا لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێ:

**أمر حق ایله واجب أولو الأمره إطاعت**
**بو نسبت و یرمسی فرض أولدی کرانە(١٨)**

واتە: بەپێی فەرمانی خودا گوێڕایەڵی بەرامبەر کاربەدەستان پێویستە، بەم پێیەش «کەرانە» بوو بە فەرز و دەبێ بدرێ..

لە دێڕێکی دیکەیدا شێخ بەتوانجەوە دەڵێ:

**خر نادان فقیری دیله طوتمشدی جهان**
**قویدی دور فلک أنی دەراحت یشاسون**

واتە: جیهان کەری نەزان و بەستەزمانی خستە سەرزارانەوە. زەمانە و دەور نەیهێشت ئەویش بە ئاسوودەیی بژی و ئەویش وەک ئەو خەڵکە تووش بوو.

یانیش دەڵێ:

**عالمە عام اولدیغندن إلتفات پادشاه**
**خر دخی بر اد قزاندی سایەء شاهانەدن(١٩)**

واتە: چونکە چاودێری و چاکەی پادشا (واتە سوڵتان) گشتگیرە و بۆ هەموانە، بۆیە لە سایەی شاهانەدا

کەریش ناوێکی پەیدا کرد.
روودەکاتە خەڵکی و دەڵێ:

**جناب حق سزی حفظ ایلسون بر محض شر گلدی**
**أهالی صاقلاسون مرکبلری مأمور خر گلدی(٢٠)**

واتە: جەنابی خودا بتانپارێزێ، شەڕ و خراپەیەکی رووت هات، خەڵکی با گوێدرێژەکانیان بشارنەوە، ئەوا بەرپرسی کەران پەیدا بووەوە.

تەنانەت شێخ ڕەزا ئەوەندەی باسی «حەمزە پاشا»ی موتەسەرریفی کەرکوکی کردووە کە باجی کەرانە لەسەردەمی ئەودا پەیدابووە، بە تورکی و کوردی هەر قسەی پێ گوتووە.. تا ناوی لێ نراوە (حەمزە حیماری).. شێخ دەڵێ:

**ئاوازی تری، بۆنی تسی، حەمزە حیماری**
**ئافاقی هەموو گرتووە، وەک هەوری بەهاری(٢١)**

یان لە شیعرێکی دوودێریدا دەڵێ:

**بابکەم هەجوی «حیماری» ڕەگی جەرگی ببڕم**
**هەروەکو چاوی نەشۆڕا و کوزی دایکی بدڕم**
**شەهوەتم هاتووتە جونبوش وەکو دەریایی «عومان»**
**لازمە ماچەکەرێ میسلی حیماری بکڕم(٢٢)**

کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی شێخ بە زۆری ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە، گوند و زەویی دەوروبەر گەلێک بە بایەخ بووە. لەگەڵ بازرگانییەکی کەمدا، ئەمانەش باجی میری و ڕێگر و چەتە هەڕەشەی زۆری لێ کردوون، بۆیە لەم جۆرە شیعرانەدا ڕەنگیان داوەتەوە و گەلێکی ناوشاریش هەر سەرچاوەی ژیان و بژێوی و گوزەرانیان لەوێوە بووە... ئەوانیش لەبەر دوورەدەستیی میری، چەوسانەوەی کاربەدەست و تاڵان و بڕۆ پتر کاری لێ کردوون.

کە دێینەوە ناو شار، بەو هەڵسوکەوت و بەزم و ڕەزمی ڕابواردنی ڕۆژانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بێکارییەکی زۆر لە ئارادابووە.. سستی و بێزاری، کاری خۆیان کردووە و جۆری گوزەرانی دەستنیشان کردووە. ئەو جۆرە کات بەسەربردن و ڕابواردنانەش بۆ هەموو کەسێک نەبووە و شێخ کە باسی گوزەرانی ناو شاری کەرکووک دەکا دەڵێ:

**کەبابی گۆشتی بزن، فاکیهەی بەری خڕنووک**
**لەمن بپرسە سەفای شارە حیزەکەی کەرکووک(٢٣)**

هەندێک لەو جۆری ڕابواردنانە. لە شیعری شێخ ڕەزادا ڕەنگیان داوەتەوە. لە هەندێک شوێن و کۆڕدا، هەندێک گاڵتەباز و قسەخۆشیان هێناوە و پێیان ڕابواردووە یەک لەوانە «خلەی کەزی» ناوێک بووە کە لە شاری کەرکووکدا تا ئێستاش ناوی هەر ماوە و وەکو قەشمەرێک بووەتە زاراوە، شێخ لە شیعرێکیدا ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێ:

**رووم کردە بەزمی خاسی برازا ئەزیزەکەم**
**ئەمشەو بەسەد تەوازوع و ئیخلاس و سەرکزی**
**ڕوانیم لە درزی قاپییەوە، خۆی و تابیعان**
**دانیشتبوون دوو ڕیزە لە دەوری «خلەی کەزی»(٢٤)**

هەروەها دەبینین لەو سەردەمەدا ئەو یارییە کراوە کە ئێستا لە کەرکووک (سینی زەرف) و لە هەولێر «سینییانێ»ی پێ دەگوترێ، وەک لە شیعرەکەدا شێخ ڕەزا باسی لێوە کردووە دیارە ئەوسا لە کۆبە ئەو یارییە کراوە و پێیان گوتووە زەرفێن. شێخ ڕەزا دەیەوێ جنێو بە کابرایەک بدات و دێ ئەم یارییە باس دەکا و بەم هۆیەوە گەلێک قسەی پێ دەڵێ و یارییەکە و ئامرازەکانی بە دوو واتا بەکاردێنێ و لە چەند دێڕێکیدا دەڵێ:

**ئەی مەلا قەت تۆ لە «زەرفێن»دا وەها خێرا نەبووی**
**یا لە حیزیی بەختی من یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو**
**حاڵ لە سێ خاڵی نییە توخودا بەڕاستی پێم بڵێ**
**مووی سمێڵت، یا بەرت، یا کلکی یابووی پێوەبوو..(٢٥)**

شیعرەکانی شێخ ڕەزا ئەوەشمان بۆ روون دەکاتەوە کە شەڕەکەڵەشێریش باوی هەبووە و یەکێک بووە لە هۆیەکانی ڕابواردن کە بۆ گرە و لەسەرکردنیش هەر دەکرا، شێخ دەڵێ:

**کەڵەشێرێ بە «ڕەزا» لازمە کرماشانی**
**زیرەک و چابوک و دەم گەرم و دڕو شەڕانی**
**کەڵەشێرێ، کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر**
**پڕ بەدەم بیپچڕێ وەک سەگی هەورامانی**
**کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف**
**ڕایرفێنێ بەشەقێ میسلی کەری تاڵانی(٢٦)**

لەم شیعرەدا کە شێخ ڕەزا داوای کەڵەشێری تێدا دەکا، بڕوانە چۆن ناڕاستەوخۆ تایبەتمەندییەکانی کەڵەشێری شەڕمان بۆ روون دەکاتەوە.. هەروەها ئەوەشمان بۆ

دەردەخا کە ئەوسا کەڵەشێری کرماشانی و سەگی هەورامان ناوبانگیان هەبووە، جگە لەوەش کە تالآن و بەتالآن بردنی هەر لەبەرچاودا بووە.

هەر لە شیعری شێخ ڕەزاوە دەردەکەوێ کە چوونە ڕاو و نیشانشکێنی، یەک لە جۆرەکانی ڕابواردن و وەرزشی ئەو سەردەمە بووە، لەوانەیە بۆمان بلوێ ئەمەش بە پاشماوەی سەردەمی ڕاووشکاری کۆمەڵگاکە دابنێین. شێخ دەڵێ:

**شێخ محەممەد عەلی یو چەند نەفەرێ چووینە ئۆجاغ**
**گشت بەکەیف و بە نیشات و بەسروور و بەدەماغ**
**گەرچی چەند ڕۆژێ بوو تەعلیمی تفەنگبازیی ئەکرد**
**ڕۆستەم ئاسا چووە پارێز لە یەکێ تیتلەبوجاغ**
**هەر کە ئەنگاوتی وتم دەک دەس و بازووت نەرزێ**
**هەر کەسێ پێت نەڵێ ڕۆستەم، تەرەسە و قورمساغ(٢٧)**

لەو سەردەمانەدا کەرکووک وەک کۆمەڵگایەکی پارێزگار و بەدابونەریت، کە ئایینیش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەردا هەبووە. بۆیە بۆ ژن نەبوو سەما بکا یان گۆرانی لە شوێنێکی گشتیی لەژن و پیاو تێکەڵدا بڵێ.. مەگەر لە بۆنە تایبەتییەکاندا و تەنیا بە ئامادەبوونی دەستە خوشک و خزمە ئافرەتەکانی خۆی و لەدەرەتانێکی تەسکدا نەبێ. لەبەرئەوە، هەروەکو تا چەند ساڵێک لەمەوبەر لە شانۆی کوردیدا دەکرا، پیاو جلی ژنانەی لەبەر کردووە و لە شایی و زەماوەند و بۆنەکاندا سەمایان کردووە.. یەک لەو سەماکەرانەی سەردەمی شێخ «شەوقی» ناوێک بووە ئەو ڕۆڵەی بینیوە. شێخ بەدوو دێڕە شیعری تورکی باسی کردووە و کاری ئەو سەماکەرەیەی لەو خەڵکە ئاماژە پێ کردووە:

**قورقرم قبری ایچرە «شوقی» نک أو نازک پیکری**
**باشقە بر افکارە سوق ایتسون نکیر و منکری**
**بن گبی چوق کیمسەیی یولدن چیقارمشدر، براق**
**ایلسون الودە دامان اول ایکی اخر شری(٢٨)**

واتە: دەترسم پەیکەری ناسکی شەوقی لەناو قەبرەکەیدا

نەکیر و مونکەر بەلارێیەکی دیکەدا ببات و بیری پێشووتریان بگۆڕێ

گەلێک کەسی وەک منی لەڕێ دەرکردووە، لێگەڕێ

با داوێنی ئەو دوو «ئاخر شەڕ»ەش ئالوودە و پیس بکا.

پێم وایە بێ جێی نابێ هەندێک لەبەرنامەی وتارەکەم دەرچم و بڵێم: شێخ عەبدولقادر «فائض»ی تاڵەبانی «١٢٥٠ی کۆچی/ ١٨٣٤-١٨٣٥ی ز=١٣١٥ی کۆچی/ ١٨٩٧-١٨٩٨ی زایین)ی برا گەورەی شێخ ڕەزا کە شاعیرێکی سۆفیی خوداپەرست بووە، مامۆستا عەتا تەرزی باشیی لێکۆڵەرەوەی تورکمان دەڵێ: لە شاعیرانی پلە یەکی کەرکووک دەژمێررێ، هێشتا جێی شایستەی خۆی لە مێژووی ئەدەبی تورکیدا وەرنەگرتووە(٢٩). هەروەها هەندێک لە شارەزایانی ئەدەبی تورکی دەڵێن: لە هەموو شیعری کلاسیکی تورکدا. تەنیا «فزوولی»ی شاعیری لێ دەرچێ هاوتای نییە. ئەم شێخ «فایز»ەش باسی یەک لەو سەماکەرانەی کردووە، ناوی کوچوک ئیبراهیم، واتە (ئیبراهیمی گچکە) بووە و لەو شیعرەیدا وێنەیەکی تێکڕای جلوبەرگ و چار پارەی پەنجەکانی و گەلێک لە جۆرەکانی سەمای ئەو سەردەمە دەکێشێ و ئەو ئامرازە مۆسیقاییانەی لەگەڵ سەمادا بەکارهاتووە باس کردووە. یەکەم دێڕی شیعرەکە ئەمەیە:

**أمان أول شوخ رقاصک اویوندە چرخ دورانی**
**باتیردی چرخی، نەچرخی؟! بیتوردی دوری دورانی(٣٠)**

واتە: ئەمان چەرخی سوورانەوەی ئەو شۆخە سەماکەرەیە، لەسەماکردندا

چەرخی «زەمانە»ی نوقم کرد، چەرخی چی، سووڕی گەردوونی لەناوبرد.

ئەم بەزمی جل گۆڕینە نەک هەر لە کەرکووکدا، بەڵکو لە بەغداشدا هەر لەو سەردەمەی شێخدا هەبووە، قاوەخانەیەک لە گەڕەکی «مەیدان»ی بەغدادا کە ناوی «قاوەخانەی سەبع» بووە، کوڕە سووریاییەکی لاوی جوانکیلە دەهێنن ناوی «نەعیم» دەبێ و جلی ژنانەی لەبەر کردووە و شەوانە لەو قاوەخانەیەدا سەمای کردووە کە بەیەکەم شەویانەی بەغدا دەژمێررێ.

شێخ ڕەزا ئەوسا لە بەغدا دەبێ، دیارە لە کاتی سەماکردنیدا چاوی پێ کەوتووە و شیعرێکی پێدا گوتووە، لەدێڕی یەکەمی ئەم شیعرە تورکییەدا دەڵێ:

**برنعیم أدلو صنم گلمش دیار شامدن**
**زن او زن کیم بویلە محبوبی چیقارمش آمدن(٣١)**

واتە: پەیکەرێکی نەعیم ناو لە وڵاتی شامەوە هاتووە

ژن ئەو ژنە، کە خۆشەویستێکی وەهای لە «هێن»ەوە دەرهێناوە.

ئەم «نەعیم»ە زۆر کاری لە خەڵکی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕێکی داوێن پاک بوو و تەنیا بۆ نان پەیداکردن ئەوکارەی کردووە، کابرایەک عاشقی دەبێ و داوا کاری خراپی لێدەکا و نەعیم دەستی ناداتێ، شەوێک بەسەر خۆشی دێتە سەری و دەیداتە بەر گوللە و دەیکوژێ.. شێخ ڕەزا شیعرێکی دیکە بۆ لاواندنەوەی دەڵێ و تێیدا هێرش دەباتە سەر کابرای بکوژ. (٣٢)

ئەو سەردەمەی شێخ ڕەزای تێدا ژیاوە، بارودۆخێک بووە، کێشەی ڕێبازی ئایینی و عەشایەریی تێدا پەرەی سەندووە، ئەمەش وەنەبێ لەخۆیەوە هاتبێ، لەبەرئەوە پێویستی بە لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی ورد و زیرەکانە هەیە و پێویستە بە جۆرێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ کە چارەسەری شوێنەواری ناکۆکییەکانی پێ بکرێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەمان پترو پتر بەرەو ژیانی مەدەنیی هاوچەرخ بڕوا، کە من لێرەدا نەمویستووە خۆمیان لێ بدەم.

بەر لەوەی کۆتایی بە باسەکەم بهێنم، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە شیعر لەو سەردەمانەدا ڕۆڵێکی گرنگی ڕاگەیاندنی هەبووە و کاریگەرییەکی تەواوی بووە.

هەندێک کەسیش تەنانەت بۆ مەبەستی خودی خۆیان بەکاریان بردووە و تەنانەت پارەشیان پێ داوە. نموونەی ئەمەمان لەو چەند دێڕە شیعرە تورکییەدا خۆی دەنوێنێ کە لە دەستنووسێکی (شێخ محەمەد نەجیبی شێخ عەلی-ی شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵص-ی تاڵەبانی»دا نووسراوەتەوە و تا ئێستا بە بڵاوکراوی بەرچاو نەکەوتووە و لەسەرەوەی شیعرەکەدا ئەم ڕوونکردنەوەیەی لە بارەوە تۆمار کراوە: ئەو دەمەی ڕەفیق پاشای میرلیوا فەرماندەی تیپ «فرقە» بووە لە کەرکووک، لە کەریم بەگ ناوێکی قایمقامی سەربازی تووڕە دەبێ و بڕیاری یەک مانگ بەند کردنی دەدا، دوای بەسەرچوونی مانگەکە، سواری کەرە سپییەکەی دەبێ کە گوێدرێژێکی چاک بووە و دێتە لای شێخ ڕەزا ئەفەندی و پێی ڕادەگەیەنێ کە میرلیوا بەناهەق بەندی کردووە، بۆیە ئەگەر شێخ بە غەزەلێکی شیعری بە کەرەکەیدا هەڵبدا و لەگەڵیدا میرلیواشی تێدا دابشۆرێ، یان کەرەکەی یان نرخی کەرەکەی کە پانزدە لیرە بووە- دەدا بەشێخ، لەسەر ئەمە، شێخ ڕەزا ئەم غەزەلە دەڵێ و بە کەرەکەدا هەڵدەدا و میرلیوا دادەشۆرێ، کە غەزەلەکە بڵاودەبێتەوە، کەریم بەگ پانزدە لیرەکە دەداتە شێخ. دێڕی یەکەمی شیعرەکە دەڵێ:

**صالسه صیاد قضا اردینه گورگی أجلی**
**تا قیامت بوخرک خایەسنه ایرمز ألی**

واتە: ئەگەر ڕاوکەری فەرمانی خودا گورگی «ئەجەل»ی بەدوو بخا، تا قیامەت دەستی ناگاتە گونی ئەم گوێدرێژە.

لە دێڕی کۆتاییدا دەڵێ:

**حاضر ایت جائزەیی عهد و وفا ایله بگم**
**ایشتە سن، ایشتە رضا، ایشتە رضانک غزلی**

واتە: پاداشتەکە ئامادەکە بەگم، بەڵێن بەجێ بهێنە، ئەوە تۆ و ئەوەش ڕەزا و ئەوەش غەزەلەکەی ڕەزا.

کەسێکی وەکو شێخ ڕەزا، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیبوەتی و بەخۆی دەڵێ:

**زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە**
**هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بەگەوهەرێ**
**جامەی حەیاتی عارییەت کورتە زینهار**
**ئاڵوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ(٣٣)**

ئەوەش دەزانێ، لەسەردەمێکی ئاڵۆز و پڕ کێشە و دواکەوتووی وەک سەردەمەکەی خۆی قەدری شیعر گرتن خەیاڵێک بووە وسوودی نەبووە، بۆیە لەو شیعرەیدا کە بۆ زانایەکی وەک مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە (بە فارسی) دەنووسێ و دەڵێ:

**عیب در ذرات تو ای کان کرم معدوم است**
**مگر این عیب که لحم علما مسموم است**
**شعر من، در هرسو از همه کشور ساری**
**علم تو، در همه جا بر همەکس معلوم است**
**میرود شعر من و علم جهانگیر شما..**
**هرد و بی فائده، تا جای اقامت روم است(٣٤)**

واتە: کەموکووڕی لە خودی تۆدا- ئەی کانی میهرەبانی- هەرنییە.

مەگەر ئەوەی کە دەڵێن گۆشتی زانایان ژەهراوییە و تاڵە و بەماروموووری ناو گۆڕ ناخورێ.

شیعری من لە هەموو لایەکدا و بە هەموو کیشوەرێکدا بڵاوە.

زانستی تۆ لە هەموو جێیەک، لای هەموو کەس

ئاشكرایە.

شیعری من و زانستی جیهانگیری ئێوە هەردووک بەبێ سوود دەڕۆن، تا جێی دانیشتنمان وڵاتی ڕۆمە (مەبەست لە وڵاتی ڕۆم ئەو خاكەیە كە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بووە و لە ڕۆمە بیزەنتییەكانیان گرتووە.)

شێخ لەو شیعرە فارسییەشیدا كە بۆ عالی پاشا (١٨١٥-١٨٧١ی زایین)ی سەدر ئەعزەم-ی عوسمانیی گوتووە،(٣٥) لە دێڕی یەكەمدا دەڵێ:

**مزن بیهوده از فضل و هنر ای یار همدم دم**
**كه از فضل و هنر بهتر بود دینار و درهم هم**

واتە: ئەی یاری هاودەم، بێ سوود دەم لە هونەر و داهێنان مەدە، كە دیناریش و درهەمیش لە هونەر و داهێنان باشترە.

لە دێڕی چوارەمدا دەڵێ:

**بهر جا شاعری خوش لهجەی شرین زبان بینی**
**بود اوضاع او چون قوەی گفتار ابكم كم(٣٦)**

واتە: لە هەر كوێیەک شاعیرێكی شێوازخۆش و زمان شیرینت بینی، گوزەران و باری ژیانی كەمی وەک هێزی قسەكردن و ئاخاوتنی زمانە لاڵەكانە.

كەواتە شیعر و شاعیر لەناو كۆمەڵگە دواكەوتووەكانی ژێر دەسەڵاتە زۆرداره دیكتاتۆرییەكاندا هیچ بایەخێكیان نییە، مەگەر بۆ بەكارهێنانیان لە خزمەتی ڕاگەیاندن و ناو بەرزكردنەوەی خۆیان. شێخ زۆر چاک ئەمە دەزانێ و هەستی بەوە كردووە كە لەسەرەتاوە شەونخوونیی كردووە و ژیان و گوزەرانی خۆی بۆ ناوبانگ دەركردن یان بۆ خزمەت كردن كردووەتە قوربانی.. گەلێک جاریش سەیری ژیان و گوزەرانی خۆی كردووە. لەوانەیە جاروبار پەشیمان بووبێتەوە و ئەم پەشیمانییە وای لێ كردبێ كە بڵێ:

**بر قوری نامی قز انقدە «رضا» فائدە نە**
**استخوان ریزە شطرنجە دخی شاە دینر(٣٧)**

واتە: شێخ ڕەزای شاعیر خۆی دەدوێنێ و دەڵێ: تۆ وەكو شاعیر، وەدەستخستنی ناوێكی وشک و ڕەق و تەق چ سوودێكی هەیە، خۆ پارچە ئێسقانێک كەوا بۆ شەترەنج كراوەتە شا، هەر شای پێ دەڵێن.. بەڵام ئەوەش هەر ناوە و بەس.

**پەراوێزەكان:**

١- دیوانی شێخ ڕەزا، ل٣٤.
٢- ترزی باشی، كركوک شاعرلری-جـ٢-ص١٤٤-١٤٥.
٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.
٤- دیوان، ل٣.
٥- ادموندس، كرد وترک و عرب، ص٢٦٥.
٦- عون الله الكاظمی، دیوان عرفی و، ص٣٥-٤٢.
7- Inal- Son Asir Turk ,sairleri-c-2-s.1479.
٨- لونگریک، أربعە قرون من تاریخ العراق الحدیث، ص٣٧٤.
٩- هەمان سەرچاوە، ص٣٤١.
١٠- عباس العزاوی، تاریخ العراق بین احتلالین، جـ٧، ص١٣٥-١٣٦.
١١- دیوان، ل٥٢-٥٣.
١٢- ترزی باشی، س. پ- ب٢- ل١٥٢.
١٣- تابوور: لە ٨٠٠ سەرباز پێكدەهات.
١٤- أحمد رشدی، تاریخ عثمانی، ایكنجی قسم-ص٥٠٧.
١٥- العزاوي، هەمان سەرچاوە- ب٨- ل١١-١٢.
١٦- هەمان، ص٢٤.
١٧- ترزی باشی، هەمان سەرچاوە- جـ٢، ص١٦٣-١٦٤.
١٨- هەمان، ص١٦٤-١٦٥.
١٩- هەمان، ص١٦٦.
٢٠- هەمان هەر ئەو شوێنە.
٢١- دیوان، ل٧٩.
٢٢- هەمان، ل٦١.
٢٣- هەمان، ل٨٠.
٢٤- هەمان، ل٥٤.
٢٥- هەمان، ل٣٥.
٢٦- هەمان، ل٥٠.
٢٧- هەمان، ل٣٧.
٢٨- ترزی باشی، هەمان، جـ٢، ص١٦٤.
٢٩- هەمان، جـ٢، ص٨٧.
٣٠- هەمان، ص١٠٤.
٣١- دیوان، ل٢٣٤.
٣٢- ترزی باشی- هەمان، جـ٢، ص١٧٠ و پەراوێزەكەی.

٣٣- دیوان، ل٦٥.
٣٤- هەمان، ل١١٣.
٣٥- Inal هەمان، هەر ئەو شوێنە.
٣٦- دیوان، ل١٥٠-١٥١.
٣٧- هەمان، ل٣١٤.

**سەرچاوەكان:**


١- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، كۆكەرەوە و لە چاپدەرەوەی: عەلی تاڵەبانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا (١٩٤٦).

٢- عطا ترزی باشی (أوقات)، كركوك شاعر لری، ایكینجی جلد، زمان باصم ئەوی، بغداد، (١٩٦٣).

٣- أحمد رشدی، مكمل تاریخ عثمانی، ایكنجی قسم، ارتین اصادوریان و محذوملری مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول، (١٣٢٧).

٤- عون الله الكاظمي، دیوان عرفی و عون الله الكاظمي، السلام مطبعه سنده طبع اولنمشدر، بغداد (١٣٢٩).

5- Inal (ibnul, Emin Mahmut kemal, Son Asir Turk Sairleri, Milli Egitm Basimevi, Istanbul, 1969.

٦- ادموندس (سیسیل جون ادموندس)، كرد و ترك و عرب، ترجمة- جرجیس فتح الله، مطبعة التایمس، بغداد، (١٩٧١).

٧- عباس الغراوي، تاریخ العراق بين إحتلالين، الجزئين السابع و الثامن، شركة التجارة و الطباعة المحدودة، بغداد، (١٩٥٥).

٨- لونگریک (س.هـ. لونگریک) أربعة قرون من تاریخ العراق، ترجمة: جعفر الخیاط، الطبعة الخامسة، نشر مكتبة التحریر، بغداد (بدون سنة الطبع).

٩- دەستنووسێكی شێخ محەمەد نەجیبی شێخ عەلی-ی شێخ عەبدولڕەحمانی (خاڵس)ی تاڵەبانی، كە برازای شێخ ڕەزایە، ئەم دەستنووسە دەفتەرێكە، كۆمەڵە شیعرێكی شێخ ڕەزای تێدا نووسراوەتەوە كە هەموو بەتوركین. چەند شیعرێكی بڵاونەكراونەتەوە.

# خوێندنەوەیەکی تازەی شیعری عەبدوڵڵا بەگی «ئەدەب»

عەبدولڕەزاق بیمار
(بەغدا)

**پێشەکی**

شاعیرێکی بەهرەداری موکریان عەبدوڵڵا بەگە کە نازناوی خۆی لە شیعردا بە «ئەدەب» داناوە، لەلایەن شازادەی ئێرانیشەوە نازناوی «مصباح الدیوان» واتا چرای دیوەخانی پێ دراوە. ئەم شاعیرە لە نێوان ساڵانی (١٨٥٩-١٩١٢)دا ژیاوە. ساڵی (١٩٣٦) لە ڕواندز، لە چاپخانەی زاری کرمانجی چوارینە بەناوبانگەکە و چەند هەڵبەستێکی لەنامیلکەیەکدا لەچاپ دراوە، ساڵی (١٩٣٩) لە بەغدا دیوانی هەڵبەستەکانی بلاوکراوەتەوە.

عەبدوڵڵا بەگ شاعیرێکی دڵتەڕی هونەرمەندە، بەوە ناسراوە کە لە شیعرەکانیدا دڵدارییەکەی لەگەڵ ڕەگەزی مێینە ئاشکرایە و پەردەی لەسەر هەندێ دیمەنی زایندەیی هەڵداوەتەوە.

هەڵبەستی «ئەدەب» کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکی زۆر بەتاوی شیعری فارسی، لەوانەیە لە ڕێی شانازییەوە یان پێداگرتن لەسەر ڕێبازێکی خۆیی سەربەخۆ و ملنان لەڕێیەکی سەخت و کەس خۆلێنەداودا هاتووە تەونی هەڵبەستەکانی بە وشە و داڕشتە و گوزارەی قەبەی فارسی و عەرەبی پڕ گرێوگۆڵ کردووە. خوێندەواری کورد ئەگەر شارەزای زمانی فارسی و عەرەبی و ئاگاداری شێوازی کۆنی ئەدەبیات نەبێت زەحمەتە یەکسەر تام لەو جۆرە هەڵبەستانە ببینێ و وەرگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێکی بەهرەدارە، لە زادەی خەیاڵی تەڕ و بیری تیژییەوە گەلێک وێنەی جوانی وەدەست هێناوە و تابلۆی ڕەنگینی نەخشاندووە، لە چوارچێوەی گشتیی دیوانەکەیدا لایەنێکی کەمی بۆ شێوازی کوردانەی ڕەوان و نزیک لە سەلیقەو چەژگەی کوردەواری تەرخان کردووە، هەڵبەستەکانی غەزەلن و دڵدارین، دڵدارییەکەش- وەکو تێبینی دەکرێ- ئاسایی ڕاستە ڕێی نەگرتووە، شاعیر لە ئەنجامی نێرگزیەتەوە تووشی دوولایەنی (أزدواجیەت) بووە، بۆیە دوو لایەنی لەخۆی و لە هونەرەکەیدا دەبینین دەربارەی گرێچن و بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی و پێکهاتەی زمانیی قورسی بیانی مامۆستایەک لای وایە «ئەم وشانە دەست هەڵبەستن و زۆرتر شیعرەکەی پێ ڕێکخستوون با بە کەڵکی ئەو شوێنەش نەهاتبێتن» (١) بەڵام وەکو دەردەکەوێ ئەو وشانە دەست هەڵبەست نین و مانادارن، بەڵام نامۆ و دوورە شارن.

کۆمەڵێ لەو وشە و داڕشتە عەرەبییانەی کە دەنگوهەرایەکی ناساز بە مۆسیقای شیعر دەدەن، تەنانەت ڕەنگە لە هەڵبەستی عەرەبیشدا بەو شێوەیە بەکارنەبرێن، با بڕوانین:



ئەدەب

کەبکی مطەووەق، سەقفی موجەددەر، عەجز و تەخەططوء، کاشانەی موحەققەر، تەهەززوء، تەجەڕڕوع، حوققەیی مەرجان، گێسووی موطەڕڕا، والهو موضطەر، قەفا، تەغافول، میعجەر، مەقنەع، موسەتتەر...تاد.

پێکهاتەی نامۆی تری فارسی و ناوی شار و شوێن: لەبی بام، سیەفام، چەهی غەبغەب، نافەی مشکناب، نەیهوو، میهری فرووز، ئەندوودە، پەرەنگ، مەهدئاشام، نیگونسار، چەردە، لوشنا، ئەرژەنگ، ئەرڤەنگ، فەرخار، خوللەر، کەشمەر.

### «ئەدەب» و هونەری شیعر

وەکو گوترا «ئەدەب» زمانزان و شارەزای ئەدەبیاتی فارسی و زمانی عەرەبی بووە و خوێندەوارێکی ئاست بەرز بووە، سەرباری ئاگاداریشی لە شیعری کوردی، گومان لەوەدا نییە شیعری نالی، کوردی، تایەر بەگ، حەریق و شاعیرانی سەدەی نۆزدەمینی بەرچاوکەوتووە. ئەوەی لێی بەجێ ماوە دیوانێکی غەزەلە کە بەپێی زۆربەی دەنگەکانی زمان پاشبەندی هەڵبەستەکانی داڕشتووە.

غەزەلەکانی «ئەدەب» بەسەر ئەم تەوەرانەدا دەخولێنەوە:

١- گوێزانەوەی رۆشنبیریی فارسی و چاوبرینە شێوازی داڕشتن و بیروخەیاڵی هەڵبەستی کۆنی فارسی. لەو تەوەرەیەشدا کەم و زۆر شێوەکانی رەوانبێژی باوی وەرگرتووە. بە نموونە یەکێک لەو شێوانە «تعقیدی لفظی» و «تعقیدی معنوی»یە کە لەم هەڵبەستەی خوارەوەدا هاتووە، ئامرازەکانی رستەی رێزمانی پاش و پێش پێکردووە و لە سەلیقەی خوێنەری ئارەزوومەندی هەڵبەستی رەوانی کوردانە دووری دەکاتەوە، کەوا دەڵێ:

**ئەبرۆیی کەشیدەت بە کەفی خەنجەری ئەڵماس**
**جووتێ سەقەری مەستن دەکەن گوڵشەنی روو پاس**
**ئومێد نییە مەحسولی ئەمەل فائیدە نادا**
**تابۆ درەوی کشتی حەیاتە دوو برۆ داس**

سەیر دەکەی داڕشتەی «روو پاس» و «برۆ داس» داخراو دێنە بەرچاو، ئەنجامی پێش خستنی «کار-فیعل» لە بکەر و ناواخن کردنی نێوانیان بە وشەی دی، کەوا برۆی لەسەر چاو راکشاوت و چاوی مەستت دوو سەقەرن گوڵشەنی رووی تۆ پاس دەکەن، کەوا خەنجەری وەکو ئەڵماس تیژیان بەدەستەوەیە.

هەروەها دەڵێ مادام دوو برۆکانی تۆ وەکو داس کشتی ژیان درەو دەکەن بەرهەمی هیوای لێ نایەتە گۆڕێ.

٢- بە دواداچوونی رێچکەی غەزەلی شاعیرانی کوردی سەردەمی خۆی و ئەوەی ناوی دەنێن (قوتابخانەی بابان) بەلاساییکردنەوە، بە (تەظیرە) و تۆمار کردنی دەنگدانەوەی دەنگ و سەدای شاعیران لەو شیعرەی تازەی خۆیدا، بەتایبەتی نالی و مستەفا بەگی کوردی.

٣- تێهەڵچوون لە خۆ تاقیکردنەوە لە هۆنینەوەی هەڵبەستی دڵداری و هەوڵی پیشاندانی توانای شاعیرییەتی خۆی لەم بوارەدا، کەوا بەهرەی هونەری شاعیرانەی خۆی نواندووە و دەنگی خۆی سەر دەنگەکانی تر خستووە و بووەتە دەنگێکی تایبەتی و ناسراو، بەتایبەتی لە بواری دڵداریی ژن بەبێ پەردە و شەیدابوونی لە شولاری ژندا، هەر دێڕە هەڵبەستێکی هێلانەی بیرۆکەیەکە، چۆن و بۆچی و وەسف و لێکچوون و هونەرنواندن دەترووکێنێ. سەرباری هەستێکی گەرم خەیاڵی وردی تێدا بەدی دەکەین. لەکاتێکدا کە «ئەدەب» رێچکەی تەسکی زەوییەکی رەقەنی گرتووەتە بەر. وەکو گوترا تا رستە و داڕشتەی بیانی هەبێت کوردی بەکارنەهێناوە، تا پاشبەندی قورس و دەگمەن و وشەی بیانی هەبێت، بە پاشبەندی کوردانە شیعرەکانی نەڕازاندووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هەندێ جار لە کاریگەریی دەنگوهەرای شیعری کۆن رزگاری دەبێت و بە سەلیقە دەکەوێتە داڕشتنی هەست و نەستی دڵی ناسکی، زۆر وێنەی جوان و گوزارشتی ناسکی نزیک بە زەوقی کوردەواری بەرهەم دێنێت. تێیدەگەی کە لە شێوازدا گوێی نەداوەتە دەستکاری و پێچوپەنای

ڕەوانبێژی و زۆر لەخۆکردن! پاشبەندی کوردی ڕیز کردووە و تازەگی لێ بەدەست هێناوە. واتا چەندین نموونەی شیعری کوردانە و نزیک لە چەژگە و ژینگەی کوردەواری دەبینین.

لەوانەیە بگوترێ کە لێرەدا تووشی ناکۆکییەک بووین لە هەڵسەنگاندنی شێواز و هونەری هەڵبەستی (ئەدەب)دا، بەڵێ ئەم ناکۆکییە دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و کەسایەتیی شاعیر، کەوا هەست دەکەین تووشی (دوو لایەنی) بە واتا (ازدواجیەت)ێکی ئاشکرا هاتووە.. ئەم دوو لایەنییەش نیشانەیەکی نێرگزییەتە کە لە هەڵبەستە دڵدارییەکانی ناو دیوانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

دوو لایەنی جۆرە نەخۆشییەکی سایکۆلۆژییە، هەروەکو «گرەنبەرجێ» دەڵێ نێرگزییەت هەمیشە ڕێبازەکەی دوو لایەنییە(١)

لەلایەکی تر فرۆید دەستنیشانی حاڵەتێک دەکات کە پێی دەڵێ «ئەمبیرالەنس» واتا «ئارەزوو دوو لایەن»، کەوا لە یەک کاتدا لە بۆچوونێکدا هەست بە ئازار و بەخۆشی دەکەین، هەروەکو پیاو ژنەکەی خۆی خۆش ناوێت و خۆشی دەوێت لە هەمان کاتدا(٣).

لای «ئەدەب» ئەم دوولایەنییە لە شیعرەکانیدا بەم جۆرە خۆی دەنوێنێ:

- لە دڵداریی زایەندی + دڵداریی سۆفیانە و «عوزری»دا.
- لە دڵداریی کچ + کوردا.
- لە شادی و خۆشی + لە ئازار و ناڵیندا.
- لە شێوازی بیانی و گرێچنی + لە شێوازی کوردانە و ڕەواندا.

جا لەم دەرکەیەوە دەتوانین لە دیوانی شاعیر وەژوورکەوین و پەلوپۆی جۆری ئەو دوولایەنییانە دەست بخەین و نموونەکانی شی بکەینەوە.

### «ئەدەب» و دڵداری

دڵداری لای ئەدەب خۆشەویستییەکی یەکپارچەی سەرتاسەری ژیان نییە، بەڵکو دڵی شاعیر لەنێوان لەشولار و جوانی پەرستیدا لەنێوان خۆشەویستییەکی مرۆڤانەی ڕاستەڕێ و خۆشەویستییەکی سێکسیانەدا جموجووڵیەتی! دوو لایەنییەکەی بە تەواوی لە دڵدارییدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە شاعیر لەنێوان دڵارامی و نارەزاییدا، لەنێوان مزگێنیی پێک گەیشتن و دوورکەوتنەوەدا، لەنێوان خۆشەویستییەکی واقیعین و خۆشەویستییەکی خەیاڵکرددا دڵەڕاوکێیەتی. بۆیە لەدوا دوای ژیاندا هەرزەکارانە دەڕوانێتە مەسەلەکە. دەبێ هۆی ئەم دوولایەنی و دڵەڕاوکێیە چی بێ؟

وەکو زانراوە عەبدوڵڵا بەگ ژنی هێناوە و شیعری بەسەر نوسرەت خانی ژنی هەڵداوە، بەڵام وا دیارە گونجان و یەکبەرگییەکی تەواویان نەبووە، ژیانیان تێکچوو و دوورکەوتنەوە و ئازار و سکاڵای تێکەوتووە. وا دیارە تاقیکردنەوەی یەکەم جاری زایندەیی ژنەشی تووشی نارەزایی و دەردەسەری کردووە، لەم ڕووەوە گوتراوە:

«شیعری عەبدوڵڵا بەگ بوو کە جوانیی نوسرەت خانمی بە تەواوی کوردەواری ناساند، کەچی نوسرەت خانم ئەو وەفایەی بەجێ نەهێنا، لە دەوری ئیفلیج بوونەکەیدا تەڵاقی خۆی لێ سەند و مێردی بە ئەمیر تومانی ئێرانی کرد کە حاکمی سابلاخ بوو، لە پاش ئەویش مێردی بە عەلی ئاغای گەورک کرد، ئینجا بە سەیفەدین خانی سەقز.»(٤)

لەلایەنی سایکۆلۆژییەوە قسەیەکی فرۆید ڕەنگە بۆ ئەم حاڵەتە دەست بدات کە گوتوویە: «هەندێ حاڵەتی سەرنج ڕاکێش و زۆر بایەخدار هەیە، ئەمیش ئەوەیە کە (لبیدۆ) پاش تووشهاتێکی ناخۆش لە بابەتێکی سێکسی بێ گرێدا تووشی ناگزووری و لە ڕێ لادان دێت.»(٥)

واتە دوای ژنهێنانە سروشتییەکەی لیبدۆ تووشی لەڕێ لادان هاتووە. یەکەم تاقیکردنەوە سێکسییەکە بۆ دڵی پڕ لە هەستی شاعیرێکی هەستەوەر ئەگەر بە دروستی نەهاتەدی دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە ژن و لە زایندەیی و سەرهەڵدانەوەی هەرزەکاری لە پلەکانی بەرەو ژووری ژیانیدا. بۆیە لە تەمەنی کامڵیشدا هەر هەرزەکارانە دەڕوانێتە لەشولاری ژن و هەرزەکارانە سەودا لەگەڵ خۆشەویستی مێینە دەکات.

سەیری چۆن ناڵە بۆ زایندەیی بەرزدەکاتەوە، لەم هەڵبەستەدا، کە نەک یارێک دەستنیشان دەکات، بەڵکو هەر کەسێک و هەر جوانێک:

**شیفتەم بۆ سەنەمێ، ماهڕوخێ، سیم تەنێ**
**حووریێ، لالەعوزارێ، پەرییێ، خۆش سوخەنێ**

پاش ئەوەی یەک بەیەک زولف، چاو، لێو، قەد، سنگ، ناوک، مەمک و ئەندامی تری ئەو سەنەمە دەخاتە ناو تەونی هەڵبەستەکەیەوە، چاو برسیانە هاواری لێ هەڵدەستێ:

**مەمکی وا تورتە وەکو جووتە هەناری نەوڕەس**
**دەپەڕن گەر لە پڕێ دەستی بە قایم بدەنێ**
**چ بڵێم جوفتەیی ڕەنگینی لەنێو ڕانی سپی**

### وەک پەڕی لالەیی حەمرایە لەسەر نەستەرەنێ

لەمەش بەولاوە داوای جووتبوونی خۆی و ئەو سەنەمە خەیاڵییەی خۆی دەکات و بەبێ پەردە باسی ئەندامی نێرایەتی دەکات دوای ئەوە کە ئەندامی مێیەتی بەناو نا، بەڵکو هەر وێنەکەی نەخشاند.

لە هەڵبەستی تریشدا شاعیر هەر خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکی گەیشتنە بەژن و تێرکردنی ئارەزووی زایندەیەتی لە چوارچێوەیەکی ڕەنگین و خەیاڵکرددا، چونکە وا نوقمی خەیاڵی نەبوونی و بێبەشییە.. ئەوی شاعیر ئەوا داد و سکالا لەدەست تەنیایی و بێ ژنی دەکات:

**جودایی وا قەراری لێمە هەڵگرت**
**بە دەستی خۆم نەماوە ئیختیارم**
**نە ساتێ غەمرەوێنێ دێتە باوەش**
**نە ساتێ هەمدەمێکی غەمگوسارم**

خۆزگە بەو ساتە دەخوازێ کە بە خەیاڵ بە گۆرانی و مۆسیقاوە کۆڕی دڵداری گەرم دەکرد:

**دەم بەدەم، ساعید لە گەردن، لەب لەسەر لەب، ڕووبەڕوو**
**دەست لەسەر سینە خەریکی گوڵچنین و بەی گوشین**

خەون و خەیاڵی سێکس لە شوێنێکی تردا چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دوێنێ شەو قەزاو چارەنووس بووکێکی وەک هەتاو گەشی بۆ هێنایە ژوور:

**عرووسی میهری ئەنوەری لە قەسری چاریامەوە**
**لە پڕ نیگاری ماهڕوو بە حوسن و ماهی تامەوە**
**لە پەردەوە وەژوورکەوت بە وەجد و ئیبتیسامەوە**

بە (١٣) پێنج خشتەکی بەتام و کام چیرۆکەکەی خۆی و ئەو دڵبەرە دەگێڕێتەوە و دەکەوێتە باسی جوانی و شاگەشکەیی لەو هەڵکەوتە خۆشە جادووییە، بەبێ ئەوەی باسی ئەنجامی پێک گەیشتنەکە بکات.

بەڵام هەر لەو قالبە چیرۆکییەدا شاعیر هێزی نێرایەتی دێتە جۆش و پەلامارەدەرانە ژن و ئەندامی ژن دەکاتە نێچیر و ئەوی لە کۆڕی یەکەمدا نەیکرد ئەم جارە دەیکات. گوایا جارێک شەوی شەمە لە ماڵێکی تاریک و پەستدا نوقمی خەیاڵات بوو، لەناکاو پەردەی سەوزی ئاسمان دەڕازێتەوە و ژنە دیانێک «مەسیحی» خۆی بە ژوورەکەیدا دەکات:

**ناگاه وە ژوورکەوت یەکی مەهوەشی تەرسا**
**خۆی لوعبەتی تەرسا و بەسەر چادری تەرسا**

### لەو چادری تەرسایە نمایان ڕوخی ڕەخشا (٦)

دوای ئەوەی ژنە چارشەوی لادەدا و خۆی بۆ ڕووت دەکاتەوە، دەکەوێتە وێنە نەخشاندنی هەموو لە شولاری، بەڵام شاگەشکەیی لەو دیدەنییە و سەرسامیی ئەو ڕێکەوتە ئارەزووشکێنە، زمانی ئەدەبی لاڵ دەکا. شاعیر بەناو دیوانی شاعیرانی وێنەگەردا دەکەوێ و هەرچی وشەی وەسف و وێنەی لەم بارە بۆ لە شولاری ژن گوتراوە هەموو کۆ دەکاتەوە و هەرچەندی دەکا ناتوانێ چیرۆکەکە بە ڕەوانی بگێڕێتەوە و مەبەستی خۆی پوختە بکات. لە قافیەی ڕەق ڕەق هەڵدەچێ، دارشتەی ناقۆڵا دەخوازێتەوە، کە لە جیاتی جوانی خەم دەبەخشن. سەیری ئەم پاشبەندە لە بەرد داتاشراوانە: «تلألؤ، تەفەییوء، تەهەزووء، تەخەططوء، موقەشەر، موجەددەر، موحەققەر، موصەووەر، موطەووەق، موطلەق، ستەبرەق، خەوەرنەق، بەرقەع، موقەننەع، مولەممەع، مورەببەع، تەوەقوع، تەواضوع، تەمەتتوع، تەجەڕوع» وەسفەکەی دەگاتە پلەی لاساییەکی بێ دەسەڵاتانەی چارەگران و دزێو چ لە ڕووی مۆسیقای دەنگەوە و چ لە ڕێکخستنی وشە و ڕستەوە و چ لە وێنە هەستدارە تام تێدا چکاوەکان.

شاعیر لاڵ و پاڵ لەبەرپێی کەوتووە و زمانی خۆی لەبیرچووەتەوە:

**کەوتم لەبەری پێی و گوتم ئەی گوڵی ڕەعنا**
**هەرچی کە بفەرمووی (سمعنا و أطعنا)**
**(ماشئت فعلت والی الان قنعنا)**

کە دێتە سەر باسی زگ و ناوکی و شوێنی ئارەزوو بزوێن بە زمانێکی سەیر دەدوێ:

**نافە و شکەمی وەک- چ بڵێم- نافەیی قاقوم**
**نافەی لەمەیان پستەری قاقوم بە مەسەل قوم**
**وەک نافە کە بووبێ لە غەزالی ختەنی گوم**
**خۆی بێ ئەسەر ماوە لە ئاهووی ئەسەری سم**
**بۆی نافە بەبێ نافە پەراگەندە بە کیشوەر(٧)**

شاعیر هەر لەسەر وێنەگرتنی ئەندامی لەشولاری ژنەکە دەڕوات و هەرزەکارانە شاگەشکە و سەرسوڕماوی ڕووداوەکەیە، باسی ئەندامێ ورد ورد گوایا وردەکاری و هونەرمەندیی لە وێنەکێشاندا بەکارهێناوە، بەڵام کۆششەکەی بێ هێزە و بریتییە لە دووبارەکردنەوەی مانا، پێشاندانی دوو سێ وێنە بۆ یەک شت لە یەک جاردا، نائارامی لە دەست و قەڵەم گرتن و نەخشاندندا، دڵنیا نەبوون بە مانا دەربڕینێک و پێچوونێک.. ئەمجا وێنەی

کاریکاتوری یان زۆر لە خۆ کردنانە و زۆردانە دەمی لە رادەبەر.... وەکو:

**ڕەنگین و خڕ و گردە لە تەرکیبی هەناریێ**
**یا وەک کەلەمێ زوقمی لەسەر بەرگی بباریێ**
**هەر جارە کە ڕێکت بکوشییایە بەجاریێ**
**سیرەی لە وەتاخێ دەچووە دەرکی حەساریێ**
**وەک خرچە شەق و درزی دەدا ئەم سەر و ئەوسەر**

ئەم پێنج خشتەکییانە لەلایەنی هونەرییەوە ئەوەیە لە سنووری چاوکردنە کۆندایە و لەوانەیە لە بازنەی شیعری «مەستوورە»ی نالی دەرنەچن.(٨) لەلایەنی دەروونیشەوە شایەدیی دوو لایەنیی شاعیرە لە کۆڕی دڵداریدا، هەروەها گرتنەبەری ڕێچکەی ڕەق و تەقی زمان و بێ دەم و پلی لە گوزارشت و دەربڕین بەزمانی کوردییەکی خۆماڵی.

### دوولایەنی لە دڵداریدا

شاعیر لە دڵدارییەکەیدا لەسەریەک ڕێباز ئارامگیر نییە، بەڵکو لەنێوان دڵارامی و نارەزاییدا، لەنێوان پێکگەیشتن و بەختیاری و دووری و سکاڵا و هەناسەدا، لەنێوان واقیعی خۆی و خەیاڵدا، هەروەکو لەنێوان جوانی و دڵداریی ژن و بەزمی تەماشای سادە ڕوویاندا گەشتی هونەری تا دوا قۆناغ دەست پێکردووە.

لەلایەکەوە لە باسی خۆشەویستییەکی گەرموگوڕ لە سایەی گەیشتن بە یار و هاتنە دیی کامی دڵیدا ئاوازەکانی شادی و دڵارامیان لێ دەتکێ:

**ئەدەب ئەورۆ تەشەککور واجیبە بۆت**
**کەوەی پابەندی بووی بووە قیسمەتی تۆ**

لەم بوارەدا بە خامەی هونەری نیگاری جوان دەنەخشێنێ و یادگاری ئەو دڵدارییە هێمن و خۆشە لە گەلێک دێرە هەڵبەستەکانی دەدرەوشێنەوە:

**لە خەودا شەو خەیاڵی دەستەی کاکۆڵی یارم کرد**
**دەماغم پڕ لە عەتر و بۆ و میشک و غەنبەرە ئەمشەو**
**شیرینە ئەگەر گوفتەیی من وەک لەبی قەندت**
**مەوزوونە وەکو شیعری «ئەدەب» قامەت و باڵات**
**عەکسی شەفەقی سینە لە بن مەوجی ستەبرەق**
**هەر تاوە بە ڕەنگێ بووە وەک قەسری خەوەرنەق**
**پێم دەڵێن سیحرە شیعاری، جادووە شیعری «ئەدەب»**
**باخەبەر نین زیکری سیحری چاوی سەححاری دەکا**

لەلایەکی ترەوە سکاڵا لەدەست دووری و ئازاری دڵ و دەروون هەڵدەڕێژێ و وەکو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی دەردو ئازار دەبێ بە کەرەستەی هۆنینەوەی هەڵبەستەکانی:

**شەو لەبەر سۆزی دەروون و ئەشکی دیدەم، نازەنین!**
**لایەکی ئاوی ڕەوان و لایەکی نارە «ئەدەب»**

لەم بوارەشدا کۆمەڵێک تابلۆی جوان وێنە دەکێشێ، ئەگەرچی لە ناوەرۆکدا ڕەنگە لەم شێوەیە ڕەسم کرابن، بەڵام بە وردەکاریی خۆی بەرگێکی تازەی پێ بەخشیون:

**هەتا دوورم دەڵێم دەتگرمە باوەش**
**کە دێمە ڕووبەڕووی تۆ نیمە یارا**

تامەزرۆیی دیداری یار وەکو تامەزرۆیی خواناسە بۆ ئاوی کانیاوی بەهەشت:

**هێندە مەفتوونم بە دیدارت، بەدیدارت قەسەم**
**نەشئەیی سەد ساڵە واناییێ لە بۆ (مائی معین).**

بە وتەی ناسک دەکەوێتە ڕاز و گلەیی:

**کەی من و تۆ شەرمان وابوو بەبێ یەک هەڵبکەین**
**یان دەبوو من کەی بەبێ تۆ سەر کەمەسەر بەستەرم**
**گەر عیتابە هەر بەسە، نازە بەسە، جەورە بەسە!**
**وەبکە ئاخر، چاوەکەم، ئەمنیش بە باریێ دەربەرم**

دیاردەیەکی تری دوو لایەنی و باری هەژاوی دڵداری لای شاعیر دیاردەی سادە پەرستی و بەزمی تەماشایە، ئەگەرچی ئەم دیاردەیەش هەر تایبەت نییە بە «ئەدەب» لەلایەکەوە و لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیش وەکو فارسی، خۆشویستنی نێرینە و دڵداریی ئەفلاتونی باوبووە، لەلایەکی تریشەوە هەڵبەستی (تەسەووف) پەردەیەکی ڕێزداری بەسەر باسی خەتوخاڵ و خۆشویستنی نێرینە دادا.. ئەم دیاردەیەش بۆی هەیە لە جۆرێک لە جۆرەکانیدا بە لە ڕێی لادان لە ڕاستە شەقامی زایندەیی بژمێردرێت. لای ئەدەبیش چەند ڕێچکەیەکی گرتووە کەوا باسیان دەکەین.

١- کاتێک (نالی) ئاڵای ڕسواکردنی خۆشویستنی کوڕ هەڵدەگرێ و لە هەڵبەستە بەناوبانگە پاشبەند (چ)ەدەگمەنەکەیدا ڕێی ڕاستی دڵداریی سروشتکرد دەستنیشان دەکات و دەڵێ:

**عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ**

و داوا دەکا لە سادە ڕوویان لادەن «مەھ مەھ لە مەهی

سادە» بۆ ئەمەش لەلایەنی ئایین و خۆڕسکیی لەشی مرۆڤ و ئەرکی ئەندام و لەلایەنی ئەدەبیات و جوانپەرستی و خوو و ڕەوشتەوە جیاوازیی نێوان کوڕ و کچ پێشان دەدات. هەرچەند لەلایەنی جوانی پەرستییەوە تاڕادەیەک ڕێ لەگەڵ دڵدارانی نێرینە دادەگرێ کەوا قەیناکا بۆ جوانی، کوڕیش وەکو مانگ و وەکو گوڵ وایە و هەتا مووی دەرنەداوە نموونەیەکە لە نموونەکانی جوانی، بەڵام وەک گوڵی ژاڵە تامی تاڵ و بێ بۆنە.

لە ترسی بەرهەڵستیی ڕێگەی تەسەووف ملی بۆ ئەوە داوە کە قەیدی نییە بۆ بەزمی تەماشا ئەویش وەکو هەر شتێکی جوانی سروشت جێی «تەجەللای» جوانیی ئاسمانییە و پابەندی ڕێگەی تەسەووف بۆی هەیە، ئەگەر عیشقی خوایی (حەقیقی) هەبێت بە عیشقەوە سەیری جوانیی کوڕ بکات.

هەر لەم بوارەدا شاعیرێکی سۆفیی وەکو مەلا ساڵحی حەریق وەڵامی نالی داوەتەوە و لای وایە:

**عیشقت کە حەقیقی بێ تاڵب مەبە ئیللا کوڕ!**

٢- ئەدەبیش وەکو ڕوویەک لە ڕووەکانی دوو لایەنیی خۆشەویستییەکەی دروشمی «سادە پەروەری» بەرز دەکاتەوە. ئەوەتا لەملاو ئەولای دیوانەکەیدا: «کوڕی دەوێ بەزم بگێڕێ، شەرابی بۆ بهێنێ و، مۆسیقای بۆ لێ بدا، لە هەندێ هەڵبەستیشدا شەیدای جوانییەکەی دەبێ و هەناسەیەکی سۆفیانەی بۆ هەڵدەکێشێ.

لە هەڵبەستێکدا دەڵێ:

**شێت و شەیدایی بوتێکە دڵەکەی پڕ لە خەیاڵ**
**نەورەس و سادە ڕوخ و سەرو قەد و چواردە ساڵ**
**ساقی و بادەخور و ڕەند و خۆش ئاواز و حەریف**
**سادەیە، موغ بەچەیە، سەرو قەدە، ماهی جەماڵ**
**کەبک خەت، باز ڕەووش، سەقر سەدا، پەنجە عوقاب**
**چاو مەڕاڵ، ئاسک نیگەه، شێری کەمین، سمتی غەزاڵ.**

ئەم هەڵبەستە، بەدووری نازانم لەچوارچێوەی لاسایی کردنەوەی مستەفا بەگی کوردی دەرنەچێت، بە تایبەتی کە جگە لە وەسفی قەد و باڵا و جوانیی کوڕە، دێتە سەر ڕەوشت و وەسفی بزووتنەوە و ڕاو و ڕەوت و ئاخاوتنی، هەروەکو دەڵێ:

**ساقی و بادە خۆر و موئنیس و عەییار و لەتیف**
**زیرەک و عاقڵ و دانا و و خوداوەندی جەماڵ**
**هەمدەمی، زوو ڕەمی، خونچە دەمی، پڕ ستەمە**
**نە بەسەر ڕازییە لێم و نە بە جان و نە بەماڵ**
**ساحیر و شیوەزەن و پیلەوەر و جیلوە گەرە**
**بێ وەفا و سیدق و سەفا، شەرت و بەقا و عەهدی بەتاڵ(١)**

دەبا بڕوانین مستەفا بەگی کوردی چی گوتووە:

**عەقل و دانا و موئەددەب، وەحش و مەغروور و عەجوول**
**گەه دەڵێ سندان بە عاشق، گەه دەڵێ چاوم قوبان**
**زوود خیز و توند ڕەوتە، مەستە دایم، چاو بە خەو**
**گاه بەدخو و زاڵمە، گەه موشفیقە و شیرین زمان**
**سا لە هەر کوێیێ کە مەستت کرد، سوئالی لێ بکەی**
**ڕازی پەنهانی سەراسەر بۆت دەکا ئەڵبەت عەیان**

«ئەدەب» جاری وا هەیە بەم ڕادەیە ناوەستێ و بۆ حەز و ئارەزوویەکی بێ پەردە هەڵدەکشێ، وەکو چۆن ئەندامی ژن باسی جوانیی ئەندامەکانی لەشی کوڕیش دەکات و شێخ ڕەزایانە دەڵێ:

**سمتی لووسی چ بڵێم؟ نەرم و خڕ و خۆڵ و سپی**
**گرد و مەخروون و مودەووەر، شەق و تورت وەک بەیی کاڵ**
**هەردەمێ مەڕمەڕی سمتی بە جەفا سووڕێ بدا**
**تیفلی تەبعی «ئەدەب» ئەوسا دەکەوێتە گڕوگاڵ**

٣- وەکو پێشتر باس کرا، ئەگەر (حەریق) لە ڕێگەی سۆفیایەتییەوە لای وابێ عیشقی کوڕ دەرکەیەکە بۆ چوونە ناو عیشقی خوایی و ناوی ناوە «عیشقی حەقیقی» ، لەم ڕێیەوە کەوتە بەرهەڵستیی ڕایە دروست و سروشتکردەکانی نالی ئەوا ئەدەب لە ڕووی «دوولایەنی»ی خۆشەویستییەوە جاڕی بۆ دەدا: ئایا خۆشەویستی کامەیە؟ حەقیقییە یان مەجازییە؟.. خۆ هەردوو هەر عیشقە! ئەو عیشقەش شەیدایی دڵە، مەحرەمی ڕازە، بۆ شەوی درێژ و بەزمگێڕان و گەرم کردنەوەی ساردی زستانەیە و بۆ مەجازی و حەقیقییە:

**بۆ ئەو کەسە عیشقی بێ فەرقێ نییە کوڕ یا کچ!**
**هەرچەندە کە مەعلوومە فەرقی چییە کوڕ یا کچ**
**بۆ ئەو دڵە شەیدابێ، فەرقی نییە هەر لابێ**
**بەڵکە لە هەموو لایێ، ئەولا کوڕ و ئەم لا کچ.**

(یەک نوقڵە و یەک هەنگوینە، یەک قەندە و یەک حەلوایە. هەردوو گوڵ و ئەستێرە و خەت و عەنبەرن.

لێوی کوڕ وەکو فووی دەمی عیسایە و ڕووی کچ وەکو لەپی مووسایە. بۆ پەرستن یەک «لات» و یەک «عوززا»یە..).

واتە ئەگەر نالی تەنیا هەتا ڕادەی «بەزمی تەماشا» کوڕی ویستبێ، ئەوا ئەدەب لە بەزمی تەماشاوە بۆ سیفاتی لەش و لار هەڵکشاوە و گەیاندوویەتییە لایەنی وەسفی هەست پێکراو، چونکە نالی دەزانێ کە ئەگەر لە بەزمی تەماشا تێپەڕێ ئەوا سەردەردەکا بۆ «گوناح» و لادان لەڕێی سروشتی مرۆڤایەتی.

ئەوەتا نالی گوتوویە:

**کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما سەمەری خارە**
**وەک هەنگی چزوودارە، هەنگوینی موسەففا کچ**
**کچ پەرچەمی چین چینە، دوو مەمکی لەسەر سینە**
**وەک شانەیی هەنگوینە بۆ لەززەتی دنیا کچ**

بەڵام ئەدەب بە پێچەوانەوە چاو لەو ڕاستییە دەنووقێنێ و دەڵێ:

**کوڕ شەهدی لەبی مەعلووم، کچ وەک عەسەلی بێ مووم**
**یەک لازمە، یەک مەلزووم، نەشئە کوڕ و سەهبا کچ**

ئیتر وەکو هیچ جیاوازییەک لەنێوان شەهد و عەسەلدا نییە کە هەردوو بە عەرەبی هەنگوینن.. هەربەم جۆرەش لای وایە «یومنا کوڕە و یوسرا کچ.»

خۆ ئەگەر لە لایەنی هونەرییەوە سەیری ئەم هەڵبەستەی ئەدەب بکەین و بە «نەزیرە» یا «معارضە»ی هەڵبەستەکەی نالی دابنێین، هەرچەندە ئەدەب ویستوویەتی بە نەخش و نیگار و خەیاڵی هەستیاری و سۆزی ئارەزوو بزوێن تابلۆکەی خۆی برازێنێتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من نە لە هونەری داڕشتن و نە لە ڕوونیی فیکر و ڕەوانیی مانا دەربڕیندا لە هەڵبەستەکەی نالی تێنەپەڕاندووە، با- وەکو دیارە- زۆریش خۆی بە کۆکردنەوەی کەرەستەکانی ڕەوانبێژی ماندوو کردبێ. لە خۆشەویستییە دوو لایەنییەکەشیدا پشتی بە گەنجینەی زۆر و زەمەندی ئەدەبی فارسی بەستووە و لە ئەدەبیاتی فراوانیدا وشە و زاراوە دەگوێزێتەوە ناو هەڵبەستەکەی وەکو تێی دەگەم پارسەنگی تەرازووەکەی لەو ئەدەبە لە ڕێبازی تەسەووفدا دەدۆزێتەوە، بۆیە لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

**سوورەت و مەعنا یەکێکە بۆ نیشاتی عاریفان**
**گەر مەجازە و گەر حەقیقەت بێ هەوا بێ چاترە**

ئەمەش ڕەنگە بڵێین بۆ یەکێک دەست دەدا کە لە قۆناغەکانی سۆفیەتیدا گەیشتبێتە پلەی عارفی. شاعیریش بەوە نەناسراوە کە سەرودەری لەگەڵ ئەم بابەتە هەبووبێت.

* * *

٤- هەر لەخانەی چاوبڕینە نالی-دا هەڵبەستێکی بەناوبانگی نالی بەسەردێری: (ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهن) بووەتە مایەی سەرنج دانی «ئەدەب» و هەڵبەستنی هەڵبەستێکی لەسەر شێوە و ئەدگاری ئەو. لەکاتێکدا نالی لە وەسفی سەربازە تایبەتییەکانی ئەحمەد پاشای بابان کە بە (خاسەی شاه) ناویان دەبات دوور و درێژ وەسفی کردوون، کەوا ڕوومەت گوڵ و چاو نێرگز و مووسونبول و مامزی دەشت و غیلمانی بەهەشت و ئاگر و بڵێسەن. ئەدەب تابلۆیەکی هەمەڕەنگی نەخشاندووە، بەڵام لای ئەو باس هەر باسی جوانی و دڵڕفێنیی تاقمی سادە و بادەگێڕانی بەزمی تەماشان و خەریکی مەشقی عیشوەبازین.. لاساییکردنەوە دیارە، ئەگەرچی کاکڵی بابەتی هەردوو هەڵبەستەکە جیاوازە، بۆیە ئەدەب لە چوارچێوەی ڕوانینی خۆیدا دەڵێ:

**نیگارانی دیاری مە، شەکەر لەب، گوڵعوزارانن**
**هەموو تورکی کەماندارن، هەموو عەنقاشکارانن**
**هەموو غیلمان بەچەن سادە، پەری نەسلن، پەریزادە**
**بە خەندە نەشئەیی بادە، بە غەمزە مەی گوسارانن**

لە ڕاستیدا وێنەکەی نالی بەلای هەڵنانی جوانیی دەستەیەک ژن نەک پیاو سەرهەڵدەگرێ، چ جای هەڵنانی دەستەیەک غیلمان و خاسەی پاشا!(٧) بۆیە ئەدەبیش ئەم ڕێیەی گرتووە کە بڵێ:

**بە دوو لەب جووتێ گوڵنارن، بە غەبغەب سێوی خونسارن**
**بە گێسوو دووسیەهـ مارن، بەچاو ئەفسوونی مارانن**
**دزی دڵ، ئافەتی جانن، شکستی دین و ئیمانن**
**نە بەستەی عەهد و پەیمانن، نە خەستەی جان سپارانن**

لاسایی کردنەوەکە ئەگەر خۆ دەرخستن و قەرە لە قەرەدانی مامۆستایەکی گەورەی وەکو نالی بێ ئەوا ئەدەب ویستوویەتی خۆی بە ئەنجومەنی ئەدەبیاتی کورد بناسێنێ و توانای هونەری و هۆنینەوەی خۆی ساغ بکاتەوە.

* * *

زۆرجار شاعیر کە لە کاریگەریی دەنگوهەرای شیعری

کۆن و فارسی ڕزگاری دەبێت و بە سەلیقە دەکەوێتە دارشتنی هەستونەستی دڵی ناسکی خۆی، تەوەرەی سێیەم لە شیعرەکانی دەست پێدەکات. ئەوسا نزیک بەزەوقی کوردەواری و ڕەسەنیی زمانی کوردی، بێ پێچوپەنا و دەستکاری هەڵبەستی شێواز خۆماڵی دەنووسێ، بەڵکو لەم بوارەدا بەهرەش دەنوێنێ.

بە نموونە نزیک لە شێواز و هەناسەی مستەفا بەگی کوردی کە دەڵێ:

(چەشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و یاری شیرینم نەهات (ئەدەب)یش بەو ڕەوانییە دەنووسێ:

**عومرم گەییە ئاخر و ماچێکی جانانم نەکرد**
**یەک نەزەر تێرم تەماشای ماهی تابانم نەکرد**
**دامەنم پڕ خونچە و فرمێسکی گریانە و قەتم**
**خونچەیێ لەو گوڵشەنی خەندان لە دامانم نەکرد**

هەر لەسەر ئەم چێژە کوردەوارییە دەڕوات و دەڵێ:

**مەشهوورە لەعالەم کە دڵ ئاگای لە دڵانە**
**وەڵڵاهی ئەگەر لەو دڵی مە باخەبەری تۆ**

دەبینی لە ژینگەی کوردەواری نزیک دەبێتەوە، بیر و خەیاڵی لێ هەڵدەکاتەوە و پەند و قسەی نەستەقی لێ دەخاتە ناو تانوپۆی شیعرەکانی. هەروەکو لەم وێنەیەی پشکووتنی خونچە و کرانەوەی لێوی بە زەردە کەنوودا وردەکاری دەنوێنێ:

**گریانی بەیانانی منە عیللەتی خەندەت**
**مەعلوومە کە پشکووتنی خونچە بەشەواوە**
**بیستوومە کە شیرینە بەری (سەبر) بە ئەنجام**
**ئەمما بە من ئەو دارە بەری لێ نەچناوە**
**کێ بێت و بکا جیلوە لەلای تۆ کە نەزاکەت**
**کراسێکە دەڵێن بەو قەد و باڵایە بڕاوە.**

تەماشا دەکەی ڕستەگەلی (داری سەبر، کراسێک بەو بەژنە بڕابێ، بەری لێ نەچناوە، شەو ئاو، بەمن)

هەروەها ڕێک وەستان و هاودژیی لایەنی ڕەوانبێژیی: «گریان: خەندە، بەیان: شەو، شیرین: سەبر (کە دارێکی تاڵە) نیشانەی دەرگا کردنەوەیە لە زمانێکی ڕەوانی کوردی.. هەر بەم جۆرەش دەڵێ:

**بەبێ تۆ گوڵخەنە گوڵشەن، لە گوڵشەن بۆیە بێزارم**
**بە یادت گوڵشەن و گوڵخەن لەلای من هەردوو یەکسانە**
**هەتا چەوگانی زوڵفی ئابەنۆسیتم بە قەف دیون**
**سەرم بۆ گۆی شەقت حازر، دەفەرموو گۆ لەمەیدانە!**
**زەکاتی حوسنی ڕوو ماچە، دەڵێن فەرمووتە دەیبەخشم**
**عەتای فەرمووە بە من قوربان، کە بۆ من خێر و ئیحسانە**

لەم هەڵبەستەدا وشەگەلی «یەکسان، قەف، گۆ..» لەگەڵ ڕستەی «دەرفەرموو دەی، فەرمووتە، عەتای فەرموو» کوردانە و جوانن.

هەر ئەگەر لە چەژگەری کوردایەتی بگەڕێین ئەوا لە پاشبەند ڕیزکردندا ئەدەب وردەکاریی جوانی بەکارهێناوە و لە هەندێ لاوە سەلیقەی کوردی پێشان داوە. بەتایبەتی لەو پارچە هەڵبەستە بەناوبانگە و پاشبەندە زرینگەدارەکانیدا:

**دڵ لە حەسرەت غەمزەکەی دوو نێرگزی پڕ خەوتەوە**
**وەک خەمی زولفت، عەزیزم، چوو بە ڕوویدا کەوتەوە.**
**تیفلی دڵ چونکی گرووی قەندی لەبی تۆی گرتبوو**
**دوێ شەوێ تا ڕۆژ هەدادانی نەبوو، نەسرەوتەوە**
**مەسحەفی خۆش خەتتی کوڵمەت گەر ببینێ شێخی مە**
**کافرە گەر بۆ سوێند بڕواتە ناو مزگەوتەوە**

ئیتر وشەگەلی: «مزگەوتەوە. نەوتەوە، دەرکەوتەوە، نەسرەوتەوە، لەوتەوە، شەوتەوە) کە کراون بە پاشبەند وشەگەلی ترپەداری کوردین و مۆسیقایەکی سازیان بە هەڵبەستەکە داوە.

هەر لە ڕێکی ئەمەش هەڵبەستێکی بەناوبانگی تر مایەی ستایش و شاگەشکەی خوێنەر و نووسەرانی ئەدەبە کە دەڵێ:

**دوو هەناری نەورەسن هەریەک بەیەک گوڵنارەوە**
**یان دوو نارنجی ڕەسیدەن بەو بەهاری پارەوە**

پاشبەندەکانی «گوڵنار، پار، دار، بزمار، گوڵزار، دڵدار، ڕەفتار، ناڵەوزاو، مار، بار» وشەی کوردی هەڵبژاردەن لەگەڵ ئامرازی «ەوە»دا ترپەیەکی بەجۆشیان بە هەڵبەستەکە داوە و ئاوڕ دانەوەیەکیشە لەشێوەزاری جاف و ئەردەڵان و ڕەنگە تایەر بەگی جافیش. خۆ «شەمامەی دەم تەڕ، سێوی، گوڵبەدەم، بەژنی دار، پیاڵەی سەر بەگژنیژە، جینگڵی مار بەسەر پشکۆوە، ئەڵقەی گەوهەر، جووتێ مەمک، ڕەنگ ئاتەشی، دڵبەر، تاڵیی شەربەت» دارشتەی زمانی پەتی و ئاستی خەیاڵ ناسکی و جوانیی بێژە و ئاخاوتنی کوردانە دەستنیشان دەکەن. هەڵبەستەکەش بەگشتی یەکپارچە تەونێکی

ڕەنگینی خۆماڵییە؛

**دوو شەمامەی دەم تەڕن هەردوو لە یەک بێستانەوە**
**یانە جووتێ گوڵبەدەم سێون بە بەژنی دارەوە**
**دوو پیاڵەی زەڕنیشانن سەر بە دوو گۆنیژەوە**
**یانە دوو حەڵقەی گوهەر بەندن بەدوو بزمارەوە**
**نار و نارنج و شەمامە چەندە خۆش دێنە نەزەر**
**هەر لەیەک شاخ و لەیەک باخ و لەیەک گولزارەوە**
**نە هەنارن نە شەمامە، نە بەهن، نە سێوی کاڵ**
**جووتێ مەمکی ئاتەشی ڕەنگن بە بەر دڵدارەوە**
**گەر لە تاڵیی شەربەتی هیجرت دەپرسی بەو سەرەت**
**خۆزگە دەخوازم هەموو جارێ بە ژەهری مارەوە**

ئەگەر ڕەخنەیەک ئاراستەی نیوە دێڕی بەیتی یەکەم بکرێت دەربارەی مانای (دوو نارنجی پێگەیشتوو بەو بەهاری پارەوە) کەوا لەق دێتە بەرچاوم.. چۆن نارنجی پێگەیشتوو لە بەهاری پارەوە بەدارەوە دەمێننەوە؟

یان مەبەست «بەو بەهاری پارە چییە؟

پاشبەندی دێڕی نۆیەمی هەڵبەستەکەش لەق دیارە کە دەڵێ:

**خۆزگە دەخوازم هەموو جارێ بەژەهری مارەوە**

ئەگەر لەسەر ئاوازی پاشبەندی دێڕەکانی دی نەبێت دەبێ بگوترێ (بەژەهری مار) نەک «ژەهری مارەوە». هەر لە مەسەلەی پاشبەندی جواندا ڕەوی (ەند) دەگمەنە... «ئەدەب» لە پارچە غەزەلێکی هەشت دێڕیدا کۆمەڵێک پاشبەندی وەکو: «بەند، چەند، سەند، خوداوەند، دەماوەند، پەیوەند، قەند»ی بەبێ زۆر لەخۆکردن کۆکردوەتەوە ڕەوانی و دارشتنی ورد و کارامەی شاعیر دیار دەکەن، بەتایبەتی لەو کێشە قوڵە سێ پێیەدا کە جوانییەکی هێمنانەی بە غەزەلەکەداوە:

**ئەگەر زیندانە، گەر دارە، وەگەر بەند**
**بەسە جانا غەزابی مە هەتا چەند؟**

هەر لەسەر ئەو پێودانە کار- فیعلی «سەند»ی جوان لە ڕستەیەکی زمانەوانیدا گونجاندووە.. واتا هەر مەرج نییە پاشبەندەکان ناوبن.. ئەوەتا دەڵێ:

**دڵێکی غەمزەدەم بوو، مەحرەمی ڕاز**
**ئەویشت لێم بەسەد شێوە و ئەدا سەند**

هەر بەم جۆرەش گونجاندنی دارشتەی «بەسەرچوون» واتا «سەهوکردن» بۆ پاشبەند لەم دێڕەدا شایەتیی دەسەڵاتی شاعیرە بەسەر زماندا.. بە پێچەوانەی پاشبەندی (ڕوو پاس) کە پێشوو باس کرا:

**شاعیر دەهەنی خونچەیی تۆی شوبهی بە گوڵ کرد**
**نەیزانی، خەتای کردبوو، وەڵلاهی بەسەرچوون**

لەم بوارەشدا گەلێ وێنەی جوان و گوزارشتی ناوازە دەبینین، وەکو دانانی بریقەدانەوەی سنگ و لەژێر شەپۆلی ئاوریشمی کراسدا بە عەکسی شەفەق، وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگە، ئەویش بەرابەر بە ڕەنگاوڕەنگیی قەسری مێژوویینی خەوەرنەق داندراوە، وێنەیەکی هونەرکردی دڵ بزوێنە:

**عەکسی شەفەقی سینە لەبن مەوجی ستەبرەق**
**هەر تاوە بە ڕەنگێ بووە وەک قەسری خەوەرنەق**

هەر لێرەشدا لە ڕەوانبێژیدا دەسەڵاتداری دەخاتەڕوو کە دەڵێ:

**بەرنەدەر شەمع و چرا بۆچی بسووتێن وەک ئەمن**
**ئافتابی شوعلەوەر نووری جەماڵی ساقییە**
**نامەوێ لەو بەزمەدا بن شەهد و شەککەر بۆمەزە**
**شەککەری شیرین عیتابی ترش و تاڵی ساقییە!**

لە بواری وێنە نەخشاندندا شاعیر لە هەڵبەستێکدا هاتووە بەختی، ئارامی، لەشی، چاوی، هەناسەی دەروونی خۆی یەک یەک بە زولف و موو، پەرچەم و ڕوومەت و بخوور و گوڵاڵە چواندووە و خۆی لەناو ئەواندا تواندووەتەوە و ڕەنگی داوەتەوە:

**بەختی منی ئەی زولف کە هەمواره نیگوونی**
**یا سەبری منی ئەی موو کە بێ تاب و زەبوونی**
**جیسمی منی ئەی توڕڕە مەگەر پڕ تەپ و تابی**
**یا چاوی منی چیهرە کە وەک کاسەیی خوونی**
**هەم فەردی منە عوود مەگەر دوودی هەناسەت**
**هەم دەردی منە رووت مەگەر زار و زەبوونی**
**ئەی لالە مەگەر سۆزی فیراقت لە جگەردا**
**ڕوخسار بەخوێنی وەکو من داخە دەروونی**

**ئەنجام**

عەبدوڵلا بەگی ئەدەب شاعیرێکی هونەرمەندی دوادوای سەدەی نۆزدەمینە، یەکێکە لەو شاعیرە کەمانەی کە ئاڵای دڵداریی ژنی بەرزکردوەتەوە و سەرئازادانە لە هەندێ کاروباری سێکس دواوە. لە بەرهەمی غەزەلیاتیدا کاریگەریی شیعری فارسی و شێوازی ڕەق و

گـرێچنی دوور لە چەژگـەی كـوردی دەبینین سـەربارەی بەهرەی هونەر نواندن و بایـەخ دان بە هەڵبـەسـتی شـێـواز ڕوونی لە چەژگەی زمانی كوردییەوە نیزیك.

دیوانی شـــیـــعـــری بەگـــشـــتی لەدڵداری دەدوێ، دڵدارییەكەی ئەدەب لەنێوان ڕاستی و خەیاڵدا، لەنێـوان مێ و نێـردا، لەنێـوان ئارامی و ئاڵۆزی و شـێـواویدا، دڵدارییەكی ڕۆمانتیكیـانەیە. «دڵداریی ڕۆمانتیـكیش تارادەیەك نەخۆشی دەیوروژێنێ و بەر و ئەنجامی گرێی نەخـۆشـیـیـە»(٨) دڵدارییـەكی ئەوەندە ڕێكوپێك و هۆشیاری كرد و بە ڕێوجێ نییە.. ئەمەش نابێتە خەوش، چونكە دڵداری وەكو زانایەك دەڵێ:

«هەرچەندە ملكەچی ژیری نەبێت و پیـاو تێی نەگـات ئەوەندە دڵدارییـەكی ڕاسـتـە، هەروەكـو پێـشـینانیش گوتوویانە دڵداری كوێرە.»(٩)

ئەم جۆرە دڵدارییەی تووشی گرێی سایكۆلۆژی هاتووە كە لە هەڵبـەستدا گوزارشتی لێ بكرێت، ئاڵۆزی و دوو لایەنی لێ دەكـەوێـتـەوە، ئەو دوولایـەنیـیـە لە ڕەقی و ناسكی، داخـــراوی و ڕەوانی و لاســـایی كـــردنەوە و داهێناندا ڕەنگی داوەتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەكان:**


١- عـەلائەدین سـەجـادی، مـێـژووی ئەدەبی كـوردی، ل٤١٧.

٢- د. فرستـو نجم. النرجسیـة فی أدب نـزار قبـاني، بیروت، دارالرائد العربي، ل١٤.

٣- سیغموند فروید ثلاثە مباحث فی نظریة الجنس، ترجمة جورج طرابیشي، دارالطلیعة، بیروت.

٤- سەرچاوەی یەكەم، ل٤٠٤.

٥- سەرچاوەی سێیەم، ل١٤.

٦- دیوانی وەفایی، محەمەد عەلی قەرەداغی، ل١٩٢ هەروەها، لە بابەت مێژووی ئەدەبی كوردییەوە، د. مارف خەزنەدار.

٧- دیوانی نالی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی مـــەلا عەبدولكەریم مودەڕڕیس و كوڕەكانی، ل٣٤٠-٣٤٥.

٨- اوسقلد شفـارتس، علم النفس الجنـسي، ترجـمـة شعبان بركات، بەیروت، ١٩٧٢، ل١٤٧.

٩- هەمان سەرچاوە، ل١٦٩

# جوانکارییەکانی هونەری شیعریی لە کۆشیعری «خاک و ڕۆژ و خۆشەویستی»دا

کەریم شارەزا

## پێشەکی

شاعیری نوێخوازی کورد «جەوهەر غەمگین-١٩٣٤» لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە هۆنینەوەی شیعر کردووە، لە ساڵی (١٩٥٥)دا هۆنراوەکانی لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی (١٩٥٩)شدا یەکەمین کۆشیعری بەناوی «ئاوازی تازە» بە چاپ گەیاندووە و خۆی بە شیعر دۆست و ڕەخنەگران ناساندووە، تا ساڵی (٢٠٠٠) چوار کۆشیعری دیکەی بڵاوکردۆتەوە و لە ساڵی (٢٠٠٥)یش سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی لەدیوانێکی گەورەی (٣٨٤) لاپەڕەییدا بەناوی «خاک و ڕۆژ و خۆشەویستی» چاپ کردووە.

لە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی و لێوردبوونەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردی لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەست دەکەین شاعیر نوێخواز و ڕێ خۆشکەر بووە بۆ دروستبوونی قوتابخانەیەکی نوێ بۆ شیعری کوردی لە شاری هەولێر و سەرهەڵدانی شاعیرانی وەک: «عەبدوڵڵا پەشێو، جەمیل ڕەنجبەر، سەعدوڵڵا پەرۆش» ئەمانیش بوون بە بنەمایەک بۆ شاعیرانی نوێکاری وەک: «جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، کەریم دەشتی، سەباح ڕەنجدەر» و هی دیکە، چونکە شاعیر جوانکارییەکی هەست پێکراوی خستۆتە پێکهاتەی شیعرەکانی چ لە بارەی ڕوخسار و چ لە بارەی ناوەرۆکەوە و ئێستاکەش با بکەوینە سەر دەستنیشانکردنی ئەو جوانکارییانەی خستوونیەتیە نێو شیعرەکانییەوە و نرخ و بەهای ڕەوای خۆیان پێبدەین.

### جوانکارییەکانی جەوهەر غەمگین لە بنیادی شیعری نوێدا

شاعیر لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی «ئاوازی تازە» کە لە کۆشیعری یەکەمیدا بڵاوی کردۆتەوە و لە (١٦/١١/١٩٥٨)دا دایناوە، بە هەستێکی ناسک و سۆز و ئەندێشەیەکی سەرچڵ و لەسەر کێشێکی سووکی (٨) برگەیی (٤+٤)ی داڕشتووە و تاقیکردنەوەیەکی جوانی شیعریی ئەنجام داوە و سەرەتای هۆنراوەکەی بەم جۆرە دەست پێکردووە:

**لە قەدپاڵی کێوی بەفرین**
**لەژێر تیشکی خۆری زێڕین**
**لەناو مێرگ و مێرغوزارا**
**لە نەورۆز و لە بەهارا**
**گوڵ و گوڵاڵەی ڕەنگاو ڕەنگ**
**بەرد و ڕووبار و ئاوی مەنگ**

دیوان: ل٨

شاعیر وەسفی جوانیی سروشتی کوردستان دەکات، بەتایبەتی لە کاتی نەورۆز و بەهاراندا، کە چۆن دیمەنی وڵاتی شیرینی گوڵ و گوڵاڵەی ڕەنگاو ڕەنگ و بەرد و

ڕووبار و ئاوی سازگار و مەند خۆیان دەنوێنن و ئەوەشمان بۆ دەخاتە ڕوو کە چۆن گوڵی زەرد و سوور لە گوڵزار و لەناو لالەزاردا دەکەونە ژێر پەنجەی بولبولی خۆش ئاواز و ئەو وێنە شیعریەشمان بۆ دەکێشێ کە کاتێ کەو دەخوێنێ بە دەنگی خۆشی، سروشت بەجارێ دێنێتە جۆش و خرۆش و بەم جۆرە زنجیرە وێنە و تابلۆیەکی شیعریمان بۆ دادەڕێژێ:

**گوڵی زەرد و سوور لە گوڵزار**
**لەناو چەمەن و لالە زار**
**لەژێر پێ و پەنجەی هوزار**
**کەوی دەنووک سووری نازدار**
**کە ئەخوێنێ بە دەنگی خۆش**
**سروشت ئەهێنێتە خرۆش**

دیوان: ل٨

ئینجا شاعیر لەناو ئەو سروشتە جوان و سیحراوییەی نیشتمانە شرینەکەی، کۆشش و کارو کردەوەی مرۆڤی دڵسۆز دەردەخات کە بە شەو و بەڕۆژ کارکردن و ڕەنجدانە، کەچی دەستەی کۆنەپەرست و نۆکەرانی ئیمپریالیزم تاپێیان کراوە لەگەڵ زەمانە سووڕاون و بوونەتە کۆیلەی پارە و دۆلار و ڕەنجی هەژارانیان مژبوە و بوونەتە بەرهەڵست لەبەردەم پێشکەوتنی میللەت و ڕێگەیان لێگرتوون و بەم جۆرە لێیانەوە دەدوێ:

**دەستی پیسی کۆنەپەرست**
**لەگەڵ ئاغای ئیمپریالست**
**هەرچەندە بۆیان کرابێ**
**یا زەمانە چۆن سووڕابێ**
**ئەوان لەگەڵیا سووڕاون**
**کۆیلەی دۆلار و دراون**
**ئا ئەمانە بوون بەرهەڵست**
**کە پێی پێشکەوتنیان ئەبەست**

دیوان: ل٩

ئەم ڕەنجدانەی مرۆڤی هەژار و دڵسۆزی میللەتەکەی و ئەم کارە ناڕەوایەی دەستەی کۆنەپەرستانی دوژمنی میللەت و نۆکەری ئیمپریالستان، دوێنێ هەڵوێستیان وابوو، بەڵام ئەمڕۆ (کە مەبەستی شاعیر سەردەمی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ١٩٥٨)ە، دەبینین چینی دەرەبەگ شین و ڕۆڕۆیانە بۆ چارەنووسی ڕەشی خۆیان، چونکە لەمەولا نۆرەی هاتنە بەری خەباتی دەستەی لاوی ڕووناکبیری کوردە و بە یەکێتی خەباتی نیشتمانی هەوڵی بەرزیی وڵات و ژیانێکی خۆشتر دەدەن و بەم



جەوهەر غەمگین

جۆرە ئەم بیروهەست و ئەندێشە ناسکەی لە قالبی شیعردا دادەڕێژێ:

**بەڵام ئەمە دوێنێ بوو ڕۆژی**
**دەرەبەگ شین ئەکا بۆ خۆی**
**نۆرە نۆرەی لاوەکانە**
**ڕۆژیش ڕۆژی هەوڵدانە**
**پێویستە لەسەر لاوی کورد**
**زۆر بە گورجی بەدەست و برد**
**دەست درێژ کا بۆ برای خەبات**
**بیری ڕێکی بکاتە خەڵات**
**هەروەک پێکەوە شان بەشان**
**دەسکەن بە هەوڵ و تێکۆشان**
**بۆ بەرزی خاکی نیشتمان**
**هەر خەبات بێ بەبێ وچان**

دیوان: ل٩-١٠

شاعیری هۆشیارمان ئەم هۆنراوە سیاسییەی دەکاتە بەرنامەیەک بۆ خەباتی دەستەی نەوەی نوێی میللەتەکەی تاکو یەکگرن و بەیەک هەڵوێست خەباتی بێوچان بۆ بەرزیی کوردستان و میللەتی کورد بکەن.

شاعیر لە هۆنراوەیەکیدا بەناوی «یادی نەورۆز» کە

لەلاپەڕەی (٥٤ و ٥٥)ی دیوانەکەیدا بلاوکراوەتەوە و بۆ نەورۆزی ساڵی (١٩٥٩)ی داناوە و بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**یادێک ئەکەم یادێکی خۆش**
**دڵی کوردی پێ دێنە جۆش**
**یادێک ئەکەم یادی چاخێک**
**یادی گوڵێک گوڵی باخێک**

دیوان: ل٥٤

دوای ئەم سەرەتایەی هۆنراوەکەی، یادی ڕۆژێک دەکاتەوە کە ڕۆژی ئازادی بووە، ڕۆژی شادی و خۆشی میللەتی کورد بووە و ڕۆژی خەباتی بێوچانی کوردایەتی و ئازایەتی و بەرخۆدان بووە:

**ڕۆژێک ڕۆژی ئازادی بوو**
**ڕۆژێک ڕۆژی دڵشادی بوو**
**ڕۆژێک ڕۆژی کوردایەتی**
**ڕۆژێک ڕۆژی مەردایەتی**

دیوان: ل٥٤

شاعیر ئەم دێڕە شیعرانە دەکاتە پێشەکی بۆ بابەتی شۆڕشەکەی کاوە لە دژی ئەژدەهاک کە چۆن بە دەروونێکی گەرمی ئاگرین لە دژی چەوساندنەوە و خوێنمژین ڕاپەڕیوە و چەکوشی تۆڵە سەندنەوەی خستۆتە سەر شان و خۆی و دەستەی لاوە ڕاپەڕیوەکان بەرەو تەلاری ئەژدەهاکی زۆردار چوون و ئەو ستەمکارەیان لەناوبردووە:

**ڕۆژێک کە کاوەی ئاسنگەر**
**دەروونی گەرمی وەک ئاگر**
**کڵپە و بڵێسەی گەییە ئاسمان**
**چەکوشی لێ خستە سەر شان**
**کەوتنە ڕێ بۆ ماڵی زۆردار**
**بۆ ڕووخاندنی کۆشک و تەلار**

دیوان: ل٥٤-٥٥

بەم جۆرە کاوە بە شانازییەوە لاپەڕەی مێژووی خەباتی کوردی بە نووسینێکی پڕ لە شانازیی پڕ کردۆتەوە و گرەوی سەرکەوتنی بۆ کورد بردۆتەوە، ڕۆژێکی نوێی بۆ ژیانی میللەتەکەی داهێناوە. کوردی ستەمدیدە ژیاوەتەوە و ئەژدەهاکی خوێنڕێژ لەناوچووە و نوخشەش لە دوژمنانی ئەمڕۆی میللەتەکەمان بێت:

**پەڕەی مێژووی پڕ کردووە**
**گرەوی بۆ کورد بردەوە**
**ڕۆژێکی نوێی داهێنا**
**مژدەی خۆشی ژینی هێنا**
**سۆزە لەگەڵیان بانگی کرد**
**کورد ژیاوە و ئەژدەهاک مرد**

دیوان: ل٥٥

شاعیر لە هۆنراوەیەکی بەناوی (دوژمنی من) لە (١٩٥٧/١٢/١٩)دا نووسیوە و پرسیار لە خۆی دەکات و دەڵێ: دەبێ دوژمنی من کێ بێت و ئەو دوژمنەش لە کوێ بێت. بەم جۆرە دەست بە هۆنراوەکەی دەکات:

**دوژمنی من ئەبێ کێ بێ**
**ئەبێ لەشار بێ یا لە لادێ بێ**
**هەژاربێ یاخود دەوڵەمەند**
**چەکی تەفرەیە یا کەمەند**

دیوان: ل٧٢

شاعیر سەرتاپای شیعرەکانی ئەم هۆنراوەیەی لەسەر کێشی (٨) برگەیی (٤+٤) داناوە، کەچی ئەوەی مۆسیقای شیعرەکەی دالەنگاندووە نیوەدێڕی دووەمیەتی کە بووەتە (١٠) برگەیی (٥+٥) و بەم جۆرە هاتووە:

**ئەبێ لەشاربێ / یا لەلادێ بێ/**
**٥ + ٥ = ١٠ برگە.**

ئەگەر شاعیر تەنیا گوتبای [لەشاربێ یا لە لادێ بێ] و وشەی (ئەبێ)ی سەرەتای لێ فڕێدابایە ئەوا کێشەکەی ڕاست دەبووەوە و بەرێکی لەگەڵ نیوە دێڕەکانی دیکەی هۆنراوەکە دەڕۆیشت. شاعیر دوای ئەم پرسیارانەی سەرەوەی هەر خۆی وەڵامیمان دەداتەوە کە دوژمنەکەی ئەو کەسەیە کە کردەوەی هەڵەبێ و خۆفرۆش بێ بۆ بێگانە و گەلەکەی خۆی بە پارە بفرۆشی و کەسێکی خۆ هەڵکێش و درۆزن بێ و هەر بەرژەوەندی و سوود و قازانجی خۆی بوێ و بەس:

**دوژمنی من ئەو کەسەیە**
**کە کردەوەی پڕ هەڵەیە**
**خۆ فرۆش بێ بۆ بێگانە**
**بێتە جووڵە زۆر ئازانە**
**گەلی بفرۆشێ بۆ پارە**
**ئەو گەلە مسکێن و هەژارە**
**درۆزن و خۆ هەڵکێش بێ**
**هەر قازانجی خۆی لە پێش بێ**

دیوان: ل٧٢

تاکو لەکۆتایی هۆنراوەکەیدا جەخت لەسەر ئەو

دوژمنەی دەکات:

**هەر ئەوەیە دوژمنی من**
**لێم ئەگرێ ڕێگەی پێشکەوتن**

دیوان: ل٧٣

شاعیر تا پێی کراوە مۆسیقای دێڕە شیعرەکانی پاراستووە، بەڵام جاری وا هەیە بەناچار لە هەندێ دێڕە شیعریدا گوایا دەیەوێ بچێتە نێو دنیای شیعری ئازادەوە کێشی شیعرەکەی لە (٨) برگەیی (٤+٤)ەوە دەکاتە (٩) برگەیی و ئیقاعەکەی لەنگ دەکات، هەروەک لەم دێڕە شیعرەیدا کردوویەتی:

**گەلی بفرۆشی بە پارە= ٨**
**ئەو گەلە مسکین و هەژارە= ٩**

ئەگەر لەجیاتی (مسکین و) کە (٣) برگەیە وشەی وەکو (پاکە) دانابایە ئەوا کێشەکەی ڕاست دەبوو و مۆسیقاکەی تێک نەدەچوو و بینووسیبایە:

**گەلی بفرۆشێ بە پارە**
**ئەو گەلە پاکە هەژارە**

دیوان: ل٧٢

شاعیر هەر لە بواری شیعری سیاسیدا هۆنراوەیەکی سەرکەوتووی بەناوی (شۆڕشی تۆڵە) لە (١٥/٦/١٩٦٠)دا ناوە و پێشکێشی سەرکردەی ئەوسای نەتەوەی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات (غەنی بلووریان)ی کردووە و لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لەو پارچە گرنگەی کوردستانی گەورە دەدوێ و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شۆڕشی تۆڵەسەندن، شۆڕشی میللەتی هەژاری کورد بەرەی شەڕ و داگیرکاریی دەبەزێنێ. ئەو خەباتە خوێناوییەی لەپێناوی ئازادی و ژیانی بەرزییە و بەم جۆرە بیروبۆچوونە ڕوون و گەشەکەیان بۆ دەردەبڕێ:

**هۆ شۆڕشی تۆڵەسەندن**
**تێکشکێنی هێزی دوژمن**
**شۆڕشی میللەتی هەژار**
**ڕووبەڕووبە لەگەڵ زۆردار**
**ڕێگەی ژیان تێکۆشانە**
**هەر خەباتە و هەوڵدانە**
**بەزاندنی بەرەی شەڕە**
**دەرکردنی داگیرکەرە**
**تێهەڵچوونە و کۆڵ نەدانە**
**مردن بۆ بەرزیی ژیانە**

دیوان: ل٩٢

جا شاعیر هاوار دەکاتە فریشتەی شۆڕشی سوور، ئەو فرشتەیەی کە پرشنگی ڕووناکی لەسەر لووتکە بەرزەکانی چیای وڵاتەکەی دیارە و دەشت و دەرمان ڕووناک دەکاتەوە:

**هۆ فریشتەی شۆڕشی سوور**
**پرشنگەکەت دیارە لە دوور**
**لەسەر لووتکەی بەرزی چیا**
**دەشت و دۆڵمان ڕووناک ئەکا**

دیوان: ل٩٢

دوای ئەم بانگەواز و نزایەیشی بۆ فریشتەی شۆڕشی کورد، داوای لێدەکات بانگی لاوانی کورد بکات و پێیان بڵێ: (میللەت شۆڕشی هەڵگیرساند) و ئەو شۆڕشەش شۆڕشی مەرگ و ژینە و ڕاپەڕین و کۆڵنەدانە و ئەمەش پێویستی بەپیاوی چالاکی شۆڕشگێڕە بۆ هەق سەندن و مافی نەتەوەیی میللەت وەدەست هێنان:

**بانگ بکە بۆ لاوانی کورد**
**میللەت شۆڕشی بەرپاکرد**
**شۆڕشی مردن و ژینە**
**کۆڵ نەدان و نە بەزینە**
**ڕیگەی خەبات زۆر ڕووناکە**
**پێویستی پیاوی چالاکە**
**تێکۆشان و کۆشش کردن**
**بۆ هەق سەندن ماف وەرگرتن**

دیوان: ل٩٣

ئینجا شاعیر پێناسەی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی دەکات و داوا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆی دەکات. چاو هەڵێنن و تۆڵەی چەند ساڵەی زوڵم و زۆرداری لە دوژمنانی میللەتە هەژار و ژێردەستە و چەساوە و ڕەنج خوراوەکەی بستێنێ:

**شۆڕش ڕێگەی ڕزگارییە**
**سەرشۆڕ کردن هەژارییە**
**کوردە بەسیە چاو هەڵێنە**
**تۆڵەی چەند ساڵەت بستێنە**

دیوان: ل٩٣

شاعیری نیشتمانپەروەر لەم هۆنراوە سەرکەوتووەی و لە چەند هۆنراوەی دیکەیدا دەستی داوەتە شیعری سیاسی و وەسفی نیشتمانەکەی و هەست دەکەین تارادەیەک سەرکەوتنی وەدەست هێناوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ (جەوهەر غەمگین) وەک شاعیرێکی نوێخواز

باشـــتـــر بناسین، با ســـەرنج بدەینە ئەو هۆنراوە سـەركـەوتووانەی كـە لەسـەر وەسفی ئافـرەت و جـوانی داینـاون و هەنگاوێكی باش لە ڕێبـازی شـیـعـری نوێی كوردی چۆتە پێش، چونكە هونەری شیعر پتر لە شیعری وەسفی سروشت و ئافرەت و جوانیدا دەردەكەوێ وەك لەم نموونانەی خوارەوەیدا بەدی دەكەین و سەرنجی ڕەخنەگری ئەدەبی ڕادەكێشێ.

شـاعـیـر لە هۆنراوەیەكـیـدا بەنـاوی (كچ) جـوانتـرین وەسـفی ئافـرەتی كـردووە و وەك شـاعـیـری مـەزنی كـورد (گـۆران) نەچووە چاو و برۆ و پرچی ئافـرەت بە شـتـی سواوی سەردەمی شیـعری كلاسیـكی بچووێنێ، بەڵكو لەوە سەرسامە كە بە چیـان بچووێنێ و بیر لەوە دەكاتەوە و دەڵێ: دەبێ چ شتێك لە سروشتدا هەبێ ئەوەندە جوان بێ تاكو ئەو ئەندام و ئەدگـارانەی ئەو كـچە شـۆخـەی پێ بچووێنێ و بەم جۆرە دەست بە هۆنراوەكەی دەكات:

**كام بەستە كام گۆرانی**
**ئەگا بە چاوی جوانی**
**كام مۆسیقا كام هەڵبەست**
**ئەگا بە ئەبرۆی پەیوەست**
**كام كولیك گوڵە كێوی**
**ئەگا بە سووری لێوی**
**ئەبێ چی بێ خوایە چی**
**تیشكی كام ڕۆژ بێ پرچی**

دیوان: ل٢٢٧

دوای ئەم سـەرەتایە جـوان و سـەركـەوتووەی شـیـعـرە ناسكەكـانی كـە لەسـەر كـێـشی (٧) بڕگـەیی (٤+٣) دایڕشـتـوون، پتـر لەسـەر جـوانی ئافـرەت دەڕوات و زنجـیـرەیەك لە وێنەی ڕازاوەی شـیـعـری لە وەسف و لێكچـوواندن پێكەوە دەنێ، تا وایان لێـدێت، دەبنە تابلۆیەكی گـەورەی هونەریی بە وەشـەی جـوان و نـاسـك داڕێژراو، گـــەلـێك دیمەنی ڕازاوەی ســـروشــــتی نیشتـمـانەكەی خۆی دەستنیشـان دەكـات، بەڵام لەلای ئەوەوە هیـچیـان ناگەنە جوانی ئافرەتی شۆخ و شـەنگ و بەم جۆرە هۆنراوە ناسكەكەی دادەڕێژێ:

**كام جوانی زۆر جوانە**
**كام چیمەن زۆر زۆر پانە**
**كام شەنگەبی زۆر بەرزە**
**كام مێرگ گیایی سەوزە**
**كام وشە وەك پەپوولە**
**لە بەهار دێتە جوولە**
**بێگومان هەموو كورتن**

**قەت ناگەن بەجوانیی ژن**

دیوان: ل٢٢٧–٢٢٨

شاعیـر گەر هەر ئەم هۆنراوەی هەبایە، بە شـاعیـرێكی سـەركـەوتوو دادەنرا، چونكە هەمـوو هەست و سـۆز و ئەندیشـەیەكی سـیـحـراوی شـیـعـری نوێی لەم هۆنراوە جـوانەیدا بەكـارهێناوە و سـەركـەوتنێكی باشی لە دنیـای شیعری نوێی كوردیدا وەدەست هێناوە.

شاعیر جگە لەو هۆنراوە سەركەوتووەی لەسەر ئافرەت و جوانی زنجـیرەیەك لە هۆنراوەی ناسكی دیكەی لەسەر ئافـرەتی شۆخ و شـەنگ داناوە و سەركـەوتنێكی تەواوی وەدەست هێنـاوە. لەوانە هۆنراوەیەكـــیـــەتی بەنـاوی (دووكـەزیی زەرد) و هەمـوو ئەدگـار و ئەنـدامـێكی لەشی ئافـرەتی شـۆخ بە جـوانی وەسف دەكـات و ئەگـەر هەمـوو وێنە شـــیـــعـــرییـــەكـــانی كـــە لە ڕێگەی وەسف و لێكچـوواندنەوە دروسـتی كـردوون كـۆبكەینەوە، ئەوا دەتوانین تابلۆیەكی نایابی شیعریی جوان و ناسكیان لێ دروست بكـەین و سـەرەتای هۆنراوەكـەی بەم جـۆرە دەست پێدەكات:

**بەژن و باڵای لە یەك هاتووی**
**ئەو كچە وا دڵی بردم**
**گزنگی ڕۆژی هەڵاتووی**
**ژێر پەردەی شەو شێتی كردم**

دیوان: ل١٢٩

دوای ئەوەی شـاعـیـر دێتـە سەر وەسفكردنی كـەزییـە زەردەكان كە چۆن بوونەتە چوارچێوەیەك بۆ مەمكەكانی و تا سـەر دڵی شـۆڕبوونەتەوە و بە باڵای شـەنگ و شلكی ئەو نازدارە هاتوونەتە خوار:

**دووكەزی زەردی سەر ملی**
**بوون بە چوارچێوەی مەمك**
**شۆڕبوونەتەوە سەر دڵی**
**لەسەر باڵای نەرم و شلك**

دیوان: ل١٢٩

شیعرەكانی شاعیر دەچنە نێو قـاڵبی چوارینەوە، بەڵام نەچووە وەك چوارێنی ئاسـایی سـەرواكـانی نیـوەدێڕی یەكـەم و دووەم و چوارەمی هاوڕێك بن و سێـیـەمیـشی ئازاد بێ، بەڵكو سەروای نیوە دێڕی یەكـەم و سێـیـەمی لەلایەك و دووەم و چوارەمیـشی لەلایەكی تر هاوڕێكن، واتە لەسـەر ئەم شكڵە (B.A.B.A) ئەمـە لە ڕووی قاڵبەوە، بەڵام لە ڕووی چەمك و ناوەڕۆكەوە زۆر جوان و

پتەون تەنیا نیوەدێڕی چوارەمی نەبێ کە دەڵێ:

**لەسەر باڵای نەرم و شلک**

دیوان: ل١٢٩

چونکە نەرمیی بۆ باڵا ناگوترێ، ئەگەر گوتبای (بەرز) و (شلک) زۆر جوانتر دەبوو.

دوای بەدوای ئەو وەسفە ورد و جوانەی کەزییە زەردەکانی ئەو کچە شۆخ و نازدارە، شاعیر دێتە سەر وەسفی ئەو کراسە نوێیە گوڵ گوڵییەی کە هەموو لەشی داپۆشیوە و تەنیا قۆڵ و شان و ملی بە دەرەوەن و سەربەستی خۆیان وەرگرتووە، بۆیە بەم چەشنە خۆیان دەرخستووە:

**کراسێکی نوێی گوڵ گوڵی**
**هەموو لەشی بەند کردووە**
**کەچی قۆڵ و شان و ملی**
**گشت سەربەستیان وەرگرتووە**

دیوان: ل١٢٩

دوای ئەم وەسفەی پۆشاک و ئەندامی لەشی ئەو ئافرەتە شۆخە کە هەموو هۆش و هەستی لاو ڕادەکێشن، کەچی ئەو جۆرە کچانە دڵیان وەک بەرد وایە، کە شاعیر پێشتر وایدەزانی ئەو جوانانە دڵیان بە وێنەی پەڕەی گوڵ ناسکە، بەڵام لە ئەنجامدا بۆی ڕوون بۆتەوە کە ئەو جۆرە جوانانە هەر پارەو زێڕ هەستیان دەبزوێنن و لەدوو کۆپلەی دواییدا بەم جۆرە لێیانەوە دەدوێ:

**وام ئەزانی ئەم جوانانە**
**دڵیان چەشنی پەڕەی گوڵە**
**ڕوانینێکی ئەم چاوانە**
**گڕ بەر ئەداتە ئەم دڵە**
**کەچی دڵیان وەک بەرد وایە**
**بۆ کەس لێنادا بەڕاستی**
**بۆ دراو نەبێ بزەی نایە**
**هەر زێڕ ئەجووڵێنی هەستی**

دیوان: ل١٣٠

بەم جۆرە شاعیر وەسفێکی نایابی جوانی ئافرەت و ماهیەتی هەندێکیان دەکات کە پتر ئاوێزانی خشڵ و پارەن.

شاعیر هەر لە بواری شیعری ئافرەت و جوانیدا هۆنراوەیەکی دیکەی بەناوی (حەزم لێیە) نووسیوە و ڕۆژی دانانی چامەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ (١٤/١٠/١٩٩٩). هەستاوە بابەتە ناسکەکەی بە شیعری کێشی سووکی (٨) بڕگەیی (٤+٤) داڕشتووە و وەک لاوێک هەست و سۆزی سەرچڵی خۆی بۆ کچێکی مۆدێرنی شۆخی بانتۆڵ لەپێ دەردەبڕێ:

**حەزم لێیە پانتۆرەکەت**
**تەکستر و**
**ناسکتر و**
**نەرمتر و**
**باریکتریش خۆی بنوێنێ**

دیوان: ل٣٦٤

دوای ئەم سەرەتایە سەرنجڕاکێشەی هۆنراوەکەی، دێتە سەر وەسفی ئەو سروەی شەماڵەی کە بۆنی هەناسەی ئەو شۆخەی بۆ بێنێ تا هەموو ناخی تێنووی حەزی ئەو کچە نازدارە بهەژێنێ:

**ئەو شەماڵەی بەسەرگۆنات**
**تیپەڕ دەبێ**
**بۆنی هەناسەی تۆم**
**بۆ بێنێ**
**حەزم لێیە**
**هەموو ناخم بهەژێنێ**
**بێگومان بە بۆ ئەم کارە**
**سۆزم هەردەم لەسەر پێیە**

دیوان: ل٣٦٤

مۆسیقای شیعرەکانی شاعیر ئاوازدارن و هەموومان ئیقاعی خۆیان لە دەست نەداوە تەنیا ئەم دێڕەی خوارەوەی نەبێ کە کێشەکەی زیادی کردووە و لەجیاتی (٨) بڕگەیی بووەتە (٩) بڕگەیی:

**بۆنی هەناسەی تۆم= ٦**
**بۆ بێنێ = ٣**

ئەگەر گوتبای [بوونی خۆشی تۆم... بۆ بێنێ] ئەوا کێشەی ڕاست دەبووە و بە ڕێکی لەگەڵ هەموو دێڕ و نیوە دێڕەکانی تردا دەگونجا.

لە هەنگاوی سێیەمی هۆنراوەکەیدا شاعیر حەزدەکات خۆی ئاوێتەی هەموو جێیەکی جوانی ئەو کچە شۆخ و نازدارە بکات و لەسەر هۆنراوە دڵدارییە نوێکەی دەڕوات و حەز و ئارەزووەکانی خۆی بۆ ئەو خۆشەویستەی دەردەبڕێ:

**چاوم ویستی دەسەملانی**
**چاوت بکا**
**لێی نەگەڕای**
**ناوم ویستی خۆی ئاوێتەی**

**ناوت بکا**
**لێی نەگەڕای**
**دڵم ویستی خۆی گیرۆدەی**
**داوت بکا**
**لێی نەگەڕای**
**دەستم ویستی بە هێمنی**
**ئیمرۆکە بێ ڕاوت بکا**
**لێی نەگەڕای**
دیوان: ل٣٦٥

شـــاعـــیـــر لەدوا هەنگاوی هۆنراوە دڵدارییـــە سـەرچڵـیـەکـەیدا، ڕازونیـازی خـۆی ڕاشکاوانە بۆ یارە گـراوییـەکـەی دەردەبڕێ و ویست و حـەزی دڵـی خـۆی پێدەڵێ:

**دەمویست ببم بە یاوەرت**
**بێمە سەر بیر و باوەڕت**
**هەربۆ ئەوەی بڵێم هەمە**
**ژینم خۆشە و**
**دوور لە خەمە**
**کەچی تۆی شەنگ**
**دەستی شەڕت**
**لە یەخەمە**
**هەرچیش بکەم تۆ پێت کەمە**
**هەر لات کەمە**
دیوان: ل٣٦٦

شـاعـیـر هۆنراوەیەکی ناسکی بەناوی (پەیکەرێک) داڕشـتـووە و ئەو پەیکەرەش کچێکی شـۆخ و شـەنگە و بەدەربڕینی جـوان ئەوەمـان بـۆ دەردەبڕێ کـە یەکـەمـجـار دەسـتـی کـردگـار پەیکەری باڵای داڕشـتـووە و تریفـەی مـانـگ و تـیـشـکی خـۆری کـردۆتە خـەڵاتـی و بەم جـۆرە وێنەی ئەو شۆخەی بە وشەی جوان بۆ کێشاوین:

**لە یەکەم جار دەستی کردگار**
**کە دایڕشت پەیکەری باڵات**
**تریفەی مانگی پڕشنگدار**
**هەم تیشکی ڕۆژ کرانەخەڵات**
دیوان: ل١٤٦

دوا بەدوای ئەمە شاعـیـر ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ڕەشی چاوی ئەو کـچـە جـوانە لە ڕەشی شـەو و ئاوازی دەنگی لە شمشاڵ دروست کراون و پەری خوداییش ناوی دێنن و بەم جۆرە شیعرەکەمان بۆ دادەڕێژێ:

**لە ڕەشیی شەو ڕەشی چاوت**
**لە شمشاڵ ئاوازی دەنگت**
**پەریی خوا هێنایان ناوت**
**هێمنیش کرا بە ڕەنگت**
دیوان: ل١٤٦

دوای ئەم هەنگاوەش شـاعـیـری نوێخـوازمـان پـتـر پێکهـاتـەی خـوڵقـانـی پەیکەری ئەو شـۆخـەمـان بۆ دەردەخـات، بەوەی کـە هەمـوو جـوانیـەکی جـیـهـان کـۆدەکـاتەوە و ئەو کـچـە شـۆخ و شـەنگەی لێ دروست دەکـات و بەهەشـتـی پێ دەڕازێنێـتـەوە و پەری ئەو بەهەشتەش کڕنووشی بۆ دەبەن:

**هەموو جوانییەک کۆکرایەوە**
**کە تۆی شەنگی لێ دروست کەن**
**بەهەشت بەتۆ ڕازایەوە**
**پەریش کڕنووشت بۆ ببەن**
دیوان: ل١٤٧

لەکـۆتایی هۆنراوەکـەیدا ئەوەمـان بـۆ دەردەبڕێ کـە کچێکی شۆخ و شەنگی ئاوا بە شوێن کەسێکدا ناگەڕێ، بەڵکو خەندەی سەرلێوی و لەرەی دەنگە خۆشەکەی وا لە دڵی ئاشق دەکـەن کـڕنووشی پەرسـتـنی بۆ ببـەن و بەم چەشنە دوا کۆپلەی هۆنراوەکەیمان پێشکێش دەکات:

**بێزی نایە کچێکی شەنگ**
**بەشوێن کەسدا خۆی ماندووکا**
**خەندەی سەرلێو و لەرەی دەنگ**
**دڵ خۆی کڕنووشی بۆ دەبا**
دیوان: ل١٤٧

شاعـیر لە هۆنراوەیەکی نوێی فـەلسـەفـە ئامێز بەناوی (منیش نوێخـوازم) نووسیـوە و زادەی بیـرکـردنەوەیەکی دوور ئەندێشی سـاڵـی (١٩٩٩)یە و بـەم جـۆرە دەست بەهۆنراوە دوور و درێژە ئازادەکەی دەکات:

**هەیهوو هەیهوو**
**لەوەتەی دنیا دنیایە**
**زەوی لەسەر قۆچی گایە**
**گایەکەش لەسەر هەوایە**
**لەژێر و ژوور سەد هەرایە**
**هەموو شتێک دژ بە یەکن**
**هەر شتێک بگاتە ئەوی تر**
**دوژمنداریان لەنێو دایە**
دیوان: ل٣٦٧

شـــاعـــیـــر لە دارشـــتنی هۆنراوە نوێكەی پشت بە كەلەپووری كۆنی میللی دەبەستێ و بەگاڵتەپێكردنەوە ئەو هاوكێـشـە سەیرە لە ئەقڵ بە دەرەمـان بۆ دەنووسێ تاكو ئەو فەلسەفە جەدەلییەمان بۆ دەخاتەڕوو كە هەموو شتێك لەم دنیایەدا دژ بە یەكن و لەناو ئەو دژایەتیەش شتی نوێ دروست دەبێ لە بەشێكی دیكەی هۆنراوەكەیدا دژایەتی نێـوان (ژیان و مـردن)مـان بۆ دەردەبڕێ و ئەو ڕاسـتـیـەمـان بۆ دووبارە دەكـاتەوە كـە هەمـوو شـتێ دژ بەیەكن:

**هەیهوو هەیهوو**
**هەڵەی منە**
**دژ بەیەكن سمێڵ و كەپوو**
**ژیان و مردن**
**ژن هێنان لەگەڵ شووكردن**
**مردن دژ بە گەورە بوونە**
**هەموو شتێ دژ بەیەكن**
**هەمووی دژی بە یەكچوونە**

دیوان: ل٣٦٨

شاعـیـر لە دنیـای پڕ لە دژایەتی دەدوێ و تەنانەت لە خەویشـدا ئەو جـیـاوازیی دژایەتیـە بەدی دەكـات و كـە زمـانە دوو فـاقـەكـەی مـاری ڕەشی خـەونەكـەی دەبینێ، لەخـۆی ناگـات ئایا ئەو زمـان دەرهێنانەی مـارەكـە نیشـانەی ڕەزامەندییە و سڵاولێكردنیـەتی، یان نارەزایی دەربڕین و هەڕەشە لێكردنیەتی، بەم جۆرە لەو جیاوازی و دژایەتیەوە دەدوێ:

**لە خەومدا مارێكی ڕەش**
**گینگڵەی دەخوارد**
**كە بۆ لام هات**
**زمانە دوو فلیقانەكەی**
**لەناو دەمی دەردەهێنا**
**لچی خۆی پێ دەلێستەوە**
**بڕوا بكە هیچ نەمزانی**
**سڵاوە یا هەڕەشەیە**

دیوان: ل٣٦٩

شـاعـیـر جگە لە ڕەمـزی مـار و هێنانەوەی گـەلێك نموونەی دژ بەیەك لەم دنیـایەدا، زنجیرەیەكیش لە ڕەمزی ئەفـسـانـەی یۆنـانی و بابلی و كـوردی بەكـاردەهێنێ و هۆنراوە دوور و درێژەكـەی خـۆی پێ بە هێـز دەكـات و نموونەی خـــواوەندی وەك (زیۆس)ی ســـەر چیـــای (ئۆلەمپ)ی یۆنان و ئەنلیل و ئادابەی سۆمەری و بابلی و نیـمچە خواوەندی وەك (گەلگامێش) و (ئەنكیدۆ) و (مـــاری ڕەش) لە هۆنراوەكـــەیدا بەجـــوانتـــرین شـــێـــوە بەكارهێناوە و قووڵیەكی بە چەمكی هۆنراوەكەی داوە.

**ئەنجام**

(جـــەوهەر غـــەمگین) شـــاعـــیـــرێكی نوێخـــوازە، لە پەنجـاكـانی سـەدەی بیسـتـەمـەوە هاتۆتە نێو مـەیدانی شـیـعـری كـوردی و نوێخـوازییـەكی هەست پێكراو بە هۆنراوەكـانیـەوە دیارە، بە شـیـعـری سـیـاسی و وەسـفی نیشتمانەكەی هاتۆتە نێو دنیای ئەدەب، بەڵام تا نەچۆتە نێو دنیای شیعری دڵداری و وەسفی سروشتی كوردستان و وەسفی ئافرەت و جوانی ئەو نوێخوازییەی ئەوەندە پێوە دیار نەبووە، چونكە هونەری شیعر زیاتر لەوێنە و تابلۆی شیعریی بەدەردەكەون و ئەوانەش پتر لە وەسفی سروشت و جوانیدا خۆیان دەنوێنن و خۆ وەسفی ئافرەت و جوانی بە باشـترین پێوەر دادەنرێ لە هەڵسـەنگاندنی شیـعـر بۆ زانینی سەركەوتن و سەر نەكەوتنی شاعیر لە پرۆسەی دارشتنی شیعردا.

لە خوێندنەوەی ئەم كۆ شیعرەی كە هەڵمان سەنگاند گەلێك هۆنراوەی ناسكمان لە وەسفی سروشت و جوانی ئافـرەتمان كـەوتە بەر چاو و بە چاوی ڕەخنەوە هەڵمـــان سەنگاندن وەك ئەم نموونانەی خوارەوە: (ئاوازی تازە) و (یادی نەورۆز) و (كچ) و (دووكـەزی زەرد) و (حـەزم لێـیە) و (پەیكەرێك) لەگەڵ گـەلێ نموونەی تر، بۆیە بە شاعیرێكی نوێخوازمان دانا.

**٢٠ی نیسانی ٢٠٠٥ هەولێر**

**كارتی ناسین**

* ناوی كتێب: خاك و ڕۆژ و خۆشەویستی.
* نووسەر: جەوهەر غەمگین.
* بابەت: دیوانی شیعر.
* قەوارە: مامناوەندی.
* ژمارەی لاپەرە: (٣٨٤).
* ســـاڵی چاپ: (٢٠٠٥) هەولێـــر چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب.
* تیراژ: (٥٠٠) دانە.

# یاخیبوون ژ هندەک دیاردێن جڤاکی - سیاسی د سەربۆرا کۆمەک هوزانڤانێن دەڤەریَ دا

ئەمین عەبدولقادر
(دهۆک)

(٢ - ٢)

**٢- یاخیبوون دژی دووبەرەکییێ**

پەیدابوونا دووبەرەکیا دناڤ ریزێن مللەتی کورد دا ل هەرێما کوردستانێ و شەرو لێکدانێن براکوژی، ئەڤ دووبەرەکییە مەزن بوو، هەتا لداویێ بوویە ئەگەرا پەیدابوونا دوو هێز و ئیدارێن هەڤدژ دڤێ پارچا بچویکا کوردستانێ دا. ڤێ چەندێ دل و هناڤێن هەر کوردەکی مشت کرن ژ بێزاری و خەم و کەسەران، بێ ئومێدی بۆ کابوسەکێ مەزن و بۆ عەبایەکێ رەش لدور خەون و هیڤیان هاتە پێچان. هوزانڤان وەکی ئێک ژ ئەندامێن هەستیار و هۆشیار و زیرەڤانی جڤاکی، پتر بڤێ برینێ د ئێشن و دنالن، داد و فیغان ژ پەیڤێن بارکرییێن هوزانێ دەردکەڤن و دبنە خۆپیشاندان لسەر بنیاتێ رەدکرنا ڤی کاودانی، خەلکێ خۆژی بۆ ڤێ مەرەمێ رێکدئێخن.

هوزانڤان (ناجی تەها بەرواری) دهوزانا (ئەو جوانیا ژ سێبەرێ دزێت)دا بڤی رەنگی لخواری بەرامبەر ڤی دووبەرەکییێ رادوەستیت:

**تەناهی.. جوانی و هەستەوەری**
**ژ کۆما پەیڤێن گورپیدارن**
**ئەڤ پەیڤە ل بهاڤێ خۆ**
**پەیامێن جەمسەردار راڤەدکەن**
**من گوتە تە**
**د گومانێ دا**
**د هەڤرکیا مژا ڤەمانێ دا**
**هەر گوللەیەکا دبیتە گول**
**ژ ئەسمانی برشیت بێ کل**
**هێلینا وێ نەهەر دو دل**
**من گوتە تە**
**ئەم نە ئێک سێڤین**
**لێ دو کەرێن تۆڤ بەرێکین**
**ئەز و تو و**
**ئەو کۆما پەیڤێن پیرۆز**
**د ئارمانجێ دا هەڤرێکین (٣٧)**

واتە هوزانڤان بنەرمی پەیڤێن خو ئەوێن ب پەیامێن جەمسەردار راڤەدکەت، ڤێ ئێک نەبوونێ ب ڤەمانێ دزانیت، دیار دکەت کو دبیت ئایدولۆژیا مە ئێک نەبیت، لێ ئەم دووکەرێن توڤ بەرێکێن ئێک سێڤین، ئەم هەردوو بکۆما پەیڤێن پیرۆز- کو ب باوەڕا من، ئالا، دەولەت، ئازادی و سەربەخۆیی نە- هەڤرێکین. پاشی د کەڤالەکێ دیدا دبێژیت:

**ئەز و تۆ دهەمبێزا دەمی دا**
**دەمەکی بێ سنۆر**
**داڤێن سپی دڤەهینین**
**ب خەمسارییێ دەم ب سەرڤەچوو**
**دناڤبەرا لێڤێن مەدا**

**چەند رەنگ هەنە**
**گەر بگەهنەئێک**
**ل بلندییَ جیَمکا دئینن**
**ل سەر سمبێلا گەنجەکیَ شەهید**
**تاجا قەیرە دگوگرینن**
**لیَ بهەڤرا گەهشتنا**
**هەردو ئەزمانێن ژ هەڤجۆدا**
**دەلیڤە د دەست دایە**
**سیبەرا هەڤگرتنا هەر چوار رەنگان**
**راگەهینین (٣٨)**

واتە دناڤبەرا مەدا چەند رەنگ هەنە، ئەگەر بگەهنە ئێک، مەزنترین تاج دیَ وەرگرین ئەوا گەنجێن کوردان خۆ لسەردایە شەهیدکرن، ب هەڤرا گەهشتنا هەردوو دیالێکتێن ژێری و ژووری، باشترین دەلیڤەیە بۆ بلندکرنا هەر چوار رەنگێن ئالای و راگەهاندنا دەولەتیَ.

دکەڤالەکی دیدا هوزانڤان یاخیبوونا خۆ دیار دکەت، بەرامبەر ڤیَ دووبەرەکییَ و ئەڤ ئێککگرتنا نە لسەر بنەمایێن بهێز و ژبەرێکچووی و مرن ژیَ دزێت رەد دکەت، بانگەوازیا یاخیبوونیَ وەک نوینەریَ جڤاکیَ خۆ بۆ هەر خودان دەسەلاتەکی ئاشکەرا دکەت، لبەراهیا جەماوەری (ناجی تەها بەرواری) ئالاییَ ئێککگرتنەکا موکوم هەلگرتیە و دڤێت مفای ژ دەمی ببینیت چونکە دەمیَ ڤیَ فرسەتیَ بیَ دچرکا داوییَ دا:

**دەم قەیرەیە و گیرۆ نەبە**
**دگەل رژدیا رویباریَ ئەڤرۆ**
**دەلیڤەیە و**
**گەلەک باشتر خۆ بگونجینن**
**ژ کەڤلوژانکێ ئێکاتیەکا**
**ژ بەرێکچووی**
**دەرکەڤین و ببینە دو**
**ببین دویربینێن پێشڤەرۆ**
**ئەڤیَ پەیڤیَ بکە گوهار**
**سەعەت.. سەعەت**
**خولەک.. خولەک**
**چرکە... چرکە**
**.**
**.**
**.**
**مەنەڤێتن**
**ئەو جوانیا ژ ئەگەریَ سوتنیَ دهێت**
**مەنەڤێتن**

**ئەو ئێکاتیا مرن ژیَ دزێت (٣٩)**

هوزانڤان«محسن قۆچان» دهوزانا «درەوەک ل چەپا سەریا قاسیۆنی»دا بەحسیَ دەردیَ کوردان دکەت، دیارە بیَ یاخیبوویە ژ کوردان ژجیهانیَ ژ قەدەریَ، دڤێتن تشتەکی بکەت، لیَ ئەڤەژی دبیتە خەون و دلیَ خۆ پیَ ئارام دکەت، دەما دبێژیت:

**ئەز دزانم**
**نە کورد چ جارا دبنە ئێک**
**نەکەس ئێدی حەژ من دکەت و ڤی سەریَ پوش**
**لیَ خەونەکە**
**ب دلیَ من دهێت(٤٠)**

«قۆچان» وەک هوزانڤانەکیَ کوردیَ هەستیار و ل سەرکەفتنێن کوردان دگرنژیت و ل شکەستا دگریت،بیَ ژێککگرتنا هەمی کوردان بیَ ئومێدە.

هوزانڤان «تەحسین ناڤشکی»د هوزانا «بەروڤاژی» دا، دا لەهیان ل کوردان دکەتن، سەبارەت ژێکڤەبوون و دوو بەرەکیا دناڤدا پەیدابووی، دشرۆڤەکرنا هزرێن ویدا، خویایەکو ڤیسەروسەبەری رەد دکەت و دژی ڤان بوویەرانە، دەمیَ دبێژیت:

**گوهـ مستمیَ**
**ژخوینیَ چێدکت زەڤییێن هەرییَ**
**سیتافکا نەحەجمتی یە**
**دوو تایا مرۆڤایەتییَ**
**دکەیە پێچولک، پیَ دراهێلییَ**
**ئەڤ دوو سیَ یە**
**تەخێن تۆزیَ یا داعیرای**
**ناگەهییَ «٤١»**

ئانکو بێدەنگی دڤی بابەتی دا دبیتە ئەگەریَ خوین رێتنەکادی، ئەڤ دوو تاییە د مرۆڤایەتییَ دا نەیا رەوایە دناڤ پێچولکەک و وارەکی دا ، رێکا گەهشتنا ئارمانجان بەرزەدبیت و رێکەکا کەڤنە تو پیَ ناگەهیە هیڤیان.

«ناڤشکی» دکەڤالەکیَ دیدا ڤیَ چەندیَ دووپات دکەت و بیَ هیڤیاتیا بدەستڤەئینانا ئارمانجێن مەزن و ئازادیا تەڤایی رادگەهینیت، بیَ یاخی یە ژڤیَ دوو دەولەتیا دیەک پارچەدا چێبووی ، دبێژیت:

**قوماندارێ**
**گویزا مەژی،**
**ئەندازیاریَ دەرزینیَ**
**کریە دوو دەولەتێن بەلەک،**
**هەلناکت ئاگریَ ئازادییَ «٤٢»**

هوزانڤان «عەبدولڕەحمان بامەڕنی» دهوزانا «پەیڤێت من»دا ، پەیامدارە و پەیاما وی پەیاما چینا چەوساوە و چینا هەژار و هەرەمەکییە، لەوما هەڤگرتنا کوردان بدروستی و بێ سستی ئومێدا وی یە، ئەگەر ئەڤ خەونە بجە نەهات، دیارە ئەڤ کۆما هوزانڤانا یێ هێزەکا یاخی دناڤ جەماوەریدا چێ دکەن و ڕەدکرنا هەمی بیروباوەران دکەن، دبێژیت:

**ژ داڤە ڕێزکێن هزرێن خو**
**دهەکێ ژ پەیڤا**
**دنژنم...**
**هەڤگرتن**
**هەڤبەندی**
**ڤەژین**
**ئێکبوون**
**بەرماکیا بابێ منن**
**بێ سەروشین**
**بۆ من هێلاین «٤٣»**

د هوزانا «پیرا خێرا» دا چەند کەڤالەکێن دی نمایش دکەت، ژوانا دەمێ بەحسێ یەکگرتنێ دکەت، یێ یاخی و دوو دلە، وێنەکێ مللی ژ دورهێلی پێش چاڤ کەت و یێ ڕەشبینە ژ ئومێدا «پیرا خێرا» دەمێ ئەڤ پیرە کۆ هێمایە و بۆ دەیکێن مە هەمیا -شەکروکا دکەنە خێر دا ئەڤ دوو بەرەکی و ژێک ڤەقەتیانە دناڤ مللەتێ وێ دا نەمینیت، هوزانڤانی ڕەشبینە، چونکە ئەڤ شانۆیا پیرێ دڤێت «واتە دەولەت» دێ چەوا ژ گوڤەندەکا ڤەقەتیای پێک ئینیت؟! مانەڤێت ئێکگرتن هەبیت؟! ئەگەر ئەڤە چێ بوو ژنوی «پیرێ» دێ ئاه و ئوفێن گەنجاو دەڤشێلکا ژ نانێ پەمبلوکی وبرسا ئەڤرۆ، هێتە گوهۆڕین بخۆشی و شادی و دەولەتبوونێ:

**شەڤە و**
**پیراخێرا یا دینە**
**دڤێن شانۆگەریەکێ**
**ژ گوڤەندەکا ڤەقەتیای**
**پێک بینن**
**بەندکێ شەڤ و ڕۆژا**
**ژ تەشیا پیرێ ڤەکەن و**
**ئاه و ئیهێن**
**کچەکا نەبالغ**
**دناڤ دەڤشێلکا دوهی دا**
**برسیێن ئەڤرۆ**
**پێ تێر بکە«٤٤»**

هوزانڤان دویماهیک کەڤال و دویماهیک ئەنجام و پێشبینی دگەهتە وێ چەندێ، کو ڕاستە پیرێ گەلەک سەربۆر هەنە، لێ ئەڤە ژوێ چەندێ مەزنترە، بخێرا یان بخوزیا پەیدا ببیت، لەوما ب پارچە بەندەکا چیڤانۆکێن زاروکان، بدەستکاریڤە بڕەنگەکی لدویڤ بوویەرێن وی،دورهێلی نیشاددەت، کودێ دویماهیێ کوڕێت پیرێ ژی کەڤنە شۆپا واندا و بنە قوربانییێن ڤێ چەندێ:

**«پیرا خولیسەر**
**بویکا ترەجان**
**کوڕێ سمێل زەر**
**کەتە شۆپا وان**
**نەما هەستی و خان»«٤٥»**

**٣- یاخیبوون ژ نەدادوەریا جڤاکی:**

یەکسانی لهەمبەر یاسایێ و پاراستنا مافێ تاکەکەسی ژلایێ دادوەریا جڤاکی ڤە،دیارترین سیمایێن شارستانییەتێ نە، لێ ئەڤ سیمایە لسەر شەنگستێن موکوم نینە، دناڤ جڤاکێ مەدا، ئەو جڤاکێ هەردەم هوزانڤانان ڤیای وەکی «کۆمارا ئەفلاتونی» بیت، لەوما هەر دیاردەکا هوبر ئەو کوبر دخوێنن، یەک ژوان سیمایا کو بوینە ئەگەرا هندێ هوزانڤانی یاخیبکەن و هوزانڤان بهەمی شیانێن خۆ ڤە ڕەد بکەت و لهەمبەر وەکی پێلە هەڤدژ ڕاوەستیت، ئەوە دەمێ هوزانڤان دبینیت دامەزراندن و پلە وپایە و هەمی بیاڤێن ئیدارا بڕێڤەبرنا جڤاکیدا لەسەر بنباتی :١- مرۆڤکانێ ٢- دەولەمەندیێ ٣- پەیوەندێن تاکەکەسی نە لسەر بنەمایێ شارەزایی و هزرمەندی و پسپۆری و هەژیاتیێ.

هوزانڤان «ناجی تاها بەرواری» ئێک ژیاخیبوویێن ڤێ دیاردێ یە، کو ئەڤ ڕاستیە دبۆچوونێن ویدا دیارە،دەمێ دهوزانا «ئەو شەبەنکا تاڤی بارین» دا دبێژیت:

**دەمەو دەم دەمینە**
**دجیهانا بەرژەوەندیان دا**
**هەژاری ناگەڤیتە د سێ گوشا یاسایێ دا**
**ژیری و ئاقلداری**
**ل پێش دەمیێ**
**دبێ ڕەنگن**
**هاوکێشە دڤی چوارچوڤەی دا**
**دئالیسەنگن**
**دگەل پیڤانا سەنگا سەردەمی**
**شیرێ سۆر**
**بەندێن قانوونێ دچەسپینیت «٤٦»**

واتە جڤاکی وی یێ بوویە جیهانا بەرژەوەندیا، وڤێ جیهانێ دا هەژاریێ چ یاسا ژێ ناگرن ، هندی ئاقلداری و هزرمەندی و شارەزایی دگەل هەژاریی بن دبێ رەنگن و دیار ناکەن، دڤێ هاوکێشێدا، چ جار ژی هەڤسەنگی تێدا پەیدا نەبوویە، لایەنێ بسەنگ و خودانێن شیرێ سۆر«واتەهێز یان خودان زەند و باسک، یان خودان مرۆڤ» هەمی دەما بسەنگترن. هەر ئەون قانوونێ د چەسپینن، نەدەمێ هزرێ و هزرمەندیێ، هوزانڤان لسەرڤێ چەندێ یێ یاخییە و یێ کار دکەت بو گوهورینا ڤێ هاوکێشێ ب بەلاڤکرنا ڤان راستە هزران.

پشتی هوزانڤانی دهوزانا «پرۆڤە»دا بتێروتەسەلی بەحسێ ڤێ نەداد پەروەریا جڤاکی کری ددام و دەزگاهێن میریدا و دناڤبەرا مرۆڤێن لەبلەباندا، یاخیبوون و سیمایێ شۆرشەکێ دناڤا پەیاما وی دا خویا دبیت،دەمێ لدویماهیک کەڤال دبێژیت، هەتا زنجیرا رێڤەبەرو بەرپرسا لدویڤ دادوەریێ و یاسایێ نەهێتە برین و کوتلەکوتلانێ نەهێتە ژ ناڤبرن، ناڤەرۆکەکا پاک و یاسایەکا عادیلانە ستوینا بێدادیێ «واتە ریڤەبەر و بەرپرسێن نەداد پەروەر» نەهنجنیت، ئەڤ یاخیبوونێن کویڤی بووی، لژێر سیبەرا وان رێڤەبەراو دەزگەها نارەوین نەژی بەشداری بەرەڤانیکرن و خوین رێتنێ دبن و دمەیدانێن شەڕ و بەرگریکرنێ دا، بڤی رەنگی دبێژیت:

**پەیام دبێژیت**
**هەتا خەنجەرا یاسایێ و**
**دادوەریێ**
**گرێکا زنجیرا سەروەریێ**
**نەبریت**
**ڤمژەنا سپی یا ناڤەرۆکێ**
**گەهازرتەکیا ستوینا بێدادیێ**
**نەهنجنیت**
**نە ل ژێر سهێ کویڤی دنهن**
**نە دمەیاندنا خوێنێ دا**
**پشکدارن**
**خویانیێن زیندی و کەهی «٤٧»**

دادوەریا جڤاکی و یەکسانیا مافان و دادپەروەری بەشەکێ هەرە مەزن دناڤ «چلخانە»یا تەحسین ناڤشکی»دا داگیر کریە، هوزانڤان ب بارکرنا سیمانتیکا پەیڤێن د هوزانا «گوهـ درێژی ب چاڤێن ئەدیسۆنی یێن حەمەربووین»دا بەحسێ دادوەریا جڤاکی دکەت، بتایبەت بەحسێ وێ نەدادیا رێڤەبەر و بەرپرسیار دکەن دمافێ خەلکێ هەژار و تەخا گشتی ژ جڤاکی دبێژیت:

**هەتا کەنک**
**ل هنداڤ کانیکا «نێرگزیێ»**
**لسەر پشتا تەڤ خولیسەران**
**دی مینی من؟!«٤٨»**

هوزانڤان ب سود وەرگرتنا ئەفسانا یۆنانی «نێرگزی» ، کو هەر دیسان ئەڤ زاراڤە «فرۆید»ی د دەروونناسیێ دا بکار ئینانە بۆ وان مرۆڤێن خۆ پەرست.
دبێژیتە ڤان خۆپەرستان هەتا کەنگی دێ لسەر بەحرا ڤان هەژارا چەرن و خۆ بێ دەنگ دکەن:

**دگەرم گەرما**
**پەقینا کینا پەنکیایرا**
**دەنگەکێ دی**
**ژ سەنت گوپیتکا منارێ**
**ب داڤەرستا برویسیێ**
**هاتە خوارێ و دابەرسڤا**
**تیرێن دەنگێ ئاگر ژێ دچیت«٤٩»**

هەر ژ دادوەر یا جڤاکی و نەدامەزراندنا لسەر بنیاتێ شیان و هەر ژیانیێ هوزانڤانێ یاخییە و دورهێلێ خۆ ئاشکرا دکەت، کو بتنێ لەبلەبانی و مرۆڤ مرۆڤکانێ پیڤەرێ پلەوپایایە دناڤ جڤاکێ مەدا، دەمێ دهوزانا «هەکە» دا دبێژێت:

**ئاخ و هەی ئاخ!!**
**هەکە چەکێ**
**لەبلەبانییەکا حنێر بەند**
**جاد و بەندیەکا بێ دەنگ**
**.**
**.**
**.**
**باوەڕ بکن**
**نهاهینگێ**
**بێ دوو دلی**
**دا سیستەمێ**
**ئەڤێ زڤرۆکا خاپینۆک**
**سەدو هەشتێ ئمراوێتر**
**بەرەڤ خالاپیڤکێ ئێکێ**
**زڤرێنم «٥٠»**

وەسا دیاردبیت دوارێ هوزانڤان «د. عارف حیتۆ»ی دادوەریا جڤاکی نینە، لەوما هیڤیێن وی یێن گەرم ساردبن،ئومێدێن وی دپرت پرتن، گولێن بهاری ل سروشتی نەمانە و یێن بووینە گولێن پلاستیکی دقافکێن پلاستیکی داو و ئەوژی د دەرزینە، هوزانڤان

دهوزانا «پەستێن خوداوەنداو ژڤانێن خەموکی» دا دبێژیت:

**نێرگزەک و**
**هندەک پارچێن ئومێدەکا پرت پرتکری**
**چەند رۆندکێن چاڤ ژێ شەرمین**
**بوهارەکا پلاستیکی دقافکەکێ دەرزیدا**
**ژنشکەکێڤە، هەموو پەیڤێن رەش و خەمکین**
**لسەر مژیلانکێن بێ خەوێن من یێن لەرزۆکدا ئێورین«٥١»**

هوزانڤان «عەبدولڕەحمان بامەڕنی »د هوزانا «بارانا دینا» دایێ یاخی یە ژوێ نەدادپەروەری و ئالیسەنگی و نەیەکسانیا دناڤ جڤاکێ وی دا، دبێژیت:

**هیرە بارانەک یا دباریت**
**هندەک درەڤن**
**کۆن و کۆنجالک**
**لێ زۆزانن**
**هندێت کەنن**
**نەملێ و نەلتەیێ**
**چ بارانە و**
**دبێژێ بارانا دینا**
**یێ ڤەخۆت هایژخۆنینە**
**ئەوێ دینە**
**یێ نەڤەخۆت**
**یێ سەرمەستە**
**هەستی گران و سستە**
**لهندا مرنە**
**هندێن دی ژێ تێڤەکرنە«٥٢»**

هوزانڤان یێ ژیوارەکی ڤەدگێریت،یێ خەلکێ وی، بەهرا پتر واتە چینا گشتی هەژارە و ڤوراد و تولک بدەست ناکەڤن،بۆ ئەڤێ ڤەگێرانێ سوود ژ چیڤانۆکەکی دیتیە دەمێ« وەزیرێ حاکمێ باژێری خەونەکێ دبینیت، هەرکەسێ ئاڤا بارانێ ڤەخۆت، ئەوا دێ سوبەهی هێت،دێ دین بیت، حاکم و وەزیر دبێژنە ئێک بۆ مە ئاڤا ئەڤرۆ هەلگرن دا سوباهی ئەم نەڤەخوین، بلاهەمی خەلک یا بارانێ ڤەخۆت و ئەم پێ ئاگەهدار ناکەین، داکو هەمی دین ببن، لێ پشتی خەلکی هەمییێ رۆژا پاشتر ئەو ئاڤا بارانا دینا ڤەخواری و حاکم و وەزیری نەڤە خوار و دین بوون.

**ئەنجام**

١- پشتی من بەهرا پتریا دیوانێن هوزانڤانێن مەیێن «کاروانێ هەرو هەرنویکرنێ» خواندی،یەک ریزی ویەک هەلویستیا هوزانڤانان بەرامبەر دیاردێن ترسناک مینا«براکوژی،دووبەرەکی» خویابوو، هەروەکی دڤێ ڤەکولینێ دا هاتیە سەلماندن، واتە هوزانڤانێن هەستیار و خودان پەیاما جڤاکینە.

٢- هندەک ژوان هوزانڤانێن ئەڤرۆ دمەیدانا ئازاددا پلەوپایە وەرگرتین، یان ژی چەرخا فەلەکێ دگەل سەنتا حەزێن وان دزڤریت، دخالا دادوەریا جڤاکی دا بێدەنگ ماینە، ئەڤ چەندە وێ چەندێ دگەهینیت هەمی هوزانڤان نەشێن نوێنەریا جڤاکی و تەخا گشتی یا جڤاکی بکەن.

٣- هوزانڤانێن مە بدروستی د رێبازا «رەمزی» گەهشتینە و شیاینە ب پەیڤێن مژاوی یێن بارکری ژواتا و بکارئینانا ئەفسانا دناڤ سەربۆرا خۆدا پەیاما خۆ بگەهینن.

٤- یاخیبوونەکا بەرچاڤ لدەڤ هوزانڤانا پەیدابوویە، ژ ئەنجامێ براکوژی و دوو ئیداریا هەرێمێ و نەدادوەریا جڤاکی، کو ئەگەر چارەیەکا دروست و بنبڕ بۆ ڤان قەبە ئاریشان نەهێتەکرن، ئاگرێ شۆڕەشا وانا یاخی دێ پەڤیت.

٥- یاخیبوون ژبریارا سیاسی یا کوردی دناڤ بەرهەمێ هەمی هوزانڤانادا هەیە، کو بریارا سیاسی داخوازا فیدرالیا هەرێمێ کریە و هەمی هوزانڤان ڤێ داخوازێ رەد دکەن و داخوارا هەمیا سەرخوەبوون و دەولەتبوونە، هەرچەندە ڤەکولینێ ئەڤ بیاڤە ڤەنەگرتیە.

لێ پشتی خواندنا من بۆ بیرو هزرێن هەمی هوزانڤانان ئەزگەهشتم ڤێ راستیێ.

**ژێدەر و پەراوێز:**

١- د. محەمەد غنیمی هلال. النقد الادبی الحدیث، دار العوده، الطبعه الاولی، بیروت، ,١٩٨٢ ص ٤٨٤
*التمرد یا شباب-هیلیون-ژ ئنترنێتێ.
٢- د. جلیل کمال الدین دراسات ادبیه، المکتبه

العالميه، بغداد، ,١٩٨٥ ص ٨٣
٣- تحسين ناڤشكي، چلخانه «ديوان»، چاپخانا خەبات، دهۆک، ٢٠٠٢ . ل ١١١
٤- د، جليل كمال الدين، دراسات ادبيه، ص ٨٣
٥- عادل العامل، الادب و قضايا العصر «مجموعة مقالات نقدية»، ترجمة، المطبعة الوطنية، عمان، ١٩٨١ص ٢٠
٦-د. محمد غنيمى هلال، النقد الادبى الحديث، ص ٣٨٣
٧- د. محمد احمد العزب، عن اللغه و الادب و النقد، المركز العربى للثقافه و العلوم، بيروت،«؟»، ص ٣٦٨
٨- د. محمد غنيمى هلال ، النقد الادبى الحديث ٣٨٥
٩- هەمان ژێدەر ،ل ٣٩١
١٠- د. محمد احمد العزب، عن اللغه و الادب و النقد.
١١- ايليا الحاوى، فى النقد و الادب، ج ١ ، مؤسسة خلفية للطباعة، «؟» ص ١٢
١٢- د.محمد غنيمى هلال، النقد الادبى الحديث . ص ٣٨٧
١٣- د. عبدالستار ابراهيم، اسس علم النفس، دار المريخ للنشر، الرياض، ١٩٨٧، ص٤٢٨
١٤- د. عبدالعزيز القوصى، اسس الصحه النفسيه، ط «٧» مكتبه النهضه المصريه، ,١٩٦٩ ص٣٩
١٥- جمال الدين الالوسى،علم النفس العام، المكتبه الوطنيه، بغداد. ١٩٨٨، ص ٢٠٧
١٦- د. يوسف مراد، مبادئ علم النفس العام، ط«٧»، دار المعارف، مصر، ١٩٧٨، ص ١١٤
١٧- عبدالحليم محمود السيد، الابداع و الشخصيه،دراسه سيكولوجيه،دارالمعارف، مصر، ١٩٧١ ص ١١٢
١٨- د. عبدالستار ابراهيم، اسس علم النفس، ص ٢٠٩
١٩- جمال الحسين الالوسى، علم النفس العام، ص. ٢٠٧-٢٠٨
٢٠- د. فاخر عاقل، معجم علم النفس، دار العلم للملايين، ط١، بيروت، ,١٩٧١ ص١٦
٢١- بلند محمد، سەما خۆكوشتنێ «ديوان»، چاپخانا ئەلند، دهۆک، ٢٠٠١، ل٩٠
٢٢- بلند محمد، تشتێن نەمر «ديوان»، چاپخانا زانكۆيا دهۆک، ٢٠٠٤ ل٢٦
٢٣- عەبدولڕەحمان بامەڕنی، دومینە «ديوان»، چابخانا زانا، دهۆک، ٢٠٠٤ ل٥٩
٢٤- كامیران رەشید بەرواری، پێنچ ب ئێک «ديوان»، چاپخانا هاوار، دهۆک، ٢٠٠٤ ل٤٦
٢٥- ناجی تاها بەرواری و زمانستان «ديوان»، چاپخانا هاوار،دهۆک، ٢٠٠٤، ل ٤٥
٢٦- محسن قۆچان، ئەو خەونا لسەر فیستانێ وێ بویم زاڤا «ديوان» چاپخانا كولیژا شەریعێ، دهۆک، ٢٠٠١ ل ٣٠
٢٧- بلند محەمەد تشتێت نەمر، ل ٢١
٢٨- ناجی تاها بەرواری ، زمانستان ،ل ٢٤
٢٩- محسن قۆچان،درەوەک لچەپا سەریا قاسیۆنی «ديوان»، چاپخانا هاوار دهۆک، ٢٠٠٤، ل ٩-١٠
٣٠- ژێدەرێ بەری، ل ٤٩
٣١- تەحسین ناڤشكی، چلخانە، ل٥
٣٢- ژێدەرێ بەرێ ل ٧
٣٣- د. عارف حیتۆ، پەستێن بازنەیی «ديوان»،چاپخانا كولیژ شەرعەتی، دهۆک، ٢٠٠١، ل ١١
٣٤- ژێدەرێ بەرێ ل ١٨
٣٥- عەبدولڕەحمان بامەڕنی، بارانا دینا «ديوان»، چاپخانا هاوار، دهۆک، ٢٠٠٠، ل ٣٩-٤٠
٣٦- ژێدەرێ بەری. ل. ٤٢-٤٣
٣٧- ناجی تاها بەرواری، زمانستان ، ل٥
٣٨- ژێدەرێ بەرێ، ل ٦
٣٩- هەمان ژێدەر، ل. ٨-٩
٤٠-محسن قۆچان. درەوەک لچەپا سەریا قاسیونی ، ل ٧١
٤١- تەحسین ناڤشكی، چلخانە، ل٣٨
٤٢- ژێدەرێ بەرێ، ل٤١
٤٣- عەبدلڕەحمان بامەڕنی، بارانا دینا، ل٤
٤٤- ژێدەرێ بەرێ.ل. ٥٢-٥٣
٤٥- هەمان ژێدەر ،ل٥٥
٤٦- ناجی تەها بەرواری، زمانستان، ل٢٥
٤٧- ژێدەرێ بەرێ، ل ٥١
٤٨- تەحسین ناڤشكی، چلخانە، ل٣٤
٤٩- ژێدەرێ بەرێ ، ل٣٥
٥٠- هەمان ژێدەر، ل٩٣
٥١- د، عارف حیتۆ، پەستێن بازنەیی، ل ٢٧
٥٢- عەبدولڕەحمان بامەڕنی، بارا دینا ،ل ٢٣

# فەنتازیای پێشبینی
# لە چیرۆکی «هاوار»ی
# ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل-دا

**سەباح ئیسماعیل**
**(کەرکووک)**

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێ نووسەری دڵسۆز و عاشق بە چیرۆک، گۆمی مەنگ و قەتیسماوی چیرۆکیان شڵەقاند و گوڕوتینێکی دیبیان دایە بەر. ئەو داهێنەرانە کە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕی نەدەکرد، بە بڵاوکردنەوە و خوێندنەوەی هەر یەکێک لە چیرۆکەکانیان بە گفتوگۆ نەک لەگەڵ نەستی وەرگر، بەڵکو بە شێوەیەک تا مەعریفەیان بجووڵێنن و بەرەو ڕووی بەخۆداچوونەوە و پرسیارگەلێکیان بکەنەوە، بوێرانە چیرۆکەکانیان دەخستە ڕوو، ئەمەش وەنەبێ تەنیا بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژی و لەسەر حیسابی پشتگوێ خستنی تەکنیک و جوانکاری نووسرابن. ئەو نووسەرانە بەبیری چیرۆکەکانیان دوژمنێکیان بۆ خۆ دروست دەکرد و خوێنی خۆیان لە کاسە دەنا یان دەبوو پاش ڕووناکی بینینی چیرۆکەکانیان، ملی ڕێگەی شاخ بگرن و ماڵئاوایی یەکجاری لە خوێنەرانیان بکەن، وەک ئەوەی پێیان بڵێن:

ئەمەبوو پەیامی ئێمە. ئیدی ئەمانەتی ئەم خاک و نەتەوەیە لە ئەستۆی ئێوەیە.

محەمەد موکری دەڵێت: «چیرۆکی ئامێردەکان بووە مایەی ئەوەی شار جێبێڵم و ڕوو لە شاخ بکەم، لە چیا نەمتوانی شتێکی وەک ئامێردەکان بنووسم و کە لە شاریش بووم، نەمتوانی شتێکی وەک سەگوەڕ بنووسم» (١)

ناوهێنانی هەندێ لەو چیرۆک و چیرۆکنووسانە گەواهی قسەکانمانن، بۆ نموونە «ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات»ی ڕەووف بێگەرد(٢) و چیرۆکی «ئامێردەکان»(٣)ی محەمەد موکری و «برایم شۆڕاوی» و «هەشت و نیوی بەیانی هەشت و نیوی شەو» و «بڕیار»ی عەبدوڵلا سەڕاج و «لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا» و (هاوار)(٤) و «بەسەرهاتی وەیسە»ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و «دووربین»(٥) و «جیهانێکی تایبەتی»(٦)ی حەمە فەریق حەسەن و «لە ڕاگوزارێکدا» و «گەواڵە خەم»ی جەلیل کاکەوەیس.
ئەوکاتە ئەم ئەدەبە بەرگرییە نەتەوەییە و بە ڕادەیەکی کەم چینایەتییە، گڕی حەماس و بەرگری دژ بە چەوسێنەران خۆشتر دەکرد، چونکە وەڵامی نوێیان بە پرسیارگەلی کۆن دەدایەوە.

ئیدی چیرۆک بەخۆی بووبووە ئامرازێکی کاریگەری بەرگری کردن لە مانەوەی میللەتێک کە ڕۆژانە لەژێر هەڕەشەی ئەنفال و جینۆساید و بە عەرەب کردن و ڕاگوێزتندا بوو. هەر لەوکاتەشدا ئەو بارودۆخە وای دەخواست کە گرنگی و بایەخ بە بینای هونەریی شوێن بدرێت و بەپێی بوار و توانا شوێن بەرجەستە بکرێت، چونکە میللەتێک ئەگەر وڵاتەکەی یا خاکەکەی کە

شوێنە، لەدەست بدات، ئەوا پێناسەی بوونی نەتەوەیی لەدەست دەدات و بەرەو سڕینەوە مل دەنێت. بۆیە نووسەران وای بۆ دەچوون هەمیشە شوێن چ بە مانا جوگرافییەکەی یان مانا ڕەمزییەکەی، دەبێت هەوێنی چیرۆکەکان بێت.

بۆ نموونە جەلیل کاکەوەیس لە چیرۆکی «لە ڕاگوزارێکدا» هەر بۆ ئەوەی لە خوێنەر بگەیەنێ کە شوێنەکە دێیەکی وێران کراوە، دەڵێ: «هێشتا شوێنەواری هێلانەی کوکوختییەکە هەر ماوە، ئەوە پووش و پەڵاشەکانێتی، چەشنی ڕەزەوانێکی شاخی هەردەڵێی بەرچنە ترێی دروست کردووە و لەنێوان ئەو دوو پەلەدا بەکارامەیی چەسپاندوویەتی، بەڵام لە ماڵێکی سارد و سڕی بێ ئاوەدانی دەکات! تۆ بڵێی ئەمیش بەم گوڕەی بەهارە سەری خۆی هەڵگرتبێ!؟» (٧).

غەفوور ساڵح عەبدوڵلایش لە چیرۆکی «ماسییەکان»دا دەنووسێت: «بە سەر بەرەو خوارەی ئاواییەوە سەرکەوت. خۆی کردە ناو گوندە بێ ئاوەدانییەکەیانەوە. چووە حەوشەکەی خۆیان. چەند ساڵێکە بەجێی هێشتووە. داروباری هەروەکو خۆی ماوەتەوە. هێشتا سەکۆ تایبەتییەکەی باپیرەی وەکو خۆی ماوەتەوە. جگە هەندێ لە لێوارەکانی نەبێ ڕووخاون. خۆی کردە ئەو ژوورەی (٣٠) ساڵ بەر لە ئێستا لێی لە دایک بوو. لەسەر زەوییەکەی لەناوڕاستەوە پاڵی لێی دایەوە و ئۆخژنێکی هەڵکێشا» (٨). با باسەکەمان قووڵ نەبێتەوە و زۆریش دوور نەڕۆین. ئەمجار چیرۆکی «هاوار»ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل هەڵدەبژێرین و دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان.

**بەرایی**

بە درێژایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، تەنیا دوو سێ کۆمەڵە چیرۆکیان تێدا چاپ کران. ساڵانی دوای شۆڕش بوو، بارودۆخێکی ناجێگیر و نالەبار، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان داخرابوون، حزبی بەعس دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو و بیری ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی پیادە دەکرد. لە سایەی ئەو کەشوهەوا نالەبارەدا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ساڵی (١٩٦٨)دا کۆمەڵە چیرۆکی (دارەکەی بەر ماڵمان)ی بەچاپ گەیاند.

هەر لەو کاتەدا وەکو چیرۆکنووسێکی هۆشیار و مەعلان و شارەزا و ڕچەشکێن، لە بواری چیرۆکدا



ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

چاوەڕوانی نوێ کردنەوە و گوڕدانێک بە چیرۆکی کوردی و ڕاشڵەقاندنی گۆمە مەنگەکەی لێدەکرا. چیرۆکی «دارەکەی بەر ماڵمان» باشترین گەواهە و تائێستاش لە پەردەی بیری خوێنەردا کاڵ نەبۆتەوە.

لەپاش ئەوە (٥) کۆمەڵە چیرۆکی دی بەچاپ گەیاند: دەستی ئۆخەی (١٩٧٣)، ئەسپ (١٩٧٨)، چاوەڕوانی (١٩٨٢)، بەردی سەبر (١٩٨٩) فڕینەکان (٢٠٠٣).

ئێستاش لە چیرۆک نووسین بەردەوامە، جگە لە نووسینی ڕۆمانی «بەهاری ڕەش» چەند کتێبێکیشی لە تورکییەوە وەرگێڕاون.

**چی لە بارەی چیرۆکەکانی**
**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلەوە نووسراوە**

لە پاش نزیکەی چل ساڵ نووسین و ئەزموونی چیرۆکنووسین، ئەم چیرۆکنووسە بەکەمی لای لێ کراوەتەوە و توێژینەوەی تێروتەسەل لەسەر چیرۆکەکانی نەکراوە، تەنیا زاهیر ڕۆژبەیانی نەبێ، لە کتێبی «چیرۆکی هونەریی کوردیی، شێوە و شێواز و بونیاد»، لاپەڕەکانی (١٣٨ تا ٢١٨)ی بۆ نووسین لەسەر چیرۆکەکانی ئەم تەرخان کردووە و بە تێرو تەسەلی چیرۆکەکانی بەسەر کردۆتەوە.

هەروەها سابیر ڕەشید و ڕەووف بێگەرد و حوسێن عارف و حەسەن جاف و بەکر دەروێش (٩) و ئەحلام مەنسووریش لەماستەرنامەکەیدا (١٠)، بەسەریان کردۆتەوە. ئەمە و جگە لە چەند ڕەخنەگرێکی عێراقی وەکو «سوهام جەبار» و «محەمەد ئیسماعیل» لە ڕۆژنامەکاندا لەسەریان نووسیوە.

یەکێ لە چیرۆکە هەرە سەرکەوتووەکانی نووسەر چیرۆکی «بۆشایی»یە. ئەو چیرۆکە باس لەسەرنگومکردنی سەرجەم پیاوانی گوندێک دەکات، ئافرەتانی گوند لە شوێن پیاوان دەستبەکارن و بە ئومێدی گەڕانەوەی باوکیان، مێردیان، کوڕیان، کەسوکاریان ڕۆژ دەژمێرن.. کەچی حەسەن جاف لە کتێبەکەیدا «چیرۆکی نوێی کوردی- ١٩٨٥»، دێت ئەم چیرۆکەی کە باس لە کارەسات وماڵوێرانی گوندێک دەکات، دەخاتە قاڵبی چیرۆکی سێکسەوە و لەگەڵ چیرۆکی «کەژ و کەژاڵی»ی محەمەد ڕەشید فەتاح-دا، کە لای لە سێکس کردووەتەوە، بەراورد دەکات. ئەوەتا دەڵێ: «پاڵەوانی بۆشایی دوودڵ و بێ ورە و دەستە پاچەیە، هەموو ئەوەی لەدەستی دێ و دەیکا ئەوەیە، کە شەوان دەست لە سەرینەکەی گیر بکاو فرمێسک بڕێژێ)«١١». بە دوور لەوەی باس لە هۆی سەرەکی یا مەبەستی نووسینی چیرۆکەکە بکات کە بۆ چ مەبەستێکی نووسراوە. ئەوی لاوەکی بێت لەم چیرۆکەدا باس کرابێت، سێکسە، کەچی ئەو خۆی لە مەبەستە سەرەکییەکە لاداوە، کە باس لە گرتن و بێ سەروشوێن کردنی سەرجەم پیاوانی گوندێک دەکات، هاتووە سێکسی کردووە بە دەسکەلای بابەتەکە، هەرچەندە سێکسیش ڕەنگدانەوەی حەزە تایبەتییەکانی ئافرەتە و سەرهەڵدانی غەریزەی سێکسی و بێبەری بوون لێی لەم چیرۆکەدا، لەو واقیعەوە دێ کە بەسەریدا سەپێندراوە. لێرەدا ناوهێنان و بەسەرکردنەوەی نووسینەکانی ئەو نووسەرانەی چیرۆکەکانی ئەمیان بەسەرکردۆتەوە، ئەوەیە بڵێین هەر نووسەرێک بەسەرنەکرێتەوە و توێژینەوە لەسەر نووسینەکانی نەکرێت و نووسینەکانی بیر نەخرێنەوە، تووشی جۆرە ساردبوونەوە و لاوازی و هەست بەنازیندوویی نووسینەکانی دەکات. لەکاتێکدا دەبینێ زۆر لەوانەی بەسەر دەکرێنەوە و بەردەوام لەسەریان دەنووسرێت، نووسینەکانیان لە خوار نووسینەکانی ئەوەوەن.

**چیرۆکی «هاوار» بە کورتی**

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەدا نیم چیرۆک کورت بکرێتەوە، چونکە بە گێڕانەوەی ئاسایی بەها هونەری و ستاتیکییەکەی لەدەست دەدات، بەڵام بە مەبەستی ئەوەی ئاگاداربن لەهێڵی گشتی چیرۆکەکە، هەوڵ دەدەم چڕی بکەمەوە:

چیرۆکی «هاوار» باس لە کابرایەک دەکات، کوێخا و ڕەشۆڵی بازرگان بەکارێک بۆ ئەو گەرمیانە دەینێرن، کابرا لە ڕێگە دەکەوێتە بیرێکەوە، چەندی دەکا و دەکۆشێ خۆی پێ قوتار ناکرێ، پێشتر تۆزێکی لە دوورەوە بینیبوو بەرەو ئەو دەهات، ئێستا لە بیرەکەدا بە خەیاڵی خۆی، ئەو تۆزە ئەسپێکی شەکەتە و لە ئاو دەگەڕێ، ڕەنگە بێتە سەر ئەم بیرەو مل بۆ ئاو خواردنەوە شۆڕەوە بکات، ئەم دەگرێ و بە جڵەوی شۆڕەوە بووی ئەسپەکەیا و بۆ یەکجاری لە بیرەکە ڕزگاری دەبێت.

**کاتی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە**

ساڵی (١٩٨٨) ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس، لە شەڕێکی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵە بووەوەو بە جەستەیەکی شەلاڵی خوێن لێ چۆڕاوەوە مەیدانی شەڕی لە بەرەی باشوورەوە گواستەوە بۆ چیا سەرکەشەکانی کوردستان و سەرسەخت و دوژمنی ڕاستەقینەی خۆی لە میللەتی کورددا دەبینییەوە، بۆیە بێبەزەییانە کەوتە گیانی خەڵکی ستەمدیدەی بێ دیفاع و پڕۆژەی قڕکردنی سەرتاپا میللەتێکی لەبەرنامەدا بوو. ئەوەبوو کەوتە وێزەی گوندەکان و زیاد لە (١٨٢) هەزار منداڵ و پیر و لاوی بێ سەروشوێن کرد. تراژیدیایەکی خوڵقاند ئەوپەڕی نائومێدی بێتە کایەوە، ڕۆحی بەرەنگاری و هیوایەک لە ناخی تێکشکاوماندا بچێنێت، یا «بەیانکەری دڵشکاوی و نائومێدیش بێ لەوەزعی ئێستا، دیسان دەتوانێ ببێ بەهاندەر بۆ ژیانێکی باڵاتر و بە سۆراخی مرۆڤانی گەشەکردووترەوە بچێ و کاریان تێ بکا» (١٢).

ئا لەوکاتەدا، کە هەڵمی ئەنفال و بۆکرووزی سووتان و هەڵقرچانی دار و پەردووی گوندەکان بە جەستەوە دەنیشتنەوە «ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل» لە گۆڤاری بەیانی ژمارە (١٤٨)ی تشرینی یەکەم (١٩٨٨)دا، چیرۆکی هاوار»ی بڵاوکردەوە.

**هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکە**

ئەو دۆخە نالەبارەی چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە و بووەتە مامانی هاتنە دنیای چیرۆکەکە، وای دەخواست

نووسەر پەنا بۆ ڕەمز ببات، تا «سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ بۆ شتێ بێ ئەوەی ناوی شتەکە بهێنێ» (١٣).

له چیرۆکەکەدا دوو ڕەمز بەکارهاتووە، یەکەم: (بیر)، کە لێرەدا وەکو شوێن ڕەمزە بۆ دۆزەخی ژیان، لەژێر سایەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا. دووەم: (ئەسپ)، ڕەمزی ئازادی و سەربەخۆیییە، لەچیرۆکەکەدا شوێن دوو مەبەست لەخۆ دەگرێت «یەکەم، وێنەیەکی واقیعی شوێنێکی دیاریکراو، دووەمیش ڕەمزییە، لە پێوەند بە کەسێتی و حاڵەتی دەروونی یا کۆمەڵایەتییەوە، لە حاڵەتی داماڵینی شوێن لە مەبەستە ڕەمزیەکەی دەبێتە وەسفێکی پووچ و بێ مانا» (١٤).

چیرۆکنووس بە هۆشیارییەوە شوێنێکی خوازەیی هەڵبژاردووە، بۆیە دەڵێین خوازەیی، چونکە بوونی سەد لە سەد نییە، بەڵکو لە گریمانەوە نزیکە. هەموو شوێنێکی گریمانکراویش زادەی خەیاڵی ڕووتە، دەکرێ هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی لەواقیعەوە وەرگرێت، بەڵام بە دیاری کراوی نا ئەو شوێنە مێژووی گشتیی ونە و کاتیش تا ڕادەیەک تێیدا بزرە، یا گرنگی پێ نەدراوە.

ئەم شوێنە خوازەییە گریمان کراوە شانۆییە لە هەمان کاتدا داخراوە، بەڵام کراوەیە و لەسەر پشتە بۆ هزر و ڕامان، ئەگەرچی لای نووسەری بێ دیدەگا و بێ ئەزموون تەنگتر دەبێتەوە. ئەم شوێنە «بە شوێنێکی کاتی دادەنرێت، چونکە بە تێپەڕبوونی کات و فراوان بوونی هزر و گۆڕانی بارودۆخەکە، دەکرێ لێی ڕزگار ببیت و سەربەخۆ بیت» (١٥).

ئەم پانتاییە چۆڵەوانییە دژ بە ئینسانە سەرسوڕمان و ترس و تۆقاندن و غەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ دەچێنێت و بەناچاری ژیانی تێدا بەسەر دەبرێ و هەڕەشەی مەترسی مردن لە هەموو ساتێکدا لە ئارادایە. بۆیە هەمیشە ڕەنگی ڕەش و زەرد لەخۆ دەگرێت «هەرکە بیری بۆ ئەوە دەچوو باهاواریش بکات و لەکەللەی سەر بقیڕێنێ، نە کەس گوێی لێ دەبێ، نە بەدەنگییەوە دێن، لەناخەوە دەشڵەژاوە موچڕکی ترس و نائومێدی تەنی دەتەنی» (١٦).

کەسایەتییەکە جگە لە خۆ دواندن واتا مۆنۆلۆژ هیچی بۆ نامێنێتەوە دڵی خۆی پێ بداتەوە و ئارامی بەهۆی ببەخشێ، ئەم زیرەکییەش لە هەڵبژاردنی مۆنۆلۆژدا دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر خۆی، چونکە باش لەوە گەیشتووە یەکێک لە ئامانجەکانی مۆنۆلۆژ ئارامی بەخشینە، لەشوێنێکدا کە هەرگیز لەگەڵیدا هۆگر و دەستەمۆ نابێ، بەدەردی پاڵەوانی ڕۆمانی «دوارۆژی مەحکوومێک»ی ڤیکتۆر هۆگۆ هەمیشە بە دژە شوێنی دەزانێ و تێیدا هەڵناکا. ئەوەتا دەڵێ «هەموو شتەکانی دەوروبەرم گرتووخانەن، لە هەموو وێنە و شێوەکانی دەورووبەرم من زیندان دەبینم، لە شێوەی مرۆڤ، لە شێوەی میلە ئاسنینەکان،یان لە شێوەی کێلۆن، ئەو دیوارە گرتووخانەیەکە لەبەرد، ئەو پاسەوانەش گرتووخانەیەکە لە خوێن و گۆشت» (١٧).

سێ کەسایەتی چیرۆکەکە دەبەن بەڕێوە، تارمایی ڕۆڵی دوانیان لە ڕابردوودایە، کوێخا مەجید نوێنەری چینی فیوداڵ، ڕەشۆڵی بازرگان نوێنەری چینی بۆرژوا، کارەسوولیش نوێنەری زۆر لێکراوان. ئەمی دواییان بێ ناسنامەیە و ناسنامەی چینایەتی و تەمەن و ئاستی خوێندەواری نەزاندراوە. ڕۆڵی کەسایەتی سەرەکیی پێ بەخشراوە و ڕووداو دروست دەکات، بەڵام لە بناغەدا داشی دامەی یاری نێوان کوێخاو ڕەشۆڵەو ئەوان چارەنووسی دیاری دەکەن. هەرچەندە ئەوان بەجەستە بزر و نادیارن، بەڵام دەسەڵات و بوونیان بەسەرتاپای جەستەی دەقەکەوە دیارە (پێیان گوت بڕۆ. تۆ بڕۆ و هەقت نەبێ.. تۆ شارەزای ئەم ڕێگاو بانەی، ئێمە دەڵێی؟ هەقتە.. ئێمە توێشوو و ئەرکی ڕێگات بۆ مسۆگەر دەکەین) ل٧. نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێت هەمیشە شۆڕشەکانمان دەرەبەگ و بۆرژوا لە پشتییەوە بوونە و بەڕێوەیان بردووە. ئەوان دواکەسن دەچنە ڕیزی شۆڕشەوە و یەکەمین کەسیشن لێی دەردەچن، واتە تەمەنی مانەوەیان لەناو شۆڕشدا پێوەند بە تەمەنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵیدا. ئەوەتا هەرکە ڕەسووڵ لە گەڕانەوە دوادەکەوێ، کوێخا دەڵێ: (باشە ڕەشۆڵ ئێمە سەری خۆمان کز کردبوو، نەدەبوو بەبەشی خوا ڕازی بین؟ کەس بەرەنگاری کاری خوای پێ دەکرێ؟.. ناکرێ. چ دەڵێی؟) ڕەشۆڵی بازرگانیش ئاوا وەڵامی دەداتەوە: (پیاو دەبێ بە گوێرەی قازانج و زیان هەڵسوکەوت بکا)ل٨ ئەمە واقیعییەتی هەڵوێستی چینەکانی سەرەوەن، چینی سەردەست هەرکە سەربنی ئاسوودەیی و خاترجەمیی ژێر سەریان دەخزێ، یان دەرگیری بنبەست و لە دەستدانی دەسەڵات و بەرژەوەندی و ئیعتباری کۆمەڵایەتی دەبنەوە، لە واقیعییەتی سیاسەتی سازشکارانە و دژی دیموکراتی و کۆنەپەرستانەیانەوە پاساو بۆ سیاسەتەکانیان دەهێننەوە. ڕەسوولیش

کابرایکی ناهۆشیار و یۆتۆپی و ساویلکەیە (حەزدەکەم تۆزەکە ئەسپێ بێ، ئەشهەد و بیللا، ئێستا چوار ناڵەیەتی جڵەوی بە قەڵبووسەکەیەوەیە، یا هەر بە کێشی کردووە، یانی بۆ وا نەبێ؟ ئەسپێکی سەرهەڵگرتووە و بێرەدا گوزەر دەکات.. کوڕە فریشتەیە، خدری زیندەیە و دەیەوێ لەم چاڵەم قوتار کا.. دێ مسۆگەر دێ)ل٦.

ئێرنەست فیشەر ڕاستی بۆچووە، کە گوتوویەتی: «هەموو شتێک سنووری خۆی هەیە، تەنها ئاواتەکانی ئینسان نەبێ هەرگیز بڕانەوەیان نییە».

خەون و خەیاڵ و پێشبینییەکی جوانە، لێ تا بڵێی دوورە لە دواقیعەوە، چونکە خەونی واقیعی ئینسانی هۆشیار دەیبینێ، هەمیشە ئینسانە هۆشیارەکان واقیع دەگۆڕن و مێژوو دروست دەکەن. چیرۆکنووس بۆ پاکانەی ئەم هەڵوێستە، دێ شایەدی لەسەر دەدا:

«درۆ دەکا، چەند جاریان تووشی دەردەسەری هێناوە و لەژێریشەوە ڕیش خەنیان پێ کردووە، کەچی هەر دەستیان لە یەک نەترازاند.. دەبیخۆ».ل٦

چیرۆکێکی نموونەییە و لە هەلومەرجێکی نموونەییشدا نووسراوە، سەرەڕای گەشبینی لە ڕادە بەدەری کەسایەتییەکە، لێ هەڵوێستی نموونەیی تێدا بەدی ناکرێ.

تەنیا هەڵوێستێک کەسایەتی سەرەکی بینوێنێ، ئەو گەشبینی و خەیاڵ فراوانییە و پێشبینییە گەورەیەتی، کە مخابن لە واقیع بینییەوە نەهاتووە، تا بڵێین خەیاڵێکی ڕۆمانسی شۆڕشگێڕانەیە. لێرەوە فشاری نووسەر بەسەر دەقەکەوە بەدی دەکرێ، لە ڕێی گێڕەرەوە کە ڕاستەوخۆ منی دووەمی نووسەرە، دەنگی سەپاندووە بەسەر کەسایەتییەکەدا و ئەوە نووسەرە هاوار بۆ میللەت دەکا نەک کەسایەتی ناو بیرەکە.

دەکرێ بڵێین خاڵی لاواز و بەرچاوی چیرۆکەکە لەوەدایە، چیرۆکەکە لە دەرەوە بە بڕیاری گێڕەرەوە دەتەقێتەوە، نەک لەناوەوە هەوڵی تەقینەوە بدرێت.

پێشتر گوتم، چونکە کەسایەتی سەرەکی هۆشیار نییە و ناسنامەی چینایەتی بزرە، نازانین پایە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەو لە چ ئاستێکدایە، خۆیشی نازانێ بۆ کێ هاوار دەکا و خواستەکانی چین، هاوارکردنەکەشی لەدەست گەیشتنە سەر ئێسکی چەوسانەوە نییە، بەڵکو هاواری بە تەنیا خۆ ڕزگار کردنە و هۆیە زاتییەکان هۆیە مەوزوعیەکانیان لەبیر بردۆتەوە، «کاری تاکە کەسیش چاری هیچ شتێک ناکا لەمێژوودا. (١٨)

بەڵام چیرۆکنووس هەند پێی لەسەر دادەگرێ و دووبارەی دەکاتەوە، وامان لێدەکا مەزندەی ئەوە بکەین کە ئەو هاوارە خواستێکە بۆ ڕزگارکردنی سەرجەم میللەت لە کۆت و بەندی چەوسانەوە.

ئایا کەسایەتی سەرەکیی چیرۆکەکە لەسەر چ بنەمایەک هاوار بۆ میللەت دەبا و بەخەیاڵی واقیعی ئەسپێک بەهانایەوە دێت و لەو تەڵەزگەیە ڕزگار دەکات؟ بە ئومێدی کوێخا مەجید و ڕەشۆڵی بازرگان؟ یا بەو ئەزموونە دووروردرێژەی «گەرچی گەرماو سەرمای زۆری بینی بوو، بەڵام هەرگیز وەک ئەم جارە دەستێکی لەدواوە یەکێکی لەبەرەوە نەمابووەوە»ل٦.

خۆ ئەو بە ئاشکرا دەستەپاچەیی خۆی ڕادگەیەنێت «باشە ئەی دەست بە چییەوە بگرم»ل٦ «خوارو ژووریشم لێ گۆڕا».ل٦، «ئێستا کامە قیبلەیە و کامە قیبلە نییە؟ جا، کێ دەڵێ ڕوو لەمن دەکا و ڕێک و ڕەوان بەلای جەناما گوزەر دەکا؟ دواجار کێ دەڵێ گەردەلوول نەبوو و دەچووە ئاسمانا؟»ل٦. ئەم ڕاڕایی و دوودڵی و بێ بڕیارییە دەمانگەیەنێتە سەر ڕاستە شەقامی ئەو ڕایەی بڵێین، ئەمە خواستێکی یۆتۆپییە و بەخەیاڵ بنیاتنانی کۆشکە لەسەر ئاو. لە دەستەپاچەیی و بێ وەرەییدا، هەست بە تەنیایی کردنێکی قووڵ دایدەگرێت، بۆیە خۆزی دەخوازێ مەجە یا ڕەشۆڵی لەگەڵدا بوایە «خۆزی یا مەجە یا ڕەشۆڵم لەگەڵدا دەبوو»ل٧. ئیدی ئەوی گرنگ بێت بەلایەوە، بوونی یەکێک لەوانە، ئەگەرچی «ئەوان چاوەڕێی خوانی حازرن... ئێ کە من تیابچم ئەوانیش دەستیان بەگونم»ل٧. ئەم خۆزی خواستنە بە بوونی ئەوان لەگەڵیدا، دوای ئەوە دێت کە ئەوان «چەند جاریان تووشی دەردەسەری هێناوە و لەژێریشەوە ڕیش خەنیان پێ کردووە، کەچی هەردەستیان لە یەک نەترازاند»ل٧.

ئەم هێشتا پەندی لەو هەڵوێستە هەڵپەرستییەی ئەوان وەرنەگرتووە و ئنجاش کە دادەمێنێ و دەکەوێتە تەنگانەوە، وەک ڕزگارکەرێک هانا بۆ کوێخا و ڕەشۆڵی بازرگان دەبات. ئەمە لاپەڕەیەکی ڕاستگۆ و دەگمەن باسکراوی ناشرینییەکانی سەرجەم شۆڕشەکانی کوردستان بووە کە هەمیشە و بەردەوام چینی خوارەوە پاشکۆی ئەو چینە بووە کە لە ئەسڵدا دەبوو سەری ڕمی شۆڕشەکەیان دژ بە وان بوایە. کەچی ئەوان بە هەل وەرگرتن لە ناهۆشیاری و ساویلکەیی خەڵکە زەحمەتکێش و بەشمەینەتەکە، بەناوی ڕزگاری خاکی

کوردستان و ئازاد کردنی میللەتی کوردەوە، جڵەوی شۆڕشیان بەدەستەوە گرتووە.

هونەرکارییەکی دی چیرۆکەکە، ئەوەیە جارێک گێڕەرەوە، کە چیرۆکنووس خۆیەتی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، جارێکیش بە زمانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک دەدوێت و هەریەکەیان لە گۆشە نیگایەکەوە، لە ڕێگەی جیاوازی لە شێوەی گێڕانەوەکە، گۆڕانکاریش لەشێوەی دەربڕین و جیهانبینییاندا بەدی دەکرێت.

لە گێڕانەوەی ڕووداوی کەوتنە ناو بیرەکەوە، گێڕەرەوە هەمان گێڕانەوەی کەسی سەرەکی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەزمانێکی هونەریتر، وادیارە مەبەستی چیرۆکنووس زیاتر لە گێڕانەوەی دووەمدا ئەوەبێت، جەخت بخاتە سەر ڕووداوەکە و ڕاستی ڕوودانی.

هاتووە بەشێوازی ئەفسانە ئامێز چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە «دەڕۆی ناگەیتە سەرچاوەی ڕۆخانە، ڕەز و باخێکت تووش دەبێ، مێوەهاتی دونیای لێیە، تەماع نەتگرێ، مەوەستە و دەستی ڕاست بگرە، ڕێک بە قەڵا کۆنێکت دەگەیەنێ، تێی پەڕێنە، هەر ئاودیو بوویتەوە زەوی و زارە بە پیتەکە و کانی سازگارت باوەش بۆ دەکەنەوە...»ل٧. هەرچی بینای کاتە بە تەواوی پشتگوێ خراوە، کات بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژییانە (زنجیرەیی) بە دوای یەکدا دێت، شەبەق، چێشتەنگاو، نیوەڕۆ، ئێوارە، زەردەپەڕ... لە ماوەی کەوتنە ناوچاڵی کەسایەتییەکە (لە چێشتەنگاوەوە تا زەردەپەڕی ئێوارە)، کە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، زوو زوو کات ڕاگەیەنراوە، بە تێپەڕبوونی کات گێچی سووری ترس و دڵەڕاوکێکەش زیادی کردووە، واتا چەند کات هەڵکشابێت مەترسی زیاتر هەڕەشە لە کەسایەتی ناوبیرەکە دەکات. ئەمەش جەخت کردنە لەسەر ئەوەی «باری دەروونی مرۆڤ دەورێکی بەرچاوی هەیە لەدەرخستنی پێوان و هەست کردن بەکات». (١٩)

لەگێڕانەوەی ڕووداوەکاندا نووسەر پەنای بۆ بەکارهێنانی شێوازی مۆنتاژی کات بردووە. «ئەگەر ڕاستەو ڕاست ڕوو لەمن بکات، هەر سەعاتێ دوو سەعاتی پێدەچێ، کوڕە بە سێ ڕازیم، برۆ تا زەردەش بۆ ئەو، هەر شەوم بەسەرا نەشکێ..»ل٦.

داڤید داچیز لە بارەی مۆنتاژی کاتەوە دەڵێ: «دەکرێ لە میاندا کەسەکە لە جێی خۆی جێگیر بێ و تەنیا بیری لەناو کاتەکاندا بخاتە جووڵانەوە. ئەمە مۆنتاژی کاتە، بە دانانی وێنە یا هزر لە کاتێکی دیاریکراو لەسەر وێنە یا هزرێکی تر لە کاتێکی دیدا». (٢٠)

**ئەنجام**

لەپاش ئەم تاووتوێ کردنە، دەپرسین:

ئایا مەبەستی نووسەر لەم چیرۆکەدا چییە و دەیەوێ چی بڵێ؟

خاڵی بەهێزی چیرۆکەکە و مەبەستەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە نووسەر لەو ڕۆژە ڕەش و لێوانلێو لە ڕەشبینییە، لەو بەهاری ڕەشە، گوڵی گەشبینیمان بەسەردا دەبارێنێ، لەو پەڕی هەرەس و بێ هیوایی و سڕینەوەی ناسنامەی میللەتێکدا مژدەی هەرەس و رووخانی گەندەڵترین و دیکتاتۆریترین ڕژێممان بۆ دەکات بە فەنتازیا کە لەوکاتەدا وەک خەیاڵێکی جوان و ڕۆمانسی هەناوی سووتاومانی فێنک دەکردەوە و کاری تێدەکرین. هەموو ئەمانەش بەخۆڵادان لە گێڕانەوەی تەقلیدی و وەسفی درێژدادڕ و بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان بەشێوەی زنجیرەیی و «هارمۆنییەک لەنێوان پێشکەش کردنی ڕووداوەکە و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و زیادبوونی تەئسیرتێکردنی- بەپێی بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان- خۆی دەنوێنێ». (٢١)

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


١- ڕۆژنامەی ستایل، ژ(١١٢)ی (٢٠٠٤/١١/١٥) هەولێر.

٢- نووسەری کورد، ژ(١)ی ئایاری (١٩٧٩).

٣- بەیان ژ(٧٢)ی (١٩٨١)، (دەزگاکانی دەوڵەت ئەو ژمارەی گۆڤارەکەیان لە بازاڕ کۆکردەوە و قەدەغەیان کرد).

٤- بەیان ژ(١٤٨) تشرینی یەکەمی (١٩٨٨).

٥- نووسەری کورد ژ(١١)ی شوباتی (١٩٨٣).

٦- نووسەری کورد ژ(١٠)ی کانوونی دووەمی (١٩٨٢).
٧- جەلیل کاکەوەیس، چرکە زیندووەکان (کۆمەڵە چیرۆک)، هەولێر (٢٠٠٠)، ل٤٦-٤٧.
٨- غەفوور ساڵح عەبدوڵلا، پەیکەر و پیاو، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، (١٩٨٩)، ل١١٥.
٩- لە پەراوێزی چیرۆکی دووربینیندا، بەکر دەروێش، هاوکاری ژ(٣١٥٦)ی (١٩٩٩/٨/٢٩).
١٠- ئەحلام مەنسوور، بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا (١٩٧٠-١٩٨٠)، زنجیرەی کتێبی سەردەم، سلێمانی (١٩٩٩)، ل١٤٠-١٤٣.
١١- حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، چاپخانەی عەلاء، بەغدا (١٩٨٥)، ل٥٠.
١٢- ئیرەجی ئازەرین، لە پەراوێزی مەرگی ئەخەوان سالس دا، گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری، ژ(٣) سلێمانی (١٩٩٢)، ل١.
١٣- حەمە سەعید حەسەن، شیعر هەڵوێستە، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی (١٩٧٩)، ل٣٩.
١٤- د. علي ابراهيم، الزمان و المكان في روايات غائب طعمة فرمان، الاهالي للطباعة و النشر، دمشق (٢٠٠٢)، ص٨٦.
١٥- سەباح ئیسماعیل، شوێن و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا (بەشی دووەم)، نەو شەفەق، ژ(٩) کەرکووک (٢٠٠٣)، ل٤٦.
١٦- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل- فڕینەکان (کۆمەڵە چیرۆک)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر (٢٠٠٣)، ل٥.
١٧- ڤیکتۆر هۆگۆ، دوارۆژی مەحکوومێک، و: عەبدولمۆئمین دەشتی، سلێمانی (٢٠٠٤)، ل١٣.
١٨- قسەیەکی پلیخانۆڤە.
١٩- نەجم ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٤)ل١٨.
٢٠- روبرت همفري، تيار الوعي في الرواية الحديثة. ت: د. محمود الربيعي، ط٢، دارالمعارف بمصر، القاهرة (١٩٧٥)، ص٧٢-٧٣.
٢١- کەمال میراودەلی، پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکی «تەزووی ناخ»، ئەحمەد قادر سەعید، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی (١٩٨٠)، ل١٢-١٣.

# دیڤاکان لەناو بازنەی ئەفسانەدا

سابیر ڕەشید

## دیڤایەک لەناو قەڕابە گازێکدا

محەمەد ئەمین ئەحمەد
(سلێمانی)

هەر کەسێک، بە تەنیشتیا تێپەڕبوایە، بەزەیی پێدا دەهاتەوە. مرۆ بە بەزەییە، سەرەڕای ئەو مێژووە ڕەشە دوور و درێژەی، لە کاتی دەس ڕۆیشتنیا دەبێتە «دیڤا» و کەی گشت شتێکی لەدەست دا، ئەوا بە زەلیلی و ملکەچی خۆی نیشان دەدا، کە ئەننو، نە بای دیوە و نە باران، نە چەقچەقەی ئاسیاو!!

مرۆیەکی تێکسمڕاوی وا، بە فشار و پاڵەپەستۆی ئامێرەوە، ئاخێنرابێتەوە ناو قاپێکی گازی شووشەی گەورەی واوە، شتێکی ئاسان و ئاسایی نەبوو. شین و مۆر هەڵگەڕابوو.. خوێنی لاشە بە توند ئاخاوێنراوەکەی، وەکو خوێنی قالووچەی ناو زێرابی خەستبوەوەی چەرخی هاروت و ماروت، بە شلییەکەوە، دەهات و دەچوو..

قەڕابە گازەکەش خرابووە پشتی سەیارەیەکی پشت بەتاڵەوە. لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی نهێنی تایبەت دەیانگوێزایەوە.. پسپۆر و زانا و ڕەگەزناس و حەکیمان، لێی کۆبوونەوە. کەوتنە لێکۆڵینەوەی ئەم گیاندارە دیڤایەیی ناو قەڕابە گازەکە. هەریەکە لەوانە، دەیان پرسیار و چەندەها بیر و بۆچوونی سەیر سەیریان بە مێشکدا دەهات! چی ئامێر و جیهازی کاشیفەیان هەبوو ئامادەکران. هەرچەندە ئەو تێکسمڕاوە ئەسڵەن پەروەردەی دەستی ئەوان گەل بوو، بەڵام لاساری و سەهنەیی و شەڕەنگێزی ببووە پەتبڕانی و لاڕێ گرتن و لە ڕێ دەرچوونی.

«دیڤا» زیرەکە و شەریکی قودرەتە، پیتێک لە پیتەکانی ناوی گەورەی خواوەندی دزیوە، بۆیە نەفرەت لێکراوە. لێی هەڵگەڕاوەتەوە. پشتی تێکردووە و یاخی بووە!! قەنناغەیەکیان هێناو قەڕابە گازەکەیان داگرت و خستیانە سەری و بەرەو ژوورە نهێنییە تایبەتەکە ڕاپێچ کرا. ئەویش سپێنەی چاوی زەردەچەوەیی هەڵگەڕابوو. وتیان: «زەردوویەتی». وتیان: «زراوی لەکار کەوتووە». وتیان: «هەوکردنی سپڵ و جگەرە». وتیان: «خەستبوونەوەی ڕقە خوێنە و لە شیشدانی دڵ و جگەرە». وتیان و وتیان!

«لەوە دەچێ، تیماری خۆماڵیشی بۆ کرابێ و ترش و خوێ و پیازیشی بۆ شێلرابێ» «وەلوەلەی لە دوویدا کرابێ!» زەردووەکەی چاوی، لە پڕێکا نەما. هەردوو چاوی ببوونە گۆمی خوێن. سوور سوور هەڵگەڕان، دەتگوت: «سکڵە»!

– «نەخێر» زەردووی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە نەخۆشییە هەرە کوشندەکانی گرژە دەمارییەکانی مێشک و زوڵمباتی دەروونی.. پڕیاسکە ڕقە مێژووی «قابیل»یەکانی بە دڵ هەڵگرتووە.

– « دەشبێ نەخۆشی سادی و ڤیجییەتی بێ؟!

– «بۆ نەبێ»؟

– لەوانەیە گرێی «ئۆدیب» و «ئۆرۆست»ی، تیایە زاڵ و ئاڵۆز و ڤیناویتر لای وی کەوتووبێ!

ژیارە ڤالاّیەکان بە دووربینی شەو بینینەوە، وایان دەبینی و دەیانتوێژاندەوە، ئەم مرۆیە، تێکسمراوە، لە ژووری سوور و پێخەفی سوور و تەڵخ و لە پەرداخی سوور لە خوێن سوورتر نەبوایە، نە ئاوی دەخواردەوە و نە ئۆقرەی دەگرت. کە مڕ دەبوو، دەکەوتە پرخە و لرخەوە. زۆر بە ئارامییەوە، خەو دەیبردەوە.

گورگ کاتێ نێچیرەکەی دەکوژێت، لەزەتی لێ وەردەگرێت و هەست بە ئازاری وی ناکات، چونکە هەست و نەست و ویژدان مردووە. گۆشت خۆرە بەوەشەوە ناوەستێت، تا بۆی بکرێت قوڕقوڕاگەی دەیان و دەیان مەڕ دەقرتێنێ.. چاوی هەڵبڕی، جووڵەیەکی بۆ کرد، بۆڵەیەکی لێوەهات و چاوەکانی سوورتر هەڵگەڕان، تەماشای ئەو گرووپە زانا و پرۆفیسۆر و حەکیم و یاریدەدەرەکانی کرد.. بە تەڵخی و لێڵی و لێخن دەیانیبینی..

چاوی بز کردەوە، سەرەڕای ئەوەی لەناو قەڕابەیەدا حەشار درابوو، ئەمان سڵەمینەوە! موچڕک بە لەشیاندا هات. ترسان. ناهەقیان نەبوو بترسن، تا بنکە شەیتانۆکەکانی ناو سینگیان نەدرێنە بەر قازیفەی زیکری سووتێنەر، داناڕمێن و دانامرکێنەوە، جووت خەت و جووت بوونی نێچیر کوژیی، خوێنی ئاڵ و گەش، لەناو ژوورە مەڕ مەڕییە سپێکەیدا، ڕێچکەی دەبەست، ئەم بزە دەیگرت!! ئەو وێنەیە، ئەوەی هێنایە خەیاڵت، دەبێ لەناو کۆشکانی مێژوو و تەلارەکانیدا ئەگەر کامێرەی ڕایەڵەکانی گەردوونی هەبوایە ئەوا بە دەنگ و وێنە کوتدانەکانی ناو کۆشک و تەلارەکانی و تەکاندانی سەر لاشە لە نووزە خراوە کراوەکانی بازاڕی ڕەشی هەراجخانەکانی ناو مێژوو چیان لە عاشقانی مان و ژیانیان کردبێ؟! جەڵتەی تاوان سەختە، خەو لە چاو دەفڕێنێت. ئاسوودەیی هەڵدەبڕێت. فرکان فرکانە، ئەم ژیانە؟ خوانەکردە ئەگەر گوێ زەوی بەدەستەوە بگرن، ڕەشەبای شمڵی شەڕی تاوان دەلوولێنێ و نیشینگە دەشێوێنێ.

دەمەدەمەی لەگەڵدا نەدەکرا، لەش هۆش بوو، ڕژد بوو، بۆیە دەیمڕاند. دەتوت: دیڤایە و شەریکە بەرزی زەعلەبوولە و لەگەڵ خەمباباد دەست تێکەڵە: (ئەمە منم بەم هەنگڵ و هەژەوە!!). لە خۆیایی گەڤەرانە..

زاناکان کەوتنە مقۆ مقۆوە. پسپۆری شوناس، چاوێلکەکەی لەچاو نا و قەڵەم و کاغەز و ریکۆردی لێ نزیک کردەوە، بەو نیازەی سا، بەڵکو شتێک لەم گیاندارەی ناو ئەم قەڕابەیە، هەڵبکرێنێ، تاکو بزانێ ئەم «دیڤا» تێکسمراوە هی چی سەردەمێکە و چۆن بە قەڵەمبازکەی پەرڵەیی، پەڕیوەتە ئەم سەردەمەوە!


محەمەد ئەمین ئەحمەد

– «ئای!! دیڤای وا هەیە خۆی خەفە کردووە، جێی دەستی نییە و زیتەی چاوی دێ»..

– «تۆ بڵێیت: بۆ نەهێشتنی توخمی ئادەمیزاد دروست کرابێ؟!»

– «ئەی مەگەر وا نییە!»

– «تۆ بڵێیت: ئەمە لە پاشماوەی «دیڤا» گۆشت خۆرەکانی پێش «ئادەم»ەوە بێت؟ واتە: لەپێش سەردەمی «قابیل»ەکانەوە، خولقابێت؟! بە هەرحاڵ هەردوو تەواوکەری یەکترن»

تۆزێک ڕاماو خەیاڵ بردییەوە و گەڕایەوە بۆ هەمان خاڵ:

یا بەهۆی چوونە پێست و دەرچوونە پێستەوە، یا چوونە خوی یەکدییەوە، ئەم گیاندارە سەیرەی لێ دروست بووبێ؟؟ پزیشکەکە ویستی نەبزی بگرێ! هەستی بە پووشە تا کرد..

دەمێکە زاناکان بەدوای سۆراخی کۆپیکردنی دێوجامەکانا، دەگەڕێن و کاری بۆ دەکەن.. ئەوی تریان گوتی:

– «دەشێ بۆچوونەکەی تۆ بێت. بەهۆی گۆڕکێی ڕوحەوە بووبێت.

– «ئەمە گۆڕ کەنەیە»..

– «نەخێر، دەشێ یەکێک بێت لەوانەی «دیڤا» هەڵی

لووشیبێ و لە یەقدانەوەکەیدا ئەمەی لێ کەوتووبێتەوە!!» فریشتەکان ئەمەیان بینی زۆر نیگەران بوون. دیسانەوە زەوی بەخوێن و بە فرمێسک دەشێلرێتەوە. شوومێردان یەکتایی دەبن، ناوەختە کات ئارامی خەڵکی خانەبێزار ئەکەن..

تۆتکەیان نەگرت: بە سەرسوڕمانێکەوە، ڕوویان کردە خواوەند و گوتیان:

– «ئەی خودایە.. ئێمە هەردەم، ناوت لەسەر زارمانە، دڵمان پڕە لە یادت. بۆ تۆ بە نووچا هاتووین. هەردەم سەرت بۆ دادەنوێنین، مرۆی خوێن ڕێژ و دز و جەردە و گەڤەربازت بۆ چییە؟!!»

زەعلەبوول هەڵێتیزان و بە دەم شان هەڵتەکاننەوە، دەیوت:

– «بۆ کەس، لە تۆ زیاتر، سەری نەوی ناکەم». هەر دادڕەسی ئەوەی دەکرد. ئەو چاخە، فاکس و تلێکس و تەلەفۆن نەبوو.. کەش و هەوای پاک و ژینگە هێشتا وەکو ئێستا پیس نەبوو لە دەروونی زەعلەبوول و دیڤاکان زیاتر بەر ئاسمان فراوان و فیووزاتی پرشنگداری زۆر، پەردەی بینایی ڕوون پەردەپۆش لە قسەکردندا نەبوو، قسەکان. گوتارەکان سەنگیان هەبوو. دوور لە قسەی کرچ و کاڵی بازاڕی، مەگەر تەنیا لای تیرە دیڤاکان..

فریشتەکان، لەسەرووی ڕوحەوە، لەگەڵ داهێنەری گەردوونی گەورە، تکا جۆیان بوو. بروسکەیەک کشاو شۆڕ بووەوە، گوتەی خواوەند نە پیتە و نە وشە نە ڕستەیە و نە گوزارشت، نە دەنگە و نە ڕەنگ، ئەی چۆن دەگات و چۆن لێی تێدەگەی، چۆن دەئاخنێتە ناخی دڵ و دەروونەوە.. چەند حەزم دەکرد گوێ لە دەنگی «جەبرین» بگرم. دەبێ دەنگ و لەرەکانی ژێی «جەبرین» و «سەراف» و «میکا» چی ئاوازێک بووبن؟! ئای لە دەنگی «عزرا» چەند تۆقێنەرە، چی گیانەوەرێ، خۆی پێ پێشان بدات فریا ناکەوێت بلێ:

– «ئای» گیان دەسپێرێت.. گوتەکە بە فریشتەکان گەیشت:

– «ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن»

گوتیان:

– «دەبێ مەرامی خواوەند چی بێ؟»

– «مەگەر دیڤاکانی پێش ئادەم-مان نەدیوە!!»

فریشتەکان بە یەک دەنگ گوتیان:

– «بەڵێ گەورەم، هەر خۆت لە کارەکانی خۆت دەگەی، هەر خۆت شایستەی سەنایت، ئەی بینایی چاوان». تەهفەلۆش گیان.. مەگەر ئارەزووی خۆت نییە.. داوای لێ بووردنت لێ دەکەین.

– «ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن». هەریەکەیان ئەوەی لەبەر خۆیەوە دەیگوتەوە و دەیانگوت:

– «ئەی پەروەردگاری مە، ئێمە هیچ نازانین لەوەی زیاتر کە خۆت پێت بەخشیوین.. خۆت فێرت کردووین، هەر تۆ پیرۆ و شناسی».

سەرۆکی دیڤاکان، چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری. دەینەڕاند و دەیگوت:

– من ئاگرم. من پیرۆزم. من ڕووناکیم.. ئەو گڵەو گڵ خۆرە، گڵ خۆر هەردەم نەخۆشە پڕ عیللەتە، بۆ گڵە شەوەزەنگ نووچ نابەم. کەی ئەمە ڕەوایە؟! هەزارەها ساڵە، بەدرێژایی تەمەنم سووژدە بەخشی خۆتم، ئێستا سەرم پێ شۆڕ دەکا بۆ ئەم کەڕوودارە..

فریشتەکان لە شەقەی باڵیان دا و بەدەم سەناو ئیستاییشەوە، بە خێرایی تیشک، ئاسمانیان تەی کرد. پەرییەکان کەوتنە لاواندنەوەی بەختە ڕەشەکەی مرۆ و سەریان لە مەکری خوا دەرنەدەکرد، بەڵام کەسیان نهێنی بوونی گیاندارێکی وەکو ئادەم-یان، نە دەزانی، کە ئەم مرۆیە گەورەی زیندەوەرانە و بەهۆی وییەوە فریشتەکان گفتوجۆیانە.

ئەو گیاندارە کەللەپووتە، دانە جیرە، مەچەک ئەستوور و ناو شان پانەی کەڵپە درێژی پێش هاتنی سێبەری خوا بۆ سەر زەوی، هەر لە تێکسمڕاوی ناو ئەم قەڕابە گازە دەچوو. داری خوار سێبەری ڕاست نابێتەوە.

یەکەم کوشتار لە بۆ خۆپەرستی دەستی پێ کرد.. فریشتەکان نیگەران بوون. شەرم دایگرتن. هەستیان کرد بۆچوونەکەیان لەجێی خۆیدا نەبوو، بەڵام زانستی خوا، نهێنییەکە کەس پەی پێ نابات..

دیڤا و سەرۆکی دیڤاکان، ئاوس بوون. پیشیان خوارد، کاتێ «حەوا» لە «ئادەم» مارە کرا. دەڵێن: داستانە شاراوەکان وا دەڵێن:

– «حەوا» پڕ سۆزە، کەم ژیرە، ئاگراوییە، حەزی نەکردووە، ئادەم شوومێردی بێ، بەڵکو لەخشتە براوە..». یان دەڵێن: لە پەراسووی ئادەم دروست بووە، بۆیە هەردەم خوارە، سێبەری ڕاست نابێتەوە! ئەی بۆ لە بیلبیلەی چاوی گەردوونی دروست نەبووبێ!

یان دەڵێن: دایە «حەوا» لە توخمی ئاگرە، دەزگیرانی دیڤا بووە. بۆیە دیڤای پیلانگێڕ، بۆتە مایەی ئاژاوەیی ئاسمان و زەوی.

دەڵێن: نەخێر لە ڕۆح شیرینی و دڵپاکی خۆی و سۆزداریێتی بە دیڤا خەڵەتاوە و ئادەمی بە فرێو بردووە!!

دەڵێن: نەخێر فێری درەختە خۆشەکەی کردووە!! بەهار بە گیاوە خۆشە!!

دیڤای کۆست کەوتوو. نەڕاندی- کەفی چاند- بە یەک هەنگاو ئەم بەرو ئەوبەری ئاسمان و زەوی تەی کرد. گڕی

گرتبوو، لەوەتەی هەیە گڕ لەسەر زەوی بەردەدا.. قەسەمی خوارد، تا ماوە «دەبێ لە خشتەیان بەرم. دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ لێدەم. خورمایان بۆ بترشێنم. فێری کوتیان بکەم. بۆنکەمەریان دەرخوارد بدەم. ناولینگیان چەور کەم. کرمی خوران- یان تێ بچێنم. کوشتن و بڕینیان بۆ بکەمە پیشە. خوێن ڕشتنیان لەلا وەکو ئاو خواردن بێت. لە هەر چاخ و سەردەمێکدا، دوا بڕاوێکیان بۆ لاس بدەم. تاجی خوایەتیان لەسەر دەکەم. بکوژ و ببڕ، هەر خۆیان بەخوا بزانن».. دیڤا دەهات و دەچوو. قامچییەکەی ڕادەوەشاند، ئاگری لێ بەرزدەبووەوە. فەرمانی گرتنی درا. قەسەمی خوارد، خەباتی ژێر ئاسمانی و سەر زەوی بکات.

پێی گوترا:

– «لەبەر ئەوەی لە خـــــەت دەرچووە، بڕیار درا، بەنەفرەت لێکردنی هەتا هەتایە».

بۆیە هەردەم. نەوە دوای نەوە، نەفرەت لە گومڕاکانی مێژوو دەکرێ.

نە پاڕایەوە. خۆی بە زەلیلی پیشان نەدا. گوتی:

– «هەقەکەم بدەرەوە؟»

– «هەقی چی؟»

گوتی:

– «هەقی چەند هەزار ساڵەم، کە سووژدە بەخشی تۆ بووم»

فەرمووی:

– «هەقی چی؟!»

گوتی:

– «تا ئەو ڕۆژەی زەوی و ئاسمانەکان دەپێچرێنەوە، دەسەڵاتم لێ مەسێنەوە. دەبێ تا ئەو ڕۆژەش نەمر بم».

نهێنییەکەی دزی، ببووە شەریکی قودرەت و هەڵهات..

فەرمووی:

– «بڕۆ ئەی نەفرەت لێکراو، چی دەکەی بیکە، تا ئەو ڕۆژەی دێیتەوە بەردەستم».. دار و بەرد، دەشت و دەر، بە دەستییەوە دەیاننالاند.. دیڤا ژیر و بەتوانا، زانایەکی فێلاوی، ئاشووب گێڕ. دڵ ڕەق، ستەمکار.. بۆی بکرابا، مرۆی لەسەر زەوی بنجبڕ دەکرد!! فەرمانی عەرشی بۆ دەرچوو:

– «بڕۆ چی دەکەی بیکە.. دەس خۆت بۆ خۆت.. چی دەکەی بیکە.. خۆشویستانی من نەمرن».

دیڤا خۆی پێ ڕانەگیرا و گوتی:

– «دەبێ فێری هەموو ئابڕوو بردنێکیان بکەم. کوڕکەمژەی ژنە سۆزانییەکان گاڵدەم هەڵیان بواسن. زمانیان ببڕن. گوێیان بقرتێنن. چاویان هەڵکۆڵن. گونیان بتەقێنن. تورەمەیان نەهێڵن. خوێن و فرمێسک، خواردن و خۆراکیان بێت» بە هەموو ئاسمانەکانا ڕاگەیێندرا ئاڕاستەی دیڤا و شای دیڤاکان کرا:

– «ئەوەی پەیڕەوت بکات، لە شیش دەدرێت. لە ناو سگگیندا، هەردووتان بە دوو قۆڵی هەڵدەواسرێن.. ئاوی یەحموم-تان دەرخوارد دەدرێ»..

– «دەمبینی»!

– «چی دەکەی بیکە.. دەسەڵاتت بەسەر خۆشویستانی مندا نییە»

تا ئاسمان دوور دەکەوتنەوە، ئەو گوتارە لە ناخیا دەزرنگایەوە..

فریشتەکان هەستیان بە شەرمەزاری کرد. لە سەرپێچی کردنەوەی زەعلەبوول،

گەورەی دیڤاکان، نیگەران بوون، بە یەک دەنگ گوتیان:

– «ئێمە ملکەچی فەرمانین. ئێمە هیچ نازانین لەوەی زیاتر کە خۆت فێرت کردووین».

ئەو ڕەگەزە شووناس ناسە، بینیی خواردەوە، گشت چاخ و سەردەمەکانی بوونی مرۆ و پێش ئادەمی هێنایەوە پێش چاو و گومڕاکانی یەک بەدوای یەکدا، لەگەڵ ئەم تێکسمڕاوەی ناو قەڕابە گازەکە و دیڤا چاو گڕگرتووە، سوور هەڵگەڕاوەکانی بەراورد کرد. ئەمجا سەرێکی بادا و گوتی:

– «لەوە دەچێت ڕووداوی سەر زەوی نەبێت؟! ئەگەر هی سەر زەویش بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە، لە پاشماوەی دیڤا داینەسۆرەکانە، قۆناغی متبوونی بڕیوە، ئەگینا، ماقووڵ نییە یەک دەستە لە یەک بچن؟! دەشێ، لە کوتە شاراوەکانی دیڤاکان دروست بووبێ.. بۆ نەء!!

زانست گونجاندنی زانیاری و پەین و ئاو و گڵ و خۆر و کارگەی جۆراو جۆری ئەم سەردەمە، دەتوانێ دەیان گیانداری سەر سەختی ترسێنەری وەکو ئەم تێکسمڕاوە، بخولقێنێ و دروستی بکات.

زاناکەی تەنیشتی گوتی:

– «چۆن توانیـــویانە بیگرن و کـــەنەفی بکەن و کەڵپەکانی بشکێنن و گەراکانی بتەقێننەوە و بیخەنە ناو ئەو قەڕابە گازەوە؟!»

ئەوی تریان:

– «خۆشم.. لەوە سەرم سوڕماوە، ئەمانە لە چی قالبێکدا داڕێژراون؟!»

یەکێکیان لێی چووە پێشەوە و کەوتە ئەندازە گرتنی کەللە سەر و پێوانە کردنی نێوچاوانی ئەم دابەستەیە..

– «لەوە دەچێ، لە هەسارە بەلەسەکان، خرابێتە خوارەوە؟»

– «ئەی مەگەر باسی دیڤای بەلەسەم بۆ نەکردن! ئەی

مەگەر زەعلەبوول نەفرەت لێکراو نییە؟!»

– «بەچییا دەزانی؟»

– «بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە بەردەستمان کەوتوون. ئەوەی ئەم کردوونی، کەس بڕی پێ نابا و کەس پەی پێ نەبردووە، تەنانەت خۆی بەخوا داناوە و ناشڵێت من خواتانم؟!

– «خەڵکی ڕەوشت بەرز، وریابە. ئەو جۆرە بانگەوازەیان پێ هەرس ناکرێ..»

– «لە هەناسەدان و خۆ خەفەکردن و مت بوونەوەی لە ناو ئەو قەڕابە گازەدا، لە بەلەسەبووەکانی سێ گۆشەی حەشارگەی خێو و دێو و مێردەزمەکانی ناو داستانەکان دەچێ..» ئەو هەموو پسپۆر و زانایانە، دەجمین و بە یەکدا دەهاتن و مشتومڕو گفت و گۆیان بوو. دەمەدەمەیان لەسەر ئەم زیندوەرە دەکرد. دەیانتوێژاندەوە. بۆچوونەکانیان یەکالا دەکردەوە، لە مێژەوە نەخشە و پلانی دەس بەسەرا گرتنیان بۆ کێشا بوو..

سات بەسات، ڕاپۆرتیان بۆ لیژنەی باڵای ئەنجومەنی گەردوونی بەرزدەکردەوە. توێژینەوەی هەموو شتێکی ئەم ڕۆژهەلاتەیان دەکرد. دار و بەردیان دەپشکنی.. ئەوەتا ئەویش، وا ئێستا لەناو ئەو قەڕابەیەدا، گێنگڵ دەخوا، وەکو کولەکەی ساقز قەپاغی خرابێتە ناو تەنوورەوە، دەپیشاو دەپیشێت.. دەیانپیشاند.. پیشی دەخوارد و هەڕەشە و گوڕەشەی لە بۆ دروێنە و کێلانی زەوی و زارو دەشت و دەرو شاخ و کێو دەکرد..

– کورە خۆ خەفەتی یەدەگەکانی قەت کۆتایی نایەت، چۆن دەحەپین و چۆن قەپاڵ لە جەستەی جوانەمەرگان دەگرن!! مووی لەشی لەناو قەڕابە شووشەییەکەوە، ڕیشاڵەکانی، شین و مۆر و تەڵخ دەیانڕوانی.. لێوی خۆی دەکرۆشت. دەمڕایەوە. ئەمگوستی ڕادەوەشاند و هەڕەشەی دەکرد.

– ئای لەو ڕۆژە سەختەش کە «خورماتوو» وروژابوو، گەرمیان لەسەر ئاگر، وەکو برێشکە قەڵبەزەی دەکرد، خەم لەشکری هێنا بوو سەرتاپا بالات ڕەشی پەلاسی، وەکو دەواری ڕەش بەسەر دڵ و دەروونددا خەم دادەباری و یەکێک لەو یەدەگانەیان پێی گوتی:

– «زۆر ڕاپۆرتمان بۆ هاتووە. زمانی خۆت بگری باشە، ئەگینا زمانت دەبڕین و داتدەدڕین و دەتکەین بە چوار پارچەوە».. دەیمڕاند. یادی ئەوەی دەکردەوە: کە چۆن دەرگای بەهەشتی ئارەزووەکانی لێ داخراوە!

تا دەهات ڕقی ئەستوور تر دەبووەوە. نیازی سووتاندن و دروێنەکردنی مرۆڤایەتی و بیری لە تەقینەوەی گۆی زەوی و نەهێشتنی تورەمەی مرۆڤایەتی دەکردەوە.. کانییەکان تەقینەوە. کتێبە پیرۆزەکان سووتێنران.

درەختەکان نەوتی بە بندا کرا. شارەکان بە چڕە دووکەڵ ڕەش دادەپۆشران، ڕێگاو بان لوغم ڕێژ. منداڵە چاو گەشەکان بۆن کرووزیان، حەوت تەبەقەی ئاسمانی هەژاند. دایک و باوکان، هیچ پەنایەکیان نەما، جگەریان دەخرایە سەر ساجی سوور کراو و دەهاوێژرانە ناو تونێلی داخراوەوە، گشت چاویان بڕیبووە ئاسمان. وایان بە دڵدا دەهات، پێیان دەگوترا:

– ئارام بگرن. تاقیکردنەوەی گەردوونی گەورەیە.. تاقیکردنەوەیە... ئارام بگرن. دان بە خۆتانا بگرن. گشت شتێک لە بۆ ئێوەیە و لەبۆ ئێوەش تەخت دەبێ.. ئارام بگرن. زۆری چووە و کەمی ماوە. ئارام بگرن..

دایکم ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و

– «ئەوەندە سەبرم کرد، پەردەی سەبرم دڕا».

دیڤا و بێچووە دیڤاکان، کون و کەلەبەری ژیانی گەرمیانیان، بە تۆڕە تەپکەی لوغم و سیخوڕی، تەنیبوون... لرخە و پرخەی ناو قەڕابەکەش بەرز بەرزتر دەبووەوە.

پرۆفیسۆرێکی تر، لێی نزیک بووەوە. چەند پرسیارێکی ئاراستەی دابەستەکە کرد. لە بڵمە بڵم زیاتر، چی دی تێنەگەیشت تەنیا ئەوە نەبێ چەند بۆڵەیەکی کرد و زمانی لەنگ بوو. لەبەر توینوێتی خوێن، زمانی لەناو دەمیا شکا!!

ئامێری کاشیفەی مێشک و سۆناری دڵ و دەروون و گەدەیان لێ نزیک کردەوە.. لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە، هەزار بە هەزاری شانەکانی مێشک و هەزار لووغانی گەدە و کارگەکانی ناو هەناوی دەرخست.

– «سەیرە! کۆمپیوتەرەکەش کەوتە هەڵەوە!»

ڤالیومەکەی بادایەوە. پەنجەی خستە سەر دوگمەکانی، هێنای و بردی تا خستیەوە سەر مێشک و دڵ و دەروونی ئاڵۆزکاوی تێکسمڕاوی ناو قەڕابە گازەکە. کەچی هەر گەدەی پیشان دەدا.. لە پڕێکا شاشەکە بوو بە تەرزە، هەر تەرزەیەکی وێنەی کارەساتێکی تازەتری تیا نیشان دەدا.. بایدایەوە.. لەناو چاوانیا و لەسەر تەوێڵیدا، ڕستەیەکی سەرسوڕهێنەری تۆمار کرد:

– [زەنیم]

مرۆی زەنیم، هەردەم دڵە نووزەیەتی، کۆدونیا لە ئامێز دەنێ و کوشندەترین دەرد و ئافەت بلاودەکاتەوە و بە هەڵقە ڕیزی دوو پشکانە، دەروونپاکان گرێ چین دەکات.. دەستی لە خوێن دەشوات و دەمی خۆی دەسڕێتەوە و قسەی لووس و پووس بۆ گەلحۆکانی دەوروبەری خۆی دەکا.

دووبارە بێ ئەوەی دەستی تێوەردەی، خولایەوە، چووە سەر هەزار لووغانی گەدەی..

ئەم هەزار لووغانە، هەر لەخۆیەوە، دوو تۆکانی دەکرانەوە... شاشەی کۆمپیوتەرەکەش، ساف و جوان و هێمن، پیشانی دەدان. پرۆفیسۆرەکە ئەو خۆراکانەی تیادا دەبینی... هەندێکیان، نەجوێنرابوون. پڕ بوو لە کەللەسەری وردیلەکان و دەس و پەنجەی لاوەکان و دەم و چاوی نەوجەوانان.. ئێسک و پروسک و قژە سپی بووەکانی دایکان، وەکو مەنجەڵی گەرم کراوی خومچی، گولۆڵە بەن و خوریە تێکەڵاو بە پەروانەی ناو هەزار لووغانەی خۆشە کراو:

- «تەحەحا!! چی هەزار لووغانێکە ئەمە! دوو هەزار ساڵە ئەم نەتەوەیە، لەناو ئەم هەزار لووغانەدا دەژی» کەچی ئەم تێکسمراوەی ناو قەڕابە گازەکە، ڕووداوەکانی ئەم دوو هەزار ساڵەی، لەم چەند ساڵانەی تەمەنی حوکمڕانیدا، هێناوەتە دی؟!»

- «نەوجەوانان، بەخشندەی خواوەندن. لە سکی ئەم قرغنەدا سەریان ناوەتەوە»..

ئەوی تریان، هەڵمەتی برد، کتێبە مێژووە شوناسنامەکانی دەرهێنا و کەوتە خوێندنەوەی ڕەگەزەکان.

ئەوی تر: کتێبی جۆرە ڕەسەنەکانی ڕەگەزی کردەوە..

ئەوی تریان: خۆی بێوان کرد و خۆی نواند، بەڵکو بە ڕێگای پاراسایکۆلۆجییەوە، بگا بە ئەنجام.. لەو لاشەوە گەر دەربکەوتایە، خەڵکی لە ترسانا چەپڵەیان بۆ لێدەدا. هەندێ لە زاناکان هەڵخەڵەتێنرابوون و چووبوونە سپیتی دیڤاکەوە یەکێکی دی: کەوتە لێکۆڵینەوەی ئەو وێنانەی ناو کۆشکەکان و پشکنینی تەلارەکانی سەردەمی کۆن و نوێ، بەهاوکاری تیشکی لیزەرەوە، سا بەڵکو زانستیەکی تازەی لەو بوارانەدا چنگ بکەوێ.

یەکێکی دی: کەوتە خوێندنەوەی مێژووی ستەمکارانی مرۆڤە گۆشت خۆرەکانی جیهانی، بەناوی «ئاشە دینجەکان»دا دەگەڕا.

«زاناکان و داناکان و پرۆفیسۆرەکان، هەریەکە بە پێی پسپۆڕێتی خۆی، کەوتووبوونە گەڕان و پشکنین و وتوویژکردن» لەسەر بیردۆزی تازەی ئەم قرغنە تێکسمراوەی ناو قەڕابە گازەکە. بازاڕێکی ڕەشە ئەم دنیایە، ئارامی تێدا نییە ئەم ژیانە!!

یەکێکیان: کەوتە هەڵدداوان و هەڵدانەوەی پەڕەی لە دایک بووانی بەلەسەکان و لاسارەکان و سەهەنەکانی پێش ئادەم و زۆرانبازیەکانیان و لە خشتەبردنی ئادەم و دژایەتیکردنی ئەو هێمایانەی، کە نهێنی دروستبوونی مرۆی سووپەر.. هەریەکەیان بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆی دەرئەنجامەکەی: هەریەکەیان شتێکی دەگوت.. هەرچەندە بەو بیر و بۆچوونانەش قایل نەدەبوون، چونکە دەست تێوەردانی «بڤە» و خەتەرناک بوو! کێ دەوێرێ؟ شەو کوتدەکرێیت و لەناو پێخەفەکەتدا پان دەکرێیتەوە، بە پەیژەی گورێسێ هەڵ دەکوترێتەوە سەرت، یا بە دەمە شۆفڵ ژوورەکانت بە هەڵاوگێڕاوی بۆ بەجێ دێڵن.

گشت ئامێرەکان کەوتووبوونە گەڕ.. لە پڕ کۆمپیوتەرەکە، چووە سەر شانەیەک لە شانەکانی مێشکی ئەم قرغنە.. وێنەی ئامێرێکی قاوە هاڕی دەرخست- لە چاخە بەردینەکاندا بەردی زلی دەساڕیی بوو- کە لەو لاوە، ئێسک و پروسک و کەللە سەری وردیلەکانی دەکرماند و دەیانیهاڕیەوە. لە بۆڕییەکی خوارەوە، بە پاوەدەری پکنک-ی، شێوە سپیاوی ئاردیی دەخرایە ناو قوتووەوە، یا لەناو پاکەتی خنجیلانەدا، بە دیاری بۆ کۆشک دەنێردرا.

- «سەیرە! ناتوانم هیچ ڕایەک دەرببڕم؟! مێشکی ئەمەی ناو ئەم قەڕابە شووشەییە، بە پێچەوانەی گشت زانست و زانیاری و تیورەکانی کیمیاو سیمیاو فیمیا و فیزیای نوێ و ئەستێرە ناسی و جەبرو هەندەسە و یاسای سرووشتی و یاسای ئاسمانی و ئەرزی..»

دیڤای ناو قەڕابە تێزابە شووشەییەکە، جووڵەی پێ کەوت. جووڵەیەکی تەنگەبەرە پاڵ پەستوویانە.» پەروەردەی دەستی ئەوانگەلە دەبێ چەند وا لەم وڵاتە و سەرجەم وڵاتانی دنیای ئەم سەردەمە و سەردەمانی پێشوو، پیتێنرابن!!»

توێژەرە مێژوو نووسەکە ئەوەی گوت..

- «ئای لە زەلیلی مرۆ و لە دیڤایەتی مرۆ؟!»

- «کاتێ لەناو دەچن وەکو خێو و درنجی ناوداستانەکان، نەوە بەدوای نەوەدا، دەماو دەم دەیگێڕنەوە. هەرچەندە ئێستە، وەکو سێبەری بەر ئاگر هەڵدەقونێن و چەپڵە لێدەدەن و سەما دەکەن!!

سەیرکە.. هەموو لێی تەکینەتەوە. کەس خۆی ناکا بە خاوەنی.. گلاو بووە. گلاویش بە حەوت قوڕاو دەردەکرێ، کوڕە خۆ ئەمە نەک بە حەوت قوڕاو، بەڵکو بە حەفتا قوڕاویش بیسمیل ناکرێت و گلاوی دەرناچێت!! ئای بۆ ئەو دەسەڵاتدارەی خۆی دەناسێتەوە و دوارۆژی خۆی ڕوون دەکاتەوە!

- «مەترسی لە هەڵبڕینی کورسیدایە».

پزیشکان لە دەوری کۆبوونەوە، هەریەکە جۆرە پشکنینێک و جۆرە توێژینەوەیەک و جۆرە ڕاپۆرتێکی ئامادە کرد.

دکتۆری نەشتەرگەری مێشک لەگەڵ دکتۆری دەروونناسدا کەوتنە وتوویژ:

- «چۆنە گەر قەڕابەکەی بشکێنین و ئەو قرغنە بهێنینە دەرەوە و جەستەی بەوردی بپشکنین؟!

یا لە هەر شانەیەک لە شانەکانی لەشیدا گەردیلەیەک، یا بە قەد بان ناخوێنێک ببڕین، بینێرین بۆ تاقیگەر»

– «بان ناخوێن چییە؟»

– «هەی چۆن نەتزانی؟ بان ناخـــوێـن، ســـەرە نینۆکێک».

– «بیرێکی چاکە.. بۆ بە ئەنجام گەیشتن وا چاکە».

– «تا ئەنجامی ئەو چاندنەمان پێ نەگا، هیچمان پێ ناکرێت!»

– جا، کێ دەڵێ: ئەگەر لەم قەڕابەیە، ڕزگاری بوو، کارەساتێکی کوشندەتر ناقەومێنێ؟!»

– «گەر بژێنرێتەوە، ئەوا لەم ژینگەیەدا، براپر، زیرۆح نابینرێتەوە!»

ڕاپۆرتەکەیان ئاڕاستـەی ژووری تیـشک کـردەوە، بۆ پەردە لابردن لەســەر ئەو شــتــە نەبینراوانەی، کــە لە مێشکیدا بووەوە و بوٚتە هۆی مراندنی! هەرچەندە ئەوان بە زمـانی پڕ لە هێـمـا دەدوان، دیاربوو هەسـتـەوەری، هەرچەندە جـیـقـڵـدان تەسک، ئەوەندە ڕوون و تەنک ببووەوە، تەنانەت تررووکەی چاویشی دەخوێندەوە!

دکتۆری دەروونناس، لێی هاتەوە پێش و گوتی:

– دەمێکە لەناو ئەم قەڕابەدای؟!

– بەدەنگێکی کەرخەوە:

– بە ئارەزووی خۆم نەبوو!

– چۆن؟

– باوەڕم بە هەستارەگەری هەبوو. هەوڵم بۆدا. پەیمانم لەگـەڵ ئەسـتـێـرەی ئەژدیهـادا بەست، ڕووحـانەتی چی گومڕاکانی جیهانی کۆن و تازە و تەنانەت لەجادووەکانی هارووت و مارووت–یشـیـان، تێکردم و گرێ بەندیان لە شانەی قەهرییانی وەکو کوچکی ئاسنینیان، لەسەر شێوە گەردیلەیەکـیـانی خاڵە ڕەشـەکـەی ناو دڵم.. پەیمانم دا، زیرۆح لەم وڵاتە و لەسەر زەوی نەهێڵم. هەر ئەوەندەم پێ کرا، پەیمان شکێن نیم؟!

کـاتێ ئاسـوودە دەبووەوە، یادەوەرەکـانی هەڵدەڕشت، نهـێنی ئەوتۆی لابوو، وا هەسـتت دەکـرد دەسـتکردی خەیاڵی خۆی و کـۆوارەی گشت داستـانەکـانی مـێژووی ئادەمیزادی لایە!

لرخە لرخی پێکەوت، کەوتە مڕە کردن. بە دەنگێکی کەرخەوە بە بڵمە بڵم گوتی:

– «دەبێ گۆی زەوی بتەقێنمەوە».

هێور بووەوە ئەمجا گوتی:

– دیڤــا، زۆرزانە، بەبێ ئەوەی کـەس پێی بزانێت دیواری بەهەشتی بڕی و «حەوا» لەخرچە برا.. دکتۆرەکە لێی پرسیەوە:

– «مەگەر بەمێشکتدا نەهاتووە، ببی بەمایەی خێر؟»

– «ئەدی چۆن! ئەگـەر سـووژدەم بۆ خـێـر بـبـردایە، ئەوا ڕزگارم دەبوو».. تەنانەت پێم گوت:

«ڕەحـمـەتی خـواوەند، چوار چێـوە ناکـرێت». گـوتی: «مەبەستت چییە؟»

گـوتم: خـۆ ئێـسـتـا ئەو مـردووە نەمـاوە، سـووژدە بۆ گڵەکەی بەرە، دەکەویتە بەر عافواتی گەردوونی گەورە.. ڕاما. سـەیری کـردم و ڕاما. مـەگـەر خـۆی بزانێت چی بەمێشکیا تێدەپەڕی و گوتی:

– بە زیندوویێتی سەرم بۆی دانەنواند، ئێـسـتـا کێ بە مردوویێتی!!

دای لە شەققەی باڵ و بەجێی هێشتن.

– ئا.. بەڵێ.. بە ئارەزووی خۆم نەبوو، تیشکی ڕەشم لێ وەرگرت. ئەتاش وێر!

بە چرکە، زاناکـان بەجـێـیـان نەدەهێـشت. چاودێریان دەکرد و بە وردی تێبینەکانیان دەنووسیەوە..

– «هەرچیم پێ ڕاسپێرابوو، کردم. گشتی لەژێر ناوی هەرسێ کوچکانەکەدا. گونی گوندارانم دەردەکرد! کەچی بە تەنیا مامەوەتەوە. ئاخ گەر جارێکی دی دەرفەتم دەس دەکەوێ! دەزانم چۆن دنیا دەسووتێنم. ویستم خۆم بکوژم، ڕۆح شیرینە، دەستم لەخۆ نەچوو..

– ئەدی ناو هەزار لووغانەکەت..

– «یەک پەل دیڤـا–م لەگـەڵدا بوو، گـشـتـی لەخـۆم دەچوون»

کـەوتە سـەرخـەت. بەرپرسـیـاری تیـشکی کـاشـفـە، ئامێرەکەی خستەوە گەڕ، لە بوونی ئادەمەوە تاکو کۆتایی ژیان و هێماکانی بوون و نەمان وکۆتایی مێژوو.

– من لەناو چووم. ڕۆژم ئاوا»

هاواری لێ هەستا، بەدەنگە کەرخەکەیەوە، دەیگرماند.

– «لەم تەنگەبەرە دەرم بکەن. پەیمان بێ، بتانژێنمەوە»

لێکۆڵەرەکەی تر گوتی:

– «تۆبەی گورگ مەرگە»..

ئەوی دیان:

« با دەری بێنین.. ئیـتـر ناژێـتـەوە. مـەگـەر نەتبیـست گوتی:

«دەبێ خۆم خۆم بخۆم»؟

– «دووپشک وایە. بیـــخـــەرە ناو بازنەیەکـــەوە، تەنگەتاوی بکە، بەخۆیەوە دەدات، خۆی دەکوژێت».

– «ئەم، ئەوە نییە بێ غیرەتە؟!»

– «کوڕە لە حەوت ئاوی داوە و قولی تەڕ نەبووە».

پرسیارێکی تریان ئاراستە کرد:

– «خۆراکت چی بوو؟»

– «ڕۆژی یەک قەڕابە شەرابی غوونی جیهانی»

یەقی دایەوە، ویسـتی بڕشـێـتـەوە.. خـێـرا دکـتـۆری

تاقیگەرەکە دەفرێکی هێناو لێی نزیک کردەوە. بەیەک قوم دەفرەکەی لە پارچە خوێنی مەییو پڕ کرد. هەر بە خێرایی بۆ تاقیگەر بردیان.

دکتۆری دەروونناس لێی پرسی:

– «نەتزانی ئەو شەرابە لە چی دروست دەکرا؟!

گرێی هەزار هەڵقەی ملیان بە ئاستەمێک شل کردەوە.

– «ترش و تفت و تورت و سوێر، قوڕگ توزێنەر بوو، بە چرکەیەک مێشکی دەتوزاندەوە.. نازانم چۆن پێناسەی بکەم. ویژدان مرێین بوو، بەڵام لەسەری ڕاهاتم. هەستم بە هەژانی دەروونی دەکرد. کەچی ڕاهاتم. ئولفەتم لەگەڵدا گرت. ئێستا بەبێ ئەو شەرابە نموونە سوور هەڵگەڕاوە، ناتوانم چاو لە یەک بنێم. کاتێ لێم دەبڕا شانەکانی مێشکم کاوە کاویان بوو! دڵ و دەروونم دەکەوتنە کڕاندن. خوێنەکەم دەکسپی..

– نەتزانی لەچی بۆت دروست دەکرا؟

– پەیوەندیمان لەگەڵ گشت دیڤاکاندا هەبوو. کەی کەرەسەکەی دەبڕا، کەرەسەی تریان بۆ دەهێنا.. لای ئێمە کەرەسەی مرۆ زۆرە، کارگەکان مرۆی کوردیان دەهاڕییەوە.. لەگەڵ کەرەسە خاوەکانی تردا، دەیان شێلاو تێکەڵیان دەکرد و بە کاریان دەهێنا. هەموو شتێکیان لێ دروست دەکرد.

– گوایە چۆن؟

– «بانکی خوێنی جیهانی، کەرەسە و ئامێر و کارگەمان لێ کڕین... کەتەلۆکی شەرابی غوون–مان، وەدەست کەوت.. نهێنیەکان شاراوەن، ناگوترێن، بەڵام دەتوانین سەرجەم سەر زەوی هەڵتەکدەین..

– چەکێکی کوشندەیە؟!

هەناسەیەکی قوڕک دڕانەی هەڵکێشا..

– «بە داخەوەیت؟!»

– «نەیانهێشت.. لە ڕێگەی ئەجانسی جیهانیەوە، نهێنییەکانیان درکاند. چی باغ و ڕەوەز و زەوی و زاریان هەبوو، کڕیبومان.. گوتمان: میوانن. ئەمڕۆ نە سبەی، دەسێکی تریان پیا دێنین.. ئاخ نەیانهێشت!!»

یەکێکیان گوتی:

– «کارگەکانی ڕۆژئاواش بێ تاوان نیین»

لە گشت لایەکەوە دەمیان لێ کردەوە:

– «ئەوە گوتت چی؟ چیت گوت؟!»

ئەوی دی:

– «تا نەوتی باشوور مابێت گەرمیان بێ گێچەڵ نابێ»

ئەندازیاری نەوت گوتی:

– «بیرە نەوتەکانی باباگوڕگوڕ، گابۆر، کۆرومۆر، کانی قادر، پەڵکانە؛ نەفتخانە، کە ئێستا داخراون، مەودای فەزاییان تیادایە.. توخمێکی تازەیان وەدەست هێناوە، لە دەرگای ئاسمانی کوردستانەوە بەرەو گەلە ئەستێرەکانی سەرووی ئاسمانی زەوییەوە دەکشێ..

ئەوی دیان گوتی:

– «چەند زانست پێش بکەوێ ئەم گەرمیانە حوزنی قەڵمبازکە دەکا..

– «ڕەشبین مەبە!»

– «چاومان زۆر لەسەرە، ناهێڵن چرۆ بکەین!»

– بڕوانە چەند ڕەگەزپەرستن! بڕوانە چی بەکورد دەڵێن:

– چی دەڵێن؟

– پێمان دەڵێن: سێ شت لەم دنیایەدا فەسادن: «کورد و جرج و کوللە» لە ناوبردنی دووسەد هەزار کەس لە ڕۆژ و تاقێکدا، لە سەرووی ئەقڵەوەیە...

باوەش بە باوەش، مەڵۆ بە مەڵۆ، نەوجوانانیان لە ژوورە تەنگەبەرەکاندا، قایم دەکرد، ئەمیان قۆڵ بەست کرد و تووڕیاندایە ژێر زەمینەکەوە. بۆنی شێداری و ڕۆنکاوی ئێسک و پروسکی مرۆ و کەللەسەرێکی زۆر و نووزە و قیژە و بەرز و نزمی هەناسە گوشراوەکانی هاتەوە گوێی، نزرەی جەستە کوتراوان، تا دەهات لەناو مێشکیا دەزرنگایەوە. تاریک و نووتەک. هەموو شتێکیان لەبیر بردبووەوە، تەنیا ئەوە نەبێ، لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– «بشم کوژن، لەت لەتم بکەن، ناوی کەس نادەم».

جیرەی دەرگای ژێر زەمینەکە هاتەوە گوێی. چەند دیڤای ڕەشی قرپی، مەچەک ئەستووری لچ مۆر، هاتنە ژوورەوە. قژەکەیان داتەکاند. قوڵچەیەک بەدەستیانەوە هات و قرچە لەناو جگەرمانەوە هات.. ئەمجا کەوتنە وێزەی، ئەم هاواری لە دەم نەهاتە دەر» ئەوەندەی تر پێی قەڵس بوون.. ئامێری ئەشکەنجەدان نەما بەکاری نەهێنن، جەستەی میر و جانی دەکرد. شۆڕاوەی خوێن چۆڕاوگەی بەست. کێشایان بە دەمیاو گوتی:

– «خۆ دیقم کرد. دەبڵێ ئاخ، تاکو وازت لێ بێنم»

وەکو دەروونناسان دەڵێن:

(داپڵۆسەر، لەپاش جەزرەبەدان و ئەشکەنجەدانی نێچیرەکەی، بێزار و ماندوو دەبێ و هۆک بەر نادا، بەزەیی پێدا دێتەوە، بۆیە حەز دەکا گوێی لەتکاو پاڕانەوە بێت). مرۆیەک، نەتەوەیەک، لەسەر ناهەق قرچە شکێن بکرێت «دەبێ دان بەچیدابنێت، ئەی مرۆڤناسانی بێ مرۆڤایەتی!!»

یەکێکی تریان، هێنایە ژوورەوە، ڕێزیان لێ گرت و پێیان گوت:

– «خۆت سەر پشک بە،ئەوە سێ خەتە. بە کامەیان سوێن دەخۆیت، بڕوات پێ دەکەین»

خەتێکیان ناوی خوای لەسەر بوو، ئەوی تریان

قورئانێک بوو، سێهەمیان ناوی (عەلی)..
ئەم مرۆڤە بێ تاوانە، هیچی نەکردبوو، سەری لە هیچ دەرنەدەکرد، بەڵکو لەپێش چاوی ئەو هەموو خەڵکە، چوار پەلیان گرت، خستیانە ناو ئیڤاکەوە، بردیان. ئای لەو ڕۆژەش کە شار دەقلیشایەوە و ڕەشبگیری و ڕەشەکوژی دەستی پێ کرد!
پاڕایەوە و ئەوەی جەخت کرد کە لە هیچدا نییە و کاسبکارە و خێزانی بەسەردا کەوتووە. ئەم زۆری گوت و ئەوان کەمیان بیست.
- سوێند بخۆ؟
- بۆ خاتری خوا. بۆ خاتری قورئان بۆ خاتری پێغەمبەر..
گوتیان:
- سەیرکەن چەن بە جەرگە و دڵ گەرمە، سوێند بە هەرسێکی دەخوا.
لەسەر کورسییە خوێناوێکە بەستیانەوە. هەرسێ خەتەکەیان بۆ کردەوە. وەکو کەڵەشێری سەربڕاو کەوتە سەما کردن.. مەلای مزگەوتەکەش، خوتبەی هەینی لەسەر ئاگری دۆزەخ و لەشیشدان و ئێش و ئەشکەنجەی ناو دۆزەخی بۆ نوێژکارە هاتوانی شارەکانی باکوور و باشووری دڵ و دەروون تەپیوی خەفەت پۆش- کە بۆ مواجهە هاتبوون- باس دەکرد و دەیگوت:
- «عەزابی دۆزەخ سەختە، ئاوی کوڵاو کوڵ، ڕەحەتی ئاسنین پێچانی مرۆ بە هەفتا گەزی مسی گەرم کراو..»
نوێژکەران، ئەوەندە ئەو خوتبەیە، تەحسیری تێکردبوون، بە کوڵ دەگریان، نەیاندەزانی لە ژوورەکانی ژێر زەمینەکاندا، مەشق لەسەر ڕۆڵەکانیان و مرۆی بێ تاوان دەکرا، یەکێکیان نەبێ لەبەر خۆیەوە گوتی:
- «ئەوە باس لەچی دەکەی؟ ئاگات لە هەر سێ خەتەکە هەیە؟!»
- «هەی لەوە!! ئەوە باسی چی دەکا؟! هەر سێ خەتەکە لای ئەمەوە دەستی پێکردووە»..
ئەو سیخوڕە مێشک کونکەرەی ئەو مرۆڤە بێ تاوانەی، کە بە درێل، مەغزی کرد بە کەفەکەرەی مەشکەی ژەنراو، جادە بە جادە شەقام بە شەقام دەگەڕاو دەیگوت:
- «بۆ خاتری خوا. ئازادم بکەن.. گشت شوێنەکانتان پێ دەناسێنم.. ئاخ چیم بەخۆم کرد؟ بۆ کێ وام کرد؟»
کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە، یەکەمیان لەبەر ترس، نەوەک بۆ خەفیەتی بەڕەڵای ناو شەقامەکانیان کردبێت، دووەمیشیان ئەگەر ئەو کارەی کە هاواری لێ هەستاوە بە ئەنجام دابێ، تلانەوەی بەو دەردەوە چاکترین سزای دەروونییە و عیبرەتێکە بۆ هەر ڕاپۆرتنووسێک و خۆفرۆشێک.. ڕەسم و ئیسم و وێنە گوم نابێت، گشت تۆمارە. درۆ مەودای کورتە، کاری گەورە هەر بە خواوەندی گەورە دەکرێت..
بەڕێوەبەری ئامێری کاشیفەکە، پەنجەی بە دوگمەیەکدا، نا، شوێنێکی نهێنی لە بیابانێکی چۆڵ و هۆڵدا، لەژێر زەویەوە حەوز بە حەوز، ژوور بە ژووری پیشان دا.
حەوزێکی گەورە چەندین مەترە سێ جاری، لووس و پووس، بێ کون.. بێ درز. چۆن دروست کرابوو لە کێشی مرۆدا نەبوو، حەوزێکی وا، دەیان بۆڕی و بەلووعە و پەیژە و پێپلیکانی و قالدرمەی بەناویەکدا تێهەڵکێشراوی ئاڵۆزاوی و لاکێشەی کارەبایی لە چوار دەوریا، کە مرۆ قۆڵبەستراوەکەیان لەسەر ئەو لاکێشەیە، ڕادەخست، دەستیان بە دوگمەیدا دەنا، دەکشایەوە سەرەوە، لە ئاستی تاقێکی بچکۆلەوە دەوەستا. تاقەکە سەری مرۆیەکی پێوە دەچوو. ئەو تاقە بچکۆلەیەش دەکشا، لەگەڵ کشانیا، ملی مرۆڤەکە لەگەڵیا درێژدەبووەوە. دوگمەیەکی تر، چەقۆی ستەمکاری بە ملیا دەهێناو خوێنبەرەکانی مل و دڵی، خاڵی دەکرانەوە»
ئەمجا بە ئامێرێکی تر فشار دەکرا. تەنیا پێست و ئێسقان دەمانەوە. لەژێر ئەو حەوزەشەوە، کارگەی دی و پاڵاوتن و جیاکردنەوەی گەردیلەکانی خوێن، دەستی پێ دەکرد. ئای لەبەر پرسیارە هەڵگەڕاوەکان، هەر خەریکی تیفتیفدانی خۆیان بوون، بە تووڵ خۆیانیان دەتەکاندەوە، مادامێکی کاریان ماشیییە!! دەتریقانەوە، پێچکەی ماشینەکانیان کەللە سەری نەوجەوانان بوو.
دیڤای ناو قەڕابە شووشەبینەکە، خۆی تەریب کێش کرد، بەڵام لەبەر تەنگەبەری گوشار و پەستێنراوی، خۆیان، لوول کردەوە و کەوتە مرە مر.
پرۆفیسۆرەکە هەمان پرسیاری لێ کردەوە:
- «بۆ وات لەو هاوڵاتیانەی خۆت دەکرد؟»
- «گەر وام نەکردبا، جێگایان پێ لەق دەکردم».
- «لەبەرچی؟»
- «ویستم هەست بە بوونی خۆم بکەم. ببم بە خاوەنی ئەم کان و کانزاو خەزنەیە.. ئێستاش لەناو ئەم قەڕابەیەدام، ئەوەی بڵێ: «لەل»، زمانی دەبڕم»
گشت کوچە و بازاڕ و دارتەلێک بەو پۆستەرە دەم قوفڵ دراوانە هەڵواسرابوو؟!
خوێن قسنە، گشت شتێکی بینراو و نەبینراوی لێ دروست دەکرێ. مێژووی ئادەمیزاد خاڵی نییە لە خوێنمژان، ئێستاش لەم سەردەمە ڕووناکیەدا، پڕوپاگەندە دەکرێ. چۆن دەتوانیت دوژمنەکەت لەناو بەریت و دەست لە خوێنەکەی بشۆریت و لەگەڵ تەرمەکەشیدا بڕۆیت،

پڕوپاگـەندەی مـێـژوویـیـانەشی بدەیتـە پاڵ و خـۆت سەرفەرازکەی؟! تەنیا بۆ دەرکردنی ناو، چەند دراوێک، ڕیسـوای گـشت ئالەم: ئەوانە شـەرم نایانگرێت مـێـژوو هەڵدەگێڕنەوە:

«ڕەنگ عـفـریت.. مـەچەک ئەسـتـوور.. کەللە زل.. قـەپۆز قـەوی.. لەگـەڵ شـاندێکدا، لە بۆ پـیـرۆزبـایی گەیشتە لای سەروەری خوا».

بڕوانە بە ناو زانایانەوە، مـەلاکـانی سـەردەمی ئەتاشوێرەوە، چییان بۆ دروست کردیت؟ چۆن فەرموودەی دروستکراویان، ئاوینتـە ناو دوو تۆی مـێـژووەوە. تا مـێـژووەکـەت، لە پڕوپاگـەندە و لەو فـەرمـوودە دروستکراوانە، ڕزگاری دەکەیت، ئەگەر بتهێڵن چەندت دەوێ؟!

سەروەری خوا ڕاچڵەکی و فەرمووی:

– «لە چی هۆزێکی»؟

بەدەنگێکی گڕ، گوتی:

– «گورد، قوربان».

فەرمووی:

– «دەک ماڵتان بڕمێت!» ئەمجا گوتی: «خوایە ئەمانە قەت سەرنەکەون، ئەگینا گشت دنیا داگیر دەکەن؟!» لەو ڕۆژەوە کورد یەکبوونی بەخۆیەوە نەدیوە. «تۆ بڵێیت: ئەم گێڕاوە ڕاست بێت؟» لەخۆتت پرسیەوە. «نەخێر، ئەمە دەسکردە.. کۆلکە مەلاکان بۆ بەرژەوەندی خـۆیان و نزیک بوونەوەیان لە دەسـەڵات، ئەوەیان سازداوە.. ئەگینە، سەروەری خوا لە سەروەری پیت و فرۆ زیاتر چی دی نەویستووە.».

زۆرجار گوتراوە: مـێـژوو، براوەکان دەینووسنەوە، چەوساوەکان لەژێر باری قورسی ناو بەستەڵەکی مێژوو ڕەق دەبنەوە. سەرم لەوە سوڕماوە، ئەم جۆرە دیڤانە چۆن دەدۆزنەوە و پەروەردە دەکرێن و دەبنە زەعلەبوول و چۆک لەسەر سینگی داماوان دادەنێن؟! کارگەی جیهانیان، زۆریان لەو جۆرە کۆپی کردووە؟!

لای لە هاوڕێکەی کردەوە گوتی:

– «ئەمەیان بە شەمەنەفەر هێنا. لە فیستگلاسدا هێنایانە خوارەوە».

– «ئەمە کۆتری ئاشتی بوو؟!!» «خدری زیندە بوو؟!!»

– «کان و کانزاو خەزنەکانی وڵاتمان، خدری زیندەن و دوژمنی گیرفانی هەژارانن!»

پیاوە پیرە نوێژەرەکە، بەچاوی خۆی بینی، گەورە و بچووک، گیاندار و بێ گیان، وەکو گەڵای درەختی پاییزێکی سەخت، دەوەرین یا دەئاخێنرانە ناو زیلەکانەوە و بە تانک ڕاو دەنران.

ئەو دیمەنانەی بۆ هەرس نەکرا، ناشکوری کرد و گوتی:

– «ئەی خودایە! خۆزگە تۆزێک لەو بۆنە سێودارەت هەڵبمژیایە، جا بزانە خۆت دەگرت!!»

ئەوی دی گوتی:

– دەوەرە گرانەتێیت بێ و بنکری پاشماوەی برنجە سوورەی دوێنێ ئێوارە، دایکت، دەسکێ کەرەوزی تێ جنیو و کوڵاندی و خستیەوە بەردەستیان، تامی ئاوی گەڕاوی «پەڵکانە» و «قۆترجە»ی دەدا.

ئای لەو ئێوارەیەش کە دابەزیتە بازاڕ و «کوانە» پڕ خەڵووزەکەت بینی، کە چۆن ماسییە چاو گەشەکان، پەیتا پەیتا دەبرژان و بە سینی پان پان و گەورە گەورە ڕەوانە دەکران؟! ئەی کۆشک و تەلارەکان؟

لەبەر خۆیەوە گوتی (هەروا بووە و هەرواش دەبێ).

ڕاما. بیری لە داماوان و نەبووەکان و جەستە نەخۆشەکان و دەروونە نەخۆشەکانی ناو مێژووی پێش کۆتایی و پاش کۆتایی مێژوو، کردەوە. قاپە ڤافۆنەکەی هەڵگرت و ڕووی دەمی لە گەردوونی گەورە کرد و گوتی:

– «دەفەرموو، کەوچکێکی لێ بخۆ. دەی دەی فەرموو، بزانە بۆت دەخورێ؟! ناتوانی بمانژێنی بۆ دروستمان دەکەی؟ ها.. بۆ سەیر و سەمەری خۆت! ئا.. بە ئارەزوو؟! بۆ وامان لێ دەکەی؟ بۆ وامان لێ دەکەی؟! ئەوا ئێمە دەسەڵاتمان لێ براوە، خۆ خۆت دەسەڵاتداری؟ قینی چل ساڵەت کەی دەجۆشێت؟ گەر جۆشاش، دەبێ خۆمان هەڵگرین بۆ لەرزین، دوا براوێکی دی سەرەی گرتووە! کەی ئەمە ڕەوای هەقە خودایە لە خاکی خۆت لە وڵاتی خۆت، نە ئارام بیت و نە تێر نان خواسایی بخۆیت، مەگەر پیشەت هەر نامۆ و ڕەوتەنی بێت!!»

وەڵامی ئەو گشت پرسیارانە ڕەنگ بێ لای دیڤای ناو قەڕابە گازەکەدا وە دەست بێت.. زۆر بە دڵ گەرمییەوە باسی ڕەوشت بەرزی و پیاوەتی و مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و شارستانیەتی سەدان ساڵەی دەکرد و کەچی بنێشتە خۆشەی ژێر دانی گۆشتی مرۆ و شەرابی بەهەشتی وی و ئارام بەخشی، شەرابی غوون بوو... قەت حەزی لە نوێژەنی نەبوو لە کەلاوە زیاتر!! گشت وایە خەم مەخۆ!

هەر لەخۆیەوە بڵمە بڵمێکی کرد و گوتی:

– «گۆشتی مرۆ تاڵە.. ویستیان پارچەیەک لە دڵم دابپچڕێن.. بۆیە پاکتاوم کردن. دەبوایە لە مێژەوە لەسەر ئەم زەوییەدا نەمابایەن»..

ملی خۆی خێز کرد و باڵ چاوی بەرزکردەوە و ببووە گوڵمی خوێن:

– ئا ئەوەمان. لەپێش چاومدان، شوێن بەخۆم ناگرم.. ئەوەتام خزاومەتە ناو ئەم قەڕابە تیزابەوە.. چوار پەلیان

گـرتم.. بەرەو جـیـهـانی «سگگیین»م ڕاپێچ دەکـەن! «هەناسـەیەکی دا و» بەس ئەمـجارە.. ڕزگارم بکەن لەم قەڕابەیە؟!

بەس ڕزگـارم بێت، خـاکـیـان دەکـەمـە تـوورەکـە.. جادەکانیان دەکەمە فلکەی ماجووم»..

– دەک خوا پایەدارت نەکا!

پرۆفیسۆری زمانەوانی، وشەی سگگیین–ی بەرگوێ کـەوت. لاپەڕەکـانی فـەرهەنگی مـاد و لۆلۆکـانی هەڵدایەوە، بینی بە درێژی تەمـەنی مـێـژوویان هەر تەنووریان بۆ داخـراوە.. سگگیین واتا: توون، فـڕن، تەنوور، کـوانەی لە سـەرەوە تەسک و لە بنەوە پان، دەگەیەنێ، لەبن بنەوە، دوور دوور ئێجگار دوور لەبن بن عەردەوە دەرگەکانی بەقەد تاقێک–ی بچووک بچووک، دەردەکەون، خوا کردە، ئەوەتا، بە چاوی خۆی دەیبینێ گوشاری ئەو سگگیینە! نە ئەوەتا بمرێت و نەجاتی بێت نەش ئەوەتا زیندوو بێت و بژێتـەوە، دڵی وەکـو بەرد و پێـستی وەکـو چەرمی سـەمـەندەل هەتا هەتایە، تیـا دەمێنێتەوە و کەسیش یادی ناکات و لەبیریش دەچێتەوە و سوبح و ئێوارە هەر دەسووتێت و هەر دەسووتێنرێت.

لێـرەوە پسـپـۆڕانی زمـانەوانی، کـەوتنە گـەڕان و پشکنینی فـەرهەنگە دێرینەکـان، دەیان و سـەدان وشـەی سەدان ساڵەیان وەدەست کەوت و نەمرییان بەخۆیانەوە دیوە و بە بەردەوامی فەرهەنگیان زیندوو دەکرێتەوە..

ئەو بیانییە گوتی:

– «بە ڕاستی ئێوە سەمەندەرن».

دیڤـاکـە، نەوچەوانی گـرژکـردەوە. چاوی سـوورە ڕەش هەڵگەڕا. فیشکانی:

– «چی لێرە و چی لەوێ، شوێن نییە سگگینێکم تیا دروست نەکردبێت سگگین بۆ ئێمە نییە، بەڵکو بۆ ئەو ڕەش و ڕووتانەیە، کە سەرپێچی دەکەن.. زمان درێژن.. داوای خـۆراک و نەوت بۆ چرا دەکـەن. دەیانەوێ سنوور ببـەزێنن. لە یاسـا دەرچن.. بەس ڕزگـارم بێت، منداڵی سـڵـپـاتیـان دەکـوژم. ژنیـان نەزۆک دەخـەم. باوەڕیان دەشڵـەقێنم.. مـێـشکـیان دەشـۆمـەوە. نانیـان لێ قت دەکـەم. بە یەکـیـانـدا دەدەم.. تۆڵەی خـۆم، لە ژن و کـیژانیـان دەکەمەوە. فـێری گشت ساختەچێتییـەکیان دەکـەم.. دارو بەردیان لێ هەڵدەگـێـڕمـەوە. کان و کـانزاو ڕەزو باخیان، لێ دەسێنمەوە. بە پارە دەیانکڕم.. ئەوەی بەمە قایییل نییە، بۆ کوێ دەڕوات، سەری لە بەرد دات!»

مت بووەوە. درژانگەی دا. پوێران بردیەوە.

خێـرا، سۆنارە کۆمپیوتەرەکەیان خستە سەر مێشکی. جیهـانە سگگینەکەی پیشـان دا. خانوو بەرەیەکی پان و بەرین، ژوور لەناو ژوور، پەرژین کـراوی تەزووی کـارەبا لە ژێر زەوی، لـە چۆڵ و هۆڵـێـکی بیـــابـانـدا دروست کرابوون..

بەرمـیـلە حـەمـامی ژمـارە زۆرینە دەرکـەوت، بە دوو یاساوڵ، یەک لەدوای یەک پەلیان دەگرت و دەیانخستە ناو بەرمیلەکەناوە سەریان دادەپۆشیەوە، بەکاربۆن لەحیم دەکران. بەزیندووتی مرۆ بخرێتە ناو بەرمیلەوە و لەحیم بکرێت، دەبێ چی زمانێکی پاراو بتـوانێت باسی بکات و دایڕێژێتەوە؟!

ئەو یاساوڵانە فت کران تا نهێنییەکان نەدرکێنن!!

لەولاشەوە، دەیان مـەرکـانە، بەباڵای پیـاو، خـەڵکـیـان دەهێناو دەیان خستنەوە ناویەوە، سەر قەپاخیان دادەدا. سنگێکی ئاسنیـنیـان بە سەریا دادەکوتا. مەرکـانەکـان، ئارەقی خوێنینیان دەردەدا.. ڕۆن و ڕۆنکاری ئەو مرۆڤانە لەو بیـابانـە وەکـو مـەنجـەڵی بوخـاری هەڵمی دەسـڕۆ دووفاقەکان. دەکوڵان..

ژوورێکی تەنگەبەری تری پیشـان دا، دوو نەوجەوان، لەناو لیتاوی کێم و زووخ و ئارەق و بۆن و برینی جەستە کـوتراوەکـەیان، لەناو ئەو خـوێنە پیـرۆزە، تێکەڵاو ببووەوەی ناو ئاواتەکانیان، دەگەوزانەوە.

لە ڕێگای مـێشک و جەسـتە و دەروونەوە، هەسـتـتـان ڕوون ڕوون شەففاف ببووەوە. هەموو شتێکتان دەبینی، هەستتان بە گشت ئازارەکانی کەس و کارو گەرمیانیەکان دەکـرد. ئەوا ڕادەگـوێزرانەوە. ئێـوەش، بەدەم خـەوەوە، هەڵدەســتـــان و دەکـەوتنە ڕێ. ناچار بوون، شـەوان، دەرگاکان قوفڵ بدەن و کلیلی دەرگای حەوشەو مەدخەل، بشـارنەوە.. ئەوان دەکـوتران.. ئێـوەش تاکـو بەرەبەیان وەنەوزتان نەدەکرد و ئاخ و ئۆف و ئازارەکانیان، جەستەی ئێـوەی دادەگـرت و تا ڕۆژکـەوتن دەتان نزراند.. ئەوان دەگەوزانەوە، ئێوەش، لەناو بەرمیلە لەحیـمـاوییـەکانـدا، دەگەوزانەوە، کاتێک بە ئاگـا دەهاتنەوە، ئەو دیمەنانەتان لەپێش چاو بوو. ئای چاوی دڵ تیـژە گـشت شـتـێک دەبینێ!! دەرگـەکـانتـان دەکـردەوە، سـا، بەڵکو لەگـەڵ هەناسـەدانی ڕۆژدا، هەناسـەی خـەمـەکـان، بڕوێنەوە و ڕەشەبا، ڕایانماڵێت؟!

ئەم مرۆیە، زۆر گەورەیە. بە ڕاستی سەمەندەلە. مرۆی دەس پاک و دڵ پاک و داوێن پاک، قـرۆقاتی و برسێتی ڕێگای بینینی گەردوونی، لێ ناگرێت، بەڵکو گەشەتری دەکات و نەفـرەتی بوونەوەران، ئەوەی دەبینرێن و ئەوەی نابینرێن، دەکەوێتە سەر دزو جەردە و تالانچی و درۆزن و دووفـاق و خـۆ فـرۆشـان. مـێـژوو بەسـەبرە، بۆیە بە ڕاشکاوی، لە دیواری ژوورەکەیانەوە، گوێتان لە سروودی «من لە زنجیر و تەناف و دارو بەند باکم نییە» دەبوو.

ئەوان لەکوێ؟ ئێوە لێرە.. ئەم. پاراسایکلۆژییەی مرۆ

چ کارێکی خواوەندی گەورەیە!! خێزان، کەس و کار، قەوم و خوێش نەتەوە و هاو زمانی، گشتی بە یەکەوە گرێچین.. نەفرەت لەوانەی دەیپچڕێن و ناهێڵن گەشە بکات!! ئەوانەی زوڵمباتن و بیناییان کوێرە. هەناسەیان ژماردنی پارە و ماشێن و قاقایە.

پیاوە پیرە ڕیش سپێکە، بەهەرحاڵ، خۆی گەیاندە لای ئەفسەرەکە و لێی پاڕایەوە، ئەو کوڕە بێ تاوانەی بۆ بەردەن، یا هەر نەبێ چاوی پێ بکەوێت، خەمی خۆی نەبوو، خەمی کوڕەکەی بوو. ئای جگەر چەند خانەبڕە!! بە یاساوڵەکەی گوت:

– «سەیری دگانەکانی بکەن بزانە شیرەی کردووە؟»

ئەوی دی،

ئەفسەرەکە تێیخوڕی: «چاوەڕوان بە!»

ئەوەندەی پێنەچوو، کوڕەکەیان بە سەرو پێچکەییەوە، خستیانە بەردەستی، لەناو قولێنەیەکی لە سەعف خورما، دروستکراودا... هەر چاوی پێ کەوت، گیانی سپارد.

کارگەیەکی تر، کەوتبووە گەڕ، ئێسک و پروسک، خوێن و گۆشتی دەکرد بە ماجووم و بە لوولەی ژێر مەرکانەکاندا بە کونجە باریکەکاندا، دەڕۆشت، لە ژوورەکەی ئەو دیودا، دیڤاکان، لەژێر بایەکی فێنکدا دەتریقانەوە.. دەخرایە ناو قوتووی سەر مۆرەوە، مارکەی سگگینی خەتەرناکیان لەسەر مۆر دەکرد.

پرۆفیسۆرەکان سەریان لەم کارگانە ئاوسا بوو!!

هەواڵێک لە ئەستێرەی مەرگەوە، ڕایگەیاند:

– [باو بۆرانێک و تۆف و جەغماغە و گەردەلول و زەریانێک لە ئەستێرەی گەشی (کاف)ەوە هەڵدەکا و گیارەشی ساتە مەرگیان پێیە، دەرخواردی دیڤاکان دەدرێت.. مرۆی ئەستێرە گەشەی کێو و شاخەکانی (کاف)ەوە، گزنگی ڕۆژی هەڵهاتووی گەلی گەردوونییەوە، هەناسەی پاکی بەهار و نێرگز و نەورۆزی تازە پێگەیشتووی (کاف) هەڵدەمژن].. یەکێک لەو زانایانە، توانی بە ڕێگای ئینساتەوە، لە ئامێری سۆنارەکەوە چەند وێنەیەک و لە ئینتەرنێتی مێشکییەوە چەند نامەیەکی تۆمار کردنی ناو شانەکانی دەست بکەوێت:

– (بیان کوژن. بیان خۆن.. پیاوەتی مەکەن. بیان گرن. هەراجیان بکەن. لە بازاڕە نەوتاویەکاندا بیان فرۆشن.. لەسەر سینگی کیژۆڵەیان، یاری پەپاز بکەن. گەورە و بچووکیان بهاڕنەوە.. مەهێڵن چاو بکەنەوە. پڕ چاوی زیندۆکانیان ژەنگار بکەن، ئەمانە گەر یەک بگرنەوە، دووەم دەوڵەتی «جوو» دروست دەکەن. هەراسانتان دەکەن..

بیان کرن. بە پارە لینگیان لە دەرپێکانیانەوە دەربێن. چاو شۆڕی پارە و ئاکیان بکەن. لە هەر ماڵێکدا چوخمێکی دوو هۆدەیان پێ دروست بکەن!)

مرۆی نەفس نزمیشمان هەبوو، بۆ شاردنەوەی ئاکەکانی و پەردەپۆش کردنی داوێن پیسی خۆی چووە دەم بانگەوازەوە سیکسەلۆژی بانگەشەی بۆ کرا. تەشەنەی کرد، «لەگاوخانە» پەرەی سەند، سڕ بوون ببووە پیشەی خۆ فرۆشان.

– «ئا.. با ئەوەشتان لەبیر نەچێت، ئەم دەق و فەرمانانە لە شانەی سەر و دڵ و دەروونی هەموو سیخوڕێک تۆمار بکەن. پارەیان بۆ هەڵڕێژن»

«ئای سەیارەیان بەسەردا دابەشکراو چوخت بوون و چوختیوان چوونە ڕیزی دانە پشکلدانەوە».

لەبەر خۆیەوە گوتی:

– «دەشێ لەم وڵاتەدا گشت شتێک کۆتایی بێت تەنیا دوابڕاوی و سیخوڕی نەبێ.. قڕو قاتی دوایی دێ. درەخت لەناو دەچێ، ئاو وشک دەکا، خانووبەرە تێکدەدرێ، گشت شتێک کۆتایی دێت، تەنیا سیخوڕی دوایی نایەت» هەناسەی خاک و گڵ، دارو درەخت، دەشت و چیا، شاخ و کێو، تا دەهات سوارتر دەبووەوە.. هەناسەی بۆگەنی ڕقاوی دیڤاکان هەموو کون و قوژبنێکی داگیر کردبوو..

کەس نەیدەوێرا، تەنانەت بەتیلەی چاویش تێیان بڕوانێت! ئەو هەموو دەقانە، بە وێنە و بەدەنگ، ڕادەگەیەنران. هەلپەرستان، کەوتووبوونە چرپ و جاپەوە. گوێ سمراوەکان، کەللە سەرێک یا گوێچکەیەکیان دەکردە دیاری و بە ئەرخاین دەنووستن (ئێمەش خەو لە چاومان نەدەکەوت. لەگشت ئان و زەمانێکدا، هەر لە پێشەوەن! گلەیی لە بەختی خۆت بۆ دەکەی؟! تۆیەک، نەتتوانی زەمی ئەم و ئەو بکەیت، چۆن پێدەگەیت؟!).

لێپرسراوی مۆزەخانەکە، کتێبی داستانی قۆپی قەراغی کردەوە. دوو وێنەی سەیری پیشان زاناکەی تەنیشتی دا. وێنەیەکیان بریتی بوو لە بارمتەیەکی زنجیر لە لووت کراو، لە تاشە بەردێکەوە بۆ خوارەوە پاڵی پێوە دەنێ. تۆ دەتوانی بچیتە قاووغی، ئەو دیلە هەڵدراوەوە، کە چۆن لەناخەوە هەست بە هەپروون هەپروونی خۆی دەکات و چەند دڵی بە ژیان خۆشە!

– سەیرکە، ئەو فرۆکەیە چی دەخاتە خوارەوە؟

تۆ بڵێیت خواردەمەنی بێت؟

کۆمپیوتەرەکەیان ڕووناکتر کردەوە. بیابانێکی پان و بەرین، لە لم و قوم زیاتر هیچی تیا بەدی نەدەکرا، پۆل پۆل، فرۆکە دەهات و شتی لێ دەکەوتە خوارەوە. سەرنجیان دا، بینییان لە قوولایی ئاسمانەوە، پارچە

پارچە تەیری پەڕوباڵ کراو، دەهاژێن بەرەو خوارەوە.
– «خۆ ئەوە خۆراک نییە! تەیرو باڵندەش نین!»
– کوڕە ئەوە خەڵکی ئەم ناوەن، رووت و قووت کراون و دەخرێنە خوارەوە. نەیانهێشتووە تەنانەت ماڵاوایی لە کەس و کارو وڵات بکەن! «گەرمیانین. خەڵکی خەتی تەماسن» ئەو کابرا رەوتەنییە ئەوەی وت..
گەردەلوولی بیابانەکە هەڵی کرد، تەپە لمەکان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، دەگوێزرانەوە.. پێش سۆنارەکەی داگرتەوە، کردی بە تەم و لمێک هیچی دی تیا نەدەبینرا.
وێنەی دووەمی گەورە کردەوە، لە سگگینێکی گەورە، شێوە ئەشکەوتێکی هەزار لۆخانە، دەیان ژووری جۆراوجۆر، لە بەردە ئاسنینی دروستکراو. بەدەیان مەترە لەژێر زەوییەوە. هەر ژوورێک، یەک مەترە دووجا، لەناو یەکێک لەو ژوورانەدا مەرکانەیەکی گەورە، بەپێی قەوارەی زەلامێکی چوارشانە، دەخرایەوە ناو یەکێک لەو کوپانەوە.. مێخێکی سومانی دروستکراویان دەکوتایە سەر سەری. لەناو کوپەی ئەو ژوورە تەنگەبەرەدا، ئاگریان خۆش دەکرد، سووتەمەنیەکەش، سرو سوقانی نەوجوانانی رەش و رووتی ئەم دەڤەرە سەرلێشێواوە بوون.
مرۆی ناو کووپەکەش دەپیشا. دەکولا. دەمرد. زیندوو دەبووەوە. چاوەڕوانی هەناسەی بەرەبەیانی ئازاد بوونیان دەکرد.
– «گەورەم، دان بە تاوانەکانیا نانێت؟»
– «چۆن؟ یاخی دەبێت؟»
خۆی کرد بە ژوورە تەنگەبەرەکەدا و تێی خوڕی.
– «چمە ئەبیتە حوکمەت لێمان! یاخی ئەبی؟ بۆ ئیعتراف ناکەیت؟ من دەزانم چۆن چارەت دەکەم.»
ئەفسەرەکە فەرمانی دا، چوار پەلیان بەست. چاویان کردەوە تیشکێکی شینی کارەباییان تێگرت.
زریکانی و خامۆش بووەوە، بەڵام چاوی دڵی گەشتر بووەوە.
– «ئاوەها. لەناویان بەرن. ئەمانە دەیانەوێ ببن بە عوکمەت؟!»
کامێرەکە چووە سەر ژوورێکی تر. چوار کەسی تێئاخنرابوو. یەکێکیان لەسەر کورسیەک ساوا ئاسا، بە تەلی ئەستوور شەتەک درابوو، لەسەر سەریشیەوە، زەبەللاحێکی ئیحساس مردوو. درێلێکی ئاسن، کونکەرەی، بەدەستەوە بوو. دەمە تیژەکەی نابوە تەوقی سەریەوە. تێی خوڕی:
– «ئێستا چی ئێژیت؟ بلێ من کردوومە و ناوی هاوڕێکانت بێژە، رزگارت دەکەم. وە ئیللا ئێستا بەمە مەغزت بەر دەدەم».
ئەویش زاق زاق سەیری دەکرد.. بێ ورتە. بێ جووڵە.
– «هەر قسە ناکەیت ها.. دە بگرە».
درێلەکەی خستەوە گەڕ. مەغزی پلیت بەو ناوە بڵاوبووەوە.
– «بەخوا بردمەوە» یەکەم وشە و دوا وشەی ئەوە بوو.
یاساوڵە لچ ئەستوورەکە، لەو هاوارەی ئەو تۆقی چوو. درێلی فڕەدا. بە زیڕ و پاڵ هێستریانە رایکردە دەرەوە. لە حەژبەتا هەڵۆرکەی دەکرد. ئەو ناوەی شڵەژاند. گرتیان. بردیانە لای پزیشکی سگگینەکە، کەوتە پشکنینی. سێیەم خانەی شێتی بڕیبوو، گوتی:
– «کەڵکی نەماوە، بەرەڵای بکەن. پەتەڕییە».
هەرچی بینیایە بۆی دەگێڕایەوە کە چۆن بە درێل مەغزی ئەو گەنجەی دەرکردووە.

– خەڵکینە! ئەوەی بە درێلەکە سەرم کون کرد. هاوڕێی خۆم بوو. لە شانەیەکدا کارمان دەکرد. من ئینکارم کرد. دواجار پێیان گوتم: ئەگەر پەردە لەسەر نهێنیەکان لابدەیت بەرەڵات دەکەین» من کردم.. ئەو وتی:
«قەسەم بەخوا خوداوەندم دی بەهەشتم دی».
ئەوانەی کارەکانیان پێ ئەنجام دەدا، لە دواییشدا دەکەوتنە ناو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی دەروون رەشەکان.
دەبوونە مەخسەرەی زەمانە و دەکەوتنە بەر بەردە فرکێی وردیلەکان..
هێشتا کامێراکە لەسەر ئەو ژوورەیە. چوار بێچووە دێڤای دی، خۆیان بە ژوورەکەدا کرد. پەلاماری پیاوە بە ساڵەکەیان دا و پێیان گوت:
– ماندووت کردین. جنێوی پێ بدە بەرەڵات دەکەین.
– ئێوە؟ حکومەتن! دەرەقەتیان نایەن، بە جنێوێکی من تۆ بێژیت برووخێن؟»
– «کەواتە تۆ یەکێکی لەوانە، جیری..ها.. ئێستا ئێمە ئەزانین چۆن ئەتهێنینەوە سەر باو».
قاچ و دەستیان بەست. دەمیان بە لەزگەیەک داخست. پەمپێکیان پێوە بەست. ئاوساندیان. هەردوو گلێنەی چاوی وەکو زەیتوونی پێنەگەیشتوو پەڕییە دەرەوە. لە لووت و گوێیەوە خوێن و خوێناو فیچقەی کرد.
ئەمیان بەو حاڵەوە بەجێ هێشت. پەلاماری ئەوی دیان دا.. لەسەر سەکۆ شێدارەکە، چوار مێخەیان کێشا. تەوقی سەریان ئاورووت کرد. قوتوویەکی پڕ لە ئاوی گەرم و تێکەڵ بەتیزاب، لە ژوور سەریەوە هەڵواسی. تک تک دەکەوتە تەوقی سەریەوە. لەگەڵ هەر دڵۆپێکدا. بەرچاوی دەکرایەوە. رەنگاڵای بەهاری وڵاتی خۆرنشینی (ک)ی دەبینی. لە ژوورەکەی دی، دەیان کەس حوکمی

لە سێدارە دراو بە ڕوویەکی گەشی ئاڵتوونییەوە بەدەم خەندەوە، لەگەڵ یەکدیدا دەدوان. بیرەوەری ساڵانی تێکۆشانیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە.

گشت ڕۆژێکی ئەم وڵاتە جەژنی قوربانە. بە یەک دەنگ سروودیان دەگوت.. ژوورەکە دەهەژی.

یاساوڵەکان بە تاو هێرشیان دەکردە سەریان، گەمارۆیان دەدان، ئەوان زیاتر دەنگیان هەڵدەبڕی..

لەو لاشەوە، قاوشێکی باریک و درێژ، دەیان پیر و پەککەوتەیان تێ ئاخنیبوو. حەوشە بچکۆلە، تەنکەڕێ ئاوی گەرم، لە سووچێکەوە دانرابوو، قوتوویەکی قوڵڤدراوی ژەنگاوی، پێوە بەسترابوو.. هەندێکیان گەرما دەیانیبردەوە، لەو ئاوە گەرمەیان دەتکانە دەمیەوە.. ئەوانی تر، فرمێسکیان دەڕشت.

پێیانیان دەوت «ئارام بگرن، خوا گەورەیە».

پیرەکەی تر، بە لاچاو سەیری دەکردن و دەیوت:

– «کەی خوا بچووک بووە، تاگەورە بێت!»

– «تێناگەم! کەی دەنگمان دەگاتە گەردوونی گەورە؟» «لەخاکی خۆتدا فەرهاد کوژ بکرێیت؟»

– «دەوەرە لەم بیابانەدا بە زۆر بتمرێنن!»

– «نازانم خەمی کامیان بخۆم؟ ئەسر بۆ کامیان هەڵبڕێژم؟»

کەوتە ژماردنی دەیان ناوی لە سێدارە دراو و بێ سەر و شوێنەکان. هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشا:

– «ئاخ.. خۆ من لە دوژمن ناترسم. دوژمن چیمان پێ دەکا با بیکا، دوژمنە؟! ئەی من چی بە «حەمە تاڵ» و «ڕۆسە کەچەڵ» و «جەفە» و «فەجە» و دەیانی وەکو ئەوان بێژم؟!»

«ئاخ.. چوغڵی کەران! لەناو ئەم قاوشە سیخناخەشدا، هەمان ئەتوار ئەنوێنن! چوغڵیمان دەکەن!»

«خۆ ئەوانیش، وەکو ئێمە، دەسبەسەر و قۆڵبەستراون»

«بڕوانە! چۆن لە تەک یاساوڵەکانا ڕێکەوتوون؟! ئەمان لەوان خراپترن.. ئازارمان ئەدەن».

یەکێ لە زاناکان، ڕادیۆکەی خستەوە سەر ویستگەی نهێنی دڵان و ئەم وتوویژەی لای خۆی تۆمار کرد:

– «بەس دەمانەوێ بزانین ئەو گشت سەرو گومکراوانە، لە کوێن و چییان بەسەرهات؟!»

«ئاخ سۆراخیان نییە و دڵمان بووە بە خوێن».

**١٩٩٩/١/١ – سلێمانی**

* * *

ئەم نۆڤلێتەی چیرۆکنووسی بەتوانا و داهێنەر (محەمەد ئەمین ئەحمەد) دەقێکی هێما ئامێزە و هەموو ئاماژەکانیشی وێنەکێشانی، ڕمووزەکانی شەڕانگێزین لە هەموو دنیادا و وڵاتی ئێمەش بەتایبەتی هەر لە هەڵگەڕانەوەی شەیتان لەخواو فریودانی باوکە ئادەم و دایکە حەواو دەرکردنیان لە بەهەشت و دواییش سەرکردایەتیکردنی هێزی شەڕانگێزی و لە خشتەبردنی مرۆڤ و دوورخستنەوەی لەکاری چاکە و ئاژاوە گێڕی و تەنانەت دروستکردنی کەسانی دەسەڵاتداری سەرکردەی وڵاتانیش کە دەبن بە دیکتاتۆر و هەژمووندار و فاشی و مرۆڤی ڕەگەزپەرست.. ئەو شەیتانانە بۆ مەرامی خۆیان و بیری نەخۆشیان دەبن بەو دیڤایا دێوەی ناو ئەفسانەکان، یان ئەو شەیتانەی کە هەرچی گرێی ئۆدیب و ئۆرۆست و ڕقی مێژوویی قابیلی تێدا بێت وەک نووسەر وای وەسف کردووە. هەر لە سەرەتای دەقەکەوە بە دیمەنێکی فانتازیا ئامێز و نیمچە سوریالی دەقەکەی دەست پێدەکات ئەوکاتەی کە دیڤای پاڵەوانی سەرەکی دەقەکەی دەخاتە ناو قەرابە گازێک و نیشانی خوێنەرانی دەدات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کۆتایی چارەنووسی شەڕانگێزی دیڤاکەی ئێمەیە ئەو پاڵەوانەی لەدوای هەموو کوشتن و بڕین و تاڵان و شەڕی وڵاتان و هەرچی کارەسات هەیە بە مرۆڤی وڵاتی ئێمەی کردووە، ئەوە دیڤایە کە دوای ئەم هەموو کارەساتە شوومەی ئەنفال و کیمیابارانی مرۆڤی کورد ئێستاکە تەخت و تاراجی لێ تێکچووە و بۆتە مایەی سەرنج و تێرامانی، ئەوەتانێ کەس باوەڕ ناکات کە مرۆڤێکی تێکسمڕاوی وا بە فشار و پاڵەپەستۆی ئامێرەوە ئاخنرابێتە ناو قاپێکی گازی شووشەوە کە شتێکی ئاسان و ئاسایی نییە.. قەرابە گازەکەش خراوەتە پشتی سەیارەیەکی پشت بەتاڵەوە و لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی نهێنی تایبەت دەیگوازنەوە.. تەنانەت پسپۆڕ و زانا و حەکیمان و ڕەگەزناسان لێی کۆدەبنەوە و دەکەونە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئەم گیاندارە دیڤایە ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە قۆناغی هێز و حوکمڕانی دیڤا دەبێتە شوێنی لێکۆڵینەوە و لێدوان لە قۆناغێکی مێژوویی، یان سەردەمێکی تاریکی لە مێژووی ئەم وڵاتە و مرۆڤایەتیدا.

ئەو دیڤایە ئەوەندە ترسناکە بۆتە مایەی پرسیار وەک نووسەر لە دەقەکەیدا ئەم پرسیارانە لای خەڵک دەوروژێنێ وەک:

– تۆ بڵێیت: بۆ نەهێشتنی توخمی ئادەمیزاد دروست کرابێ؟!

– تۆ بڵێیت: ئەمە لە پاشماوەی (دیڤا) گۆشت خۆرەکانی پێش «ئادەم»ەوە بێت؟ واتە لەپێش سەردەمی «قابیل»ەکانەوە، خولڤا بێت؟!

هەزاران کەسی وەک نووسەر بە هێما ناوی هێناوە (زەعلەبوول) لە حوکمڕانییەکەی ڕازی نەبووینە و سەری خۆیان بۆ نەوی نەکردووە و لە خوا پاڕاونەتەوە کە بۆچی کەسانی وایان دروست کردووە، بەڵام دیڤا لەسەری داون و هەر میللەتێکیش بۆ ئەو دیڤایانە ترسناک بووبێت، یا بە مەبەستی ڕەگەزپەرستی مەبەستیان بووبێت ئەنفالیان کردووە و هەرچی خوا پێی ناخۆش بووە و مرۆڤ سڵی لێی کردۆتەوە و بە هەر شتێک ئازاری مرۆڤی تێدا بێت ئەوانە ئازاریان داوە و ڕقی دیڤایانەیان ئاراستەی کردووە دەنا میللەتێک چۆن ئەنفال دەکرێ و چۆنیش لەسەر زەویدا دەسڕێتەوە، ئەی چۆن ئەوەتانێ دیڤا و دار و دەستەی پێش ئەوەی بخرێنە ناو قەرابە گازەکە کە ئەمەش هێمای لەناوچوون و گیرانیەتی و نەمانی دەسەڵاتی ئەو دیڤایانەیە ئەوانە ئەو مەرامە شەیتانییەیان پەیڕەو کرد و دەیان داستانی ڕەشیان تۆمار کرد دەیان ڕۆمانی نەنووسراویان خستە ناو مێشکی نووسەرانەوە.. دەیان دیمەنی تاریکیان خستە ناو تابلۆی هونەرمەندانەوە دەیان شیعری تراژیدییان خستە ناو مێشکی شاعیرانەوە دەیان فیلمیان کرد بە سیناریۆی دواڕۆژ... دەیان و دەیان و دەیان.. بەڵام فریشتەکان دەزانن کە ئەمە خوا بۆچی و حیکمەتی لە دروستکردنی ئەو دیڤایانە چییە و هەر ئەویش دەزانێ چۆن تۆڵەی ئەو جۆرەکەسانە نیشانی خەڵکی بدات، ئەوەتانێ ئەگەر وانییە ئەی چۆن ئەم دیڤایە لەم نۆڤلێتەدا خرایە ناو ئەو قەرابە گازەوە، هاکا گڕی گرت و سووتا و بەر نەفرەتی خوا و خەڵک و خەڵکی ستەمدیدە و ئەنفالکراو و کیمیاباران کراو و ماف زەوتکراو... تاد کەوت.

هەر لەناو ئەو دەقەدا نووسەر دەمانباتە ناو دەیان میسۆلۆژیا و بیروباوەڕی کۆن و دەیانکات بە پاڵپشتی، یان تێهەڵکێش بۆ دروستکردنی ناوەڕۆکێکی هێما ئامێز و دەلالەت بەخشی ناو دەقەکەی وەک:

– «حەوا» پرسۆزە، کەم ژیرە، ئاگراوییە، حەزی نەکردووە، ئادەم شوومێردی بێ، بەڵکو لە خشتە براوە!! یان دەڵێن لە پەراسووی ئادەم دروست بووە، بۆیە هەردەم خوارە، سێبەری ڕاست نابێتەوە، ئەی بۆ لە بیلبیلەی چاوی گەردوونی دروست نەبووبێ!

یان دەڵێن: دایە «حەوا» لەتوخمی ئاگرە، دەزگیرانی دیڤا بووە. بۆ بەدیڤای پیلانگێڕ، بۆتە مایەی ئاژاوەیی ئاسمان و زەوی.

دەڵێن: نەخێر لە ڕۆح و شیرینی و دڵپاکی خۆی و سۆزدارێتی بە دیڤا خەڵەتاوە و ئادەمی بە فریو بردووە!!

دەڵێن: نەخێر فێری درەختە خۆشەکەی کردووە!! بەهار بەگیاوە خۆشە!! دیڤا توورەیە و ڕقی خۆی لەمرۆڤ دەردەکا و بڕیار دەدات تا دنیا مابێ نەهێڵێ مرۆڤی سەر زەوی بڵێ ئۆخەی.. دیارە ئەو دیڤایەش کە نووسەر دروستی کردووە و پاڵەوانی سەرەکی تراژیدیا ئامێزی کارەساتەکانی ناو ئەو دەقەیە هەم لە نەوەی شەیتانە و هەمیش لە کارو کردەوەکانیدا دەستی شەیتانی بە پشتیدا هاتووە!! ڕەنگە هەر خۆی شەیتانێکیش بێت لە بەچکە شەیتانەکانی سەر زەمین و بۆ ئازاردانی مرۆڤی وڵاتەکەی لەسەر زەمینی ئێمە دابەزیبێت!.

ئای لە زەلیلی مرۆ و لە دیڤایەتی مرۆ!؟

ئەمە نووسەر بەم پرسیارە و وەڵامەی بۆمان بەدیار دەخات کە ئەوە بەڵێ دیڤا ڕووخاوە و شکۆداری نەماوە ئەوسا دوای کەوتنی کەس خۆی ناکات بەخاوەنی و گلاو بووە، گلاویش بەگوێرەی داب و نەریت بە حەوت قوڕاو دەردەکرێ، بەڵام دیڤاکەی ئەم دەقە بە حەفتا قوڕاویش بیسمیل ناکرێت و گلاوی دەرناچێت!!

نووسەر ئەگەرچی نۆڤلێتەکەی هێما ئامێزە و زۆر بە جوانی و هونەرییانە و هونەرمەندانە بە بەکارهێنانی چەندان تەکنیکی نوێ وەک مەزراندنی بابەتی ئەفسانەیی و فەلسەفی و ئایینی و بیروباوەڕی کۆن و دەستەواژە و مۆتیڤی مێژوویی و دیالۆگ و خەیاڵی زانستی و دروستکردنی کەسانی هێماداری وەک پسپۆڕ و پزیشکی دەروونی و دروستکردنی کەشی خورافی و سوریالی و تێکەڵکردنی واقیع و ئەفسانە و دیالۆگ و شەپۆلی هۆش و ئامادەیی مێژوو لە ئێستا و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و دەیان تەکنیکی هونەری دیکەیش، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەناو دەقەکەدا ڕاستەوخۆ ئاماژەی ئەنفالی گەرمیان و سەلماندنی کوردبوونی کەرکووک و دەرکردنی خەڵکەکەی بە مەبەستی پاکتاوی ڕەگەزی و بوونی سامانی نەوت کە بۆتە مایەی ناسەقامگیری خەڵکەکەی وەک دەڵێ: «تا نەوتی باشوور مابێت گەرمیان بێ گێچەڵ نابێ»..

ئەندازیاری نەوت گوتی:

بیرە نەوتەکانی باباگوڕ گوڕ، گابۆر، کۆرومۆر، کانی قادر، پەڵکانە، نەفتخانە، کە ئێستا داخراون، مەودای فەزاییان تێدایە... توخمێکی تازەیان وەدەست هێناوە، لە دەرگای ئاسمانی کوردستانەوە بەرەو گەلە ئەستێرەکانی سەرووی ئاسمانی زەوییەوە دەکشێ.

ئەوی دیکەیان گوتی:

– چەند زانست پێش بکەوێ ئەم گەرمیانە حوزنی قەڵمبازکە دەکا..

– ڕەشبین مەبە!

– چاومان زۆر لەسەرە، ناهێڵن چرۆ بکەین!

– بڕوانە چەند ڕەگەزپەرستن! بڕوانە چی بە کورد دەڵێن:

– چی دەڵێن؟

– پێمان دەڵێن: سێ شت لەم دنیایەدا فەسادن: «کورد و جرج و کولله» لە ناوبردنی دووسەد هەزار کەس لە ڕۆژ و تافێکدا، لە سەرووی ئەقڵەوەیە...»

ئەم نۆڤلێتەی چیرۆکنووسی کەمنووسی جواننووس (محەمەد ئەمین ئەحمەد) یەکێکە لەم دەقە جوانانەی کە زۆر هونەرییانە و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و دوور لە ڕاپۆرتی ئەنفال و کێشەی میللەتەکەی بەتایبەتیش مەسەلەی کەرکووک و گەرمیان و چارەنووسی خەڵکی چەوساوەی مەزراندووە و وەک کێشەیەک کردوویە بە نۆڤلێت و دەیەوێ بڵێ نۆڤلێتیش بەشدارە لە تۆمارکردنی مێژوو و دەکرێ نۆڤلێتنووسی کوردیش وەک مەم گوتەنی شاهێدی چەرخی خۆیان بن و تۆماری مێژوویی و هونەری خۆیان بکەن... دیارە نۆڤلێتی دیکەش بۆ مەزراندن و باسکردن و تۆمارکردنی ئەنفال و بەدەرخستنی کێشەی میللەتەکەیشی هەن و ئەم کێشەیەش کارەساتێکی ئەوەندە گەورەیە پێویستی بە سەدان قەڵەمی بە بڕشتی هەموو نووسەرێکی کورد هەیە تا بەشێوەیەکی هونەری کێشەی میللەتەکەیان وەک نۆڤلێت و کێشە بەدنیا بناسێنن.

**زستانی ٢٠٠٥ هەولێر**



# نامەکانی مەسعود محەمەد

ئا: حەکیم کاکەوەیس
(سوێد)

(٢ - ٣)

ئەگەر نووسەر بمرێ دەمرێ، ئەگەر لە نووسین کەوت دەمرێ، ئەگەر خۆی سووک کرد دەمرێ، ئەگەر ڕای خۆی بفرۆشێ دەمرێ، ئەگەر دووڕوویی کرد دەمرێ و ئەگەر جنێوفرۆش بێ دەمرێ. خۆ ئەگەر لە یەکێ لەمانەدا، جگە لە حاڵەتی یەکەم، نەمرد، دەبێ خوێنەران بیمرێنن، دەنا بەخۆیان دەمرن.

**«مەسعود محەمەد»**

مامۆستای گەورە، بەڕێز کاک مەسعود.
دوای سڵاو، لەشساغی و تەمەندرێژی و بێ وەییتان بە ئاوات بۆ دەخوازم و خوا لە گڕە و گەرما و سەرمای بێ لزوومتان بپارێزێ. گەرمای ئەم هاوینە حەشری بە منیش کرد، بەڵام سەردانی ئازیزان و دیداری بەڕێزتان چاکیان فێنک کردمەوە، هەرچەندە فرسەتی دیدارتان زۆر کەمیش بووبێ.
پێرێ دوو نامەتان پێکەوە تەشریفیان هات و دەستی سۆزی (غەیبی)یان بە سەرمدا هێنا و هەستی حەسانەوەیان گەیاندە ناخم. ئەوەی کە بێ تاقەتی کردم ئەوە بوو کە کات و تاقەتی خۆتان بۆ نووسینەوەی یەکەم نامەم بە خەرج داوە. خۆ من وام نەویستبوو مامۆستا. بەڵام لەگەڵ گەورەییتاندا هیچم پێ ناکرێ.
کە لە سەفەرە یەکجار خۆشەکەم گەڕامەوە و ماندوویێتی شەش (٢٤) سەعاتی لە سەر یەکم ڕەوییەوە و حەسامەوە، بە پەلە کورتە نامەیەک و دوو لاپەڕە کۆپیکراوی یەکەم نامەی خۆتانم نارد و مەبەستی سەرەکیم ئەوە بوو کۆپییەکان بگەن. هەموو نامەکەم کۆپی نەکرد تا بە دەردی ئەوی پێشووتر نەچێ. دیارە چاکی بۆ چووم بۆیە گل نەدراوەتەوە و گەیشتووە.
بۆ مەسەلەی سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ و ڕەگەزی جیاواز، لە ڕێی برادەرێکی (خۆمانە)وە داواکارییەکە گەیشتە زانکۆی ئۆپسالا. زۆری پێ چوو تا وەڵامم درایەوە چونکە پشووی هاوین خەڵکی لە یەک دابڕیبوو. لە بەشی زندەوەران - بایۆلۆژی گوتبوویان کە شتی وایان نەزانیوە و ئەم باسەش سەرنجڕاکێشە. ئێدی نازانم ئەو برادەرەی یەکەم جار هەواڵەکەی بە ئێوە گەیاندووە لە کوێی زانیوە یا بیستووە.
ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە هەمەجۆر و هەمە فکر و هێندێ جار نەفەسکورتانەی کە بە کوردی لە هەندەران دەردەچن، تا ئێستا تەنها دووانیانم پێ پەسەندن و لەو دووەش یەکێکیان لە گەلێ لایەنەوە لەگەڵ بۆچوونی مندا هاوتەریبە. ئەو گۆڤارەش (مامۆستای کورد)ە و لە سوید دەردەچێ و تا ئێستا هەژدە ژمارەی ڕێکوپێکی لێ دەرچووە. ئەم گۆڤارە، گەلێ جار برگەی نووسراوەکانی ئێوە هەڵدەبژێرێ و بڵاویان دەکاتەوە. ئەگەر بێت و بەرهەمتان بگاتە ئێرە، ئەوا بە خۆشییەوە ئەو گۆڤارە بڵاوی دەکاتەوە. ئەمە دەڵێم و (من) زۆرم لە بەر گران دەبێ بەرهەمتان لە هێندێ جێی نالەباردا ببێ بە هاوڕێی بابەتی هێندێ لە سۆفیەکانی حەمە زرپە، بە تایبەتی کە مەودای چاک هەبێ. جا چاوەڕوانی ئەو بەرهەمانەتانم و گۆڤارەکەش چاوەڕوانیانە.. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە، یەکێ لە نامەکانی پێرێ (٢٢ / ٩ / ١٩٩٣) بەخۆی گوتارێکی تێروتەسەلی زمانەوانییە، ئەگەر لێم نەڕەنجێن لە (نامە)تیبیەوە دەیخەمە چارچێوەی گوتارەوە - سەلام و کەلام و باسی سەفەر و ... لێ لادەبەم - و بە خاڵ و فاریزە و ئیملاوە، وەکی خۆی بۆ مامۆستای کوردی دەنێرم کە زۆریشی پێ خۆش دەبێت*.
پێشنیازیشم ئەوەیە کە چەند دێڕێکی ڕوونکردنەوەی لە پەراوێزدا بۆ بنووسم و ئەگەر پێتان چاک بێ با لە ژێر سەرەناوی: [(نە... نە) لە زمانی کوردیدا و چەند سەرنجێک]دا بێت. خۆ دەزانم، خوا دەزانێت چەندتان سەرنج لە سەر ئەو چەند وشەیە هەیە کە من پێشنیازم کردووە. ڕەنگە بفەرموون (کوردی دا) نەک (کوردیدا).
باشە مامۆستا بە خۆتان سەردێڕێکی بۆ دانێن. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە (مامۆستای کورد) زۆری هەوەس بە بابەتە فکرییەکانتان دێ. چ دەفەرموون یەکەم و دووەم نامەشتان - کە هەر فکرین - وا لێ بکەم؟. ئیزنم دەدەن بە کەیفی خۆم بکەم؟.
نازانم (من هموم الحیاة) نووسینی خۆتانە یا یەکێکی دی لە سەر ژیان و بەرهەمی ئێوەی نووسیوە. تەنها خەبەرێکی تەماویم لە سەری هەیە و زۆری بە دوادا گەڕام کەچی چنگم نەکەوت. خۆزگە دەستم دەکەوت و دەمخوێندەوە. بەڵێ بەشی دووەمی مرۆڤ و دەوروبەرم (لەوێ) دەست کەوت و لێرەم خوێندەوە و گەلێ وێنەی لەتوپەتکراوی بەر چاومی ڕێک خستنەوە و پارچەکانی لە جێی خۆیاندا دانایەوە.
لە باسی بەردەوامبوون و نەبوونی شەڕ و گێچەڵی ڕیچاردی سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەتوانم بڵێم هەموو ڕۆژێک چمکێکی بەردەوامبوونی درک پێ دەکەم جا لە چاپەمەنیدا، لە ڕەفتار و تەسریحاتی خەڵکی زلی جارێ بێ مەسئولییەتدا یا لە هەڵوێست و شێوە ئاخاوتنی خەڵکیدا بێ. لایەنێک دەیەوێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگی زۆر بهێنێ، زمانحاڵەکەی دەڵێ: "ئەم هەموو موسوڵمانە لە وڵاتەکەماندا بن، دیارە کە خەسڵەتمان تێک دەچێ. پێتان چۆنە منداڵەکانمان وایان لێ بێ ڕوو لە مەککە بکەن؟!. منداڵی موسوڵمان بەراز ناخۆن و کێشە بۆ قوتابخانەکان دەنێنەوە(١). لە جێیەکدا خوێندوومەتەوە کە سەرلەشکرێکی فەرەنسی چۆتە سەر گۆڕەکەی سەڵاحەددین و گوایە گوتوویەتی: "ها قد عدنا یا صلاح الدین". وەک لە بیرم بێ، ئەمە لە دەمی کۆتایی یەکەم شەڕی جیهانیدا بووە. من ناڵێم شەڕی سەلیبی بە ڕم و گورزەوە بەردەوامە، بەڵام دەڵێم بەردەوامیی بە شێوەی سڕکراو ماوەتەوە و لە نانەوەی گێچەڵدا جاروبار

دەردەکەوێ: وەک لە کۆنە یۆگۆسلافیادا موسوڵمان قڕ دەکرێ و دەستدرێژی کراوەتە سەر ٢٥ - ٣٠ هەزار ئافرەتیان. بەڵێ نارەزایی دەردەبڕدرێ بەڵام بە کردەوە تا ئێرە مەودا دراوە. ڕەنگە یەکێ پێم بڵێ: خوا سەر لەوە بشێوێنێ کە سەری لێ شێواندم. ویستم بەرەو ناو دۆڵێکی دوو گەزیی گلۆر نەبمەوە، بەرەو ناو شیوی هەزار بە هەزار خزام. بەڵام نا، دۆڵەکەش دوو گەزیی نەبوو.

لە باسی نەهیدا نووسیوتانە: لە نەهی ناصریحدا دەڵێین: "بکەین، بکەم، بکەیت، بکەن... لە نەهی ناصریحدا دەڵێین: "نەکەین، نەکەم، نەکەیت، نەکەن، نەکات"... هەر هیچ نەبێ لە دووبارەبوونەوەی (ناصریح)دا گومانێک دەخوڵقێ کە دەبێ یەک لەو دووە (صریح) بێت. جا لێرەدا بۆ خۆتانی لێ دەگەڕێم تا ئەو گومانە بڕەوێننەوە.

چ گومان لە ڕاستی واتای (دەشتاو دەشت) و (دەشت و دەشت)دا نییە، بەڵام لە نێوان دوو دەشتدا هێندێ جار (بە) دەردەکەوێ: ماڵ بە ماڵ گەڕا. واتە لە هەموو باڵەکاندا لایداوە و هەر نەبێ پرسیارێکی کردووە. یا: بەیارەکەی بست بە بست کێڵا. واتە بستێکی نەهێشتۆتەوە خەریکی کێڵانی نەبووبێ و نەیکێڵابێ. (ماڵ و ماڵ) و (ماڵ بە ماڵ) پێک دەچن بەڵام بە پێی میزاجی من ئەو (بە)یە هەڵوێست و ڕاوەستان لە (و)ەکە زیاتر دەخوازێ. (ماڵ و ماڵ) وەکو تێپەڕبوونە بە بەردەم هەموو ماڵەکاندا بەڵام (ماڵ بە ماڵ) لادان و خەریکبوونی لەگەڵدا دەبن. فەقێ بۆ ڕاتبە و گاوان بۆ نان، ماڵ بە ماڵی ئاوایی دەگەڕێن. بەڵام سوارێکی نەشارەزا، لە خوار ئاواییەوە خۆی پێدا دەکا و (ماڵە و ماڵ) دێ تا دەگاتە مزگەوتی دێ. دەزانم ئێوە لە باسی (و)دا کە لە بنەڕەتدا لە (نە... و... نە)وە پێدا هاتوون، مەسەلەی (دەشت و دەشت) و (شاخەو شاخ)تان هێناوەتەوە، بەڵام کە باس بوو بە (شاخەو شاخ)، (شاخ بە شاخ)یش دێتە پێشێ. ئەو (بە)یەی لێ دەرچێ کە ئەو تۆزە سەرنجەم لە سەری هەبوو، لە ئاستی ئەوانی تردا (موو ناپسێنم).

بە (هەلا هەلا) و (ونجڕ ونجڕ)دا نزای باوەژنێکی قەڵاسێوکەییم بیر کەوتەوە کە لە زڕکیژێکی خۆی دەکرد: (ڕەبی قنچک قنچک بکرێی، هەر قنچکێکت لە سەر بنچکێ کەوێ). ئای کە نزایەکی لە دڵەوە سەرکردووە. ئەگەر ئەو خواستە بۆ چاکەکاری بوایە پێم وایە دنیا خرا نەدەبوو.

هەرچەندە زۆر کاتی خۆم بە خوێندنەوە و وردبوونەوە بە سەردەبەم بەڵام سەرباری دەردی دەربەدەری ئێستام بێ کارییە. لە بەر بێ کاری دەستم کردۆتەوە بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی و زمانی سوێدی. هەور و بارانی هاوین و پایزی ئەم وڵاتە و بەفر و سەرمای زستانیشی هەر بە جارێ بێ تامیان کردووە. لەو گەرمایەوە کە هاتمەوە ناو سەرمای ئێرە تەواو بێ تاقەت بووم. وا وردە وردە ڕادێمەوە. ئەرێ مامۆستا دەبێ گوناهباران لەگەڵ دۆزەخ و ئازاردا ڕانەیەن و ئیمانداران لە بەهەشت بێزار نەبن؟. ئاخر ڕۆژێک و دووان نییە تا چاوەڕوانی بەسەرچوونیان بن.

هیوادارم هەرچیتان نەچۆتە سەر کاغەز، بچێتە سەر کاغەز و پێی شاد بین. ئیدی هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**حەکیم**
**٢٤ / ٩ / ١٩٩٣**

کاکەوەیسی خۆشەویست

سڵاو، ئاواتی ڕوون، خۆشی و سلامەتیت

نامەی مێژوودارت ٢٤ / ٩ / ٩٣ ئەمڕۆکەی ٣ / ١٠ / ٩٣ گەیشت؛ زۆر لە جێدا بوو کە دوودڵی ڕەواندمەوە لە ماوەی گەیشتن و نەگەیشتنی دوو نامە باسکراوی خۆم لە نامەی خۆتدا وەک بڵێی نەختێک بە درەنگەوە سەرو سۆراغیان پەیدا بوو.

ڕەنگە ئەم نامەیەم کورت بێت چونکە بە تەمای سەفەری هەولێرم هەر ئۆتۆمبیلم بۆ ڕێک بکەوێت دەکەومە ڕێگە، نووسینیشم بە ملەوەیە دەبێ ئەمڕۆ و سبەینێ لێی ببمەوە نەکا بە ناتەواوی لە دوا سەفەرەکەم بەجێ بمێنێت..

من کە پرسم کرد بۆ ئیمکانی بڵاوکردنەوەی نووسینم لای ئێوە، لە هۆیەکەوە بوو: دوو ئاڵقەی نووسینی مەیلەو درێژم لە سەر زمانەوانی بۆ دار النشری کوردی ناردبوو دوای بڵاوبوونەوەی نووسینێکی مەیلەو بیندرێژم هەر لەو دەزگایەدا وەهام خەبەر وەرگرت کە درێژی ئاڵقەکان ڕێ نادا بە بڵاوکردنەوەیان چونکە قەوارەی ئەو گۆڤارەی لێی نەشر دەکرێت لە چەند سەد لاپەڕە دابەزیوە بۆ دەوری ٨٠ لاپەڕە، نووسینەکەی بڵاوکراوەیەم ٢٦ لاپەڕەی گرتبۆوە ئێستر یان دەبێت کورت بکرێتەوە یان ناشێ بڵاو بکرێتەوە.. من سەردانی ئەو دەزگایەم کرد هەم بۆ هەق و حسێبێ کە لە بەینماندایە و هەم بۆ وەرگرتنەوەی ئەو دوو ئاڵقەیە بەو ئومێدە کە لەگەڵ نووسینە ٢٢٦ لاپەڕەییەکەمدا بۆ لای ئێوەیان بنێرم بێ گومان بە قەبارەی لاپەڕەی کتێب ١٥٠ یان تێدەپەڕاند. لەو دەزگایەدا مصطفی نەریمان کە سەرپەرشتیکەری ئەو مجەلەیە گوتاری ئەوتۆی تێدا دەردەچێت گوتی ئاڵقەی

یەکەم لە ژێر چاپدایە، ئەوەی من بۆم ڕاسپاردی ئەوە بوو کە هەردوو ئاڵقە لە یەک نوسخەی گۆڤاردا جێگەیان نابێتەوە ناچارین بیکەین بە دوو ئاڵقەی دوو ژمارەی گۆڤارەکە.. خۆ منیش هەر ئەوەم دەویست بەڵام برادەرەکەم وەهای تێنەگەیاندم - ئیتر بەمەدا دەردەکەوێ جارێ شتێکم نییە بۆ ئێوەی بنێرم.

لە بارەی بڵاوکردنەوەی نامەکانم ئیزنە لە منەوە چۆنی پەسەند دەکەیت پێی ڕازیم، لە دڵیشدا حەز دەکەم سکاڵای هەموو مێشک و دڵێک بکەوێتە بەر ڕۆژی نیوەڕۆ، مادام خوێندنەوە بهێنێت.. تەنها تکام ئەوەیە لە لایەن ڕێنووسەوە هەوڵ بدە کەموکوڕییەکی هەیبێت چارەسەر بکرێت وەک لە (کوردی دا - کوردیدا) هەردوو شێوەیان بەکار دێن سەیریش لەوەدایە ئەم (ی)ە کۆتایی وشان چاوی نووسەرانی لێ ئەبلەق دەبێت و بە زۆری شێوە گۆڕێی نووسینی لێوە پەیدا دەبێت: دەنووسن (پێت دەڵێم) بەڵام دەنووسن (پێ ی دەڵێم) ئەگەر لە جیاتی (لە کوردی دا) شتێکی تر هاتبایە وەک لە (نووسیندا) ڕەنگ بوو کەمتر تەقیە بکرێت لە لکاندنی (دا) بە کۆتایی وشەکەوە.. ڕاستی یەکەی - کە دەبوو بنووسم ڕاستییەکەی - ڕێنووسمان جارێ دەڵەمەیە.. خۆم بە چاوی کرایەوەوە گوێ نادەمە هەندێ باری ڕێنووس.. هەمووی دەخوێندرێتەوە..

نووسینەوەی یەکەم نامەت لە ناچارییەوە بوو چونکە بێ گومان خۆم نەمنووسیبایەوە هەڵەی زۆر تێ دەکەوت ئیتر چ فایدە لە حەسانەوەی زەرەربەخش. ئەوەی ڕاستیش بێ لە پێداویستی ئەوتۆییشدا ماندوو نابم.. ڕقم لەو دوو (و)ەی وشەی (ماندوو، دوو) پترە تا ئەوەی نیو سەعاتێک بە کاری خێرەوە خەریک بم ئاخر مانای چی دوو پیت بۆ یەک دەنگ: لە حاڵێکدا بڕیار دراوە (شدە)ی عەرەبی بە دووبارەکردنەوەی پیتە گوشراوەکە بێت؟.

لە مەسەلەی نەهی و ئەمری ناصریحدا دەبێ بڵێم ئەم زاراوەیە خۆم بە ناچاری لە کارم هێناوە. فارسەکان ئیلتیزامی پێ دەڵێن [وەهام لە بەر زەینە ئەگەر هەڵەم نەکردبێ]. وەک شکڵ نووسی ڕستەی نەهی ناصریحدا دەڵێن: (نەکەین، نەکەم، نەکەیت، نەکەن، ناکات..). ئەگەر تۆ سەهوت نەکردبێت لە نەقڵدا دیارە من سەهوم کردووە چونکە دەبوو بڵێم: (لە ئەمری ناصریحدا دەڵێین: بکەین، بکەم.. هتد) هەر ئەمەش مەبەستە و دروستە چونکە: بکەیت، بکەم.. چ پێوەندی هەیە بە نەهییەوە؟. دەبوو خۆت ڕەخنەی ئەم لایەنەم لێ بگریت، دیارە شەرمی حزوور گرتویی. هەرچی ئەمری صریحە کە فەرقی هەبێ لەگەڵ ناصریح تەنها لە کەسی دووەمی تاکدا دەردەکەوێت وەک دەڵێی: بکە، بخۆ. کە فیعلەکەت داوە بە کۆی مخاطب صریح و ناصریحی ئەمرەکە هەر (بکەن)ی هەیە. بەڵام لە نەهی صریحدا تاک و کۆی مخاطب ڕێژەی تایبەتیان هەیە دەڵێین: مەکە، مەکەن - بەرانبەر نەکەیت، نەکەن.

کاکی خۆم: ماڵەو ماڵ، شاخەو شاخ، دەشتاو دەشت لە هیچ ڕوویەکەوە تێکەڵ بە (ماڵ بە ماڵ، کۆڵان بە کۆڵان..) نابێتەوە تەنانەت کە (شاخاو شاخ، ماڵاو ماڵ) دەبنە (شاخەو شاخ، ماڵەو ماڵ) و ئەو ئەلفەیان لێ دەقرتێت [ئەویش بە پێی داخوازییەکی فۆنەتیکی] لە حاڵەتی (شاخ بە شاخ..)دا چ ئەلفێکی زیاد بە دوا شاخدا نەهات بیکاتە (شاخا بە شاخ یان شاخا بە شاخ). بگەڕێوە بۆ نووسینەکە. من بۆ ئەوە چووم کە ئاخێوەری کورد حەز بەو (و)ە دەکات ئیتر سەیر نییە (نە من و نە تۆ) دەستووری بێت. سەیری شێخ ڕەزا دەڵێ:

**خۆم موجتەهیدی چاکم و تەقلیدی کەرم کرد**

لە ڕووی بەلاغەوە ئەگەر (و)ی عەتف لە بەیندا نەبێ ڕستەی (تەقلیدی کەرم کرد) خەستتر تەئکیدی (موجتەهیدی چاکم)ی دەکرد چونکە دەبوو بە وەسفێکی تێ ئاڵقاوی موصوف، یان تەحصیل حاصلێکی بێ دەمەتەقەی کە (اجتهاد)ەکەی پێک دەهێنا... بەڵام ئەم (و)ە عیبارەتەکە شیرینتر دەکات. بە ڕێکەوت لێرەدا (و)ەکە کێشی نیوە بەیتەکەی ڕاست ڕاگرتووە. ئەگەر قسەی عادەتیش بوایە دەوری (و)ەکە ئەوە دەبوو کە شیرینی پێوەیە وەک بڵێین: دارا ڕاست گۆیە، هەرگیز درۆ ناکات. لە تەک (دارا ڕاست گۆیە و هەرگیز درۆ ناکات)ی ڕابگریت دەبینیت ئەو (و)ە هێزی (هەرگیز درۆ ناکات)ی کەم کردۆتەوە وەک بڵێی تەوژمی تەئکیدی یەک سەرەی پێوە نەهێشتوە.

کتێبی (من هموم الحياة) نووسینی خۆمە و سێ بابەتی تێدایە یەکەمیان (حوار غير متكافئ مع الحرب) دووەمیان (نفض غبره عن جبين الحمس) کە تەنزیهی مەلای خەتێ دەکات و پێشتر لە نەدوەیەکی هەولێرم خوێندبۆوە. سێیەمیان کە بەشی زۆری کتێبەکەیە (من هموم الحياة)ە کە خۆی بوو بە سەرناوی کتێبەکە... ئەم نووسینە و "اعادة التوازن" و دوو جلدی "مرۆڤ و دەوروبەر" و "التفسير البشري للتاريخ" و "بۆ ئەمیری حەسەن پوور..." وێڕای چەند گوتارێکی بیندرێژ بیروڕای بنجی و [بە پێی باوەڕی خۆم] کێشە هەڵبڕەوەیان تێدایە.. هەڵبەت سێ بەرگی حاجی قادر و چەپکێک لە گوڵزاری نالیش لەم لایەنە بێ بەش نین بەڵام بە ئەسڵ بۆ

مەبەستێکی تایبەت نووسراون. بە داخەوە نایەتە بەر چاوم دانەیەکم هەبێت لە هیچیان.. لە نەدارییەوە وا دانەیەکی "زاراوەی پێوانە" و بەرگی یەکەم و دووەمی "پرۆسترۆیکا غورباشوف"ت بۆ دەنێرم. زاراوەکە هەڵەی چاپ و لاپەڕەی پەڕیوی هەن گوێیان مەدەرێ، عەرەب گوتەنی "لا تنطی اذن.." سفرەی فەقیران هەر هێندەی لێ هەڵدەستێت. هموم الحیاة زۆر بە دڵ و گیان نووسراوە. یەک عیبارەتی بژاردەی دوو دێڕیت لەو کتێبە بۆ دەنووسمەوە کە خۆم لێی تێر نابم: قسە لە پێویستیی نووسینی ستەم نەسەلمێن دەکەم کە دەبێ یەکێک هەر هەبێ لە زەمانێکدا حەق بڵێتەوە با هیچ شتێکیش نەگۆڕێت چونکە وەک (فرض الکفایة) کە کەس نەما بیکات تێکڕای خەڵقەکە تاوانبار دەبێت.. تا دەگەمە ئەم عیبارەتە: "ذلک ان خلو التاریخ من قوله (لا) تلقاء الباطل المستفحل تعطیل لنصف قوة الحق في طلب الکمال ، لان دحظ الباطل نصف المسافة الی تمام البرهان". دڵم نەهات عیبارەتەکە شل بکەمەوە و تامی ببەم بە خستنە سەری یەک وشەی ڕوونکەرەوە وەک کە تابلۆی وێنەگر بە یەک خەتی بێ جێ لە نرخی کەم دەبێتەوە...

لە بارەی "مسیحیە" و حەربی صلیبییەوە لزووم نابینم بە تێ ئالانی جاری دووەم.. بگەڕێوە بۆ ئەوەی نووسیومە و هەزاران سویدی بکە بە میوانی کورد و هەزاران کەنیسەی وێرانکراو و وڵاتی بە شەڕ داگیرکراو و دینی بە ئاگر سەپێندراو.. و ملیۆنەها ئەسیری "جیهاد" کە بێ مارەبیی – ئەگەر ژن بن – حەڵاڵی مجاهدن و ملیۆنەها کوژراوی بێ خوێن و بێ تاوان کە کراونەتە پردی لێ پەڕینەوە بۆ بەهەشتی کردگار.. نەحەسانەوەی یەک دەمی سەرلەبەری مسڵمانان لە ماوەی ١٣٠٠ ساڵدا.. خەلیفە و هەزار جاریە و هەزار لووسکە.. بە بیر خۆتدا بهێنەوە.. ئەگەر دەستت بکەوێت کتێبی "رستم التواریخ" کە خاوەنەکەی خۆی بە "رستم الحکماء" هەڵداوەتەوە بخوێنەوە و بزانە شاهەکانی ئێرانی سەردەمی صفوی و قاجاری چییان کردووە. حاڵی کوردی مسڵمان بە بەر چاوەوە بگرە.. ئەولادی پێغەمبەر هەلاهەلا کران.. خولاسە چی ئارەزووتە وەها بکە.. وەها نەڕژاوە نەپژێ.. موشکیلەی مسڵمانەکانی بۆسنە دیاری تورکەکانە بە سەری نێزە بۆ ئەوێیان کردە پێش باری قیامەت.. هەر نەیسە.

کە لە هەولێر بووم ئەوەندەی لە (مامۆستای کورد) بڵاو کرابۆوە، هەر لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بۆم هات. ماڵیان ئاوا بێت و سەرکەوتوو بن.. خزم یان برای یەکێکیان لە هەولێر سەردانی کردم. وام لە بیرە باسی (سروە) و گوتاری من کە لەوێدا بڵاو کرابۆوە لە نامەکەتدا هاتبوو. تۆ بڵێی دانەیەکی سروەت پێ پەیدا بکرێ بۆم؟.

ناشێ وەتەنگ بێیت لە دەفرێکی کە بە ناچاری نووسینی من وە یا یەکێکی دیکەی تێدەکەوێت: ئەگەر دەستپاریزی بکەم دەیەکی ئەوەی نووسیومە پێم نانووسرێت و نەدەنووسرا: من جیهانم خەلق نەکردووە، وا بە ناچاری بژێوێک دەخۆم کە لوقمەی حەڵاڵی تێدا نییە. گوتوومە ئەو خەلقە (ئابووری جەریمە) بەڕێوە دەبات. لە بیرمە کە هەرای ڕەشید عالی لە ١٩٤١ بەرپا بوو حکومەت زۆر پێوە بوو باوکم (فتوی)ی جیهاد دەرچوێنێت بە نوێنەرەکانی حکوومەتی گوت: بەشێکی مانگانەی مەئموورەکانی دەوڵەت بە ئەوقافەوە لە ڕەسمی شەراب و تیاترۆ و قەحپەخانە دەردەچێت. لە پێشەوە چارەسەری ئەم لایەنە بکەن ئنجا دێینە سەر باسی "جیهاد".. حەمە زریە کە خۆی پووتاوەتەوە تا ئێستاش بیروباوەڕەکەی جێی ڕێز و سپاسە، بەشێکی تێکۆشەرانی دەنگ دلێر لەو بوارەوە بە سەر ئۆتۆمبیلی قەشەنگ و داهاتی تێروتەسەلەوە کوڕێنییەکی جارانیان بە سەر دەبەن.. "لا طنطی اذن.." بە ڕاستیش من بۆ خۆم هەر لاتنطی اذنم پەیڕەوی کردووە لە ئاست ئەم تەرزە حاڵ و بارانەدا نەک هەر لە بەر ناچاری، تەنانەت چارەی دنیاشم پێ کرابایە وردە حیسابی خوێڕیلەی ئەوتۆییم هەند هەڵنەدەگرت: جارێکیان لەگەڵ برادەرێکی لە خۆم چووکتر کەوتینە وتوویژ.. برادەرەکە ڕاوێژێکی نەختێک لە خۆی زیادی بەکار هێنا. پێم گوت من چی دیکە بە دوای قسان ناکەوم. پێنج ساڵت مۆڵەت دەدەم بزانین خۆت لە کوێ دەبینیتەوە... دوای چەندین ساڵ ئەو برادەرە لە موناسەبەدا گوتی: ئەشەدوبیللا پێنج ساڵی نەبرد پەشیمان بوومەوە.. ئێمە فەلاکەتی وەهامان بە دەورەوەیە ئەگەر غەدر لە خۆمان نەکەین بە بەرمانەوە نییە زێدە وردپێوی لەگەڵ یەکتردا بکەین: ئەوەی نابێ لێی بێدەنگ بین شتێکە زۆر لە هەق و حسێبی وردیلە و خوێڕیلە بەولاوەترە، چارەنووسی میللەتەکەمان کە نەدرێتە بەر حەملێلکی زەرەری قورس.. سەلامەتیی نەتەوە بەر لە هەموو شتێکە.. لە ١٩٦٠ ئەگەر کەسانێک هەبان لەگەڵم هاوبیر بوونایە فەلاکەتی گەورە بەرتەرەف دەبوو...

دەگەڕێمەوە بۆ نامەکانمان: لەگەڵ جەماعەتی مامۆستای کورد پەیوەندی بکە و لە زاری منەوە زۆر سپاسیان بە عەرز بگەیەنە، هەر پێوە بووم بە جۆرێک لە

جۆرەکان دەنگی خۆمیان بگەیەنمێ هەر نەبێ لە سۆنگەی ئەو هەموو پیاوەتییەی لەگەڵ منیان کردووە... نامەکان بەو جۆرەی پێویستە ڕێک بخرێن، بێ بە هەوەڵ سەرگوڵی نووسینی من لە چاپەمەنی کوردی لە ئەوروپادا و لە ڕووپەڕەکانی مامۆستای کورددا شانازی بە خۆیەوە بکات. چاوێکی وردبینی بە نووسینەکانمدا بگێڕە و هەڵەیەکی کە هەبێ وەک هینەکەی نەفی ناصریح - کە سەهوە نەک هەڵە - بۆ ڕاستبێژی. ئنجا ئەگەر بۆت نەلوا لە لای خۆتەوە بە تەنها بۆچوونی خۆت دڵنیا بیت لە شتێکی بە هەڵە یان بە سەهوو یان بە ناتەواوی دادەنێیت پرس بە خۆم بکە، هەموو پرسیارەکانیش ئەگەر زۆر بوون، لە یەک نامەدا کۆ بینەوە نەکا بێ لزووم بە زیادەوە بوەخرێن. سفاریشت هەڵەی چاپ بێت چونکە زۆر جاران یەک هەڵەی بچووک مەبەستێکی زل دەکوژێت.

تا ئێرە با بەس بێت هەرچەندە ڕاستییەکەی قسەم زۆر پێ ماون لە دەروونمدا "الخناس الذي يوسوس في صدور الناس" ورتەورتیەتی، خەفەی دەکەم و دوعاخوازیت لێ بێت تا هەلێکی دیکەی خۆشتر

**برات**

**مسعود محمد**

**بەغدا ٤ / ١٠ / ١٩٩٣**

**[شەو دەستم پێ کرد ٣ی مانگ بوو]**

مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست، کاک مەسعود...

دوای سڵاو و ئەوپەڕی ڕێز و حورمەتم لە خزمەتتاندا، هیوای خۆشی و (سەفەری سەلامەت)تان بۆ دەخوازم. بەینێکە نامەی ٤ / ١٠ / ١٩٩٣تان گەیشتووە و وەڵامەکەیم بۆیە دوا خست تا (سروە)کان پەیدا بکەم و کۆپی گوتارەکەتانی لە بەر بگرمەوە. چەندی سەر دەهێنم و سەر دەبەم، گۆڤارەکان ڕێی پەرینەوەی ئاوەکەیان نابێ بۆیە بە ناچاری پەنا بۆ کۆپیکردن دەبەم، ئەویش ئەگەر بگەن.

نامە پیرۆزەکەتان سێ مژدەی تێدا بوون. یەکەمیان ئەوە بوو کە ئیزنتان فەرمووە نامەکان لە سەر شێوەی گوتار ڕێک بخەم و بلاوی بکەمەوە. دووەمیان هەواڵی ناردنی کتێبەکانە هەرچەندە هێشتا نەگەیشتوون - ڕەنگە بەڕێوە بن چونکە دەڵێن لەوێوەڕا کتێب دەگەن. سێیەمیشیان، دەمێکە بە دەوریدا دێم و نەمتوانیوە ڕاستە و ڕاست خۆمی لێدەم بۆیە بیانووی ئەمسەر و ئەوسەری دنیام هێناوەتەوە کە ڕێیەکەیان دەبیردمەوە سەر ئەو مژدەیەی کە لە زاری قەڵەمەکەتانم بیست ئەویش خەمە گەورەکەی هەمووومانە - بەڵێ وەک حەقیقەتێک، زرپ و زندوو بە هەموو بەرهەمە فکرییەکانتانەوە دیارە و هەنگی هۆشی خوێنەر بەرەو ئامێزی خۆی ڕادەکێشێ. بەڵام لەم نامەیەدا... ئێدی دەیدوانەم. ئەوی ڕاستی بێ بە گوتەیەک کە لە هەولێر لە دڵمەوە سەری کرد و لە خزمەتتاندا دەرمبڕی، پەژارەی ئەوەم لێ نیشت کە کەمێ شێوە دەربڕینەکەتان لە بەر گران بووبێ. بەڵام ئەم نامەیەتان ئاسوودەی کردم.

گوتارێکی زمانەوانی و یەکێکی فکریم لە نامەکانتان وەکی خۆیان دەرهێناوە و جودام کردوونەتەوە و زمانەوانیەکەم بۆ مامۆستای کورد ناردووە، بەڵام ئەوی دی جارێ لای خۆمە. لە گوتارە فکرییەکەدا نووسراوە: "ئێستا لەم ڕۆژی ١٢ی مانگی نیسانی ١٩٩٣ شیوعی تازە و گەرمەتەریقی کورد، دوای هەرەسی سۆڤیەتستان، شێتگیرترە لە سەر دەروێشایەتیە گومڕاکەی لێرە بە پێشەوە: هەر چونکی زمانی لە ناو لالغاوی دەگەڕێت بەوپەڕی نازوفیزەوە هێندەی گاجووتی گیاخواردووی بەهار دەبۆڕێنێ و هۆڕەهۆڕیەتی، ... هتد". ئەوەی کە خەتم بە بنیدا هێناوە لە بابەتیم لە نووسینی بلاوکراوەتاندا نەدیوە. ئەگەر ئێستا ئەمە نەڵێم، دەترسم ڕۆژێ لە ڕۆژان گلەییم لێ بکەن. وەکی خۆی بلاو بکرێتەوە؟

لە بەر ئەوەی زاتی ئەوەم نەبوو چ دەسکارییەکی گوتارە زمانەوانیەکە بکەم، پەراوێزم بۆی نووسی و باسی ئەوەم هێناوە کە سەرچاوەی باسەکە لە کوێوەیە دەنا خوێنەر بە هاسانی بۆی ناچێتەوە سەر یەک. بە تەمام بۆ باسە فکرییەکەش شتێکی وا بکەم بە تایبەتی بۆ مەسەلەی حەمە زرپە... بە تەماش نیم بە لای کەسایەتی ڕاستەقینەی حەمە زرپەدا بچم.

کە بۆتانم نووسی: "زۆرم لە بەر گران دەبێ بەرهەمتان لە هێندێ جێی نالەباردا ببێ بە هاوڕێی بابەتی هێندێ لە سۆفیەکانی حەمە زرپە". بیریشم نەچووە بڵێم: "بە تایبەتی کە مەودای چاک هەبێ". دەنا لە گەڵێ موناسەبەدا ئەم باسە هاتۆتە پێشێ و من هەمیشە پێم وا بووە کە (بۆچوون بە خوێنەر بگات) مەبەستەکەیە ئێدی لە کوێ و چۆن، گرینگ نین. من لەو ڕوانگەیەوە ئەوەم گوتووە کە لەم ئەوروپایە وای لێ هاتووە هەر بابەتە خەڵکە و تاقیبی بابەتی خۆی دەکات. من ناچم (.....) بخوێنمەوە مەگەر یەکێ پێم بڵێ لە (...)دا جنێو بە خۆت و باوەڕەکەت دراوە کە هەق وایە لەو حاڵەتەشدا نەیخوێنمەوە. بەر لە چاپدانی دیارە کام بابەتی تێدان... ئەوانە (مەئموم)ی زرپەن و نموونەیەکن. وەکی دی،

وشەی ئێوە لە هەر جێیەک بێ درەوشانەوەی خۆی هەیە.
مامۆستا گیان: کە بەرهەمتان وەک سەرچاوە لە لایەن خەڵکی بەڕێزەوە بەکار دەهێندرێ، نرخی خۆی دەدرێتێ و بە حورمەتەوە ناوی بەرهەم و نووسەر دەبەن. بەڵام دەرویشەکانی حەمە زریە وا نین. ئەمەش لایەنێکی پێ خۆش نەبوونەکەمە و (من) بە مافی خۆمی دەزانم ئەو رایەم هەبێ. خۆ ئەگەر گۆڤاری وەک (مامۆستای کورد) نەبێ، چار نییە و بلاوکردنەوەی بۆچوونەکە دەبێتە مەبەستی منیش و دەبێ عارەب گوتەنی: (ترید شی تعوف شی) پەیڕەو بکەم و دەستی تەسلیم بوون بەرز بکەمەوە.
دڵنیام کە لە (ئەمری ناصریح) و (نەهی ناصریح)دا، نەهی ناصریح نووسرابوون و بە پێی نووسینەکەی خۆتان گۆڕیم.
لەو بەینەدا (ڕۆژهەڵاتی گرگرتوو)م خوێندەوە. پێشەکی و زمانی ناوەڕۆکیم پێ چاک نەبوو، بەڵام وەک بابەت لێی تێر نەدەبووم. بە بەرگی پشتیەوە، برگەیەکی نووسینی ئێوە هەیە کە لە گەڵیدا وەهاوار کەوتم... برگەکەی ئێوە، وەک بابەتی کتێبەکە دەربارەی (ڕەمزی نافیع)ە. دەبێ بشێ مامۆستا زەحمەتی لە سەر دوانی بکێشێ؟. بۆ دەبێ ئەو ڕۆڵەیە پەردەی بە سەردا بدرێ؟. دڵنیابن مامۆستا، هەرچی لە سەر بنووسن – ئەگەر بە بلاوکردنەوەشی ڕازی نەبن، نامرێ – ئەمە و گەلێ شتی دی وا لە پەڕەی دڵە گەورەکەتاندا هەڵگیراون.. ئای خۆزگە ڕێی ئەو تەلارەم بۆ واڵا دەبوو.
لەم بەینەدا لە سەر وشەی (چارەنووس) و (چارەی خۆنووسین) لەگەڵ نووسەری کتێبێکدا لێمان بوو بە دەمەتەقێ. من ڕام وا بوو کە (چارەی خۆ نووسین) داتاشراوە و تازەکوورەیە. لە دەستی خۆمدا نییە ڕقم لە (چارەی خۆنووسین)ە و بۆ (چارەنووس) هیچم لە بەر چاو نییە. (چارەی خۆنووسین) یەک (لە)ی لە بەردەم بێ، ئێدی چارەکەم لێ دەکاتە تەختەی ڕەش. خاوەنی کتێبەکە د. حسەینە و بەرهەمەکەیم پێ چاکە بەڵام لە هێندێ جێدا کوردییەکەیم پێ خۆش نییە.
دیسان بۆ ئەوەی باری زەرفەکە گران نەکەم و نقوم نەبێ، لێرەدا دەوێستم. کۆپی یەکەم بەشی گوتارەکەی سروەتان لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆ دەنێرم و دووەمیش بە جیا. ئیتر هیوای لەشساغی و بەختەوەری و سەروەریتان بۆ دەخوازم.

**برا بچووکتان**
**حەکیم**
**٢٢ / ١٠ / ١٩٩٣**

[بەینێ بوو مامۆستا دەنگی نەبوو و زۆر دڵم لای بوو و دەترسام بە هۆی نامەی منەوە تووشی کێشە هاتبێ. منیش هەر لە سەرەتای مانگی دوانزەوە کارتێکم بۆی نارد]:

بەڕێز مامۆستا مەسعود...
جەژنی سەری ساڵتان پیرۆز. هیوای تەمەندرێژی و ژیانێکی ئاسوودەتان بۆ دەخوازم. بەینێکە نامەیەکم ناردۆتە خزمەتتان و دوای ئەوەش هێندێ کۆپی و گۆڤارێکم ناردن. چ دەنگتان و هەواڵتان نەبوو.. هیوادارم هۆی بێدەنگیتان خێر بێ. دڵم لاتانە.
**حەکیم**
**سەرەتای مانگی ١٢ی ١٩٩٣**

برای خۆشەویست کاکەوەیس
سلاو و ڕێز و هیوای کامەرانیت:
دوێنێ، چوارشەمو ڕێکەوتی ١٤ / ١ / ٩٩٤ پاش سەعات ١٢،٣٠ی نیوەڕۆ لە هەولێرەوە بەڕێ کەوتم تا لە کەرکوک ئۆتۆمبیلێکی خصوصیم بۆ بەغدا گرت، تەنها یەک کەس لەگەڵم بووە ڕەفیق ئەویش لە سەر تەکلیفی برادەرانم چونکە تا پێم بکرێت حەز بە تەنهایی دەکەم لە سەفەردا.. لە ڕێگا بە دەم قسانەوە دەرکەوت ئەو پیاوە برای تۆبە و ئۆگری نووسینەکانیشمە و دیدەنی تۆ و منیشی، لە هەولێر، هێنا ناو باسەوە.. ئیتر تا کەرکوک کە نشیمەنی ئێستایەتی و تا بەرەو بەغداش بەڕێی کردم نەجابەتی خۆی نواند.. پاش سەعات شەش گەیشتمەوە ماڵەکەم لە بەغدا، نامەکە و هەناردەکانت چاوەنۆڕییان دەکردم: گوتارەکەم لە (سروە)دا بەشێکی بلاو کراوەتەوە و لە کۆتایی بەشەکەدا (درێژەی هەیە) نووسراوە ئیتر نازانم حەقیقەتی حاڵ چۆنە، ئایە هەر هێندەی بلاو کراوەتەوە یان جۆرێکی دیکەیە..
تا لە بیرم نەچووە با بڵێم: ئەو هێندە نووسینەم کە خەتت بە ژێریدا هێناوە و (بۆڕاندن و هۆڕەهۆڕ)ی تێدا هاتووە بۆ بلاوکردنەوە نەگوتراون..
مەسەلەی (شوێنی لەبار بۆ نووسین) وەک خۆت بۆی چوویت هەر وایە، چی بە ئەستۆی نووسەرەوەیە وەک ئاڵقەی زنجیر بەند و چەسپاوە هەر وشەکانی خۆیەتی: بگرە بینەقاقەی درۆ و ساختە ئیتر لە بەهەشت بێ یا جەهەننەم. خۆ ئەگەر تەواوی مەسەلەکە باس بکەین دەبێ بڵێین نووسینی بەشەرەف پتر شەرەف پەیدا دەکات کە هێندە هێز و پێزەی پێوە بێ جێگە بۆ خۆی تەرخان بکات لە جێگەی مەڵبەندی تەڵەکەبازان و بێ ئابڕوویی. من

ئەگەر لە سەرەتای کارەوە بەر لە سێیەکە سەدەیەک گوێم دابوایە ئەو گوێرە دوودڵییە و ترسنۆکییە تاکە وشەیەک لە قەڵەمم نەدەچووە سەر کاغەز مەگەر بە شێوەیەکی تەڵەکەبازی لێی ڕازی بێت. سەیر لەوەدایە ئەو زمانلووسانە بە پێی داخوازی حاڵ و بارێکی خۆیان لێیان خۆش دێت دەبنە برا و پشتیوانی کەسانێک جارێ دەستیان هەر سوورە بە خوێنی ئەو زمانلووسانە.. هەر نەیسە!

وا دەزانم کتێبەکانت پێ ناگات چونکە هەر لەو شوێنەی عەوقابوون مانەوە بێ سەروشوێن، منیش لە بەغدا نەبووم لێیان بتوێژمەوە. ئنجا ئەگەر دوای گەیشتنی ئەم نامەیەم جارێکی دیکە ناوی کتێبەکانم بە بیر بهێنیتەوە ئومێد دەکەم بتوانم بیانهەنێرم بۆت، ئێستا لە بارێکدا نیم بە نووسینەکانتدا بچمەوە و بیاندۆزمەوە.

پیتاقەی پیرۆزبایی ساڵی نوێت لە ٩ / ١٢ / ٩٩٣ گەیشتووە: ساڵ لە تۆش پیرۆز بێت و لە هەموو دۆست و کورد و گەلانی جیهانی ئێستا و دواڕۆژیش.

هێشتا لەو ماوە کورتەدا کە جارێ شەو و ڕۆژێکی نەبردووە لەوەتەی گەیشتوومەتە بەغدا ڕێم نەبووە ژمارە ٨١ی سروە کە بۆت ناردووم، بە نیوەچڵێیش بخوێنمەوە تەنها گوتاری سەید عەبدوڵڵای سەمەدی نەبێ کە لە لاپەڕە ١٨ ، ١٩دا بڵاو بۆتەوە و لە سەر وشەی شاری ڕەواندز دەڕوات. لێرەدا دەمەوێ ئیشارەت بۆ ڕایەکی ئەم کە ویستوویەتی هەڵەی کەسانێک ڕاست بکاتەوە لە بارەی بنەڕەتی وشەی (افتابە) کە گوتوویانە بەر لە دۆزینەوەی ئاگر خەڵق ئاوی لە بەر تیشکی ڕۆژ داناوە بۆ گەرمکردن ئیتر بە دەفرەکەیان ئافتابە گوتووە. ئیتر هەڵە ڕاست دەکاتەوە و دەڵێ لە ئەسڵدا (ئاب دەبە) بووە بە واتای دەفری ئاو. ئەوەی من لە نووسینی سەردەمم دیتووە لە بارەی ئەم وشەوەوە شتێکی دیکەیە: وشەکە لە ئەسڵدا (ئافەنت) بە واتای (ئاف - ەنت) کە ئاف خۆی ئاوە و پاشگری (ەنت)ی پێوە لکاوە. لە لاپەڕە ٦٥ی کتێبی (فرهنگ ایران باستان - بخش نخست)ی پوورداود لە بارەی (apی ئاوێستا و apa ی سانسکریت) دەدوێت تا دەڵێت (اوند کە در فرهنگها بمعنی ظرف چون کاسە و کوزە گرفتە شفدە در اویستا afant امادە در پهلوی اپومند apomand گردیدە برابر است با واژەئی سانسکریت اپونت apavant یعنی دارای اب یا امند و ابدار و ابدات) هەرچی کوردە وشەکەی (ئافەنت)ی کردووە بە (ئافتاوە) هاتووە ئاوی بە ئاوەوە نووساندووە کە دەبوو بڵێ (ئاوەندە).. سەیر نییە ئاو بە ئاوەوە بلکێت کە هەر خۆی دەڵێ لە سەر بەردی سەنگی سەخەرێ، یان بەردی سەخرەتوڵڵا.. دیارە لە وشەکەدا (ئاف) بە واتای (ئاو) هاتووە پاشگری (ظرفیە)شی بە دوادا هاتووە. ئەمە ناوی شاری (ابی ورد)م دەهێنێتەوە بیر لە ئەسڵدا ئاپۆڤەرتیکا کە تێیدا ئاپۆڤەر بە واتای ئاوەر بووە وەک کە دەڵێی هونەروەر، دانشوەر.. (تیکا)ش وا بزانم بۆ نیسبەتە.

کاکەوەیس لێرەدا قەڵەم هەڵدەگرم چونکە وەک پێم گوتی جارێ فرسەتم تەسکە و مەودام کورتە چاوەنۆڕی وەرامی جەنابت دەبم ئیتر بژیت بۆ برات .

**مەسعود محەمەد**
**٢٠ / ١ / ١٩٩٤**

مامۆستای گەورە و بەڕێز، کاک مەسعود.

سڵاوی لە دڵەوە سەرهەڵگرتووتان ئاراستە دەکەم. مژدەی سەلامەتیتان ئەمڕۆ لە نامەیەکی کورتدا گەیشت... پیرۆزبایی لە خۆم دەکەم.

لە نامەیەکدا پرسیاری (من هموم الحیاة)م کردبوو چونکە ناویم بیستبوو بەڵام ناوەڕۆکیم نەدیتبوو. ئەم پایزە برادەرێک بۆی هێنام و بە خوێندنەوەی کەڵکەڵەی وەرگێڕانی بابەتەکەی لە مەڕ مەلای خەتێ کەوتە سەرم. هێشتا نەچووبوومە سەر ناوەڕۆک، بە دیار ناوەکەیەوە گیرم خوارد: (نفض غبرە عن جبین الشمس). کردم بە (تەکاندنی گەردی ڕوخساری خۆر) و بە دڵم نەبوو. کردم بە هەرچییەک تامی عارەبییەکەی نەدەدا و منیش لێی چەپوخێڵ بوومەوە و نووسیم: تەکاندنی کەتانی ڕوخساری خۆر. بەڵێ خۆمم بەوە فریو دا و هاتمە سەر سەرەتای ناوەڕۆک و دوای ماوەیەک دەبینم نووسیومە: "لەوانەیە لە گرژ و مۆنیی ڕۆژگارەوە بزە بەیان بدات و لە ناخۆشی ژیانەوە لێوی مژدە بپشکوێ و دڵیش وەک سەوزەگیا چاوەڕێی کزەبای فێنک و شێدار بێ و سەعات بە سەعات تەماداری بێ..."ئیتر لەوە پترم ڕێ نەبڕی و وێستام. حەیفیشم دەهات ئەو چیایە سەرکەشە ڕانەگوێزرێتەوە ماڵە باوان، بێ ئەوەی چڵە دەوەنێ یا پەڕی کەوێکی لێ کەم بێ. داخەکەم عارەبییەکە کۆڵی پێ دام... بەڵام کەڵکەڵەی وردبوونەوەیەکی لە مەلای خەتێ خستە سەرم و ئێستا بەو نیازەوە ماوم. لە نامەیەکدا باسی ئەوەتان کردووە کە (زاراوەی پێوانە) و دوو بەشی (پرۆستریکا غورباشوف)تان بۆ ناردووم و لەم نامەیەشدا هەواڵی ناویانتان پرسیوە. نەخێر مامۆستا نەگەیشتن. پێم خۆش نییە زەحمەتی ناردنیان بە خۆتان بدەن. ئەگەر پەلەم نەبێ دەستم پێیان هەر دەگات وەک

دەستم بە (من هموم الحیاة) و ئەوانی دی گەیشتووە.
گوتارەکەتان کە لە سروەدا بڵاو ببۆوە، بە دوو وەجبە هەردوو بەشەکەیم بۆ ناردن، دیارە یەکێکیان کراوەتە سەدەقەی ئەوی تریان. وەک تێگەیشتم بەشی دووەم نەگەیشتووە. ئەگەر دڵتان نەڕەنجێنم، کەمێ دوا دەکەوێ چونکە گۆڤارەکە لای خۆم نییە و ماوەیەکی دەوێ تا دەستم پێی دەگات و کۆپی دەکەم.
لە ژمارە ١٩ی مامۆستای کورددا گوتارە زمانەوانییەکەی توێی نامەکانتان بڵاو بۆتەوە و هێندێکیان خستۆتە سەر ڕێنووسی گۆڤارەکە بەڵام بێ هەڵە بڵاو کراوەتەوە. لەو پەراوێزەش کە وەک ڕوونکردنەوە بەندە نووسیویەتی، تیلماسکە کراوەتە (تیلی سکە). هیوادارم گۆڤارەکەتان دەست بکەوێ نەک کۆپی گوتارەکە. گوتارە فکرییەکەشم جیا کردۆتەوە و بۆ هەمان گۆڤارم ناردووە. ئەوانەش کە خەتم بە بنیاندا هێنابوو لامبردوون لەگەڵ هێندێ وشەی تردا. هیوادارم کارێکی خراپم بە نیازی چاکە نەکردبێ و ئەگەر کردبێتیشم ببەخشن.
لە سەرەتای مانگی دووی پاردا، پێش سەفەری هەولێرتان نامەیەکتان بۆ ناردووم، ئێدی دەنگتان نەما تا نامەی ٢٠ / ١ / ٩٤ منیش وەک بڵێی لە خۆم کەوتبوومە گومان و ئۆقرەم لێ هەڵگیرابوو. جگە لە ڕێی نامە و پرسیار، هەر ڕێیەکی ترم چنگ کەوتبا بۆ زانینی هەواڵتان، دریغیم نەدەکرد. من لێرەوە نازانم چی بۆ ناردن و گوتن و نووسین دەشێ یا ناشێ. سروەم زۆر بە دوودڵییەوە نارد و کۆپی گوتارەکەشتان هەر وا. ئەگەر خوانەکردە بە هۆی نامە و نێردراوی منەوە بەردی سارد و گەرم بێتە ڕێتان، ئێدی بشمێنم لە تاریکستاندا دەبم. باش بوو ناسیاوێکم لە مانگی ئابدا پێی ڕاگەیاندم کە سڵاوی جەنابتانی لە هەولێرەوە پێ گەیشتووە. ئێدی بەوەی ئاسوودە بووم کە سەفەرەکە درێژەی کێشاوە...
هیوادارم سەفەرێکی خۆش بووبێ، سوپاسیشتان دەکەم کە هەواڵی براکەمتان پێ ڕاگەیاندم، دەبێ جەنابتانی ناسیبێ و هەر ویستبێتی گوێ لە قسەتان بگرێ. ئەو برایەم، قەدەر لێنەگەڕا لە خوێندنی قوتابخانە بەردەوام بێ بەڵام بە هیممەتی خۆی زۆری لە دەرەوەی قوتابخانەدا خوێندووە و خوێندۆتەوە. من و ئەو و مامم، گەلێ جار شەوگارمان بە دەمەتەقێ لە سەر نووسینی جەنابتان بەرێ کردووە.
لە نامەی ٢٢ / ٧مدا باسی برگە نووسینێکتانم کردبوو کە بە بەرگی کتێبێکەوەم دیت، دەربارەی جوانەمەرگێکتان نووسیوە بە ناوی ڕەمزی نافع و کتێبەکەش هەر لە سەر ئەو مەردەیە. دیسان داواکەم دووپات دەکەمەوە و دەڵێم خۆزگە مامۆستا مەسعود زەحمەتی دەکێشا و هەر نەبێ کەمێ بۆ بەندەی لە سەر دەنووسی. ئەو کوڕە، کوڕی هەر میللەتێک بوایە پەیکەری بۆ دادەتاشرا. ئێستاش ناژنەوەم خەڵکی وامان لێ ڕسکابێ هەر نەبێ بیرکردنەوەکەی لە هی ئەوەوە نێزیک بێ. کاک مارف خەزنەدار پێشەکییەکی بۆی نووسیوە و گوایە پێشیدا چۆتەوە.. حەیف کە کوردییەکی چاک نییە.
ئیتر هیوای لەشساغی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم
**برابچووکتان**
**حەکیم**
**٨ / ٢ / ١٩٩٤**

مامۆستای گەورە، بەڕێز کاک مەسعود.
دوای سڵاوی لە دڵەوە سەرکردووم، هیوای لەشساغی و تەمەندرێژیتان بۆ دەخوازم.
بیست ڕۆژێک لەمەوبەر بەشی دووەمی گوتارە زمانەوانییەکەی سروەم جارێکی دی کۆپی کردەوە و ناردم. هیوادارم ئەمجارە نەفەوتابێ. هەر زوو دوای ئەوە، هەردوو بەشی بیرەوەرییەکەتان کە دەربارەی دڵدار نووسیوتانە و لە هەمان گۆڤاردا بڵاو بۆتەوە چنگم کەوت. بەڵام بەر لەوەی کۆپییان بکەم هێندێ (لەتیفە) و (تەکلیف) و پەرۆشی، لە شاری سەرمدا بۆ کاک فریاد جمەیان دەهات و بەو هەستەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەیم لێدا. کاک چوستی وەڵامی دامەوە. من چ نیازێکم هەبوو، چم گوێ لێ بوو!. وەڵامی جەرگبڕ و هەواڵی چاوەڕوواننەکراو.. هەواڵی مردنی کاک فریاد بە جۆرێ هەناوی هێنامە خوارێ، ئاگایەکی ئەوتۆم لە خۆم و دەوروبەرم نەما. ئەمە چ گەمەیەکە! نازانم خودا چ پەکی لە سەر خولڵقاندن و مراندن و جارێکی تر خولڵقاندنەوە کەوتووە!. نازانم ئەو هەست و هۆشەی کە خودا داونی، بۆ دەبێ وەک گوڵ لە ڕووی هەنگی دۆستایەتی و خۆشەویستی بکرێتەوە و دواییش بە لەدەستدانی عەزیزان هەڵوەرێ؟!.لە ماوەی چەندین ساڵی عیشرەت و ئولفەت و برایەتی، لە تەنگانە و فەرەحیدا، لە هەبوونی و نەبوونیدا، یەک ناڕاستی، یەک سوعبەتی نابەجێ، یەک وشەی ڕەقی هەستڕووشێنەر یا یەک نوختەی نەگەتیڤم لێ نەدی و نەبیست. بە مردنەکەی نەبێ قەت نەیڕەنجاندم. بەڵام بە خودای تۆڵەی هەمووی کردەوە. ئەمە چ دەستێ بوو ئەو کوڕەی بۆ ئەم ئەنجامە پێ ناساندم!. نازانم و لە دەست نەزانینی ئەم هەمەوو

نهێنییانە پەنا بۆ غەیب و غەیبیات دەبەم... غەیبیش وەک جیوە خۆی بە دەستەوە نادا و نادا. دەستی خۆبەدەستەوەدانم بەرانبەر بوونی خالق بەرز کردۆتەوە و گەلێ لەو تەفسیرانەم بەو داونەتەوە کە لە عاستیاندا تەقەی سەرم دێ. بەڵام پێم نەکراوە ملی ڕەزامەندی لە ئاستی مەتەڵی مەرگ و بوون و غەریزە و - بەرانبەر هەمووشیان - سزا خوار کەمەوە. کە خودا ویژدانی دابێ سزای سووتاندن بۆچی؟. کە ئاگری ویژدان و ڕەنجەڕۆیی لە دەروونی پێکردبێ چ پەکی لە سەر قرچەقرچی (گۆشت برژاندن)ی دۆزەخ و پەتپەتێی تر کەوتووە!. مامۆستا گیان ئاورێک.

حەیف بۆ لەدەستچوونی مرۆڤی بێ زەرەر و بەئەدەب و بە ویژدان. یازوخ بۆ مردنی ئەو کاک فریادەی کە ڕێی کتێبخانەی پیشاندام و (شەرەفنامە) و بەرگی یەکەمی (حاجی قادری کۆیی) کردە بناغەی کتێبخانەی ماڵەکەم لە کاتێکدا هیچیانم نەبوو. نە ماڵ، نە حاڵ، نە کتێبخانە و نە کتێب.

ببەخشن مامۆستا ڕەنگە سۆزم لە جێیەکی زۆر شیاودا سەری نەکردبێ، بەڵام ئێوە کێوێکی سەرکەشن و لە سەرماشم دەپارێزن و لە گەرماش.

وا ئەم نامەیە دەخەمە تەک هەردوو بەشی بڵاوکراوەی بیرەوەرییەکانتان لە سەر دڵدار. ئەگەر بزانم گۆڤاران بە سەلامەتی دەگەن، هەوڵ دەدەم چەندم چنگ کەوت، سروەتان بۆ بنێرم. هەرچی داواکاری و پێداویستی ترتان هەبێ و بە من ئەنجام بدرێ دەست لە سەر سینگم.

ئەو برادەرەی (گەشتی ژیانم)ی لە یەک بەرگدا بڵاو کردبۆوە، دوێنێ پەیوەندی پێوە کردم و خوازیاری ئەوە بوو ئەگەر بەرهەمی بڵاونەکراوەتان - لە سەر شێوەی کتێب - هەبێ، لە سەر ئەرکی خۆی چاپی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە. واتە وەک (گەشتی ژیانم)، لێرە و لەوێ بڵاو دەکرێتەوە. باسی بابەتێکی کرد کە جەنابتان لە سەر (ئەورەحمان پاشا) نووسیبێتتان و جارێ چاپ نەکرابێ. ئەگەر بابەتی واتان هەبێ و لە هەولێرەوە بە دەستی ڕێبواراندا بنێردرێ و بە هۆی تەلەفۆن یا نامەوە پەیوەندی بە، من یا ئەو برادەرەوە بکرێ چاکترە و لە گەیشتنی دڵنیا دەبین. بەڵام لە ڕێگەی پۆستەوە، ڕەنگە دووبەختی بێ. ئەو برادەرە، وەک بزانم، شوکور هەم گیرفانی ئاوەدانە هەم سەری. جگە لەوەش حیسابێکی تایبەتی بۆ ئێوە - وەک مامۆستا مەسعود محەمەد - و بەرهەم و فکرتان دەکات. ئیدی بڕیار لای خۆتانە، بەڵام ئەگەر بەو کارە ڕازی بوون، هیوادارم ئەو برادەرەش هەڵەی چاپی تێدا نەکات.

حەز دەکەم ئەوەشتان عەرز بکەم کە نیازی کڕینی کۆمپیوتەرێکم هەیە. ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو بم هیچ نەبێ بە دەسخەتە ناخۆشەکەم بێزارتان ناکەم. هەر لە ئێستاوە چوار کتێب بۆ ئەو کۆمپیوتەرەی کە بەتەمام بیکڕم، چاوەچاویانە.

وەک کە لە نامەی پێشوومدا باسم کردووە، کەڵکەڵەی وەرگێڕانی (نفض غبره عن جبين الشمس) هەر لە سەرمدایە. دەزانم دەروەستی ئەو عارەبییە تۆکمەیە نایەم بەڵام بابەتەکە وا سەرنجی ڕانەکێشاوم بە هاسانی دەسبەرداری بم. ماوەیەکی دی، دوای ئەوەی قامووسی چاک پەیدا دەکەم و عارەبیزانێکی لە خۆم بەتواناتر دەست دەکەوێ، تێهەڵدەچمەوە. بەڵام نیازیشمە هەرجارە و هەندێکی بۆ جەنابتان بنێرم تا دیققەتی بدەنێ.

مامۆستا گیان: ڕێز و حورمەتم دووبارە دەکەمەوە و بە خواتان دەسپێرم.

**حەکیم**
**(کاکەوەیس)**
**٧ / ٣ / ١٩٩٤**

کاکە حەکیمی بەڕێز و خۆشەویست

سڵاوێکی گەرموگوڕی لای سەعات یەکونیوی ڕۆژی چوارشەمۆی ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەمەزان لە لایەن ڕۆژیوانێکی وەک خۆم کە بە دڵ حەز لە ڕۆژوو دەکەم و پێی دەحەسێمەوە. ببەخشە لەو بەینە لێت بێدەنگ بووم، ڕاستییەکەی گەلێک هۆی پەکخەر کۆ بووبوونەوە و ئێستاش نەختێکی بەردەوامە کە ڕێی نەدەدام تەرخان بم بۆ وەڵامدانەوەی نامەی دواییت و سپاسگوزاری لە سەر گەیشتنی بەشی دووەمی گوتارەکەم لە سروە [وشەی وەڵام هەڵگرتنەوەی شوێن پێی هەندێ ئاخێوەری کوردە لە لایەن منەوە] ئنجا دەبێ بڵێم ئێستا لە بارێکدا نیم بگەڕێمەوە بۆ نووسراوت و ئەو شتانەی تێدا هاتوون چونکە وا دەبێ بابەتێک لە بابەتەکانی لێم داوا بکات پێیەوە خەریک بم ڕێشم نییە لەو ڕۆژانەدا فکرم هەڵنەگێوم لەو شتە، یان شتانەی دەمخەریکێنێ، تەنانەت شەوی ڕابردوو لە داوەتی فتاری ماڵی برادەرێکم کە چەندین خاوەن بیروڕای سەر بە مێژوو و هونەر و فەلسەفە و سیاسەتی تێدا بوون، وتوویژمان هەتا دوای سەعات ٩,٣٠ خایاند واتە دوو سەعات و نیوی ڕەبەق لە موناقەشەدا بووین. خۆ ئەگەر دەرفەت هەبوایە هەر لێی نەدەبووینەوە چونکە زۆر وەدڵ بۆ باسەکان چووبووین.. ئا ئەم تەرزە مەجلیسانە تەواوێک خەریکم دەکەن جگە لە نووسینی هەندێ بابەتی ناچاری

و پێویست کە هەندێکیان حەفتانە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە دەبێ، وێڕای فەرمانی دیکەی ئەوتۆ قوت دەبنەوە بێ ئەوەی بەتەمایان بووبێتم.. ڕێ و بارم نییە ئەو شتانەت بۆ ڕوون بکەمەوە هەر هێندە دەکرێ بڵێم دەرفەتم تەسکە بۆ هەڵڕشتنی چی لە دەرووندایە تا ماوەیەک دوای جەژن بەڵکو کەلێنێک پەیدا دەبێ هەرچەندە دوو بنگەی سەقافی بەڵێنیان لێ وەرگرتووم لە شێوەی (محاضرە) بۆیان بدوێم.. بە هەر حاڵ تۆ لە سەر کاغەز و وەرامی من بەند مەبە کە مجێزت بوو یان بەرژەوەند داخوازی کرد نامەم بۆ بنێرە لەگەڵ ئەو پەخشنامانەی کە بە من ناگەن.

بە ناچاری لێرەدا دەنووسم: وا لە لای دەستی ڕاستمەوە بەشی سێیەمی نووسینێکی کە قەولە لە ڕۆژنامەی "العراق" حەفتانە بڵاوی بکاتەوە لە ژێر سەرناوی "لماذا و اخواتها" ئا ئەو نووسینە کە سێیەکی ڕووپەڕەیەکم لێ ڕەش کردۆتەوە، واتە خستۆتە سەر کاغەز، چاوبڕکێم لەگەڵدا دەکات و فریوم دەدا بگەڕێمەوە بۆی. بەڵام ناماقووڵی فەرموو هەتا دوای حەسانەوەی دوو سەعاتی عەسرانەم خۆمی تێناگەیەنم. ئیتر دوعام بۆ بکە خەوێکی تێرم لێ بکەوێ تۆڵەی بێ خەویی شەوی ڕابردووم بۆ بکاتەوە هەرچەند تا دوعای تۆ دەکەوێتە گەڕ جەژنیش بە سەر چووە، لێت پیرۆز بێ بە خۆشی و کامەرانی و بژیت بۆ برات

**مسعود محمد**

**٩ / ٣ / ١٩٩٤**

بەڕێز و خۆشەویست کاکە حەکیم

سڵاوێکی دڵ بریندارانە بە دوا نامەی مێژوودادری ٧ / ٣ / ١٩٩٤ ت کە شیوەنێکی بە سفتوسۆی تێدا بوو بۆ مەرگی فەریادی ناکام. من لە هەولێر بووم کە خەبەری مردنی و دواتریش، تەرمی هاتەوە. صەد جار و هەزار جار کاشکێ لە دوایین گەڕانەوە و ژنهێنانی نەمدیتایە، چونکە دیتنەوەی بوو بە هۆی زێدە پەرۆشم بۆی. لە پەرۆشی منیش هیچ سوودێک بەو ناگات هەر منی تێدا مەینەتبار دەبم، گەلێکی دیکەی وەک منیش هەر لەو بارەدان کە خۆزی نەیاندیتبایەوە. ئەو نامەیەت کە هات من لە بارێکدا بووم سەرقاڵی و مەشغەڵەتی پێوە بوو بە تایبەتی لە لایەن نووسینەوە کە بەو دواییە حەفتانە لە جەریدەی قادسیە و عیراق گۆشەیەکم هەیە دەبێ ئاوەدان بێت جگە لە نووسینی دیکەی جۆراوجۆر کە بە ملمدا دەبڕێن.. وا ڕێکەوت بوو بێستوون، کوڕی حەمە عەلی ئامۆزام، هاتە بەغدا کە خۆی خوارزای فەریادە و زۆریش یەکتریان خۆش دەویست نامەکەی تۆم پێ دا لێی خواستمەوە کە بەشی سەر بە حاڵ و باری فەریادی لێ نوسخەنووس بکا، لە ماڵی خاڵە گەورەکەی، کەمال محی الدین دابەزیبوو. نامەکەی بۆ ئەوێ برد کە خاڵ و پوورەکانیشی ببینن. دوای سەفەری، نامەکە مایەوە تا بەر لە دوو ڕۆژ چوومە سەردانی کەمال و وەرمگرتەوە بۆیە بوو وەڵامی ئەم نامەیەت وەخرا. مەسەلەی بەینی خۆت و خوا هەر بە خۆت وەرام دەدرێتەوە چونکە مەسەلەیەک نییە بە بەڵگەی (ریاضی) یان ئەزمووگەیی بە لایەکدا بکەوێت. خۆم لە تەمەنێکی زۆر شلکەوە بەم پرسیارەوە خەریکاوم ڕێگەشم زۆر بڕیوە بەڵام چی لە ئەنجامی خۆشەچینی دەکەوێتە پاشۆلی هێشووکەرەوە، کە خۆمم، ڕۆشنبوونەوەی پەراوێزی دەوراندەوری پرسیارەکەیە، ڕۆشنبوونەوەیەک کە لەسەرەخۆی ساڵە و ساڵ مەودابڕین و تێهەڵچوون و هەمواربوون و کرانەوە و ئارامی و ئۆگرگرتنەوەدا دەبێتە یەقینێکی ئەوتۆ وەها پێک دێت لەگەڵ نەبز و لەرزە و هەژان و داخورپانی موچڕکاویی وەرامەکانی سەر بە پرسیارەکە نزیک دەبێتەوە لە (بدیهیە) کە پێویستی بە بەڵگە نەمێنێت. زۆر بە سەیری بەڵگە لەو سنوورەدا پتر بەلای درۆخستنەوەی ئەو خڵت و خاشەیە کە خۆی تێکەڵ بە موعادەلەکە دەکات. هەر یەک لەو بەدرۆ خستنەوانەش کە بە ڕواڵەت سروشتێکی سەلبی نەک زەق و زۆپی هەیە لە دەروون‌دا چرایەک دەگەشێنێتەوە بێ ئەوەی فکر دەستێکی ئوستادانەی بۆ درێژ کردبێ چونکە زووتر ئەستێ و بەردی ڕەفز چەخماخەی داوە. دوێنێ لە جەریدەی عیراقەوە هاتن و ئەو ئاڵقانەی کە حەفتانە یەکێکیانی لێ بڵاو دەکرێتەوە، ژمارەشیان حەفت ئاڵقە بوو، وەریانگرت و بردیان: یەکێک لە پێنج ئاڵقەی ژێر سەرناوی (لماذا؟ و اخواتها) هەر وا بەڕێوە گەیشتە (خيبة أمل) لە (عقلانية التاريخ الانساني) و ئومێد وایە کە لە دواڕۆژدا بلیمەتی و ڕەساوی و بەرەوپێشچوون و زانست و تەکنیک لە بەرزاییەوە بڕوانێتە ئەو شوێنە نادیارەی کە (عقلانية الطبيعة) لە ڕێی (حبل سري) ئەزەلکردەوە حیکمەت و جوانکاری و وردی و ڕێکوپێکی.. و نازانم چی و چۆن دەکاتە (قوام و ملاک.. و ..)ی وجود. داخم ناچێ من لێرەدا شەبەنگێکی ئەو هێندەی نووسینەکە بە پچڕپچڕی دەخەمە بەرچاو: بێ گومان لەو ئاڵقەیەدا بە شێوەیەکی ڕێکتر و لەبارتر و متمانەبەخشتر مەبەستەکە ڕوون کراوەتەوە. لە سەر خێران کە ئاڵقەکان بڵاو کرانەوە نوسخەیان لێ دەگرمەوە یان لە جەریدە ئەو هێندەی مەبەستە دەریدێنم و بۆتی دەنێرم.

کتێبێک وەیا نووسینێکم نییە لە سەر (ئەورەحمان پاشای بابانەوە) مەگەر لە موناسەبەدا بە دەم باسێکەوە ناوی هاتبێ. وا بزانم لە هێندێ شــوێنی نووســینم دەربارەی حاجی قادرەوە موناسەبە هاتبێت و باسی کرابێت.. ئەو مێرخاسانەی (گەشتی ژیانم)یان بە چاپ گەیاند دواتر نامەیەکیان بۆ ناردم کە مێژووی ٢٢ / ٨ / ١٩٩٣ی پێوە بوو داوای ئەوتۆییان کردبوو لێم. زۆر بە داخەوە تا ئێستا پێم نەکراوە پەیوەندییان پێوە بکەم چونکە یەک لە داخوازیەکانیان ئەوە بوو کە من بە سەر ئەو کتێبەدا بچمەوە و کەموکوڕی ببڕم و هەڵەکانی ڕاست بکەمەوە و ناتەواوی هێندێ شوێنی چارەسەر بکەم.. تا لە جاری دووەمی چاپکردنەوەیدا کەڵکی لێ بدیترێ. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ زۆرم حەز دەکرد کارەکە بە ئەستۆوە بگرم بەڵام جێبەجێکردنی خەریکبوونی چەند مانگیی بێ پشووی گەرەکە کەوا ڕەنگ بێ باری گوزەرانم لێ نەگەڕێ بتوانم بە جۆری پێویست خۆم خەریک بکەم. ئەو دۆستەی نامەی نووسیوە بە ئیمزای (وریا - ئاسۆس) و بە ئەدرەسی خوارەوە بۆمی ناردووە:

Sweden
Muhammad - Weria
Vimmerbyplan 27
16374 Spanga
Tel: 08 760 52 97

ئیتر نازانم ئەم برادەرە چۆن و چ پەیوەندییەکی بەو مێرخاسەوە هەیە کە تۆ لە بارەیەوە نووسیوتە.. ئا ئێستا هەستی شەرمەزاری دەکەم لە ئاست پەرۆشی ئەوان و بێ دەسەڵاتی خۆمدا.

چی باست کردووە لە هەناردراوەکانت پێم گەیشتوون. زۆر سپاس بە دیار....

لێرەدا دەوەستم چونکە بە ڕاستی دەبێ خەریکی واجبی دیکە بم یەکێک لەوانە وەرامدانەوەی ئەم کاکە (وریا)یەیە ئیتر تا جارێکی دیکە دوور لە دۆزەخ و بەهەشت بە خوام سپاردی

**برات**

**مەسعود محمد**

**٢٨ / ٣ / ١٩٩٤**

برا و برادەری خۆشەویستم کاکە حەکیم

ڕۆژ باش، وا گوێم لە مەلایە بانگی عەصر دەچڕێ بە دەنگێکی ناساز و ئاهەنگێکی نالەمجێز.. شوکرێ لێ بووەوە ئۆباڵی خەڵک بە ئەستۆی.

دوێنێ نامەکەت هات.. سپاس بۆ نەوازشتێکی پێمی ڕەوا دەبینی. یەکەم جاریشە قسەکەی هەژاری نەمر بەر گوێم دەکەوێ کە دەبێ بڵێم لەم بوارەوە زۆری قەرزدارم و تەواوێک لە خۆم زیاد نرخاندوومی.. بۆ ئەویش و بۆ دکتۆر سادقی شەهید پڕوزەم لە دڵ و دەروونی هەڵدەستێ.. بە داخێکی داخدارەوە تا ئەمڕۆکە زەرفم نەبوو نامەی تێ بخەم. ئاخر زەرفم بەر لە چەند ڕۆژێک لە دەستان سەکەت بوو، بە زەحمەت یەکێکم بۆ پەیدا کرا: ئیمڕۆ ١١ / ٧ برادەرێکم ١١٠ زەرفی بۆ ناردم توومەز بیستبووی حاڵم لە بەر بێ زەرفی شڕە.. بێمە سەر نامەکەت: ئەو حەواڵە بە گەواڵەیەی باست کردووە پێم نەگەیشتووە خۆت گوتەنی گەیشت قازانجە و نەگەیشت زەرەری کەمە.. با لە پێشەوە پێت ڕابگەیەنم لەو ماوەی ١٥ - ٢٠ ڕۆژی ڕابردوو لە کۆسپێکی سەخت گلام و چی بە دڵدا دێت بە بەریەوە هەبوو بەڵام لە چاو خۆی باش دەرچووم. ئێسکم نەشکا. زەبری گەورە بەر ڕانی ڕاستم کەوت. درێژەی ناوێ وا کەوتوومەوە سەر نووسین. لە هەندێ هەڵسوکەوت بە تەقیوەم تا بە تەواوی لەشەکەم دەچێتەوە باری ئاسایی خۆی..

ئەدرەسی ئاسۆ ئەمەیە:

[مافی بڵاوکردنەوەی ئەدرەسەکەم بە خۆم نەدا. ح. کاکەوەیس]

عەلی سەروەت دکتۆرە بەڵام نووسەرێکی خامە ڕەنگینە. پێوەی دیارە منی خۆش دەوێت و باوەڕ بە بیروڕام دەکات.. یەکەم نامەی لە ١١ / ١١ / ١٩٩٥ بۆ نووسیم و بە دوای ئەودا نامە لە نێوانماندا هاتوچۆی کرد، بەر لە چەند ڕۆژێک دوایین نامەی هات لەگەڵ فۆتۆکۆپی ئەو نووسینەی کە وا لە سەر برایم ئەحمەد دەرچووە. نامەکە و فۆتۆکۆپیەکە وا لای د. کەمال مەزهەرە. د. عەلی لەقەبی کوردۆی هەڵبژاردووە چەند نامیلکەی نووسینی خۆی بۆم ناردووە. کوردێکی ڕێکوپێک و بە بڕشتە. ئەدرەسی ئەمەیە:

[مافی بڵاوکردنەوەی ئەدرەسەکەم بە خۆم نەدا. ح کاکەوەیس]

بیستبووی ناساغ بووم بەر لە چەند مانگێک لەگەڵ نامەی هەواڵپرسی چەند دەرمانێکی ناردبوو بە کەڵکی تەنسازی بێت ڕاستیەکەی منیش تا بڵێی دڵم بۆی چوو. هەروەها دکتۆر کەمالیش وەکو من..

حیکایەتی شەرحەکەی نالی ئەوە بوو لە پێشەوە ١٣٦ لاپەڕەی درێژی خەت وردم نارد.. دواتر ٦١ لاپەڕەی کۆتایی شەرحەکەم، ئەمیان بە هەڵە بۆم هاتەوە هەرچی ١٣٦ەکە بوو بێ سەروشوێن ماوەتەوە. من نوسخەم هەبوو هی کاربۆن: ٦١ لاپەڕەکەم خستە سەر ١٣٦

لاپەڕەی کۆپیکراو و بەڕێم کرد. ڕەنگە ئێستا ئەگەر نەفەوتابن لە بەریدی بەرەو سویدن. بە ڕاستی پێوەی خەریک بووم بە تایبەتیش کە نوسخەی کۆپیکراو ئەرکێکی زیادی لەگەڵدایە تا بە دروستی ئەنجام دەدرێت.

ئێستا لە بیرم نەماوە مەسەلەی ماڵی ئەبو سوفیان و غەزای بەدر چۆناوچۆنی گەیوەتە لای تۆ. ئایە بۆ تۆم ئەو باسە نووسیوە؟. چونکە من نوسخەی کاغەزی خۆم لا نییە هەتا بۆی بچمەوە. هەر لە بیریشمە قەرزدارتم (نە... نە)یەکەت بۆ ساز دەم ئەمما بە ڕاستی من خۆم موحتاجم ئەوی دەینووسم یان دەیڵێم نوسخەیانم هەبێ چونکە کاکی باش، هێرشی پەیتا پەیتا و خەیاڵ و وڕێنە و خولیا و ڕامانی تێکەڵ بە ژیربێژی کەوا دەتوانم بڵێم بێ پچڕانەوەن زۆربەی ئەو شتانەم لە بیر دەبەنەوە کە پێشتر گوتوومە یا نووسیومە یا لەگەڵ خۆمدا وتوویژم تێدا کردووە. دەچمەوە بۆ کتێبێکی وەکو "پرۆسترۆیکا" شتی ئەوتۆی تێدا دەخوێنمەوە بۆ خۆشم نوێ دەردەچێ تومەز ئەو تاڤگەیەی باسم کرد هەموو شتێکی نەخشبەستووی پەردەی مێشک ڕاماڵ دەدات.. زۆر جاران برادەران دەڵێن: فلانە ساڵ لەو باسەدا وەها و وەهات گوتووە. دەسا بە هەرچی بزۆتی جەهەننەم هەیە سوێند دەخۆم بە بیرم نایەنەوە هەرچەند لە بەر مجێزم ئاشنان و پێکدێن لەگەڵ جیهانی دەروونم.

ببەخشە: لەم دەمەدا مەشغەڵەتێک هاتە پێش، با لێرەدا ماڵاواییت لێ بکەم بە ئومێدی خۆشی و سەربەرزیت و بە دیار نامەی ئایندەت.

**برات**
**مسعود محمد**
**١١ / ٧ / ١٩٩٤**

ماموستای گەورە، بەڕێز کاک مەسعود
دوای سڵاو، هیوای لەشساغی و خۆشیتان بۆ دەخوازم، خوا بتانپارێزێ.

دوو مانگ زیاترە تەمای دنیا شێوە و شێوازی ژیانمی بە تەواوی گۆڕیوە و لە سەعات دووی دوای نیوەشەوەوە هەڵپە دەکەم تا دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ. کە لێ دەبمەوە، جەستە و سەرم هێند شەکەتن کەڵکی ئەوەم نامێنێ قەڵەم بخەمە سەر کاغەز و بە وریایی ڕستەی خۆم تاوتوێ بکەم بۆیە لە ئاستی جەنابتاندا کەمێ خۆم بە شەرمەزار دەزانم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، پێم وا نییە لە بەخشندەیی و گەورەییتان بێ بەش بم. هۆی هەڵپە و گۆڕینی شیرازەی ژیانم وەنەبێ نەبوونی و بێ زەوادی خۆم بێ بەڵکو نەبوونی و برسێتی کەسانێکە کە بەرانبەر ویژدان و یەزدان لێیان بەرپرسیارم و ئەگەر وەفام بۆیان نەبێ پێم وایە بۆ کەسی ترم نابێ. ئەدی دەبێ هێندەم کات بۆ نەڕەخسێ نامەیەکی بە دڵی خۆم بۆ ماموستا بنووسم؟. بەڵێ کاتی نووسینی نامەی ئاساییم دەبێ بەڵام ئەوەی بۆ ماموستای دەنووسم شتێکی ترە.. نامەی ئاسایی نییە: دەبێ حەواسم لە سەر خۆ بێ و بزانم چم دەوێ و چی دەنووسم.

هەواڵی کاک حەمە عەلی ئامۆزاتان و بێستوونی کوڕیم لە نامەکەتاندا پێ گەیشت. من نمەکی ئەو ماڵەم کردووە و ئێوارەیەکی لەبیرنەچووم لەوێ، لەگەڵ کاک فریادی ڕەحمەتی و ماموستا عەزیز گەردی و مامدا بەڕێ کردووە. خۆزگە ڕێز و حورمەتم بەو ماڵە خانەدانە و ئەو کەسە کەسانە دەگەیشت. لەبەر ئەوەی بە مردنی کاک فریاد خۆم بە خاوەن پرسە زانیوە پرسەنامەم بۆ کەس نەنارد و داوای سەبووری بۆ خۆم و بۆ ئەوانیش لە خودا دەکەم.

باسی (لماذا و اخواتها)تان کردووە کە لە (العراق)دا بڵاو دەکرێتەوە - دەبێ ئێستا بڵاو کرابنەوە - لە یەک دوو دێڕی نامەکەدا وای لێ حاڵی بووم کە باس لە پەیوەندی (عقلانية البشر) لە مێژوودا یا لە دروستکردنی مێژوودا بکات. ئاواتەخوازم نووسینتان، هەرچییەک بێ، چاو و هۆشم ڕووناک بکاتەوە. خۆ ناشوکری ناڵێم ڕێیەکی ئەوتۆ نییە بێ ئەوەی ئێوە زەحمەتی تێدا بکێشن ئەو ئاواتەم گەش بکاتەوە و بیهێنێتە دی. دەزانم کاتتان کەمە و سەرقاڵن بەڵام پێتوبەرەکەتی بەرهەمتان هی ئەوە نییە دەسبەرداری بم بۆیە بۆ دەیەم جاریش بێ داواکەم زیندوو دەکەمەوە.. ئەدی چی بکەم ماموستا؟. چۆنم چنگ بکەوێ؟. ئەدی چۆن بزانم ڕەمزی نافیع چ ڕۆڵەیەک بووە وا ئێوە ئەو گەوهەرانەتان بۆی هۆنیوەتەوە؟.

چاپەمەنی کوردی لە هەندەران - بە تایبەتی لە سوید - ڕوو لە کزییە و سیاسەتی یارمەتیدان گۆڕاوە. دەمێکیشە سروەم چنگ نەکەوتووە تا بۆتانی بنێرم. پێم وایە ئەوانیش مەودای جموجۆڵیان کەم بۆتەوە.

تا ئێستا سێ و چوار بەستە (العراق)م پێ گەیشتوون کە لە هەر یەکێکیاندا سێ ژمارە پێکەوە پۆست کراون. سێ گوتاری جەنابتان لە سێ ژمارەدا هەبوون ، یەکێکیان (شخصيات عراقية)دەربارەی دکتۆر عبدالجبار الجومرد بوو و یەکێکی تریشیان (الارتقاء الى الاسفل) بوو، لەم یەک دوو ڕۆژەشدا گوتاری (العنف.. ام اللين)

گەیشت. هەر یەکە لەو گوتارانەم چەند جارێ خوێندەوە و هەر ئەو بۆچوونە مرۆڤانە و زانستانەم بەدی کردن کە ڕاهاتووم لە مامۆستا مەسعود محەممەد و بەرهەمەکانی بەدیبیان بکەم و کەڵکیان لێ وەربگرم. بۆ تێگەیشتنی گوتارەکان، پەنام بۆ قاموس برد هەرچەندە وشە هەبوون چنگم نەکەوتن.

لە سەرەتای (الارتقاء..)دا نووسیوتانە: "لقد قلت في حلقة سابقة..." منیش چ (حلقە)ی پێشووترم نەدیتووە. کەچی هەمان گوتار ژمارە (١)ی لێ نووسراوە. ئێدی نازانم چۆن بە زنجیرە ریز کراون. وەک خۆتان فەرمووتانە: "رحم الله موتانا من اصاب و من اخطأ بحسن نية". بەڵام ئەهلی چاپ زیندوون. لە دەقەکەدا نووسراوە : "رحم اللهم" نەک "ارحم اللهم" یا "رحم الله". لە ناردنی (العراق)دا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە خەتی ئەدرەسەکە دەسخەتی ئێوە نەبوو. پێم خۆشە بزانم کێ نووسیویەتی.

سڵاو و ڕێزم دووبارە دەکەمەوە و بە خواتان دەسپێرم.

**برابچووکتان**
**حەکیم**
**٢٤ / ٦ / ١٩٩٤**

کاکە حەکیمی خۆشەویست، ئەم کاتەی سەعات شەش و سێ چارەگی ئێوارەی بەغدات لێ خۆش بێت.. نامەی مێژوودار ٢٤ / ٦ / ٩٩٤ت دوێنێ ڕێکەوتی دووشەمووی ١١ / ٧ / ١٩٩٤ پێم گەیشت. لە دەرد و ئازارت گەیشتم پەرۆشیشم بۆ خواردیت.. با پێت بڵێم من یەکێکم لەوانەی ئەوپەڕی خەریکبوون بە لەدەست نەچوونی بەرژەوەند دەگرنە ئەستۆ هەر بەو پێیە قەدری بەرژەوەندەکەش دەگرن بەڵام کە مەینەت بەرژەوەندی کوشت کەمتر لە تێکڕای خەلق پێی تێکدەچم: من پەرۆش بۆ (سوود) دەخۆم نەک شیوەن بۆ دۆڕاندنی (سوود) دەگێڕم هەرچەند لایەنی (عەقلانی) و هۆشم بارتەقای دە کەسی هۆشمەند نرخی سوودی نەتەوایەتی چەندە و چارەنووس چ ڕادەگەیەنێت.. هەر نەیسە، زەویە گێلەکەمان بۆ خۆی وا بە دەوری خۆی و ڕۆژدا دەخولێتەوە نە بای پێدا هاتووە و نە باران ئێمەش وەک قرنوو پێوەی نووساوین و بێ پارە چەرخ و فەلەکەکە دەمانگێڕێت.. ئەمڕۆکە چوومە سەرتاشێ: دوایین جار پەنجا دینار ئەمجارە سەد دینارم دا هەقی سەرتاش. دیار بوو کابرای سەرتاش ئاگاداری نووسینەکانم بوو ویستی پارە وەرنەگرێ لێم نەسەلماند.. برا بەینێک بوو دڵم لە خرت و پرتی بێ نامەییت بوو پێشتر وەهات ڕانەهێنابووم.. ڕۆژنامەی العراق بە داخوازی من بۆ تۆ و بۆ برادەرێکی دیکە لە سوید بەڕێ دەکرێت کەچی بۆ خۆم نایەت مەگەر ئەو دانانەی نووسینی خۆمیان تێدا بێت.. ڕەنگە ئەوەی لە سەرەتای (الارتقاء الى الاسفل)دا نووسیومە لە بارەی هەبوونی ئاڵقەی پێشووتر ئیشارە بێ بۆ یەکێک لەو نووسینانە کە هەموویان هەر وەک ئاڵقە دەنوێنن. مومکینە ئەو ئاڵقەیە لە بیر کرابێت و نەخرابێتە چاپ.

باسی (عقلانية)ی بەشەر و مێژووی بەشەر سەری هەیە و کۆتایی نا: لەگەڵ مامۆستاکانی جامیعە کە سەروکاریان لەگەڵ مێژوو هەیە زۆر جار دەکەوینە گفتوگۆ بەڵام گەیشتن بە نەتیجە کاری سێ سەعات و چوار سەعات نییە. هەر ئەوەندەم دەوێ لەو مامۆستایانە ئەو میقدارە (عقلانية) بۆ حاڵی حازری دادەنێن هەر ئەوەندە بە مێژوو ببەخشن چونکە ئێستاکە خۆی مێژووە. ڕابردووش (ئێستا) بوو بۆتە مێژوو. تاریخ دەکەن بە حاڵەتی (تجريد) وەک موعادەلەی حیساب و جەبر و کیمیا کەچی حازری زەق و ڕەق و تەق هەر بە زەقی دەمێنێتەوە لایان: خەیاڵیان ناچێت پوور ئایشێ مەشکەژێن و سۆفی بەکری ترێفرۆش تاریخ بن تەنانەت (کلنتن)ی ئەمڕۆ بە جۆرج واشنتن ناگرن دەبێ کلنتن و سەردەمەکەی ببن بە ڕابردوو ئنجا جەڕ و مەنگەنەی نەزەربینی لێ بەکار دێنن.

ڕاستییەکەی سەرقاڵی بەشێکە لەو کاریگەرانەی ڕۆژم لێ دەگەیەننە ئێوارە بەڵام داخم ناچێت سەرچاوەی پێویستم نییە بۆ زاڵبوون بە سەر دەربڕینی ئەو خولیا فکریە قووڵ و بەرین و ئاڵۆزکاوەی هەمیشە کات لە مێشکمدا دەجریوێنێ ئەگەر ڕاست بێ شتی وەها زل جریوەجریو بکا. یەکێ لە بەرهەمە لاوەکییەکانی ئەو خولیایە ئەوەیە کە بە لای بینینی خۆمەوە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە لە حیسابی نهائی (وجود – عالەم – ئەزەل – ئەبەد...) فەرقێک نابینێ لە نێوان (قدم و حدوث) بەڵام (لغة) نییە تەعبیر لەو مەتەڵە بداتەوە.. تا ئێستا نەمدیت هیچ فەیلەسوف و نووسەرێک لە گۆشەنیگای هەرە فراوانەوە سەیری کۆمەڵایەتی بکات و تێکەڵبوونی (غريزة) لەگەڵ هۆش [بە هەموو سیفەتەکانی هۆشەوە] بە ناو واقیعی کۆن و نوێدا بگێڕێت و لەو ناوەشدا بە ڕوونی ببینێت کە لە هەزاری یەک تاک پەیدا دەبێ یا نابێ بە تەواوی خاوەن بیروڕای ئازاد بێت چی دەمێنێتەوە هەمووی بت پەرستە وەک ڕەچەی مێژوو شوێن پێشەوایەک کەوتووە ئیتر تراڤۆڵتایە یا ستالین یا شاهی نەقشبەند.. بەر لە چەندین ساڵ گوتارێکی کوردیم

لە ژێر سـەرنـاوی (تـاوانـی بـێ تـۆڵـەی دیـارده چاوغـەڵـەتێنەکـان) لە گـۆڤـارێکی کـوردیدا بڵاو کـردەوە پەنجەم بۆ ئەو شینە پانە بەرزەی کە نە شینە نە پانە نە بەرزە و پێی دەڵێن ئاسمان درێژ کـردووە کـە چ ئەرک و زەحـمـەتی بێ هوودە و بە فـیـرۆچووی لە ئادەمـیـزاد وەرگرتووە و وەربشیدەگرێت: کە بە وردی تێرامێنیت ئەو ئاسمانە بە تەنها خۆی کە هەستیش بە خۆی ناکات سەد جار بە قەدەر هانیباڵ و جەنگیزخان و دڕندە تەئریخیەکان تۆپتۆپانێی بە مرۆ کردووە و کەسیش حیسابێکی بۆ ناکـات. ئەو کـەنیـسـەیەی لە سـەر باوەڕهێنان بە سووڕانەوەی زەوی زانای ئاسمانناسی سووتاند دوای ٤٠٠ ساڵ ئینجیلی بە دیاری نارد بۆ ناو مانگ کەسیش نەیگوت هەی موناڤیقی درۆزن و بێ ئابڕۆ بۆچی خۆت بە پەتەوە ناکـەیت وەک خـەلقت دەسـووتاند لە سـەر ڕاستییەکی زانستی سەر بە ئاسمان کە بە لاتەوە بێ حورمەتی ئاسمانی تێدا بوو! ئەم تەرزە خەفەتە گەورانە لە بەر خەفەتی بچووکی بەئازار ڕێیان نییە سەربەخۆ دڵ و زیهنی مـرۆ بگوشن. ڕێی مـرۆی وەکـو منیش وەها کرایەوە نییە تێیرا بڕۆم بەرەو ڕوونکردنەوەی سەرلەبەری پانۆرامای ئەو بوونەوەرەی خۆم تێیدەگەم [با تێیدا سەهوشم کردبێت – خۆ درۆزنی زار قەرەباڵغ بێ پەروا لە گـوێی هەمـوو عـالـەم فـیـشـاڵەکـانی دەچڕێت و دەبڕێت و مزەشی تێدا وەردەگرێت].. بە هەمەحاڵ خەفەت دەستی هەمـوو کـەس مـاچ دەکـات و لێی مـێـوان دەبێت. نالی دەڵێ:

**شادمانی بێ وەفایە یاری تێری و مەستییە**
**یاری تەنگانەم غەمە با هەر غەمی خۆم خۆم بخۆم**

چی لە بارەی د. جومردەوەم نووسیوە شتێک بوو لێم داوا کرا کە لە یادی ئەودا بیخوێنمەوە مەوداکەش کورت بوو بەڵام نووسیم.. چی من نووسیم بە نامەی ئەوەی گۆیا زۆر نایابە درایەوە بە بنەماڵەی د. جومرد کە وەک ئەسەرێکی نرخدار لایان بێت.. پاش چەند مانگێک داوای نوسخەی ئەو نووسینەم لە کوڕانی د. جومرد کرد چونکە وەک دەزانیت من هەر یەک نوسـخـەم پێ دەنوسرێت و حەوسەڵەی دووبارە نووسینەوەم نییە. ئیتر بۆیان ناردمەوە دوای ئەوەی فۆتۆکۆپییان لێ وەرگرتبوو منیش دامە جەریدەی عـیـراق بەداخـەوە سـەرپەرشتی جەریدەکە بۆی نەلوا بە جۆرێکی ڕوونکەرەوە پێشکەشی خوێنەرانی بکات بە لاشیەوە نەدەشیا بڵێ ئەم نووسینە هی ماوەیەک لەمەوبەر و بیرەوەری د. جومردە ئیتر وەها بڵاو کرایەوە وەک دیتت. لەم دەمەدا خەفەت بۆ شتێک دەخۆم کە بە لامەوە دەهێنێ بپارێزرێت: بەر لە ٥٠ – ٥٥ ساڵێک قەوانی (خاتوونێ ئەز تۆبەکارم) دەرچوو لە لایەن گۆرانیبێژێکی ناوداری بەری بادینان کە ئافرەت بوو وا ناویم نایەتەوە بیر [وا بزانم مریەم خان بوو] ئەم گۆرانییە شاعیرێکی گەنجی عەرەب کە ناسیاوی هەمزە عەبدوڵڵا بوو هەر ئەویش بەیتەکانی بۆ تەرجەمە کردبوو بە نظم کـردیە عـەرەبی تەنهـا ئەوەندەی وا لێـرەدا دەینووسمەوە بە بیرم ماوە قسەکانیش هی عاشقێکی تۆبەکارە:

**نعمه علویه هذا البهاء**
**بید انی خائف رب السماء**
**اننی یا غادتی والله تائب**

من پێوەندیم بە هەمزە عەبدوڵڵاوە نەماوە پتر لە ٣٠ ساڵە نەمدیوە بەڵکو ڕێک کەوێ برادەرێکی خۆی لێ ڕاسپێرم حەیفە ئەم خورپەیەی هەناوی عاشقێکی کورد و شاعیرێکی عەرەب بچێتە ژێر خاک..

تا ئێرە بە خوات دەسپێرم.

**برات**
**مسعود محمد**
**بەغدا**
**١٣ / ٧ / ١٩٩٤**

مامۆستای گەورە، بەڕێز کاک مەسعود

دوای عەرزی سڵاو، هیوای ئاسوودەیی و بەختەوەریتان بۆ دەخوازم. نامەی ١٣ / ٧ / ١٩٩٤تان زۆر دەمێکە گـەورەی کـردووم و دوای ئەوەش زنجـیـرە گـوتـاری (حب التفوق) و (اللین ام العنف) و (مفاهیم شتی) لە بەرەوە بە دەستم گەیشتن و ناتوانم کەیفسازی خۆم سنووردار بکەم. ژیان و هەڵپەی ژیان و خەمی ئەم و ئەو وایان لێ کـردم کـە لە ئاسـتی جـەنابتـانـدا کـەمـتـەرخـەم بم و تا ڕادەیەکیش خەمسارد بم. بەڵام تا ئێستا دە نامەم یا نووسیون یا نیوەنووس کردوون بێ ئەوەی ڕەوانەیان بکەم هۆیەکەشی ئەوەیە لە ناوەرۆک و دارشتنیان قایل نیم و بە شایستەی مقامیان نازانم. لە لایەکی تریشەوە خۆم دڵنیا کردووە کە مامۆستا دەمبەخشێ. جا ئەگەر مامۆستای گەورە نەمبەخشێ چ لایەکم ڕووناک دەبێ؟!.

هەشت نۆ ژمارەی (سروە)م لە ڕێی ناسیاوێکەوە پەیدا کردووە.. لە ڕاستیدا هی خۆی بوون و کە پێم گوت بۆ جەنابت، بێ سێ و دوو هێنایانی و گوتی: بۆ مامۆستا مەسعود بن بە من لازم نین. لە سێ ژمارەیاندا قەواڵە کۆنەکانی هەورامان بڵاو کراونەتەوە و زۆرم پێ خۆشە چاوتان پێـیـان بکەوێ... بەڵام نازانم چۆن لە

دەربازبوونیان دڵنیا بم. جاریٚ ژمارەیەکی گۆڤارەکە بە جیا و نوسخەیەکی بەشی یەکەمی (قەواڵە کۆنەکان...) دەنێرم تا بزانم چارەنووسیان چۆن دەبێ.

لە نامەیەکتاندا دەفەرموون کە پەرۆشن بۆ سوود نەک شیوەن بۆ دۆڕاندنی سوود بگێڕن. ئەمە نیعمەتێکە خودا داویە.. ئێستا لە ناخەوە خەم لەوە دەخۆم کە وا نیم. ئەمەش، بمەوێ یا نەمەوێ گێڕانی شیوەنە بۆ بەدەستهێنانی ئەو نیعمەتە. بە شێوەیەکی سەیر بە مامەخەمەیی خولڤاوم با خەمەکانم لە ئاستی (اضعف الایمان)یشدا بن. لە بەر ئەوەی کەم جار زار و قەڵەمی خۆمم پێ زەوت دەکرێ لە لای ئەو دوو بەرانە یەکجار کێوییانە دزێوم و هەر یەکەیان بەوی تریانم دەزانێ و منیش (هەر ئەوەم کە خۆم دەیزانم).

نامەکانی جەنابتان هاوڕێی خەمڕەوێنی بەسۆز و چرای ڕێگامن. دوا نامەتان کە لە ١٣ / ٧ نووسیوتانە، خەتە لە یەک نزیکەکانی بوون بە پاڵپشتی چاوکزی و چاویلکە خراپیم و دوای گەلێ هەوڵدان ئەوجا بە تەواوی لێی حاڵی بووم. خۆزگە ئەو هێلانە کەمێ لێک دوور دەکەوتنەوە.

ماوەی چەند مانگێکە زۆربەی کاتم بە کۆمپیوتەرەوە بە سەر دەبەم و خەریکی (بەرمەجە)م بۆیە ئەو کاتەی کە جاران بە خوێندنەوە بە سەرم دەبرد لێم زەوت کراوە. دوای دوو مانگی دی کاتم لە بەردەمدا فراوان دەبێ و تێهەڵدەچمەوە. لەگەڵ بێ کاتییەکەشمدا حەفتەی یەک یا دوو کتێب هەر دەخوێنمەوە بەڵام بەو وردییەی جاران نا.

هیوادارم بزانم مامۆستا چی بە دەستەوەیە و جگە لەوانەی کە لە (العراق)دا بڵاو دەبنەوە چی تری خۆری دیوە. لە کەموکوڕی نامەکەشم ببەخشن و خوا یار و یاوەرتان بێ.

**برا بچووکتان**
**حەکیم**

خۆشەویستم کاکە حەکیم

لە هەواڵت دەپرسم، حورمەتم پێشکەش دەکەم وێڕای ئاواتی خۆشی و کامەرانیت: بەینێک کەوتە نێوان گەیشتنی دوایین نامەت و ئەم نامەیەی من نەک لەبەر کەمتەرخەمی بەڵکو لەبەر زێدە سەرقاڵی و کەڵەکەی نووسینی ناچاری کە دەبوو بێ پشوو خەریکی وەرامدانەوەی ئێرە و ئەوێ بم بە قەڵەم و بە زار نەک هەر بە زار.. هەر ئەو سەرقاڵییە بوو لە بیری بردمەوە نامەکەتم لە کوێ هەڵگرتووە بە دواداگەڕانیشی بێ سوودە چونکە تێکەڵ پێکەڵی کاغەز و دەفتەر و کتێب و ڕۆژنامە بە دەوروبەرمەوە و لە ڕەفتە و دۆڵاب و پەنا و پەسێوان شوون هەڵگر سەری لێ دەرناکات. ئێستە هەر ئەوەندەم لە بیرە مەشغولی کۆمپیوتەریت و چەند جاران ویستووتە نامەم بۆ ڕەوانە بکەیت و لێی ڕازی نەبوویت و خەفەت لە دەستبەتاڵی هەوڵ و خەبات و لە بە فیرۆچوونی وەرزی بەرهەم.. و .. و دەخۆیت کە من لە دەمی پێش بە فیرۆچوونی بۆی بە پەرۆشم کە بوو بە (امر واقع) تازیەی بۆ داناگرم و دەستەوئەژنۆ بۆی هەڵناکونجێم.. خولاسە من (سوداوي - ڕەشبین) نیم لە لاوە بۆ خەفەتخواردن قەرز ناکەم.. ئێستا لە سەر تەکلیفی برادەرانی کە (گەشتی ژیانم)یان بڵاو کردەوە خەریکی پێداهاتنەوە و هەڵە ڕاستکردنەوە و کەلێن گرتن و بە سەرەوەنانی پێویستی گەشتەکەم بۆ لەچاپدانی دووەمجاری ئیتر پەنا بە خوا.. کارەکەش کەم نییە. ئاوخوازە و بێن درێژە، ئەگەر داناشی* لێ کەم نەکەمەوە بە ئەرکێکی قورس لێی دەبمەوە.. ئەوەی لێی بەپەرۆشم لایەنی نەبوونی دەرفەتە لە ڕووی کردنەوەی فراژی بوونی هەست و هۆشم پێ بە پێی تێ هەڵکشینم لە تەجرەبە و لێکدانەوە منەک هەر لە نوختەنیگای سیاسییەوە بگرە لە هەموو گۆشە و سووچێکی ژیانی مادی و مەعنەوییەوە بە تایبەتی قۆناغی دواینی بیر و باوەڕم بەرانبەر تێکڕای بوونەوەر و فکری ڕووت (تجـريد). لە لایەن بەعزێ ناسیاوی عەرەبەوە داوام لێ دەکرێ گەشتەکەم بە عەرەبی بڵاو بکەمەوە بەو شکڵەی کە جیهانی عەرەب بە خۆیەوە دەگرێت کەوا بێ گومان بەرفراوانترە لە جیهانی کورد.. چەندی تانووت دەدەمە بەر خۆم نیەتم بۆی نابزوێت چونکە کات و تەقەلایەکی دوور خایێنی دەوێت سەرەڕای قووڵداگرتنی خامە بۆ بنەڕەتی ئەو بابەتانەی دێنە بەر نووکیەوە.. ئێستا سەعات شەشی بەیانییە من لە پێش چوارەوە بەخەبەرم.. دەوری دوو کەوتمە سەر باری نووستن دەبێ پشووی ڕاحەت بە خۆم بدەم تا جارێکی دیکە و بژیت بۆ برات

**مسعود محمد**
**١٩ / ١١ /١٩٩٤**

کاکە حەکیمی خۆشەویست

سڵاو و ڕێز و ئاواتی گەش و دوور لە بەدبینی:

ئەو ڕۆژە، بەر لە ٧ - ١٠ ڕۆژێک - زیاتر کەمتر - وەڵامێکی دواینی نامەتم داوە لە نێوان سەرقاڵییەکی چڕ و پڕ و نەفەسبڕدا بە دەست نووسین و وتووێژی بیندرێژەوە لە سەر بابەتی فکری کە مادەی (اطروحە)ی هێندێ

خوێندکارانی بەغدایەن. ئەو دەمە نامەکەتم بزر کردبوو، دوێنێ بە ڕێکەوت دۆزیمەوە تومەز هەر وا لە بەر لووتم بوو: دیارە بە ئومێدی بزرنەکردنی لە سەر کۆمەدینەی لای چەپی قەرەوێڵەکەمەوە دامنابوو هەر وا دەستێکی لێ بگێرم بێتە ناو لەپمەوە. ئەوەندە نووسینەی لە سەر قەباڵەکانی هەورامان کە بۆمت ناردبوو بە سەلامەتی لەگەڵ نامەکەت وێکرا گەیشتن.. سپاست دەکەم هێندە بە دڵدانەوە و دڵڕاگرتنم خەریکیت پەنا بە خوا بەشەکانی دیکەش بنێریت لە سەر قاعیدەی (تفاءلوا بالخیر تجدوه) ڕەنگە تێی خێر بێت. ئەم قەباڵانە لە چەند سەرچاوەیەکدا باسیانم خوێندۆتەوە و زمانەکەی پێی نووسراون بە لای نووسەرەکانی ئەو مەقالانەوە بە پەهلەوی لە قەڵەم دراون. حەزم دەکرد نووسەرە کوردەکەی کوردیبوونی قەباڵەکان بە ئیسپات بگەیەنێت چونکە نووسینی ئەو سەردەمانە بە چەند خەت و زمانێکی باوی حکومەت و دین و تیجارەت بن لە کاردا بوو: بە بیرمە لە سەرەتای عومرم جگە لە ئەهلی مەکتەب خەڵکەکەی (میرزا) تەبیات هەر بە فارسییان دەنووسی، لە مامەڵەی ڕەسمی بایان دەداوە سەر عەرەبی.. جارێکیان کۆپیەک لە بەغداوە بروسکە بۆ شریکێکی لێ دەدات بە کوردی.. ئەهلی بازاڕ سەریان لێ سوڕما هەتا بە ڕێکەوت قوتابییەکی مەکتەب بروسکەکەی دەکەوێتە بەر چاو وەکو (قراءة)ی دەرسی مەکتەبیان بە ڕەهایی دەیخوێنێتەوە. براڵە ئەو قوتابییە بوو بە قارەمانی سەر شانۆ بۆ بلیمەتی و لێهاتوویی خۆی.. مەلا ئیبنوئادەم، وا بزانم لە ١٢٠٧ بە خەتی خۆی نووسیویەتی کەسانێک (شنعوا علی) هەر چونکە دیباجەی نووسینێکم بە کوردی بووە. من دەبیەم لە سەرچاوەی دەماودەمی باوەڕپێکراوە ئەوەشم بیستووە کە خوێندکارێکی کورد لە USA خەڵکی هەورامان بوو کاتێک مامۆستاکەی دەقێکی مێژوویی زمانی پەهلەوی دەخوێنێتەوە ئەو خوێندکارە لە هەمووی گەیشتووە. مەشوورە زمانی ناوچەی هەورامان خزمی پەهلەوییە کەم تا کورتێکیشم بیستووە لە نموونەی خزمایەتی نێوانیانەوە.. بە هەر حاڵ تۆ چاکەی خۆت تەواو بکە و چی دێتە بەر دەستت لەو بابەتانە بۆ من بنێرە (بدوح قطمیر)ی لێ بخوێنە و وەکو چاکە بە ئاویدا بدە خێرت دەگاتێ. خەتەکەشم عیلاجی نییە دەستم نایهێنێ درشت بنووسم.. بمبەخشە هەر ئەوەندە فرسەتەی نووسینم بە دەستەوە بوو خوات لەگەڵ تا فرسەتێکی لەبارتر و بژی بۆ برات.

**مەسعود محمد**

**٢٥ / ١١ / ١٩٩٤**

**پەراوێز:**

**(١) سەیر لەوەدایە، بە دەگمەن منداڵی موسوڵمان لەم وڵاتەدا هەیە گۆشتی بەراز نەخوات.**

*** ئەو نووسینە بووە باسێکی زمانەوانی تێروتەسەل و لە ژمارە (١٩)ی گۆڤاری مامۆستای کورد-دا، کە مامۆستا فەرهاد شاکەلی تا ژمارە (٣١)ی لێ دەرکرد، بڵاوکرایەوە. بۆ ڕوونکردنەوەش پەراوێزێکی بیندرێژی بە دڵی خۆمم بۆی نووسی. پاش ماوەیەک گۆڤاری (سروە) هەمان ئەو بابەتەی بڵاوکردەوە، بەڵام لە لایەکەوە سەرچاوەکەی دەستنیشان نەکردبوو، لە لایەکی ترەوە پەراوێزەکەی لێ لابردبوو.**



# حەمە کەریم هەورامی: لەگەڵ ئەوەی نووسەران لە ڕوفاهییەتدان، کەچی دیاردەی خوێندنەوە لەناویان زۆر کز دەبینم

هەڤپەیڤین:
ئازاد عەبدولواحید

مامۆستا حەمەکەریم هەورامی لە گۆڕەپانی ئەدەبیاتی کوردیدا ناوێکی ئامادەیە، وا بۆ چل ساڵ دەڕوا بە کاری نووسینەوە خەریکە، بەڵام لەو ماوە دوورودرێژەدا بەبێ دابڕان و بە نەفەسێکی درێژ ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ و پێی کرابێ بە بێدەنگی کار و خزمەتی خۆی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

تا ئێستا نزیکەی (١٥) کتێبی لە چاپ داوە و خۆی لە زۆر بواری جۆراوجۆری نووسین تاقی کردووەتەوە، لە هەموو ئەو کتێب و نووسینانەیدا نووسەرێکی نەتەوەپەروەرە و مەبەستی سەرەکی سەرخستنی ئاستی هوشیاریی خوێنەرانە.

خاوەنی دید و بۆچوون و بیروڕای تایبەت بە خۆیەتی، بۆیە وەک نووسەرێکی خاوەن ئەزموون و تاقیمانە و بەخشش لەبارەی زۆر باسوخواس و کێشەی نێو بزاڤی ڕۆشنبیریمان هێنامانە دواندن.

**ڕامـــان:** ساڵی (١٩٦٩) یەکەم کتێبت سەبارەت بە سایکۆلۆژیای خوێندنەوەیە، ئەمەش بەشێکە لە پسپۆڕیی ئێوە لە بواری دەروونزانی و پەروەردە کە بڕوانامەت لێی وەرگـرتووە، بەڵام سـەرەڕای ئەوە ئارەزووی زیاتڕت لە بواری نووسینی ئەدەبییە، هۆی ئەمە چییە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** بە پێی ئەوەی من لە خـانەی مامۆستایان، تاکە مامۆستای دەروونزانی بووم، ئەوکاتە زۆر بابەتی دەروونزانی بە قوتابییەکان دەگوترایەوە وەک بنچینەی کۆمەڵایەتی و زمانەکان، بەڵام زمانی کوردی هیچ شـتـێکی نەبوو. وابزانم بەر لەوەی من لەوێ دابمەزرێم، دکتۆر جەمال نەبەز لەوێ بوو، هەندێ شتی جێ هێشتبوو، کە من شتەکانی ئەوم دەست کەوت، سەیرم کرد هەوڵی داوە ئەو قوتابیانەی لەدوا ڕۆژدا دەبوونە مامۆستا فێری ئەوەیان بکا زمانی کوردی جوان بڵێنەوە. منیش دەستم کرد بە نووسین و دانانی سایکۆلۆژیەتی خوێندنەوە. ئەمە باسی ئەو گیروگرفتانە دەکا کە دێنە سەر ڕێگەی مامۆستایانی سەرەتایی کە زمانی کوردی دەڵێنەوە. هەروەها باسی ئەو ڕێگایانە دەکا کە مامۆستاکان دەیگرنەبەر تا بتوانن هەر زمانێ بڵێنەوە. پاشان کە ساڵێکی بەسەردا سووڕایەوە، بەرگی دووەمی ئەو کتێبەم نووسی کە ناوی «بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی»یە. هەتا ئێستاش کە نزیکەی (٣٧) ساڵە، ئەو دوو کتێبە لە پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان دەخوێندرێن، بەبێ ئەوەی کەس بزانێ نووسراوی منن، بەڵام من هەر شانازییان پێوە دەکەم، گرنگ بۆ من ئەوەیە ئەگەر من شتێکم زانیبێ، نەوەی نوێ لە ڕێگەی منەوە فێری بن.

**ڕامـــان:** ئەی نیازت نییە لە داهاتوودا لەسەر ئەو کارەت بەردەوام بیت و بەرگی سێیەم و چوارەمیشی لێ زیاد بکەی، یان هەر ئەو دوو کتێبە فراوانتر بکەی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** پێرار داوایان لێکردم، گوتیان ئێمە دەمانەوێ ئەو کتێبە چاپ بکەینەوە، شتێکی لێ زیاد بکە. دیسان هەندێ شتم لێ زیاد کرد و ئێستا کراوە بە پێڕەو بۆ قوتابیانی پێگەیاندنی مامۆستای سەرەتایی.

**ڕامـان:** ئەی هۆیەکەی چ بوو ئەو بوارەت جێهێشت و زیاتر ڕووت کردە نووسینی ئەدەبی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** زۆر هۆ هەیە. کاتی خۆی کە ساڵی (١٩٦٢) قوتابی بووم ئەو ئارەزووەم هەر هەبوو، من لە داوێنی شیعرەکانی قانع و مەولەوی و حاجی



ئازاد عەبدولواحید - حەمەکەریم هەورامی

قادردا گەورە بووم و شیعرەکانیان هەر لە مێشکمدا ماخۆڵانیان بووە و لەززەتم لێوەرگرتوون و کاریان تێم کردووە. ساڵی (١٩٦٢) کتێبەکەی «تەها حسێن»م کرد بە کوردی. ئەمە زیاتر کاری تێکردم، بۆیە لایەنە ئەدەبییەکە زۆرتر چێژ و خۆشی و ئەندێشەسازی تێدایە تا بابەتی زانستی و پەروەردەیی.

**ڕامان:** لە نووسینی لێکۆڵینەوەدا زیاتر لەسەر شیعری کلاسیک وەستاوی، عەجەب تا ئێستا ئاوڕت لە شیعری نوێی لاوەکان نەداوەتەوە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من لەو ڕۆژەوە کە دەستم داوەتە قەڵەم، هەر کەلێنێک کە خەڵک ئیشی تێدا ناکا، من لەو ڕووەوە ئیشم کردووە، هەستم کرد لە ئەدەبی درامی و شانۆییدا شتێکی ئەوتۆمان نییە. گوتم من دەبێ لەو بوارەدا ئیش بکەم. خۆ ئەگەر خۆم بکەم بەشاعیر نە وەک مەولەوی-م لێدێ و نە وەک حاجی قادر. من لە ڕووی درامانووسینەوە دەستم داوەتە قەڵەم و تا ئێستا نزیکەی (١٠) درامام بەرهەم هێناوە. سەرەڕای ئەوە هیچ ڕۆژێک لە ژیانی من تێنەپەڕیوە ئەگەر من شیعرێکی نالی یان مەولەوی یان حاجی قادر و قانع نەخوێنمەوە. من کە ماندوو دەبم ئینجا سۆز دەکەم و بە شیعر دڵی خۆم ئارام دەکەمەوە.

**ڕامـــان:** کەم لێکۆڵەرمان هەیە شارەزای شێوەزاری گۆران بێ، جەنابت کە هەم باسکاری و خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتن و هەم ئەو شێوەزارە بە باشی دەزانن. هیچ بیرت لەوە نەکردۆتەوە لەسەر شاعیرانێکی وەک بێسارانی، مەولەوی و سەیدەی هەورامی بنووسن؟

**حەمە کەریم هەورامی:** بەڵێ بیرم لێکردۆتەوە، بەڵام زانیومە کەسانی دیکە هەن کە ئەو دەورە دەبینن و

پێویست بە کارکردنی من ناکات. من ئەو دەورە دەبینم کە خۆم پسپۆڕیم تێدا پەیدا کردووە کە دەوری درامانووسینە، بەڵام لە هەمان کاتدا نیازێک هەیە وەکو پرۆژەیەک لە مێشکمدا، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، وەکو چۆن مامۆستا کەریم شارەزا شاعیرانی کۆیەی نووسیوەتەوە، منیش شاعیرەکانی گۆران و ناوچەی هەورامان کۆبکەمەوە، هەموو دەقەکانیان کۆ بکەمەوە و لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژیان لەسەر بکەم، ئەگەر تەمەن مەودام بدا.

**ڕامان:** ئێستا ڕێبازێک هەیە لە شێوازی نووسینی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، پێی دەڵێن خوێندنەوەی سایکۆلۆژیانە بۆ ئەدەب، بۆچی سوودتان لەو پسپۆڕییەی خۆتان وەرنەگرتووە بۆ خوێندنەوەی ئەدەبیات لەژێر ڕۆشنایی سایکۆلۆژییەت؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من ئێستا کتێبێکم لەبەردەستدایە، تەواو بووە و ڕەنگە لەم ڕۆژانە بەرەو چاپخانە بکەوێتە ڕێ، بەناوی «ئەدەبی منداڵانی کورد» لێکۆڵینەوەی سەرهەڵدانی مێژوویی ئەم ئەدەبەیە، هاتووم ئەو پسپۆڕییەی خۆم (دیارە ئەوە جەنابت دەیڵێی دەنا من ئەوەندە تێیدا پسپۆڕ نیم، چونکە ڕاستە من وەک وانەگوتنەوە وانەم گوتۆتەوە، بەڵام خووم نەداوەتە ئەو بابەتە) هاتووم ئەدەبی منداڵانم لە ڕووی سایکۆلۆژییەت و پەروەردە دیراسە کردووە.

**ڕامان:** چۆن بوو خۆتان لە بواری نووسینی درامای تەلەفزیۆنی و شانۆییدا دۆزییەوە؟ جگە لەوەی هەستت کردووە بۆشاییەک هەیە یان دەرهێنەر هەبووە داوای لێکردبیت؟

**حەمە کەریم هەورامی:** کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، ئێستا مێژووەکەی نایەتەوە یادم چ ساڵێک بوو، (ساڵی ١٩٥٩) کەسانێک لەگەڵ ئەمینی میرزا کەریم، شانۆی «مەم و زین»یان دەرهێنا. ئەو کاتە پێشانگایەک کرایەوە، لەگەڵ پێشانگاکەدا ئەو شانۆییەیان دەرهێنا. من دوو جار ئامادەی ئەو نمایشکردنە بووم. ئەوە جۆرە سیحر و جاویدانییەکی دایە دەروون و ناخی منەوە. ئەوە جیهانی نوێ بوو بۆ من. ئەو جیهانە نوێیە لە مێشکی مندا هەر گینگڵی دا و هەر ختووکەی دام، تا چوومە میسر. لەوێ دراماکانی «تۆفیق ئەلحەکیم» و چەند کەسانێکم دەکڕی و دەمخوێندنەوە، دیتم شتێکی زۆرجوانە. ئیتر ئەوە کاری تێکردم، ئەوەش کە ئێمە لەو بوارەدا بۆشاییەکمان هەبوو. بەداخەوە تا ئێستاش لەلای نووسەر و ئەدیبانی کورد ئەو لایەنە فەرامۆش کراوە.

ئیتر من خووم دایە ئەو لایەنە و کتێبێکی دوور و درێژم لەسەر درامای جیهان نووسیوە و بۆ ئەو درامایانەی نووسراون بۆ هەر نووسەرێک لەبەرهەمەکانیم کۆلیوەتەوە و خستتوومەتە ڕوو.

**ڕامان:** لە کارو پرۆژەی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆمان، بەڕای تۆ لەکوێوە دەست پێبکەین و زیاتر ئەولەویەت بدەینە چ لایەنێک؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی شتێکی یەکگرتووە، شیعر لە چیرۆک دانابڕێ و چیرۆکیش لە دراما و وتار دانابڕێ. ئەدەب ئەدەبە، هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە. بەلای من ئەو ڕێنسانسەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە کە بەرهەمێکی زۆر بڵاودەبێتەوە، حەقی هەیە هەموو لایەنەکان کاریان تێدا بکرێ. با شاعیری باش هەبێ و چیرۆکنووسی باشیش هەبێ و با درامانووس و لایەنەکانی تریش هەبن.

**ڕامان:** ئەو سەردەمە کە بەسەردەمی گلۆبالیزم بەناوبانگە و تێکەڵبوونی فەرهەنگەکان هاتۆتە ئاراوە. جاری وا هەیە فەرهەنگی بەهێز بەسەر فەرهەنگی لەخوار خۆی زاڵ دەبێ. ئێمە وەک میللەتێک کە لە بووژانەوەیەکداین، بووژانەوەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری، بەڕای ئێوە ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەک بۆ ڕۆشنبیریی خۆمان دەستنیشان بکەین لەکوێوە دەست پێبکەین؟ واتە شوناسێکمان هەبێ و حەقی خۆمانە بڵێین فەرهەنگی ئێمە بەپێی تایبەتندییەکانی نەتەوەیی خۆمان لە فەرهەنگی فارس و عەرەب و تورک جیایە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** بەڕای من دەبێ لە دوو لایەنەوە قسەی لەسەر بکرێ، یەکەم (ڕۆشنبیر)ی هەر نەتەوەیەک دەبێ لە فەرهەنگ و کولتوور و مێژووی خۆیدا شارەزابێ. کەسێک کە شارەزای زمان و کولتووری ئینگلیزییە، بەڵام زمانی نەتەوەکەی خۆی نازانێ، ڕۆشنبیر نییە، ڕۆشنبیری ئینگلیزە.

کابرایەکی هیندی ئینگلیزی باش دەزانێ، بەڵام هیچ لە هیندوسی نازانێ، لە ئایین و کەلەپوور و فەرهەنگی هیندی نازانێ، ئەمە بەلای منەوە ڕۆشنبیرێکی هیندی نییە. بەلای منەوە ڕۆشنبیری کورد ئەمڕۆ پێش هەموو شتێک ڕۆشنبیری کولتوور و مێژوو و ئەدەبی کۆن و نوێی وڵاتەکەی خۆی بێ، ئینجا شتی نەتەوەکانی تر بزانێ. ئێمە نەتەوەیەکین (١٤٠٠) ساڵە بەند کراوین و

نەیانهێشتووە بجوولێین و لە قاوغەکەی خۆمان بێینە دەرەوە. چی شتیشمان هەبووە شێواندوویانە. تووشی تۆقینیان کردووین. لە ئەنجامی ئەو ترس و تۆقینەی داگیرکەر بۆی هێناوین، سەرەتا دەبێ لەو کۆت و زنجیرە خۆمان ڕزگار بکەین، ئینجا دەشێ ئاوڕێک لە کولتووری خەڵکی تر بدەینەوە.

عەولەمە شتێکی جیهانی و ئینسانی و باشە، بەڵام کاتێک من پێم جوانە کە بتوانم کەلەپوور و فەرهەنگی خۆمی تێدا بپارێزم، بۆ ئەوەی جارێکی دی نەخرێمەوە ناو کۆت و زنجیر. ئێمە بە دەستی بەتاڵ و حەتاڵەوە ناتوانین بچینە ڕیزی خەڵکانی ترەوە.

## کە ماندوو دەبم، بە شیعر دڵی خۆم دەدەمەوە

**ڕامـــــان:** قسەی ئێمەش ئەوەیە لە سەردەمی گلۆبالیزەیشندا کە فەرهەنگێکی بەهێز و دەوڵەمەند زاڵە، ئەگەر ئێمە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بەهێز نەبین، ڕۆشنبیرییەکەمان بە پەراوێز دەبێ و دەکەوێتە ژێر دەست و پێی ڕۆشنبیریی زاڵ. مەبەست ئەوە نییە ئێمە بگەینە ئاستی ئەو ڕۆشنبیرییە زاڵە، چونکە وا بە ئاسانی نایگەینێ ئەگەر ئیشی بۆ نەکەین. لەناو کەلەپووری خۆماندا ئەگەر لایەنی زیندووی تێدایە دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟

**حەمە کەریم هەورامی:** حەز دەکەم لەسەر وشەی زیندوو و نازیندووی کەلەپوور ڕوونکردنەوەیەکم هەبێ. ئەوەی نازیندووە خڕی دەکەینەوە، بەرگی دەکەین و لە شوێنی خۆی دادەنێین. ئەوەشی کە زیندووە پەرەی پێدەدەین و سوودی لێدەبینین و ئاوات و ئامانجەکانی خۆمانی پێدەهێنینە دی، ئەوە مانای نییە ئێمە واز لە کەلەپووری کۆنمان بهێنین، وەک هەندێ کەس داوای دەکەن. شتە کۆنەکان نابێ خەفە بکرێن. دەبێ سەرلەنوێ دەستکاری بکرێنەوە و وەک ڕەگێک سەیریان بکەین کە لە مێژوودا داکوتراون.

**ڕامان:** ڕۆشنبیریی کوردی تا ئێستا تۆمەتبارە بەوەی وابەستەیە. واتە ڕۆشنبیریی گەلانی سەردەست بەسەریدا زاڵە، ئێستا کە کاتێکی لەبارە و خەریکە داو و دەزگای نەتەوەیی دادەمەزرێنین، خەریکین وردە وردە قەوارەیەکی سیاسیش بۆ خۆمان دادەنێین، چی بکەین بۆ ئەوەی خۆمان لە کولتووری گەلانی سەردەست کە بە درێژایی مێژوو بەسەرمانەوە بووە، ڕزگار بکەین؟

**حەمە کەریم هەورامی:** وا خەریکە بەشێکی کوردستان لە کۆت و زنجیری داگیرکەران ڕزگاردەبێ، دەشێ ئێمە پێش هەموو شتێک پەنا ببەینە بەر پەروەردەکردنی نەوەی نوێمان، چونکە پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بەو جۆرەی کە لەگەڵ حەز و ئارەزووی نەتەوەکەماندا دەگونجێ، ئیتر (وەکو ئێمە) قبووڵی ژێر دەستەیی ناکا، چونکە ئێمە کە چاومان کردەوە ئەو کەلەپوورەی دەمانخوێند و لە ماڵەوەش پێی پەروەردە دەبووین، هەمووی هی بێگانە بوو. لامان وابوو ئەمە شتێکی ئاساییە و لەگەڵ کەسێتیماندا تێکەڵاو دەبوو. نەوەی ئەمڕۆمان وا پەروەردە بکەین کە تێبگا ئێمەش نەتەوەین و خاوەنی کولتووری خۆمانین، نەک هەر شتی خەڵکی تری بە قورگیدا بکەین. پێویستە ئێمە پەروەردە بگۆڕین، بەتایبەتی لە قوتابخانەکاندا، هەروەها لەسەر ئاستی ماڵەکانیشدا، چونکە زۆرجار کە لە قوتابخانە قوتابی بە بیرێکی نەتەوەیی پەروەردە دەکرێ، لەماڵەوە لەلای دایک و باوک و کەسوکارێکی دواکەوتووی کۆنەپارێزەوە، ئەوەی قوتابخانە پێی دەڵێ، ئەوان هەڵیدەوەشێننەوە. یان هیچ نەبێ منداڵەکە دەکەوێتە دوودڵی و دڵەڕاوکێ و دەکەوێتە نێوان ئەو دوو بەردە ئاشەی پەروەردەوە. بۆ لەمەولا دەبێ هەوڵ بدرێ پەروەردەی گشتیش بگۆڕدرێ. عەقڵیەتی خەڵک بگۆڕدرێ. ئەمەش بە ئاراستەکردنێکی تەواوی نەتەوایەتی دەبێ.

**ڕامـــان:** ڕووناکبیری کورد لە بواری داهێنان زۆرجار هەست بە گرییەک دەکا پێی دەڵێن گرێی هەست بەکەمکردن، ئینسانی کورد چۆن دەتوانێ خۆی لەو هەست بە کەمکردنە ڕزگار بکات؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەمەش هەر ئەنجامی ئەو ترس و تۆقینەیە کە داگیرکەر بەسەر ئێمەیدا سەپاندووە و هەمیشە وای داوەتە قەڵەم کە ئەوان خاوەن شتن و گەورەن و ئێمەش بچووکین و دەبێ خزمەتی ئەوان بکەین. ئەوان خاوەنی کەلەپوور و مێژوون، ئەوان خەنجەریان هەڵکێشاوە و ئەوان شمشێریان ڕاوەشاندووە،



**ئەمینی میرزا کەریم، حەمە کەریم هەورامی**
**مەیدانی تەحریر، قاهیرە، ١٩٦٢**

ئێمە هەر بەشمان گریان بووە و هەر زەلیلین و لەو ڕۆژەوە کە لە دایک دەبین بانگمان بە گوێدا دەدەن، ئەو کەمایەسییە لەوێوە دێ. نەک هەر ڕۆشنبیر هەست بە کەمکردنی هەیە، زۆربەی زۆری خەڵقی ئێمە ئەو گرێیەی هەیە. کە پێی دەڵێی تۆ خاوەن شتی، قبوڵی ناکا. ئەو حەز دەکا پێی بڵێی تۆ هیچت نییە.

دووبارە بۆ ئەوەی ئەو هەست بەکەمکردنە نەمێنێ، دەبێ پەنا ببەینە بەر پەروەردە. پەنا ببەینە بەر ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی. فێری کەین ئێمە خاوەنی زۆر شتین. ساڵێکی من لە خانەی مامۆستایان بووم. ڕۆژێکیان قوتابییەک هاتە لام، گوتی مامۆستایەکمان گوتوویە: ئەمە چییە ئەو قسانە دەکەن، کورد پێغەمبەری لێهەڵکەوتووە تا ببێ بەشت؟ داگیرکەرەکە ئا بەم جۆرە ڕەفتارت لەگەڵ دەکا. بۆ ڕۆژی داهاتوو چوومە پۆلەکەوە. گوتم قوتابینە! بۆ هەر کەس پێغەمبەری نەبوو نابێ بەشت؟ بۆ ئەمەریکا پێغەمبەری هەبووە؟ بۆ تانزانیا پێغەمبەری هەبوو؟! ناوی زۆر وڵاتم برد کە کیان و هەموو شتێکیان هەیە و پێغەمبەریشیان نەبووە، گوتم لەگەڵ ئەوەشدا باوکی هەموو پێغەمبەران لەکوردستان هەڵکەوتووە کە حەزرەتی ئیبراهیم-ە یان زەردەشتە. کە وام گوت قوتابییەکان هەموو گەشانەوە. داگیرکەر بۆ ئەوەی ئێمە کەم بکەنەوە پەنا دەبەنە بەر ئەو شتانە.

**ڕامان:** تۆ تەمەن و ئەزموونێکت لەگەڵ نووسین هەیە. لە پاش ئەو تەمەنە باری ڕۆشنبیریی کوردی چۆن دەبینی؟ ڕەخنە وتێبینیت لە بارەیەوە چییە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** بەڕای من نووسەر و ڕۆشنبیری کورد بەناو تەگەرەیەکی زۆردا دەڕوا. گەورەترین تەگەرەی بەردەم نووسەر و ڕۆشنبیرانمان چاپ نەبوونی بەرهەمەکانیانە. نووسەرێک تا بەرهەمێکی چاپ دەکا زۆر ڕەنج و ئازار دەچێژێ و دەیهێنن و دەیبەن.

تەگەرەیەکی تر ئەوەیە ئێمە تا پێش ڕاپەڕین کەوتبووینە ژێر ڕۆشنبیریی خەڵکانی ترەوە. ڕۆشنبیریی ئایینی ئیسلام، هەرچەندە هی هەموو نەتەوەکانە، بەڵام بە مڵک هی عەرەبە و ئەوانیش ئیستغلالیان کردووە بۆ چەوساندنەوەی میللەتانی تر، هەروەها ڕۆشنبیریی فارس و تورک کاری کردۆتە سەر ڕۆشنبیریی کورد.

مەسەلەیەکی زەق کە ئێستا لە ڕۆشنبیریی کوردیدا دەبینین مەسەلەی نووسینی کوردی بەپیتی عەرەبییە. ئەم ڕۆشنبیرییەی لە کوردستانی باشووردا هەیە، ناتوانێ سنوور ببڕێ و بڕواتە کوردستانی باکوور، چونکە ئەوان دەنووسن، ڕۆژنامەیان هەیە، بەلاتینی دەنووسن. ئێمە بەخۆشییەوە ئەو سەدان بڵاوکراوەی لە کوردستاندا هەمانە هەمووی بەپیتی عەرەبییە، نە ئێمە سوود لە نووسینی ئەوان دەبینین: نە ئەوان سوود لەنووسینی ئێمە دەبینن.

**ڕامان:** با من مژدەیەکت بدەمێ، لە تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەردا بەرنامەیەک ڕێک خراوە هەر بابەتێک بتهەوێ لە پیتی عەرەبییەوە بیکەیە لاتینی، یان پێچەوانەکەی یەکسەر دەتوانی بیگۆڕێ؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەمە هەنگاوێکی زۆر چاکە، مانشێتەکان کە لە تەلەفزیۆندا دەنووسرێن، ئەویش هەنگاوێکی باشە و من زۆر دڵم پێ خۆش دەبێ.

بەڵام پێویستە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاددا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، لەگەڵ ئەلف و بێی عەرەبیدا، ئەلفوبێی لاتینیش بخوێندرێ، بۆ ئەوەی منداڵی کورد بتوانێ بە هەردوو پیتەکە بنووسێ. لاتینیەکە زۆر ئاسانترە، چونکە هەمووی سێ پیتە واتە سێ شکڵە، بەڵام عەرەبییەکە چەند بەرامبەر زیاترە، زۆربەی پیتەکانیش بە سێ و چوار شکڵ دەنووسرێن، پیت هەیە پێشی بەپیتی ترەوە دەلکێ و لە ناوەڕاست بێ جۆرێکی ترە و..تاد. بەڕای من بۆ ئەوەی ڕۆشنبیریی کوردی بەربڵاوبێ و هەر شتێ بڵاودەبێتەوە، وا بکرێ هەر هەموو کوردستان کەڵکی لێوەربگرێ، شتەکانمان بەپیتی لاتین بنووسرێن.

ئێستا باشە، نووسەران و ڕۆشنبیران جۆرە ڕێزلێنانێکیان هەیە، ئەم ڕێزلێنانە هەنگاوێکی گەلێ پیرۆز بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سایەی خوا و خوێنی پێشمەرگە و پیاوانی دڵسۆز هاتەدی.

نووسەر و ڕۆشنبیری کوردیش مادام ژیانی دابین کراوە،

ئیتر دەست بدەنە قەڵەمەکانیان و بە ئازادی بنووسن و بەرهەم بێنن.

**رامـــــان:** هەست دەکرێ لاوازییەک لە کاریگەریی نووسەر و رۆشنبیرانی ئێمە بەسەر کۆمەڵگای کوردییەوە بەدی دەکرێ. جەنابت ئەو لاوازییە لەچیدا دەبینی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من لەبیرمە لە ساڵانی پەنجادا ئەوەی کاری کردە سەر بیروباوەڕی هەموو کوردێک لە هەر چین و توێژاڵێکی کۆمەڵ بووبێ شیعرەکانی قانع بوو، چونکە قانع بەزمانی خەڵک دەینووسی. دەیزانی گیروگرفتەکانی خەڵق لەکوێدان، بۆیە دەتبینی شۆفێر و جووتیار و ئاغا و سیاسی و... تاد، شیعری قانعیان لەبەر بوو. من وادەزانم ئەو دابڕانە کە هەیە لەنێوان نووسەر و رۆشنبیران و جەماوەردا ئەوەیە بەزمانی خەڵک نانووسن و بەزمانێک دەنووسن کە خەڵک تێی ناگا. هەندێ جار ئێمەی رۆشنبیریش تێیان ناگەین. نووسین ئەگەر لە ئاوات و خۆزگەکانی نەتەوەکەی دوورکەوتەوە خەڵکەکە ناچار نییە بیخوێنێتەوە. ئەوە هۆی دابڕان و دوورکەوتنەوەی نووسەری کوردە لە کۆمەڵ.

**رامـــــان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێیی رۆشنبیری کورد واقعبین نییە و بەسەر کۆمەڵی خۆیدا باز دەدا؟

**حەمە کەریم هەورامی:** بەڵێ: یان بە جۆرێک دەنووسێتەوە، لە ٢٥ ٪ی خەڵکەکەش لێی تێناگا. شیعرێکی کامەران موکری-ت بۆ بخوێنمەوە:

**ئەو مەلەی بای وەشت باڵی هەڵوەران**
**لە بەستە وتن نەکەوت لە ئاسمان**
**ئەو ئەستێرەیەی کشا بۆ ناو چەم**
**لەسەرە مەرگا خەندە لەسەر دەم**
**وان لەناو دڵی منا میوانن**
**چونکە نموونەی قەت کۆڵنەدانن**

جارێک من ئەوەم خوێندەوە، کابرایەک گوتی: توخوا مامۆستا گیان بۆم بنووسەوە، بۆ ئەوەی کوڕەکەم لەبەری بکا، بەڵام وەرە سەد شیعری تازە بخوێنەوە، عالەم هەر گوێشی بۆ ناگرێ، چونکە تەعبیر لە هەست و نەست و ئاوات و ئامانجی خەڵکەکە ناکات.

**رامان:** کەواتە تۆ مرید و لایەنگری شیعری نوێ نیت؟

**حەمە کەریم هەورامی:** نا، من لایەنگری شیعری نوێم، با ئێستا شیعرێکی شێرکۆ بێکەس هەیە، شیعری نوێیە و تەعبیر لە خەڵق دەکا.

شیعرەکە باسی ئەوە دەکا: «کابرایەک بە هەڵەداوان ڕایدەکرد خۆی بگەیەنێتە سێبەری درەختێک، بەڵام درەختەکە سێبەری خۆی کشاندەوە، چونکە ئەو کابرایە لەودیوی شاخەوە دوو نەمامی بڕیبوو». ئەمە شتێکی جوانە.

**رامـــــان:** ئەدیبی ئێستا زۆرجار لە سیاسەت نزیک دەبێتەوە بە سیاسی بوونی ئەدیب یان نووسەر چەند خزمەت بە نووسەر دەکا؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من پێموایە هەموو نووسەرێک دەبێ سیاسی بێ، بەڵام نەک بەو مانایە کە ئەوڕۆ هەیە. سیاسی بەو مانایە نا کە هەڵپەی کورسی بکا و خۆی لە خەڵقی ئەهلی سیاسەت نزیک بکاتەوە، چونکە ئەدیب شتێکی گەورەیە، دەبێ خەڵقی سیاسی خۆیان لە ئەدەیب نزیک بکەنەوە، ئەگەر ئەدیبێک زۆر هەڵپەی ئەوەی کرد لە سیاسەت نزیک بکەوێتەوە بە مەبەستی ئەوەی کورسییەک بۆ خۆی دابین بکا، بە لای منەوە هەڵەیەکی گەورەیە، من دیسان دەیڵێمەوە ئەدیبی کورد هەمووی سیاسین، چونکە ئازار و ئەشکەنجە و ناڕەحەتی خۆیان و کەسوکاریان و خزمان و نەتەوەکەیان دیوە، ناچارن دەبێ سیاسی بن. ئەوە شتێکی رەوایە.

**رامـــان:** ئەی شارەزا بوون لە سیاسەت چەند سوود بە نووسەر دەگەیەنێ؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەگەر پسپۆڕ بێ لە سیاسەتدا و خەریکی نووسینی سیاسی بێ ئێمە نووسینی سیاسیمان پێویستە. ئێمە میللەتێکین خاوەنی کێشەیەکین، ئەم کێشەیە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، هێشتا لەنیوەی ڕێگەداین.

**رامـــان:** هەیە نووسەرە یان هونەرمەندی شێوەکارە، دەڵێ پێویست نییە من توخنی سیاسەت بکەوم؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەو مەبەستی ئەوەیە خۆی تەرخان ناکا بۆ ئیشی سیاسی، بەڵام کە هونەرەکەی شێوەکارییە، وێنەیەک کە دەیکێشێ و ئەغلەب کە من دیومن، گوزارشت لە سیاسەت دەکەن، بە تایبەتی هی نەتەوەی کورد، گوزارشت لە پێشمەرگە و شەهید و ئەنفال و ڕاونان و..تاد دەکەن. بیەوێ و نەیەوێ سیاسەت کاری تێدەکا، بەڵام ئیشی ئەوانەش سیاسەت نییە، بەو مانایەی سیاسەت بۆ ئیدارەکردنی کاروباری وڵات بێ.

**رامان:** ئەی نووسەر و رووناکیری کورد چەند لە ئاستی کێشە و ڕووداوەکانی نەتەوەکەی خۆیدایە و داهێنانەکەی لە ئاستی گەورەیی ئەو کێشە و کارەساتانەیە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەو کەلەپوورەی هەزار ساڵە پەنگی خواردۆتەوە و ئێستە تەقیوە، وادەزانم بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوژمنەیە کە دەیەوێ مافی ئێمە زەوت بکا. شیعری سەردەم و نوێم نەخوێندۆتەوە کە لە گیروگرفتەکانی ئەم نەتەوەیە نزیک نەبووبێتەوە.

**رامان:** مەبەستت هەموو شیعری نوێیە یان بەشێکی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** هەندێ نوێ خۆی زۆر لەو مەسەلانە لادەدا. گەنجەکان لەگەڵ رێزم بۆیان فکریان هێشتا نەمەییوە. شتێک لە مێشکیاندا هەیە، شتەکە رووناک نییە. شتێکیش کە رووناک نەبێ مرۆڤ ناتوانێ جوان گوزارشتی لێبکات، شت دەڵێین، نە خۆیان، نە من، نە جەنابت، نە خەڵک لێی تێناگا. کێ ناڵێ بۆ پاشەرۆژ ئەمە بەکاردێ، بەڵام بۆ حاڵی حازر، نەوەڵڵا خۆدزینەوەیە.

**رامان:** کەواتە پێتوایە لەو قۆناغە ناسکەدا کە میللەتی ئێمەی پێدا تێدەپەرێ، رووناکبیری کورد ئەرکی سەر شانی خۆی بە تەواوی راپەراندبێ؟

**حەمە کەریم هەورامی:** بەڵێ من پێوایە رۆشنبیری کورد هەر لە کۆنەوە لە ئەحمەدی خانی-یەوە بیگرە تا دەگاتە حاجی قادری کۆیی کە رۆشنبیری و بیری نەتەوایەتی لەودا جەم بووە، تا دەگاتە ئەسیری و بێکەس و..تاد، هەموو شۆرشەکانی کورد بەرەنجامی ئەو فکرەیە کە رۆشنبیران و شاعیرانی کورد هێنایانەوە، دەنا نەتەوەی کورد رۆیبوو، کرابوو بەژێرەوە. دوژمنان پێیان وابوو تەواو برایەوە، بەڵام کێ فریاکەوت و ئاگرەکەی نایەوە، وا دەزانم ئەدیب و رۆشنبیری کورد. هەر لەو کەسانەی باسم کردن تا دەگاتە کامەران موکری و شێرکۆ بێکەس و جەنابت و هەزاران شاعیر و نووسەری دیکەش، هەموو ئەوانە ئاڵا هەڵگری زیندووکردنەوەی نەتەوەی کوردن. ئەمانە شۆرشی کوردیان هەڵگیرساندووە.

**رامان:** کەواتە تۆ گەشبینییەکی بەرچاوت هەیە بەرامبەر بە بارودۆخی رۆشنبیری کوردی، بێجگە لەوە خاڵە گەشەکانی ئەو بارودۆخە رۆشنبیرییە لە چیتردا دەبینی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من پێموایە ئیتر دنیا گۆراوە. فکر و عەقڵیەتی ئادەمیزاد گۆراوە. تاکەی ئەم فکر قووفلدانە؟ تاکەی خەفەبوونی عەقڵ و مەعریفە؟

ئێستا هەموو عالەم فکری کراوەتەوە. ئێمەش دەبێ ئەو بارودۆخە بقۆزینەوە. ئێمە بەرەو ئاسۆیەکی رووناک دەرۆین و جارێکی تر ناکەوینەوە ژێر پۆستاڵی خەڵقانی تر. تازە ئەو رۆژە رۆیشت بتوانێ ئێمە بەند بکاتەوە.

**رامـــــان:** دەستەیەک هەن پێیان وایە نووسەر و رۆشنبیری کورد بە حوکمی ئەوەی خۆیان بە کێشەی میللەتەکەیان بەستۆتەوە و پاڵپشتی و هاوکاریی حزبە کوردستانییەکان دەکەن، ئەم رۆشنبیرانە وابەستەن و پاشکۆن و لەبەر ئەوە کەمتر رەخنە دەگرن یان خاتری حزبەکان دەگرن و چاپۆشی لە کەموکوورییان دەکەن. تۆ ئەو کێشەیە چۆن دەبینی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەو حزبانە خۆ دوژمنی کورد نین، ئەوان پێشرەوی نەتەوەی کوردن و رۆڵەی کوردن، بەڵام کە رۆشنبیر بە حزبەکەی خۆیدا هەڵدەدا بە مەرجێک مەبەستی ئەوە نەبێ کە مەکسەبێکی شەخسی وەربگرێ و لە قەناعەتەوە قسە بکا بۆ ئەوەی حزبەی هەنگاوی زیاتر بنێ. مەبەستی دۆزە گشتییەکەی نەتەوەی کورد بێ. ئەگەر حزبێک هەڵەیەکی کرد شتێکی جوانە نووسەر رەخنەی لێبگرێ. ئەگەر شتێکی باشیشی کرد زۆر جوانە پەسنی بکەی بۆ ئەوەی هان بدرێ.

**رامـــــان:** لێرەوە زۆرجار سەیر دەکەی دەستەیەک نووسەری کورد گلەیی زۆرە، گلەیی لە هەموو شتێک هەیە. زۆرجار رەخنەکانیان لەجێی خۆیدا نییە. زۆرجار واقیعبینی تێدا نابینین. ئەوەی تۆ خوێندووتنەوە پێتوایە رەخنەی جیددی و جەوهەری بن و بۆ ئەوە بن ئەو کەموکورییانە چاک بکرێن؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئێمە چونکە بەشێوەیەکی گشتی برینی زۆر قووڵ لە دەروونماندا هەیە، ئێستاش وا چاومان کراوەتەوە و هەستمان بەوە کردووە هەین و کەوتووینەتەوە جیهانێکی رووناکەوە، ئیتر هەر گلەیی دەکەین، زۆربەی زۆری ئەو گلەییانە راست نین. ئینسانی نەخۆش کە لە خەستەخانە هاتە دەر، ئیتر هەر باسی برینەکانی خۆی دەکا. ئەم هەموو برینی کۆنە. من رۆژانە تووشی چەندەها کەس دەبم گلەیی دەکەن. بۆ نموونە دەڵێن: جادەکان خراپن. دە تۆ تەحەمول کە دوو رۆژی دیکە جادەیەکی جوان و پر دار و درەخت، ئوتومبێلەکەی تۆی پێدا دەروا، چونکە راهاتووە گلەیی بکا، ئەوە دەبینی کە ئەمرۆ جادەکە تێک دراوە، بیر لەوە ناکاتەوە بەیانی جادەیەکی نوێ و رازاوەی بۆ دروست دەکرێ. ئەوکەسەی زۆر رەخنە دەگرێ، ئەنانییەتێکی تێدایە کە بە زمانی حاڵی دەڵێ بۆ من ناروانن کە من چیم پێیە؟ لەکاتێکدا هیچیشی پێ نییە. دێ عەیبەکانی خۆی

بەبالای خەڵکی ترا دەبڕێ. وا دەزانێ بەوە خۆی گەورە دەبێ. نازانێ بەوە خۆی کەم دەبێتەوە. مرۆڤ دەبێ واقیعی بێ.

**ڕامان:** دوای ڕاپەڕین زۆری و بۆرییەکی سەیرلە بواری ڕۆژنامەگەریدا دەبینرێ، تۆ ئەمە بە دیاردەیەکی تەندروست دەزانی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەمە یەکێک لە عەیبەکانی دیموکراسیە لە ولاتێکدا. هەر کەس هەڵدەستێ حزبێ دادەنێ و هەر کەس هەڵدەستێ گۆڤارێک بڵاودەکاتەوە. قەینا با گۆڤار و ڕۆژنامە زۆر بێ، با حزب زۆر بن، چونکە سەرەڕای ئەوەی سلبیاتی هەیە، چاکەشی هەیە، بە مەرجێ ئەمانە ڕوو لە گیروگرفتە سەرەکییەکە بکەن. هەریەکە چمکێک لە گیروگرفتە سەرەکییەکە بگرێ بەدەستەوە کە بە هەموویانەوە چارەسەر دەبێ، بەڵام ئەگەر هەر بۆ دەرهێنان و خۆ پیشاندان بێ، ئەمە لایەنە سلبیەکەیەتی.

**ڕامان:** دیسان دەبینی ڕێکخراو و یەکێتی و سەندیکای ئێجگار زۆری نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و چی و چی هەیە. پێتوایە ئەمانە بتوانن کاری گرنگ و ڕیشەیی بکەن و ئەم بارودۆخە بەرەو باشتر ببەن؟

**حەمە کەریم هەورامی:** زۆر بوونی ئەمانە وای کردووە نووسەری کورد تووشی جۆرە فرتوفێڵێک بکا. بۆ نموونە کابرا لە هونەرمەندان ئەندامە، لە یەکێتی نووسەران ئەندامە، لە ڕۆژنامەنووسانیش ئەندامە. کامی زوو شتێکی بداتێ، ئەو لایەنە دەگرێ. مرۆڤ دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە، یا دەبێ ڕۆژنامەنووس بێ، یان ئەدیب بێ یان هونەرمەند. ئەوە خەڵک فێری ئەوە دەکەن کە لەسەر دوو پەت یاری بکا. سەرەڕای ئەوەش بوونی ئەو ڕێکخراو و سەندیکایانە ڕوویەکە لە دیموکراسی.

**ڕامان:** ئەی ئەوانە چەند توانیویانە واقیعی ڕۆشنبیریی میللەتی ئێمە بەرەو باشی ببەن و بیجووڵێنن؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەمە پرسیارێکی قورسە بۆ من، یەکێکی دەوێ لەناو ئەوانەدا کاری کردبێ و هەڵسوکەوتەکانیانی باش بەراورد و دیراسەکردبێ، ئینجا دەتوانێ ئەو حوکمە بدا، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئەگەر بۆ بەرگری کردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان بێ شتێکی چاکە.

**ڕامان:** تۆ بەرهەمی لاوان و نوێخوازی دەخوێنییەوە.



گیو موکریانی، حەمەکەریم هەورامی، حەوێز ئاغا
١٩٧٠/٣/١١

هاوکێشەیەک لەنێوان نوێخوازی و ڕەسەنایەتی و کەلەپوور دا هەیە. تۆ ئەم هاوکێشەیە چۆن دەبینی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** کەلەپوور بەشێکە لەسایکۆلۆژیەتی نەتەوەکە، تۆ کە بەرهەمی نوێ دەنووسی دەبێ لە کەلەپووری نەتەوەکەتەوە هەڵێنجرابێ، چونکە ڕەسەنایەتی لە کەلەپوورەوە دێ. ڕەسەنایەتی لە فکری نەتەوەوە دێ. پێموایە نوێخوازەکانیش کە شتێ دەنووسن بڕواناکەم بتوانن بە تەواوی خۆیان لە کولتووری نەتەوایەتی و ڕەسەنایەتی دابڕن. شتی ڕەسەن بەچی دەزانرێ؟ تۆ وەرە بەرهەمێک دانێ و بۆ فەڕاشەکەی بخوێنەوە و تەماشای دەموچاوی بکە، ئەگەر جۆرە گەشییەکی تێدا دیار بوو، یان ئەگەر تراژیدی بوو ئەویش پێی نارەحەت بوو مانای ئەوەیە بەرهەمەکەت ڕەسەنایەتییەکی تێدایە. مانای ئەوەیە تۆ گوزارشتت لە دەروونی نەتەوەکەت کردووە.

**ڕامان:** لە دراماکانیشت سوودت لە کەسایەتی مێژوویی، لە کەلەپوور بینیوە و تەعامولێکی درامیت لەگەڵدا کردووە، تۆ زیندوویی لە کەلەپووری کوردیدا لە کوێدا دەبینی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** هەر لەکۆنەوە، لە سەردەمی گریکەکان و یۆنانییەکانەوە تا سەدەی هەژدەم کە ڕۆمانسیەت هاتە مەیدانەوە، لە بواری درامادا هەمووی لە کەلەپوورەوە وەرگیراوە. لە پاڵەوان و ئەفسانە و داستان و چیرۆکی بەرئاگردان کە بەشێک بوون لە فەرهەنگی نەتەوەکە لەوێوە هاتوون، بەڵام خۆ نابێ نووسەر دەقاودەق وەری بگرێ و بڵێ ها. ڕەنگە لەناو ئەو کولتوورەدا چەندین ڕووی شاراوە هەبن، دێ بە پێی پێویست و بەپێی ئەو فکرەی خۆی هەیەتی ئاراستەی

بکا، بەرهەمێکی لێ دێنێتە کایەوە. بەرهەم کاتێک دەبێتە بەرهەم کە ئاوا ڕەفتاری لەگەڵدا بکەی و ڕوویەکی گەشی تری بدەیتێ.

**ڕامان:** سەرەتای حەفتاکان زۆر کەم نووسەری کورد بایەخی بەنووسینی دراما و شانۆ داوە. ئەوەی کە کراویشە زۆر کەم بابەتی خۆماڵی بووە، زۆری وەرگێڕان و ئامادەکردن بووە. تاک و لۆک هەیە وەک «بووکی ژێر دەواری ڕەش» و..تاد، دەنا زۆربەی ئەو شانۆیانەی پێشکەش کراون بە کاریگەربی شانۆی عیراقی، فوئاد ڕەشید بەکر و کەریم سەعید زانستی و..تاد بووە. شەستەکان خامۆشییەک لە بواری هونەری و ڕۆشنبیریش هەیە، لە حەفتاکان تۆ هەستت بەوە کردووە چیرۆکی درامی شتێکی گرینگە بۆ کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو، بۆ ئەوەی بتوانی پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بگری و وشیاری بکەیتەوە. واتە کەرستەیەکی گرینگت گرتووە کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ جەماوەر و بینەردا هەیە.

جگە لە یەک دوو حاڵەت کە باست کرد، تەئسیری شانۆنامەکانی تۆفیق ئەلحەکیم و..تاد، هاندەری دیکەت هەبوو؟ هیچ درەهێنەرێک هەبوو پێوەندیت پێوە بکاو داوای نووسینی درامات لێبکات؟

**حەمە کەریم هەورامی:** نەخێر کەس نەبووە، بەڵام من ئەوکاتە کە بەرهەمەکانی شکسپیر و تۆفیق ئەلحەکیم و شانۆی یۆنانییەکانم خوێندەوەو هەمووی بۆ خستنەرووی کێشەیەکە. منیش بە سروشتی خۆم هەستم کردووە نەتەوەیەکی بێ وڵاتین، وڵاتێکی گەورەمان هەیە و هی ئێمە نییە. من هاتووم کە درامام نووسیوە لایەنێکی ئەو کێشەیەم خستۆتە ڕوو. ئەو دۆزە کە دۆزی کوردییە کە نەتەوەیەکی گەورەی بێسەروبەری داگیرکراوی بێکەسی بێ کیانی هەیە. من وام هەست کردووە کە دراما دەبێ خزمەتی ئەو دۆزە بکا. لە ساڵی (١٩٧٠-١٩٧١)دا کە درامای «فاڵچی»م نووسی و خەڵاتی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کوردی وەرگرت و بەحەوت ئەڵقە لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک پیشان درا و یەکەم زنجیرەی تەلەڤزیۆنییە، فکرەکەی باسی ئەوە دەکا کە ئەی خەڵکینە ئێمە بەهامان دزرا، ئێمە ڕەسەنایەتیمان دزرا. ئێمە شێوێنراوین. کەچی دەچینە لای ئەو کەسەی کە ئێمەی دزیوە بۆمان بدۆزێتەوە. خێزانێک پارچە زێڕێکی بزربووە، پارچە زێڕەکە ڕەمزە بۆ ڕەسەنایەتی و کولتووری کورد، ئەوەیان لێدزین. کابرایەکی فاڵچی لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتووە ئەوەی لێ تێکداین، کەچی ئێمە دەڕۆین لەو دەپاڕێینەوە زێڕەکەمان بۆ بدۆزێتەوە. کارەساتەکە ئا لێرەدایە.

**ڕامان:** بەڕای ئێوە درامای تەلەڤزیۆنی تەئسیری لەسەر بینەر زیاترە یان شانۆ؟

**حەمە کەریم هەورامی:** شانۆ ڕەمزی شارستانیەتە. ڕەمزی پێشکەوتنی ئادەمیزاد. هەر نەتەوەیەک شانۆی هەبوو مانای وایە نەتەوەیەکی خاوەن شارستانیەتە. شانۆ تایبەتە بە کۆمەڵە کەسانێکی ڕۆشنبیرەوە کە حەزیان لە جوانی و فکر و ئەفراندن هەیە، دەڕۆن بۆ دیتنی شانۆ، بەڵام تەلەڤزیۆنی گشتییە، دەچێتە هەموو ماڵێکەوە. هەموو کەس تەماشای دەکا.

## مامۆستای زانکۆ دەبێ لە ئاستێکی بەرزی عەقڵ و مەعریفەدا بێ، تا بتوانێ عەقڵییەتی خەڵکی بگۆڕێ

**ڕامان:** خۆت لەناو کامیاندا دەدۆزیتەوە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من زیاتر حەز لە دیتنی شانۆ دەکەم، بە مەرجێک شانۆکە شانۆیەکی ئامانجدار و جیددی بێ و دۆزێک بخاتە ڕوو کە پێوەندی بە ئامیزادەوە هەبێ. سەرەڕای ئەوەش دەبێ جۆرە جوانییەکی تێدا بێ، نەک تەنیا هەڵسوکەوتی کەسانێک بێ لەسەر شانۆ.

**ڕامان:** ئێستا پاش ئەو ئەزموونەی هەتە حەز دەکەی تەعامول لەگەڵ کام دەرهێنەر بکەی کە زیاتر لە کەشوهەوای کارەکانت نزیکە و لێت تێدەگا؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من لەگەڵ هیچکام لەگەڵ دەرهێنەرەکان تەعامولم نییە. من دانیشتووم و بیردەکەمەوە. لە دەرهێنەران و ئەهلی شانۆ دوورم. من دراما دەنووسم. وەنەبێ هەروا لە گۆترەش بینووسم. من دەخوێنمەوە و لێکۆڵینەوە دەکەم. مەرجەکانی دراما دەزانم، ئازار و ئەشکەنجە و دۆزی نەتەوەکەی خۆم دەخەمە ئەو قاڵبەوە کە دەینووسم جۆرێک دەنووسم بۆ خوێنەریش دەست بدا.

**ڕامان:** بەڵێ ئەوەی تۆ زیاتر ئەدەبی شانۆیە، بەڵام دیسان وەک نووسەرێک کە درامایەکت دەخرێتە سەر شانۆ، دەرهێنەرێک بینێ و خوێندنەوەی بۆ بەرهەمەکەی



**یادی ١١ی ئاداری ١٩٧١ ، حەمەکەریم هەورامی، محەمەد مەنگوڕی، کەریم شارەزا، مەدحەت بێخەو**

تۆ کردووە، بۆ ئەوەی بە موفرەداتی هونەریی خۆی ببخاتە سەر شانۆ، لە یەکێک بۆ یەکێک دەگۆڕێ؟

**حەمە کەریم هەورامی:** دەڵێن دەرهێنەر نووسەری دووەمە. وا باشە ئەو دوو نووسەرە بە یەکەوە دراماکە بخوێننەوە، یا ئەگەر دەرهێنەرەکە خوێندوویەتییەوە و لە هەندێ شوێن گرفتی هەبێ، بۆ ئەوەی بیری نووسەرەکە و دەرهێنەرەکە یەک بگرنەوە، پرس و ڕا بە یەکتری بکەن و ڕێککەون. نەک دەرهێنەرەکە بڕوا بە کەیفی خۆی دەسکاریی دەقەکە بکا.

**ڕامان:** تۆ شانۆنامەی زۆر کەڵەنووسەری دنیات خوێندۆتەوە، تەئسیری کامیان لەسەر تۆ زیاترە بۆ ئەوەی بە تەکنیکی هونەری دراما ئاشنابیت؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەوەی زیاتر تەئسیری لێ کردبم، نووسینەکانی «یۆرپیدس»ە کە کەڵەنووسەر و درامانووسێکی یۆنانی کۆنە. لە رووی جوانییەوە ئەوەی کاری تێکردبم تۆفیق ئەلحەکیم-ە. لەدراماکانیدا یەک وشەی زیادە نانووسێ لە دەرەوەی ئەو وێنە درامییە کە دەیەوێ نیشانی بدا. هەموو شتێکی بە دانسقە و مستقاڵە. بەرهەمەکانیشی هەمووی دۆزی ئینسانییە. کە دەیخوێنییەوە دەڵێی بۆ تۆی نووسیوە. تایبەت بە شوێنێکەوە نییە، گشتییە.

**ڕامان:** ئەی شکسپیر؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەویش هەر تەئسیری هەبووە. زۆرم لێ خوێندۆتەوە و زۆریشم لەسەر نووسیون. لەسەر ڕێبازە شانۆییەکان و نموونەکانیان شتم نووسیوە. دەقی کوردیش هەرچی نووسراوە، چ لە گۆڤار و چ کرابێ بە کتێب هەموویم خوێندۆتەوە.

**ڕامان:** دەقێکی درامیی کوردی کە سەرنجی ڕاکێشابێت؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەوەی سەرنجی ڕاکێشابم و بڵێم ئەمە نموونەی تراژیدیای کوردییە، «زێڕین»ی ئەمین میرزاکەریم-ە. دەقێکی خۆماڵی و تراژیدیایەکی تەواوی درامی، «ئاسک»ەکەی شێرکۆ بێکەس-یش شتێکی زۆر جوانە، چونکە پێوەندی بە کێشەی میللەتی کوردەوە هەیە.

ئیتر جاران درامانووسمان هەبوو، من ڕێز و ئیحترامم بۆ زۆریان هەیە، کاک ئەحمەد سالار-یش شتی زۆر جوان دەنووسێ و یەکێکە لە درامانووسە سەرکەوتووەکانی میللەتی کورد و شانازی پێوە دەکرێ.

**ڕامان:** هەیە دەڵێ ئەگەر دەقی باش و سەرکەوتوو هەبێ، شانۆی سەرکەوتووی لێ بەرهەم دێ، هەیە دەڵێ نەخێر ئەگەر دەرهێنەر دید و دنیابینیەکی تایبەت بەخۆی هەبێ، دەتوانێ ئەکتەری باش پێبگەیەنێ و هەر خۆی دەقیش بگونجێنێ و شانۆیەکی پێشکەوتوو بدا بەدەستەوە.. هەیە ئەگەر بە بناغە دادەنێ تۆ لەنێو ئەو ڕایانە کامەی پەسند دەکەی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** جگە لەو ڕایانە من پێموایە شانۆ خۆی خەرمانەی هەموو هونەرەکانە، لەبەر ئەوە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر و...تاد، یەکەیەکی یەکگرتوون نابێ لە یەکتری بپسێن. دەقی جوان، دەرهێنەری باشی دەوێ. دەرهێنەری باشیش دەبێ ئەکتەری باش هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو وێنانە کە بە وشە کێشراون بیانکا بە جووڵە و حەرەکەت. کەواتە نووسەری باش و دەرهێنەری باش و ئەکتەری باش هەرسێکیان هونەری شانۆ تەواو دەکەن. ئەکتەری باش ناتوانێ شتی لاواز نمایش بکا، چونکە کاردەکاتە سەر جووڵە و کارەکەی. من پێم وایە سەرەتای هەموویان بە نووسین دەست پێدەکا.

**ڕامان:** وەرگێڕان دەوری خۆی دیوە و زۆر دەقی وەرگێڕاومان هەیە کە لە خواست و خەونی نەتەوەکەمان نزیک بوون. بەڕای تۆ وەرگێڕان چەند خزمەتی شانۆی کوردی کردووە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** وەرگێڕان ئەگەر بە مەبەستی خزمەتکردنی هونەر و فکر بێ شتێکی خراپ نییە، بەڵام ئەوانەی ئێستا لەشانۆ کاردەکەن، هەست دەکەم هەمیشە دێن دەقێکی وەرگێڕراو، تەفزیل دەکەن بەسەر بەرهەمە خۆماڵییەکە و شتی خۆماڵی پەسند ناکەن.

جاران شانۆکارەکانمان دەچوونە بەغدا، دەیاندی لەوێ

شانۆگەرییەک پێشکەش دەکرێ، ڕێک ئەو شانۆگەرییە، بە دەرهێنان و دیکۆرەوە دەیانهێنا، تەنیا زمانەکەیان دەگۆڕی و پیشانی خەڵکیان دەدا. ئەمە لاساییکردنەوەیە. تۆ دەبێ دەقەکە وەربگری، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەوان کردوویانە، کە دێی لە کوردستاندا پێشکەشی دەکەی دەبێ ڕوخسارێکی کوردی بدەیتێ.

**ڕامان:** ڕایەک هەیە دەڵێ: یەکێک لە هۆیەکانی دواکەوتنی ڕۆشنبیری کوردی ئەوەیە کە ئێمە بزاڤێکی چالاکی ڕۆشنبیریمان نییە، نەک هەر لە شانۆ، لە هەموو بوارەکاندا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە هەر وەرگێڕانێک بەپێی میزاج کرا، ئێمە قبووڵمان بێ و پێمان وابێ سەد دەرسەد خزمەت دەکا. ئەو بزاڤە کە ناومان نا بزاڤی ئیفلیجی وەرگێڕان، لەلایەک بەهۆی ئەوەی تا ئێستا بە میزاجی تاکەکەسی کاری بۆ کراوە، لەلایەکی تریشە بەرنامەڕێژییەک نییە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی وەرگێڕان بۆ ئەوەی ئەو دەق و نووسینانە پێش بخەی کە بۆ کتێبخانەی کوردی گرینگن. تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** وەک جەنابت فەرمووت کارەکان تاکەکەسین. پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دامودەزگایەکی هەبێ بۆ وەرگێڕان. چەند شارەزایەک لەم دەزگایە کار بکەن، شەرت نییە ئەوکەسانە هەر لە شیعر و ڕۆماندا شارەزابن، دەبێ لە هەموو لایەنەکاندا شارەزا بن و چەند گرووپێک بن. ئەو بەرهەمانەی کە بیری کوردی زاخاو دەدا و باڵای دەکا هەڵبژێرن و بیدەن بەو کەسانەی کە شارەزای وەرگێڕانن، چونکە وەرگێڕان هونەرە. هەروا کارێکی سادە نییە، هەر کەس بنیشێتە ملی، بڵێن ئەوە وەرگێڕە.

**ڕامان:** تۆ درامات نووسیوە، لێکۆڵینەوە و ڕۆمانیشت نووسیوە. لەو سێ بوارەدا زۆرتر خۆت لە کامیان دەدۆزیتەوە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** لە خاوەنی دۆن کیشۆت-یان پرسی لە وەختی مردندا، گوتیان مەبەستت لەو دۆن کیشۆتە کێیە؟ گوتی: مەبەستم کێیە، مەبەستم خۆمە، نووسەریش هەمیشە لەو بەرهەمانەی کە دەیاننووسێ، هەڵبەتە موعاناتێکی هەبووە و هەڵبەتە کە دایڕشتووە، خۆشی دەوێ و بە پارچەیەک لە جەرگ و هەناوی دەزانێ، خۆی لە هەموویاندا دەبینێتەوە.

من لە بەرهەمەکانم ئەوەی زیاتر خۆمی تێدا دەبینمەوە، ئەو درامایانەیە کە نووسیومن و باسی دۆزەکەی خۆم و گیروگرفتی نەتەوەکەم تێدا کردوون.

**ڕامان:** ڕەخنەی کوردی تا چ ڕادەیەک ئاوڕێکی بە ویژدانانەی لە کار و بەرهەمەکانی تۆ داوەتەوە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من گلەیی لە کەس ناکەم، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گلەیی ئەوە دەکەم کە ئەدەبی درامی خامۆش کراوە و خراوەتە پشت گوێ. تەنانەت لە زانکۆدا د. عەزیز گەردی لێ دەرکەی، کە شتێکی لەسەر دراما نووسیوە، وابزانم لە هەندێ شوێن دەخوێندرێ، ئیتر تا ئەمڕۆش دراما کە بەشێکی گرنگی ئەدەبە و پێی دەڵێن دراما لە شانۆدا نییە. خەڵکەکە هەمووی ڕووی کردۆتە شیعر و چیرۆک. ئەدەبی درامی ناخوێندرێتەوە و ڕەخنەشی لەسەر نانووسرێ. کەسێکیش کە شارەزای دراما نەبێ، ڕەخنە لە چی بگرێ؟ ڕەخنەی کوردی لە بواری شیعر و چیرۆکدا سەری هەڵداوە، هەنگاوی ناوە، بەڵام تا ئێستا لە بواری ئەدەبی شانۆدا ئەوەمان نییە. من ساڵی (٢٠٠٠) شانۆیی «دایکی کوردان»م نووسی، وادەزانم جوانترین دەقی درامیی کوردییە، یەکێکم نەدی شتێکی لەسەر بنووسێ و بڵێ کاکە بەکارنایە! من ئەو خەونەم نووسیوە و باسی ئەو فکرە فەلسەفییەم کردووە کە ئایا ئەوەی ئێمەی تێدا دەژین وەکو عەرەب دەڵێ «معایشە»ی دەکەین، ئەمە خەونە؟ خەونەکانمان خەونی شەوانەیە، یان زیندەخەون، ئەمانە واقیعن. یا ئەوان؟ کامەی خەیاڵە و کامەی واقیع؟ ئایا هەردووکیان خەیاڵن یان هەردووکیان واقیعن؟ یان تێکەڵاوێکە لە هەردووکیان.

من ئەوەم نووسیوە تا ئێستا کەسێک نەبوو دوو وشەی لەسەر بنووسێ. خۆ ناشکرێ خۆم لەسەری بنووسم. لە کتێبی «درامای جیهاندا» هەندێک لەسەر درامای «فاڵچی»م نووسیوە، بە ڕاستی پێم شەرمە، گوتوومە: حەز ناکەم خۆم ئەو شتە بڵێم. ئەوڕۆ ڕەخنەگرێکی شارەزا نییە لە بواری درامای کوردیدا شت بنووسێ.

**ڕامان:** باسی ئەوە دەکرێ خوێنەر ئێستا لەچاو جاران زۆر کەم نووسینی کوردی دەخوێنێتەوە و باسی ئەوەش هەیە کە نووسەران بۆ خۆشیان بەرهەمی برادەرەکانی خۆیان ناخوێننەوە؟ تۆ لەم بارەوە دەڵێی چی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئێمە کە ئێستا لە بەندیخانەی داگیرکەر ڕزگاربووین و هاتووینە دەرەوە، ئیتر خەڵق دەستی کردووە بە هەڵپەکردن بۆ شتی دیکە و بۆ ئەوەی زوو بە شتێ بگا، لەلایەکی دیکەشەوە زۆر بوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی وەک تەلەڤزیۆن و سەتەلایت و

ڕادیۆ، کاری لەسەر خەڵق کردووە کە وەک جاران ناخوێننەوە. من وتارێکی دوورودرێژم لەسەر پیاوێک نووسیوە، نەیخوێندۆتەوە، خۆشم پێم گوتووە. نازانم بۆ نووسەرانمان ناخوێننەوە. من مەدحی خۆم ناکەم، هەر کتێبێک دەرچێ، هەر گۆڤارێک تا نیوەشەو دادەنیشم دەیانخوێنمەوە. ئێستا شوکر هەموومان لە رفاهیەتدا دەژین و ئیشەکەمان ئەوەیە بخوێنینەوە. ئەو ڕێگەیەی هەزار ساڵە خەڵک بڕیویە و ئێمە پاش کەوتووین هەوڵ بدەین ئەو ڕێگەیە ببڕین. بەچی؟ بەخوێندنەوە و بە بەرهەم هێنان. کەچی دەبینم ئەوە لەنێو نووسەران زۆر کزە.

**ڕامان:** بێجگە لەوەش کە خوێندنەوە زۆر برەوی نەماوە، هەست دەکەی کزییەک لە بەرهەمهێنانی ئەدەبیش هەیە، سەرەڕای ئەو هەموو دەرگایەی بۆ چاپ کردنی کتێبەکانیان ئاوەڵایە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەگەر ئێمە ئێستا لەگەڵ (٢٠) ساڵ پێشتردا بەراورد بکەین، ئێستا ڕۆشنبیر زۆرە. ئەوکات بەرهەم هەبوو، ئێستاش بەرهەم هەیە، بەڵام لەچاو ئەو زۆرییە بەرهەم کەمە. نازانم هۆیەکەی چ بێ! ئایا هەر ئەو هەڵپەکردنەیە بۆ بەرژەوەندییە شەخسییەکان؟ من بم وەزیری ڕۆشنبیری، داوا دەکەم ئەو نووسەرانەی تەمەنیان گەیشتۆتە پەنجا ساڵ، ئیتر بۆ خۆیان لە ماڵەوە دانیشن، چاوەڕوانی هەر ساڵە و بەرهەمێکیان لێدەکەم، بەڵام بەداخەوە ئەوانەش کە جاران بەرهەمیان دەدا خەریکی ئیشی دیکەن، سێ چوار وەزیفەی هەیە، ئەوە ناتوانێ بەرهەم بێنێ. لەو ڕۆژەوە کە تۆ گوتووتە ئەمڕۆ ئەو چاوپێکەوتنە بکەین، من فکرم مەشغووڵ بووەو نەمتوانیوە کتێبێک بکەمەوە. نووسەریش کە لە سێ چوار لایەنەوە فکری مەشغووڵ بوو بەرهەمی کەم دەبێتەوە.

**ڕامان:** تۆ وەک خوێنەرێک کێ لە نووسەرە لاوەکان سەرنجت ڕادەکێشێ؟

**حەمە کەریم هەورامی:** حاڵە حازر بیرم بەلای عەتا قەرەداغی-دادەڕوا. بە ڕاستی عەتا نووسەرێکی لێوەشاوە و ڕەخنەگرێکی چالاک و ڕووناکبیرە. زۆری دیکەش هەن. ئەو ڕۆژانە چوومە سلێمانی چەند دیوانە شیعرێکی گەنجەکان چاپ کراوە و خوێندبوومەوە، لەوێ لە دەزگای چاپەکە گوتم: ئێوە کتێبێکتان چاپ کردووە کە شایستەی چاپکردنە، نەمزانی (شاعیرەکە) لەوێ دانیشتووە. دەبێ لێم ببوورن لە یاد هێنانەوەی ناوەکانم زۆر کۆڵم. زۆر نووسەر و شاعیری نوێ هەن بەرهەمی جوانیان هەیە.

**ڕامان:** بەڕای تۆ چەند خزمەتی زمانی کوردی کراوە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** زمانی کوردی لە زۆر ڕووەوە خزمەت کراوە، لە ڕووی زمانەوانی و ڕێزمانەوە، لە ڕووی فینۆلۆژیاوە، لە ڕووی ئەو هەموو نووسینەوە، لە زانکۆکان، خزمەتی باشی زمانی کوردییان کردووە.

**ڕامان:** ئەی زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ ئەو لاوانەی کە دەنووسن بایەخ بە خوێندنەوە و بیری نوێی فەلسەفە و ڕەخنە دەدەن، بەڵام بەپێی پێویست بایەخ بە زمانی کوردی نادەن؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئەگەرتۆ زمانی کوردی بەراورد بکەی لەگەڵ زمانی ئەو نەتەوانەی کە لە دەوروبەری کوردستان بوون و خاوەنی خۆیان بوون و لە کۆنەوە خەریکی خزمەتکردنی زمانی خۆیانن، زمانی کوردی ئێستا دەتوانێ گوزارشت لە وردترین زانستەکان بکات. نموونەش ئەمەیە لە پێنج و شەشی دواناوەندی زانستەکانی کیمیا و فیزیا و زانستەکانی دی تۆ هەست دەکەی ئەسڵەن بە زمانی کوردی دانراون. زمانی کوردی بۆ زاراوەیەک دانەماوە، بۆ وشەیەک دانەماوە.

زمانی کوردی چونکە شێوەزاری زۆرە و ئەمە بەڵگەی ڕەسەنایەتی زمانەکەیە، زمانەکە گەلێ پێشکەوتووە و خزمەت کراوە، ڕاستە ئێستا زۆر کەس لە خوێندەوارانمان هەن کە زمانی کوردی باش نازانن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زمانی کوردی هەنگاوی زۆر ناوە.

**ڕامان:** لە لێکۆڵینەوەکانتدا پەیڕەوی لەچ بەرنامەیەک دەکەی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەرێم شیعری شاعیرێک یان چیرۆکی چیرۆکنووسێک ڕەخنەی لێبگرم، ڕێبازێکم گرتۆتەبەر. چیرۆکەکە خەڵک تێی ناگەن. من دێم چیرۆکەکە بە کورت و موختەسەری ڕوون دەکەمەوە، ئەگەر لەنگی و کەموکووڕی یان جوانییەکی تێدا هەبێ، ئەویش دەخەمە ڕوو. ئەوەش ڕێبازی تەفسیری (شیکردنەوەیە). هەندێ ڕێباز هەیە، وەک ڕێبازی نوێخوازەکان کە دێن ڕەخنەیەک دەگرن، ڕەخنە بۆ ئەوەیە بە خوێنەر بگەیەنی کە مەبەستی نووسەر ئەمەیە و ئەم کارە هونەری و ئەدەبییە ئەوەیە و ئەمە دەگەیەنێ، کەچی تەماشا دەکەی وای لێدەکا ڕەخنەکەشت لێدەبێ بە گرێ.

**ڕامان:** ئەگەر نووسەرێک لە ماڵەوە خەریکی کاروباری

ئەدەبی و خوێندنەوەی خۆی بێ، سەردانی چایخانە و مەیخانە و ئەو شتانە نەکا پێیان وایە نووسەرێکی گۆشەگیرە.. تۆ بۆ ئەوە چی دەڵێی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** نووسەر ئەگەر لە ماڵیش نەیەتە دەرەوە گۆشەگیر نییە، هەر بابەتێک کە ئیشی تێدا دەکا هی ناو کۆمەڵە. نووسەر هەق وایە لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵاویش بێ، من زۆرجار هەر بە قەستی لای سەرتاش و سەوزە فرۆش لادەدەم و پرسیاری وادەکەم پێیان وایە من پیاوێکی گێلم.

**ڕامان:** تێکەڵاوی نووسەران لەگەڵ خەڵک شتێکی ترە، بەڵام هەندێ نووسەر، ئەوانەی شەو و ڕۆژ لە نادیەکان کەوتوون، لە جیاتی خەڵک گلەییان لێ بکا بۆچی هەموو ژیانتان و سەعاتە جوانەکانی تەمەنتان لە کونجی مەیخانەکان بەسەر دەبەن، هەر هیچ نەبێ تەئەمولات بکەن کە بە شێکی گرنگە لە داهێنان، کەچی ئەوان قەرزاربارت دەکەنەوە و دەڵێن ئەوانەی نەیەنە چایخانە و مەیخانە خەڵکی گۆشەگیرن.

**حەمە کەریم هەورامی:** ڕاست دەکەی، من پێموایە هەرچی کتێبی نووسراوە، لە گۆشەیەکی ژوورەکەی خۆیان یان گۆشەی مزگەوتێکدا یان کڵێسەیەکدا و ئاتەشگایەکدا خۆی تەرخان کردووە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکە، ئەدەب و هونەر بەرهەم و بەرەنجامی ڕامانە لەکونجێکدا، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە ئەو کابرا هەر لەو کونجەدا بمرێ و نەجووڵێتەوە.

وەکو «کانت» دەڵێ: هەموو ڕۆژێ لە کاتێکی تایبەتیدا دەهاتە دەرەوە، پیاسەیەکی بەمسەر و ئەوسەری شەقامەکەدا دەکرد. تەنانەت خەڵک کاتژمێرەکانیان بە هاتنە دەرەوەی کانت ڕاست دەکرد.

**ڕامان:** ماستەر و دکتۆرایەکی زۆر وەردەگیرێ، هەیە شایانە و هەیە ناشایانە، بەشێک لە هۆکاری دواکەوتنی ڕۆشنبیری کوردی ئەوەیە زانکۆکانیشمان بەپێی پێویست نەیانتوانیوە دەوری خۆیان لەناو کۆمەڵگەی کوردی ببینن و نەبوونەتە مەڵبەندێک بۆ تیشکدانەوەیەکی شارستانی پێشکەوتووی سەردەم، کە تیشکەکەی بگاتە کۆمەڵگەی کوردی. ڕای تۆ بەرامبەر بەو کێشەیە چییە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** با ماستەر و دکتۆرامان هەبێ، بەڵام کەسێک کە خاوەن دکتۆرا بێ خەڵک تەمای زۆری پێ هەیە، خاوەن دکتۆرا دەبێ خاوەنی بیروڕابێ، بیرمەند بێ، دەبێ لەو بوارەدا کە دکتۆرای تێدا وەردەگرێ، خۆی تەرخان بکا بۆی. بۆ ئەوەی خەڵکەکە متمانە بکەن کە قسەی ڕاست لای ئەمە. نەک دکتۆرا بۆ ئەوە بێ بگاتە سەر کورسییەکی زانکۆ. ئێستا کەسانێ هەن کە ماستەرەکەی وەرگرت مەلزەمەیەک لە ماستەرەکەی دروست دەکا و ساڵەهای ساڵ دەیگرێ بەدەستییەوە و بۆ قوتابییەکانی دەخوێنێتەوە و دەی خۆ کەسێک کە خاوەن بڕوانامەی سەرەتاییش بێ دەتوانێ ئەم کارە بکات. ئەکادیمی دەبێ لە ئاستێکی بەرزی عەقڵ و مەعریفەدا بن کە بتوانن عەقڵییەتی خەڵکەکە بگۆڕن، نەک تەنیا وتنەوەی مادیەکی ڕەقوتەق، ئەوە هیچ بەرهەمێک نادات، لە زانکۆدا خاوەن دکتۆرای زۆر باشیش هەیە کە بەرهەمیان هەیە و ئەهلی فکرن.

**ڕامان:** با بێینە سەر باری ڕۆژنامەگەریی کوردی. ئایا پێتوایە ڕۆژنامەگەریی ئازادمان هەیە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** کوا ڕۆژنامەیەکی وامان هەیە تەواو سەربەخۆ بێ، بە پارەی خۆی ڕۆژنامەکە بخاتە بازاڕەوە؟ نازانم، گوایە «هاوڵاتی» ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیە، نازانم، ڕۆژنامەی ئازاد ئەوەیە لە حزب و حکوومەت و لە مەلاو لەولا هیچ وەرنەگرێ، کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکی خاوەن بیر دەری بهێنن و لە کەس نەترسن و شت بنووسن. مەبەست ئەوە نییە هەر عەیبەکانی خەڵک دەرخەن، تەوجیهی نەتەوەکە و حکومەت و ئەو دامودەزگایانە بکەن کە هەڵە دەکەن.

**ڕامان:** تۆ وەک نووسەرێک لەناو ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن، چەند هەست بە ئازادیی بیروڕا دەربڕینی خۆت دەکەی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** تا ئێستا هیچ سانسۆرێک نەخراوەتە سەرنووسینی من و کەسیش داوای لێنەکردووم ئەوە بنووسە و ئەوە مەنووسە. ئەوەش بڵێم زۆر گۆڤار هەیە ڕاستە سەر بە حزب و حکومەتن، بەڵام شتی ئازاد دەنووسن، ئەوی بێتە بەردەستیان بڵاوی دەکەنەوە، کەسیش نەیگوتووە ئەوە بۆ بڵاودەکەنەوە.

تەنیا گلەییەکم لەو لایەنانەی کتێب چاپ دەکەن هەیە، کە دێن سانسۆر دەخەنە سەر کتێبی ئەو کەسانەی پێشکەشیانی دەکەن بۆچاپ کردن. بۆ نموونە نووسەر هەیە پەنجا ساڵە دەنووسێ و کتێبێک دەداتە دەزگایەک بۆی چاپ بکات، کتێبەکە دەدەنە کەسێک تازە فێری کوردی بووە بۆ ئەوەی هەڵیسەنگێنێ. کەواتە سانسۆر هەیە، بەڵام سانسۆرێکی نەزانانەی پێخاوس.

**ڕامان:** لە ڕۆژنامەگەریی کوردی تانە و تەشەر هەیە، قسەی سەر تەنوور هەیە جاری وایە بوختان هەیە،

شێواندنی کەسایەتیی یەکتر هەیە، دانی خێر بە یەکتردانەنان هەیە، بێویژدانی بەرامبەر ڕەنج و تەقەللای یەکتر هەیە، ئەوە هەمووی دەکەوێتە ئەو خانەیەوە کە ڕەواجێک بۆ ئەو گۆڤارە یان ئەو ڕۆژنامەیە پەیدا بکات. خوێنەر لە ڕێی ئەم تانە و تەشەر و شەڕەجنێو و گەڕەلاوژەیەوە گۆڤار و ڕۆژنامەکە بکڕن. ئەمە ناویان ناوە ورووژان لە ڕۆژنامەگەریدا. تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** گاندی دەڵێ: «مرۆڤ ئەگەر مەبەستی باشی هەبێ نابێ بە شتی خراپ مەبەستەکە بێنێتەدی» ئەم یەکتر شکاندن و شێواندنە عەیبەیەکی زۆر گەورەیە. ئەو کەسەی کە دەیەوێ شتێ لەسەر خەڵک بنووسێ با بێ کارە ئەدەبییەکە بخاتە ژێر تیشکی قەڵەمەکەیەوە، لەسەرکارە ئەدەبییەکە بدوێ نەک لەسەر نووسەرەکەی یان لە خۆرایی نەیەت بەرهەمەکە یان شەخسەکە کەم بکاتەوە. ئەمە کەم کردنەوەی خۆیەتی و ئەو گۆڤار و ڕۆژنامەیەی کە موهاتەراتەکە بڵاو دەکاتەوە پێی دەشکێ، ئێمە دەبێ ڕێزی یەکتری بگرین و بە چاوێکی بەرزوبڵند تەماشای یەکتری بکەین. مرۆڤ هەڵە دەکا، نابێ دەهۆڵی بۆ هەڵبگرین. من ڕەخنەیەکم لەسەر ڕۆمانی «خاک و مانەوە»ی عەزیزی مەلای ڕەش نووسی، بە وردی لێکۆڵینەوەم لەسەر کرد و لەکۆتاییشدا ئاماژەم بەوە دابوو کە پێویستە عەزیزی مەلای ڕەش هەندێ زیاتر بایەخ بە لایەنە هونەرییەکەی بدات. نەک وەک کەسانێک کە لە سەریان نووسی، فلانەکەس نازانێ و چی... ئەمە ڕق و کینەیە، ئەمە ئەدەب نییە.

ئەمە خۆشکاندنەوەیە. من یەکێکم بە ڕاستی عەزیزی مەلای ڕەش بە نووسەر دەزانم، بە خزمەتگوزارێکی بیری کوردی و نووسینی کوردی دەزانم، بەلام ڕەخنەش ڕەوایە. ئەگەر کەسێک هەڵەیەکی کرد دەبێ ئیعتزاری بۆ بهێنیەوە، لەوانەیە ئاگای لێنەبووبێ، لەوانەیە لە دەستی دەرچووبێ.لەوانەیە لە ژێر کاریگەری دەقێکدا بێت و لە ڕووی نائاگاییەوە هەستی نەکردبێ، پێی بڵێی ئەمەی دزیوە، ئەمەی بردووە! جوان نییە.

**ڕامان:** نووسینەکانت تا چ ڕادەیەک تەسەلای دڵی تۆیان داوەتەوە؟ واتە هەست دەکەی توانیوتە ئەوەی لە دڵتدا بووە لە نووسینەکانتدا بیڵێی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** کەسێ کە بەرهەمەکەی تەواو دەبێ و چاپدەبێ، مانای ئەوەیە شتێکی بەرهەم هێناوە. فەراهەم هێنان جۆرە چێژێک دەداتە داهێنەرەکەی، ئەو چێژە مەگەر هەر خوای گەورە بزانێ، چ لەززەت و تەسەللایەک بە ئینسان دەدا.

**ڕامان:** کە ڕووت کردۆتە ڕۆمان نووسین، ئایا هەستت بەوە کردووە لە کارە دراماییەکاندا باش گوزارشتت نەکرد، یان هۆیەکەی چی بوو؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ئێستا دەڵێم بریا هەر لە ئەوەڵەوە ئەو درامایانەم بە ڕۆمان نووسیبا، چونکە هەر هەموویان لە خۆیاندا چیرۆکێکی دوور و درێژن. ئەم چیرۆکە دوور و درێژانە ئەگەر بە ڕۆمان نووسرابان جۆرێکی دیکە دەبوون، چونکە دراما نەک هەر لە کوردستاندا، لەوڵاتانی تریشدا خوێنەری کەمە.

دەڵێن دراماکەی سامۆئیل بیکیت «لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا» لە ئەورووپا شانزە کەس خوێندوویەتییەوە. درامایەکی وا کە لە هەموو دنیادا بەناوبانگە من هەستم کرد خەڵک دەقی دراما نەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە وام پێ پەسەند بوو ڕوو بکەمە ڕۆمان نووسین و ئەگەر پێم کرا یەک دوو ڕۆمانی دیکەش هەیە، لەوانەیە بیاننووسم.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆمان مەودایەکی بەرفراوانتری هەیە، نووسەر دەتوانێ لە ڕۆماندا قەڵەمەکەی بە هەموو لایەکدا بگێڕێ، بەلام لە درامادا تۆ پێوەندیت بە دیالۆگەوە هەیە، دیالۆگیش وەکو شیعر وایە. دەبێ دیالۆگێکی ئەوەندە چڕی بۆ بنووسی، زوو ئامانجەکە بپێکی و پڕ بێ لە مانا. یەکێ لە هۆیەکانیش ئەوە بوو کە ڕووم کردە ڕۆمان نووسین.

**ڕامان:** لەو کتێبەی دواییت دیارە بایەخێکی زۆرت بە ئایینە کۆنەکانی کورد داوە و لەنێو ڕۆمانەکەتدا باست کردووە، وەک دەزانین لە کوردستاندا کۆمەڵێک ئایین و ئایینزا هەیە کە لە پێش هاتنی ئیسلامەوە کورد ئەو ئایینانەی پەیڕەو کردووە، کەچی ئەمڕۆ مێژووی ئەم ئایین و ئایینزایانە نەنووسراونەتەوە و نەوەی نوێ لە گەڵیاندا ئاشنا نین. تۆ لەم ڕووەوە بیرت لەوە نەکردۆتەوە، بێجگە لەوەی بە ڕۆمان هێندێک شتت کردووە، هەوڵ بدەیت چمکێکی ئەو مێژووە بنووسیتەوە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** لە ڕۆمانی «پیرشالیار»دا یەکێ لە مەبەستە سەرەکییەکانم ئەوە بووە بەخەڵک بڵێم: کەسێکی وەک پیرشالیار (١٧٠٠) ساڵە دەیانەوێ فکر و شیعرەکانی بشێوێنن کەچی هێشتا هەر ماوە. ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئێمە خاوەنی شارستانیەتێکی ڕەسەن و بالاین. ئەگەر وا نەبووایە چۆن پیاوێکی وەک پیرشالیار لەناوماندا هەڵدەکەوێ. پیرشالیار کەسێکە کە تازەکەرەوەی ئایینی زەردەشت بووە. من باسی ئەوەم

کردووە ئێمە پێش فتووحاتی ئیسلام چتۆ شارستانییەتێکمان هەبووە. ئێمە شارستانیەتمان هەبووە، گوندمان هەبووە، کشتوکاڵمان زانیوە، شتومەکمان دروست کردووە و..تاد.

ئەسکەندەرنی مەکدۆنی کە هاتووە ئاریان زەمینی داگیر کردووە لەگەڵیشیدا کوردستانی داگیر کرد، ئاڤێستای هەموو خڕ کردەوە ناردی بۆ یۆنان. ئیتر نازانرێ ئەم ئاڤێستایە لەناو بەحردا نوقم بوو، چی لێهات؟ یەکێکی وەک پیرشالیار هەڵکەوت، گەنجێک بوو، هەستا هەموو پارچەکانی ئاڤێستای خڕ کردەوە و پێکی وەنا، لە زەمانی ئەردەشێری پاشای ساسانیدا، ئەم پیاوە ڕێزی لێ نرا، ناوی نرا پیرشالیاری سەرۆکی هەموو پیرەکانی ئاریان زەمین. پیرشالیار لە هەورامان بوو هەتا ئێستا هەورامییەکان لە ٢١ی ئادار جەژنی بۆ دەکەن. بە داخەوە زۆربەی زۆری ڕۆشنبیران ئەم پیرشالیارە ناناسن. دیارە گوناهەکە دەکەوێتە ئەستۆی داگیرکەر کە شێواندوویانە. ئێستا ئێرانییەکان چوون لەسەر گلکۆکەی قوببەیەکیان کردووە، ئایەتی قورئانیان لەسەر نووسیوە و دەڵێن ئەمە کوڕی زەینەلعابدین و نازانم کێیە! مەبەستی من ئەوە بوو ئەو ڕاستییە مێژووییانە بۆ نەوەی نوێ ئاشکرا بکەم.

**ڕامان:** هەندێ لە کەسانی سیاسی کە ڕۆشنبیر نین دەکرێنە بەرپرسی هەندێ دامودەزگای ڕۆشنبیری. ڕای تۆ لەم بارەیە چییە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** ڕاستە هەندێ کەسی وا هەن کە سیاسین و ڕەنگە لە ڕۆشنبیری شارەزا نەبن و کاریان درابێتە دەست، بەڵام بەخۆشییەوە ئێستا ئەوانەی سەرە گوریسەکانی کاروباری ئەو میللەتەیان بەدەستەوەیە، ڕۆشنبیرن، ئێمە ئیتر لەوە دەرچووین کە پاشکۆبین، وا خەریکە ڕۆشنبیرییەکەشمان لە پاشکۆیەتی ڕزگار دەبێ.

**ڕامان:** بۆ نوێ کردنەوەی کۆمەڵگای کورد، کە ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی ئیستهلاکییە، پێشنیاری چی دەکەیت؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من خەمی ئەوە دەخۆم سەر و بنی ئەم کوردستانە بگەڕێ یەکێ نابینی پێمەڕەیەکی بەدەستەوە بێ و ئیش لەسەر ئەو زەوییە بکات. زەویی کوردستان، زەوییەکی پاکیزەیە، بیکرە، ئەم کوردستانە پڕ لە ئاو و مێرگ و ئەو شاخانە پڕ لە بەفر، پێویستە ئێمە بۆ ئەوەی کۆمەڵگامان بگۆڕین و نوێی بکەینەوە، دەبێ دەست بدەینە کار و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، هەر خوو نەدەینە ئاژۆتنی ئۆتۆمبێل و هەڵپەکردن بۆ وەزیفە. ئەوە ئێمە تووشی تەمبەڵی و تەوەزەلی دەکا و وامان لێدەکا دەممان بکەینەوە تا پاروو بخرێتە دەممانەوە. دەبێ هەریەک لە ئێمە خۆمان بەرهەمهێن بین.

**ڕامان:** نوێخوازی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەشبێ زیاتر ڕواڵەتی نوێخوازییە. شکڵیاتی نوێخوازی لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا چی هەیە، ئێمە ئەو دیکۆر و مۆدێلانە وەردەگرین، بەڵام لە جەوهەردا نوێخوازنین.

**حەمە کەریم هەورامی:** هەر ڕواڵەتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە کادیری زۆرمان هەیە، توانای زۆرمان هەیە، دکتۆر و ئەندازیاری زۆرمان هەیە، بەڵام ئەندازیارەکە کە خوێندنەکەی تەواو کرد لە کونێ دەگەڕێ لێی دابمەزرێ و مووچەکەی وەربگرێ. نایە چوار کەس لە خۆی کۆ بکاتەوە و لە پسپۆرییەکەی خۆیدا پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان ڕێک بخا. کاکە ئەم ئەرزە ئەو کانزایەی تێدایە، ئەو زەوییە بۆ چاندنی فلان بەرهەم لەبارە. ئەو ڕووبارە دەبێ ئاوەکەی بگرینەوە، بە خۆڕایی نەڕوات. ئێمە هەوڵ دەدەین بێ ماندووبوون، زوو شتێ بکەوێتە گەڕوومانەوە. بۆ ئەوەش دەبێ بڕیاری سیاسی هەبێ بۆ ئاراستەکردنی ئەو تواناییانە کە هەیە و نەخراوەتە کار. بەو شێوەیە بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی هاوچەرخ و مۆدێرنیزم دەڕۆین. من ئاسۆ زۆر بە ڕووناک دەبینم و زۆر ئومێدم بە نەتەوەکەمان هەیە، مادام ئێمە توانیمان بەشێکی وڵاتەکەمان لەبەر چنگی داگیرکەر ڕزگاربکەین، دەتوانین بەو پێشکەوتنەش بگەین.

**ڕامان:** لە کۆتاییدا یەک دوو وردە پرسیارمان ماوە.. ئایا لەم دوو سەعات و نیوەی تۆمارکردنی گفتوگۆماندا توانیت قسەی دڵی خۆت بکەی؟

**حەمە کەریم هەورامی:** وەک دەڵێن کلیلی هەموو فکرێک پرسیارە.

**ڕامان:** وەک خوێنەری گۆڤارەکەمان چۆنی دەبینی و چ تێبینیەکت لە سەر ڕامان هەیە؟

**حەمە کەریم هەورامی:** من ئەو بابەتانەی بۆ ڕامان ناردوومە، بە ڕێکوپێکی لە چاپ دراون و ڕێزم لێ نراوە کە ڕامان دەبینم بەو بەرگە جوانەوە، کە دەیکەمەوە بەتایبەتی نووسینی ئەوگەنجانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ڕەنگە لەوێ دەرفەتی ئەوەیان نەبێ بابەتەکانیان بڵاوبکەنەوە و دەینێرن بۆ ئێرە، بە هەموو سنگ فراوانی خۆیانەوە و بڵاودەبێتەوە.

«ڕامان» سەکۆ و میحرابێکی گەورەیە بۆ بڵاوکردنەوەی

بیــرورا و فکری هونەری و ئەدەبی و رۆشنبیــری. ئەوە شتێکی پیرۆزە و ئومێدم هەیە رامان هەر بەردەوام بێ. ئێستاش نا پاش پازدە ساڵی تر بۆ خەڵک دەردەکەوێ کە رامان توانیویەتی مەسحێکی گشتیی هەموو کوردستان بکا و هەرچی لە دڵ و هەناوی رۆشنبیراندا هەیە بیخاتە روو کە مایەی شانازییە.

**رامان:** زۆرت سوپاست دەکەین و داوای لێبووردنیش دەکەین لە رۆژی هەینی کە رۆژی پشوودانە هیلاکمان کردی.

**حەمە کەریم هەورامی:** هەر خۆش و بەردەوام و عەمر درێژ بن.

**ژیاننامە**

* ساڵی (١٩٣٥) لە دێی «گولَپ» سەر بە دەڤەری هەورامان لە دایک بووە.

* لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەخرێتە بەرخوێندن و قوتابخانەی سەرەتایی لە دێی گولَپ تەواو دەکات، لەپاڵ ئەو خوێندنەدا لای مەلای ئەو دێیە دەست دەکات بە خوێندنی حوجرە و کتێبە وردەکان دەخوێنێ.. لە ماوەیەکی کەمدا هەموو خوێندنەکانی حوجرە تەواو دەکات.

* ساڵی (١٩٥٨) بروانامەی «دوانزە عیلم»ی مەلایان وەردەگرێ و بەرەو وڵاتی «میسر» دەڕوا، بەڵام شەهادەکەی لێ قبوڵ ناکەن و بە تاقیکردنەوە لەدوا پۆلی ئامادەیی (ثانوية البرموني) دەخوێنێ و قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات.

* لە ساڵی خوێندنی (١٩٥٩- ١٩٦٠) لەکۆلێژی «التشريع و القانون» کە پێشتر ناوی کۆلێژی «الشريعة» دەبێ لە زانکۆی «الازهر» وەردەگیرێ... لەگەڵ خوێندنی کۆلێژدا لە پەیمانگەی «فاکس» دوو ساڵ زمانی ئینگلیزی دەخوێنێ..

* ساڵی (١٩٦٤) خوێندنی ئەو کۆلێژە تەواو دەکات.

* لەکۆلێژی«التربية»ی سەر بە زانکۆی «عين الشمس» دبلۆمی گشتی کە بەرامبەر بە ماستەرە لە «پەروەردە و سایکۆلۆژیەتدا» وەردەگرێ.

* لە رێکەوتی (١٩٦٤/٤/٤) بە مامۆستای پەروەردە و سایکۆلۆژیەت لە خانەی مامۆستایان لە هەولێر دامەزراوە، تا ساڵی (١٩٧١) لەو خانەیەدا خەریکی دەرز وتنەوە بووە.

* لەدوای بەیاننامەی «١١»ی ئادار کراوە بە بەرێوەبەری دەورەی ئامادەکردنی مامۆستایانی شۆرشی ئەیلوول.

* لەساڵی (١٩٧١) تاساڵی (١٩٩٦) لە پەیمانگەی «ناوەندی مامۆستایان لە هەولێر» مامۆستای پەروەردە و سایکۆلۆژیەت بووە.

* ساڵی (١٩٧٤) چووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە... لەوێ کراوە بە مامۆستای پەروەردە و سایکۆلۆژیا لە «زانکۆی قەڵادزێ»ی شەهید، یەکەم مامۆستا بووە کە لەو زانکۆیەدا وانەی وتۆتەوە.

* لە ساڵی (١٩٧١) بەشداری لە یەکەم کۆبوونەوە و راوتەگبیری پێکهێنانی «کۆری زانیاری کوردی»ی لە بەغدا لەگەڵ گیوی موکریانی و حوسێن رەشوانی-دا کردووە.

* تا ساڵی (١٩٩١) لە (٤٠) دەورەی پەروەردەییدا بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بۆ مامۆستایانی سەرەتایی و دوا سەرەتایی وەک وانەبێژ بەشداری کردووە.

* بنچینەی وتنەوەی. ئەلف و بێی کوردی و زمانی کوردی داناوە بۆ ئەوەی مامۆستایانی پەیمانگەکانی کوردستان بیخوێنن کە لە وتنەوەی زمانی کوردیدا شارەزای وتنەوەی بن، هەتا ئەمرۆش ئەو دوو ماددەیە دەخوێنرێن.

* لە ساڵەکانی نێوان (١٩٩٥-٢٠٠١) لە وەزارەتی دارایی کرا بە راوێژکاری زمان، بۆ فێرکردنی ئەو نووسراوانەی کە بەزمانی کوردی دەنووسران.

* لە ساڵی (٢٠٠١) لە داخی کۆنە بەعسیەکانی ناو فەرمانگەکانی هەرێم خۆی خانەنشین کرد.

* یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر، لە یەکەم هەڵبژاردنی لقدا بە یەکەم سەرۆکی دەستەی لق دەرچوو، بەڵام لەبەر سەرقاڵی بۆ کاک بەدرخان سندی وازی لێ هێنا.

* لە ساڵی (١٩٦٧) لەگەڵ چەند برادەرێک گۆڤاری «تیشک»ی دەرکردووە کە دوو ژمارەی لێ دەرچوو، لە پاشدا یاساغ کرا.

* بەشداریی لە وەرگێڕانی کتێبەکانی قوتابخانە، ناوەندی و دواناوەندییەکاندا کردووە.

**ئەم بەرهەمانەی چاپکراون**

١- سایکۆلۆژییەتی خوێندنەوە.. (١٩٦٩).

٢- بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی (١٩٧٠).

٣- فالّچی..چیرۆکێکی دراماتیکییە.. خەلاّتی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کوردی وەرگرتووە. یەکەم زنجیرەی تەلەڤزیۆنی کوردی کە کاری لەسەر کرابێ ئەو چیرۆکە بووە کە لە سالّی (١٩٧٢) لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک بەحەوت حەلّقە پیشان دراوە.

٤- شەوێک لە ژیانی خانزاد کە چیرۆکی دراماییە... ئەویش کراوە بە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی لە هەشت حەلّقەدا، (١٩٨٣).

٥- گوندەکەم (درامایە) سالّی ١٩٧٧) دژ بە ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان نووسراوە. زنجیرەی «ژالّە» لەوەوە دارێژراوە.

٦- خاتوو کلاوزەر، چیرۆکێکی دراماتیکییە، ئەمیش کراوە بە زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی. (١٩٨٣).

٧- خەونە و خەون نییە.. (درامایە)، (١٩٨٥).

٨- دایکی کوردان.. (درامایە)، (١٩٩٧).

٩- ئاگر هەر ئاگرە.. (درامایە) و باسی ئەو ئاگرە دەکات کە پێشەوا (قازی محەمەد- سەرکۆماری مەهاباد) هەلّیکرد.. بەبۆنەی یوبیلی زیوینی پێکهاتنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەشاری کۆیە نمایش کراوە.

١٠- وەرگێڕانی «دابەشبوونی زارەکانی زمانی کوردی» نووسینی فوئادی حەمە خورشید.

١١- درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا. لێکۆلّینەوەیەکی دوورودرێژی تیۆری درامایە لە تەک لێکۆلّینەوە لەسەر ئەو دراما کوردییانە کە نووسراون.

١٢- بەرمیلی قووپاو، (ڕۆمانە)، (٢٠٠٢).

١٣- پیری شالیار، (ڕۆمانە)، (٢٠٠٤).

١٤- ئۆریست کەی دەگەڕێتەوە؟، (درامایە).

١٥- ئەو بەرهەممەش بەرەو چاپکردنە:
ئەدەبی مندالآن، تۆژینەوە و مێژوو، کە لێکۆلّینەوەیەکی دوورودرێژی ئەدەبی مندالآنی کوردە.



# د. شێرکۆ بابان: زمانی ئێمە هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام بێ خزمەتە

**ئاماژەیەک**

پیاوێکی شەکەت و ماندوونەناس، شەیدای دۆزینەوەی کانیاوی زێڕی پاکی ڕێزمانی کوردی.. سەرباری چەندین چەند کتێب و لێتۆژینەوەی زانستییانەی چاپکراوی هەر لەم بوارەدا، هێشتا و بەردەوام چەندین چەند پرۆژەی دیکەشی لەبەر دەستە و کاری تێدا دەکا: (ڕێزمانی کوردی بە نەخشە و نیگار- ڕێزمانی کوردی بەوانە و ڕاهێنان- دەقێکی کوردی لە تای تەرازووی ڕێزماندا – لە ئاکارە ڕەنگینەکانی ڕێزمانی کوردی- لێتۆژینەوە ڕێزمانییەکان- ڕێزمانی پێش هاتنە زانکۆ- فراوانکردنەوەی بواری زاراوە سازی بە وشە رۆنان- ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان بە کۆمپیوتەر...تاد).

مامۆستای مەزن مەسعوود محەمەد لە کتێبی (ژیان و جیهانبینی) لە وەڵامی پرسیارێکی (هەڵۆ بەرزنجی)دا، لە بارەی عەقڵانییەت لە بیرکردنەوەی کوردیدا دەڵێ: (لە نموونەی عەقڵانییەتی تاکی ڕۆشنبیری زانکۆی کوردی کتێبی «ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی»یە لە نووسینی دکتۆر شێرکۆ بابان کە خۆی و هاوڕێکانی، کۆمپیوتەریان تێدا بەکارهێناوە، ئەم نموونەیە بە نیازی مومکین بوونی کاری عەقڵانی تاکی ڕۆشنبیرەوە هاتووە، نەک دژ بوەستێت لە ئاستیدا، بابەتەکەشی لە ڕووی سیاسەتەوە بێ لایەنە، کەمتر هەستیاری پەیدا دەکا...) دەی دەبا بیدوێنین و بزانین چ خەون و بۆچوون و زانیارییەکی پێیە...!

* چۆن سەیری دیوی ناوەوەی زمان دەکەن؟

– سروشتی زمانەکەمان زۆر جیڕ و دژوار و خەستە، ئەوەش وای کردووە کە زۆر گران بێت لە فێربووندا. ئەم زمانەی ئێمە چەند مۆرکێک هەڵدەگرێ کە بەدەگمەن دەهێتە بەرچاوی هزر و بیر، گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ زمانانی تردا. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان شارەزاییمان لە زمانانی عەرەبی و فەڕەنسی و ئینگلیزیدا هەیە، بە هەرسێکیان بەرهەممان هەیە. گشت مۆرکەکانی زمانەکە بەڕێزمانی ئەو زمانانە بەراورد دەکەین، کەچی مۆرکایەتی خۆیان نادۆڕێنن. زمانی ئێمە زۆر لەو زمانانە جیاوازە، ئەویش بەوەی کە ژمارەی (کار)ی زۆر کەمە و هەر کارێک دەکەوێتە ژێر زەبرەوە، تا چەندین ڕوخسار و واتا پەیدا بکا، تا بگا بە (٦) هەزار کاری سادە و (١٣) هەزار کاری لێکدراوی زمانی ئینگلیزی، یان (١٢) هەزار کاری سادەی زمانی فەڕەنسی، یان دەبێ ژمارەی (کار)ەکانمان چەند جارە بێتەوە بەرامبەر بەدەیان هەزار کاری زمانی عەرەبی. لە ڕاستیدا زمانی ئێمە و گشت زمانانی تر بریتین لە: زمانی سروشتی و لە دوا قۆناغیشدا دەبێ ڕووبەری مانای گشت زمانەکان یەکسان بێت لە ڕووی سروشتیەوە. زمانی ئێمە هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام لە ڕووی خزمەتکردن و مشتوماڵ و بەکارهێنانەوە هەنگاوەکانی زۆر لە دواوەیە، گەر بێ و لەگەڵ ئەو سێ زمانە بەراورد بکرێت.

بەڕاستی ئەم زمانەی ئێمە زۆر بلیمەت و پتەوە بە ڕێزمان و ناوەرۆکی ڕێزمانیی تێدا زۆر کەمە، هەر ئەوەشە کە ڕێزمانەکەی زۆر ئاڵۆزە و ناشێ بە بڕشتی ڕێزمانی دەرو دراوسێ لێکی بدەینەوە. واتا: ڕێزمانی تایبەتی خۆی دەوێ، چونکە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

* وەک؟

– نە لە زمانی عەرەبی و نە لەزمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا جێناوی کەسی سێیەمی تاک: (ئەو– ئەم) سیمای نزیکی و دووری هەڵناگرێ، کەچی لە زمانی کوردیدا جێناوەکە بریتییە لە دووان: یەک بۆ نزیک (ئەم) و یەک بۆ دوورتر. (ئەم) دەڵێ سیر (ئەو) دەڵێ پیاز. ئەم دووری و نزیکییە لە زمانانی تردا لە ئاستی ئامرازی ئاماژەدا هەیە، نەک لە ئاستی جێناوی کەسی سێیەمی تاک. لەم زمانەدا (ئەو– ئەم) یا (ئەوان– ئەمان) بریتین لە جێناو، بەڵام (ئەوە– ئەمە) یان (ئەوانە– ئەمانە) بریتین لە ئامرازی ئاماژە، ئەم ڕەسەنایەتییە تەنانەت لە زمانی فارسیشدا نییە..!

مۆرکێکی تر ئەوەیە کە هەردوو جێناوەکە دەبن بە کوانوو بۆ ڕۆنانی ئامرازی ئاماژە وەک: (ئەمە– ئەوە– ئەوانە– ئەمانە) و لە پاشتردا دەبن بە ئامرازی گەیاندن وەک: (ئەوەی کە– ئەمەی کە)، (ئەوانەی کە– ئەمانەی کە) لە پاشتریشدا بۆ کەرەستەی تر. میکانیزمی دروستبوونی ئەو کەرەستانەی سەرەوە، لە زمانانی تردا زۆر لێڵە. کەچی لە کوردیدا هێندە ڕێک و ڕێزمانییە، شایستەی ئەوەیە بکرێ بە (پێوەر) بۆ لێکدانەوەی ئەو بابەتانە لە زمانانی تردا.

* لە کۆنەوە تائێستا و لە ئێستاوەش بەدواوە، کاردانەوەی ئەو سروشتە جیڕ و دژوارە و سروشتی ئەو مۆرکانە، لەسەر مانەوەی زمانەکە چۆن دەکەوێتەوە؟

– ئەو ڕێزمانە گران و ئەو سروشتە جیڕەی زمانەکە وایکردووە کە: خۆڕاگر و خۆپارێز بێت لە گێچەڵی مانەوە لەم جەنگەڵستانەی ڕۆژهەڵاتدا. گەر ئەم زمانەی ئێمە وا جیڕ و پتەو و ڕێزماندار نەبا، نەیدەتوانی بەرگەی ئەو زریانانە بگرێ کە بەسەریدا هاتووە. هەروەک چەند چیاکانمان چڕ و دژوار و تووش بن، باشتر لە دڕندەکانی ڕۆژهەڵات دەمانپارێزن..! بێگومان ئەو ڕێزمانە گرانە وایکردووە: کە زمانەکەی بە ئاسانی تێکەڵی زمانانی تر نەبێ و بە ئاسانیش نەجووڵێ.. هەر ئەو دیاردەیەش وایکردووە کە: بە ئاسانی لە زمانانی تر وەرنەگرێت و بە ئاسانیش نەبەخشێت... خۆ گەر کەڵکێک لە زمانێکی تر وەربگرێ ئەوا (دەیکوردێنێ) و ئەمجا سەودای لەگەڵ دەکا. هەربۆیەشە زمانەکە ماوەتەوە و لە خودی خۆیدا خۆی پاراستووە، ئەو (کوردانەنە)ش لە ئاستی فۆلۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا خۆی دەنوێنێ. سەیرکە: (نیسک و نۆک و جاترە، بەربووک لە بووک جوانترە) یا (کاڵا جوانترە لە باڵا)..!

* وەک دەزانن، ڕووبەری زمان زۆر فراوانە، ئایا هێز و نهێمی کاری ئێوە لە چ ڕووبەرێکدایە؟

– هێز و بڕشت و بیاڤی ئێمە لە ڕێزمانی زمانی کوردیدایە و شرۆڤەکاری زانستی شا مەبەست شا کەرەستەیە... هەر چوار ئاستەکەی ڕێزمانیش دەگرێتەوە کە بریتین لە: (دەنگسازی– وشەسازی– ڕستەسازی– واتاسازی).

* وەک دیارە زۆر بایەخ بە ڕێزمانی (بوون و هەبوون) دەدەن، بۆ؟

– بێگومان (بوون و هەبوون) بریتییە لە ڕووحی (ڕێزمان) و لە کرۆکە پوختەکەی و لە دیوە زانستییەکەی

زمان، بۆیە هەر کەسێ بیەوێ ڕێزمان فێربێ، لە یەکەم هەنگاو دەبێ ڕێزمانی (بوون و هەبوون) فێربێ، چونکە زمانی بە ئەو ڕێزمانە دەپشکوێ..!

* چاکە.. ئەی کام فەرهەنگی کوردیت بەدڵ و لە بەرچاوە؟ لەبەرچی؟

– فەرهەنگمان زۆرن، بەڵام ئاکاری فەرهەنگی ئەکادیمی هەڵناگرن.. دوای ڕاپەڕین ژمارەیەکی زۆر لە فەرهەنگ و فەرهەنگی زاراوە بڵاوکراوەتەوە. ئەو فەرهەنگانە هیممەتی گەورەیان تێدایە، بەتایبەتی زانستییەکان.. بەڵام کورد پێویستی بە فەرهەنگێکی نموونەیی هەیە، چونکە دنیای فەرهەنگ دنیایەکی فراوانە و زانستێکی سەردەمیانەیە. بۆیە پێویستە ئێمەش دەزگای تایبەتی خۆمان هەبێ بۆ ئەم کارە.. بزاڤی فەرهەنگسازی لە وەرزشێکی جەماوەری یان لە مەراتۆنێکی بەرفراوان دەچێ و دەبێ زۆر کەس چالاکی خۆی تێدا بنوێنێ...!

بروابکە: لە ئاستی کارەکەی خۆمدا، حەیفم لێدێ کە: کەسانی بێ ئیش ببینم و منیش پێویستم بەو کەسانەبێ.. خۆزگە (کات) قەرز بکرابا و چەند کەسێکم بەکاربردبا بۆ کارەکەم..!!

* ئەمەش وا و بەداخەوە.. ئەی بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین، ڕەوتی زمان و ڕێزمانی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

* لە ڕاپەڕین بەدواوە زمانەکەمان زۆر زۆر گۆڕاوە و ڕۆژانە لەگەڵ چەرخی ڕۆژگاردا دەجەنگێ و ڕۆژانە وشەی سادە و لا کوڵانەوە، زاراوەی نوێ پەیدا دەبێ، ڕۆژانە ڕووبەڕێکی نوێ دەدۆزێتەوە. ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و چاپەمەنی دەوری خۆی بینیوە و ڕۆژانەش دەیان نووسەری شۆڕەسوار زمانەکە پێش دەخەن و ڕووبەرەکەی فراوانتر دەکەنەوە، دیارە لە ئاستی جیاجیای پسپۆڕیدا.. ڕەنگە ئەمە کەس هەستی پێنەکا، یا هەندێ کەس، بەڵام بە نادروستی باسی دەکا.. بۆیە دەبێ لە داینامیزم و لە جووڵەی زمان بگەین. ئەو شۆڕە سوارانەی کە ئێستا ئیش دەکەن و کەسیش پێیان نازانێ، ئەو نووسەرانەن کە لەدوای ساڵانی حەفتاکانەوە خوێندنیان بە کوردی بووە و کیمیا و فیزیا و ماتماتیکیان بە کوردی خوێندووە و پەیامی ڕاستەقینەی زمانی کوردییان پێیە.. ئەو نووسەرانە هەر بە منداڵی لەگەڵ بە کوردی خوێندن ئاشنابوون و هەر بە منداڵی ڕێزمانیان خوێندووە.. ئەمە و هەندێ نووسەری باش لە بادینان پەیدابوون و زۆر بە برشتن، چ بە زمانی (کوردەواری) و چ بە (متوربەکردن) لەنێو شێوەزارەکاندا، چەند دڵم دەکرێتەوە کە گوێ لە قسەی بەهرەدارێک دەگرم یا نووسینی دەخوێنمەوە، بەتایبەتی گەر بیاڤ و بزاڤ و جووڵەی زمانەوانی تێدابێ، ئەویش لە ڕەگەوە نەک بە زۆرەملێ و پینە و پەڕۆ..!

* ئەی کاریگەری زمان و دەوری لە پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد؟

– هەر میللەتێ زمانی لەدەست دابێ، ئەوا ناسنامەکەی لەدەست داوە.. لە هەر جێیەک زمانی کوردی هەبێ، کوردی لێیە، لە هەر جێیەکیش زمانی کوردی نەبێ، کوردیشی لێ بێ، لێی نییە..! زمانەکەمان بریتییە لە باتلۆی ماڵی کوردەواری و کوردایەتی، چەند ئەو باتلۆیە پتەوتربێ، ئەوەندە نهۆمەکانی سەری پتەوتر دەبن.. بەداخەوە هێشتا هیچی وانەکراوە بۆ زمانەکە، تەنانەت منیش کە کار لەم بوارەدا دەکەم، تەنیا و بێ هاوکار و بێ پشتگر و کەرەستەم، خۆزگە سێ هاوکارم دەبوو، خۆزگە کەرەستەی تەواوی کۆمپیوتەرم لەبەردەست دەبوو، تا لەم ڕێگا هەرە بایەخدارەوە خزمەتێکی بچووکی ئەم پاشەڕۆژەم بکردایە.. خۆزگە و خۆزگە و خۆزگە..!

* ئەی لێتوێژینەوە بەراییەکانی ڕێزمانی کوردی چ کەموکورییەکیان هەیە؟ ئایا هیچیان خستۆتە سەر خەرمانەکە؟

– ڕێزمانی نووسراو کە لەسەر دەستی سەعید سدقی کابان و تۆفیق وەهبی دەستی پێکردووە، هێشتا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.. کەموکوری ئەو ڕێزمانانە لەوەدایە کە: بە برشتی ڕێزمانی زمانانی تر نووسراونەتەوە، ئەمەش شتێکی خراپ نییە، چونکە سیمای هاوبەش لەنێوان زمانەکاندا هەیە.. لە ڕووی ناهەموارییەوە، ئەو ڕێزمانە ناتوانێ دادی مۆرکە جوان و ڕەسەنەکانی ڕێزمانی کوردی بدا. واتە: تەنیا هەر ڕووبەرە گشتییەکانی زمانەکە دەگرێتەوە. بۆیە گشت کاتێ گەنگەشە و گفتوگۆ لەنێوان مامۆستا و قوتابییدا هەیە، چونکە هەندێ لە ڕووبەری زمانەکە بەتاریکی ماوەتەوە و ڕووناکی ڕێزمانی پێنەگەیشتووە، نووسینەکانی ئێمەش لەو ڕووبەرە تاریکانە دەکۆڵێتەوە، بەڵام بەداخەوە، کەم کەس دەیخوێنێتەوە..! برا وا هەست دەکەم زێڕی زمانی کوردیم لەبن دەریاوە دەرهێناوە، بەڵام کەس لێمی وەرناگرێ. دەترسم جارێکی تر بکەوێتە نێو

دەریای نەمان..!!

* وەک دەزانین لەنێوان ساڵانی (١٩٩٤- ١٩٩٥)دا بۆ زانکۆی ئەمستردام بانگهێشت کران، لەو گەشتە زانستییەدا گەیشتنە چ ئەنجامێ؟

- لە ساڵی (١٩٩٢- ١٩٩٣)دا گەلێ چالاکیم لەنێو زانکۆی سەلاحەدیندا نواند، ئەویش بۆ ناساندنی پرۆژەکەم، یەکەم کەس کە لێم تێگەیشت، دکتۆر خەسرەو شاڵی بوو، هەر ئەویش پێوەندی زانکۆیی بەست لەگەڵ مەڵبەندی (زمان و لۆژیک و کۆمپیوتەر) لە بەشی ماتماتیک و زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی ئەمستردامدا. لە ساڵی (١٩٩٤)دا کە ئەو مەڵبەندە لێم تێگەیشت، داوەتنامەی زانستی بۆناردم و بووم بە (مامۆستای میوان) لەوێدا بۆ ماوەی (٤) مانگ نزیکەی (١٠) کۆڕ و دیمانە و دیدەنیم لەگەڵ پسپۆڕانی (زمانەوانی) لە بەشی ماتماتیک و زانستی کۆمپیوتەر سازدا، چەندین جار بیروبۆچوونە زانستییەکانی خۆم بەسەر نموونەی زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا چەسپاند و گشت مۆرک و ئاکارە جوانەکانی زمانی کوردیم بۆ شی کردنەوە. لە ئەنجامدا بەڕێوەبەری پەیمانگاکە هەڵسەنگاندننامەیەکی بۆ نووسیم کە لە بڕگەیەکیدا دەڵێ: (ئێمە شتی زۆر لە گەشتەکەی ئەو هاوڕێ کوردەمان فێربووین و بابەتەکەشی بە پلەی «ڕەسەن» هەڵسەنگێندرا..).

* ئەی بەڵگەنامەکان چی دەڵێن؟

- دوو بەڵگەنامە هەیە بۆ ئەو گەشتە:

١- ئەو نامەیەی کە لەگەڵ ئەم دیمانەیە بڵاوکراوەتەوە.

٢- هەر کەسێ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بچێتە سایتی زانکۆی ئەمستردام- بەشی ماتماتیک و زانستی کۆمپیوتەر- لەوێ کارەکانی ئێمە دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر (بەشدار) نەبێ، بابەتەکەی بە تەواوی ناداتێ.

* لە ساڵانی (١٩٩٥- ١٩٩٦)دا بە وانە و دیمانە بیروبۆچوونەکانی خۆتان بۆ قوتابیانی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا هەڵخست، ئەنجامەکەی چۆن بوو؟ قوتابییەکان کێ بوون؟

- لەو ساڵانەدا (٥) قوتابی لە دکتۆرای زمانی کوردی وەرگیران، من تازە لە گەشتەکەی زانکۆی ئەمستردام گەڕابوومەوە. مامۆستایان دکتۆر موحسین محەمەد و دکتۆر ئازاد نەقشبەندی ئەو داوایەیان لێکردم، بە خۆشحاڵییەوە پەسەندم کرد و دوو بابەتی بەپێزم گوتەوە کە بریتی بوون لە: ناوەڕۆکی کتێبی یەکەم و دووەم، هەتا توانیشم ئەو قوتابیانەم تێگەیاند کە ئەم بەڕێزانە بوون: (دکتۆر فەتاح مامە- دکتۆر یوسف شەریف- دکتۆر فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی- دکتۆر تاڵیب عەلی- دکتۆر تارا عەبدوڵڵا).

* باشە.. ساڵانە و بەردەوام گەلێ نامەی ماستەر و دکتۆرا بە ئەم و ئەو دەبەخشرێ، کەچی لاپەڕەی گۆڤارەکان لەو هەوڵە زانستییانە زۆر بێ ناز و بێ بەشن. بۆ؟

- برا.. مامۆستای ڕێزمان هەیە و لێتۆژەری ڕێزمانیش هەیە. مامۆستای زانکۆ زۆرن، بەڵام مامۆستای لێتۆژەر هەر زۆر کەمن، ئەگەر وانەبایە خاوەن بڕوانامەیەکی ماستەر یا دکتۆرا، ساڵانە (٢) بابەتی بنووسیبا بۆ گۆڤارەکان، ئەوا وا نەدەبوو..!

* بیستوومە (چۆمسکی) زانا کارەکانی ئێوەی دیوە و باسیشی کردووە، کوا بەڵگەنامە؟

- لە ساڵی (٢٠٠٠)دا دکتۆر سەباح عەبدوڵڵا پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی بلوومبێرگ، هاتبووە کوردستان. برای بەڕێز و شیرینم (مەهدی خۆشناو)ی شەهید ئێمەی بە یەکتر ناساند و باسی پرۆژەکەی بۆ کردبوو. لە پاشان دکتۆر سەباح گوتی: هەندێ جار زانای بەناوبانگ (چۆمسکی) سیمینار لە زانکۆکەمان دەگێڕێ، پەیمانی ئەوەیشی دا بە من کە پرۆژەکەی بخاتە بەردەستی. منیش بابەتەکەم بە ئینگلیزی بۆ ئامادەکرد و لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەمەریکا. لەوێ ناردبووی بۆ (چۆمسکی)، ئەویش بەنامەیەک وەڵامی دکتۆر سەباحی دابووەوە و باسی ئیشەکانی ئێمەشی کردبوو. دەقی ئەو نامەیەش هەر لێرەدا بڵاوکراوەتەوە و بە کوردییەکەی دەڵێ: (دەتوانم بەجوانی ئەو بارودۆخە بێنمە پێش چاوم کە ئەو «دکتۆر شێرکۆ بابانە» تێیدا دەژیت و کاری تێدا دەکا...)

* ئەمانە بەیەک دێڕ:

**تۆفیق وەهبی:** تین و تاوێکی گەورە و کارێکی باش لە بواری ڕێزماندا، هەندێ ڕووبەر هەیە مامۆستا لە ساڵی (١٩٢٩) نووسیویەتی، تا ئەمڕۆ ڕێزماننووسان لێی تێنەگەیشتوون..!

**کوردۆییف:** ئیشەکانی زۆر جوانە و زۆر کەڵکم لێیان وەرگرتووە.

**گیوی موکریانی:** خزمەتی بێ پایانی وشەی کوردی کردووە و زۆر کەسی خستۆتە سەر ڕێچکەی بە کوردی نووسین.

**نووری عەلی ئەمین:** زۆرجار ئەو بابەتانەی کە ئەو باسی کردوون لەلای من بووەتە کەرەستەی خاو بۆ لێتوژینەوە، بەتایبەتی لە بواری ڕێزمانی (جێناو)دا.

**جەمال نەبەز:** خۆزیا هەر لەسەر زمانی یەکگرتوو بەردەوام با و لێتوژینەوەی ئەنجام دابا.

**مەسعوود محەمەد:** ئەم کەڵە پیاوە بە (پاچی هزر) توونێلی قووڵی هەڵکۆڵیوە.

ئەو بۆچوونانەی ئەم مامۆستایە لەزمانی کوردیدا نووسیویەتی لە ئاستی ڕێزمانووسان بڵندترە، بۆیە هەندێ جار ڕەخنەی لێدەگرن، بەڵام ناوێرن ڕەخنەکە بخەنە سەر پەڕەو بڵاوی بکەنەوە..!

**عەلائەدین سوجادی:** هەندێ شتی لەسەر ڕێزمان هەیە، خۆزیا هەر لە بواری ئەدەب و فۆلکلۆردا کاری کردبا.

**محەمەد مەعرووف:** مامۆستایەکی زۆر وردەکارە و دەچێتە نێو ناخی ڕەگوڕیشاڵەکانی زمانی کوردی بەڵام لە بوارێکی زۆر بەرتەسکدا و بەرهەمیشی کەمە.

**چۆمسکی:** خاڵی وەرچەرخانە لە زمانەوانی و لە ڕێزمانی زمانانی گشت مرۆڤایەتیدا.

**خۆت:** ماندوویەکی شەکەت و بێ هاوکار و کەرەستە لەسەر ڕێگایەکی سەخت و دوور و دژوار.. ئەو ڕێگایەی کە نیوەی ڕاستی تەواو بووە و ئێستا لەنیوەی دووەمدایە..!

**ژیننامە**

* شێرکۆی کەریم بەگ یا شێرکۆی عەبدولکەریم تۆفیق بابان.

* لە دایکبووی چەمچەماڵ (١٩٥٣).

* سەرەتایی و ناوەندی لە چەمچەماڵ و خوێندنی ئامادەیی بەشی زانستی لە کەرکووک.

* ساڵی (١٩٧٦) لە زانکۆی تەکنەلۆژیای بەغدا دەرچووە.

* ساڵی (١٩٨٥) بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە بواری کانزا و دروستکاری کانزایی لە فەرەنسا وەرگرتووە.

* ساڵی (١٩٧٥) وەک قوتابییەک بۆ زانکۆی بۆدابیستی هەنگاریا نێردراوە.

* ساڵی (١٩٧٨) وەک ئەندازیارێک بۆ سوید نێردراوە.

* ساڵی (١٩٨٠) بۆ خوێندن چووەتە فەرەنسا.

* ساڵی (١٩٨٥) بۆ بەستنی سیمینارێک لە کۆنگرەی زانستی بۆ مۆنتریالی کەنەدا نێردراوە.

* ساڵی (١٩٩٤) وەک میوانێکی زانستی بۆ زانکۆی ئەمستردام بانگێشت کراوە.

* ساڵی (١٩٩٥) بۆ بەستنی کۆڕ و سیمینار بۆ پاریس بانگێشت کراوە.

* بە پلەی (پرۆفیسۆری هاریکار) ئێستا لە کۆلێژی ئەندازیاری- زانکۆی سەلاحەدین- مامۆستایە.

* بۆ وەرگرتنی پلەی (پرۆفیسۆر) لە بواری ئەندازیاری میکانیکدا لە خۆئامادەکردندایە.

* (٨٦) لێتوژینەوەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

* ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردستانە.

* کوڕێک و دوو کچی هەیە (بڕیار - تەرزە - کاڵێ).

* ئەم کتێبانەی بەچاپ گەیاندووە:

١- ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، (١٩٩٦).

٢- میکانیزمە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازی، (١٩٩٧).

٣- دینامیزمی جێناوی لکاو لە ڕستەسازیدا، (١٩٩٧).

٤- نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی کار، (١٩٩٩).

٥- بەرەو ڕێزمانی کوردی، بەرەو نووسین، (٢٠٠٠).

٦- لە مۆرکە تایبەتییەکانی ڕێزمانی کوردی، (٢٠٠٠)

٧- شرۆڤەکاری ڕێزمانیی لە زمانی نووسیندا، (٢٠٠٠).

٨- ڕێزمانی پاشگری دووپاتی (ەوە)، (٢٠٠١).

٩- ڕێزمانی کەسی سێیەمی تاک، (٢٠٠٤).

**دیمانە: مەحموود زامدار**

# بنەڕەتە فەلسەفییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیک

**د. حەمید عەزیز**
**(کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو)**

**(٢ – ٢)**

٧-بە باوەڕی من ئەم هەڵوێستەی نیچە کە دەکرێ تاڕادەیەک نامۆ بێتە بەرچاو لە چەندین هۆکار و فاکتەر کەوتۆتەوە، هەندێکیان پێوەندییان بە کەسایەتی خۆی و جۆری پەروەردەکردنەکەی و ژیان و ئەو دەوروبەر و سەردەمەوە هەیە کە تێیاندا گۆش کراوە، ئەوانی تر توندوتۆڵ بە فاکتەر و هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئایینییەوە بەندن. ئەو یەکەم کەس و تاکە کەس و دوا کەس نەبووە کە بڕوای بەو بنەمایانە نەبێ کە قەشە و ئابۆنە و لاهووتییەکانی مەسیحی ئەورووپا دایانناوە و داویانەتە پاڵ عیسای کوڕی مریەم. پێم وابێ ئەگەر عیسا جارێکی تر زیندوو بێتەوە و ببینێ و ببیستێ چی بەسەر ڕێوشوێنەکانی هاتووە ئەگەر لە نیچە پتر بێزاری دەرنەبڕێ ئەوا بە لای کەمەوە بێبەری خۆی لەو ئایینە بەناو مەسیحییەی ئێستای ئەورووپا ڕادەگەیەنێ. نیچە وەک مامۆستای فەلسەفە و ئاگادار لە مێژوو شایەدی سەدەکەی سەردەمی خۆی، ئەنجامەکانی شۆڕشی مەزنی ئەورووپا و ئەو کارەساتانەی لە پەرەسەندنی پیشەسازی و لاوازبوونی فیوداڵ وەک سیستەم و سەرهەڵدانی سەرمایەداری و گۆڕانی ژیانی شار و لادێ و سیاسەتی ناڵەباری کاربەدەستانی ئەوسای ئەورووپا کەوتۆتەوە، کاریان بە جۆرێک لێ کردووە کە تەنیا لای تاریک و ناڵەباری پرۆسەی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی ببینێ. ئەگەر لە سەردەمی کۆنی یۆناندا دیموکراتیەت سوکراتی ژەهر خواردوو کردبێ، ئەوا لە سەردەمی نیچەدا و ئینجا دوای ئاشبەتاڵی و هەرەسهێنانی ڕێبازی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان، دوای کۆچی دوایی هیگڵ ساڵی ١٨٣١ بە دەیان ڕووداوی لەوی سەردەمی یۆنان ناڵەبارتری لێ کەوتۆتەوە. لێرەوە دەکرێ نیچە، لە هەندێ نووسین و هەڵوێستیدا بدرێتە پاڵ ڕێبازی ڕۆمانتیک بەتایبەتی لەو هەڵوێستە ئەنتی کەپیتالیستییەی نواندوێتی و لەوەدا کە زۆر لایەنی ئەو سیستەمە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ڕەخنە کردووە وەک دابەشکردنی ئیش و کار «١٣» ئەو کارەی لە کولتوور و ئەدەب و ئاکار و فەلسەفەدا کردوویەتی، بایەخدان بە ژیر و ئەو ڕۆڵەی لە شارستانیەتدا دەیگێڕێ، ئەو هەوڵەی ڕابەرانی ئەم فەلسەفە بۆ ساخکردنەوەی ڕەوایی هێز و دەسەڵات و ئەرکی ژیر بە گشتی داویانە. لایەنێک لەو فەلسەفە و سیستەمە کە نیچە بەردەوام گازندەی کردووە و ڕەخنەی لێ گرتووە لایەنی ئاکار و ڕێوشوێنەکانی بووە جا ئەوە بێ کە لە لاهووتی مەسیحی سەردەمی خۆیاندا بووە یاخود ئەوەی پێشتر کانت لە چەند نووسینێکیدا خستوویەتە بەرچاو. لە کاتێکدا کانت بە ئاشکرا کۆششی دانانی بناخەی میتافیزیکی ئاکاری کردووە و

بایەخی بە ڕۆڵی ژیرداوە، ئازادی خواست (ئیرادە)ی کردووە بە بنچینە و بنەما، لەو باوەڕە دابووە کە هەموو بۆچوون و چەمکە ئاکارییەکان بە تەواوەتی پێشینانە سەرچاوە لە ژیرەوە دەگرن (١٤). تاکە پێودانگی ئاکارییەتی کردار لەوەدایە هۆکارە پاڵنەرەکان لەگەڵ بیرۆکەی فرمان و ئەرکی سەرشان گونجاو و تەبابن، کردار دەبێ هەمیشە بەپێی چەند ڕێوشوێنێکی گشتی هەمەکی بکرێن و لێرەشدا دەبێ پتر بایەخ بە هۆکار و ئامراز بدرێت نەک بە ئامانج و مەبەستی کرداری مرۆڤ. ئەم هەڵوێستەی کانت کە ڕێزلێنانی ژیری لێ دەکەوێتەوە و ئاکار و ڕێوشوێنەکانی بە شتێکی گرنگ داناوە لە ژیانی مرۆڤدا کێچیان خستۆتە کەولّی نیچە و داوای سەر لە نوێ نرخاندنەوەی هەموو بابەت و ڕێوشوێن و بنەماکانی ئاکاری کردۆتەوە و ئەوەی بەلای کانتەوە جێگای ڕێزلێنان بووە بەلای ئەوەوە چەند بنەمایەکی بێ سەروبەر و بنچینەن لە لایەن خاوەن دەروونی لاوازەوە دانراون بۆ ئەوەی بتوانن کۆنترۆڵی کەسانی لەخۆیان بەهێز و دەست ڕۆیشتووتر بکەن و ڕادە و سنوورێک بۆ ئازادی کەسانی تر دابنێن.

وەک من بۆی بچم لە بیروبۆچوونی ئاکارییانەی هەردووک فەیلەسووف و لایەنی لە بار و لایەنی نالەبار هەیە. هەردووکیان لە بۆچوونەکانیاندا دوو قۆناخی جیای پەرەسەندنی فەلسەفە بە گشتی، فەلسەفەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، دەردەبڕن. کانت شایەدی سەرهەڵدان و گەشەکردنی قۆناخێکە کە بە قۆناخی شۆڕشی ئەقڵ و ژیر ناوبراوە بۆیە ئەویش لە لای خۆیەوە تای تەرازووەکەی بەلای ژیردا لاسەنگ کردووە و ویستوویەتی میتافیزیکێکی ئاکاری پشت ئەستوور بە ژیری پراکتیکی و خواستی ئازاد و بیرۆکەی سەربەخۆیی و ئازادی دابمەزرێنێ. بە پێچەوانەوە نیچە شایەد و بگرە قۆچی قوربانی دەستی هەمان قۆناغەکەیە، بەڵام لە سەردەمی هەرەسهێنان و گرفتاربوونی ئەم سەردەمە بە دەست چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و لاهووتی و فەلسەفییەوە، سەرەڕای ئەوەی بە ئاشکرا پێی لێدەنێ و دەڵێ کە لە تواناادا نییە وەڵامێکی ڕێکوپێک چارەسەرێکی زانستی ئەم کێشە سەرنووس و چارەنووس سازانە بداتە دەست. ئەمەیە مەبەست لە بۆچوونی لوکاچ کە باسی سەردەمی ئیرەسیونالیزم دەکات (١٥). بە باوەڕی من بڕیار و حوکمەکەی لوکاچ جۆرە بەلاداشکانێکی بەلای ڕێبازێکی سیاسی تێدایە و هەر لە سەرەتاوە پشت بە چەند بنەمایەکی سیاسی بەستووە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو بڕیار و حوکمەی کە پێی گەیشتووە. وا بزانم کەسێک کە شارەزای لە مێژووی فەلسەفە هەبێ لاری لەوە نییە کە هۆکاری ئابووری لەلای نیچە و ئینجا پێشتر لە لای کانت هەرگیز ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی نەگێڕاوە و هیچیشیان لایەنگیری ڕێبازێکی دیاریکراوی سیاسی نەبوون و بگرە ئەمە هەر نە مەبەستیان بووە و نە بە بیریاندا هاتووە.

ئەو گازندەیەی لە لایەنی نالەباری هەردووک فەیلەسووف دەکرێ ئەوەیە هەردووکیان بەشێوەیەکی ڕەها بابەتەکە هەڵدەسەنگێنن. ڕاستە بنەمایەک کە گەیشتە ئاستی قانوون خەسڵەت و چوارچێوەی ڕەهای پی دەبڕێ و دەبێ بێ قەیدومەرج لە لایەن پاشا و گەداوە ڕێزی لێ بگیرێ. بەڵام لە چوارچێوە و ئاستە تایبەتییەکەدا هەموو بنەماکانی ئاکار، وەک بابەتەکانی تری بیروژیان، پابەندی بنچینەی ڕێژەیین. بە واتایەکی تر ئەوی لە قۆناخی پێشتر باش بووە دوور نییە ئەوڕۆ بە چاوێکی تر سەرنج بدرێت. ئەو کردارانەی ئەفلاتوون بە زمانی سوکرات دەیانگێڕێتەوە و بە چاکەکاری و ئازایەتی و خێرخوازی دایناون ئەمڕۆ مرۆڤی سەردەم بە چاوێکی ترەوە لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەرنجیان دەدات و بە پێودانگێکی تر هەڵیان دەسەنگێنێ. لە سەردەمێکدا دزی و ڕێگری و پیاوکوژیی ستایش کراون کەچی ئەمڕۆ بە تاوان دادەنرێن. ڕێژەیی ئاکار ڕاستییەکە لاری هەڵناگرێ.

دوو هەڵوێستی جیاواز بەرامبەر بە ژیر و ئینجا دوو ئەنجام و دوو فەلسەفە و دوو جیهانبینی ئەوپەڕی لە یەکتری جیاواز.

کانت لە سەردەمێکدا ژیاوە و دەستبەکار بووە سەرەتا و گەشەکردن و بەتینبوونی قۆناخێک بووە تێیدا ژیرکراوە بە سەرپشک و چاوەڕێی ئەوەی لێ کراوە بە هۆیەوە ئەو ئامانجە بە دەست بێت کە سەرمەشقی ئامانجەکانی بوون و ژیان و مرۆڤی لا بووە. ئەم هەڵوێستەش لە فەلسەفەکەیدا بەگشتی و لە تیۆری زانین و میتافیزیک و هونەری جوانی و ئاکاردا بە تایبەتی ڕەنگی داوەتەوە.

٨- کە مرۆڤ باسی ئاکار دەکات، بۆ ئەوەی ئۆباڵی کەوتنە ئەستۆ و لێپرسینەوە ڕەوا بێت، یەکسەر ئازادی و سەربەخۆیی خواست بە بیردا دێت، بیرۆکەی ئازادیش کۆرپەی ژیرە، قانوونەکانی ئاکار کە دەبێ پەیڕەو بکرێن

هەر لە ژێرەوە سەرچاوە دەگرن و لە ئەنجامدا دادپەروەرییان لێ دەکەوێتەوە کە ئەمەش گرنگترین مەبەست و ئامانجێکە مرۆڤ سەرگەرمی بێ و کۆششی بۆ بکات، کانت، لەگەڵ ئەوەدا کە باوەڕی وابووە، بیرۆکە و بۆچوونی ڕەب و ئازادی و نەمریی سێ بیرۆکەی بەشێکی سەرەکی لە ژیان و بوونی مرۆڤ پێک دێنن ئەوا ژێری خستۆتە سەر هەموو شتێکەوە و بە ئاشکرا و ڕاشکاوی کاتێک باسی بڕوا و ئایینی کردووە، تای تەرازووەکەی بەلای ژێردا لاسەنگ کردووە: کانت گوتوویەتی، دەبێ زانین هەڵگرم و بیخەمە لاوە بۆ ئەوەی جێگایەکم بۆ بڕوا دەستگیر ببێ «١٦»، لێرەدا بە ئاشکرا دەری دەخات کە ژێر و ئایین دانوویان بە یەکەوە ناکوڵێ ژێر جەوهەر و بنەڕەتە و دەست لێ هەڵگرتنی ناکرێت، ژیان و بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤیش جا ئایا ڕەوانی و دەروونی بێ یاخود جەستەیی بێ ئایین و بڕوا ناگونجێ بۆیە جاروبار دەبێ مرۆڤ لەبەر داهێنانێک نیشان بدات و زانین و سەرچاوەکەی کە ژێرە بخاتە لاوە بۆ ئەوەی بڕواکە جۆرە ئاسوودەییەکی گیانی و ناوەکیی پێدەبەخشێ و ئاسوودەی دەکات جێگا و ڕێگایەکی هەبێت، ڕاستی ئەم قسەیە بەم جۆرە ساغ دەکرێتەوە ، ژێر و ئازادی لە یەکتری جیاناکرێنەوە و «١٧» بگرە پایەبەرزی و بایەخی ژێر لە وەدا هەیە کە ئازادی و سەربەخۆیی داهێناوە، ئاکار توندوتۆڵ بە خواستەوە بەندە «ئیرادە» خواست ئەگەر ئازادی لەگەڵدا نەبوو هەموو دەستبەکارییەکی خۆی لە دەست دەدات ، قانوون و بنچینە و ڕێ و شوێنەکانی ئاکار چ وەک چەمک و چ وەک بۆچوونیش هەموویان پێشیانە تەنیا لە ژێرەوە سەرچاوە دەگرن، ژێر کە وەک ئازادی داهێناوە و دەستبەکاری بنچینەکانی ئاکاری پشتڕاست کردۆتەوە جۆرە ئەرک و فرمانێکی خستۆتە ئەستۆی مرۆڤ چۆن پابەندی ئەم ڕێوشوێنانە بێت بۆ ئەوەی بەپێی ئاکار ژیان بەسەر بەرێت، ئەمەیە بنچینەکانی ئاکار بەپێی ڕێوشوێنی ژێر کە ئەنجامەکەی مرۆڤ ئامانج و مەبەستە نەک ئامرازە و ، هیچ لەوە بەدتر نییە مرۆڤ ناچار بێ، دوور لە ژێر، بەپێی فرمانی خواستی کەسانی تر کردار بکات، چاکە کاری لەوەدا نییە ئەنجام و سوود و قازانجی مرۆڤی تێدایە، بەڵکو لەوەدایە خۆی لە خۆیدا چاکە و بەپێی ژێر و ئەقڵە و مرۆڤ وەک جەوهەر و بوونەوەرێکی ژێر ماف و ئەرک و فرمانی هەیە و ئەم ڕەوشە ئەو جۆرە ڕەفتار و کردارەی وەک ئەرک دەخاتە ئەستۆ، ئەم بە هەند زانینەی ژێر لەلای کانت لە تیۆری زانیندا باشتر ڕەنگی داوەتەوە و ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرەی لێ پەیدابووە کە بە «بارگۆڕینە کۆپەر نیکۆسییەکەی» ناو بردووە «١٨»، بابەتێک لەو بابەتانەی کە لە سەردەمی پەیدابوونی فەلسەفەی یۆنانییەوە چوار پێنچ سەدەپێش زاین، لەلایەن فەیلوسووفەکانەوە لێوەی کۆڵاوەتەوە و سەرچاوەکانی زانین و زانستی مرۆڤ بووە کە پتر خۆی لە پرسیارێکدا دیوەتەوە دەکرێ بەم جۆرە دابڕێژرێ، چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە ئێستاکە دەیزانین؟ ئەگەر بێتو لاهووت و فەلسەفەی ئایین بخەینە لاوە کە بنچینەیەکی ترانسفرێنتی سەرووسروشتییان کردووە بە سەرچاوەی زانین، ئەوا بەلای فەیلەسووفانەوە بەشێوەی جیاواز، لە ڕوانگە و بۆچوونی فەلسەفە و ڕێبازە گشتییەکەیەوە وەڵام دراوەتەوە، بەگشتی جیهانی دەوروبەر و تواناکانی مرۆڤ ئەو دوولایەنە بوون کە هاوکێشەکەیان لێ پێک هاتووە، کانت پشت ئەستوور بە توانا و هێزی ژێر کێشەکەی بەلایەکی تردا لاسەنگ کردووە، ڕاستە زانین ئەزموون و تاقیکردنەوە و شارەزایی لە کردن نایەت ئەگەر فاکتەری کات لەبەرچاو بگیرێت، واتە هیچ زانین و زانستێک بەپێی فاکتەری کات لە پێش ئەزموون و شارەزاییەوە نایەت، بەڵام ئەگەر زانین بە ئەزموون و شارەزایی دەست پێ بکات ئەوا زانین تەنیا هەر لە شارەزاییەوە «خیبرە» ناکەوێتەوە ئەگەرچی شارەزایی وەک سەرچاوە پشت بە بابەت و کەرەسەی دەوروبەر و دەرەوەی خۆشی ببەستێ، کانت لە چوارچێوەی پشتبەستن بە ژێر، لەم گۆڕەپانەدا ڕۆڵی دەوروبەر تا ڕادەیەک کەمتر دەکاتەوە و تای تەرازووەکە بەلای ژێردا دەشکێنێ، بۆیە وتوویەتی: «تا ئێستا وا دانراوە کە زانینی مرۆڤ پابەندی بابەتەکان بووە... با جارێک خەریک بین، بەشکم لە ئەرکی میتافیزیکیدا باشتر بەرەو پێش بچێت و وای دابنێین کە بابەتەکان دەبێ و پێویستە پابەندی زانینی ئێمە بن «١٩» ئەمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا گونجاو و تەبایە کە سەرگەرمی پشت ڕاستکردنەوەی شیاوەکی پێشیانەی زانینە.

لەگەڵ ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی لە کۆتایی سەدە درێژخایەنەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا بەسەر کۆمەڵدا هاتووە، بۆ ڕەواکردنی گۆڕانەکان و پەیدابوونی دامودەزگا نوێیەکانی کۆمەڵ و ڕەواندنەوەی بەربەرەکانی لایەنگرانی قۆناخی پێشتر پەنا براوەتە بەر ژێر «عەقڵ» بۆ ئەوەی ڕەواکردنەکە بە بوونی ژێر پشت ئەستوور بکرێت و ئەوەی

قەوماوە ئەنجامێکە لە بوونی ژیرەوە کەوتۆتەوە ئەو ژیرەی هێز و توانایەکی جیاکردنەوەی ڕاستە لە هەڵە و، مرۆڤ لە زیندەور و بوونەوەرانی تر جیا دەکاتەوە «٢٠»، پێشتر دیکارت وتبووی ژیر لە سروشتەوە بە یەکسانی لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، ئەو گۆڕانانەش کە کەوتوونەتەوە ئەنجامێکی ئاسایی ئەو توانایە زگماکییە کە لە مرۆڤ خۆیدا هەیە و ئەم بەرەوپێش چوونە ڕەوا دەکات، هیگڵ دواتر بە جوانترین شێوە ئەم بابەتەی دەربڕیبوو کە گوتوویەتی ئەوی هەیە و ڕاستەقینەیە ژیرەکییە و ئەوی ژیرەکیش بێت ڕاست و ڕاستەقینەیە... ئەو هەڵوێستەی بە هەند و گرنگ گرتنی ژیر پتر لە گۆڕەپان و پاوانی بەرهەمی بیری مرۆڤدا ڕەنگی داوەتەوە، ڕەنگدانەوەکەش بە دوو شێوە بووە:

یەکەم-لە نووسینە فەلسەفییەکاندا جارێکی تر ڕۆڵی سەرەکی مەنتیق کە توندوتۆڵی بە چالاکی ژیرەوە بەستراوە، وەک ئۆرگانێکی سەرەتایی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئینجا زانست بە لقە جیاوازەکانییەوە، دوور لە پاوانی قەدەغەی لاهووت و دەزگاکانی ئایین، بەگرنگترین و بەرزترین فۆڕمی زانینی تیۆرییانەی دانراوە.. ئەم هەڵوێستە جگە لەو تەوژم و گوڕەی بە بەرچالاکی زانستییدا کردی، بوو بە هۆی بەپیت و پێزکردنی بابەت و ناوەڕۆکی فەلسەفە بە هەموو لقەکانییەوە، کێشەی بوونی مرۆڤ وەک جەوهەرێکی ژیر، ژیان و کرداری و پێوەندی، فرە ڕەنگەکانی.

سەرەڕای بابەتە کلاسیکییە باوەکانی تری فەلسەفە، کێشەی جیهانی دەوروبەر و سنوور و ڕادەبەدەری و بێ کۆتاییەکەی و یەک ڕەنگی و فرە ڕەنگییەکەی بووە بە کێشەی سەرەکی و ناوەندی فەلسەفە.

لایەنی دووەم خۆی لە شێوەی ڕەخنەگرتندا دەربڕیبوە، ئەم کارە بەلای کانت و لایەنگیرانی ڕێبازی ژیرییەوە بەگرنگترین ئەرکی سەرشانی فەلسەفە دانراوە، ڕەخنەکە هەموو لایەنێکی ژیان و کۆمەڵ و بابەتەکانی ئایین و لاهووت و بیری گرتۆتەوە، لە هەندێ بەرهەمدا ئەو ڕەخنەیە وا دەردەکەوێ کە بریتی بێ لە تێکۆشانێک دژی ئەو هەموو بیروبۆچوون و ڕێوشوێنانەی بەبێ توێژینەوە و هەڵسەنگاندن و لەبێژینگ دان پشت ئەستوور بە باوەڕو بڕوا پەسەند کراون و بڵاو بوونەتەوە، کانت وەک ڕابەرێکی ئەم لایەنە وتوویەتی: «ئەم سەردەمەمان سەردەمی تایبەتی ڕەخنەو ڕەخنە گرتنە، ئەمە دەبێ هەموو شتێک بگرێتەوە، ئایین بە پیرۆزییەکەی و بەهێز و دەسەلات و سەروەریی ڕێ و شوێن دانەریەکەیەوە، ئەگەر بیانەوێ لە ڕەخنە قوتاربن ئەوا دڵ لێیان کرمێ دەبێ ، و تەنیا ئەو لایەنەیان پەسەند دەکرێت کە بەرگەی تاقیکردنەوەی ئازاد و کراوە دەگرن «٢١» ئەو بڕیارەی کانت لەم بوارەدا داویەتی بە باوەڕی من ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە و پتر پشتراست دەبێتەوە ئەگەر ئەو سەردەمە بهێنرێتە بەرچاو کە ڕابەری فەلسەفەی ترانسندنتالی-دا وتوویەتی و ئەگەر مرۆڤ لە تایبەتمەندی فەلسەفەی مەسیحی ئەوروپا و لاهووت و دامودەزگا دوگمەکانی بگات.

نیچە، هەڵوێستە جیا و نامۆکەی، لە چاو کانت، جگە لە هۆکارە کەسایەتییەکان کە پێوەندییان بە خودی خۆیەوە هەیە، لە کۆتایی ئەو قۆناغەدا ژیاوە کە بە نیمچە پەرستنی ژیر دەستی پێکردووە، کۆتاییەک کە پتر لایەنە نالەبارەکانی ئەنجامی ڕووداوەکانی سەردەمی ناوبراوی نیشان داوە.

شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا کە دروشمی ئازادی و یەکسانی و دادی هەڵگرتبوو تەختی فیوداڵیزمی لە سەرانسەری ئەوروپا هێنابووە لەرزین و مژدەی بەهەشتی لە سەر زەمین بە گەلانی ستەمدیدە دەدا و ببووە مایەی پەیدابوونی چینی کەپیتاڵیزم و دروست بوونی شاری گەورە و فابریک و کارخانە، بەدەیان دیکتاتۆری دروست کردووە و لە جیاتی ئاسوودەیی جەنگی هەڵگیرساندووە و وەک دڕندەیەک ئەو ڕۆڵانەی خۆی کە بەرپا دەکرد و کە لە دواییدا داکۆکییان لێ کردووە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ناوی بردوون و چەندین ناپلیۆن و ڕۆبسپێری گۆش کردووە، لێرەوە هەڵوێستی نیچە تاڕادەیەک ڕوون دەبێتەوە، بۆچی وا لە ژیر بە داخە و بۆچی وا بە توندی خۆی لەگەڵ بابەتی ئاکار خەریک دەکات و ئینجا ئەو گازندەیەی لە ئایینی سەردەمی خۆی کردوویەتی، هەڵوێستی نیچە، کە لەبایەخی ژیر و دەوری ژیر لەژیان و بیردا کەم دەکاتەوە و پەنا دەباتە بەر هێز و دەسەلاتی ئاکار، ڕاستییەک ڕوون دەکاتەوە: یاخی بوون لەئایینی مەسیحی و بروانەمان بەڕۆڵ و کاریگەری ئەو هێزە ترانسندنتالییە کە جاران بە لێپرسیاری بوون و نەبوون و ژیان و چارەنووس دانراوە، بە واتایەکی تر، گومڕایی بە مانا فراوانە مەسیحییەکەی ئەنجامێک نییە کەلە ناتەبایی و دژ بەیەکتری نەگونجانی وێنەی جیهانی و جیهانبینی زانست لەگەڵ بۆچوونی ئایینی دەربارەی ڕەب کەوتبێتەوە، بەڵکو کرداری ئاکارەکانی مرۆڤی سەردەمی

خۆی بوونی ئەم هێزە ترانسندنتالییەی نا کردووە: ئەم هەڵوێستەی نیچە لە بۆچوونی فۆیەرباخ دوورە ئەگەرچی هەردووکیان بەڕاشکاوی بێ بڕوایی و گومڕایی خۆیانیان بە ئاشکرا دەربڕیوە، فۆیەرباخ بۆچوونی ڕەب توندوتۆڵ هۆیەکییانە بە بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ خۆیەوە گرێ دەدات، بەڵام ئەو لەگەڵ فۆیەرباخ-دا لەوەدایە کە پرۆسەی گۆڕانی بۆچوون و هەڵوێستی ئایینی مرۆڤ، هەڵوێست و بۆچوونی بەرامبەر بەبنەماڵەکانی بڕوا بەشێکی گرینگی مێژووی مرۆڤیان لێ پێک دێت.
لە کاتێکدا کانت ئاکار و ئایین و فەلسەفە و میتافیزیک و زانستی بەیەکەوە بەستۆتەوە و جاروبار زانینی خستۆتە لاوە بۆ ئەوەی جێگا بۆ بڕوا و ئایین بکاتە، هیچ کاتێک لاری لە ڕۆڵ و بایەخی ئایین لە ژیاندا نەبووە، ئەوا ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری ئەورووپا لەو باوەڕەدابوون کە هیچ جۆرە پێوەندییەکی ئاکارەکی-پابەندبوونیانە لە نێوان ئاکار و ئایین و بڕوابوون بە ڕەبدا نییە بە واتایەکی تر کردار جوانی و پەیڕە وکردنی ڕێوشوێنەکانی ئاکار بەهیچ جۆرێک نابنە مایەی ئەوەی مرۆڤ بەدی بێت و بڕوا بەڕەب بهێنێ، تەنانەت لە کۆمەڵێکی بێ بڕواو بێ ئایندا دەکرێ ئاکار و ڕێوشوێنەکاریی ئاکار و بنەماکانی ئەرک و فەرمان و ڕەوشت جوانی و کرداری باشی دەستبەکاربن و بەوپەڕی وریایی و هۆشیارییەوە پەیڕەو بکرێن، کەوابوو هیچ جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان ئاکار و ئاییندا نییە، ئەمە لەلای نیچە بە جۆرێکی ترە، ئەو وای بۆچووە کە دەستبەرداربوونی ئایینی مەسیحی و نەمانی بۆچوونی ڕەب،«٢٣» لە دڵ و دەروون و مێشکدا، (سەردەمی ڕاپەڕینی ئاکارەکییە) لەئەورووپای سەردەمی خۆیدا، بەڵام: لەلای خۆیەوە ئەمە ڕاستییەکە کردار و ڕەفتار و ڕەوشت و ئینجا پێکهاتەی ڕەوانی و دەروونی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەلایەن کۆمەڵ و دامودەزگاکان و لەلایەکی ترەوە لەلایەن ژێرەوە کاریان تێکراوە و ڕەنگ و ڕوخساریان ڕێژدراوە و خەت و خاڵیان پێ دراوە، بەڵام دابڕینی ئاکار لەئایین و ئینجا کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئایین لەژیاندا بەهیچ بنەما و بنچینەیەک، بە هیچ بەڵگەیەک ساغ و پشتڕاست ناکرێتەوە.

٩- ئەگەر مرۆڤ بە وردی چاوێک بە گوڵزاری ئەو بەرهەمە ئەدەبی و ڕەخنەییانەدا بخشێنێ کە لە بواری ئەدەب و هونەردا لە سەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپا بە گشتی و لە ئەڵمانیا بە تایبەتی بڵاوکراونەتەوە جۆرە بەرامبەر دانانێکی دوو بزووتنەوە سەرنجی ڕادەکێشی لەلایەکەوە بزووتنەوەی سەرتاپاگیری ڕووناکبیری و لەلایەکی ترەوە بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی، یەکەمیان وەک باسمان کرد لە هێزو توانای ژیر«ئەقڵ» دا ئەو ئامرازەی دیوەتەوە کە دەوری گۆچانە ئەفسانابوییەکەی مووسا و عیسا دەگێڕێ و کە بکرێ بە سەرپشک ئەو بە هەشتە لەسەر زەمین دادەمەزرێنێ کە لە ئەفسانە و فۆلکلۆر و ئایینەکاندا باس کراوە، ڕۆمانتیک وەک بزووتنەوەیەکی بەرامبەر بەم ڕووناکبیرییە، بە پێچەوانەوە وای دادەنێ کە هەبوونی ئەم ژیرەو بەرزکردنەوەکەی و پشت پێ بەستنی بۆتە مایەی پشتگوێخستنی چەندین لایەنی تری هێز و توانای مرۆڤ و لە مەشەوە کڵۆڵی و بەدبەختی کەوتوونەتەوە بۆیە ڕۆمانتیک لە ناوەڕۆک و پوختەکەیدا ئەو دەورەی ڕووناکبیری بە ژێری دابووی دەیدات بە هونەر بە بەش و لقە جۆربەجۆرەکانییەوە.
هونەر بە پلەی یەکەم و ئینجا هەندێ بابەتی تری ئەدەبی وەک شیعرو ڕۆمان ئەو هێزە لەبن نەهاتووە ئەفسانابوییەن کە دەکرێ مرۆڤ پەنایان بۆ بەرێ بۆ گەیشتنە ئامانجی دێرین و نوێ کە سەرگەرمی پێ گەیشتنیانە، تەنانەت لە هەندێ شاکار و بەرهەمی جوانناسی و هونەردا وا دێتە بەرچاو کە هونەر لە ڕێبازی ڕۆمانتیکدا بەرامبەر بە جیهانی ڕاستەقینە دانراوە ئیتر لەم بەرامبەر یەکتری دانانەدا دوو جۆرە هەوڵ و کۆشش هەست پێدەکرێن کە بەگشت خاوەنەکانیان بەشێوەی جیاواز جۆرە هەوڵی پیادەکردنیان دەدەن «٢٤»:

یەکەم- هەوڵدان، لە ڕێگا و بەهۆی کاری هونەرییەوە، مرۆڤ خۆی لەگەڵ جیهانی دەوروبەر دا بگونجێنێ، یاخود وەک خۆیان دەڵێن: وا لە جیهان بکەن وەک پارچە هۆنراوەیەک «شیعرێکی» دڵڕفێن بێتە بەرچاو یاخود:

دووەم- بەچاوی هونەر و هونەرمەندانە سەرنجی بدرێت و ڕەخنە لەلایەنە ناهونەرییەکان بگیرێ و بەبابەتێکی هونەری بریکار و بریەکی لە جیاتی خۆ پێشکەش بکرێت، ئەمەش جارێکی تر لە خۆیدا بڕوابوونی بێ سنووری بە هونەر دەردەخات کەوەک ئامرازێکی کاریگەری ئەفساناوی هیچ کات و شوێن و سنوورێکی بۆ نییە، ئایا دەکرێ ئەم هەڵویستە بەوە دابنرێ کە جێگای پەرستنی هێما و هێزێکی ترانسندنتالی سەروو سروشت کە لە نێوان هەموو میللەتاندا باو بووە دەگرێتەوە؟ بڕوابوون بە هونەر وەک بابەت و ئامرازێک بۆ گەیشتنە مەبەستی دیار و تایبەتی لە کات و سەردەم و

شوێنی دیاریکراودا لە چوارچێوەی هێز و توانای جیهانی بیـریی مرۆڤ شـتێکە پەسـەند و لە جـێگای خـۆیدایە، بەڵام ئەم جـــۆرە سنوور بەزاندنە جـــۆرە ڕاکـــردنێکە لە ڕاستیی و پەنابردنە بەر جیهان و بابەت و ئامانجێکە کە دەکرێ تەنیا هەر لە خامەوە بکەوێتەوە و لە ئەندێشە و ناخی خاوەن خـامـە و لە شـاکـارەکـانـیـاندا هەبێ، کـاری ئەدەبی و هونەریی هەمـــوو کـــاتێک ڕۆڵ و کـــاریگەری خۆیان نواندووە، تەنانەت هونەرمـەندێک بە پەرەمـووچە ڕەنگینەی ڕەنگی دیاردەیەکی ناحـــەز یاخـــود ئاژەڵ و زیندەوەرێکی ناشیرینی زەبەلالاح یاخود ئەوپەڕی بچووک یان وێنەی مـرۆڤـێکی شـێـوا و و ناحـەز و کـەم ئەندام دەکـێـشـێ، ئەگـەر چی ئەم وێنانە لە خـۆیاندا ناحـەزن و پەسـەند نین بەڵام بەهرە و دەسـتـڕەنگینی هونەرمـەندەکـە لەگەڵ ئەو توانا هونەرییەی لە کێشانی وێنەی ئەو کەسە ناحەزە لە تابلۆیەکدا بەکاری هێناون وا لە بینەری خاوەن هەستی هونەر و ئەدەب دۆست دەکـات تابلۆکـە، وێنەکـە بەبێ گـوێدانە ناوەرۆکـەکـەی، وەک شـاکـارێکی هونەری پەسـەند بکات و، دوورنیـیـە لەوکارە هونەرییە ئەنجـامی لەبار بکەونەوە کە بریتی بێ لەوەی هانی بینەرانی بدات جۆرە گـۆڕانێک لە بیـرکـردنەوە و کـرداریان بـکـەن، بەڵام دانانی هونەر و بابەتەکـانی وەک سـەرپشـک و ئامـراز لە جێگای ژێردا و پێ سپاردنی ئەو ئەرکانەی جاران بەژێر ســـپـــێـــردرابوون ئەنجـــامی چاوەڕوان نەکـــراوی لێ دەکـــەوێتـــەوە، کـــە بە هیـچ جـــۆرێک پێـــشـکەوتن و هەنگاونانی سـەرتاپاگـیـرانەی زانسـیـیـان تێـدا بەدی نـاکــرێت، پشـــتگوێ خـــســـتنی ژیر و ئەو دەسکەوتە جۆراوجۆرانەی بە هۆیەوە بەدەست هاتوون، پەنا بردنە بەر هونەر و دەست گـرتن بـە دامـێنی، ئەو ئەنجـامـانەی لێی دەکەونەوە پتر ڕاکردنێکی ئاشکرا لە ڕاستی و ڕاستەقینە دەگـەیەنێ! ئایا ئەم هەڵوێسـتـە ئەرکـێکی قـورس، گـران، سەخت بەئامرازێک نابەخشێ کە نەک هەر تەنیا بۆخۆی و لە خۆیدا پێی هەڵناگـیرێ بەڵکو دەبێ تێکراو تەواوی ئەو ئامرازە فرە ڕەنگییانەی تائێستا مرۆڤ دایهێناون و لەبەردەسـتـیـدان پێکەوە دەسـتـبـەکـار بن و هاوکـاری و کـۆمـەکی یەکـتـری بکەن بۆ ئەوەی بەڕێگـایەکی شـیـاو و گونجاو کە لەتوانادا بێت ئەو ئەرکە پیادە بکەن، بگەنە ئەو ئامانجانەی بەم پێیە مرۆڤ چاوەڕوانیـانە و ڕەنگی بۆ ڕشتوون.

ڕاسـتـە ڕێبـازی ڕۆمـانتـیـک چ لە ئەڵـمـانیـا و چ لە وڵاتانی سـەرانسـەری ئەوروپادا ناکرێ وەک ڕێبـازێک، قـوتابخـانەیەک، بزووتنەوەیەکی ڕێکوپێک و یەکگرتوو سەرنج بدرێت، بەڵکو پتر دەکرێ باسی چەندین نووسەر و هونەرمـەندی بیـروبۆچوون و ئامـانج لە یەکـتـری جیـاو سـەربەخـۆ بکرێت کـە لە سـێـبـەری ئەم ڕێبـازە، ئەم بزووتنەوەیە ئەدەبیـیـە هونەرییـەدا کـۆبوونەتەوە تەنانەت تاکە شتێک کە یەک ڕەنگیی لە نێو جەنجاڵی فرە ڕەنگی ڕۆمانتیکدا پشـتڕاست و ساخ دەکاتەوە ئەوەیە کە هونەر بە گشـتی و بە هەموو جۆرو لقەکـانییـەوە وەک بابەت و کـەرەسـەیەک و ڕەگـەزی ژیانی مـرۆڤ تاڕادەیەک وەک شتێکی سەربەخۆی خەتوخاڵدا و بەرامبەر بابەتەکانی تری بەرهەمی بیر و مێشکی مرۆڤ هەر لە زانستەوە تا فەلسـەفـە دانراوە، ئەو جیـاوازی و فرەڕەنگییـەی نێوان ڕابەرانی ئەم ڕێبازە دا جا ئیتر لە بەرهەمی تاکە کەسیدا یاخود لە تێکڕای ئەو بەرهەمانەی دەخرێنە پاڵ ئەو ڕێبازە دەردەکـــەوێ واتە فـــرە لایەنی و فـــرە ڕەنگی بابەت و ناوەرۆک جـیـاوازی چەمک و بیـروبۆچوونی خـامـە و پەرەمـووچەکـان ئنجـا یەک ڕەنگیـیـەکـە لە ناو ناخی فرەڕەنگی و هەمـە جۆرییەکەدا ، ئەگەرچی هەندێ شتی لێ کەوتبێتەوە وەک «نامۆ» نائاسایی بێنە بەرچاو ئەوا لەلایەنەکەی ترییەوە بە بڕشتی و بەپیت و پێزی ڕیبازەکە لە جیـهـانبینییـە تایبەتییـەکەی خۆیدا دەردەخات جگە لەوەی بۆتە مایەی بەخشینی جۆرە هێز و توانایەک بە ناو و چەمکی ڕۆمانتیک بۆ ڕاکێشی سەرنج بۆ لای خۆی و بایەخ پێـدانی وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەریی و بیریی، ئەگەرچی ئەمە وەک لێکەوتنەوەیەک لە دوا توێ توێ کردنەوەدا بەسوود و قازانجی ڕۆمانتیکییەکان تەواو نابێت چونکە ئەم بەپیت و پێزانە ئەنجامێکی بەلاوەنانی ژیر نیـیـە و پەنابردنە بەر هەست و سـۆز و چاوی دڵ و زمانی ناخ نییە کە لەهونەردا خۆی دەنوێنێ بەڵکو: ئەمە ئەنجامێکە جارێکی تر ڕۆڵی سەرەکی ژیر ساخ دەکاتەوە بەتایبـەتی ئەگـەر فـرە ڕەنگی و یەک ڕەنگی و بەپێـزی بەدی بکرێت چونکە فـرە ڕەنگیی ڕێوشـوێن و فـۆرم و چوارچێـــوە و ناوەرۆک و، یەک ڕەنگیی بنچـیـنەکـان شـتـێکە وەک داخـوازی لە سـروشـتی ژیر خـۆیەوە دەکەوتەوە«٢٥».

سەرەڕای ئەو جیاوازییە گەورەیەی ڕوخسار و ناوەرۆک و لە یەکـچـوونە کـەمـەی لە نێـوان هەردوو بزووتنەوەی ڕووناکـبـیری وەک ڕێبـازێکی ژێر دۆسـتی فـەلسـەفـە و ڕێبازی ڕۆمانتیک وەک بزووتنەوەیەکی نامۆی ئەدەبی و هونەری، کـــە بەئـاشکرا دژ بـە ژیر و ڕێوشـــوێن و

بنەماکانییەتی و دۆستی ئەندێشە و سروشت و خەون و خـــەیاڵ و هەست و ســـۆزە، وەک لەبەرهەم نووسین و شاکارە هونەرییەکانی ڕابەرانی ئەڵمانی ئەم ڕێبازەدا دەرکەوتووە و جیـهانی ڕاستـەقینەی لە بەرچاو بەلاوە دەنێ، دەخـاتە لاوە، دەگـەڕێتـەوە بۆ سـروشت و ئەو جیـهانەی بە خـامەی ئەدیب و شـاعیـر و پەڕەمـووچی هونەرمـەند ڕەنگرێژراوە، مرۆڤ بەوە تەفرە دەدات بگرە دڵخـۆشی دەکـات گـوایە ئەم پەیرەو و ڕێو شـوێنانە ئەو بەهەشـتە دەداتە دەست کە ئاواتی هەمـوو بوونەوەرێکی بەهرەمەند لەو هێزە ئەفساناوییەی مرۆڤ کە ژیرە.. ئەوا سەرەڕای ئەم هەمـوو جیاوازییە هەردووکیان دوو قۆناغی لەیەکتری نیشان دەدەن ،دوو جیهانبینی دەدەنە دەست کە لە دووتابلۆی جـوانی هونەرمـەندی دەچن کـە خـامـە و پەڕەمـووچی سوارچاکی گۆڕەپانی فـەلسـەفـە و ئەدەب و هونەر ڕەنگیان ڕشتوون.

بەڵام وەک ســەرچاوە و بنج و بناوان، بەبۆچوونی مـن، هەردووکـیـان، ئەگـەر جـیـاوازی سـەردەم و دەوروبەرو فاکتەری هەمـە ڕەنگیی پەرەسەندنی کۆمـەڵ و بابەتەکە خۆی لەبەرچاو بگیـرێن، گـۆڕەپەی لەیەکـتـری جـیـاوازی شـۆڕشی مـەزنی فـەڕەنسـان کـۆرپەیەکی لە باری پەرە پێدەر، کۆرپەیەکی لاساری یاخیبوو!

ڕۆمـانتیکییـەکان تەنیا لایەنی نالەبار و ئەنجامـە دڵ تەزێنەکـانیـان دیوە و هۆکـاری ئەمـانەیان هەمـوو لە ژێردا کـۆکـردۆتەوە و ئۆپاڵەکـەیان خسـتـۆتە ئەسـتـۆی و لە مەیداندا دووریان خستۆتەوە، بەپێچەوانەوە ڕووناکبیران لایەنی گـەشی شـۆڕش و ئەنجـامـە لەبارەکـانیـان بەدی کـردووە، ڕاسـتە شـۆڕشی فـەڕەنسـاش و هەردوو ڕێبـازی فەلسەفی ڕووناکبیری و هونەر و ئەدەبی ڕۆمانتیک بوون بە بەشێک لەمێژوو بەڵام هەرسێکیان لەلای خۆیانەوە ، لەبار یاخود نالەبار ساخیـان کردەوە کە ژیر و ئازادی و گۆڕینی فۆرمی دەسەڵات و دەسکاری کردن و چاککردنی پێوەندییەکانی ژیان لە کۆمەڵدا مەرجی بە دیهێنانی ئەو ئامانجانەن کە فەیلەسووف و هونەرمەندان هەریەکە لەلای خۆیەوە و بەهۆی ئامراز و ڕێگای تایبەتییەکەیەوە هەوڵی بۆ دەدەن.

مـرۆڤی ئـازاد هەمـیـشـە داهێنەرە: ئەو ئازادییـەی کـە لە شۆڕشی فەڕەنساوە کەوتەوە ساخی کردەوە کە توندوتیژی و دەستـخستـنە بینە قـاقـای ئازادی ئیـتر بەهەر ناوێکەوە بێت و بەشێـوەیەکی ڕێک وپێک پیادە و بەکـاربـهێنرێت ئیـتـر لەلایـەن دەوڵەتەوە بێ یاخود لەلایەن داو و دەزگـا جۆربەجۆرەکانی ئایین و کۆمەڵەوە بێ کۆسپێکی سەخت و دژوار و نالەبارە پەرچێـوەی لە بەکـارهێنانی ڕاست و دروستی ژیر و دەرکردنی بڕیارو حوکمی ئازادانە دەدات، ئەوی ژیرو بڕیار و ڕەوایانەی کـە هەر تەنیـا کـەشوهەوای ئازادی و سـەربەسـتی دوور لە کۆسپ و پێـوەندی ترس و ئازار و توندوتیژیی دەستەبەر و زامنیان دەکات.

فـەلسـەفـە، ئنجـا لە ژێر سـێبـەر و باڵـیـدا ئەدەب و هونەری ئازاد کـاتێک دەبن بە بیـروباوەڕی تاکـەکـەسـانی ئازاد دەتوانن هێزێک بەرپا بکەن گۆڕانی ئەوتۆ بهێننە دی ڕوخســار و ناوەڕۆکی ژیانی کـۆمـەڵایەتی بەلای لە باردا بگۆڕن.

کـاتێـک شۆڕشی فەڕەنسـا مرۆڤی ئازادی گـۆش کرد.. تەختی دەسەڵاتدارە زەبروزەنگ بە دەستەکانی ئەورووپای تێک ڕماند.. فەلسەفە بوو بە بیرو باوەڕی مرۆڤی ئازاد، ئاو کرایە ژێر ئایدۆلۆژی و دەسەڵاتی قەشە و ئابۆنە و داو و دەزگاکانی کـڵێسـای مەسیـحی... دوای سەدان ساڵ کـوێرەوەری ســەدەکـــانی ناوەڕاست توانرا ڕەوایەتی و شـەرعـیـیـەتی دەسـەڵاتداری زەبروزەنگ و حـوکـمـڕانی جیهانیی لە سنوور بە دەوری مەسیحییەت بەسەر مرۆڤدا پووچەڵ بکرێت و لە ئایین بسـتێندرێتـەوە و ئەو تیـۆرییە بکەوێتـەوە کە ناوی جیـاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتی لێ نراوە، ناڕەواکردنی دەسەڵاتی سیاسی ئاییـنی مەسیحی بەسـەر کـۆمـەڵدا بە باوەڕی من بە هیـچ جـۆرێک لە شۆڕشی فەڕەنسا کەمتر نەبووە ئەم ئامانجە مەزنە بەهۆی فـەلسـەفـەوە، نەک بە کۆششی ڕێبـازی ڕۆمـانـتیکی و ئەندێشـە و خـەیاڵی شـاعـیـرانە، هاتۆتە دی و بە دەست هێنراوە.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

1-RusseLL,B.,Denker des Abend-Landes. dtv 1991.s.321

2-GuLyga, Arsenij, Schelling. Leben u.werke Stuttgar. 1989.s.92

٣-گولوگا. هەمان سەرچاوە و شوێن بە ئەڵمانی.

٤-هەمان سەرچاوە.. ل ٩٥ بە ئەڵمانی.

5-pivce. Edo.,Ironie al-s Daseinsform... 1960.s.23
6-Grimme, Adolf., Vom Wesen der Romantik. 1947. s.10.
٧-هلال، دكتور محمد غنيم، الرومانتيكيه. بيروت ١٩٧٣. ص١٦.
8-Grimme, A. Ebenda., s.15.
9-Schulz, Gerhedt., Romantik. Geschichteund Begriffe. 1960. s.53.
10- Schulz, Gerhard., Geschichte der deutschen Literatur. Munchen 1983.s.70.
11- Nietzsche, Friedrich,. Also Sprach Zarathustra. In: Gesammelte Werke. Bd. 13.Muenchen 1925.s.508.
12- Lukacs, Georg., Die Zerstorung der Vernunft. Berlin 1962.s.293.
١٣- لوكاچ، گیورگ، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی. ل ٣٠٠.
14-Kant,I., Werke in sechs Banden. Bd.3.Koenemann 1995.s.203
١٥- لوكاچ، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی ل-٨٩.
16) kant, kritik derreinen vernunft. vorrede.zur 2.auf lage.BXXX
17) kant,k.d.r.v.B766
١٨- كانت، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی، پێشەكی چاپی دووەم ب VI.
١٩- كانت، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی. هەمان شوێن و پەرەگراف.
20) Oiserman,T.I.Dialektische materialismus und Geschichte cler philosophie. Berlin 1982.s.103.
21)kant.k.d.r.v. vorrede zur 1. AXII.
22)lukacs, G,Die zerstorung der vernunft. Berlin 1962. s.317.
23) lukacs,G, Ebd. s, 318.
24)schulz, Gerhard. Geschicteder deutschen liter atur. munchen 1983/ s.76.
25) kant, k.d.r.v. B3, 2.

# دژە بۆچوون لە سایکۆلۆژیادا

یووسف عوسمان حەمەد

(کارل ڕۆجەرز) لە یەکگرتنەوەدا لەگەڵ خود باس لەوە دەکات ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی هزری هاتوون، پێویستیان بە هاوگونجانی چەمکی تێگەیشتن لە خود و لە شارەزاییی خۆیاندا هەیە. ئەگەر هاوگونجاو نەبوو ئەو کەسە دەکەوێتە بەر لێکدانەوەی هەڕەشە و مەترسی لە ناوچوونی خود، بۆیە بە ناچاری پەنا بۆ بەر میکانیزمی فێڵی بەرگری دەروونی دەبات کە هاوشێوە و هاوتەریبی بیرکردنەوەی ئەو کەسەیە بە خەسڵەتی توند و بەرگری بەکاری دەهێنێ، بۆ نموونە کەسێک پێچەوانەی شارەزاییی و بیروبۆچوونی خۆی قسە دەکات، یان پێچەوانەی خودی خۆی هەڵوێست وەردەگرێت و دژی خۆی دەوەستێت لەپێناو بەرگری کردنی، یان پاراستی خودی خۆی بۆ بەدەست هێنانی ڕێز و ستایشی کەسانی دەوروبەر، واتە لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە، زۆرجار کردەوەکانمان، هەڵوێستمان، نووسینمان و شتی دیکەی ڕەوشتی تاک پێچەوانەی ویست و فیکری خۆی دەبێت بۆ وەدەست هێنانی پایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی کەسانی دەوروبەر.

(لیون فسنتکر) لەتیوریەکەیدا دەڵێت زۆرجار هزر و بیری تاک وەکو پاڵنەرێکی سەرەکی مرۆڤ کاردەکەن کە ئەوەندە بەهێز و کاریگەر دەبن بەو ڕێژەی کە کۆنترۆڵی زۆر لە هاندەر و پاداشتی بەرانبەر دەکات، چونکە لە هەندێک هەڵوێست دانەبەزێت بەرانبەر دەستکەوتی ماددی و بەرگری لەبیروبۆچوونەکانی خۆی دەکات ئەگەر لەلایەن کەسی بەرانبەر ناشیرین بێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت، بەڵام دژە بۆچوون، یان پێچەوانە بۆچوون لە دەروونزانیدا بریتییە لەو پێچەوانە و کۆنتراستەی لەنێوان ئەو شتەی، یان ئەو فیکرەی کە باوەڕت پێی هەیە لەگەڵ ئەو کردەوە ڕەوشتیەی کە دەیکەیت ناوەوە و دەرەوەی یەک کەس پێچەوانە دەبنەوە وەکو دوو کەسی دژ بەیەک مامەڵە دەکەن، ئەمەش سەقەتکردن و شێواندنی کەسی ڕاستەقینەیە. بۆ نموونە باوەڕێک هەیە کە جگەرەکێشان هۆکارێکی سەرەکی نەخۆشی سەرەتانە، یان تووشی نەخۆشی گەورەت دەکات، کەچی هەر بەردەوام دەبیت لە کێشانی. ئەو حاڵەتە فەزایەکی ڕەش دروست دەکات لە تاکدا کاتێک دژی بۆچوونەکان کاردەکەین، ئەوا بارێکی دەروونی نارێک دروست دەبێت و هاوسەنگی تاک نامێنێت و ناتوانرێت پۆلینی ئەو کەسە بکەین لە ڕووی کەسایەتی جێگیر. کاتێک تاک هەست بەناڕەحەتی دەکات بەهۆی بوونی باری گرژی و شڵەژان، ئەوا وەڵامدانەوەیەک بۆ ڕەوشت دەبێت کە لەژێر کۆنترۆڵی عەقڵ و مەعریفە دەردەچێت، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات لەدوای زانیاری نوێ بگەڕێت کە لە کایەی عەقڵی ئەودانییە، یان هەوڵی ئەوە دەدات ڕەوشت و ئاراستەکانی خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ شتە نوێیەکان

بگونجێت و هاوسەنگی دروست بکات تا لە گرژی و شڵەژان ڕزگاری بێت. سایکۆلۆجستەکان ئەم دژە بۆچوونەیان لە هەر تاکێکدا بە سێ ئاراستە دیاری کردووە بەپێی کات و شوێن و هەڵوێست.

یەکەم: ئەو دژە بۆچوونە ڕوودەدات کاتێک لایەنی مەعریفی تاک لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان ناگونجێت پێچەوانە دەبنەوە.

دووەم: کاتێک تاک پێشبینی ڕووداوێک دەکات دژە بۆچوون ڕوودەدات، بەڵام لە ئەنجامدا شتێکی تر ڕوودەدات وەکو ئەوەی کەسێک لە تاقیکردنەوە پێشبینی بەرزترین نمرە دەکات، بەڵام لە ئەنجامدا نزمترین نمرەی بۆ دەگەڕێتەوە کە بە خەونیش باوەڕی نەدەکرد بەو شێوەیە بێت.

سێیەم: دژە بۆچوون ئەوکاتە دەبێت کاتێک تاک کردەوەیەک دەکات دژی بیروبۆچوون و ئاراستەی گشتییە واتە نەشاز دەبێت لەناو کۆمەڵگادا.

بەم شرۆڤەکردنە بۆمان دەردەکەوێت کە دژەبۆچوونی فیکری لە دەرئەنجامی هۆکاری شارستانیەتە کە دەبێتە زۆربوونی حاڵەتی شڵەژان و خەمۆکی لەتاکدا، واتە زۆر لە شارستانیەتەکان حاڵەتی نامۆیی دروست دەکەن لە خودی تاک وەکو کەسێکی هاندەرانی لە بەرانبەر شارستانیەتی ئەو وڵاتە کە هیچ پێکهاتەی فیکری ئەو بەشداری ئەو شارستانیەتە نییە، بۆیە دەکەوێتە حاڵەتی نامۆیی ناچار بۆ خۆگونجاندن و ڕاهاتن و بەردەوامبوونی ژیان، دژی پێکهاتە فیکری و ڕەوشتییەکانی خۆی کە هەیەتی هەڵسوکەوت دەکات.

هەندێک کردەوە و ڕەوشت دەکات بە تەواوەتی باوەڕی پێی نییە، بەڵام دەبێ بەپێی پێوەری ئەو شوێنە بجووڵێتەوە و نەک چاوپۆشی، بەڵکو دەبێ دژی بۆچوونەکانی کار بکات تاوەکو ڕەزامەندی کەسانی دەوروبەری ئەوێ بەدەست بێنێت. نێرسالاری دژی چەوسانەوە دەبێت، باوکسالاری و مێردسالاری و جەهالەتی ئازادی بزوێنەری بزووتنەوەی فێمینیزم دەبێت، ئەمەش ڕەوشێکی ترسناکە لە سایکۆلۆژیای بیرکردنەوەدا. لێرەدا بۆ کەمکردنەوەی گوشاری دەروونی لەسەر خودی خۆی، ئەوا ناچار دەبێت ڕێگایەکی تر بگرێتە بەر کە گوشاری دەروونی کەمترە بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و شڵەژان. بۆ نموونە کەسی جگەرەکێش ئەو توێژینەوانە ناخوێنێتەوە کە بەتوندی باسی پێوەندی نێوان جگەرەکێشان و نەخۆشی شێرپەنجە دەکات، بەڵکو ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانە دەخوێنێتەوە کە کەمتر باسی پێوەندی نێوان جگەرەکێشان و نەخۆشی دەکەن، بەڵکو باسی ئەوکەسانە دەکات توێژینەوەکان کە چەند ساڵێکە جگەرە دەکێشن و تەمەنیان درێژە و تەندروستیان باشە، واتە فێڵکردن لە تێگەیشتن و ئیدراکی خۆت، چونکە ئەم جۆرە ڕێگایانە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و شڵەژان کەمتر دەکاتەوە لەتاک. واتە کەسێک بەدوای ئەوکەسانە دەگەڕێت کە لەبیروبۆچوون و میزاج وەکو خۆیەتی هەرگیز لەگەڵ ئەوکەسانە ناگەڕێت و بەردەوام نابێت لەگەڵیان کە دژی بیروبۆچوونی ئەون ئەگەرچی دەشزانێ ئەوکەسەی دژیەتی ڕاستە لەبیروبۆچوونەکانی ئەمەش لۆژیکی قەبووڵ نەکردنی ڕەخنە و پێچەوانەی بەرامبەرە.

هەر بەم حاڵەتەش ناوەستێ، بەڵکو پڕوپاگەندە بۆ دژە بۆچوونەکانی دەکات وەکو ئەوەی دەڵێت جگەرە هاوڕێیەکی چاکە و بۆ تەنیایی نموونەی نییە و جگەرەکێشان خەمڕەوێنە. دژە بۆچوون درێژکراوەی کەسایەتی تاکە تەنیا کار ناکاتە سەر ڕەوشت بە تەنیا، بەڵکو کار دەکاتە سەر فیکرە و بەهاو هەڵوێست و لایەنەکانی تری کەسایەتی. وا دابنێین بەپێی شیکاری دەروونزانی ئەگەر تاک بڕیاری دا، ئەوا هەر بڕیارێک دوو لایەنی دەبێت لایەنی نێگەتیڤ و لایەنی پۆزەتیڤ، هەرچەندە مەودای ئەو دوو لایەنە درێژەی کێشا بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیارەکە و وەرگرتنی هەڵوێست، ئەوا دژە بۆچوون زیاد دەبێت، لە کاتی بڕیارداندا ئەوا بەلای نێگەتیڤەکە دەشکێتەوە، نەک بەلای پۆزەتیڤ.

کاتێکیش هەر بڕیار دەدات کە قەناعەت بەخۆی بهێنێ کە هیچ جیاوازی نییە لە نێوان هەردوو بڕیارەکەدا، چونکە دەگاتە ئەو بڕوایە ئەوەی هەڵیبژاردووە، باشترین بڕیارە بە بۆچوونی خۆی، یان زۆرجار بەهۆی گوشاری شارستانیەت هەندێک شت دەکات کە لەگەڵ هەڵوێستی سەرەکی خۆی ناگونجێت، واتە ناچار دەبێت هەڵسوکەوت بەپێی ڕێگایەکی دیایکراو بکات ئەگەر ئازاد بێت ئەو ڕێگایە هەڵنابژێرێت، واتە هەرچەندە هەڕەشەکردن، یان مەترسی بەردەوام بێت، یا نەبوونی پاداشت، ئەوا دژە بۆچوونی زیاد دەبێت.

مرۆڤ زۆرجار هەوڵی ئەوە دەدات لەدوای زانیاریەکان بگەڕێت بە ئامانجی زیادبوونی فاکتەری مەعریفە بۆ ئەوەی دەستنیشانی هەڵوێستی خۆی بکات لە ژیانی ڕۆژانەیدا، یا لەو ڕووداوانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە،

کاتێک دژە بۆچوون هەبێت، ئەوا تاک هەوڵی ئەوە دەدات فاکتەری دیکە بدۆزێتەوە بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتی دژە بۆچوون بە هەر ڕێگایەک بێت بۆ زیادبوونی مەعریفە کە پشتگیری هەڵوێستی ئەوکەسە دەکات. لێرە بۆمان دەردەکەوێت کە تاک لەو حاڵەتانەدا هەمیشە بەدوای سەرچاوەکانی زانیاری دەگەڕێت کە گوشاری دژە بۆچوون کەم دەکاتەوە و ئەو سەرچاوە و ڕێگایانە دادەخات کە دژە بۆچوون زیاد دەکات. لێرەدا دوو پرسیار هەیە: یەکەم کۆمەڵگا و کۆمەڵی دەوروبەر دەتوانێت کاریگەری لەسەر تاوگیری و گرژی دژە بۆچوونی کۆمەڵایەتی لای تاک هەبێت واتە ڕادەی پەیوەستبوونی کۆمەڵ بە بیروڕایەکی دیاریکراو لەسەر بابەتێک، ئەوا دژی ئەو کەسە دەوەستێ هەر چەندە ئەو کەسە بیروبۆچوونەکانی ڕاستتر و گونجاوتر بێت.

دووەم، ئەو کاتە دژە بۆچوون ڕوودەدات ئەگەر کۆمەڵگا پابەند بوو بە بیروباوەڕ و دابونەریتێک و کەسێک پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕە بوو، ئەوا هەڵوێستێکی دژە کۆمەڵی لە بەرانبەر ئەو کەسە دروست دەبێت. ئینتمای تاک بە کۆمەڵ دژە بۆچوونی توندترە لە کەسێکی تر کە ئینتمای نییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە. واتە یەکەم نەگونجانە لەناو سنووری گرووپێکی دیاریکراو، بەڵام دووەم لە دەرەوەی ئەو سنوورە فرەوانتر دژایەتی بۆچوونەکان دەکات. وەکو نووسەرێکی فێمێنسیت دژی ئازادی ئافرەت بێت جیاوازە لەگەڵ ئەو کەسەی کە نووسەرێکی کۆنەخواز دژی ئازادی ئافرەتە ڕێژە و تاوگیری یەکەم زیاترە لە دژی بۆچوون و ئاستی شڵەژان و نیگەرانی لە کەسی دووەم. زانایەکی سایکۆلۆجیست لە دژە بۆچوونی مەعریفی تاقیکردنەوەیەکی لەسەر قوتابیانی زانکۆ کرد، یەکەم جار داوای لێ کردن هەریەکە و بە چەند خاڵێک باسی پۆلیسی پرسگە بکەن هەر قوتابییەک بەچەندان خاڵ دژایەتی خۆی نیشان دا لە بەرانبەر پۆلیسی پرسگەی زانکۆ. دوای ماوەیەکی تر هەمان قوتابی داوایان لێ کرا کە بە باشی و چاکە باسی پۆلیسی پرسگەی زانکۆ بکەن لە بەرانبەر وەرگرتنی (پەنجا دۆلار) هەر هەموویان کەوتنە مەدح و ستایش و چاکەی پۆلیسی پرسگە. کە زۆر پێچەوانەی بیروبۆچوونی یەکەم بوو! ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆرجار بەرژەوەند و دەستکەوت و پاداشت و بەدەست هێنانی پلەوپایە دەمانخاتە قاڵبی دژە بۆچوونی بیروباوەڕ و هەڵوێستی سەرەکی خۆمان لە دژی مەعریفەی خۆمان قسە دەکەین، خۆمان ناشیرین و سەقەت دەکەین لە بەرانبەر ڕەزامەندی کەسی دەوروبەردا.

١- کارل ڕۆجەرز لە ساڵی (١٩٠٢) لە شاری (ینوی) ئەمریکا لە دایک بووە. کوڕی ناوەند بووە لە خێزانێکی گەورە، لە تەمەنی (١٢) ساڵی لە کێڵگە کاری دەکرد و بایەخی بە کشتوکاڵی زانستی دەدا، لەسەر ئەم کارە فیزیا و بایۆلۆژی لە زانکۆی وسکنسن دەخوێند لە ساڵی (١٩٢٤) بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی کۆلۆمپیا لە دەروونزانی پەروەردە و ئیکلینیکی وەرگرت لە ساڵی (١٩٣١) لەم کاتەدا وەکو چارەسەری دەروونی لە پەیمانگەی پەروەردەی منداڵ کاری دەکرد لە شاری (ڕوجستر). یەکەم کتێبی بەناونیشانی چارەسەری ئیکلینیکی بۆ کێشەکانی منداڵ لە ساڵی (١٩٣٩) بڵاوکردەوە، لە (١٩٤٥) لە زانکۆی شیکاگۆ کاری کرد و لە (١٩٥٧) زانکۆی (وسکنسن) کاری کرد لە ساڵی (١٩٦٤) وەکو ئەندامی پەیمانگەی زانستی ڕەوشتی کاری دەکرد لەدوای ئەوە بووە ئەندام لە کۆمەڵەی ئەمریکا بۆ زانستی دەروونی.

**سەرچاوە:**

غريب سيد أحمد، المدخل في دراسة الجماعات الاجتماعية، دارالمعرفة الجامعية الاسكندرية، (١٩٨٣).

# شۆڕشی بەدرخان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

عەبدولڕەقیب یووسف
(سلێمانی)

ئەو سەرچاوانەی کە لە بارەی شۆڕشی بەدرخانەوە لەبەردەستی مێژوونووسانی کورددایە بە نیسبەت فراوانی ئەو شۆڕشەوە، زۆر کەمە، چونکە ئەو شۆڕشەی کە لە ساڵی (١٨٤٧) بەرپابووە، لەکاتی خۆیدا وەکو شۆڕشەکانی دیکەی کورد، مێژووەکەی لەلایەن خودی کوردەوە نەنووسراوە، بۆیە زۆربەی زۆری ئەو خەباتە بزر بووە، بەڵام لە سەرچاوەیەکدا زانیارییەکی زۆر باش هەیە کە بریتییە لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەویش نەکەوتوونەتە بەردەستی مێژوونووسانی کورد.

زستانی ساڵی (١٩٩٥-١٩٩٦) توانیم (١٢٢) بەڵگەنامە بەدەست بێنم کە لەبارەی بەدرخان و ئەزدیشێری ناپاکەوە نووسراون، کە لە ئەرشیفخانەی عوسمانیدا لە ئەستەنبۆڵ پارێزراون و نزیکەی (٢٥٠) ملیۆن بەڵگەنامەی تێدایە، بەڵام تاکو ئێستا تەنیا نزیکەی (٣٠) ملیۆنیان لێ ڕێک خراوە و لەبەردەستدایە.

لە ماوەی حەفتا و پێنج ڕۆژدا لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە لەو ئەرشیفە پیرۆزەدا کارم کرد، توانیم بەڵگەنامەیەکی زۆر بدۆزمەوە و فۆتۆکۆپییان بکەم، کە لەبارەی میرنشینە کوردییەکان و شۆڕشەکانی کوردەوە بوون، هەندێکیشیان لەبارەی کوردستانەوە بوون، لەوانە (٤٨) بەڵگەنامەی شۆڕشی محەمەد پاشای ڕەواندزی، چوار نامەی محەمەد پاشا خۆی کە بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسیبوو؛ هەتا ئەو فەرمانەی سوڵتانیشی تێدا بوو کە پەیوەست بوو لە فڕێدانی محەمەد پاشا بۆ ناو دەریای ڕەش و خنکاندنەوەی لەو لای مینا سامسون، هەروەها نزیکەی (١٠٠) بەڵگەنامە لە بارەی میرنشینی بابانەکانەوە.

بەڵگەنامەکانی شۆڕشی بەدرخانیشم بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لە دوو بەرگدا بڵاو دەکەمەوە، لێرەدا بۆ ئەم میهرەجانە هەندێکیان دەخەمەڕوو و ئاماژە بۆ ناوەڕۆکەکانیان دەکەم و زانیارییان لێ وەردەگرین.

### یەکگرتنی میللی (اتحادی ملی)

یەکەم هەنگاوی بەدرخانی میری بۆتان، بۆ بەرپاکردنی شۆڕش دژی دەوڵەتی عوسمانی لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یەکگرتنی کورد و سەرۆکە کوردەکان بوو کە مێژوونووسان بە (اتحادی ملی) ناویان بردووە، کە تێیدا پێوەندی بە میر و سەرۆکە کوردەکانەوە کردووە، هەتا مەردۆخیش لە (تاریخ مردوخ، ب٢، ل٢)دا نووسیویەتی: میری ئەردەڵان لە شاری سنە (خەسرەو خانی ئاکام) هاتووەتە ناو ئیتحادی بەدرخانەوە، هەروەها نوروڵلا و فەتحوڵڵای هەکاری و مستەفا بەگ و دەروێش بەگ و مەحموود بەگی وانی و خالید بەگی هیران و

شەریف بەگی مووشێ (کە قایمقامی مووش بوو) و شێخ محەمەد مووسڵی و شێخ یووسفی زاخۆیی... ئەمانە هەموویان وەکو مەردوخ دەڵێ، ناویان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا هاتووە، تەنیا «خەسرەو خانی ئاکام) نەبێ. هەر لەو بەڵگەنامانەدا ناوی چەندان سەرۆک و پیاوە گەورەکانی پشتگیری بەدرخان هاتووە لە دیاربەکر و شێروان و بدلیس و ئەلجەواز و شێخ عەبدولخالقی گۆران و دەشتی، هەروەها لە بەڵگەنامەی (/ A. MKT Dusye 2- Sire 87)دا مستەفا بەگ و مەحموود بەگی وانی هاتووە.

لە هەندێ بەڵگەنامەی دیکەدا کور مستەفا بەگ بە سەرۆکی ئەشقیای وان واتە شۆڕشگێران وەسف کراوە.

هەروەها ناوی عەشیرەتەکانی حەسەنان و حەیدەران و جوبران لە باکووری دەریاچەی وان و ناوی مستەفا ئاغای زرقی (زەرکی) لە ناوچەی دیاربەکر لە بەڵگەنامەکانی شۆڕشی بەدرخاندا هاتووە، خالید بەگی سەرۆکی عەشیرەتی کێسان لە ناوچەی وان و مستەفا بەگی خەلاتی و بەگەکانی شێروان و شەرەف بەگی هیرانی، هەروەها هەر چوار برا فازڵ بەگ و عەبداڵ بەگ و عەبدولڕەزاق و خان مەحموود بە سەرکردەکانی ئەشقیای وان وەسف کراون. بەڵگەنامەی (A. MKT دۆسیە 86 سرە 88).



لە بەڵگەنامەی (A. MKT دۆسیە 2 سرە 50)دا ناوی یووسف ئەفەندی و حەسەن ئەفەندی و مستەفا ئەفەندی لە گەورە پیاوانی شاری دیاربەکر بە پشتگیری بەدرخان هاتوون، کە لە پێش دەست پێکردنی شۆڕش پێشنیاری دوور خستنەوەیان کراوە.

هەروەها شەڕەکانی کوردی ناوچەکانی ئەرزنجان و ترجان لەگەڵ هێزی دەوڵەتی عوسمانیدا لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی بەدرخاندا، باڵێک بووە لە شۆڕش بەسەرکردایەتی عەلی شاخی حوسێن و زاڵبوون بەسەر ئەو کوردانەدا بە بەشێک لە (فتح کردستان) وەسف کراوە.

بەڵگەنامە (A. MKT دۆسیە 94 سرە 12) کە مێژووی (١١/شعبان/ ١٢٦٣)ی لەسەرە بەرانبەر (/ ٢٩ تەمووز/ ١٨٤٧ز)، هەروەها بەڵگەنامەی (.A MKT دۆسیە 70 سرە 69) کە مێژووی (١١/رجب/ ١٢٦٣) بەرانبەر (٢٥/حوزەیران/ ١٨٤٦ز).

شۆڕش لە ناوچەی ئەرزنجان (کە مەڵبەندی دەرسیم بوو) لەلایەن کوردەکانی زازاییەوە تا ماوەیەک پاش تەسلیم بوونی بەدرخانیش بەردەوام بووە، تەنانەت تا نزیکەی هەشت مانگ، ئەوجا هێزی دەوڵەت بەسەر کوردەکانی (دوجیک)دا زاڵ بووە کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرینگە و تا ئێستا نەزانراوە.

هەروەها بەدرخان توانی یەکگرتنێک دروست بکات لە نێو کورد تا ڕۆژئاوای ئەرزەڕۆم و سنووری ڕووسیا کە لە هیچ کاتێکدا ئەم یەکگرتنە دروست نەببوو، هەتا حکومەت بە فەرمی (ڕەسمی) چاودێری خستە سەر کوردەکانی نزیک بەغداش نەوەک بێنە ناو یەکگرتنی بەدرخانییەکان.

شایانی باسە ناوی کورحسێن بەگ بە کوڕی سەلیم پاشاش لە هەندێ بەڵگەنامەدا هاتووە و دەوڵەتی عوسمانی لە چالاکییەکانی پەست بووە کە ئەفسەرێکی میری بووە و بۆ لای بەدرخان ڕای کردووە. وەک بیستوومە مەشقی سەربازی بە هەندێ لە هێزەکانی بەدرخان دەکردو ڕۆڵیشی هەبووە لە ڕێکخستنی عەسکەریدا.

### دوو هەنگاوی دەوڵەتی عوسمانی دژی خۆئامادەکردنی بەدرخان

لەو ساڵانەی کە بەدرخان خۆی بۆ شۆڕش ئامادە دەکرد، دەوڵەتی عوسمانی دوو هەنگاوی گەورەی لە دژی ئەو هەڵێنا:

١- شەڕی تیاری ساڵی ١٨٤٣ کە بەدرخان لە

نەستووریەکان یانی ئاسووریەکاندا کە سووچی مار شەمعوون بوو، کرد بە بەڵگەیەک بۆ قەناعەت پێکردنی جیهانی مەسیحی دژی بەدرخان تا بەریتانیا و فەڕەنسا بەڕەسمی داوایان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد هێرش ببەنە سەر بەدرخان و لە کوردستانی دوور بخەنەوە بەرەو ئەستەنبۆڵ.

لەم بارەیەوە چەند بەڵگەنامەیەکمان لەلایە، لەوانە بەڵگەنامەی (A. MKT دۆسیە 3 سرە 21) بە مێژووی ١٥/١/١٢٦٠ک بەرانبەر (١٨٤٤/٢/٦ز) کە ئاراستەی باڵوێزەکانی کردووە و لەسەری نووسراوە «سفرای سلطنه سنیه‌یه» بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە.

ئەم وێنەیەم لە ل٣٦١دا لەم کتێبە نوێیەمدا (حدود کردستان الجنوبیة تاریخا وجغرافیا خلال خمسة الاف عام) بڵاو کردووەتەوە.

لە بەڵگەنامەی تایبەت بەدەرچوونی بڕیاری دەوڵەتیش بۆ سەرکوتکردنی بەدرخان لە (١٨٤٦/١١/١٧)دا شەڕی تیاری کراوەتە هۆی لێدانی بەدرخان.

٢- دروستکردنی ئەیالەتی کوردستان:

بەمەبەستی بەرهەڵستی کردنی ئامانجی بەدرخان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٨٤٦)دا «کردستان ایالتی» واتە ویلایەتی کوردستانی دامەزراند. تا خەڵکی کوردستان



بەمە قانیع بکات و پشتگیری بەدرخان نەکەن. ڕۆژنامەی (تقویم وقایع) ژمارە (٣٦٠) لە ڕۆژی (٥/موحەڕەم/ ١٢٦٣)دا بەرانبەر (١٨٤٦/١٢/ ٢٤ز) باسی دامەزراندنی ئەیالەتی کوردستانی بڵاوکردووەتەوە. ئەیالەتەکە بریتی بوو لە ویلایەتی دیاربەکر و ماردین و سعرد و بدلیس و مووش و وان و هەکاری و شرناخ بەپێی دابەشکردن و ناوەکانی ئێستا و مەڵبەندەکەی دیاربەکر بوو.

بەپێی بەڵگەنامەی (ADVN دۆسیە 25 سرە 56) و بە مێژووی (٢٤/ جمادی الاولی/ ١٢٦٣) بەرانبەر (١٨٤٧/٥/١٠ز).

ئەسعەد پاشای والی موسڵ کرا بە والی ئەیالەتی کوردستان و دەفتەرداری ویلایەتی ئەرزەڕۆم، تۆفیق ئەفەندی کرا بە دەفتەرداری ئەیالەت، واتە بەڕێوەبەری دارایی بەپێی بەڵگەنامەی (٦/ جمادی الاولی/ ١٢٦٣) بەرانبەر بە (١٨٤٧/٤/٢٢ز).

هەروەها (ئەحمەد ڕەشید ئەفەندی قریمی) کرا بە قازی ئەیالەت.

لەسەر بڕیاری شێخ ئەلئیسلام عارف حیکمەت.

هەر لەو ساڵەدا سەر عەسکەر (٢٠٥) کەسی دامەزراندبوو بۆ سنجاغی (وان) بۆ زەبت و فەرمانبەرانی کۆکردنەوەی باج و خەراج.

تا ساڵی (١٨٥٥ز) بەڵگەنامە بەناوی ئەیالەتی کوردستانەوە لەلامان هەیە و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارەی ڕۆژی (٢٠٠٠/١١/٣٠)دا (٣) بەڵگەنامەی ئەیالەتی کوردستانم بڵاوکردووەتەوە. واپێدەچێ کوردەکانی کوردستانی باکوور بە ئەیالەتی کوردستانیان نەزانیبێ، دەنا دەیانکردە بەڵگەیەکی مێژوویی لەدەست خۆیاندا بۆ داواکردنی مافی کورد لە تورکیا کە نکوڵی تەنانەت لە ناوی کوردستانیش دەکات.

**لە ئایاری (١٨٤٧) شەڕ گەرم بوو**

ساڵی (١٨٤٦) لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمید و وەزیرەکان و عوسمان پاشا و موشیری فەیلەقی ئانادۆڵی شاهانە (هومایونی) و فەریق ئیسماعیل پاشا لە هەمان فەیلەق و والیەکانی مووسڵ و سیواس و دیاربەکر بڕیار دەرچوو بۆ هێرشکردنە سەر بەدرخان.

عوسمان پاشا کرا بە فەرماندەی گشتی هێرشەکە وەک لە بەڵگەنامەی (A. MKT55) نووسراوە کە مێژووەکەی (١٢٦٢/١/٢٧) بەرانبەر (١٨٤٦/١١/١٧ز)یە، جگە لەمە هێزەکانی دەوڵەت لە

سووریە و فەیلەقی عەرەبستان کە بارەگاکەی لە بەغدا بوو بە فەرماندەی فەریق عومەر پاشا لەگەڵ فرقەی ئەرزەڕۆم ناردرا بۆ سەر بەدرخان و لە مانگی نیسانەوە شەڕ گەرم بوو وەک لە چەندان لە ڕاپۆرتەکانی عوسمان پاشادا هاتووە کە لە لامان هەن، بەڵام گەورەترین شەڕ شەڕی (چەم زەیتوون) بوو کە تا ئێستا دەنگوباسی لەنێو پیرەمێردەکانی بۆتاندا ماوە، هێزی کورد سەرکەوتنی گەورەی تێدا بەدەست هێناوە و باکووری باژێڕی جزیرێ و تۆپێکی زۆری لەشکری عوسمانی گرت، بەڵام بڵاوە، نەیانزانی بە کاری بهێنن. هەروەها لە هێرشێکی دیکەدا هێزی عوسمانی چەم زەیتوونی داگیرکرد لە ڕۆژی (٣/ ڕەجەب/ ١٢٦٣) بەرانبەر (١٦/ حوزەیران/ ١٨٤٧ز) هێزی نەسروڵلای برای ئەزدیشێری خائینیش لە پشتەوە لە دەربەندی ستراتیژی (قەسرکاگێلی) هاوکاری هێزی عوسمانی دەکرد. عوسمان پاشا لەو ڕاپۆرتەیدا بۆ سوڵتان عەبدولحەمید پێشنیاری کردووە کە عزەدین شێر (ئەزدیشیر) لە جیاتی بەدرخان بکرێت بە حاکمی جزیرە و مبصری براشی بە قیوچی باشی.

لە کۆتاییدا هێزی عوسمانی توانی بەدرخان لەگەڵ (٤٠٠ - ٥٠٠) خەباتکەر لە لەشکرەکەی ناچار بکات خۆبەدەستەوە بدەن لە قەڵا سەختەکەی (ئەروەخ)دا وەک لە ڕاپۆرتێکی عوسمان پاشادا هاتووە، لەم بارەیەوە بە مێژووی (٧/ڕەجەب/ ١٢٦٣) بەرانبەر (٦/ تەمموز/ ١٨٤٧ز)

جا دەبێ بەدرخان لەو ڕۆژەدا یان ڕۆژی پێشتر تەسلیم بووبێ، عوسمان پاشا ئەم قەڵایەی بە قەڵایەکی سەخت وەسف کردووە و نووسیویەتی بە سەد هەزار سەرباز نەدەگیرا.

پاش تەسلیم بوونی بەدرخان بە ماوەیەک، لە چەندان



شوێن شەڕ هەر بەردەوام بووە لەلایەن «سیڤدین»ی کوڕییەوە، بەڵکو ئەو کاتە «خان مەحموود»ی کوڕی تەیموری وانی لەسەر ڕووباری «رضوان» سەر بە ناوچەی غەرزانی نێوان ویلایەتی سێرت و ویلایەتی دیاربەکر شەڕی دەکرد و شەڕ لە ئەرزنجانیش هەر بەردەوام بوو و پاش تەسلیم بوونی بەدرخان بە (٤٥) ڕۆژ ئەوجا لەشکری عوسمانی گەیشتە وان.

### هۆیەکانی بەردەوام نەبوونی بەدرخان لە بەرگری کردندا

هۆیەکانی خۆبەدەستەوەدانی بەدرخان بەم شێوە زووە لەگەڵ ئەو هەموو هێزە گەورانەی شۆڕش و لەگەڵ فراوانی بەرەکانی شەڕ، تا ئێستا مەعلووم نەبووە لە غەیری گریان هیچم لە دەست نایێ، لە پشت ئەروەخیش بووە، ناوچە سەختەکەی هەکاری بە پانتایی (٣٠٠کم) و نوروڵلای میری هەکاریش بەشداری شۆڕش بووە.

دەبێ هەندێ هۆی نەزانراو هەبێ، ئایا لەژێر کاریگەری دینی بووە، یان چونکە دڵ ناسک بووە و زانیویە خەڵکێکی گەلێک زۆر دەکوژرێ، یان لەبەر ئەوەی هیچ دەوڵەتێک پشتگیری نەبووە و لە سەرکەوتنیش نائومێد بووە. بەدرخان زۆر دیندار بووە عەدالەتەکەشی تا ئەمڕۆ بەناوبانگە. کاتێ یەکێک لە فەرماندەکانی عوسمانی چووەتە لای لە قەڵاتدا، دەبینێ سجلێکی ڕەشی لە پێشە خۆی داناوە، ئەویش پێی دەڵێ: بەدرخان دڵت سپییە، بۆ سجلەکەت ڕەشە؟

شایانی باسە بەپێی بەڵگەکانی عوسمانی، دەوری خان مەحموود لە دەوری هەموو فەرماندەکانی دیکەی شۆڕش مەزنتر بووە و ئەوەی ئەسکەندەر ژابا نووسیویەتی کە برای بەدرخان بووە، ڕاست نییە و ئەگەر لە باتی بەدرخان بڕیار لەسەر دەستی خان مەحموود دابایە، شۆڕش بەو زوویە کۆتایی پێنەدەهات، یان سەردەکەوت. بەڵگەنامەیەکی زۆر لە بارەی چالاکی خان مەحموودەوە هەیە.

### خیانەتی ئەزدیشێر

ئەزدیشێر کوڕی میر (سیڤدین) بووەتە نیشانەی خیانەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، بەڵام لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا لەو قسە و باسانەی پیرەمێردانی بۆتان کە من لێیانم بیستووە لەبارەی ئەزدیشێرەوە نەزانراوە کە خەڵکێکی زۆر بەدوای کەوتبێ و وازیان لە بەدرخان هێنابێ تا ببێتە هۆی ئەوەی هێزی بەدرخان لاواز ببێ و خۆی بەدەستەوەیدا، بەڵام هەندێ

چەکـداری هەبووە و خـۆی چۆتە ناو شـەڕەکـەوە، تا (خـەلەفێ شـوقی) ئازاترین و بەناوبانگترین فەرماندەکانی هێزی بۆتان بووە، لە شەڕدا گوللەیەکی لە دەلینگی ئەزدیشێر داوە.

لە بارەی خیانەتی ئەزدیشێرەوە چەندان بەڵگەنامەمان لە لا هەیە، بەڵام لە هەمووان گرنگتر، نامەی دایکیەتی «خاتۆی کچی حاتەم» کە بە مێژووی (٧/ جمادی الاخره/ ١٢٦٣) بەرانبەر (٢٣/ئایار/ ١٨٤٧ز)یە کە لە دێی (باسرەت)ی دوور لە جزیرە لەنێو چیاکانی بۆتاندا نووسیویەتی بۆ عوسمان پاشا کە میر ئاخوڕ حوسەین پیاوێکی خۆی ناردووەتە لای و نامەیەکی عوسمان پاشای بۆ بردووە، نامەی خاتۆ عەرەبییەکی ناتەواوە تێیدا نووسیوە: «فەرمانی تۆمان بەجێ هێناوە، کوڕم (کە مەبەستی ئەزدیشێرە) ڕای کردووە بەرەو مووسڵ و نەسروڵڵای کوڕم لە قەڵای «قەسرک» دایە و منیش هاتووم لای شێخی باسرەت (ئێمە لەژێر ئابلووقەداین و پێویستە میر ئاخوڕ حوسەین بنێرییە لامان».

شایانی باسە، شێخی باسرەت ئەو کاتە شێخ سالحی سیپکی بووە، ئەمەش وێنەی نامەکەی کە تەرجەمەکەی بە تورکی لەگەڵ پەراوێزێکی تورکیشی لەگەڵدایە. لە نامەکەدا دەزانرێت کە لە پێش شۆڕشەوە، عوسمان پاشا



پێوەندی بە ئەزدیشێر و دایکییەوە هەبووە.

**دوورخستنەوەی بەدرخان و خان مەحموود**

بەدرخـان و هەندێ لە ئەندامـانی خـێزانی و گـەورە پیاوانی نێردران بۆ (وان) و لەوێش لەگەڵ خان مەحموود نێردران بۆ مینای سامسون و بە کەشتی لە دەریای ڕەشەوە گەیشتنە ئەستەنبوڵ لە (٢/ ١٠/١٨٤٧ز). بەدرخان نێردرا بۆ دوورگەی (گریت) و خان مەحموودیش بۆ ڕوسجق لە نزیک ڤارنا لە ویلایەتی سلسترە لە بولغاریای ئەوکاتە.

لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ بەدرخان بوون لە ئەندامانی خێزانی و هەندێ لە گەورە پیاوانی و خان مەحموود و براکانی لە لامانە لە گەورەکان مەلا عەبدولقدوسی مامۆستا و موفتی بەدرخان و مەلا عەزرائیلی جزیری و شێخ عەبدولخالقی گۆران دەشتی کە ڕاوێژکاری بووە و لە گریت لە (قندیە) بە زلزار کۆچی دوایی کردووە و لەوێ قورئانێکی عەنتیکەی نووسیوە و دیومە لەلای نەوەکانی لە ناوچەی (وان)دا. هەروەها (تاهرێ مەمۆ)ی زێوکی سەرۆکی هێزی ئاسایش و پاسەوانان لە جزیرێ. زۆر لە سەرۆک و مرۆڤێن مەزن هاتنە دوور کردن بۆ دەرەوەی کوردستان و هەندێکیشی وەک خەلەفێ شوقی بەندکران، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی کوشتن و لە سێدارەدانی بەکار نەهێنا دژ ئەوانەی خۆیان تەسلیم کرد.

«نوروڵڵا» میری هەکاری کە لە هەندێ سەرچاوەدا هاتووە، دەستی ڕاستی بەدرخان بووە، دەبێ ئەویش وەک سەرۆک و فەرماندەکانی شۆڕش و جەنگاوەران سەری سوڕمابێ لە تەسلیم بوونی بەدرخان و نەیزانی چی بکات، تەنیا ئەوە نەبێت پەنا بباتە بەر ئێران، بەڵام ئێران وەری نەگرت و ناچار بوو پاش دوو ساڵ خۆی تەسلیمی دەوڵەت بکات و لە ساڵی (١٨٤٩)دا ڕەوانەی گریت کرا.

هەندێک لە نامەکانی (نوروڵڵا) و بەڵگەنامەی عوسمانی لەبارەی ئەو لەلامان هەیە و هەروەها بەڵگەنامەکانی «مدالیە کردستان» کە ناوی سەدان کەسی تێدایە لە ئەفسەران و پلەداران و نەفەران کە خەڵات کراون بە مەدالیەی کوردستان بە بۆنەی لەنێوبردنی شۆڕشی بەدرخان.

لە میهرەجانی بەدرخان، ساڵی پار لە سلێمانی و هەروەها لە میهرەجانی ئیمساڵیش لە دهۆک، ڕۆژانی (٢١-٢٣/نیسان/٢٠٠٥) لیژنەی میهرەجانەکە منی

بانگ نەکردبوو بۆ بەشداریکردن. ئەگەرچی هەندێکیانیش دەیانزانی بەڵگەنامەیەکی زۆرم لەلایە لە بارەی بەدرخانەوە، هەروەها لە بارەی ئەزدیشێریش (١٢٢) بەڵگەنامەم لەلا هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێ کەس زانیاری ئەوتۆیان لە بارەی بەدرخان و بەدرخانییەکانەوە لەلا نییە و بە نارەواش کراون بە کۆلەگەی گەورەی هەردوو میهرەجانەکە و هیچ کاتیش لەسەر ڕێبازی کوردایەتی بەدرخان و بەدرخانیش نەبوونە کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەی لیژنەی هەردوو میهرەجان و ئەو لایەنە سیاسیانەی کە مەسرەفیانی خستە ئەستۆی خۆیان.

بۆیە تا ئەم جۆرە بۆنە ڕۆشنبیری و مێژوویی و نیشتمانییانە بە پاکی ئەنجام بدرێن، دەبێ بخرێنە دەستی کەسانێکی کوردپەروەر و بەتوانا کە نۆکەری و مەراییان بۆ دوژمنانی کورد نەکردبێ و موحازەرەیان بۆ «الامن القومي» ڕژێمی سەدام نەدابێت!


بەڵام پاش ئەوەی وتارەکانی میهرەجانی ئەم ساڵ هەموو نووسرابوون و لیژنەش خەریکی بڵاوکردنەوەیان بوون لە ڕۆژنامەی تایبەتدا، ئەوە برای بەڕێز جەوهەر کرمانج داوای لەمن کرد کە بەشداری بکەم و ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری گشتی د.کەمال فوئادیشی وەرگرت. ئیتر شتێکی کەمم نووسی و چوارده بەڵگەنامەم خستە پاڵی کە وتارەکەی خۆم لەوانەدا ئامادە کردبوو، هەروەها هەندێ بەڵگەنامەی دیکەشم لەگەڵ خۆم بردبوو و بەزاردەمی ئاماژەم بۆیان کرد و پیشانی ئامادەبووانم دا.

ئیتر هەر هەموویان زۆریان پێخۆش بوو، تەنیا هەندێ کەس نەبێ لە تاقمی ڕەش لەو کەسانەی ئاماژەم بۆ کردن کە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی نەبوون و هەموو ژیانیان هەر ڕێگربوون بەرانبەر کەسانی کوردپەروەر و بەتوانا. ئیدی هەرچی بەڵگەنامە هەبوون، هەمووی بۆ یەکەم جار بوو کە ڕۆشنبیرانی کورد دەیانبینی، ئیتر زۆربەی موداخەلەی ڕۆژانە و دەوری سەرەکی لە میهرەجانەکەدا بوو بە بەشی من و بە بەڵگەنامەیەکی یۆنانی (پاپا پیوسی یازدەیەم)ی ساڵی ١٩٢٦ کۆتاییم بە میهرەجانەکە هێنا.

تا بەرێوەبەری کۆتایی میهرەجان کاک ئەنوەر محەمەد تاهیر گوتی: ئەمە هەمووی دەهێنێ، چەند کەسێک وتارەکەمیان هەڵسەنگاند لە قاعەدا پاش خوێندنەوەم، وەک بەرێزان د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، د.شوکریە ڕەسول، کاک یونس لە نووسەرانی دهۆک، هەتا دووکەسیان وتیان سەری ڕێز و نەوازش بۆ عەبدولڕەقیب دادەنەوێنین، منیش سوپاسیان دەکەم، بەڵام تاقمی ڕەش هەڕەشەیان لە هەندێکیان کرد لەسەر ئەو ستایش کردنەیان بۆم و گوتیان ناوتان دەخەینە لیستی ڕەش، بەڵام هەندێکی دیکە گوتیان ئەوانە خۆیان ڕەشن، دەبێ لیستەی پێچەوانەیان سپی بێت نەک ڕەش.

لەو بەڵگەنامەی کە جیا بوون لە چوارده بەڵگەنامەکەی نێو وتارەکەم ئەوانیشم پیشان دان لەگەڵ ئاماژە کردن بۆ ناوەڕۆکەکانیان، لە وتارەکەشدا کەمێک ئاماژە بۆ بابەتەکەیان کراوە کە یەکێکیان بەڵگەنامەیەکە بە مێژووی (٦/ذي الحجة/١٢٦٣) بەرانبەر بە (١٨٤٧/١١/١٥ز) لە بارەی خان مەحموودی تەیموورخانی وانییەوەیە کە لە (رسجق)ی شوێنی دوورخستنەوەی لە بولغاریا نووسراوە بۆ وەزیری دارایی (مالیە ناظری) لە ئەستەنبوڵ و تێیدا داواکراوە بەشێوەیەکی کاتی مووچەیەک بۆ خان مەحموود دیاری بکرێ، تا ژنەکەی موڵکەکانی لە وڵات دەفرۆشێ تا خان مەحموود لەخۆی سەرف بکات و پێی بژی، ئەوەش پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی سوڵتان.

بەڵگەنامەیەکی دیکە ئەوەیە کە تێیدا نووسراوە ئەزدیشێر (عزالدین شیر)ی خائین کراوە بە فەرمانبەر لە ئەستەنبوڵ لە سنفی فەرمانبەرانی ئاخووری وڵاغ



(اصطبل عـامـره) بەڵام والی ئەیالەتی کـوردسـتـان مووچەی بڕیوە و ئەویش سکاڵانامەی پێشکەش کردووە تا مـووچەکـانی حـەوت مـانگی ڕابردووی بدرێتـەوە کـە دەکـاتە (٢٤,٥٠٠) قـورۆش. لەبەر ئەوەی ئەم کـەسـە، پشتگیری بەدرخانی نەکرد و خۆی داوەتە پاڵ دەوڵەت و دڵسـۆزی خـۆی بۆ پیـشـان داوە، مـافی خـۆیەتی ئەو پارەیەی بدرێتەوە و (١٠٠٠) قورۆشیش بدرێتە خێزانی لە وڵات و خـەڵاتیش بکرێت بە (٥٠٠٠) قـورۆش و وەزیفەیەکی لە ئەنقەرە بدرێتێ.

مـێـژووی ئەم بەڵگەنامـەیە (١٨/صـفـر/١٢٦٦) بەرانبەر بە (٥/١٢/١٨٤٩ز) ژمرەکەشی لە ئەرشیفی عوسمانیدا (A. A MD/ 16 / 33)یە.

لە پەراوێزیدا نووسـراوە مـەجلیـسی باڵا بڕیاری داوە ئیسماعیل پاشا والی ئەدرنە وەزیفەیەکی پێ بدا.

بەڵگەنامـەیەکی دیکە بە مـێـژووی (٣/ذی القعدە/١٢٦٣) بەرانبەر (١٣/١٠/١٨٤٧ز) ژمرەکەی (A. A MD/ 2 / 32) کە بریتییە لە لیستەی ناوی ئەو کەسانەی لەگەڵ بەدرخان و خان مەحموود گەیشتوونەتە ئەستەنبوڵ کە هەموویان (١٢٥) کەسن لەوانە کوڕانی بەدرخان تیلی و نەجیب و مستەفا و بەدر، برازاکانی ئیبراهیم و محەمەد و مەحموود و عەبدولکەریم لەگەڵ عەبدوڵڵا بەگی مامی و هەروەها چوار ژنی بەدرخان و نۆ جاریەی و موفتی عەبدولقدوس و شێخ عزرائیل و شێخ عەبدولغەنی عەبدولخالق (گۆران دەشتی) و عوسمان ئەفەندی کاتبی بەدرخان و تاهیری مەمۆی زیۆکی ئەفسەری سەرۆکی حەرەسەکانی شاری جزیرێ و عوسمانی برای و حاجی ئاغا ئەفسەری پێشتری حەرەساتی شاری (مدیان) و کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە لە تاقمی خان مەحموودیش عەبدولعەزیزی کوڕی و براکانی عەبدوڵڵا بەگ و میر سخوی بەگ و عەبدوڕەزاق بەگ و خالید بەگی گێسان و مستەفا بەگی خەلاتی و مستەفا و سەعید و محەمەد و ئەبرام.

پاش بەدرخان بە دوو ساڵ ئەوجا میری هەکاری (نوروڵڵا) تەسلیمی حکومەت بووە لە ساڵی ١٢٦٥ کۆچی بەرانبەر (١٨٤٩ز) ئەوەش پاش ئەوەی ئێران ڕازی نەبوو بچێتە نێو سنووری و پەنای بۆ ببات. پاش ئەوە دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری دا (نوروڵڵا)ی لە هەکاری دەربێخی و داوای لێکرد خۆی تەسلیم بکات بەبێ شەڕ ئەویش نامەیەکی بە فارسی بۆ دەنووسێت و تێیدا تەسلیم بوونی خۆی ڕاگەیاند.

پاش لەنێوچوونی شۆڕشی بەدرخان بەدوو، یان سێ ساڵ دەوڵەتی عوسمانی هەر ترسی لە کورد هەبوو، باروودۆخەکە بەتەواوی وەک دەیویست ڕوون و بێگەرد نەببوو، لەبەر ئەمە قایمقامی وان محەمەد پاشا دووجار داوای لە والی ئەیالەتی کوردستان کرد تا داوا لە دەوڵەت بکات بە شێوەیەکی کاتی مووچە بۆ سەرۆکی هەندێ لە عەشیرەتەکانی کورد ببڕێتەوە کە سەر بە شۆڕش بوون و دڵیان بداتەوە تا دژی دەوڵەت نەجووڵێنەوە و ئەویش بۆ مەجلیسی باڵا لە ئەستەنبوڵی نووسیبوو، مەجلیسیش ڕەزامەندی سوڵتان (عەبدولحەمید)ی وەرگرت وەک لەم بەڵگەنامەیەدا نووسراوە کە ناوی ئاغاکانی تێدایە لەگەڵ بڕی مووچەی هەریەکێکیان کە ئەمانەن:

١- عەبدال ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی حەیدەران.
٢- عەلی ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئادەمان.
٣- یەعقوب ئاغا و سەعدۆ ئاغای سەرۆکی ڕەشید بلی.
٤- کەلەش ئاغا سەرۆکی شکاک.
٥- مستەفا ئاغا سەرۆکی ملان.
٥- جانۆ ئاغا سەرۆکی ئێزیدیان.
٦- ڕزقۆ ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی حەسەنان.

ئەمەش وێنەی بەڵگەنامەکەیە کە ژمرەکەی لە ئەرشیفی عوسمانیدایە. (A.A MD/ 23 / 83).

شایانی باسە ئێستا دەستم کردووە بە ئامادەکردنی ئەم (١٢٢) بەڵگەنامەیە بۆ لێکۆڵینەوە و چاپکردن، کە لەلایەن هێژا مەلا عەبدوڵڵای وارلی تەرجەمەکراون بۆ کوردی کە هەر لە ئەستەنبوڵ نوسخەکانم پێ دایەوە و تەرجەمەکانیانیم لەلایە، بەڵام مخابن بەڵگەنامەکان دراونەتە خەڵک و بە ئەمانەت نەپاراستراوە.

چونکە ڕۆژی (٢٨/٤/٢٠٠٥) قوتابی ماجستێر ماجد محەمەد یووسف دهۆکی سێزدە دانەی لەم بەڵگەنامانە، لەوانە نامەی دایکی ئەزدیشێری بردووەتە لای برام مەلا ئەحمەد تا بۆی تەرجەمە بکات و ژمرەکانی مەلا عەبدوڵڵایان لەسەرە کە لەسەر هەمان تەرجەمەکانیان هەیە لەگەڵ نیشانەکانی دیکەی سەر بەڵگەنامەکانم.

نازانم چۆن گەیشتوونەتە دەستی کاک ماجد کە لە میهرەجانی بەدرخاندا خۆی بەمن ناساندووە و نەیزانیوە ئەو بەڵگەنامانە هی منن!

دەنا نەیاندەبردنە لای برام و گوناهی نییە، هەرچۆن بێ ڕازی نیم هەر کەسێک ئەو بەڵگەنامانەی کەوتبنە دەست، بڵاویان بکاتەوە، جگە لە منیش کەسی دیکە نەیتوانیوە ئەو بەڵگەنامانە لە ئەرشیفی عوسمانی فۆتۆکۆپی بکات.

# پوختەیەک لە بیروباوەڕی زەردەشتی

هاشم سەڕاج

ئەم شاکارە لە نووسینی پرۆفیسۆر «ر.س. زێهنەر»ە و ئازاد حەمە شەریف لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و پێشەکییەکی تێروتەسەلی سەبارەت بە «کۆمەڵگەی ئاریایی» و «ئاریان ڤاچ» بۆ نووسیوە... ئازاد لە پێشەکییەکەدا دەڵێ: دوا بەدوای کۆچ و ڕەوی یەک بەدوای یەکی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە لە مێژوودا بە «هیندو ئەوروپی» ناسراون تێکنانی بنەوبارگەیان لە باشووری دەشتی سیبیریای ڕووسیاوە لەنێوان گۆمی ئارال و ڕووباری دانوب و بڵاوبوونەوەیان بە ناوچەکانی دەوروبەردا و شۆڕبوونەوەی هێندێک لەو هۆزانە بەرەو چیاکانی زاگرۆس و گیرسانەوەیان لە دەوروبەری «گۆمی ورمێ» و.. تا تێکەڵبوونیان لەگەڵ دانیشتووانی لەمەوبەر نیشتەجێبووی ئەو ناوچانە کە بە «میتانی» ناودەبرێن و کە ئەوانیش هەر «هیندو ئەوروپی» بوون... هەروەها دەرکەوتنی کۆمەڵە مرۆڤی «ئاریان ڤاچ» لەسەر گۆرەپانی مێژوو دەژمێردرێن.

هەروەها وەرگێڕ لە هەمان پێشەکیدا دەڵێ:

سەرچاوە ئاشوورییەکان بۆ یەکەمین جار ئاماژەیان بەدەرکەوتنی دوو کۆمەڵە مرۆڤ کردووە لە ناوچەی خوارووی دەریاچەی ورمێ «Parsua» (پارس) لە ساڵی ٨٤٤ پ.ز Media (ماد) لەساڵی ٨٣٦ پ.ز، ئەوەیە کە دەرکەوتنی ئەو دوو گرووپە مرۆڤە لەناوچەی کوردنشینی کوردستانی ئێران بووە.. هەروەها دەڵێ: هەڵبەتە «میتانی» و «هوری»یەکان لە چاو «ماد» و «پارس»ەکان دامەزراو و جێگر و پێشکەوتووتر بوون، چونکە ئەوان دەمێک بوو لە کۆچەرییەوە ببوونە گوندنشین و لەلایەنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەشەوە ئەوان زۆر لە «ماد»ەکان ڕێکوپێکتر بوون، بەڵام وەک زۆرجار لەمێژوودا ڕوویداوە کە هێزی خێڵەکی دەتوانن، خەڵکانی لەخۆیان پێشکەوتووتر لەلایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە داگیربکەن.. «ماد»ەکان بە ئاسانی توانیان خۆیان لە ناوچەی «میتانی» و «هوری»یەکان بکەنە خاوەنی ئیمپراتۆریەتێکی مەزن... میتانی و هورییەکان بەچەشنی مرۆڤی پێشینان دیاردە سروشتیە بەختهێنەرو ترسێنەرەکانیان دەپەرست، «ماد» و «پارس»ەکانیش بەر لە پەیدابوونی زەردەشت هەروەک تیرەکانی دیکەی هیندی ئەوروپی چەندان چەشنە هێزی سروشتییان پەرستووەو لەوانە ڕۆژپەرستی بەناوی «میپرا»، پەرستنی مانگ «ماه» و زەمین بەناوی «زەم» Zam و ئاگر بەناوی «ئاتار» Atar، با بەناوی ڤاهیو Vahyu و ئاو بەناوی «ئاپەمر- نەپت» Apam- napt هەروەها خوای ناوداری هات و ئاوانیان پەرستووە بەناوی «ئاناهیتا –Anahita» ئەم

تێکەڵ و پێکەڵ بوونەی بیروباوەڕی میتانی و هوری لەگەڵ ماد و پارسەکاندا هەر لەسەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە تا سەردەمی دەرکەوتنی «زەردەشت» لە گڕو جۆش و تین و توانای خۆی بەردەوام بوو.. تا لەوساتە پڕ پشێوی و نائارامییەدا بوو کە زەردەشت «٦٣٠/٦١٨- ٥٥٣/٥١٤ پ ز» لە دایک بوو لەناو کۆمەڵگەیەکی ئاوەها چاوی کردۆتەوەو لەناو کارەساتی وا جەرگبڕدا ژیاوە... تاد. هەروەها دەڵێ زەردەشت بۆیە بەتوندی لەدژی ئەو خێڵە کۆچەرانە وەستاوە، چونکە هەر ئەوان بوون لێنەدەگەڕان ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە بەرقەرار بێت، لەسایەی ئەو بارە ناهەموارەی ئەوانە بۆ گوندنشینان و جووتیاران خولڵقاندبوویان نە ناوچەکە پێش دەکەوێت و نەگوند پەرە دەسێنێت بۆ ئەوەی ببێتە شار و نە سەرەنجامیش کۆمەڵگە بەرەو بە شارستانیبوون دەچێت.

لە سەرێکی دیکەوە کاتێک دەیڕوانیە خەڵکانی «ئاریان ڤاچ» دەیبینی هێشتا هەندێکیان هەر بە کۆچەری و ڕەوەندی دەژین و هەست بە هیچ لێپرسراوێتییەک ناکەن و بۆ پێشخستنی ناوچەکەیان «کە بێگومان ئەمەش شەقڵ و سیمای هەموو کۆمەڵگەیەکی کۆچەری و ڕەوەندانە، چونکە کۆچەرو ڕەوەند وەک قەرەجن و هیچ شوێنێک بە وڵاتی خۆیان




نازانن.. بۆیەش هیچ ڕۆڵێک نابینن لە خزمەتکردنی ئەو ناوچانەی بۆ ماوەیەکی کورت ژیانی لێ دەگوزەرێنن.»
پاشان کاک ئازاد دەربارەی ماڵیکردنی «ئەسپ و گا» لە کۆمەڵگای «ئارىایی»دا دەدوێ کە بۆ ئیش و کاری جووتکاری و کشتوکاڵ سوودیان لەو ئاژەڵانە وەرگرتووە.. هەروەها بۆ ڕاکێشانی ڕەتە «عەرەبانە».. من لەیرەدا لە هەندێ بیروبۆچوونی وەرگێر جیادەبمەوە کە لە پێشەکییەکەدا سەبارەت بە خەسڵەتی قۆناخی ڕەوەندایەتی و کۆچەرایەتی دەدوێت. ئەگەر لە قۆناخی کۆچەرایەتی و ڕەوەندایەتی بڕوانین کە لەلای هەموو گەلانی دنیادا بە قۆناخێکی پڕ لە پیت و فەڕو بەرەکەتی [لیریکی] لە قەڵەم دەدرێت چونکە ڕەوەند لەگەڵ ماڵات و وڵسات و دنیای کاروان و سروشتدا دەژین و ژەمیان بەرهەم و بەروبوومی ئەو ماڵات و سروشتەیە کە بە ئولفەت و هۆگری دەگەڵیان دەژیێ و ڕەوەند میهردۆست و سروشتدۆست و میواندۆست و ئازاو جەربەزەو عەگید و تیرەنداز و ئەسپسوار و پەروەردەی خەسڵەتەکانی بەرائەتن، دەروونیان پڕاوپڕ لە میهرو عیشق و هزرو خەیاڵیان بە ڕەنگاوڕەنگترین شێوەی ئازاد و سەربەست ڕسکاوە.. هەر میللەت و نەتەوەیەکی ئەم سەرزەمینە پان و پۆڕەش خاوەندی کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبی فۆلکلۆری سەردەم و دەورانی کۆچەرایەتییە.. خۆ ئەگەر لە توخم و ڕەگەزەکانی هەندێ تێکستی فۆلکلۆری کوردی بڕوانین بەتایبەتی دەقە لیریکییەکان کە لێوانلێون لە عیشق و حەسرەت و سۆزو سۆزان و میهرو سەودایی و فیراق و مەرگ و لاڵانەوەو دوعا و نارەنار و سۆز، هەروەک حەیران و هۆرەو ئای ئای و قەتار و... تاد، دوور نییە هەندێ لەو مۆتیڤە زیندووانە سەر بە قۆناخی کۆچەرایەتی بن.. پاشان زۆربەی بیرمەندانی «پۆست مودێرنە» جەخت لەسەر ئەو قۆناخە ڕەوتەنییەی قۆناخی ڕەوەندایەتییە دەکەن، کە بە بەختەوەرترین تەمەنی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدەن و ژیانی پڕ عیشق و سەودایی لە موسافیرخانەی زیندەگیدا، هەروەها غەجەر- قەرەج- کە وەک حاڵەتێکی واڕسکی بڕوایان بە نیشتەجێبوون نییە. ئەوان بەتێڕوانینێکی شیعرییانە لە گەردوون و مەرگ و زیندەگی دەڕوانن.. هەموو دابونەریت و عەقڵانییەتی ئەم جیهانە لە تاقە نەغمەیەکی بەختەوەریدا دەدۆزنەوە- ڕاستە غەجەر ڕەوتەنی و موسافیرو گەریدە و گەڕاڵن و ئەگەر یەکێ لە ئازیزترین کەسیان لەنێو گالیسکەیەکدا بمرێ یەکسەر گالیسکەکە دەسووتێنن، غەجەر بێ گۆڕستان و بێ شوناس و بێ زێدو

مەفتەن و وار و ولاتن- بەلام هەست و عیشق و بۆچوون و جۆری ژیان و هەلسوکەوتی ڕەوەند و کۆچەران کە گەرمیان و کویستان دەکەن زۆر لە غەجەران جیایە.. ڕەوەند عیشقی مێرگ و زەمەند و قەدپاڵ و هاموونە سەوزو تەڕچکەکانی کاکی بەکاکین و ئەوان عەتری سروشت هەڵدەمژن و بەبۆنی خاک مەست دەبن و ولساتەکانیان خۆشدەوێ.. ڕەوەند بارستێکن لە نەخشە تەلیسماوییەکانی پۆشاک و جلوبەرگی ڕازاوەو جوان. من بڕوا ناکەم «زەردەشت»ی پەیامبەر لە دنیای جوان و پڕ بەرائەتی ڕەوەند و کۆچەرییان بێزار و بۆژۆ بووبێ.. ڕەوەند هەڵناکوتنە سەر ماڵ و گوندی خەڵکی ئەوان دەوارنشینن و لەنێو سیاماڵی ئەڤیندا گۆرانی و بەیت و لاوژە بۆ قەدەرو جوانی دەچڕن و ڕەوەند شەیدای کەشوهەوای تاوڵ و خێوەتن و کاریان بەسەر تالان و چەپاو و تاراجکردنی ئاشتەبای خەڵکان نییە.. دەشێ لەوێ قۆناخدا چەندین دەستەو گرۆ لەو هۆزو عەشرەت و خێلانە لەنێوان خۆ ڕێککەوتبن و ئارامیان لە خەڵکی گوندنشین بڕیبێ و دەستیان بە تالانوبڕۆ کردبێ و ئەگەر نموونەیەک لە دەورانی هونەری شیعری عەرەبی بێنین دەبینین کە «بەیتی هەڵبەست» مانای «ڕەشماڵ» دەگەیەنێ، وتد= سینگە و مصرع نیوەی ڕەشماڵەکەیەو، سیب ئەو پەتکەیە کە ڕەشماڵەکەی بە سینگەوە پێ توند دەکرێ، عەرووز= نێوانێکە لەناو ڕەشماڵدا شوێنی ژنان لە هی پیاوان جیادەکاتەوە واتا ئەم زانیارییە شیعرییە سەربە قۆناخی بەداوەی سارانشینی عەرەبە کە هەمان قۆناخی کۆچەرایەتییە هەروەها ئەگەر لە «ئاڤێستا» بڕوانین و گوێ بۆ یەسناو گاتاکان هەڵخەین هەست دەکەین لێوانلێوە لەو هەستە کۆچەری و ڕەوتەنیانەی ژیان و مەرگ و عیشق و جوانی کە ناکرێ سەرپاکی بەش و پاژو بەندو بەهرەکانی «ئاڤێستا» بەکتێبێکی پیرۆزی پەروەردەیی و فێرکاری لە قەڵەم دەین بڵێین «ئاڤێستا» کتێبێکی سەد دەر سەد عەقلانییە و خاڵییە لە میهرو خەیاڵە جوانەکان- چونکە «ئاڤێستا»ش مانەندی کتێبە پیرۆزەکانی تر بە حەشاردراوی یان ڕاستەوخۆ لە گەوهەر و مەتندا هەڵگری گوتارێکی میتافیزیکییە.. کە دواین چرکەسات هەر هەموومان دەگەڕێینەوە بەر قاپیە میهرینەکەی مەلەکووتی «ئاهورامەزدا»وە ئەمێستا هەوڵ دەدەین تۆزێ لە دنیای شاکارە مەزنەکەی.. پرۆفیسۆر: ر.س. زیهنەر بڕوانین سەرەتا با هەندێ وشەو زاراوەی زەردەشتی بخەینە ڕوو.. ئەنجا لە چەمک و پوختەی هزرو بۆچوونەکانی ئەم کتێبە بە نرخ و بەهایە بدوێین.

گاتاکان = گۆرانی یاخود سروود

یەشت= لاوژەی قوربانی کە ئاراستەی خودا جۆراوجۆرەکان کراون

ڤەندیدە= ڤیدێڤدات= یاسای دژ بە درنجەکان

یەشت= ئایینی یەشت کە بادانەوەیە بەرەو بوتپەرستی فرەپەرستی.

کۆستی= پشتێنی زەردەشتی، کوڕوکچی پانزە ساڵان دەیبەستن.

ئەهریمەن= خراپی، مەرگ، تاریکی، فریودان

ئاهورامەزدا= سەرپاکی چاکی و ڕووناکییە

ئاهورامەزدا= تاپایەی خودایەکی ڕاستەقینەی تاک بەرز کرایەوە کە هەموو هێزە خواییەکانی دی لەوەوە پەیدا بوون، لە دژی ئەو خودایەش «ئەهریمەن: کە گیانی وێرانکارە وەستاوە، «مرۆڤ سەر بە خودایە و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێتەوە».

«زەمەنی ئوهرەمەزد هەر بووەو هەر هەیەو هەر دەبێت». «ئەهریمەن» سەرەتای نییە بەلام کۆتایی هەس، ئەو بووەو هەیە، بەلام نامێنێت.

«مرۆڤ خوڵقاوی خودایە و بۆیەش سەربە ئەوە. خودا پشت بەیارمەتی مرۆڤ دەبەستێت بۆ بەزاندنی دوژمنە هەتا هەتایەکەی».

«ئاهورامەزدا لەلایەن شەش «ئەمەهرەسپەند»یان «نەمرە بەخشندەکان» و لەلایەن یەزدان یان خواکانیشەوە یارمەتی دەدرێت. فریشتە... ئەهریمەنیش لەلای خۆیەوە لەلایەن کۆمەڵێک درنج خزمەت دەکرێت.. زۆربەشیان خراپەی کەسێندراون وەکو ئارەزوو، تووڕەیی، تەوەزەلی، کوفرکردن. شەڕگەشیان ئەو گەردوونە ماتیریالیەیە کە ئاهورا وەک چەشەیەک خوڵقاندوویەتی بۆ ئەهریمەن کە ئەهریمەن و درنجەکانی لە پێناو سەرکەوتن تێیدا دەجەنگن.»

«بزانە کە ئاسمان» باشترین جێگایەو شانشینی گیان «مێنوک» هەرە خۆشەو کۆشک یان باڵەخانەی «دێم» ئاسمان هەرە ڕۆشنەو بەهەشت «گەرۆدمان» خانەیەکی پرشنگدارە و کردنی کاری چاک ئاواتی مەزن بە لەشی دوایین دەبەخشێت کە هەرگیز لەناو ناچێت..

«شەیتان (ئەهریمەن) لە بەرامبەر دژی خودادا وەستاوە، ئەویش وەک خودا گیانێکی پەتییە، ئاهورامەزدا دوژمنی هەتا هەتایەن و چ زوو چ درەنگ جەنگێک لەنێوانیان هەر دەقەومێت.»

«لەوکاتەی ئەهریمەن تێک شکێنرابوو ئوهرەمەزد

جیهانی خۆی خولّقاند.»

«شوێن و ئایین و کاتی ئۆهرەمەزد هەر هەبووەو هەر هەیە و هەر دەشبێت.»

«لەو بووە مەتیریالیانەی یەکەمجار ئوهرەمەزد خولّقاندی ئاسمان بوو، ئوهرەمەزد لە جیهانی مەتیریالیەوە یەکەمجار ئاسمان و دووەم ئاو و سێیەم زەوی و چوارەم ڕووەک و پێنجەم ئاژەڵ و شەشەم مرۆڤی خولّقاند» پاشان ئاگری خولّقاند، گڕێکی هەڵایساند و بریسکەکەی لە «ڕووناکی بێ کۆتاییەوە» وەردەگرت، شێوەیەکی نازداری پێ دا کە تەنانەت ئاگر دڵی پێ خۆش بێت «گیانی ئاسمانیش بە هەمان جۆر لەناو ئاسماندا پۆشراوە جا «ئوهرەمەزد» بۆ ئەوەی یارمەتی ئاسمان بدات خۆشی پێی «بەخشی» چونکە ئەو خۆشی لە بۆ خاتری وی خولّقاندو تەنانەت ئێستا لەو ڕەوشە تێکەڵ و پێکەڵێەشدا جیهان لە خۆشیدایە.

پێنجەم جار ئەو «گا»ی تاقانەی لە «ئێران ڤێژ» لە ناوەندی زەوی خولّقاند لەسەر کەناری ڕووباری «ڤیهدایتی» چونکە ئەوێ ناوەندی زەوییە، ئێران ڤێژ= بە واتا ئەو شوێنەی کە بە زمانی ئێرانی داخڤن و قسان دەبێژن- و.ک-»

«کەچی گیانی وێرانکەری نەفرەتلێکراو لە ترسی مرۆڤی پیرۆزکراوە ئاسوودە نییە»

«چونکە بۆشایی کەوتۆتە نێوان بنەما یەکەمەکانی ڕووناکی و تاریکی»

- جا گیانی ئاسمان بەگیانی وێرانکاری گوت «> تاکو< کۆتایی زەمەن دەبێ من لەسەرەوەی «تۆوە» چاوەدێر بم تا مەودای ڕاکردنت نەدەم.

«جا «کەیۆمەرس» گوتی ئێستاکە هێرشکار هاتووە، مرۆڤ لە تۆوی منەوە پەیدا دەبن وا چاکترە ئەوان کاری چاک بکەن»

لێرەدا پرۆفیسۆر. ر.س. زێهنەر ئاماژە بە «سانت ئوگەستین» دەدا کە چلۆن لە ڕێگەی «مانەوی»یەتەوە لایەنی سۆفیگەری هێناوەتە نێو ئایینی مەسیحیەتەوە، چونکە «مانیایەتیش» بێ چەندوچوون وەک زەردەشتایەتی دوولایەنخوازە.

بەڵام بە جیاوازییەکەوە «مانیایەتی» خراپەکاری و مادە، چاکەو ڕۆح یەکسان دەکات.

بۆیەش بەجۆرێکی تایبەتی وەکو بناغەی بیروباوەڕی هەموو جۆرێک لە سالیک گەرایەتی و گەلێ جۆری سۆفیگەرایەتییەوە زۆر گونجاوە، بیر و بناغەییەکەی «مانەویەت» ئەوەیە کە ئەو جیهانە لە مادەی شەیتانییەوە دروست کراوە زۆر بەقوولّی لەلایەن زەردەشتییەکانەوە بێزلێکراوبوو.»

لەلای زەردەشتییان لەش ڕێزی بنەڕەتی خۆی هەیە، ئەوەش ڕاستە کە لە ڕۆح نزمترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزدارە..»

«وەک مانییەکان دەڵێن «خراپە نە جیهان خۆیەتی و نە هی ئەم جیهانەشە»

پرۆفیسۆر. ر.س زیهنەر بەدووروودرێژی لە بۆچوون و تێڕوانینەکانی «مەردان فەرخ» دەدوێ... «گەردوون ڕاستییەو بەپێی بیروباوەڕی زەردەشتییان سەرمەدی نییە، بەڵکو سەرەتایەکی هەیە، خوداش دروستکەریەتی نەک ئەهریمەن «چەرمەسەری و مەرگەکە لەش تێکوپێک دەدات نەک کردگار کە خواستی چاکەیەو لەش دەپارێزێت و دەیهێڵێتەوە».

«کەیۆمەرس» باوکی یەکەمی ڕەگەزی مرۆڤە، ئەو یەکەم مرۆڤە بەوەی کە هەموو مرۆڤێک لەوەوە پەیدا دەبن بەڵام ئەو خۆی نیمچە خوایەکە بەوەی کە کوڕی «ئوهرەمەزد» و «سپەندەرمەت» زەوییە.. ئەو لەشێوەدا خڕو درەوشاوەیە وەکو خۆر «کەیۆمەرس»ی مرۆڤی پیرۆزکراو.. ناچارکراوە کە لەگەڵ هاوسەری «ئەهریمەن» سۆزانی بەرایی جووت بێت.»

«ئایینی چاک، وشەی خودایە کە لەسەر زەوی ئاشکرا کراوە، هەموو ئایینەکانی دی لە «ڤەرەن» (کوفر)ەوە گیراونەوە، وشەی سەرەتاییان ئەوەیە کە خراپە لەلایەن کردگارەوەیە.»

«خودا هاوڕێی مرۆڤە و هەرگیز هەرگیزاو هەرگیز لە هیچ بارودۆخێکدا لەبەر هەر چ هۆیەک بێت وای لێ ناکات ئازار بچێژێت.»

«بیری چاک و گوفتاری چاک و کرداری چاک» تەنیا لە «سۆشیانز» ڕزگارکەری بەڵێن پێدراو کە لە ڕۆژانی دواییدا لە تۆوی زەردەشتەوە پەیدا دەبێت.. «هومەت» و «هووخت» و «هوڤەرشت» واتە بیری چاک و گوفتاری چاک و کرداری چاک..» لە ئایینی زەردەشتیدا خەڵکی بەسەر چوار چین دابەش دەکرێن:

چینی موغان و چینی جەنگاوەران، چینی جووتیاران و چینی پیشەگەران.»

یەسنا= یاخود قوربانیدانی زەردەشتی.

یەسنا بە دەوری ڕووەکی پیرۆزی «هەوما»یان «هۆوم»دا دەخولێتەوە ڕووەکێکە کە لە بنچینەدا لە چیاکانی ئێراندا ڕواوەو بەڕوونی ئەدگاری سەرخۆشکەرانەی هەیە، «ڕۆحی هەر مرۆڤێک دوای

ئەوەی لەم ژیانە جیا دەبێتەوە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژی پڕ نیگەرانی لە جێگەیەکی زۆر نزیک لە لەشی مردوو، خول دەخوات و لە ڕۆژی چوارەمدا ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە.»

«مرۆڤی بەر نەفرەتکەوتوو دەمرێت، دەڵێت بۆ کوێ بچم و پەنا بۆ کێ بەرم؟»

– بەرەو پردی پاداشت و سزا «چینڤەد» «ڕۆحی ڕزگاربوو دەگاتە ڕووناکی بێ کۆتایی کە ئەوێ ئەوپەڕی بەختەوەرییە: خۆشترین خواردن کە لەلایەن خودا گیانییەکانەوە پێشکەشی پیاو و ژن دوای لێک جیا بوونەوەی هۆش و لەش بکرێت هەمیشە سەرتوێژی سەرەتای بەهارانەو ئەوەشە کە لەسەر تەختێکی گەوهەرڕێژی داینێن.. تا هەتا هەتایە لەگەڵ خودا گیانییەکانەوە لە سەرتاپای بەختیاریدا دەژیت.»

«کاتێک زیندووکردنەوەی مردووان دەست پێدەکات «سۆشیانز» و یاریدەدەرەکانی قوربانیدانی زیندووکردنەوەی مردووان بەجێ دەگەیەنن و لەو قوربانییەدا «گا»ی «هەزبەنز» دەکوژێتەوەو لە بەزی ئەو «گا»یە «هۆوم»یان «هەوما»ی سپی کە خواردنەوەی نەمرایەتییە ئامادە دەکەن و بەهەموو مرۆڤێکی دەدەن.

ئینجا هەموو مرۆڤ هەتا هەتایە نەمر دەبن. هەندێکیان کە زۆر ئازبزن کردگار دەڵێ بیانبەنە بەهەشتی «ئوهرەمەزد» کە شایەنیانە. «ئوهرەمەزد» وەک خاوەنی باغێکە یان وەک باغەوانێکی ژیرە کە دڕندەو باڵندەی زیانبەخش و وێرانکەر نیازیان وایە زیان بە میوەو درەختەکانی بگەیەنن و تێکی بدەن.

جا بۆ ئەوەی ئەو باغەوانە ژیرە خۆی لەو کێشەیە ڕزگار بکات و ئەو درنجە زیانبەخشانە لە باغەکەی دوور بخاتەوە، چەند ڕێگایەک دەدۆزێتەوە دەستگیریان بکات».

لەیرە پرۆفیسۆر ر.س. زبهنەر ئاماژە بە گوفتارێکی «داوود» دەدا کە دەڵێ: «ئەی شا، لەبەر ئەوەی تۆ هیچ پێویستیت بە ئێمە نەبوو، کەواتە پێم بڵێ چ ژیرێتییەک لە دروستکردنی ئەو دوو جیهانەدا هەبوو؟»

خودا پێی گوت: «ئەی مرۆڤی تەمەن کورت، من گەنجینەیەکی شاراوەبووم، ویستم ئەو گەنجینەیەی خۆشەویستی- بەزەیی بەخشندەییە بدۆزرێتەوە.»

«کە تۆوی «کەیۆمەرس» دەڕژێتە ناو زەوی دایکەوە، جا لە ماوەیەکی کورتدا، یەکەم جووتە مرۆڤ «مەشێ» و «مەشیانێ» لەسەر شێوەی چڵە ڕێواسێکەوە لەوەوە دەڕوێن، کەواتە بنەمای مێ، هەردووکیانە وەک «سۆزانی»ی ترسناک کە ئەوەندە زۆر چەرمەسەری بەردەداتە گیانی مرۆڤی پیرۆزکراو گای ڕەنجدەر کە بەکەڵکی ژیان نەیەن».

لە ئایینەکەدا وا گوتراوە کە «مەشێ» و «مەشیانێ» دوای ئەوەی لە زەوی ڕوان، یەکەمجار ئاویان خواردەوە، پاشتر ڕووەک، ئینجا شیرو دواتر گۆشت، مرۆڤیش هەروا دەکەن کاتێک ئەوان «وەختە» بمرن، یەکەمجار گۆشت و شیر لەخۆیان دەگرنەوەو پاشتر نان، بەڵام ڕێک و ڕاست تا ساتی مردن ئەوان ئاو دەخۆنەوە.»

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم شاکارە زەردەشتییە لە چەندین بەش پێکهاتووە، هەر چۆنی بێ دوای ئەوەی هەندێ سەرنجم لەبارەی قۆناخی کۆچەرایەتی دەربڕی ئەوەندەشم پێ کرا برگە گەلێکی زۆر لەو کتێبە دەگمەنە بۆ خوێنەری کورد بگوازمەوە.

لە کۆتاییشدا پیرۆزبایی لە کاک ئازاد حەمە شەریف دەکەم کە کتێبێکی وا بە نرخ و بەهاداری هەڵبژاردووەو بەوپەڕی دیقەت و پارێزو وردبینی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کۆتاییدا ئەو سەرنجەشم هەیە کە من وای بۆ دەچم پاشگری «کەدە» ڕاستتر بێ لە پاشگری «گەدە» کە پاشگرێکی شوێنییە وەک ئاتەشکەدە، مەیکەدە، شەوکەدە کە لە دیوانی «مەحوی» و زۆربەی تێکستە کلاسیکییەکانی ئەدەبی کوریدا بەم شێوەیە بەکار هاتووە.

**سەرچاوە:**

ناوی کتێب: پوختەیەک لە بیروباوەڕی زەردەشتی

نووسینی: پرۆفیسۆر. ر.س زبهنەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف

چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین/ هەولێر- کوردستان ٢٠٠٤

**وەرگێڕی کوردی ئەم تێبینییەی نووسیوە:**

**تێبینی:** ئەم کتێبە بۆ یەکەم جارە دەکرێتە کوردی و وەک من بیزانم بۆ عەرەبی و فارسی و تورکی وەرنەگێڕدراوە..

– سەبارەت بە بەیتی هەڵبەست «ڕەشماڵ» سوودم لە کتێبی «کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی» وەرگرتووە لە نووسینی عەبدولڕەزاق بیمار- چاپخانەی دار الحرية بغداد ساڵی ١٩٩٢

# یەزدانی– YEZDANI
# یان
# یەزدانییەت و یەزدانییەکان

مەهرداد ر. ئیزەدی
و/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین
(ئوسترالیا)

(٢ – ٢)

یەزدانی بە واتای (مەزهەبی فریشتەکان) دێت و لە ئێستاشدا تەواو گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ناوی ڕاستەقینەی خۆی وەک (ئایینێک) ون کردووە و (یەزدانی)ش بەشێوەیەکی مەجازی بەوکەسانە دەگوترێت کە پەیڕەوی ئەو ڕێبازە دەکەن.

یان ڕەنگە یەزدانی ناوێکی دیکەی یەزیدی بێت؛ هەروەک چۆن شەرەفخانی بتلیسی لە شەرەفنامەدا ئاماژەی بۆ دەکات و بە (ئیزیدی) ناویان دەبات. گەرچی جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە لەو دەمەدا (١٥٩٧ساڵی نووسینی شەرەفنامە) زۆربەی کورد پەیڕەوی مەزهەبی (سونی– شافعییان) کردووە، بەڵام هەر بۆ خۆشی ئاماژە بەوە دەکات.. کە تا ڕابردوویەکی نزیک هەموو بنەماڵە و بنەچەکانی کورد ئێزیدی بوون.

ڕەنگە ناوێکی دیکەی (یەزدانی)یەتیش (حەق) بێت کە بە واتای ڕۆحی ڕەها دێت و هەر ئەمەشە بۆتە هۆی دابەشبوونی بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا:

(ئێزیدی و عەلەوی و یاریسانی).. عەلەوییەکان لە ئێستادا، لە سووریا و تورکیا و بەرێژەیەکی کەمیش لەو ناوچانەی کە عەرەبی تێدا نیشتەجێیە هەن.

(یەزدانی)یەکان چ لە ئێستادا و چ لە ڕابردووشدا باوەڕیان بە تیشکی پیرۆز و حەوت فریشتەکە هەبووە.. ژمارە حەوتیشیان بە پیرۆز زانیوە و پێشیان وابووە کە لە حەوت هێزی خراپەکار دەیانپارێزێت؛ جگە لەوەی قەناعەتێکی ڕەهایان بە لە دایکبوونەوەی چەند جارەی ئافەریدەکار هەیە.

(یەزدانی)یەکان ڕۆح و ماتریاڵ بەشێوەیەک لە یەکدی جیادەکەنەوە.. کە ئیدی ڕۆحی ڕەها هیچ پێوەندییەکی بە دنیای ماتریاڵەوە نامێنێت و پێوەی خەریک نابێت. (حەق) یان ڕۆحی ڕەها لای (یەزدانی)یەکان وەک ئافەریدەکار مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و سەبارەت بە (حەوت) ژمارە پیرۆزەکەش پێیان وایە کە لە بەرپرسی گەورەی فریشتەکان و پێنج فریشتەی دیکە و ڕۆحی ڕەها پێک دێت.

بەرزترین پلەی ئایینیش لای (یەزدانی)یەکان (باب)ە.. کە لە زمانی ئارامی کۆندا بە واتای دەروازە دێت.

(میرزا عەلی محەمەد) لە چەرخی نۆزدەیەمدا ژیاوە و یەکێکە لەو زاتانەی کە گەیشتۆتە پلەی باڵای (باب– دەروازە) و دواتریش ڕێبازی ئایینی (بابی یان بەهایی) دامەزراندووە کە دیارە هەڵهێنجراوی بیرۆکەی ئایینی (Mithra– میترا)ییەکانە.. بە ماوەیەکی زۆر کەم لە ناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە؛ پاش کەمتر لە سەد ساڵێک ئینگلیزەکان لە بەسرەدا پێی ئاشنا بوون.. بەهۆی ئەوانیشەوە ئەم بیرۆکە ئایینییە گەیشتۆتە بەریتانیا.

(یەزدانی)یەکان چەشن و شێوەی خواپەرستنیان، دوور لە خەڵکانی بێ باوەڕ و غەیرە دین، بەشێوەیەکی پەنهان

و نهێنی بەڕێوە بردووە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە حوکمی باوەڕیان بە (ڕۆحی ڕەها)، ڕێبازە ئایینییەکانی تریان جودا و نامۆ نەبینیوە. پێیان وابووە کە پێغەمبەرەکان لەلایەن (ڕۆحی ڕەها)وە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی نێردراون. هەر بۆیە بە گیانێکی دۆستانە ڕوانیویانەتە پەیامی (مووسا و عیسا و محەمەد) و هەموو جۆرە ڕێبازە ئایینییەکانی تریش.

ئەم تێڕوانینە نەرمونیانەی (یەزدانی)یەکان بووە هۆی تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی ڕێبازی دیکەی ئایینی بە ڕێبازەکەیان، یان بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین نەرمونیانییان فاکتەری سەرەکی پەرتەوازەبوون و پەرشوبڵاوبوونەوەی خودی ڕێبازە ئایینییەکەیان بوو.

شایەنی باسە کە (یەزدانی)یەکان سەبارەت بە دروستبوونی دنیای ماتریاڵ و قیامەت تەواو هاوفیکری ڕێبازە ئاینییەکانی ترن و ئەوەی بەلاشیانەوە گرنگە ڕۆژی قیامەتە. هیچ کاتێک (یەزدانی)یەکان دەستەیەکی تایبەتیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە ئاینییەکانیان پێکەوە نەناوە. دەستەوسان و لەسەرەخۆ و بە ئەدەب ڕوانیویانەتە ڕێبازە ئاینییەکانی دیکە... گەرچی دینامیکییەت لە خودی ئایینەکەیاندا بەدی دەکرێت؛ بەڵام خۆبەدەستەوەدانیان هۆکاری سەرەکی پارچە پارچە بوون و هەڵوەشاندنەوەیان بوو.

هیچ کاتێک خەیاڵی دروستکردنی زاتێکی ڕەهای هاوچەشنی (مەسیح) و شاڵاوبردنە سەر ڕێبازە ئاینییەکانی دیکەیان نەبووە. هەر بۆیە لە چەرخی پانزەدا عەلەوییەکان وەک باڵێکی جیا وەدەرکەوتن.

دەکرێت میترائییەکان، زۆرواییەکان (Zorva)، مەزدەکییەکان (Mazdek)، حوڕەمییەکان (Hurrem)، کاراماتییەکان (قرامطه Kar-mati)،... بە باڵی جیاجیای یەزدانییەکانی لە قەڵەم بدەین، سەرباری کاریگەریان بۆ سەر مانییەکان (Mani)، ئیسماعیلییەکان (ismaili)، دورزییەکان بابی (بەهاییەکان) و زەردەشتییەکان.

مێژووی دەستپێکی ڕێبازی میترائییەکان دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠) ساڵی (پ.ز) واتە سەردەمی هێلینیستک (Helenistik)؛ کە دیارە لەو دەمەدا دژایەتی ئاینەکانی گریک و ڕۆمانەکانیان کردووە.. دواتریش بە ڕادەیەک کاریگەری خۆیان سەپاندووە کە ڕۆمانەکان لەماوەی (٢٧٤-٣٧٧)ی زایینیدا لە دایکبوونی (Mithra)ی خوداوەندیان لە (١٢/٢٥)ی هەموو ساڵێکدا یاد کردۆتەوە.. دیارە هەر ئەم مێژووەشە کە لای مەسحییەکان یاد دەکرێتەوە و بە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیح ناسراوە.

«ئێزیدییەکان.. عەلەوییەکان.. یاریسانییەکان..» [هەرسێ بەشە جیابۆوەکەی یەزدانییەکان] تا ئێستاش لە فیستیڤاڵ و کۆبوونەوەی ساڵانەی ئایینییاندا، لە کاریگەری (Mithras) (میتراس) ڕزگاریان نەبووە.. سەرباری بڵاوبوونەوەی ئیسلام و کاریگەرێتی لەسەر ئایینەکانی دیکەی ناوچەکە؛ هێشتاکە کاریگەری (یەزدانی)یەکان لەسەر کورد بەشێوەیەکی بەرچاو لە کولتوور و فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا ڕەنگ دەداتەوە. ڕاشکاوانەش لە هەڵسووڕانی ئایینی و چەشنی خواپەرستنییاندا ڕێزیان بەرامبەر بە شتە پیرۆزەکان لە باوەڕو قەناعەتیاندا بە (خدری زیندە) دەبینرێتەوە.

کوردەکان [یەزدانییەکان] پێیان وایە کە (خدری زیندە) نزیک کانی و سەرچاوەکان وەدەردەکەوێت. نهێنی و لوغزی (خدری زیندە)ش لای (یەزدانی)یەکان دەگەڕێتەوە بۆ بە زیندەبوون و نەمردنی.. پێشیان وایە ئەو سەرچاوە و ڕووبارانەی «خدری زیندە» بەلایدا گوزەری کردووە.. کیسەڵەکانی تەمەن درێژن و بە سیمبۆلێکی پیرۆزی دەزانن. لە سەرەتاکانی بەهاردا کوردە ئێزیدی و عەلەوی و موسڵمانەکان بۆ خاتری ڕۆحی (خدری زیندە) بە ڕۆژوو دەبن. پاشان بە کۆمەڵ و بەو بۆنەیەوە دەیکەنە جەژن.. لە کۆمەڵێکیشەوە بۆ کۆمەڵێکی تر، سات و وەختەکەی دەگۆڕدرێت.

ڕەنگە یەکێک لەو ڕێبازە ئایینییانەی کە دژایەتی (یەزدانی)یەکانی کردبێت (زەردەشتییەکان) بووبێتن. پێشم وایە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی (مەد MED) و کوژرانی دوا دەسەڵاتداری میدییەکان [Rkhti-Vega Azhi Dahak] «ڕکختی- ڤێگا- ئاژهی- زوحاک» زەردەشتییەکان جێگەی «یەزدانی»یەکانیان گرتبێتەوە.. هەر لەو دەمەشەوە دوا پاشا و دەسەڵاتداری میدییەکان [زوحاک].. چ لای زەردەشتییەکان و چ لای ئێرانییەکان بەخودی «شەیتان» لە قەڵەم درا؛ وەک لە داستانە میتۆلۆژییەکەی «شانامە»دا بە بەرجەستەکراوی خودی ئەو ڕاستییە دەبینرێتەوە لە چواندنی خودی [زوحاک] بە «شەیتان»!؟

جێی سەرنجیشە گەر بڵێین ناوی دوا دەسەڵاتداری میدییەکان (ئاژهی- زوحاک) لەلایەن (هیرۆدۆتێس)ەوە دەرەئەنجامی هەڵەی زمانەوانی شێواوە و بۆتە(ئاستیاگێس- Astyages).

شایەنی باسیشە زەردەشتییەکان لە زۆر ڕووەوە لە (یەزدانی)یەکان دەچن؛ هەر بۆ نموونە (ڕەبەن – ڕاهیب) و (کارمەندی تایبەتی ئایینییان) نییە و پرەنسیپ و

باوەڕە ئایینییەکان لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە.. بەو شێوەیەش ئیدامەی دەبێت.

خاڵێکی هاوبەشی تریشیان ئیمان و باوەڕی هەردووکیانە بە بوون و مەوجوودییەتی ئەو حەوت فریشتەیەی کە دنیا بەڕێوە دەبەن؛ سەرباری باوەڕی هەردوولایان بە حەوت فریشتە خراپەکە کە بەردەوام لە ململانێ و دژایەتی فریشتە باشەکاندان.

ڕەنگە ناوهێنانی (زەردەشت) وەک پێغەمبەرێک؛ تەنیا جۆرێک لە خولقاندن و خستنەپاڵی پرەنسیپ و باوەڕە ئاینییەکانی زەردەشتییەکان بێت بۆ زاتێک بە ناوی «زەردەشت»ەوە کە دیارە ئەمەش هاوکات و پەیوەست بوو بە بووژاندنەوەی بیرۆکەی «ئاریزم-ئارییەت»ەوە. پاش «١٤٠٠» ساڵ لە هاوژیانی نێوان (یەزدانی)یەکان و ئیسلامەکان؛ لە حاڵی حازردا دەکرێت زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوان (یەزدانی)یەکان و ئیسلامەکانیشدا ببینرێتەوە.. بە درێژایی مێژوو، لە دوو توێی پرۆسەی نەفیکردن و دژایەتیدا، هەموو هەوڵ و تەقەللای ڕێبازە ئایینییە جیاجیاکان، بۆ ڕیشەکێش کردنی (یەزدانی)یەت بەڕێوەچووە و هەردەم بەردەوام بووە.

بەپێی هەلومەرجی ئابووری ئەوکاتە [Mazdek- مەزدەکییەکان: کە کورتکراوەی ئاهورامەزدای زەردەشتییەکانە] توانییان شوێن جێگە و دەسەڵاتی ئایینی زەردەشتییەکان لەق بکەن و دواتریش ڕابەرێکی ئایینی «مەزدەکییەکان» توانی «قوباد»ی پاشا ساسانییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و لەسەر دەستی ئەو ببێتە مەزدەکی.

شایەنی باسیشە کە «مەزدەکی»یەتیش، تاڕادەیەک قاڵب و فۆرمێکی تری درێژەپێدانی یەزدانییەتە؛ هەژار و نەدار و دەست کورت و زۆر لێکراوان بە تەواوی بوونە مەزدەکی. دیارە هۆکاری ئەمەش، تێڕوانینی مەزدەدەکییەکان بوو بۆ دنیا کە پێیان وابوو ماڵ و موڵک دەبێت هاوبەش بێت و بە یەکسانی و تەبایی دابەش بکرێت.

ئەو خاوەندارێتییە هاوبەشەی کە مەزدەکییەکان باسیان لێوەکردووە بۆتە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی زۆر لە پسپۆڕان و نووسەران؛ هەر لەو سۆنگەیەشەوە بە یەکەمین بزووتنەوەیەکی هاوبەشگەرێتی یان «سۆسیالیستی»یان لە قەڵەم داوە.

پاش پاشگەزبوونەوەی «قوباد» لە مەزدەکییەت و گەڕانەوەی بۆ سەر ئایینی زەردەشتییەکان، لە سەردەمی «ئەنەوشیروان Anoshervan»ی کوڕیدا؛ مەزدەکییەکان دوچاری جینۆسایدێکی بێ وێنە بوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە ماوەیەکی کەم پاش ڕووخانی ساسانییەکان بۆ جارێکی تر سەریان هەڵدایەوە. لە ئێستاشدا لەنێو خۆشناوەکانی نێوەڕاستی کوردستاندا، لە یەکێک لە باڵەکانی ئەو عەشیرەتەدا، هێشتاکە ئیمان و باوەڕی ئایینی مەزدەکییەکان بەردەوامە.

حوڕەمییەکانیش وەک ڕێبازێکی ئایینی باوەڕیان بە دۆنادۆن- استنساخ الارواح- هەیە و لە ڕووی هاوبەشێتی و خاوەندارێتی گشتی موڵکیەتیشەوە لەگەڵ مەزدەکییەکاندا هاو فیکرن.

(ناسح کورد)یان وەک «مەسعودی» مێژوونووسی عەرەب بە «ناسر کورد» ناوی دەبات. بارەگاکەی لە ئازەربایجاندا بووە و یەکێک بووە لە سەرکردەی حوڕەمییەکان.

بە مەبەستی دامرکاندنەوە و خەفەکردنی ڕاپەڕینی حوڕەمییەکان، لەشکری ئیسلام بە سەرکردایەتی «موعتەسیم»ی خەلیفەی عەباسییەکان هێرش دەکەنە سەریان و بەپێی نووسراوێکی «تەبەری» مێژوونووسی عەرەب هێزە عەسکەرییەکانی سەر بە خەلیفە، شەست هەزار لە سەرباز و هاودینەکانی (ناسح یان ناسر) دەکوژن و خودی «ناسح یان ناسر»یش ناچاردەکەن کە لە ساڵی (٨٣٣)ی زایینیدا پەنا بۆ ئیمپراتۆریەتی بیزانسییەکان (Bizans) ببات.

سیمبۆلی مەزدەکییەکان و حوڕەمییەکان، ڕەنگی سوورە، کە چ لە جل و بەرگیاندا و چ لە ئاڵاکانیاندا دەبینرێتەوە و بە (مرۆڤە ئاڵا سوورەکان) یان بە (مرۆڤە جل سوورەکان) ناسراون.

ئەم سیمبۆلە لە چەرخی چوارده و پانزەدا لە کڵاوە سوورەکانی عەلەوییەکاندا ڕەنگی دایەوە و بە «قزڵ باش» «سەرسوور یان کڵاو سوور» ناوبران.

لە چەرخی پانزەدا «محەمەد نورباک Muhamed- Nurbak» لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا ڕێبازێکی سۆفیستی «سۆفیزم»ی هاوشێوەی (یەزدانی)یەتی هێنایە کایەوە. «شێخ ئەحمەد» لە چەرخی هەژدەدا وەک کەسایەتییەکی ناسراوی دوا زنجیرەی ئەو ڕێبازە، نیمچە دوورگەی عەرەبی جێ هێشتووە و چۆتە ئێران.

شایەنی باسیشە، کە لێکچوونێکی بەرچاو لەنێوان بزووتنەوەی «مەزدەکییەکان» و ڕێبازە سۆفیستەکەی «شێخ ئەحمەد»دا هەیە. بەتایبەت لە ڕووی (Sosyo-Ekonomik- ئابووری- کۆمەڵایەتی)یەوە. سەرباری باوەڕی هەردوولایان بە گەڕانەوەو هاتنەوەی (مەهدی) یان (مەسیح).

بە درێژایی مێژوو ئەم ڕێبازە ئایینییانە دوچاری زۆر تانە و تەشەر و ڕەخنەی خەڵکانێک بوونەتەوە کە (یەزدانی)یەکان و عەلەوییەکان و مەزدەکییەکان و ڕێبازە ئایینییەکانی دیکەشیان، بە مومارەسەکردنی سێکسی بە کۆمەڵ تاوانبار کردووە.

هەروەک لەمڕۆشدا خەڵکانێکی زۆری ناوچەکە باوەڕیان وایە، کە لە «ئەنادۆڵی کوردستانی تورکیا» و «ئێران»دا لە شەوێکی تایبەتدا چرا دەکوژێنرێتەوە و بە کۆمەڵ مومارەسەی ئەو چەشنە سێکسە دەکرێت؛ دیارە هەمان چەشنە تاوانبارکردن و تۆمەتیش عەلەوییەکانی تورکیا و سووریا و ئیسماعیلییەکانی ئەفغانستان و دورزییەکانیش دەگرێتەوە. پێشم وایە کە ئەم چەشنە تۆمەت هەڵبەستن و پروپاگەندانە هەر لەمێژەوە و تا ئێستاش بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ئەو ڕێبازە ئایینییانە بەڕێوەچووە.

ئەوەی بەلاشمەوە سەیر و سەمەرە و جێی سەرسوڕمانە، ئاماژەکردنەکانی هێنری ڕاولنسۆن (Henry Pawlinson) و ماکدۆناڵد کینەر (Macdonald kinnier) وگ.ر. درایڤەر (G-R-Driver)ە؛ کە پێیان وابووە تا ساڵی (١٩١٢-١٩٢٣) کەشێکی سێکسی لەو چەشنە بەڕێوەچووە و بەدرێژکراوەی ڕێبازی (Mitha میتا و Anahita) ئاناهیتا)یان لە قەڵەم داوە.. ئەو دوو ڕێبازە ئەندامی سێکسییان پەرستووە و دەچنەوە سەر کولتووری (سێسۆستریس- Sesostris).

(کینەر kinner)یش وەک دەڵێت و ئاماژەی بۆ کردووە گوایە لە ساڵی (١٨١٨)دا خودی خۆی بەشداری کەشێکی سێکسی لەو چەشنەی کردووە.

ڕەنگە هەموو ئەم پروپاگەندانە لە نهێنی و پەنهانی کەشە ئایینییەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەگینا هەموومان دەزانین کە دیسپلینێکی تەواو لە بەڕێوەچوونی کەشە ئایینییەکاندا هەیە؛ نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە زۆر بەشی ئەم جۆرە ڕێبازە ئایینییانە، بەشداریکردنی ئافرەت تێیدا قەدەغەیە و ڕێی پێ نادرێت.

سەرباری ئەوەی کە خودی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا جێگە و شوێنێکی تایبەت و بەڕێزی هەیە و ڕێگەپێدانی کەشێکی لەم چەشنەش ئەستەم و مەحاڵە. عەلەوییەکان لە شوێنێکی تایبەتدا کە بە «ماڵی جەم» ناسراوە هەفتەی یەک جار کۆدەبنەوە، ساڵی یەک جاریش کەشێکی گەورەی ئایینی سازدەکرێت. بەپێی بۆچوون و پەیڕەوی هەر جۆر و چەشنە لقێکی یەزدانی؛ کات و شوێنی سازدانی دەگۆڕدرێت.

(یەزدانی)یەکان، کاریگەرییەکی تەواویان هەبووە لە دروستبوونی ڕێبازی ئایینیی (ئیسماعیلییەکان)دا کە باوەڕیان بە حەوت ئیمامە. ئاشکراشە ئەم جۆرە تیژ و فیکرانە لە ساڵی (١٥٠١)دا دەوڵەتێکی وەک دەوڵەتی سەفەوی و دەسەڵاتدارێکی وەک «ئیسماعیل شا»ی لێ کەوتۆتەوە؛ بەلای عەلەوییەکانیشەوە «ئیسماعیل شا» کەسێکی پیرۆز و نێردراوی خوداوەندە.

دیارە هەموو سەرچاوە و بەڵگە مێژووییەکان پێیان لەسەر ئەو ڕاستییە داگرتووە، کە چەشن و شێوەی شیعەبوونی «سەفەوییەکان»، ئەو مەزهەب و ڕێبازە تایبەتە ئایینییە نییە کە لە ئیسلامدا بە «شیعە» ناسراوە.. مەبەستم ئەوەیە کە سەفەوییەکان «شیعە» نین و بە تەواویی لێوەی دوورن.. شیعەبوونی سەفەوییەکان بە تەواویی «یەزدانی»یەتە و لە ئێستاشدا وەک لقێک لە عەلەوییەتدا دەبینرێتەوە.

(جەعفەری)یەتیش هەوڵ و تەقەللایەکی دیکەی (یەزدانی)یەکان بوو. بۆ خۆ جیاکردنەوەیان لەو عەرەب و تورکمانانەی کە بووبوونە (شیعە). هەر بۆیە بە ئیلهام وەرگرتن لە ناوی (ئیمام جەعفەری ئەلسادق) بە (جەعفەری) خۆیان ناساند و وەک هەر سێ لقەکەی دیکەی (یەزدانی)یەکان. (ئیمام و حەزرەتی عەلی)یان پێ زاتێکی موبارەکە و نیوە بەنیوە ڕۆحی ئافەریدەکاری تێدا دەبیننەوە و بەگیانێکی ڕەهای دەزانن.

شایەنی باسیشە کە وێکچوونی نێوان (بودیزم)ی هیندستان و (یەزدانی)یەکان لە خاڵی باوەڕ و قەناعەتیان بە (دۆنادۆن - استنساخ الارواح)دا بەرجەستە دەبێت؛ بەشێوەیەکی بەرچاو لێکچوو و هاوشێوەیە.

**سەرچاوە:**

Kurtler- Mehrdad. R. lzady-istanbul-2004.

**ناوی سەرچاوە بە کوردی:**

کوردەکان/ نووسینی: مەهرداد . ر . ئیزەدی/ چاپی ئیستەنبول/ (٢٠٠٤).

**تێبینی:**

بابەتەکە دەکەوێتە لاپەڕە (٢٥٣-٢٦٠)، (بەشی پێنجەم)ی تایبەت بە ڕێباز و مەزهەبە ئایینییەکانی کورد.

# ئەوان لە مردن سەما دەکەن

کەریم دەشتی

من بەو سەمایە دەژیم لە باڵی فڕندە پێدەگرێ
تا ئەبەد ئاگری فرمێسک و خەم دەگرێ
لە پانتایی گەڵا تەک تەکی درەختی دارستان دادەگرێ
ئەوان بەو سەمایە دەژین
کە مرۆڤ دەبوایە لەو سەمایە بمرێ
ئەو ڕۆژەی ڕاوچییان تووڕە و توند
لە شەبەیخوونێکی بێ ئامان
بە بازووی کوتراوی خوێناوی
تیری خۆیان سمییە مەلە جوانەکانی ناو ڕێ ڕێی ئاسمان
من بینیم چۆن گەڵا دەوەرێ
وەک پەڕی فڕفڕۆک لە ئاسمان دەسووڕێ بۆ تەمی کۆتایی
ئەوانیش ئاوەها بۆ ناو باوەشی خاک دەسووڕان
دەسووڕان دەسووڕان دەسووڕان
چەند سەختە سەمای جوان
ئەوسا بوو کە زانیم گەڵا و مەل قەدەریان وەک یەکە
لە مەرگ و هەیبەتی ترۆپک و بەرزایی
هاوار هاوار
من بینیم شووشەی مانگ وەک دڵی من شکاو
تۆ هێشتا لە سەمای ناو چەمی تەمتومان نەکەوتی
سەمایێ لە ئاوی نوورانی
لە خوناوەی ڕوونی سپێدان
لە شەوق و شەباقەی مەرگی جاویدانی
خودایە چەند جوانە ئەم پشییە سەمایە
سەمایێکی سەختە لە مەرگی گەڵا و مەل
بە ناو ئەم دارستانە چڕەی ناو ڕۆحم
چەند جوانە خودایە چەند جوانە
خرۆشی سیحراوی ئەم پشییە سەمایە
ئەگەرچی دەزانم
کۆڕەوی وەرینی مەلە جوانەکانی ئاسمان و
دوا کۆچی خەمگینی گەڵایە
لەرین و سووڕانی زێڕکفت و هێمنیان



له ژێر تارای تیشكی پاییزدا
سه‌مایه سه‌مایه سه‌مایه
سه‌مایێ له داو داوی مه‌رگ
له هه‌ناسه‌ی سپی دوو كلیل كه قوفڵی ژین ده‌دا
با به‌رده‌وام بێ ڕه‌وتی ئه‌م ته‌رزه سه‌مایه
پیرۆزه‌ی ئاسمانیش له تاوان پیر ده‌بێ
په‌رییه‌كانیش قژیان له ئاگری ئه‌به‌دی گیر ده‌بێ
ئه‌ی گه‌ڵا.. ئه‌ی مه‌لی به تیران پێكراو
ئه‌و دڵه بچكۆله وه‌ک مه‌ركانه‌یێكی
پڕ له تیشک پژایه سه‌ر زه‌وی
دنیا پڕ بوو له زیو له بریسكه‌ی هه‌تاو
زیوێ هه‌ر بریقه‌ی له دڵۆپه ئاوێكی كیشوه‌رێ
هه‌ر له‌نجه‌ی له ڕه‌گێ له پارچه‌ی شكاوی گه‌وهه‌رێ
به‌رده‌وام به ئه‌ی شۆخی سه‌رچڵ
له له‌ره و وه‌رینتان
له خوێن و برین و گرینتان
كه ئه‌مه دوا مه‌یل و مه‌راقه
چه‌ند جوانه نه‌رم نه‌رم
هه‌ر ده‌ڵێی له لۆكه په‌ڕ ده‌گرن
ڤێ ده‌مێ له قه‌ڵای سه‌وزین و زیوینی غرورا
به‌ره‌وخوار ڕێده‌گرن
دوا هه‌نسكی خۆیان ده‌ده‌نه ئاسمان و
باوه‌شێ له حه‌سره‌ت
باوه‌شێ له بای وه‌شت
به دیاری بۆ زێدی گه‌رموگوڕ هه‌ڵده‌گرن
دابه‌زه دابه‌زه دابه‌زه
ئه‌ی گه‌ڵای تازه واده‌ی فریو به سه‌ر له‌وحی بوونا
ئه‌ی داو داو له ڕۆحی دره‌خت و
دوا قه‌تره له پێكی هه‌بوونا
من له تۆ باس له گریانی قووڵی خۆم ده‌كه‌م
باس له ونبوونی ئینسانی خۆم ده‌كه‌م
باس له‌و دڵۆپ دڵۆپ ئاوه شیرینه ده‌كه‌م
كه‌وه‌كان ده‌نووكیان لێده‌نا
هه‌ناویان ده‌كرده دامێنی ئارانێ
ڕاوچییان بێ په‌روا له جیاتی ئه‌م ئاوه
شه‌رابیان داناوه
كاتێكیش كه سه‌رخۆش ده‌بوون
عاشقانه ده‌فڕین و به سووڕان
له ترۆپكی چیا بۆ زه‌وی ده‌هاتنه خواره‌وه و
ده‌كه‌وتنه به‌ر ماشه‌ی ڕاوچییان

سه‌مای گه‌ڵا.. سه‌مای مه‌لان.. سه‌مای كه‌وان
یه‌ک مه‌رگ و یه‌ک كه‌وتنی بێ ئامان
یه‌ک پێكی لێوانلێوی جامان
با سه‌ما به‌رده‌وام هه‌ر هه‌بێ
كه ده‌گریم ئه‌وه تۆی
سه‌مایێ له ئاگر بمانباته‌وه نێو دیرۆكی دێرینه
سه‌مایێ له ئاو لوولمان دا بۆ شه‌پۆل
شه‌پۆلێ له مه‌ستی دیدگا داگیرسێنێ
مه‌ستیمان بكاته خه‌یاڵێ
سه‌مایێ له بۆنی گه‌رمی خاک
ڕامانكێشێته‌وه ناخی خۆی
سه‌مای خۆتان بكه‌ن
كه‌س نییه له شاعیر زیاتر
شاره‌زای ئه‌م ته‌رزه‌ی سه‌ما بێ
ئێوه به‌و سه‌مایه تۆوتان نابڕێته‌وه
كه جوانی هه‌ڵڕژا وه‌ک مه‌رگی ئێوه‌یه
تازه كۆ ناكرێته‌وه
هاوار هاوار خودایه
با هه‌بێ نارینی ئه‌م گه‌رمه سه‌مایه.

# ئاوێنەکانی چارەنووس

نالە حەسەن
(کەنەدا)

(١)
ژنێک لە نێو کێڵگەکانی با
خۆی لە گەردەلوولی خەونەکانم ئاڵاندووە
یاری بە زەنگیانە ڕەنگاوڕەنگەکانی تەمەنم دەکات
مۆمی نێو چاوەکانی مانگ دادەگیرسێنێ
لەودیو وەرزەکانی ڕووناکی خۆی ڕووت دەکاتەوە
لەگەڵ گەڵاکانی ئاو و
برژانگەکانی گیا سەمام بۆ دەکات و
نەرم نەرمیش بە ئاوێنە شکاوەکانی چارەنووسم
پێدەکەنێ...!

( ٢ )
منی مەستتر لە باران و
فێنکتر لە بەیانی
شل شل و تاو تاو
کێڵگەکانی با و ڕووناکییەکانی مانگم بەجێ هێشت
خەونە خرپنەکانی خۆمم گرتە باوەش
توند توند ... توند توند توند
هێندەم گوشین،
تا زیندەگیم بەخشی بە جوانییەکانی تریفە
شل شل و تاو تاو
بۆ نێو قووڵاییە تاریکییەکانی شەو
چوومە خوارەوە.
شارێک پڕاوپڕ لە گومبەزەکانی گوناهـ و
دۆڵێک پڕاوپڕ لە ئەشقیای سەرمەدی
سروود و سوورەتە سێوییەکانیان دەخوێند
تا دەهات/
هەنگاوەکانم بە گوڕتر و گەرمتر دەبوون
تا دەهات/
مەشخەڵە بلێساوییەکەی نێو چاوەکانم
ئەشکەوتەکانی ئاسمان و
ئاسمانەکانی نێو دەریای ڕۆشنتر دەکردەوە.
تا دەهات/
باڕێزە سەوداسەرییەکانی خەیاڵم
سەرفراز و شەهوەتباز و ڕەنگاڵەتر
سەرمەستتر و سەفاتر و سۆزانیتر
شۆختر و شەنگتر و شەنگەبیتر
ڕوونتر و ڕەنگینتر و ڕەهاتر... دەبوون...!
منیش/ بێ پەروا و بێ پەروا و بێ پەروا
سەرفراز و سەرمەست و سەفا و سۆزانی
شەهوەتباز و شۆخ و شەنگ و شەنگەبی



**ڕەنگاڵە و ڕوون و ڕەنگین و ڕەها....**
**خۆم دایە دەست**
**کانیاوە بەفریناوییەکانی جوانی...!**
**جوان جوان بازم دایە نێو**
**ئاوێنە سەرابییەکانی ئەڤینی**
**لەوێندەرێ/**
**لە ئایندەی خۆمم ڕوانی**
**لە تیشکە دوورەکانی کازیوە و**
**لە مەرجانە کریستاڵییەکانی عەشق و**
**لە وەرزە ئارامییە میهرەبانییە ڕابردووەکانی تەمەن**
**شل شل و تاو تاو**
**لە نهێنییە پەرێشانییەکانی غوربەت و**
**لە جەستە مۆمیاوییەکانی خۆرەتاو و**
**لە کەپرە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئایندە و**
**لە پەپوولە باڵ شکاوەکانی**
**نێو مەراقەکانی خۆمم ڕوانی...!**
**سروودەکان و سوورەتەکان و خەونەکان و هاوکێشەکان و**
**پرسیارەکان و گومانەکان و نهێنییەکان و ڕازەکان و**
**ئومێدەکان و**
**شیعرەکانم شی کردەوە.**
**جەستەی خۆم و ئاوێنە شکاوەکان و گەڵا وەریوەکانم**
**کۆکردەوە...**
**شل شل/**
**مرواریيە ڕەنگ هەناریيەکانی سەر سینگی شاژنە**
**شلێرییەکانی**
**نێو عیشوە و نازی پەلکەزێڕینەشم .. کۆکردەوە...!**
**سەرگەردان و بێپەروا**
**یاخی و یاخی و یاخی**
**یاخی/ لە خەونە جوانەمەرگبووەکانی**
**دەشتە کاکی بە کاکییەکانی غوربەت**
**یاخی/ لە چڵە نێرگزە چاوگەشەکانی**
**نێو خۆزگە و هەناسەکانی سەر سینگی دایکم**
**یاخی/ لە فریشتە فستقاوییە فاسقەکانی خودا**
**یاخی/ لە کچۆڵە شەرمنۆکەکانی کۆڵانە قوڕاوییەکانی**
**منداڵیم.**
**یاخی/ لە هاوارەکانی نێو سەدە بازنەییەکانی**
**زەمەن...!**
**یاخی و یاخی و یاخی**
**هەر بەو حەسرەتە کوشندە دڵتەڕانەوە**
**شل شل و تاو تاو**
**بە ئاوێنە شکاوەکانی چارەنووسی خۆم تێر پێکەنیم...!**

ئایاری ٢٠٠٥

# شیعرنامەیەک بۆ گوڵ

شیلان گەیلانی
(سنە)

لە هەواڵی پەڕەسێلکە بڕوانە
لە شەقەی باڵی یەکگرتن
بە هەناسەی وەرزەکان
کۆچەکان بە کۆمەڵن
لە کۆچی بێوادەی من
شەختەی خەزانێکی نامۆ
بەسکاڵای سەبووری دێ
دووری لە تۆ مردنە
کاتێ جەرەس لە تەلفۆندا دەخنکێ و
خۆشەویستیت لە کانیاوی تەنیاییمدا مان دەگرێ
با ببمە ئاتەشگەیەک
گڕکانی دڵ بۆ ئاورگە
بلێسێمەوە...
یان لە دەریای میهرەبانیت
بەسەر پریکەی پێکەنینت
وردە- وردە بشنێمەوە
خەریکە چاوەڕوانیم ئەترووکێ
بەسەر جادەی هەستمدا
ژیان هەوایەکی وێڵە و
کاتەکان دانابەزن.

تووتیا وەرە
با جارێک وەک کۆرپە
ئاوێزانی ئامێزت بم و
شیری گیانت بخۆمەوە
ئەی ئازاتر لە ئازار
وەرە با لە پێنووسی وشەکاندا
بەربەستەکان بشکێنین.
هیوا نەزۆکەکان
بەسەربەستی
بپروێنین.
هەر دەڕۆم و دەڕۆم..
تا لە حەجی خۆشەویستی تۆدا
قیبلەی تاسەکانم
بدۆزمەوە
ئەی بێ پەردە وەک هاوار
تارمایی ئازارەکانمان
بەکام دەربەندەوە
هەڵواسم
ئەم وەرزە ئاگری نەکوژاوەیە
من و... لە چوارشەممە کوڵەی
ئەم ئاگرەدا...
ژیلەمۆین
نازدار خۆی سووتاند
نەرمین نەرمتر لە هەناسە
بە ڕەشماری یاسا دەسکردەکان
هەنجن کرا...
هەتاویش دوور لە کۆچی پەڕەسێلکە
کۆچی بێ وادەی کرد
لە تەلیلەی بڕوامدا
سەبەتێ لە کۆتایی مێژوو
دیارە.
لە پاش هەر تەقینەوە
بزاڤەکان شین دەبنەوە



# مەملەكەتی سێبەر

هانس ماگنۆس ئێنچێنسبێرگر
و/ لە ئەڵمانییەوە: د. سەروەر عەبدوڵڵا
(ئەڵمانیا)



نێنی بەسەر سێودا

ئا لێرەدا سێوێک داندرابوو
لێرەدا مێزێک داندرابوو
ئا بەم شێوەیە بووماڵەكە
بەم شێوەیە بوو شارەكە
ئا لێرە بوو هێمنیی ئەم زەمینە

ئەم سێوەی ئەوێ
زەمینە.
ئەستێرەیێكی جوانیش
كە تیایدا سێو هەیە،
بە ڕووی سێو و سێوخۆردا
هەڵكشا بوو.

چنگی با

هەندێ وشە هەن سووكن
وەک تۆوی سوورە چناران
لەگەڵ باهۆزا هەڵدەفڕن و
هەڵدەسووڕێن و هەڵدەبەزن

ئەستەمە دەستەمۆكردنیان،
بارگەیان دوور هەڵدەگرن
وەک تۆوی سوورە چناران.

هەندێ وشە هەن
ڕەنگە دواتر
زەمین نەرم بكەنەوە،
سێبەرێک هەڵدەدەن
سێبەرێكی تەنک
ڕەنگە هەڵیشی نەدەن

نیگاری سێبەر

من نیگاری بەفر دەكێشم
بێ كۆڵدان من نیگار دەكێشم،
بە شێوەیێكی ستوونی و
بە فلچەیەكی زلەوە
بە ڕووی ئەم لاپەڕە سپییەوە
نیگاری بەفر دەكێشم..

من نیگاری زەمین دەکێشم،
من نیگاری سێبەر، زەمین،
شەو دەکێشم
خەو نەمباتەوە
من نیگار دەکێشم
بە درێژایی شەو
بەفر بە شێوەیێکی ستوونی و
بێ کۆڵدان
بە ڕووی ئەو شتانەی من
نیگاریان دەکێشم دێتە خوار.
سێبەرێکی مەزن
بە ڕووی سێبەری نیگارەکەمدا
دەکەوێتە خوارەوە

بەڕووی ئەم سێبەرەش
بێ کۆڵدان بە فلّچەیەکی زلی شەوەوە
نیگاری سێبەری وردی خۆم
دەکێشم

مەملەکەتی سێبەر
**Sattenreich**

(١)
ئا لێرە لەم سێبەرەدا هێشتا
شوێنێ بەدی دەکەم
شوێنێکی نەگیراوە

(٢)
ئەم سێبەرە
بۆ فرۆشتن نییە

(٣)
ئەم دەریایەش؛
ڕەنگە سێبەرێ هەڵدا،
یان ڕەنگە ساتێ هەڵدا

(٤)
جەنگی سێبەرەکان
یارییە:
سێبەرێک نییە
لەبەردەم رووناکیدا ڕوو
لە ئەوەی دیکە بگرێ

(٥)
ئەو کەسەی لە سێبەردا بژێ
ئەستەمە بکوژرێ

(٦)
بۆ کورتە ساتێ
لە سێبەری خۆما دێمە دەرەوە
تەنها بۆ کورتە ساتێ

(٧)
ئەو کەسەی دەیەوێ ڕۆشنایی
وەک چۆنە ببینێ
پێویستە بەرەو سێبەر
گۆشەگیر بێتەوە

(٨)
سێبەری
ڕۆشناتر لەم خۆرە؛
سێبەری فێنکی ئازادییە

(٩)
بەناو سێبەردا
تەواو ون دەبی
سێبەرم

(١٠)
لە سێبەردا
هەمیشە
شوێن ماوە.

سەرچاوەکان:
1- Leichter als Luft- Moralische Gedichte Surkamp Frankfurt-1999.
2- Der Untergong der Titanic Suhrkamp Verlag 1978.
3- Zukunftsmusik Suhrkamp- 1991- Frankfurt am main.

# چریک
# گێڕانەوەیێ بۆ مەرگ

**کامبیز کەریمی**
**(سنە)**

دوو... دوانزە.. دووسەد و دوانزە. خشتی دیوارەکان هەرگیز ناژمێردرێ، هەمیشە لە دووسەد بەرەو ژوور هەرچی ژماردنە، تێک ئەچێ. سۆهرەوردی، ساندز، گوڵە سورخی، نازم حیکمەت، نیلسۆن، مەزدک.. خوایە.. چەن خشتیان ژماردبێ.

دوو... دوانزە... دووسەد و هەرچی زیندانە، دووسەد و هەرچی دۆسیەی بەسراو و نەبەسراوە.

یەکەم بەڵگەی دۆسیەی مەرگی شەش دێڕ بوو... بە زوخاڵ بەسەر دیواری ماڵەکەیانەوە نووسیبووی.

**ئەمە دیوارە**

**دیوارە**
**دیوار**
**دیوار**
**د...ی...و...ا...ر**
**کێ بۆ یەکەم جار دیواری دروست کرد؟**

شەش مانگ دوای دروست کردنی خانووەکەیان، ئەم شەش دێڕەی لەسەر دیوارەکە نووسیبوو، باوکی بووبووە بورکانی تووڕەیی و دوای تانێ(١) کوتان شەش ڕۆژ لەژێرخاندا زیندانی کردبوو. دایکی گوتبووی: ڕۆڵە بۆ واز لە خۆت ناهێنی.

خەڵکی گەڕەکەکەیان گوتبوویان: ئیتر ڕەحم بە دیواری هیچ ماڵی ناکا.

ئەگەر لە ماڵ هاتبووە دەرەوە، گرتبوویان. چوار ڕۆژ خۆی حەشار دابوو. چوار ڕۆژ لە چوار گۆشەی دیوارا.. بۆ سەردان هاتبووەوە... گوتبووی حەز ئەکەم پێش چوون بۆ ئەورووپا جارێکی دی دایکم و گەڕەکەکەمان و ئەو هەموو دیوارانە ببینم.

**نێو؟**
**شۆرەت؟**
**پیشە؟**
**وەتەن؟**
**بەروار: ............**
**ئیمزا: ............**

**ناوت**
**لەسەر**
**دارقیسیانەوە ئەنووسمەوە**
**کە جێژوانی ڕۆژانی هەینی «گریاشان» بوو**
**ئاخ**
**ئەگەر دارقیسیان بوومایە!**

**ناوت**
**لەسەر**
**دێڕ دێڕی بارانی بەهارەوە ئەنووسمەوە**
**کە دەفتەری پڕ سەودای بیرەوەریەکانمان بوو**
**ئاخ**
**ئەگەر باران بوومایە.**


**ناوت**
**لەسەر**
**پەراسوونی- با- وە ئەنووسمەوە**
**کە سەرینی ئاشوفتەی شەوانی زالفت بوو.**
**ئەگەر- با- بوومایە.**

**ناوت**
**لەسەر**
**مەخمەری ئاو هەنارەوە ئەنووسمەوە**
**کە خوێنی دایکم خانە خراپ!**
**ئاخ ئەگەر هەنار بوومایە.**

**ئای ئەگەر...**
**ئەگەر...**
**ئەگەر...**
**ئە...گە...ر...**

**وێنەکانی ڕۆژ**




**ئەوانەی «وبلاگ»ی تایبەتیان نییە**
**بە سەر دیوارەوە دەنووسن**

پیشە؟
وەتەن؟

لەسەرەتاوە نێوی خۆی لێ ئەشاردەوە...
ئەترسا...
-: بۆچ؟
کەس نازانێ... ئێمە تەنیا ماوەیەکی کورت لە شەڕێکدا پێکەوە بووین، خۆت دەزانی قوربان شەڕ ڕێگا بە خۆشەویستی نادا، بەلاّم دەزانم یەکەم نامەی لەسەر کاغەزی «هەور و با»وە بۆ نووسیبوو... ئادرێسی نەدەزانی، چوار جار دوای کەوتبوو، بەلاّم هەمیشە لە پێچی کووچەیەکدا ونی ئەکرد.
چوار شەممەی پاش ئاخرین جارێ کە دوای کەوتبوو، چوار هەنگاو پێش پێچی کووچەکە ڕێگای لێ گرتبوو... ساعەت چوار و چوار دەقیقە:
خانم... نامە... یەکەم... بۆ... نووسیوی...
هەرچی بە گیرفانی چەپیا گەڕابوو نەیدۆزیبووەوە.
-: دڵنیا بوو هیچ کات هیچ ناخاتە گیرفانی ڕاستی... بەڵێ قوربان دڵنیا بوو. دەڵێن: -با- کاغەزی هەوروبای وەک ڕووسەریەک بردووە.
گوتبووی دەقی نامەکەم لە بیرە با بیخوێنمەوە...
کچ ترسابوو...
(-: جگەرە دەکێشی؟
-: نەء... قوربان...)
-: ویستبوی ڕاکا...
ڕێگای پێ نەدابوو: گوتبووی بەخوا ئەیخوێنمەوە.
پاڵی دابووە دیواری کووچەکەوە وەک کۆڕێکی شیعر دەستی پێ کردبوو:

**ئەگەر چۆلەکەکان مردن و**
**شار بوو بە ئاجۆر و دیوار**
**خانم...**
**خەفەت نەخۆی**
**سپاردوومەت- با-**
**هەموو ساڵێ وێنەیەکی یادگاری و**
**دوو چۆلەکەی، عاشقت بۆ بێنێ.**

**ئەگەر- با- مرد و**
**هەناسەت بوو بە قەفەس**
**خەفەت نەخۆی**
**سپاردوومەتە- باران-**

**هەموو ساڵێ وێنەیەکی یادگاری و**
**دوومشت بات بۆ بێنێ.**
**ئەگەر باران مرد و**
**پێست بوو بە سەحرای کەربەلا**
**خەفەت نەخۆی**
**خوا ئەیزانێ سپاردوومەت خەون**
**هەموو ساڵێ وێنەیەکی یادگاری و**
**دوو پەرداخ بارانت بۆ بێنێ.**

**ئەگەر خەون مرد و**
**شوێن پێ**
**چۆلەکە و-با- و بارانت ون کرد...**

**نەء...**
**نەء، نەکا خەونەکانت بمرێ**
**خۆت**
**بسپێرە دیوار**
**خۆت بسپێرە قەفەس**
**خۆت بسپێرە سەحرا**
**بەڵام خەونەکانت نەمرن.**
**خانم.. خەفەت نەخۆی**
**نەء**
**خەفەت نەخۆی**
**ئەگەر خەونەکانت بمرن**
**من**
**ناتوانم**
**هیچ**
**بسپێرمە**
**هیچ کەس**

وێنەیەک بۆ پێکەنین



نێو؟
شۆ..ڕە..ت؟
پیشە؟
وەتەن؟
لە بیرت دێ پێش لە دایک بوون کێت دیوە؟
چەن ساڵە حەز ئەکەی لەسەر دیوارەکانەوە بنووسی؟
بۆچ سەرگەردانی هەرەسە و هەرەس قەفەسە؟
ئەگەر شەڕخواز نەبووی،
بۆچ باسی چۆلەکە و باران و خەون ئەکەی؟
بۆ مانا وشەکانت گۆڕیوە؟
ئەڵێن بەقاڵی دەڵێت خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.
لە نووسراوەکانتا بە «خەتی ئوستوا» ئەڵێ مەقەر.
بەجێی ئەلکۆل هەوا ئەخۆیتەوە.
ئیسماعیل چۆن ئەناسی؟
چ پێوەندیەکت بە هابیل و قابیلەوە هەیە؟
ئەسلەن... بۆ ڕادەکەی؟

**ڕادەکەم**
**لە درزی تاریکی زەمان**
**لە تەنگەبەری کراس**
**لە خەت و خوێن و خەلافەت**
**ڕادەکەم،**
**بەشکەم جارێکی دی**
**لەسەر زاری- با- ڕووت ببمەوە**
**ڕووت... کاکە ڕووت**
**ڕووت وەک لەزەتی سامناکی لە دایک بوونی هابیل**
**وەک شۆڕبوونەوەی پڕ شەهوەتی باران لەسەر سینگی حەوا**
**وەک شەرمی «ئادەم» ئەزموونی یەکەم سەما.**

**ڕووت**
**وەک فواری دەنگ**
**وەک خەلافەتی گەرووپی ئیسماعیل.**
**وەک بێ قەراریی دەماری شەهیدێ.**
**ڕووت وەک ئاو، وەک- با- وەک ئاگر**
**وەک خاک- پڕ لە خۆشەویستی دایکم-**

**ڕووت هاتم**
**تا خۆشم بوێ و**
**خۆشیان بوێم.**
**بەڵام درێغا**
**دەرێغا کە لەدایکبوونی هابیل**

وەسوەسەی دووپات بوونەوەی ئەزموونی ئادەم بوو
تا زلکاوی خوێن و خەلافەتی قابیل بێتە دی.
ڕووت هاتم
بەڵام کراسێکیان کردە بەرم
ناویان لێ نام
دەستیان بێهوودە کردمەوە
لە زەمینی شەلاڵی خوێن بەشێکیان پێ دام و
لەشم کە کانگای وەسوەسە بوو
کرایە ڕازێ

خۆزگە نەدەهاتم و
ئەم ڕاکـردنە سـامناکـە لـە منداڵدانی بەردێکەوە ڕەتی دەکردم
ئای..
خۆزگە هەرگیز نەدەهاتم.

بەسەر
ماڵ و
شەقام و
شارا ڕادەکەم و
بۆ لاشەی پرێشی خۆم ئەڕوانم
دەستم...
دڵم...
خوێنم سەر بە ئاسمانی کوفرا ئەسوێن و
باوەڕ ئەکەم
ئەم سەدە سەدەی سەگە
دەتدڕێ و
هیچ خوازیاری خوێن و گۆشتت نیە.

ئێمە فەرامۆش کراوین
ئێمە تیاچووین
ئێمە مردووین
خۆزگە ئەمتوانی
لە پای دامەتەنەیەکەوە ئاوێزان بم.
خۆزگە کەسێ دەیچنیم.
کاڵ
یان
گەیشتوو
ئای... خۆزگە کەسێ دەیچنیم.
ئێمە فەرامۆش کراوین و
زەمین لە شەڕێکی بێسەنگەردا
تەنیا ماوەتەوە.
خۆزگەم بە ڕۆژانی ڕووتەوە بوون
خۆزگەم بە ڕۆژانێ کە باران دەیچنیم
خۆزگەم بە جادە کە جودایی بوو و
گەیشتن.
لێگەڕێن با ڕووت ببمەوە
تا خۆشم بوێ و
خۆشیان بوێم.

وا ئەزانم دەبێ خۆم بسپێرمە
سازێکی سوور
ڕەنگە بەرزەخی ئەم کراسەم
لە دەنگی برین پڕ بێتەوە
دەمەوێ
بە قەد
چرکەیە...
تەنیا چرکەیەک
بمرم.
بەسەر زەمین و
زەماندا ڕادەکەم و
هەموو شتێ دەسپێرمە سازی فەرامۆشی
هابیل
حەوا
ئیسمائیل
جادە
نێوم و لە دایک بوون و مەرگم.
هەمیشە کەسێ دەبێ فەرامۆش بکا
کەسێ دەسی پێ بکا و
کەسێ بمرێ.

## هەواڵ
## شۆڕشگێر خەسرەو گوڵەسورخی دۆزرایەوە



خەسرەو گوڵەسورخی شۆڕشگێری بەناوبانگی دەیەی (٦٠)ی زایینی سۆڤیەت لە وڵاتی سوێد دۆزرایەوە. خەسرەو گوڵەسورخی کە پێشتر ڕاگەیاندرا بوو لە ساڵی (١٩٧٣) لەگەڵ «کەرامەتوڵا دانەشیان» بە تاوانی پیلان بۆکوشتنی پاشای «میسر»

تیـرباران کـراوە دووشـەمـەی هەفـتـەی ڕابردوو لە لایەن تاقمێ لە هۆگـرانی پارتی پاراسـتنی ئابڕووی پاشـاکـان (PAP) لە شاری ستۆکهۆلم دۆزرایەوە.

کـەناڵی تەلەڤـزیۆنی (Psat) ڕایگەیاند گوڵەسورخی لەوپەڕی سەلامەتییەوە لە ستۆکهۆلم خەریکی شۆفری تاکسییە و وای بۆ ئەچێ ژیانێکی بەختەوەری بێ.

لە هەمـان کاتدا ئەم مێدیایە گفـتوگۆیەکی لەگەڵ ئەم شـۆڕشگـێـڕە بڵاوکـردەوە و لەم دیمانەدا گـوڵەسـورخی ڕایگەیاند ئیتر من تاقەتی هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکم نییە و لێـرە ژیانێکی باشم هەیە و بۆ خـۆم خـەریکی کـارم. ماوەی پێنج ساڵیشە مەعاشی پەنابەریم وەرنەگرتووە.

گــوڵەســورخی بە ڕاشکاوی دەری نەخـسـت چۆن گـەیشـتـووەتە وڵاتی سوێد و چی بەسـەر دانشـیـاندا هاتووە، تەنیا گوتی: ڕێگا زۆرە و برێ جار لەگەڵ هەواڵ کەرامەت پێوەندیم هەیە.

دوو... دوانزە... دووسەد و دوانزە.

خشتی دیوارەکـان هەرگـیز ناژمێـردرێ... هەمـیشـە لە دووسەد بەرەو ژوور هەرچی ژماردنە، تێک ئەچێ.

دووسـەد کـەس بوون، دوو دەسـتـەی سـەدکـەسی و هەر دەسـتـەیەک لە دە گـرووپی دە کـەسی پێک هاتبـوو، ئەم سەر بە گرووپی دووەمی دەستەی یەکەم بوو.

چوار مـانگ لە فـەلەسـتـیندا بوون، ئەوسـا بۆ چوار مـانگ چووبوونە وڵاتێکی عــەرەبی لە ئەفـریقـا، دوو مـانگ لە لیبی لە ئۆردووی «ژیان لە بارودۆخی سەخت دا» بوون و دوو مـانگیش لە «کوبا» چوار مـامۆسـتـا بە چوار زمــان، چوار دەرسی پێ گــوتبــوون، هەر لەم دوو مـانگی ئاخرەشدا بوو چاوی بە «سـەرهەنگ موعـەمـەر قـەزافی» کـەوت و ئەم چاوپێکەوتنە بەرگێ لە دۆسـیـەی مەرگی بوو.

چۆن دیوار دروست ئەبێ؟ چۆن ئەڕووخێ؟ کـەی دیوار دەبێـتـە باسێکی فـەلسـەفی؟! لە چ کـاتێکدا دەقـێکی سیاسیە؟ لە ئەدەبا چۆن وەک ڕەمز و سەمبول بەکاردێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە دەسکەوتی ساڵی بوو.

کە گـرابووەوە، گـوتبـووی لە «بەغـا» بۆیاخـچی بووم، باسی «جسری موسیەب» و «نازم غـەزاڵی» شی دەکرد. چەن نـاوێکی بۆ خــۆی هەڵبــژاردبوو، بەنـاوێکەوە، بەیاننامــەی ئیــمــزا دەکـــرد، بەناوێکەوە ئەژیا و بە ناوێکیشەوە شیعری دەنووسی.

یەکەم شیعری لەسەر ناونیشـانی دیوار لە گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبیا بڵاوکردەوە:

**لەم پەنجەرەوە**
**ئێواریٚ مناڵیم تەماشا ئەکەم.**
**ئێواریٚ مناڵیم**
**لەسەر دیواری کووچەوە**
**کـووچەیێ کـە ڕێگـا لە خـەون و ترێ ئەگـرێ، تەمـاشـا ئەکەم.**
**کام بیابانی خامۆش**
**سێبەری سەرابی ئاجۆری هێنایە سەر زارم.**

***   *   ***

**لەم پەنجەرە خامۆشەوە**
**ئێواریٚ مناڵیم و خەونی ترێ،**
**بیابان زین ئەکەن.**
**مناڵی و ترێ**
**لەسەر دیواری کووچەوە بیابان زین ئەکەن.**

**کام هەورازی هیچ**
**خۆرنشینی دیواری هێنایە سەر زارم.**

***   *   ***

**لەم پەنجەرەی هیچەوە**
**ئێواری مناڵیم و ئاوزەنگی**
**هەوراز ئەبڕن.**
**مناڵی و ئاوزەنگی**
**لەسەر دیواری کووچەوە هەوراز ئەبڕن.**

**کام ویرانەی ئارام**
**پەنجەرەی کووچەی مناڵی هێنایە سەر زارم.**

***   *   ***

**مناڵی گەورە دەبێ**
**پەنجەرە خامۆش**
**دیوار**
**سواری زینی بیابان و**
**من لەم پەنجەرەوە**
**ئێوارە و**
**دیوار و**
**هەوراز تەماشا ئەکەم.**

پاش شــۆڕش و... نازانم ڕەنگە (١٩٨٠)ی زایینی بەرەو ژوور، کەس نەیدەزانی لە کوێیە... برێ دەیانگوت لە فــەلەســتــینە و برێ دەیانگوت لیـبی. چەن کــەسێ دەیانگوت لە بەغا دیومانە، لاواز... بۆیاخچی بوو. دوو شیعری لە گۆڤارێکی ئەورووپاشدا بڵاوکردبووەوە.

٤٥ ســاڵ بوو. ئەگــەر لە مــاڵ هاتبـــووە دەرەوە،

گرتبوویان، چوار ڕۆژ خۆی حەشار دابوو، چوار ڕۆژ لە چوار گۆشەی، چوار دیوارا... بۆ سەردان هاتبووەوە... گوتبووی حەز ئەکەم پێش چوون بۆ ئەوروپا جارێکی دی دایکم و گەڕەکەکەمان و ئەو هەموو دیوارانە ببینم.

نێوی نەگوت

شۆرەت؟

نە ء.

پیشە؟

بنووسە چریک.

**هەواڵ**

**شەهابی سۆهرەوردی تیرباران کرا**



شەهابی سۆهرەوردی لەسەر حوکمی دادگای حەڵەب سەر لەبەیانی ئەمڕۆ تیرباران کرا. هەواڵنیری BBC لە حەڵەبەوە ڕایگەیاند دادگای حەڵەب بەدەرکردنی بەیاننامەیەک خەڵکی ئاگادار کردەوە سەر لەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە شەهابی سۆهرەوردی لە زیندانی گشتی ئەم شارە تیرباران کراوە.

لەبەیاننامەکەدا هاتووە سۆهرەوردی بەتاوانی دژایەتی لەگەڵ فەلسەفەی زاڵی هاوچەرخ و ڕەفز کردنی سوننەتی پیرۆز سزادراوە.

هەواڵنێری BBC ڕادەگەیەنی: تا کاتی ناردنی ئەم هەواڵە هەر جۆرە هەوڵدانێ بۆ پێوەندی لەگەڵ بەرپرسی دەفتەری سەلاحەدین ئەیوبی بۆ گرتنی بیروڕای ڕەسمی حکومەت سەبارەت بەم ئیعدامە بە هیچ ئەنجامێ نەگەیشتووە.

شایانی باسە شەهابی سۆهرەوردی کە لە لایەن هۆگرانیەوە بە شێخ شەهاب بەناوبانگە دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی «ئەقڵی سوور» کەوتە ژێر ڕەخنەی ئاکادیمی مۆعتەزلەکان و دەوڵەتی کوردی سەلاحەدین ئەیوبی ناچار کرا دەزگیر و زیندانی بکا و ئەمڕۆ چوارشەممە تیرباران کراوە.

**کات:**

**٤ی سەرلەبەیانی چوارشەممە مارتی ٤٠٤٤**

**نیویۆرک**

**گرفتارە**
**گرفتارە**
**گرفتار،**
**وەک ئاو،**
**وەختێ لەبەردەبازی ئاگرەوە تێئەپەڕێ**

**ئێستە گەیشتووەتە حەوشی بێدەرەتانی مەرگ**
**بیر لە ئەفسانەی پڕ فەزیلەتی خۆی ئەکاتەوە و**
**وەک- با-**
**ئەڕواتە ژێر چەتری خەونی مەقەڕێکەوە.**
**ئێستاکە ژنەکەی، خەیاڵی دوایین پەڵکەشی تێک داوە و**
**ئاشوفتەی کابووسی مەحاڵی دوێنێ شەوە**
**دوو هەنگاو بەرەو پێش هەڵئەنێ**
**بێقەرارە**
**وەک بڵێسە**
**لە مەقەر دێتە دەرەوە، ئاوڕێ بۆ پاش ئەداتەوە**
**هەوا**
**دەرزی ئاژنی گڕی جگەرەیە.**

**یەک سەعاتە دایکی**
**پەردەی، دوودەریەکانی غوربەتی لاداوە و**
**لە سووچی چوارەمی ژوورەکەیا**
**گڕی فەقیانەکەی ئەکاتەوە و**
**خیاڵی گریانی نییە.**

**گەیشتووە نیوەی ڕێگا**
**ئیزنی گڕدانی جگەرەیەک وەردەگرێ**
**دڵنیایە، بە دووکەڵی ئەم ئاگرە**
**تابووت دروست ئەکا،**
**تابووتی خۆی**
**تابووتی خەیاڵات و مەحاڵەکانی.**
**تابووتی نامەی یەکەمین جێژوانی.**
**بانە و سانە و**
**مناڵەکانی خەوتوون،**
**خەوتوون و**
**سووکایەتی بە مانگ ئەکەن**
**سووکایەتی بە ئاسمان و**

**به بەرخۆڵەی ئەستێرەکان**
**سووکایەتی ئەکەن.**
**ئیتر وەک چنارێ**
**له ئاخرین ئێزگەی بازنەی مەرگیا...**
**وێستاوه**
**دەستی ئەبەستن**
**دیوار... دیوار... دیوار**
**بەرامبەری شارەکەی ئەوێستن**
**دەمار... دەمار... دەمار**
**له بەردەمیا کڕنۆش ئەبەن**
**ڕوخسار... ڕوخسار... ڕوخسار**
**(ڕواڵەتی خەرمانەی خۆرهەڵاتەوه**
**بەچاوی ئینتیزارەوه**
**بیر لەو شتانه ئەکاتەوه**
**ئەبوایه بیانی دیبای و نەیدیون)**

**باوکی دوو ڕۆژه بورکانی هەواڵێکه و**
**خیاڵی درکاندنی نییه:**
**«مەکەن**
**بۆ خوا مەکەن،**
**ئەو من و گۆڕسانی خیاڵاتم**
**ئەو من و**
**ئەو فەرمانی ئەبەدی غوربەتم**
**مەکەن**
**دیسانەوه مەکەن**
**من تاقەتی چوار شەهیدم نییه**
**ئاخ... زاڵم.»**

**پیاوی ئەم شیعره**
**ئێستا سواری قەتاری خوێنی خۆیه و**
**له واگونی بۆشی پووکەیەکدا**
**بەسەر خاکی سووری «ئاسیا» تێئەپەڕێ،**
**نه گرفتاره**
**نه بیری مەقەر ئەکاتەوه**
**نه ئیزنی گڕدانی جگەرەی ئەوێ**
**ئازاده**
**ئازاده**
**ئازاد**
**وەک ئاو**
**وەختێ له بەردەبازی ئاگرەوه تێپەڕیوه.**

(١) وشەیەکی سنەیه- به مانای دەست لێوەشان.

# چارەنووسی کەسایەتی

**مستەفا شێخە**
**(شنۆ)**

بۆ ئەوەی لە تۆزی هاتوچۆی ماشێنەکان بە دوور بێت، تەواوێک دوور لە جادەکە دانیشت. سەیرێکی کاتژمێری سەر مەچەکی کرد. بە دیار جادەکەوە کە وەک توولە مارێکی درێژ دوور دەکەوتەوە و باریک دەبووەوە و کلکی لە داوێنی کێوەکان دەهاڵاند، بارستایی کتێبەکانی ئەمدیو و ئەودیو کرد. دەفتەرەکەی دۆزییەوە. کەسایەتییەکانی چیرۆکی نەنووسراوی دەورەیان دابوو. هەر هەموویان وەک قوتابیانی قوتابخانەی گوندەکە، قامکیان بەرز دەکردەوە و دەستیان لە سنگیان دەدا بۆ ئەوەی بێنە بەرەوە و وانەی ڕابردوو سەرلەبەر بڵێنەوە. گەرچی وانەکان لە یەک کتێب بوون و یەک مامۆستاش شەرحی دابوون، بەڵام تا ئێستا هەر قوتابییەک بە ڕاڤە و بۆچوونی خۆی دەرسەکانی وەرگرتبوو و گێڕابوویەوە. گێڕانەوەی هیچکامیان وەک ئەوانی تر نەبوو. لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە، ئەو قوتابیانەی دەرسەکانیان گێڕابۆوە و ڕەنگە ئەوانەی لەمەودواش نۆرەیان دەهات هەر بەم شێوەیە دەرسەکانیان بگێڕابایەوە.

قەڵەمەکەی دەرهێنا. خەریک بوو بناغەی چیرۆکێکی تازە دارێژێت. کەسایەتییەکان ڕاست دەبوونەوە. بە پێچەوانەی قوتابییەکان بە هۆی نەبوونی مێز و کورسی لەو دەشتەدا، چواردەورەیان تەنیبوو. قامکیان بەرز دەکردەوە و دەستیان بە سنگیان وەدەنا و داخوازی ئەوەبوون بێنە بەرەوە و چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە. ماوەیەک دوودڵ بوو گوێڕایەڵی کام بە سەرهات بێت و کێهە قەڵافەت بۆ چیرۆکەکەی هەڵبژێرێت. دەستی هەمووانی دابەزاندەوە. قەراری دا بە بیچم و قەڵافەت و ڕوخساریان دا نەک ڕابردوو، بەڵکو ئێستا و داهاتووی ژیانی هەرکامیان بنووسێتەوە.

کیژۆڵەیەکی باڵابەرزی ڕوو گەندومی سەرنجی ڕاکێشا. بۆ ئەوەی لێی نزیک بێتەوە، ناچار بوو خۆی بگۆڕێ. شەلوارە تەسکەکەی دانا و کراس و پانتۆڵێکی فشوفۆڵی دەبەر کرد. بە بیانووی کار کردن لە مووچە و مەزرا، باسوخواسی کاروباری وەرزێڕی دەس پێکرد. هەرچی کردی هیچی بۆ نەچۆوە سەر یەک. بۆی نەدەکرا شتێک لە ژیانی ئەم کچەتیوە هەڵکرێنێ. بە لەپی دەستی شەقەی لە نێوچاوانی هێنا و بە ناچاری خۆی بوو بە کەنیشک. وای لێهات دەگەڵ کچەکە دەتگوت سێوێکن و لەت کراون. کراسێکی سپی ئاماڵ سەوزی دەبەر کرد. کە تاسکە تاسکی دەکرد، مەمکە قوتەکانی گنجیان لە کراسەکە دەبڕی و دەتگوت بە سنگیدا هەڵدەچن خەریکن یەخەی بدڕن و دەرپەڕن. دەستەخوشکانی گەمارۆیان دابوو. دەنگی مۆسیقا و ئاهەنگی



هەڵپەڕکێ ئۆخژن و خۆشییان لە دەروونندا دەوروژاند. گەرەکی بوو زاوا لەبیر باتەوە. تازە کار لە کار ترازابوو. ئەو دڵی دابوو بە یەکی تر، یان بە قسەی خۆی دایک و بابی ملیان پێ ڕاکێشابوو بۆ ئەوەی دەگەڵ کچێکی تر زەماوەند بکا. هەرچی بێ جیا ببۆوە و سەرەتای ژیانێکی تازەی دەست پێکردبوو. نان ئەو نانەیە ئەورۆ لە خوانە. وا باشە لە شاییدا بە شوێن ئاواتی دڵیدا بگەڕێ. سەیرێکی خۆی و کیژەکانی بەشداری شایی کرد. بەسەر هەموویانی وەبوو. جلەکانی زۆر بە ساکاری و بێ سەرنجدان پۆشیبوو، بەڵام لە هەموویان ڕازاوەتر بوو. نەدەبوو ئەم دەرفەتەش لە کیس بدات. داخوا کەی شاییەکی ئەوتۆ ساز دەبێتەوە. کیژ و کاڵ تێکەڵ دەبن و بۆیان دەکرێ قسەی دڵیان بە گوێی یەکدا بچرپێنن و ئەگەر سەوداسەربگرێت شان بە شانی یەک هەڵپەڕن. ژوانگە دەسنیشان کەن و پاشانیش شاییەکی لەم چەشنە ساز دەن. کیژ و کاڵان کۆکەنەوە و لە شایی ئەوانیشدا هەڵپەڕین و سرتوخورت ساز بێتەوە و ژوانگە دیاری بکرێن... ئەگەر وا با شایی یەکەم وەک بنەداری بە پرژەڵی لێدەهات. چەند لکی دەردەکردن و هەر لکە و چەند لکی تر. جا هەر خوا دەزانێ نەمامی یەکەم لە کەیەوە نێژراوە و پرژەڵ لقوپۆپی دەگەنە کوێ.
لاوێکی جوانچاکی دەسنیشان کرد. لە گەڕی شاییدا هەڵدەپەڕی. هەر دوو دەستی بێ دۆ بوو. کەلێنێکی باش بوو بۆ ئەوەی خۆی تێبخزێنێت. لەوە دوودڵ بوو دەزگیرانی هەبێ، یان دڵی دابێ بە کەسێکی تر، یان ئەوەندە شەرمێون بێت لە دەستی ڕاکات. خۆی بۆ ڕانەگیرا. یەکێ لە دەستەخوشکەکانی لەو تەمایە ئاگادار کرد. دەستێکی بە سەر و پرچیدا هێنا. پشتێنەکەی هەڵکێشا و گنجی کراسەکەی ڕێکوپێک کرد. لە بەر چاوی دەتگوت گەڕی شایی هەنگاوێک نایەتە بەرەوە و هەر لە جێوە پێ لێدەدەن. بۆ ئەوەی کەسی تر شوێنی دیاریکراو نەگرێتەوە، چەند هەنگاوێک ڕۆیشتە پێشەوە و بە پشتەوەی گەڕی شاییدا لە سەرەتای ریزی ئەو کیژانە ڕاوەستا کە تەمایان بوو هەڵپەڕکێ بەڵەکتر بکەن. پەنجەیەکی لە شانی ڕاستی دا و زنجیرەی شایی قووتی دا و لە خۆی گرت. بێ ئەوەی سەرنج بداتە ڕەوتی هەڵپەڕین، لەگەڵ ئاهەنگی مۆسیقا لە یەکەم هەنگاودا ڕێکی ڕەشبەڵەکەکە هەڵدەپەڕی. تەزوویەکی گەرم هەموو لەشی داگرت. لە بەرا هەردوو پەنجەکانی شل گرتبوو. وەک ئەوەی بە تەنیا هەڵپەڕێ دەستەکانی شل بەردابوونەوە. خێسەیەکی بۆ لای چەپی کرد. شانێکی لە شانی دا و پەنجەی گوشی و بە نەرمە بزەیەکەوە لە گەڵ خێرا بوونی هەڵپەڕینەکە رووی بۆ لای ڕاست وەرسووڕاندەوە. بە وەڵامی پەنجە گوشینەکە شەرمێکی کچانە دایگرت و بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە سەری بەرز کردەوە و بە سەر حەشامەتەکەدا لەولاتری ڕووانی. ئەو کەسایەتییانەی خۆی لە مابەینیاندا هەڵبژێردرابوو، لە گەڵ قوتابییانی ئاوایی تێکەڵ ببوون، بۆ ئەوەی بێنە گەڕی شایی و دە دەستیدا هەڵپەڕن، قامکیان بەرز دەکردەوە و دەستیان لە سنگیان دەدا.
هێشتا یەکەم دێڕی دەفتەرەکەی ڕەش نەکردبوو. لە شووشە کراوەکانی مینیبووسەکەڕا هاوکارانی بانگیان دەکرد: زووکە درەنگە. دەکرێت لە ماڵەوە بە ئیمڵای قوتابییەکانتدا بچیەوە. پێیەکی لە سەر ڕکێفی دەرگای مینیبووسەکە دانابوو. هەموو کەسایەتییەکان و قوتابییەکانی قامکیان بەرز دەکردەوە و دەستیان لە سنگیان دەدا. نەیدەزانی دەیانهەوێ چیرۆکی ژیانیان بڵێنەوە، یان لەگەڵیدا سواری پاسەکە بن؟

# مردنەوە

**محەمەد ئەردەڵان**
**(سەقز)**

شتێکی وەک دەنگ، دەنگی زرەی زەنگی ژوورێکی سارد لە گوێیدا دەزرینگایەوە و شتێکی وەک ڕەنگ، ڕەنگی دووکەڵ یان تەمومژی شەوێکی یەک ڕەنگ بە بەرچاویدا هاموشۆی دەکرد و تێکەڵ بۆنی کاگڵی ژێرزەوینییەکی نمداردەبوو... باران تازە خۆشی کردبووەوە و ئەوان بە شاخەکەدا سەر دەکەوتن و ئەوانەی پێشەوە لە ناو تەمومژدا لەبەرچاوی ون دەبوون و ئەو بە حەزەوە لێیانی دەڕوانی و... لە پڕ گڵۆپێکی ڕۆشن شۆڕۆبوو مێزێکی ترسێنەر و دوو زەلامی نەناسراو لەو بەریەوە دەرکەوتن.

**یەکێکیان دەیوت:**

**من بە برا گەورەی خۆت بزانە و**
**باوەڕم پێ بکە، مادام لەگەڵمان**
**هاوکاری بکەیت لێت دەبوورین**
**و تاوانەکانت بە هەڵەیەکی بچووک**
**لە قەڵەم دەدەین، تەنیا بە مەرجێک**
**هاوکاریمان لەگەڵ بکەیت ئێستا**
**بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکانم بدەوە**
**لەبیرت بێ پێشتریش وەڵامی**
**ئەوەی کە کێ بردتی و کێت بردووە**
**نەداوەتەوە!**
**کێ هەواڵی پێ دەگەیاندن؟ نازانم**
**کێ یارمەتیتانی دەدا؟ نازانم**
**ئەوانی کە ئێستا لە کوێن؟ نازانم**
**نازانم، نازانم، نابێتەوە وەڵام پێم**
**وتی دەبێت هاوکاریمان لەگەڵ بکەیت**
**هاوکاری، تێ دەگەیت؟ دووپاتی دەکەمەوە**
**کێ هەواڵی پێ دەگەیاندن؟ نازانم**
**ئەی لەخۆتانۆ دەهاتن؟ کێ یارمەتیتانی**
**دەدا؟ نازانم**
**حەتمەن بەبای خوا بەڕێ دەچوون**
**ئەو جۆرەی دیارە تۆ زمانی خۆش حاڵی**
**نابیت. با پێت بڵێم ئێمە لێرە زمانی**
**ناخۆش، ئاوی گەرم، ئاوی سارد، ئوتوو،**
**کارەبا، پیاوی بەدەس و مەچەک،**
**ناخونگیر و هەزار شتی دیمان هەیە کارێ**
**مەکە کەڵکی لێ بگرین. وەڵامی پرسیارەکانی**
**ئەوان بدەوە، دیسان خۆم پرسیارت لێ دەکەم**

**نەمردین و چاومان بە یەکتر کەوتەوە**
**لات وانەبێ ڕابردووم لەبیر چووە**
**سەردەمێک بوو کون بە کون بە دواتا**
**دەگەڕام، بەڵایەکت بەسەرا بهێنم ناوی**
**خۆت لەبیر بچیتۆ. جوان گوێ گرە**
**وەک بەچکەی بەنی ئادەم وەڵام بدەوە بێ**
**فێڵ و کەڵەک چون ئاگامان لە هەموو شتێکە**
**لەبیرت نەچێ پێشتریش وەڵامی ئەوەی کە**
**کێ یارمەتیتانی دەدا و ئەوانی تر لە کوێن و ...**
**نەداوەتەوە!**
**ناو؟ خۆت دەزانی**
**قوڕمساخی سەگباب پرسیم ناو؟ ئازاد ئەحمەدی**
**ناوی باوک؟ شۆڕش**
**تەمەن؟ ٢٥**
**چەن ساڵ لەوێ بووی؟٤**
**کێ بردتی؟ کەس**
**سەگباب درۆ مەکە ئەو ئوتوورەت بۆ بێنم؟**
**وەڵا کەس خۆم چووم خۆم**
**خۆت بێ جات کرد!**
**ئەی کێت لەگەڵ خۆتا برد؟ کەس**
**کەس، کەس، تۆ وتت و منیش باوەڕم کرد**
**تۆ ئەوەندە کەری وا دەزانی ئێمەش بە قەد**
**تۆ کەرین و ئاگامان لە هیچ نییە. دەتەوێت**
**پاڵەوانبازی دەربهێنیت؟ پاڵەوانتر لە**
**تۆیش بە ناخونگیر هاتە قسە.**
**وەڵامی پرسیارەکانی حاجی بدەوە**
**دیسان خۆم لێت دەپرسمەوە**

**ئەو خەوی دەهات و**

پرسیارەکان دووپات و دووپات دەبوونەوە، چاوەکانی نایەسەریەک.... تازە خەو بەری دابوو کە بە دەنگی «بەرەوپێشەوە» هەستا سەرپێ و بە شاخەکەدا لەگەڵ ئەوان کەوتە ڕێ. «بەرەوپێشەوە» لە مێشکیدا دەنگی دەدایەوە. ماوەیەک بوو بە درێژایی چوار ساڵ «بەرەو پێشەوە» سەرەتای هەموو ڕۆژێکی بوو، هێندە دووپات و دووپات و دووپات ببووەوە کە وای دەزانی: ڕەنگە هیچ کات بۆ هیچ کامێکمان لەهیچ شوێنێک لەبیر نەکرێت، دەزانم بەیانی و دوو بەیانی و دواتر ڕەنگە هەتا کۆتایی پایز، یان سەرەتای زستان کەوا با و هەور و هەورەتریشقە و پاشان باران دەبارێت دووپات و دووپات و دووپات دەبێتەوە و ئەو دەم ئێمە گەر مابێتین لە پشت پەنجەرەی ژوورێکەوە، یان کاتێک بەر لەوەی خەو بمانباتەوە بەبیرهێنانەوەی «بەرەوپێشەوە» دەکەوینەوە یادی ئەوانی کەوا نین و بوونی ئێمەش ڕەنگە تەنیا هەڵکەوت بووبێت و ئێمە دەبێت لە دووی شتێکی وەک ئاو، ئاوێنە، چاییەکی گەرم، نەخۆشین و شەڕ بگەڕێین هەتاکو بەخۆمانی بسەلمێنین کە کار لەمانە ڕاێبواردووە و بیرهێنانەوە و گێڕانەوە و دیسان بیرهێنانەوەی ناوێت و لەم هەڵکەوتەدا ئێمە ماوین و ئەمەش قسە نییە کە جارێکی تر دووپات و دووپات و دووپات دەبێتەوە و ڕەنگە ئەوجا ئێمە بە هەڵکەوت نەمابێتین و یەکێکی تر لەبەر پەنجەرەی ژوورێکەوە کەوا ساڵێک لەوەبەر ئێمەی لەبەردا بووین، یان کاتێک بەر لەوەی خەو بیباتەوە بە بیرهێنانەوەی «بەرەوپێشەوە» بکەوێتەوە یادمان کەوا ڕۆژگارێک پێکەوە بووین کە هەر سەرلەبەیانی و دوا نیوەڕۆیەکی، یان کۆتایی هەر پشوودان و حەسانەوەیەکی بە «بەرەوپێشەوە» دەستی پێکرد و «بەرەوپێشەوە» لەو..» «هاااا» چاوەکانی هەڵدێنێت، دەستێک پەرداخێکی خاڵی لە سەرمێزەکە دادەنێت و دەڵێت «خەوت دێ ها؟» زیقەی گریانی ژنێک تێکەڵ بۆنی کاگڵی ژێرزەوینییەکە دەبێت و حاجی گۆچانێک و ئەوی کە عەینەکێک لەبەرچاویدا دەگرن و «قاقا» پێدەکەنن «هەهەهەهە» «هەهەهەهە» «هەهەهەهە» لە جێگەکەیدا قنج دەبێتەوە ئاوی دەمی قووت دەدا، ژوورەکە نقوومی تاریکییە.

«حی علی الصلاة»

گشت گیانی لە عارەقدا خووساوە، هەسکە هەسکی دێت.

«حی علی الصلاة»

پەنجەکانی دەلەرزن و زیقەی گریانی ژنەکە لەگوێیدا دەزرینگێتەوە و تێکەڵ تاریکیی ژوورەکە دەبێت.

«حی علی الفلاح»

لە ژنەکەی تەنیشتی دەڕوانێت، بێدەنگ نووستووە.

«حی علی الفلاح»

دەستی بێ ئیختیار بە دەوریدا دەخشێت، پاکەتی جگەرەکە و پاشان چەرخەکە دەگرێت.

«الصلات خیر من النوم»

جگەرەیەک دادەگرسێنێت، بە ترس و لەرز و هەسکەوە مژی یەکەمی لێدەدات.

«الصلات خیر من النوم»

دووکەڵی جگەرەکە لە تاریکییەکەدا ون دەبێت.

«الله اکبر، الله اکبر»

مژێکی تر لە جگەرەکە دەدات چاوەکانی دەقونجێنێت.

«لا اله الا الله»

دووکەڵی جگەرەکە دەداتە دەرۆ، بێدەنگی دەخزێتە ناو ژوورەکە و تێکەڵ تاریکی دەبێت. لێی دەڕوانێت، نایبینێت، پاڵ ئەداتۆ سەری بە پشتا دەخات چاوەکانی دەنێتە سەریەک، چ ڕۆژگارێک بوو منیش ئەبووایەت ئەو ڕۆژانە کە بۆنی گۆشتی برژاوی جەستەم بە ئوتوو تێکەڵ بۆنی کاگڵی ئەو ژێرزەوینییە نماراە دەبوو، بمردایەتم هەتاکو گوێم لە قاقاکان و پرسیارەکانی ئەوان نەبووایەت و ئەمرۆم بەسەردا نەهاتایە کە وردە وردە مردنی خۆم ببینم و ئاواتەخوازی گەڕانەوەی دوێکە و پێرێکە و ئەو ڕۆژانە بم کە بە «بەرەو پێشەوە» دەستی پێکرد. هەستم بە هیلاکی و بێ خەوی دەکرد و ئەگەر بکرایە هەر بەو سەرورِیشە چڵکنەوە، هەر بەو جلە خۆڵاویانەوە، هەر بەو چەک و قەتارە فیشەکەوە بەسەر ئەو بەردە ڕەقانەوە، یان لەناو ئەو گژوگیا و دڕک و داڵەدا، لەگەڵ ئەوان، یان بێ ئەوان برێک بخەوتبام ڕەنگە باشتر بمتوانیایە شوێنەوارێک لەخۆم جێ نەهێڵم هەتاکو کەسێکی هیلاکتر لە خۆم مەجبوور نەبوایە بیسڕێتەوە و پاشان بە ڕاکردن و هەسکە هەسک پێمان بگاتەوە و بڵێت «کوڕی باش، کوڕی باش، خۆ دیسان شوێنەوارت جێ هێشت» و شەرمەزارم کات. ئەو ڕۆژەیش لەناو ئەو قوڕ و چڵپاوەدا و لە ژێر ئەو بارانەدا کە ئەوم بە کۆڵەوە بوو، بەرلەوەی شوێنەوایێک لە خۆم جێ بهێڵم گەر بمتوانیایە، یان بمویرایە برێک بخەوتبام ڕەنگە قەت خەوەرم نەبووایەتەوە هەتاکو ئەمرۆم بەسەردابێت و بێ تەقە بچوایەتە ڕیزی ئەوانەی کەوا ئەو ڕۆژانە پێمان دەوتن «شەهید» و شەهید نەمر بوو وەکو شاخ، وەکو بەفر، وەکو درەخت، وەکو بەهارو گوڵەباخ. شەهید ئاو بوو، ئەو ڕۆژانە چەنێکم تینوو بوو ئەوان پەرداخ بە پەرداخ دەیان کردە ناو ژێر زەوینییەکە و من ئاوی دەمم قووت دەدا و تازە دەمزانی دنیایەکی بچووکتر و بەستراوەتر لەو دنیایەش هەیە کە هەر سەر لە بەیانی و دوانیوەڕۆیەکی، یان

کــۆتایی هەر پشــوودان و حــەســانەوەیەکی بە «بەرەوپێشەوە» دەست پێدەکات و جیاوازی ئەمڕۆ و دوێکەی تەنیا لە دەرگیریەکی ناوەختدا و لە نەمانی کەسێکدایە کە دوێکە ئەوکاتە مابوو. ڕەنگە ئێستا تەنیا کەسێک کە لەوێ بیرهێنانەوەی «بەرەوپێشەوە» دەکەوێتەوە یادم ئەو بێت، بەڵام نا تا ئێستا هێندەیان بە گوێدا خوێندووە ئازاد واو ئازاد وا کە ئەویش لەبیری چووەتەوە من کە لە تەواوی تەمەنمدا دەستم لە جەنازە نەدابوو! ئەو ڕۆژە ئەو هەموو جەنازە خوێناوی و قوڕاویە تەرمم شاردەوە و ئەو کە وەک جەنازە و بگرە قورستریش بوو بەو هیلاکی و بێ خەویەوە و لەناو ئەو قوڕاوەدا و لەژێر ئەو بارانەدا کە یەک چین دەباری و دەتوت قەت خۆش ناکاتەوە، هەتاکو کوێم بە کۆڵ برد و هێندە ئاگام لە برینەکانی ئەو بوو کە دیسان شوێنەوارم جێ هێشت و هەر ئەمەش بەس بوو بە دواماندا بێن. خوا خۆی دەزانێ دەمە و ئێوارە کە لە هیلاکی و بێ خەوی و ترسدا هەموو شتێک بەسەرباز دەهاتە بەرچاوم و ئەویش ئیدی لەسەر خۆچووبوو ناڵەی نەدەکرد، لەبەر چی سپاردم بەو کاورا ڕدێن سپییە کە دەیوت لە ماڵی کچەکەی دەگەڕێتەوە و خۆم گەڕامەوە کە شوێنەوارەکان بسڕمەوە..

چاوەکــانی هەڵدێنێت، ژوورەکــە روون بووەتەوە، تاوێکی تیـژ لە گۆشەیەکی پەردەکەوە هاتووەتە ناو ژوورەکە و ماتەمات بەرەو گوڵەکە دەچێت هەتاکو هەتا ئێوارە بیگەوزێنێت. پڵینگی ناو قاپی وێنەکە هێشتا ئاسکەکەی بۆنەگیراوە و ژنەکەی لەگەڵ ئەودا بێدەنگ لە قاپی وێنەیەکی تردا و بەجلی زەماوەندەوە پێدەکەنن، چەند جاری تر سەرنجی ژوورەکە دەدات و هەست بە بێدەنگیەکی قووڵ لە هەموو لایەکیدا دەکات، بێدەنگی لای ئەو شتێکی نوێ نییە، بەڵام یەکەم جارە ئاوا قووڵ هەست بە بێــدەنگی دەکــات و تەنانەت دەنگی هەناسەکانی خۆیشی نابیسێت. وەک پەیکەرێک دانیشتبوو بیری لە ئەمانە دەکردەوە و هیچ دەنگێکی نەدەبیست، بیری جگەرەکەی کەوتەوە تا بن سووتابوو، سووتووەکەی هەڵوەریبووە سەر قاڵیەکە، کۆی کردەوە و لەو لاترەوە کتێبێکی هەڵگرت و بە دەنگی بەرز خوێندیەوە «زامگەلێ لە ژیندا هەن وەکو خوورە لە بێدەنگی و تەنیاییدا هێور هێور ڕۆح دەخۆن و دەیتاشن» بێ دەنگیەکە قووڵتر لەوە بوو کە بەم وشانە بشکێت.

دەستی بەرەو زەبتەکە درێژ کرد و قامکی پێگەیی

cado cadoo cadooo

cado cadoo cadooo

cadoooooooooooo

cadoooooooooooooo

ئەویش بەرەو بێدەنگی ڕۆیشت. لەگەڵ ئەوەیدا کە هەوڵی دەدا هەستانەکەی دەنگی بێت هەستاو ژوورەکەی جێ هێشت و خۆی گەیاندە شێرەی ئاوەکە و سەری شۆڕۆ کرد و یەک دوو مشت ئاوی بەدەم و چاویدا سەری بەرز کردەوە، لە ئاوێنەکەی ڕوانی و گوێی ڕاگرت نە سروەیەک نە سرتەیەک، بێدەنگی تەواو. لەم لاو لەولای خۆی ڕوانی بێ ئەوەی هەست بە نوێبوونی هیچ شتێک بکات، هەمــــووی لا بێگانە بوو. هەســتی دەکــرد هیچ پێوەندییەکیان بەوەوە نەماوە. ئەمەی بە ئەنجامی بێدەنگیەکە زانی و بێدەنگیەکەی بەشتێکی دەروونی لە قەڵەمدا کە بە دەنگەکانی دەرەوە نەدەشکا.

سەری شۆڕۆ کرد، یەک لە دوو مشتی تر ئاوی بەدەم و چاویۆ دا، سەری بەرزکردەوە و لە ئاوێنەکەی ڕوانی، لە دەم و چاوی ورد بووەوە، لە گــــونێچکە و قــــژە بە تەمەنەکانی، لە سینگ و بەرۆکی بەرەبەرە نیگای بەرەو خــۆی گــوازتەوە و لە دەست و پەنجــە و مــەچەک و پاوپلەکانی خۆی ڕاما، هەمــوو ئەندامی ئەوبوون و لە خزمەتی ئەودابوون، بەڵام نا لە خزمەت ئەودانەبوون ئەوەنییە هەمــوو سەر لە بەیانییەک پاکانی ئەو بەرەو شوێنێک دەبەن کە پەنجەکانی لەوێدا و لە بەرانبەر بەرپرسێکدا کە ئەو لە دیتنی بێزارە، سێ ئیمزا لە سێ لاپەڕەدا دەکەن و دیسان پاکانی ئەو دەگەڕێننەوە.

پەنجــەکـــانی لە بەرانبـــەر ئاوێنەکـــەدا گـــرت و جووڵاندییەوە. چاوەکانی یەک دووجار تروکاند. هەر لە جێگەکەیدا و لە بەرانبەر ئاوێنەکەدا پاکانی بە نۆبە بەرزکردەوە، بەرز بوونەوە. پەنجەکانی پای جووڵانەوە، ئەوانیش جووڵانەوە. نا! هەموویان بە ئیزنی ئەو کاریان دەکرد و تەنانەت دەجووڵانەوە. دیسان لەم لاولەولای ڕوانی هیچ شتێک لە جێگەکەی خۆیدا نەبوو، یان ئەگەر بوو لەگەڵ ئەودا پێوەندی نەبوو، هەموو کۆمەڵێک وشەبوون کە ئەو مــاوەیەکی درێژ هەوڵی دابوو بە کۆکردنەوەیان لە دەوری خۆی و لەوماڵە بە درۆ وانیشان بدات کە لە نێوانیاندا پێوەندییەکی قورس و قایم هەیە و نەبوو. بۆیە ئێستا تەنیا ئەندامەکانی جەستەی بۆ مابوونەوە و بەس.

لە پیاوی ناو ئاوێنەکەی ڕوانی بێ خەویەکەی دوێشەو لە چاویدا سوور دەینواند و بە بێزاریەوە لەوی دەڕوانی، خۆی پێ نەگیراو بە پرتاو خۆی لێ ون کرد، بێدەنگ لەماڵ هاتە دەرێ بە لێژی کۆڵان و شەقامەکاندا خۆی بەردایەوە، هەموو شتێک و هەموو کارێکی پێ بێ مانا و بێ کەڵک بوو، لە دوای ڕزگاربوونەکەی لەو ژێر زەوینییە نماراە هەتا ئەو ڕۆژە پێوەندییەکی زۆرەملێ و درۆی لەنێوان خۆی و ڕەوتێکدا ساز کردبوو کە خەڵک بە

«ژیانی خۆش» ناویان لێ دەبرد و ئەو بە بێزارییەوە بیری دەکردەوە کە ئیدی ناکرێت باس لەو شتانە بکات کە دەیزانی و ڕەخنە لەو کارانە بگرێت کە جێگای ڕەخنەبوون و گوێ بۆ ئەو قسانە بگرێت کە هەموو کات تامەزرۆی بیستنیان بوو. لەبەر خۆیەوە و بە دەم ڕێڕۆیشتنەوە وتی «لەکاتی ڕزگار بوونمەوە خۆم نەبووم» و دەیزانی کە ئیدی لەوە زیاتر ناکرێت خۆی بەماڵ و ژن و هاتوچوو، سەرقاڵ بکات و دەبووایە لە بنەڕەتی هەموویانەوە دەستی پێ بکردایە و بەو شێوەی کە دەیەوێت دایانی بڕێژایەتەوە.

بەم بیرانەوە گەیشتە ئەو شوێنەی کە هەموو ڕۆژێک دوای ڕزگاربوونەکەی هاتبوو، سێ ئیمزای کردبوو. گەڕابووەوە بە سەربازەکەی بەر دەرگای وت «نهۆمی سێ، ژووری پێنج» سەربازەکە بە بڕۆ بزواندن ئیزنی چوونە ناوەی پێداو ئەو بە حەوشە چۆڵوهۆڵەکەدا تێپەڕی و خۆی گەیاندە سەر پلیکانەکان و پاشان ژووری پێنج. دەرگاکەی بە جیڕەیەک کردەوە و خۆی لە بەرانبەر بەرپرسێکدا دییەوە کە هیچ کات پڕ بەدڵ سڵاوی لێ نەکردبوو، ئەویش قەت نەیوتبوو «کاکە بەخێربێت، تکایە دانیشە». وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە و بەچاوو دەست ئاماژەی بەرەو کورسیەک کرد. لە سەری دانیشت و لە ژوورەکەی ڕوانی. لە بەرانبەریدا و بەسەر سەری بەرپرسەکەوە دروشمێکی کۆن و لەم لاولاوە چەند فایل و کۆمۆدی داخراو ژوورەکەیان لێ تەنگ کردبوو. لە بەرپرسەکەی بەرانبەری ڕوانی و بیری لە گەورەیی مەوداکەی بەینیان کردەوە کە دەکرا هەزاران مێزی تێدا دابنێیت و لەسەر هەر مێزێک چەند دۆسیەی ڕەنگاوڕەنگ و ئاڵایەکی بچووک کراوەی دەسەڵات و بڕێک دەرزی و ئێستامپێک و ڕۆژژمێرێک و پیاڵەیەک چای هەموو کات ساردۆ بووی لەسەر دابنێیت، یان نا سەر هەموو مێزەکان پڕکەیت لە پیاڵە چای ساردبوو، دەشتێک پیاڵە چای، دەشتێک، دەشتێک پیاڵە چای و لەبیری چووەوە کە بۆچی چووە و سەری بە پشتدا خست و هیچ پێوەندیەکی لەنێوان خۆی و ئەو ژوورە بێدەنگە و ئەو پیاوە ناحەزەدا نەدۆزیەوە.

– ئاغای ئەحمەدی

بەڵێ هەستا سەرپێ و قنج و قیت لە بەرانبەریدا وێستا.

– فەرموو ئیمزای کە.

کاغەزەکانی گرت و ورد ورد جنیانی و بە ژوورەکەدا و بەسەر سەری بەرپرسەکەدا هەڵی خستەوە.

– شێت بووی؟

بە دەنگی بەرز وتی «شێت بووم، ساخۆ بووم، باوەڕ ناکەی»

ڕازایەوە و بە تەواوی هێزەوە زللەیەکی سرەواندە پەناگوێی بەرپرسەکە و بە دەنگی بەرز «قاقا» یەکی کێشا.

بەرپرسەکە باوەڕی نەدەکرد و چاوەکانی دەرپەڕیبوون، ماق دەیڕوانی و دەمی کرایەوە: کەری گەوج، کێشە بۆ خۆت ساز مەکە.

کێشە؟ کێشە؟ هەموو شت تەواو بوو، کەری گەوجیش خۆت و حەوت پشتتە، پاشان دەستی خستە سەر مێزەکە و هەموو شتێکی سەرەتا تێکەڵکرد و پاشان فڕێی دانە خوارۆ تەنیا چاییەکەی هێشتۆ و لە بەرانبەر چاوە دەرپەڕیوەکانی بەرپرسەکەدا بە تەکانێک خواردیەوە و پیاڵەکەی بەرەو دیوارەکە هاوێشت و بەرەو دەرگاکە چوو..

– بگەڕێوە بۆ دواجار پێت دەڵێم لێرە بێ ئیزنی من بە سلامەت ناچیتە دەرۆ.

ناچمە دەرۆ ئێستا دەچم و ئەو سەربازە خوێرییەی بەر دەرگایش بەر شەق دەدەم..

دەرگاکەی کردەوە و بە هەڵاتن بەرەو پلیکانەکان چوو، دەرگای هەموو ژوورەکانی تریش کرابوونەوە و لەبەر هەر دەرگایەکەوە چەند چاو لەویان دەڕوانی.

تا بەرپرسەکە پەنجەرەی ڕاڕاوەکەی کردەوە ئەو گەشتبووە حەوشەکە و بەرەو دەرۆ ڕای دەکرد، بەرپرسەکە نەڕاندی:

– وەک مرۆڤ بگەڕێوە، بۆ دواجار پێت دەڵێم ئەگینا.

ئەو بە حەوشەکەدا ڕای دەکرد، بەڵام چاوی لە قامکی بەرپرسەکەوە بوو کە بەرەو پەلە پیتکەی دەمانچەکە دەچوو دەی نەڕاند «ئاغای ئەحمەدی. ئاغای ئەحمەدی.» چاوی هەڵێنا. جەستەی نقومی عارەق ببوو.

– خەوت لێکەوتبوو؟

چەند سات وڕ لەم لاو لەولای ڕوانی، بەڵێ خەوم لێکەوتبوو.

– فەرموو ئیمزایان بکە.

هەستا سەر پێ و قەڵەمەکەی لێگرت و لە کاغەزەکانی ڕوانی، بێدەنگیەکە، کە لە بەیانی زووەوە ئازاری دابوو بە چەند وشەی ئەو بەرپرسە تێکشکابوو، هەموو شت لە جێگەکەی خۆیدا بوو، پێوەندییەکی ئاسایی و هەمیشەییان لەگەڵ ئەودابوو، بیری میوانیەکی دوانیمەڕۆ کەوتەوە.

ئیمزای سێهەمیشی کرد، بەرپرسەکە قەڵەمەکەی لێ گرت و وتی:

بە سلامەت.

# فیردەوسی تەمتومان

دڵشاد مستەفا
(سلێمانی)

*** بۆ هاوڕێی هەمیشەییم (ڕزگار ئەمین) لە هەر کوێیەکی دوای گێڕانەوەی حیکایەتەکانی بەرائەت.**
*** پێشکەشە بە (تۆ).. ئەو دەمەی خاوەنی ساردترین سیما و پڕ سۆزترین ناخ بوویت..**

**کاراکتەرەکان:**

**پیـــرداود:** تەمـەنی لە (٦٠) سـاڵیـدایە سـەیدێکی تارژەنە و سیمایەکی نوورانی هەیە.

**ئەســتێ:** تەمـەنی لە (٤٠-٤٢) سـاڵیدایە، ژنێکی سیما مات و ڕەشپۆش و دووگیانە.

**کـوڕ:** تەمـەنی لە (٢٢-٢٥) ساڵیدایە، سەرکێشە.. سیمایەکی خوازراوی هەیە.

**جــــەنەراڵ:** تەمـەنی لە ( ٤٥-٥٠ ) سـاڵیـدایە.. سەرکردەیەکی سەربازی شکست خواردووە.

**زێــریــنـــا:** کـیـژێکی جـوان تەمـەنی لە (٢٣-٢٥) سـاڵیـدایە.. جـوان و سـەلار و نەشـمـیلە، ئازا و بەجەرگە.

[دیمەنەکان لەنێو ماڵێکی گەورەی نیوە داڕووخاودا ڕوودەدات لە ناوچەیەکدا دوای ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی گەورە].

**بەشی یەکەم**
**دیمەنی یەکەم**

شانۆ.. بریتییە لە پەناگەیەکی کەمێ داڕووخاو لەوە دەچێ شوێنی کتێبخانەیەکی گەورە بووبێت و لەئەنجامی کارەساتێکدا ڕمابێ و هەندێ ئاسەواری ئەو ڕووخانەی پێوە دیارە.. لەپشتەوەی شانۆ دوو پلیکانەی بەرامبەر یەک کە بەرەو سەرەوە دەڕۆن لە بینەرەوە لەسەر لا دەردەکەون دیارە.. مێزێکی مامناوەندی لە دار دروستکرا و لە ناوەڕاستدایە سێ کورسی لە دار دروستکراوی لەدەورە، شەمعدانێک لەسەر مێزەکەیە پەنجەرەیەک لەلای چەپی شانۆبەو یەکێکی تر لە ناوەڕاستدا لەنێوان هەردوو پلیکانەکەدایە.. دەرگایەک لەلای چەپ هەیە و یەکێکی تر لەلای ڕاست. ئاگردانێک لەشوێنەکەدا هەیە.. کە شانۆ ڕووناک دەبێتەوە ئەستێ خەریکی داگیرساندنی مۆمەکانەو دەنگی ژەندنی تار (تەنبوور) لەسەرەوە دەبیسترێ..

**ئەستێ:** (لەبەر خۆیەوە) ئێوارەیەکی سەیرە.. هەر زوو تاریکی داهات. بەفریای هیچ نەکەوتم. ئەم وەحشەتە ئینسان زەلیل دەکات، هەر دەبێ بەدووی هاوەڵێکدا وێڵ بێ.. بەهەرحاڵ دەڕەوێتەوە.

**پیرە:** (کە دەنگی مۆسیقاکە نامێنێ دەردەکەوێت) بۆ وا زوو مۆمەکانت پێ کرد؟

**ئەستێ:** ئەم ئێوارەیە خۆر زۆر زوو تۆرا و تاریکی زووتر لە وادەی خۆی هات.

**پیرە:** هیچ لە گۆڕێدا نییە؟

**ئەستێ:** نازانم!

**پیرە:** ئەی بۆ وا بەنیگەرانی باسی ئێوارە دەکەیت؟

**ئەستێ:** خەمە هێشتا نەهاتۆتەوە.. تۆ بڵێی تا ئێستا لە دەرەوە چی بکا؟!

**پیرە:** ئەی بێتە ژوورەوە؟! ژوورەوە چییە؟ لە بێزاری زیاتر..

**ئەستێ:** هەر باشە. گرنگ ئەوەیە ئێمە دڵمان لای نابێت.

**پیرە:** وایە.

**ئەستێ:** بۆ لات سەیرە ئەم پەرۆشییە؟

**پیرە:** چ.. چ.. نەء.. لەوەتەی ئەو باسی ئەو تارماییەی کردووە پەرۆشیت زیاتر بووە.

**ئەستێ:** ئێوارەیەکی غەریبە.. خەریکە ساردی دەکات، ئەو ئاگرە داناگیرسێنی؟

**پیرە:** (خەندەیەک دەکات) با هەر ئێستا (دێتە خوارەوە بۆ لای ئاگردانەکە)

(ئەستێ تەشی و خوریییەکەی هەڵدەگرێ و خەریکی ڕستنە)

**پیرە:** (لەگەڵ داگیرساندنی ئاگرەکەدا) دەبوایە ئێمە تا حەوت ڕۆژان ئاگرمان نەکوژایەتەوە.

**ئەستێ:** بۆ؟

**پیرە:** لەبەر ئەوانەی تر.

**ئەستێ:** ئێمەش جاران هەمان سرووتمان هەبوو، بەڵام فەوتا.. لەناوچوو.

**پیرە:** زۆر بوون؟

**ئەستێ:** زۆر.. لە ئێوارەیەکی لەم شێوەیەدا.. بەخێرچووین. ئیتر من دڵەڕاوکێ دایگرتم، نەهاتەوە.

**پیرە:** وامدەزانی دەتوانی بۆ چەند ساتێکیش بێت لەیادی کەیت و ئەوەندە خەمی نەخۆیت.

**ئەستێ:** گرانە.. قوربان.. زۆر گرانە.

**پیرە:** تۆ باخەوانە نوورانییەکەی باخی گوڵە مێخەکەکانت دەناسی؟

**ئەستێ:** زۆرنا.

**پیرە:** بەسەرهاتی سەیری هەبوو.. ئێواران کە نیگەرانی تاوی بۆ دەهێنا پەنجە گەورەی دەستی دەنایە سەر پەنجە گەورەی پێی و دەیکردە هاوار و دەیوت پیرم بەفریام دێ و دەربازم دەکا پاش ماوەیەک کە ماندوو دەبوو دەکەوت و ئیتر خەوێکی قووڵ زەفەری پێ دەبرد.. تادرەنگانێ بەخەبەر نەئەهات، کە ڕۆژ دەبۆوە لێت پرسیبا، دەیوت وانییە من نەبووم.. خەڵکی ئێرەش پێیان دەوت مەست بووە و ئیتر بێ ئاگا کەوتووە.

**ئەستێ:** بۆ ئەم شتانە بۆ من دەگێڕیتەوە؟

**پیرە:** ها؟ (ئەستێ دەچێتە لای پەنجەرەکەی ناوەڕاست و لە دەرەوە دەڕوانێ).

**ئەستێ:** تاریکی تا بێ تۆختر دەبێت و ئەویش هەر دیار نییە.

**پیرە:** خەم مەخۆ هاکا پەیا بوو.. (پیرە دەچێتە سەرەوە، ئەستێ بەنیگەرانی هاتوچۆ دەکات) (دەنگی گۆرانی پیرەدێ).

(پاش کەمێک نیگەرانی ئەستێ دادەنیشێ دەست دەکاتەوە بەچنین، تەقەی دەرگا دێ لە شوێن خۆی ئاوڕ دەداتەوە کوڕەکە دەردەکەوێت لە ئەستێ دەڕوانێ.. غەمبار و ماندووە.

**کوڕ:** شەو باش..

**ئەستێ:** نەدەکرا کەمێک زووتر بێیتەوە تا تووشی ئەو هەموو گومان و نیگەرانییەم نەکەیت.

**کوڕ:** (بێ ئاگا لەو) بۆ؟ هیچ بووە؟

**ئەستێ:** نەء.

**کوڕ:** چاوەڕوانی هیچ دەکەیت ببێت؟

**ئەستێ:** نەء.

**کوڕ:** هەست دەکەیت شتێکی خراپ ڕوودەدات؟

**ئەستێ:** دە.. نەء.

**کوڕ:** ئیتر بۆ نیگەرانی و تا ئێستاش بەو هەموو ڕقەوە چاوەڕوانی؟

**ئەستێ:** چاوەڕوان نیم.. خەریکی کارم.

**کوڕ:** دیارە.

**ئەستێ:** ها.

**کوڕ:** ئەو ئاگرە تینێکی وای نییە لەش گەرم دابێنێ.

**ئەستێ:** تۆ سەرما لەشی ئەنگاوتووی.. وا زوو لەشت گەرم دانایەت.

(دەنگی گۆرانی پیرە دەبیسترێ)

**کوڕ:** (دەچێتە گۆشەیەکی پێشەوە و لەبەرخۆیەوە قسە دەکات و ئەستێ گوێی لێ نییە).

شەوی ئێرە ئەوەندە بێزارە.. سام و تەپەی پێی ئەو لاشانە ڕۆحەکانیان لە تاریکیدا جێهێشتوون. ڕەنگە ئێستا لەوپەڕی دنیا ئەوانەی تر لەسەر سینەی دڵبەرەکانیان ڕۆژەکەنەوە کەچی من سەرما و تەنهایی لە ئامێز دەگرم، قەهری پێم فێربووە شەوانە خوێنم دەڕێژێ.. دەبێ بەهای بوونی ئافرەتێ چی بێ بۆ من گەر لە دواییەکانی شەوا لە سەرمام نەسێنێ و جەستەم نەکاتە پارچەیەک سکڵ و چرا خەفەکانم پێهەڵنەکا. خێرا بمرین چاکترە لەوەی چاوەڕوانی مردن بکەین.. (ئەم ڕستەیەی دوایی بە دەنگی بەرز دەڵێت).

**ئەستێ:** لەگەڵ منت بوو. وتت چی؟

**کوڕ:** نەء لەبەر خۆمەوە قسە دەکەم.. مەترسە شێت نەبووم و نوکتەش بۆ شەیتان و جنۆکە ناکەم.. زۆر ئاساییم..

**ئەستێ:** (بەردەوامە لەسەر کاری خۆی و هەندێ جار وەک بۆڵە قسەدەکات) دوو بەتڵی شەو ڕاکشاوە هاتوویتەوە ئینجا هەر پەستی بەری نەداوی. بۆ ناچی بحەوێیتەوە، لەوە دەچێ زۆر ماندووبی؟

**کوڕ:** زۆر.

**ئەستێ:** چاکترە بچیت چاو لێک نێی، کێ دەزانێ سبەی لەکوێوە ڕۆژ هەڵدێ..؟!

**کوڕ:** کەس نازانێ.. بەڵام هەموو دەزانن لەکوێوە ئاوا دەبێ..

(کوڕ کە دەڕواتە سەرەوە، ژووری بەرامبەری ژووری پیرداوە.. ئەستێ هەڵدەستێ شەمعدانەکە هەڵدەگرێ و بەرەو ژوورەکەی لای چەپ هەنگاو دەنێ).

– تاریکی –

**دیمەنی دووەم**

(ڕۆژە.. پیرە خەریکی خۆ ڕێکخستنە بۆ چوونە دەرەوە، کەسی تر دیار نییە، ئەو دەمەی بەرەو دەرگای دەرەوە دەچێت لەنێو دەرگاکەدا کەسێکی بەرەوڕوو دێت بەبەرگی سەربازییەوە (جەنەراڵ)ە بەخێرایی دەسڵەمێتەوە دێتە دواوە ئەویش دێتە ژوورێ و دەستی وەک سڵاو بڵند دەکاو بەخێرایی دایدەگرێ، پیرە بەحەسرەت و ڕقەوە لەژێرەوە لێی دەڕوانێ و چاوەڕوانە.

**جەنەراڵ:** حەزم کرد چیرۆکەکانت بۆ تەواوکەم، بەیانییەکی نوورانی و پیاوێکی ڕیش چەرموو دوو شتن، ئارەزووی باسکردنی گیانبازیم تێدا دەخرۆشێنن، دەی قەڵەم و سیپارەت ئامادەکە، یان جارێ هەر بەزاری بۆت باس کەم و تۆش گوێ دەگری، شتێ بڵێ کابرا هەروا بەئاسانی کاتم لێ مەگرە. لەیادم چوو بەتەمابووی بچیتە دەرەوە، نیازی کوێت هەبوو.. دەتویست لەدەستی من هەڵبێیی تا چیرۆکەکانم تەواو نەکەم.. چ.. چ.. چ.. چەند هاوڕێیەکی خراپی.. هەرچەندە دەڵێن هاوڕێیەتی خراپ چاوگەی ئازارە بەڵام ئەمانە لای من قسەی هیچن. زمانی نەزان کلیلی گۆڕیەتی دەبێ بزانی بۆ ئەوەی بژیت وانییە.. (پیرە بێدەنگە) شتێک بڵێ هاوڕێ لەم دوودڵی و دووڕیانی گومانەدا جێم مەهێڵە..

**پیرە:** تۆ پێویستت بەهیچ شتێکی من نییە ئیدی بۆ لێم ناگەڕێی؟

**جەنەراڵ:** بەپێچەوانەوە من ژیری تۆم دەوێت ڕاستگۆیی و حەقیقەت بینی تۆ.. زمانی تۆم دەوێت دەمەوێ بەخوێنی تۆ بژیم بە سییەکانت هەناسە بدەم ئەمە ئەوپەڕی دۆستایەتییە.

**پیرە:** دەشێت وابێت، ئەگەر نەزان هۆی نەزانینی خۆی بزانیایە ئەبوو بەزانا.

**جەنەراڵ:** ڕاستە.. بۆیە ئامادەم گوێت لێبگرم، بەڵام کە من لە گێڕانەوەی چیرۆکەکان بوومەوە.

**پیرە:** بەڕێزتان زۆر بەنەشئەوە ئەو قسانە ڕێکدەخەن و جار جارەش کەمێک دەیئاڵۆزێنن گرانە بۆ من، تێیان ناگەم؟

**جەنەراڵ:** گرنگ ئەوەیە وەک خۆیان بیاننووسیتەوە ئەوسا کاتی خۆی دێ کەسی خۆی چنگ دەکەوێت تێیان بگات.

**پیرە:** قوربان من دەڵێم پیاوی ژیر ئەو کەسەیە کە کەڵک لە بەسەرهاتی خەڵکی وەرئەگرێ نەک تەنیا بەسەرهاتی خۆی.

**جەنەراڵ:** تۆ نەزانانە عیبرەتت لە ژیان وەرگرتووە، بۆیە خۆت بەهەندێ شتی پڕو پووچەوە خلەفاندووەو شتێکی وات لا بەرهەم نەهێناوە شایستەی گوتن بێت.

**پیرە:** قوربان من ڕۆژگارێ گەورەی کردم کە نەزانین تێیدا سەلامەتی بوو.

**جەنەراڵ:** ئێوە هەردەم دەبێ وابڵێن بۆ ئەوەی پاساو بۆ تەمبەڵی خۆتان بێننەوە، دەترسن ڕۆژێک کەسێ بوێرێ و بەرەو ڕووتان بوەستێ ئەوسا دەستەوسان دەبن نازانن چی بڵێن.

**پیرە:** (پێدەکەنێ) جەناب تۆ شتێکی زۆر سەیر باس ئەکەی، من دەڵێم شتێک هەیە ئینسان ڕووی خۆی تێدا دەبینێ و پێی دەڵێن ئاوێنە، بڕوات بێ ئێستا تەواو هەست دەکەم ئەو شتەم بەڵام تەمێکی سپی ڕووی گرتووم و وێنەکانم بەکاڵی تێدا ئەبینرێ.

**جەنەراڵ:** (کەمێک تووڕە دەبێت) تۆ ئەمەندە قسەم پێ دەبڕی، ناهێڵی بزانم چی دەڵێم.

**پیرە:** بەڕێز من قسەت پێببڕم یان نا تۆ هەرگیز واز لە چیرۆکەکانت ناهێنی بۆ ماوەیەکیش پشوو بەئەندێشەی خۆت نایەی، ماندوو ئەبی چیدی ناتوانی بەردەوام بیت.

**جەنەراڵ:** ئەوەی من بۆ تۆی باس دەکەم ڕۆچۆتە نێو خاکی جەستەمەوە، دەمەوێ بەر لەوەی بچووک بچووک بمەوە مەزنییەکانم لە کتێبە گەورەکانا بەچەند حەرفێکی ورد بشارمەوە، تائەو ڕۆژەی بۆ یادگارییەکەم دەگرین ئەوسا سەربازەکان بەر لەوەی گۆرانی بەسەر بەژنی تفەنگەکانیانا هەڵدەن لەباتی ئەڤیندارەکانیان نوێژ بۆ ڕۆحی من ئەکەن و خەنیم دەکەن.

**پیرە:** هاوڕێ ئەوانە خەیاڵێکی بەپیتە، بەڵام لەم زەوییەدا هیچ سەوز ناکات (ئاماژە بۆ سەری خۆی دەکات).

**جەنەراڵ:** دەزانی تۆ یەک دوو بەیانییە بەم وشانەت ماندووم دەکەیت و بواری بیرکردنەوەم نادەیت. (کەمێک بێزار و تووڕە) کە یەکێک پلانێکم لێ تێک دەدات هەست دەکەم لقێکی درەختی کەرامەتمی داپاچیوە.

**پیرە:** جاران لەوە دەترساین کە شتێکی نهێنیمان دەوت یەکێ گوێی لێ نەبووبێ ئێستا عەودالّی ئەوەین یەکێ هەبێ وزەی ئەوەی هەبێ گوێ بەڕازو نهێنییەکانمان بگرێ، بەڕێز شوکرانەبژێر بە کەسێکت دەست کەوتووە لەبەر هەرچییەک بێت گوێت لێ ئەگرێ، چی دی نیگەران مەبەو بدوێ.

**جەنەراڵ:** ئەمڕۆ هەموو هێڵەکانم لێ تێک چووە.. دەبێت جارێکی تر ڕێکیان بخەمەوە تاکەمێک چێژی هەبێت وا نەبێت کەسێ ناچێ بەلایاندا.

**پیرە:** حەقیقەت ڕێکخستن و بۆن پێوەکردنی ناوێ بەپێی خۆی دەچێتە بەردڵان.

**جەنەراڵ:** تۆ بەگومانی لەوەی ئەوانەی من دەیلێم

حەقیقەتن؟

**پیرە:** بدوێ بەڕێز خۆت گرژ مەکە سەرانسەر گوێم.

**جەنەراڵ:** بەیانییەکی ڕۆشن بوو.. لەوە دەچوو سەربازەکان تازە لە خەو ڕابووبێتن گوێم لە گۆرانییەکی غەریب بوو. دەگەڕام بەشوێن سەرچاوەی دەنگەکەدا بۆم نەدەدۆزرایەوە، ناچار هەر گوێم گرت و سەرسام بووم.

**پیرە:** ئەمە سەرەتای چیرۆکێکی نوێیە.

**جەنەراڵ:** ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی هەموو چیرۆکەکانە.. لێرەوە لە حەقیقەت دەدوێم.

**پیرە:** چاوەڕوانم.

**جەنەراڵ:** ئەمڕۆ ماندووم لەوە زیاتر توانام نییە، بەهیوام سبەی هەر لە سەرەتاوە بەگیرم نەهێنی تا بتوانم هەموو شتەکان بەڕێکی بڵێم.

**پیرە:** وەک چۆن دەتەوێت یان وەک ئەوەی خۆیان هەن؟

**جەنەراڵ:** ویستی من و ئەوان یەک شتن. دوو دیوی یەک ئاوێنەن (دەست بۆ سەری پیرە دەبات) بەڵام زەوی بەیارو بێ فەڕ تۆوی ئاڵتوونی لێ بچێنە.. هیچ بەرهەم ناهێنێ.. ماڵئاوا.. (دەڕوات).

(پیرە کەمێک تووڕە دەبێت و لەبەر خۆیەوە هەندێک بەدەنگی بەرز).

**پیرە:** ئێوە خۆتان نازانن لەکوێیی دەرگابەن دەنگی دێ.. شەڕ بەدەرگاوان دەفرۆشن، شەو و ڕۆژتان لێ تێک چووەو دەچن بەگژ ئەستێرەدا وەل بە دەبەنگ ئێوە لەخێری ئێرە چاوتان سوور بووە. ئیتر بۆ دەتانەوێ بیخەنە گیانەڵڵا؟ (کوڕەکە لە دەنگی ئەو دێتە دەرێ و لێی دەڕوانێ پیرە لە تووڕە بووندا وربۆتەوەو بەرەو دەرگای دەرەوە قسە دەکات) خوا خۆی بەفریای بەندەی دێ ئێوە مناڵیش نابوێرن، ڕۆژێ لەپڕ کۆڵانەکانتان بەرووودا دادەخرێ، ئەو لاشانە هەڵدەستنە سەرپێ، نازانم تۆ لەکوێی ئەو جەستانەوە ڕۆژ دەکەیتەوە، شەوێک بەسەرڕێکی براوەوە دەتدۆزمەوەو دەتتۆقێنم (پیرە ماندوو دەبێ و دەکۆکێ) وەل بە.. نەفرەتی..

**کوڕ:** مامۆ.. بۆ ئەو عەزابە دەنۆشی و ئەوەندە خۆت هەراسان دەکەیت، بۆ دەهێڵی بێتە ئێرە؟

**پیرە:** کوڕم ئەمانە شەرم لە دەرگاو شوورە ناکەن. هەر دێن.. پێکەنینیان بەسنوور دێ..

**کوڕ:** مامۆ کە ئەوە دەزانی ئەوەندە خۆت ئازار مەدە.. لێی گەڕێ چی دەڵێ با بڵێ و بڕوا..

**پیرە:** ئاخر کوڕم هەرچی هات و بەشی خۆی وت، ئێمە لەنێوانیانا وەک گیانداری چاو بەستراومان لێ دێ کەسمان ڕێی ئاوەدانی نادۆزینەوە.. درێژە چیرۆکی ئەمانە بەسات و دووسات نابێژرێ.. دوێنێ ئێوارە درەنگ بەدەرکەوتی ئەستێ تەواو نیگەران بوو.. بۆ دیار نەبووی؟

**کوڕ:** مامۆ.. دوێ شەو خەونێک زەفەری پێ بردم.

**پیرە:** کوڕم ئەوە شەرمی نییە.. هەموو کەس تووشی دێ.

**کوڕ:** مامۆ.. خەونێکی ڕاست.. مۆتەکە نەبوو.. هاتە نێو جەستەمەوەو یەخسیری کردم نەمدەتوانی دەم بدەم بەیەکداو وام هەست دەکرد لەمردن نزیک دەبمەوە.. هەناسەم سوار بوو، پەلم دەهاویشت، وەک مامری بێ سەر هەڵدەبەزیمەوە.. تا بەخەبەر هاتم، لەشم شەڵاڵی عارەقێکی سارد بوو.. ئیتر ترسم لێ نیشت و خەمۆکی تەنیمی.. عەزابێکە لێم ناگەڕێ.

**پیرە:** چ نییە کوڕەکەم.. هەر کەسێ تر بێ زارەترەک دەبێ و دەم بەیەکدا نایات، چ نییە خەمی لێ مەخۆ. دەڕەوێتەوە.

**کوڕ:** کەی.؟! مەبوغزێ و بلێ پرسیارە هەمیشەییەکەت کە نازانم وەڵامەکەی لەکوێیە دە بڵێ کەی؟!

**پیرە:** (خەندە دەکات) کە گوڵە (کوڕە پێیدەبڕێ).

**کوڕ:** نایەتەوە.. دەمرێ.. دەتۆقێ.. فەنادەبێ.. و نایەتەوە.

**پیرە:** بە من نییە.. منیش حەز دەکەم بەڵام چی لەگەڵ ئەم دڵە دەکەی.

**کوڕ:** ئای کە پێت دەوتم ئەو دەمەی عیشق داگیرت دەکا مانای ئەوەیە سواری کەشتییەکی بێ باڵ بووی ئیدی نازانی کەنار لەکوێیە.. من سەرم دەسوڕما دەموت ئەمانە خورافەن.. ژیان شتێکی ترە.

**پیرە:** کوڕەکەم تۆ لەخۆت بڕوانە وەک قامکی مردووان وشک هەڵاتووی لەم چۆڵەوانییە ژیان دەگوزەرێنی، کەسێ نییە سڵاوت بسێنێتەوە.. ناچار دەچیت بەگژ دیوارە قوڕینەکاناو بەپێلەقە سەرو پۆتەڵاکیان دادەگری، گوناهی ئەوانی تیا نییە.. تۆ کوڕێنیت لێ دەچۆڕێ بەڵام شەوانە لەگەڵ تەنیاییدا دەچیتەوە کۆلیتەکان.. بێ ئارامی هەراسانت دەکا، ناهێڵێ بخەوی، بیر لەوە دەکەیتەوە سبەینێ چۆن دەبێ.. لەوە ناپرسی کێ تەپوتۆزی سەر ڕووی ئەمڕۆی تەکان.. هەر دەڵێی سبەی.. سبەی چەپکە گوڵێ دەچنم و لەسەر ڕێیەکە چاوەڕێی ڕێبوارێ دەکەم تا کە گەیی دوای خۆشهاتن چەپکە گوڵەکەمی بدەمێ.. نابێ کوڕەکەم کەسێ نایێ، وا زوو قوتار نابی.

**کوڕ:** خۆ من بێبەریم لە هەموو ئەو تاوانانە.. بۆ بەم حەسرەتەوە سەر بنێمەوە؟ ئێستا لەشەودا ئەستێرەکان خۆڵەمێشێکی ڕەش ڕۆدەکەنە ڕوانینم، ئیدی ئەشک و لمی غەم پێکەوە پەیکەرێ بۆ ئەو کچە دروست دەکەن کە لە قەراغی کانییەکە خۆی کوشت.

**پیرە:** هەیهات.. ڕۆڵە ئەو خەونە بێتە دی.. ئەمانە ئەندێشەن لێیان گەڕێ. تاچاوت لێک بنێی و بحەسێیتەوە. هەیهاتە کوڕەکەم (بەرەو دەرەوە دەڕوات و

کوڕەکە لێی دەڕوانێ).

**کــــوڕ:** مامۆ جێم مەهێڵە ئەمەوێ خەونەکەی دوێنێ شەوت بۆ باس کەم.

**پیــرە:** کوڕەکەم بێ بچینە دەرێ لەوێ بەدەم ڕێوە بۆم باس کە، گوێ قولاغت دەبم.

**کــــوڕ:** مامۆ کابرا چەنەبازەکە دێت و ناهێڵێ گوێ لە من بگرێ.

**پیـــــرە:** زوو هات، شێواندم برستی لەبەر براو جێی هێشتم.

**کوڕ:** مانای چی؟ ئیتر نایەتەوە.. یان

**پیـــــرە:** یـانـی نـاوێ.. ئـەو وا زوو تەریـک نابێ، دێتـەوە. ئەو وەک گـورگ وایە تا زامی سـەختـتـربێت هەڵپـەی زیاتر دەکـا، بێ بچـینە دەرەوە، کـەمـێکی دی ئەستێ لە خەو ڕادەبێ و واقی وڕ دەمێنێ بەدیارمانەوە بڕۆین چاکترە.

**کـــوڕ:** وا دێم بەڵکو لە تەنهاییدا کەمێک ئەو ئاگرەی ناخی بلێسە بدات.

**پیــرە:** هێواش بە. گوێی لێتە.. چی بڵێی لە هەر کوێ بێ دەیبیستێ.

**کـــــوڕ:** من زۆر جار وا هەست دەکەم، بەڵام خۆمی لێ گـێل دەکـەم، دەزانی هەندێ جـار وەک هاوسـەر نا وەک شـتـێکی تر دێتـە پێش چاوم بەتایبـەت ئەو کـاتانەی لەدرەنگ گەڕانەوەم تووڕە دەبێت، هەست دەکەم دایکمەو خەمم دەخوات.

**پیـــرە:** (دەترسێ) ها. نا واز لەو هەستانە بێنە.. زۆر جار خەڵەتێنەر دەبن..

**کــــوڕ:** بیر لەوە دەکەمەوە بۆ کە باسی شتی وا دەکەم یەکسەر بە(نەء) وەڵامم دەدەیتەوە.

**پیـــرە:** کوڕم.. حەقیقەت شتێکەو ئەندێشەو هەستی تۆ شتێ تر.. بڕۆین چاکە تا لەدەرێ خەونەکەی دوێنێ شەوم بۆ باس کەیت.. دەی یا (عەلی).

**کـــوڕ:** مەولا عەلی.

**پیـــرە:** ها.. وتت چ؟

**کـــــوڕ:** چ نیـیـە قـوربان ویردێکە لەسـەری ڕاهاتووم، خێڵمان ئەوە نەریتی بوو.

**پیرە:** چییان لێ هات؟!

**کـــوڕ:** قڕیان کردووین، ئەستێ لەمن باشتری بیر دێ، نازانم من زۆری لێ نازانم هەمـوو جـار ئەو دەڵێ بەسـوار ئەسپێکەوە تۆم فڕاند. ئەو ئەسپە هی باوکت بوو، باوکت یەکێ بوو لەپیـاوە بەجـەرگـەکـانی خـێڵ.. بـەڵام لەدەست چوو. ئیـتر نازانم مـامۆ بەتەواوی هەمـوو شـتـەکـان باس ناکات.

**پیـــــرە:** ئەستەمە ئینسـان گوێ لە هەمـوو ئەو داخانە بگرێ. بەهەرحـاڵ دەرەوە باشـتـرە، لێـرە هەوا هاتوچۆ ناکات.. دەرەوە چاکترە.

**کــــوڕ:** (وەک ئەوەی گـوێی لەوە نەبوو بێت) ئەو وتی: شەوێ بوو بەر لەوەی بەیان بێ.. چەند تیـرێکی گـڕاوی کـەوتە نێـومـان.. دووکـەڵێکی چڕ بڵند بوو، دەوارو ئاواییمـان گـری گـرت، پیـرۆزەکـانمان کـەوتن.. خـێڵ ئاوارەبوون کـەچی لەو دەمــەدا ژنێک لە خـەڵوەتی سـەیدێکدا بوو، تۆ لەو ڕۆژەدا بوویت، تۆ کـوڕی ئەو سـاتەی هەر بەزوویی گـەورە بوویت، ڕوانینت لە هی کـەسی دی نەدەچوو لەگـەڵ ئازاری منا گـەورە بوویت.. چەند جارێک لەگـەڵ مـردندا جـەنگاویت و بوویتـە ئەم کـوڕە.. نازانم ئەمـانە ڕاستن یان نا؟ هەست دەکـەم هەندێکیـانم لەیادە ئەوانەی تر تەمـێک دەوری داون نارەوێنەوە تا تەواو حـاڵی بم.. مـامـۆ لە تۆم دەوێ دەمەوێ بزانم ئەو خەونانە درۆن یاڕاستن؟ (ئاوڕ دەداتەوە بۆ پیرە) دەمەوێ سەر لەم سەرگورشتانە دەرکەم، ترس لەناخمدا چەکەرەی کردووە، بەزوویی ڕیشەکێش نابێت، یاریدەم دە مامۆ.

**پیـرە:** بینایی چاوان بەفریات کەوێت، ئەمن عەبدێکی زەلیلم چیم پێ ناکرێ، وەرە بچینە دەرەوە بەڵکو کەمێک ئاسوودە بیت.

**کوڕ:** دیسان کە دەگەمە سەر پرسیارە گرانەکان.. خۆتم لێ لادەدەیت.

**پیرە:** کاتی نییە کاکۆ.. کاتی نییە.

**کوڕ:** ئەی کەی؟

**پیـرە:** سەبری دەوێ، دنیا بەحەوت ڕۆژان خەلق بووە، لە هیچ شتێکدا یەزدان پەلەی نییە.

**کوڕ:** من پەلەمە.. هیچ سەبرم نییە.

**پیـــرە:** دان بەخۆتا بگرە، شوکرانە بژێر بە کە هێشتا ماویت و دەبینی و دەبیستی ئێستا گرنگترین شت سەلامەتییە.

**کــــوڕ:** وا بڕوا دەمـرم، ئـەوەنـدە پڕ بووم لێوانلێوم لە حەسرەت.

**پیــــرە:** ڕۆڵە ئەوەی تۆ دەیبێژی. گۆرانییە، خەم وا نییە.. هێور بەوە چ نییە کوڕەکەم، سەبری دەوێ، چ نییە ئافەرۆزی کە، وەرە من چیرۆکی سەیرت بۆ باس کەم کەمێک دڵشاد دەبیت.

**کوڕ:** بڕوام نییە شتێک هەبێت لەم ئازارەم بەدەر کا.

**پیـــرە:** وا نیـیـە دەتۆ گـوێ ڕادێرە... دەڵێن جـارێک قەشەیەک ڕێ دەکا، پارچە ئاوێنەیەک دەبینێتەوە، لێی دەڕوانێ وێنەی قەشەیەکی تێدایە، بەلایەوە سەیر دەبێ، دەیبـاتە مـاڵ بەدزی ژنەکـەیەوە لە سندوقی توند دەکـا، ئێـواران بەنهـێنی سندوق دەکـاتەوەو پارچە ئاوێنەکـە دەردێنێ کـە تێـر لێی دەڕوانێ، کـە ژنە بەمـە دەزانێ بەگومان دەبێ ئەویش سندوقەکە دەکاتەوەو پارچە ئاوێنە دەردێنێ کـە دەڕوانێ وێنەی ژنێکی جـوان و شـەنگ دەبینێ، لەدڵی خۆیدا دەڵێ ئەمەیە نهێنییەکە قەشە دڵی

بەم ژنەدا چووە بۆیە بەدزی منەوە تەماشای وێنەکەی دەکا.. دەبێتە شەڕیان، ژنە بەزۆر ئاوێنە لە قەشە دەفڕێنێ ئەوکاتە هەردووکیان سەیری دەکەن، قەشە ژنەکەی خۆی تێدا دەبینێ و ئەویش مێردەکەی کە یەکدی دەناسنەوە ئینجا دڵنیا دەبن کە ئەوە وێنە نییە، ئاوێنەیە، تێر بەعەقڵی یەک پێدەکەنن و ئاشت دەبنەوە (پیرە پێدەکەنێ، کوڕە بێ دەنگەو گوێ دەگرێ) چییە بۆ واق وڕ ماوی.

**کوڕ:** (بێ ئاگایە) ها؟ هیچ چیان بەسەرهات؟

**پیرە:** (کە دەزانێ بێ ئاگا بووە) ئیدی غاریان دا تا دارستانێ.

**کوڕ:** کێ غاری دا؟

**پیرە:** خەیاڵی تۆ؟ بێ بچینە دەرێ... هیچ لە تەک تۆ فایدەی نییە.

**کوڕ:** دەشێت.. ئاوایە.. ڕاستە دەڕۆین..

(پیرەو کوڕەکە دەچنە دەرەوە).

(ئەستێ دێتە دەرەوە سەری بەپەڕۆیەک بەستووە و بەگسکێکەوە دێتە دەرێ، ماندوو دیارەو دەست دەکات بەپاککردنەوە.. ماوەیەک خەریک دەبێ.. لە ماڵەکەدا دەگەڕێ بەشوێن نهێنی نوێدا بەهیوای دۆزینەوەی شتێ دەربارەی نهێنی چوونە دەرەوەی بەردەوامی کوڕەکە).

**ئەستێ:** (لەبەر خۆیەوە) دەبێ بۆ کوێ چووبێت تۆ بڵێی بەخەبەر هاتبێ.. دیارە ماڵ بۆنی پیاوی لێ براوە دەبێت کەسی لێ نەمابێ.. (دەست دەکاتەوە بەکارکردن و گەڕان و هەر بەردەوامە).

(لەو کاتەدا کچێک خۆی دەکات بەژووردا، وەک وەهمێک دەردەکەوێت، بەڵام ئەستێ پشتی لێیەتی).

**زێڕینا:** (بەهێمنی و سەرسوڕمان سەیری ئەستێ و ماڵەکە دەکات.. خەمێتی لێی بترسێ بەڵام چار نییە) سڵاو..

**ئەستێ:** سڵاو (کەمێک دەوەستێ دەترسێ.. نازانێ لەگەڵ کێی بووە.. دەسڵەمێتەوەو وەک ترس هاوار دەکا) بەڵێ.. تکایە مەیەرە پێشەوە.. مەجووڵێ.. یەک هەنگاو بێیتە پێشەوە هاوار دەکەم، ئێرە پیاوی لێیە.. بەشابارت دێن و بزانن ئازارم دەدەیت فریام دەکەون و ناهێڵن ئەوسا تۆ تووشی ئەشکەنجە دەبیت. (زێڕینا کەمێک دەچێتە پێشەوە) مەیەرە پێشەوە تکات لێ دەکەم.. هەنگاو مەنێ.. هاوار دەکەم (ئەستێ بەگسکەکەوە دەچێتە دواوە وەک چەکی بەرگری هەڵیدەسووڕێنێ) من و پیرێک و کوڕێک لێرەدا دەژین ژیانمان بۆ کەس نەبووە و کەسیشمان هەراسان نەکردووە لەو لاشانەش نەچوومەتە پێشەوە ئەوان ڕۆژانە کاریان شاردنەوەی لاشەکانە.. ئێ چی بکەن زۆرن وا زوو تەواو نابێت ژمارەیەکی وا زۆر کاتێکی زۆریشی دەوێت.

**زێڕینا:** (بە هێمنی) هێدی بە خاتوون. مەسڵەمێرەوە من لاشە نیم هەستابێتمەوە، ڕێبوارم بەکارێک هاتووم و تێدەپەڕم.

**ئەستێ:** (بە ترسەوە) هەوڵ مەدە بەقسەی شیرین لەخشتەم بەریت و پاشتر زەفەرم پێ بەریت، من چیرۆکی وام زۆر بیستووە.. تکا دەکەم ئێرە بەجێبهێڵە..

**زێڕینا:** (هەر هێمنە) خاتوون دەخوازم دڵنیابیت لەوەی ئازارت نادەم و من کەسێکی ئاساییم، ڕۆحی شەڕانگێزو شتی بەئازار نیم.. مەترسێ.. هێدی بەرەوە..

**ئەستێ:** (هەر دەترسێ) من نەمەوتووە تۆ شتێکی خراپی بەڵام من ناتناسم، بۆیە ئاوا خۆم بەدوور دەگرم.

**زێڕینا:** منیش خەڵکی ئەم نیشتمانەم بەڵام لەمێژە نەهاتوومەتەوە ئەم ناوە، دەخوازم لێم نەسڵەمیتەوە تا تێبگەی.

**ئەستێ:** ئەی ئێستا چی هێناوتی. هاتووی بۆ کڵۆڵی و بەدبەختی ئەم خەڵکەی ئێرە بڵاوێنیتەوە یان وێنەی بزرکاوی سیمایان لەگیرفان دەنێی و هەڵدێی، چیت دەوێ؟ تکایە لە دوورەوە بوەستە. چیت دەوێ بیڵێ؟

**زێڕینا:** من هاتووم لە دوای کەسێک دەگەڕێم، ماوەیەکە لەم ناوچەیەم بەڵام نەمدەزانی خەڵکی زیندووی لێیە.

**ئەستێ:** وەک لەمەوپێش پێم وتیت من لێرە لەگەڵ دوو پیاودا دەژیم.. پیرەو هاوسەرەکەم.

**زێڕینا:** پێم خۆشە لەم دەڤەرەی مردنەیا زیندووان دەبینم.. شەوانە گوێم لە دەنگی هەناسەی زیندوو دەبوو بەئەندێشەم دەزانی (دێتە پێشەوە لە ئەستێ، ئەستێ بێ ئاگایە لەوەی هاتۆتە پێشەوە).

کەچی ئەوە حەقیقەتەو من درکم پێ نەکردووە، لە یەکێک لەو ئێوارە تۆخانەی ماوەیەک لەمەوبەر تارمایی پیاوێکم بەدی کرد، لەوە دەچوو ئەویش منی بینیبێ، بۆیە هەر چۆنێک بوو خۆم مەڵاس دا بەپاڵ لەتە دیوارێکی داڕووخاو لەنێو تاریکاییەکەدا نغرۆ بووم تا هەست بکات چاوی خڵەتاندوویەتی و شتی وانییە.. دواتر من ئەو هەستەم هەبوو (هاتۆتە پێشتر لە ئەستێ و هەر بەردەوامە) کەچی ئێستا درک بەو حەقیقەتە دەکەم.

**ئەستێ:** (دەسڵەمێتەوە لەپڕ بەترسەوە هاوار دەکاو دەچێتە دواوە) ببوورە ئەوساش تکام لێ کردی نەیەیتە پێشێ.

**زێڕینا:** خاتوون ئێستاش بڕوا ناکەی.

**ئەستێ:** ئەو پیاوەی تۆ لێی دەدوێی سیمای چۆن بوو.. لاو.. پیر.. باڵا بڵند یان نەوی..

**زێڕینا:** تەواو نازانم. بەڵام بەگوزەریا لە لاو دەچوو..

**ئەستێ:** ئاخر ئەوە.. ئەوە.

**زێڕینا:** ئەو کێیە؟ من نایناسم.

**ئەستێ:** هاوسەرەکەم.. ئەویش تارمایی ژنێکی لە ئێوارەیەکی تاریکدا بەدی کردبوو.. هەرچەندە بۆ ئێمەی

باس دەکرد، بەئەندێشەی خۆیان دەزانی وامان هەست دەکرد خەریکە شێت دەبێت، تا پەرۆمان بۆ گەرم کردو دەمنایە سەر تەوێڵی دەمانوت نەبا بزرکانی (تا) بێت.
**زێرینا:** دەبێت، من ئەوەندەی لێ نازانم بەڵام دڵنیام ئەو ئێوارەیە تارمایی پیاوێکم بەدی کرد.
**ئەستێ:** ئەوە.. خۆی بووە.
**زێرینا:** ئێستا دڵنیا بوویت لە بوونی من؟!
**ئەستێ:** هێشتا هەر بەتارماییت دەزانم، عەقڵم قبووڵی ناکات جگە لە ئێمە و کابرای زۆربڵێ کەسی تر لەم ناوچەیە هەبێت.
**زێرینا:** (لە بیستنی ناوی کابرا کەمێک ڕادەمێنێت) ببوورە.. وتت کەسی تر بێ لە ئێمە لەم ناوە دەژی.
**ئەستێ:** بێ لە ئێمە کابرای زۆربڵێ.
**زێرینا:** ئەی ئەوە کێیە، لەم خێزانەی ئێوەیە؟
**ئەستێ:** نەخێر کابرایەکی سەربازییە خۆی بەمیراتگری ئەم ناوچەیە دەزانێ، ڕۆژانە دێتە لای پیرە و چیرۆک و گیانبازییەکانی خۆی بۆ باس دەکات دەیەوێت بۆی تۆمارکا و لەنێو کتێبەکانی تردا بیپارێزێ.
**زێرینا:** ئەوانەی ئەو دەیڵێت ڕاستن؟
**ئەستێ:** تا ئێستا لە ڕاستی و دروستیانم نەپرسیوە، هەندێ بەیانی کە من سەرقاڵی کارم جارجار گوێ بیتسیان دەبم.. و زۆربەی کاتیش فەرامۆشیان دەکەم.
**زێرینا:** باسی چی دەکات؟
**ئەستێ:** هەر دەمەی لە شتێک دەدوێت، ئەوەی ئەوی هەراسان کردووەو هەردەم نایبڕێتەوە گۆرانییەکانی ئەو کیژەیە؟
**زێرینا:** کام کیژ؟ دڵبەرێتی؟
**ئەستێ:** نا. دوژمنێتی.. دەڵێ ئەو گۆرانییانە وەک ئەفسوون دەڕژانە نێو جەستەی سەربازەکانەوە تەمەڵی دەکردن و نەیاندەتوانی بزاقێن چی تر، لە هەر بۆسەیەکدا بەدەیانیان لێ لەناو دەچوو.. دەیوت ئەو کیژە وەک تارمایی وابوو نەدەبینرا. (لێرەدا ئەستێ دەسڵەمێتەوە ئەو وشانە بەم ساتەی خۆی بەراورد دەکات)
**زێرینا:** دەخوازم دڵنیات کەم کە من تارمایی نیم و ئازاریشت نادەم خاتوون.
**ئەستێ:** وایە.. ڕاست دەکەیت (هێشتا دەترسێ).
**زێرینا:** کێ پاسەوانی ئەم ماڵە دەکات؟
**ئەستێ:** کەس.. بۆ دەپرسی؟!
**زێرینا:** پێم خۆش بوو بزانم چونکە من ئاسان هاتمە ژوورێ، کەسێ لێی نەپرسیم.
**ئەستێ:** دەتەوێ بمترسێنی؟
**زێرینا:** نا نەخێر.. ویستم لە دابەکانی بەڕێوەچوونی ژیانتان بپرسم. ببوورە مەبەستم نەبوو بتترسێنم!
**ئەستێ:** ئێستا دەتوانی دابنیشیت تا کەمێک بحەوێیتەوە (ئاماژەی بۆ دەکات بچێتە سەر کورسییەکە)
**زێرینا:** خوایشت دەکەم.
**ئەستێ:** پێی ناوێ.. ئێمە ڕێز لە میوان دەنێین. دەمێکە لەسەر ئەوە ڕاهاتووین (ئاماژەی بۆ دەکاتەوە)
(زێرینا دادەنیشێ، ئەستێ هێشتا نیگەران لێی دەڕوانێ تا دڵنیا ببێت کە ئەمە تارمایی نییە، گسکەکە دائەنێ و لێی دەڕوانێ. کچەکەش جار جارە سەیری دەکات و خەندە دەیگرێ).
**ئەستێ:** تۆ کەس لەوانەی تر دەناسیت؟
**زێرینا:** لە کامانە؟
**ئەستێ:** لەوانەی کە لێرە دەژین.
**زێرینا:** نەء.
**ئەستێ:** ئەی کەسیانت بینیوە؟
**زێرینا:** ها.. نەء (نیگەران و دوو دڵە).
**ئەستێ:** ئەی چۆن ڕێگای ئێرەت دۆزییەوە؟!
**زێرینا:** ماوەیەکی زۆرە لەم ناوچەیەم.. شەوانە تروسکایی ئاگرێکم بەدی دەکرد لەم شوێنەوە بەڵام دڵنیا نەبووم لەوەی چی لێرە دەژی، یەک دوو جار هەوڵم دا نزیک ببمەوە بەڵام ئەوەندەم بوێری نەبوو. تا ئەو شەوەی تارمایی ئەو پیاوەم بەدی کرد.. هێشتا هەر ترسم هەبوو بەڵام ئیتر تەنیایی بێزاری کردم و پێم لە جەرگی خۆم نا.
**ئەستێ:** ئەی تۆ کابرا زۆربڵێکە دەناسیت؟
**زێرینا:** ئا.. ها (پەشیمان دەبێتەوە) نەء.. نایناسم.
**ئەستێ:** سەیرە ئەویش ماوەیەکی زۆرە لێرەیە.. چۆن ڕێکەوتت نەکردووە، ئەو دەڵێ بەر لەوەی ئەم ناوە ببێتە وێرانە من لێرە بووم و سەرداری سوپایەکی مەزن بووم، ئەوان بەعەقڵی من کاریان دەکرد ئیتر زۆربەیان لەناوچوون و هەندێکیشیان هەڵاتن.
**زێرینا:** دەبێت.. بەڵام من نازانم.. (پاش کەمێک) ئەو کابرایە زۆر دێتە ئێرە؟
**ئەستێ:** زۆر..
**زێرینا:** زۆر دەمێنێتەوە؟
**ئەستێ:** هەندێ جار..
**زێرینا:** ئەی ئێوە چۆن پێشوزای لێ دەکەن؟ مەبەستمە چۆن مامەڵەی لەتەک دەکەن؟
**ئەستێ:** وەک ئەوەی دەبێت.. پیرە بەناچاری ملی داوەتێ و ئەویش زۆری بەسەر ئێمەوە نییە.
**زێرینا:** ئەی هاوسەرەکەت؟
**ئەستێ:** چییەتی؟
**زێرینا:** ها.. دەمەوێت بڵێم ئەو چۆن ڕەفتاری لەگەڵ دەکات؟
**ئەستێ:** ئەو هەندێ جار دەیبوغزێنێ و جار جارەش گوێی لێ دەگرێ، بەپێی ویستی خۆی بەڵام هەست ناکەم پێوەندییەکی باشیان هەبێت.. یەکتریان خۆش ناوێت، من واهەست دەکەم..

**زێـڕینــا:** دەبێت وابێت.. گەر نا ئەو ملکەچییە ئەبەد ئەستۆمان بەرنادا.

**ئەستێ:** بۆ؟

**زێـڕینــا:** ئەوانە فێـرن هەرکـەسێ ملیـان بداتێ وا ڕەفتـاری لەگەڵ دەکـەن.. ئێستـا تۆ زۆر خـۆت بەوەوە خـەریک مـەکە.. هەرچەندە خـەتاکـە من بووم و لەکـارم کردی دەتوانم یارمەتیت بدەم..

**ئەستێ:** نـەخێر ، خوایشت دەکـەم تـۆ میوانی دەبێت بحەوێیتەوە (لە پڕ) تۆ لەم مردووانە جێماوی؟

**زێڕینا:** نەخێر.

**ئەستێ:** ئەی چی هێناوتی، بۆ سۆراخی کەسێ هاتووی یان ڕێکەوت لەم دەڤەرەی توند کردی؟

**زێـڕینــا:** بۆ سـۆراخی کـەسێ هاتووم.. دەمـێکە لەم دەڤـەرە لێم بزر بووە.. چەند جارێکی تر لەدووی گەڕاوم بەڵام بێ فـایدە بوو.. ئەمـجـارەش دڵێم، بەڵکو یەکێ سۆراخێکی بزانێ و ڕێییەک بەرەو ئەو دەربەرێ.

**ئەستێ:** دەمێکە لەم ناوەڕا ون بووە؟

**زێڕینا:** دەمێکە.

**ئەسـتێ:** ئـاسـتـەمـە ئێـسـتـا لەنێـو ئـەو هەمـوو لاشەیەدا بیناسیتەوە... جگە لەوەی پیرە و هاوسەرەکەم زۆریان لێکردن بەژێر گڵەوە.

**زێڕینا:** وا هەست ناکەم تا ئێستا ئەویان دۆزیبێتەوە. چونکە ئەو جیایە.

**ئەستێ:** بۆ جیایە؟

**زێـڕینــا:** کـاتی نییـە خـاتوون مـاندوویی تەنگی پێ هەڵچنیـوم.. دەمـەوێ کـەمـێک بحـەوێمـەوە ئەوسـا لە سەرەتاوە هەموویت بۆ باس دەکەم.. لە سەدە نامەکانەوە تاکۆتایی جەنگەکان.. (زێڕینا بەماندوویی سەردەنێتە سەر مێزەکە و خۆی لەسەر کورسییەکە دانیشتووە تا کەمێک بحەوێتەوە).

**ئەستێ:** دەتوانی بچیتە نێو پێخەفەکەی من. لێرە باشترە.

**زێـڕینــا:** خـوایشت دەکـەم.. پێـویست نـاکـا ئەوەندە ماندووت بکەم.

**ئەستێ:** پێی نـاوێ بفـەرمـوو بۆ ئەوێ، چاولێکنێ و بەڵکو خـەوێکی قـووڵ بەسـەر لەشـتا بڕژێ، وانەبێ ئەو ماندووێتییە وا زوو جەستەت جێ ناهێڵێ..

**زێـڕینــا:** زۆرم پێویست پێیەتی بۆیە بەو ڕێنماییەت قایلم.

(ئەستێ ئامـاژە بۆ ژوورەکـەی خـۆی دەکـات.. زێڕینا دەچێتە ئەوێ.. ئەستێ بەچاو دووی دەکەوێت، هێشتا دوودڵە لە بوونـی بەشــەریانەی زێڕینا ، زێڕینا دیار نامێنێ.. ئەستێ بەهێواشی لەو دیو دەرگاکە دەڕوانێ و پاشان دەرگاکە دادەخات و دەست دەکاتەوە بەکارکردن، مـاوەیەکی زۆر دەبات، دەچێتـە سـەرەوە هەندێ شت لە ژوورەکانەوە دەخاتە دەرەوە بۆ پاککردنەوە).

(لە دەرەوە ڕەشـەبایەکی توند هەڵدەکـات، پەنجـەرەو دەرگاکانی ماڵەکەش دەدات بەیەکدا.. پشێوی ڕوودەکاتە ماڵەکە و لە دەرەوە هاوار دێت.. دەنگی کوڕەکە و پیرە، لە دوور دەبیستریێ، تا ورده ورده نزیک دەبنەوە ڕەشەباکە یاری بە هەندێ شتی ناو مـاڵەکە دەکات.. شەمعدانەکە دەخـات، ئەسـتێ دێتـە خـوارێ بۆ داخسـتنی دەرگـاو پەنجـەرەکـان و هەسـتـانـەوەی شـەمـعـدانەکـان، پیـرە دەردەکـەوێت، هەمـوو دەمـوچاوی خـۆڵەو هاوار لەدەرەوە دەکات تا کوڕەکە بێتە ژوورەوە).

**پیـرە:** (لەم دیوی دەرگاکەوە بۆ دەرەوە) وەرە ژوورەوە. جـارێ لەو شـتـانە گـەڕێ، وەرە ئەم دیو پەرژینەکـەوە، ئەوەندە لەوێدا مەوەستە، ئەو بایە زۆر بەتاوە.

**کـوڕ:** (لە دەرەوە دەنگی دێ) لەو لاشـانە دەڕوانم ئەو بایە چۆن لەسـەر یەکـیـان کـەڵەکـە دەکـات، مـامـۆ زۆر سەیرە.. گردی لاشە ڕیزبوون.

**پیــرە:** وەرە ژوورەوە ئەو خـۆڵە چاو دادێنـێ.. بەڵکو کـەمـێک بایەکـە بکەوێت ئەوسـا دەچینەوە بۆ کـاری خۆمان.

**کــوڕ:** ناکرێت وا بەئاسانی جێیان بهێڵم لەمەوبەر دیمەنی وام نەدیوە، ئەو هەورانە زۆر بەخـێـرایی لەیەک کۆدەبنەوە کەچی ڕەشەباکە پەرتیان دەکات، کانییە ئاوەکە لە حـەژمـەتا دەلەرزێ سـەیرە بۆ نایەی لێـرەوە لێـیـان بڕوانی. بڕواناکەم لەمەوبەر شتی واسەیر هەبووبێت.

**پیـرە:** کـاکـۆ بێرە ژووری ئەوە بە ئـازارە وەرە، شـتـی لـەوە خراپتر بەڕێوەیە لێرە، لەوەدەچێ وا زوو سـرەوتن نەیێتە خانەخوێ.

**کوڕ:** وا دێم، نەمدەویست ترس زەفەرم پێ بەرێ، بەڵام چار نییە (پاش کەمێک دێتە ژوورەوە).

(پیـرە دەڕوات بەرەو مـێـزەکـە و لەسـەر کـورسـیـیـەکـە دادەنیـشـێ کـوڕەکـەش دەڕواتە سـەر قـادرمـەکـان دادەنیشێ).

**پیرە:** بە ڕاستی بڕستی لەبەر بڕین، بەڵام تۆ بەگوڕتری، بۆیە زۆر شەکەتی نەکردی، پیاو دەبێت ئاگاداری خۆشی بکات، هەر وا مل بەهەموو ڕێیەکەوە نەنێت چاکە.

**کــوڕ:** دەموچاومان ئێستا وەک ڕووی ئەو لاشانەی لێهاتووە.

**پیرە:** ڕۆڵە خۆڵی مردن وڕ و کاسی کردووین، چی ژیان بێت لێرە نەماوە، هەرچاکە ئێمە دەتوانین بەهەناسەو دوان بژین گـەر نا ئێسـتـا ئێـمـەش لەجـێی ئەوان بووین، شوکرانەبژێرین چاکە، مەولامان ئاگای لێمانە.

**کوڕ:** ئەی ئێستا بۆ بەم دەردە چووین.

**پیــرە:** هەیهوو لە چیرۆکی حەسرەتی ئێمە، ئەوەندە درێژە ئەوسـەری نابینرێ ئەو ڕۆژەی زەوی وتی ئاسـمـان خوێنم بەسەردا دەبارێنێ ئەستێرەیەکی بڵند کشا و نەوی

بوو وتیان ئەوە ڕۆحی بەفرینی شایە، ئێستا لەوێوە دێتەوە خوارێ، سێ شەو و سێ ڕۆژان تاریکی دنیای داگرت تا سەرپاکی نەیارانی شا قڕ بوون، لەدواییدا بوێژان دەیانوت ئەوە خۆڵی بن پێی شابوو باری و بەری ڕۆژی گرت ئەستێرە نەبوو، جا ئیتر کە ڕۆژی وا دەبینم هەست دەکەم شتێ دەبێت یان بەچاک یان بەخراپ بۆیە دەڵێم ڕەشەبا ئامانی نییە (ئەستێ لە سەرەوە دەردەکەوێ لەسەر لا وەستاوەو گوێیان لێ دەگرێ).

**کوڕ:** ئەوە چەند شەوێکە گوێم لە دەنگی ئەو تەپڵەیە، هەست دەکەم تارمایی جێماوی دارستانییەکانە دەیانەوێت بەسەرمای ئەوشەو خۆیان پاکژکەن، یان دەیانەوێ ئێمە بترسێنن.

**پیرە:** خەمی ناوێ چ نییە، من ئەوسا دەترسام زستان زوو بێت کەچی لەپڕ تێپەڕی، دەمەوت لەوشەوە ئەنگوستەچاوانەی ئەودا چی بکەم تارۆژ دەبێتەوە؟ ئیدی خۆم نغرۆی ئەو ئاوازانە دەکرد تا دەمەو سەحەر، کەچی زستانی ئەمساڵ سەیر تێپەڕی.

(لە دەرەوە ڕەشەبا بەردەوامە، دەنگێک دەبیسترێ هاوار دەکات لەمان دێت و دوور دەکەوێتەوە کوڕەکە ترس دەیگرێ، پیرە بەلایەوە ئاساییە).

**کوڕ:** مامۆ، ئەو دەنگە چی بێ، تۆ بڵێی لە نێو لاشەکاندا زیندوو هەبێت ئێستا ئەو بایە دەری خستبێت؟

**پیرە:** بڕوا مەکە، ئەم مردنەی ئێستا بواری ئەو خەیاڵەی تیا نییە، بزانە لوورەی چ گیاندارێکە ڕەشەبا هاوردوویەتی.

**ئەستێ:** (دێتە خوارەوە) ئەم بایە زۆر سامناکە منیشی ترساندووە، ئەو دەنگە لەدەنگی بەشەر دەچێت ئاسایی نییە ئەوە لوورەی گورگ و چەقەڵ نییە، دەنگی بەشەرە لە دوورەوە هاوار لە ئێمە دەکات.

**پیرە:** من گوێم کەمێک گران بووە، بەحاڵە حاڵێک نووزەیەک دەبیستم (کوڕەکە هەڵدەستێ پەنجەرەکەی ناوەڕاست دەکاتەوەو سەیری دەرەوە دەکات و بە پرتاو دێتەوە ژوورەوەو هاوار دەکات).

**کوڕ:** مامۆ ئەوە بەشەرێکە بەهەڵەداوان و شەلەشەل لێرە نزیک دەبێتەوە، دەیەوێت خۆی بگەیەنێتە پەرژینەکە، لەوە دەچێ زامدار بێت، ئەوەتا دێت نزیکتر دەکەوێتەوە.

**پیرە:** (هەڵدەستێت و دێتە لای پەنجەرەکە لە دەرەوە دەڕوانێ) من هیچ چاو ناکەم ئەو خۆڵە ناهێڵێ شتێکی روون ببینم، ڕەنگی ناسیاو نییە، تۆ باشتر دەیبینیت.

**کوڕ:** ئۆهـ.. ئەوە لە کابرای سەرباز دەچێت، چەنەبازەکەی هاوەڵتە، لەوە دەچێ با کوتابێتی یان کۆڵێتەکەی بەسەردا رووخابێت.

**پیرە:** کەس نازانێ ئەوە لەکوێ ڕۆژ دەکاتەوە، بەیانییان لەمن پەیدا دەبێ و لە نیوەڕۆدا ون دەبێت.

**کوڕ:** لەوە دەچێ زۆر ماندوو بێت، شەکەت دیارە.

**پیرە:** با بچینە هانایەوە، با نەمرێ دەنا چەندی تری وەک ئەومان لێ ڕاست دەبێتەوە هیچ نەبێت کەمێک لەم شارەزاین، دەتوانین لەگەڵی بگوزەرێنین، بێ کوڕەکەم بچین بیهێنینە ژوورەوە.

**کوڕ:** مامۆ؟!

**پیرە:** (بەناچاری سەیری دەکات) بێ کوڕم واچاکترە (دادەبەزێت و بەرەو دەرەوە دەچن، ئەستێ لە پەنجەرەکەوە هەر لەدەرەوە دەڕوانێ و هاواریان لێ دەکات).

**ئەستێ:** ئەوەتا لەبن پەرژینەکەدا کەوتووە.. لەوە دەچێ ڕەوە سەگ بەدوایەوە بن، ئاگاتان لەخۆتان بێت.. ئەوەتا وەرە ئەمدیو دەیبینی.. ئا.. دەست بدەرە باڵی تا بتوانێ هەستێ.. گەر ناکرێ ڕایکێشە ئەمدیوەوە، ئەو سەگانە هەلا هەلای دەکەن، ئەوان باشی دەناسن، وریای خۆت بە، ئەوە نزیک کەوتنەوە (ئەستێ ڕادەکات بۆلای دەرگاکەی دەرەوە تا دەرگاکە بکاتەوەو یارمەتییان بدات ئەوان جەنەراڵ دێننە ژوورێ و لەسەر جێگایەک دەیخەن و خۆیان بەپرتاو دەرگاو پەنجەرەکان دادەخەن.. دەنگی سەگوەڕ لە دەرەوە دێ.).

**پیرە:** باش بوو بەفریای کەوتین دەنا ونجڕیان دەکرد.

**کوڕ:** دیارە ئەو سەگانەش دەیناسن چ غەزەبێکە.

**جەنەراڵ:** (ژاکاوە و دەبۆڵێنێ) ئاوم فریاخەن.. ئاو..خەریکم دەخنکێم.

(پیرە دەیەوێت بچێت ئاو بێنێت، ئەستێ ڕێی لێ دەگرێ و خۆی دەچێت، دەیهێنێت و دەیداتێ).

**پیرە:** نەئەبوو لەم کەشەدا بێیتە دەر، کەی وەختی سەردانە.

**جەنەراڵ:** (دەستی نارەزایی دەجوولێنێ) نا.. من نەهاتوومەتە دەرەوە، کەسیش شوێنم پێ نازانێ، بەڵام ئەو سەگانە لە بۆن کەلاکەکانەوە لە من نزیک کەوتنەوە.

**پیرە:** ئەی بۆ ورووژانتن؟!

**جەنەراڵ:** من ئەوەندەم بۆ کرا لەدەستیان هەڵبێم، بەسەر هەموو ئەو گردە کەلاکانەدا ڕاویان نام، ئیتر چارم نەما هانام بۆ ئێرە هێنا.

**کوڕ:** (لەبەرخۆیەوە) بریا ئێمەش لێرە نەبووینایە، تا ونجڕیان بکردایە (پیرە وەک سەرزەنشت سەیری کوڕەکە دەکات).

**پیرە:** کوڕەکەم یاریم دە بیگەیەنینە سەرێ تا لە ژوورەکەی من بحەوێتەوە، ئێرە بۆ ئەو باش نییە.

(کوڕەکە پاش کەمێک بێدەنگی و وەستان لێی دەچێتە پێشێ و هاوکاری دەکات دەچنە ژێر باڵی و بەرەو سەرەوەی دەبەن، لەنێو قادرمەکاندا جەنەراڵ ئاوڕێک لە خوارەوە دەدات، ئەستێ دەبینێ بەلایەوە سەیر دەبێ)

**جـەنەراڵ:** بەشەو و ڕۆژ ئێرە ڕووناکـە... تیشکی ئەم چرایەیە !؟
(پیـرە تێـیـدەخوڕێ و کـوڕەکـەش تووڕە دەبێ کـێـشی دەکەن بۆ سەرەوە بۆ ژووری پیرە)
(ئەستێ بە ئاوەکەی هێنابووی جێپێیەکانی جەنەراڵ پاک دەکـاتەوەو ئەوانیش لە سـەرەوە دەنگیـان دێ، یەکەمجار کوڕەکە دێتە دەرەوە پاشان پیرە).
**کـــوڕ:** (کـەمـێک شڵـەژاو و تووڕە) مـامۆ ئەو بۆنی کـەلاکی لێ دێ، لەوە دەچێ مـردبێ و ئێـمـە درکی پێ نەکەین.
**پیرە:** نا کوڕم ئەم زیندووە.. مرۆڤەکەی ناخێتی لەمێژە مردووە، بۆیە سەگەکانیش بەدووی دەکەون.
**کـــوڕ:** ئەی بۆچی بەو شێوەیە لێی دەچێتـە پێش، با لێی گەڕابنایە ئەوان لەت لەتیان دەکرد.
**پیرە:** نا کوڕەکەم، باسەگەکانی ئێرە بەگۆشتی جەستەی ئەم فێر نەبن گەر نا چەندەهای وایان لێ دروست دەبێ.. لێگەڕێ ڕۆژێ دێ بزانین چۆن وەڵامی ئەم هەموو پرسیارە بدەینەوە کە وەک دەرزی مێشکمانی ئاژنیوە.
**کوڕ:** ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ؟
**پیرە:** (خەندە دەکات) ئارامی دەوێ.. ئارامی ئەیوبی.
**کوڕ:** ئای ئەیوب لەکوێوە ئەو دەروونەت بخوازم چۆن لە زمانی تۆ بگەم، ئەو ئاشنایەتییە لەکوێ بێنم.
**پیـرە:** نزیکە کوڕەکەم.. هالێرە، نزیکە مەنزڵمان خەم مـەخـۆ. سـان بێـتـە فـریای دەروونت دەتکاتە هاوەڵی ئەیوب.. خەمی ناوێ.
(کوڕەکە گوڵێکی سپی چاو دەکات لەسەر مێزەکەیەو ئەوسا بەدەست (زێڕینا)وە بوو جێ ماوە، بەسەیرەوە لێی دەڕوانێ، دەچێتە پێشی، هەڵـیدەگرێ و بۆنی دەکات و سەیرێکی ئەسـتێ دەکـات، جـارێکی تر بۆنی دەکـات و سەیری پیرە دەکات، پیرەش بەسەیرەوە لێی دەڕوانێ).
**کـــــــوڕ:** مـامـۆ ئەمـە لە گـوڵـەکـانی (یوونس)ە با هێناویەتی.
**پیرە:** لەوە دەچێ، بەڵام چۆن گەیشتۆتە ئێرە.
(ئەسـتێ دەشڵـەژێ، نایەوێ باسی بوونی کـچـەکـە بکات، دەترسێ لە ژوورەوە نەمابێ، تارمایی بوونی ئەم باسی بکات وابزانن تێک چووە).
**پیرە:** ئەستێ.. ئەم گوڵە جوانە چی هێناویەتە ئێرە.
**ئەسـتێ:** ئەوە. ها ئەوە من هێنام لە دەرەوە بوو زانیم گوڵێکی جوانە وتم با لەناو نەچێ.
**کوڕ:** تۆ لەمەوبەر هەرگیز کاری وات نەکردووە، ئەمڕۆ چ فریشتەیەک سەردانی کردوویت؟
**ئەسـتێ:** (دەشڵەژێ) نا فریشتە نەبوو.. حەقیقەت بوو.
**کـوڕەکـــە:** (سەیرە بەلایەوە، پێدەکەنێ) حەقـیـقـەتی چی؟!
**پیـرە:** (بەخەندەوە) مەبەستییە بلێ دەروونی حەقبینی خۆم بردمیە دەرەوەو ئەو گوڵەم هێنا.
**ئەســـتێ:** ئاوایە.. ویستم وا بڵێم (شڵـەژانی پێوە دیارە، بەپشتاو پشت دەگەڕێتەوە بۆ لای ژوورەکەی).
**کـوڕەکـــە:** بۆ وا پەشـۆکـاویت.. هیچ بووە، یان ڕقی دوێنێیە ئەمڕۆ لە ناختا سەوز بووە.
**ئەستێ:** نا.. نەخێر.. هیچ نییە.
**پیـــرە:** بۆ لێی ناگـەڕێی.. مـاندووە ئەو زۆر بەدەست ئێـمـەوە مـاندوو دەبێ، ئێ تۆش ئەوەندە دەپرسـیـیـەوە هەراسان دەبێت، لێی گەڕێ.
(ئەستێ دەچێتە ژوورەکەی دەرگاکە دادەخات.. کوڕەکە دەچێـتـە پێـشێ لە دەرگـاکـە دەدات، بەهێـواشی، نایکاتەوە).
**کوڕ:** شتێ بووەو نایەوێت بیدرکێنێ.. دەترسم.
**پیـرە:** ئەوەندە خانەگومان مەبە.. لێرە لە مردوو زیاتر کەسی تری لێیە؟ جائیتر ئەوهەموو خەمەی ناوێ، بزانە دروستی تەواو نییە، نەخۆشە یان لەو بایە ترساوە.
**کـوڕ:** نەء.. مامۆ ئەو شڵەژانە نەخۆشی نییە، شتێک بووە دەیەوێت سـاتـاری کـات، من دەیناسم (دەچێـتـە پێشەوە لە درەگاکە) ئەستێ یان دەرگاکە بکەرەوە یان بێرە دەرەوە بزانم چییە، (دەنگی گریانی دێ لە ژوورەوە) ئەستێ.. لەپای چی دەگریت.. بێ بزانم چی بووە؟
**پیـــــرە:** (دەچێتە پێشێ لەدەرگاکەو لەکوڕە، کوڕە دەهێنێتە دواوە) لێی گەڕێ باوانم با هێمن ببێتەوە خۆی دێ و دەڵێ چی بووە.
**کـــوڕ:** (تووڕە بووە) ئەی ئێـسـتـا بۆ نایەتە دەرێ؟ دەتەوێ چیـتـر بشـاریـتـەوە؟ هەناوم پڕیەتی لە خـوێنی حەسرەت، ئیتر لەتوانامدا نەما بژیم، یان دەڕۆم و ئێرەت بۆ جێ دەهێـڵـم یان لێگەڕێ بژیم، نە دەهێـڵـی هەست بەبوونی پیـــاوانەی خـــۆم بکەم نە دەروونم ئاســـوودە دەکـەیت، سـەرباری ئەوانەش ڕۆژانە یەک دوو گـریێی تر دەدەی لە ناخم.. ئیتر بەسە وەڕس بووم، بەسە.. بەسە.. بەس (نزیک دەبێـتـەوە لەگـریان لەسـەر پلیکانەکـان دادەنیشێ و سەری دەخاتە ناو دەستییەوە، لەسەر ئەژنۆی دایدەنێ).
**پیـرە:** (دەست دەهێنێ بەسەری کوڕەکەدا) لێ مەگەڕێ ئاگری گومان و تووڕەیی لە بری عیشق داتگیـرسێنێت، کوڕەکەم پێی ناوێ. ئەمە غـەزەبە لە عـەزابت دەنێ و چ کەڵکی نییە.. تۆ دەبێت دان بەخۆتا بگریت.. ئازابە.. کوڕەکەم.. ئازا.
**کوڕ:** (نزیکـە گریان) ئێ ئاخر سەبر لە کوێ بێنم، ئیتر هەرچی ڕووناکیم هەیە ڕوو لە کزین، چاوم بەقوولاچووەو ڕەنگی مردنم کردۆتە بەرگ، سان بەفریام بێ و ڕزگارمکە هەست دەکـەم ئەمـشـەو بێ، ڕۆژی لێ ناکـەمـەوە.. سـان بەفریام بێ.. یەزدان بە هاوارم بێ..

(بێدەنگییەک ماڵەکە دادەگرێ، کەشێکی غەمناک و بێ ئارام، ناڵەی جەنەراڵ جار جارە لەسەرەوە دەبیسترێ.. پیرە لەبەر خۆیەوە ئاوازێک دەبێژێ و دەچێتە سەر کورسییەکە بەرامبەر مێزەکە دادەنیشێ.. کوڕەکە سەری لەنێو هەردوو دەستیایە ساتێک ئەم سرووتە بەردەوام دەبێت، لەپڕتاو ئەستێ دەرگاکە دەکاتەوەو دێتە دەرێ، کوڕەکە سەر هەڵدەبڕێ و پیرە ئاوڕ دەداتەوە).

**ئەستێ:** (دێتە پێشەوە) بڕواتان بێت لێرە بوو.. ماوەیەک لەتەکیا دوام، ئیدی زۆر ماندوو بوو، چوو بحەوێتەوە. سەرەتا بەتارماییم دەزانی.. ترسام.. خەریک بوو هاوار کەم. کەچی وردە وردە ئەو ترسەم ڕەوییەوە. گفتوگۆیەکی زۆر ئاساییمان دەکرد. وەک بەشەر دەدوا. هەموو ئەو وشانەی لەمەوبەرم هێنایە پێش دیدەی خۆم.نەمدەزانی چی بڵێم بڕوا بکەم یان نەء.. من بڕوام کرد ئیتر ئێوە ئارەزووی خۆتانە..

**کوڕەکە:** (تووڕەیە، هەڵدەستێ) ئەمیش شێت بوو.. لەخۆیەوە تارمایی چاو دەکات.

**پیرە:** لێگەڕێ (بەئەستێ) ئەی چی لێ هات.. بۆ کوێ چوو؟

**ئەستێ:** ڕێگەم پێدا بچێتە پێخەفەکەی منەوە.. بحەوێتەوە کەچی ئێستا لەوێ نەماوە.

**پیرە:** ئەی چی وت؟ نەیدرکاند چی دەکات لێرە؟

**کوڕ:** مامۆ تۆش خەریکی دەچیتە سەر عەقڵی ئەو؟ ئەوە ئەندێشەی خۆیەتی یان وەک تۆ دەڵێی ئەوە مرۆڤەکەی ناخە بەجێمان دەهێڵێ.

**پیرە:** هێدی بە کوڕەکەم. با شتێ تێبگەین.

**کوڕەکە:** چیرۆکێکی بێزراوی ئەندێشەیەکی نەخۆش.. خەریکە تۆش دەخلافێنێ.

**پیرە:** (تووڕە دەبێت) ئەدی خۆت لەیادت کرد ئەو شەوانە بەچیرۆکی تارمایی ئەو کیژە چیت پێ کردین؟ کاکۆ دەبێت شتێک لەم ناوە هەبێت. ئەوە سیان چاویان کردووە من نەبێ تۆ و جەنەراڵ و ئەستێ..

**کوڕ:** مامۆ من لە عەوداڵی دڵبەرێکدا خەوم بەو کیژەوە دەبینی.. ئێستا بڕوام وایە ئەوانە هیچ نین. ئێ جەنەراڵیش ناکرێ بەکەسێکی هۆشمەند ناو ببرێ.. ئەمیش...

**پیرە:** نا.. ئیتر من قبوڵی ناکەم هێندە دلڕەقانە گوفتار بکەی.. بەسە.. کەمێک هێدی بەوە. مرۆ ناکرێ وا ڕەفتار لەگەڵ پەروەردەکەری خۆی بکات.

**کوڕ:** بۆ.. چی هەیە؟

**پیرە:** شتێکی وانییە، بەڵام هیچ یاسایەک ڕێ بەوە نادات.. ئەوەندە ڕەق مەبە.. زوو دەشکێی، ئێ ئەستێ.. لەکوێوە ئاوابوو؟!

**ئەستێ:** ( بەماتی و کزییەوە ) نازانم لەوە دەچێ لە پەنجەرەی ئەو ژوورەوە هەڵاتبێ، ئەو کاتەی گوێی لەدەنگی ئێوە بوو، یان هاواری ئەو کابرایەی بیست.. نازانم..

**پیرە:** بۆ ئەو کابرای جەنەراڵیش دەناسێ؟

**ئەستێ:** نازانم.. لەوە ناچێ. کە لێم پرسی ڕاست وەڵامی نەدامەوە.

**پیرە:** ئەی هیچ باسی خۆی نەکرد؟ نەیوت کێیە و چی دەکات لێرە؟

**ئەستێ:** لێم پرسی، وتی لە دواییدا بۆت باس دەکەم، لە نامەکانەوە تا جەنگەکان.

**پیرە:** لە نامەکانەوە تا جەنگەکان؟!! دەبێ چی بێ؟! تۆ بڵێی ئەمە مەتەڵ بێ و ئێمە لێی تێ نەگەین؟! بەهەرحاڵ ئەو ڕستەیە سەرەداوی دۆزینەوەی ئەو کیژەیە.

**کوڕ:** (هەڵدەستێ بەرەو سەرەوە بڕوات) لەوەدەچێ ئەم حکایەتە زوو کۆتایی نەیەت. من دەچمە سەرەوە. مامۆ دەمەو عەسر گەر باکە کەوت دەچینەوە دەرێ بۆ کار؟!

**پیرە:** گەر وابێ دەچین واش نەبوو چارمان نییە.

**کوڕ:** گەر خۆڵبارینی سێ ڕۆژەکە نەبێت (وەک گاڵتە هاتن) ئەوە عەسرێ دادەمرکێتەوە.

**پیرە:** وا نابێ؟! لەوە دەچێ کاتی بێ.

**کوڕ:** منیش حەز دەکەم گوێ لە حکایەت بگرم.. بەڵام شەوانەو کاتی خەو، ئێستا نا.. (دەڕواتە سەرەوە).

(ئەستێ تەشییەکە هەڵدەگرێتەوەو دەست دەکاتەوە بە ڕستن لەسەر کورسییەکەی بەرامبەری پیرە دادەنیشێ. ماوەیەک بێدەنگ دەڕوانن، پاشتر کەمێک دەجووڵێن و پیرە دەیەوێت قسە بکات).

**پیرە:** (دوای کەمێک شەرم و بێدەنگی) تۆ بڵێی شتێکی وامان هەبێت بەکەڵکی خواردن بێت.

**ئەستێ:** لە نیوەڕۆدا ئامادە دەبێت.

**پیرە:** من لە ئێوارەدا دەڵێم، ئەمشەو شتێکی تایبەتم هەیە، گەر کەمێک شیرینیمان چنگ بکەوتایە زۆر باش بوو.

**ئەستێ:** بۆچی تەنها ئەمشەو؟

**پیرە:** گەر چنگت کەوت لە ئێوارەدا پێت دەڵێم، بەشی ئەوەندەشمان مۆم هەیە یان لەقاڵبیان دەم.

**ئەستێ:** بەشی شەمعدانەکە دەکەن.

**پیرە:** هیچی لێ زیاد نابێت؟

**ئەستێ:** بڕواناکەم. کارت پێی هەیە؟!

**پیرە:** بەڵێ ئەمشەو دەمەوێت.. (پیرە هەڵدەستێ بڕواتە سەرەوە ئەستێ خەریکی ڕستنە و بەسەرسامی لە پیرە دەڕوانێ).

**(تاریکی شانۆ داگیر دەکات)**

**کۆتایی بەشی یەکەم**

**بەشی دووەم**

هەمان شوێن.. شتەکان وەک خۆیانن. عەسرێکی درەنگ وەختە، ڕووناکی هێشتا لەدنیادا ماوە. دەنگی دەرگاکەی سەرەوە دێت، کوڕەکە بەهێواشی دێتە خوارێ، لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ و لە شەمعدانەکە دەڕوانێ. دەنگی دەرگای ژووری پیرە دێت، کوڕەکە سەیر دەکات پیرە بەهێمنی دێتە خوارەوە و سەیری کوڕەکە دەکات و لەناو پەنجەرەی ناوەڕاستدا دەوەستێ و لە دەرەوە دەڕوانێ.

**کوڕ:** دیمانەت بەخێر مامۆ.. ماندوو دیاری.

**پیرە:** کەمێک نارەحەتم.. دڵم تەنگە نازانم بۆ.

**کوڕ:** مامۆ ناساغیت ؟ گەر وایە بحەوێرەوە بزانە چاکتر نابیت.

**پیرە:** نا خەیاڵێکی سەیر دەماغمی پێچاوە.. شام هاتە لام و شتی غەریبی دەدرکاندو من حاڵی نەدەبووم، بۆیە کەمێک دڵ غەمگینم، وام دەزانی ئەمشەو ئێشکم؟ بەئەستێم گوتبوو تەدارەک حازر کا کەچی بەو قسانەی شادا لەوە دەچێ سبەی بێ.

**کوڕ:** جا ئەو هەموو نیگەرانی و دڵەراوکێیەی دەوێت؟ بۆ ئەوەندە خۆت پێوە خەریک کردووە؟ دەزانی ئەمڕۆ هەر خۆت لە خەونەکەی شەوی من دەبوێری و ناهێڵی بۆت باس کەم.

**پیرە:** دە بڵێ بزانم!

**کوڕ:** کوندەپەپوویەک لەسەر دارێکی کۆن لەو بنارە چاوەکانی زرتەی دەهات. من و ئەویش بێ ئاگا لەو وەک دوو عاشقی لە مانگەشەو جێماو چرپەمان دەهات، باسی وەحشەتی جێهێشتن و مردنی لێک دابرانمان دەکرد، نەماندەزانی لەو تاریکییەشدا درەختەکان دەمانبینن، لێرە هیچ شتێک نهێنی نییە.

**پیرە:** برا تۆ زۆر خۆت ماندوو دەکەیت، ئەوەی پێ ناوێ.

**کوڕ:** من ئەو ساتانەی عەشق دەمپێچێتەوە ئیتر بێدەنگ دەبم یان هەرچییەک بڵێم بزرکانە. مامۆ ئەو ڕەگەزەی تر ڕەفتار و گفتاریان سەیرە، درۆ لەگەڵ خۆشیان دەکەن، تەنها لەپێناو مانەوەی خۆیانا تۆ بمری بۆ سەقەر چی باکیان نییە.

**پیرە:** هەیهو.. تۆ ئێستا باست لە عەشق کرد کەچی وا بەجۆرێکی تر دەبێژی. یەزدان ئاگادارت بێت ئەو سەر لێ تێکچوونەت بەخێر بگێڕێ.

**کوڕ:** (توورە دەبێت و لەخۆیەوە هاوار دەکات) خۆ شێت نیم، ئەوە خەون بوو، شتی ترم نەوتووە. نەموتووە ئەوە ڕاستییە.. شێت نیم، بۆ دەتانەوێ هەموو ساتێ بەدرۆم بخەنەوەو لەم شتانەی خۆمم بێ بەریکەن. دەمەوێ دڵنیا بم لە بوونی خۆم.. حەز دەکەم هەست بکەم ئەژیم لێگەڕێن گەر درۆش بێت بۆی بژیم، پێی بژیم.. (نزیک دەبێتەوە لە گریان، دەگری)

(جەنەراڵ لەسەرەوە دەردەکەوێت هێمن هێمن دێتە خوارەوە. لەسەر قادرمەکان دەوەستێ. کوڕەکە دەگری.. پیرە بێدەنگ و سەرسامە.. لەپڕ سەیری جەنەراڵ دەکات و ڕوو وەردەگێڕێ. جەنەراڵ ماتە و ماندووە).

**جەنەراڵ:** کەنارییەکانی ئێرە دەنگیان نووساوە، ئەوەندە بەکبریائەوە لەسەر ئەو درەختانە هەڵنیشتن تا زەوییان کردە سووتماک، ئەوە غەزەب بوو باری، دوودڵی ناوێ، هەر وابوو.

**پیرە:** ناخۆشترین شت لە ژیانا مەرگ نییە، لەو ناخۆشتر ئەوەیە گەر بخوازی و چنگت نەکەوێت.

**جەنەراڵ:** چیتە وا لەم ساتەدا مەرگ بۆتە ویردی سەر زمانت، ئازاد بە بژی.. چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو نامانە بکە کە نایەن، گوێ لەدەنگی ئەو تەپڵە مەگرە کە خەریکە کەڕ و کاست دەکات، دەست بگرە بەسەرتەوەو چاوت فراوان بکەرەوەو دەمت وەک ئەشکەوتی ئەو شاخە داپچڕە و هاوار بکە.

**پیرە:** ئێمە لە سەرەتاوە دەمانزانی ڕۆژێ دێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، بەڵام بەتەما نەبووین کە لەقامچی یاخی بین بکەوینە بەر گورزی بەئازارتر، وامان دەوت گەر گۆچانەکانمان بەهێندەی باڵای خۆمان نوشتانەوە ئیتر هیچ سەرگوزشتەیەک لەدەستمان دەرباز نابێ. ئەوەتا من بەدیار تۆوە وەرسم، بەڵام گەر گوێ نەگرم چی بکەم من چیم هەیە شەوانە خۆمی لەگەڵدا نغرۆی خەو کەم تۆ نەبێ.

**جەنەراڵ:** منیش لەم بزرکانەی دواییما شتێکی سەیرم چاو کرد، سەرەتا بەتارماییم دەزانی، کەچی لەوە دەچوو خەون بێت، کە نزیکتر بۆوە سیمای لەو کیژە دەچوو کە سەربازەکانی هەراسان کردبوو، هاوڕێ جوانە، زۆر زۆر بەڵام ڕام نابێ.

**پیرە:** ئەمە سەرەتای نوێترین چیرۆکە یان کۆتایی دوا چیرۆک.

**جەنەراڵ:** خۆشم نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم و دەستم پێکرد.. ئەوەندە دەمێکە.. سات و ڕۆژ و ناوەکانم لەیاد نەماوە. ئێستا گرنگ ئەوەیە وەک خۆیان یان وەک ئەوەی من.

**پیرە:** وەک ئەوەی تۆ دەیبێژی.

**جەنەراڵ:** زۆر چاکە تۆ هەندێ جار شتی سەیر دەڵێی. لەوانەی من ناچێ، بەڵام بەحەق سەرنج دەبەن.

**پیرە:** هۆ و هێشتا ئەوانە نیشانەکانی سەرەتان.

**جەنەراڵ:** دەبێت، تەواوبوونیان هەیە؟

**پیرە:** لەگەڵ تەواو بوونی ئینسانەکاندا.

**جەنەراڵ:** گەلێ باشە.. ئەوەیان لەدەست ئێمەدایە کاری کەسی تر نییە. (دەگەڕێتەوە بۆ سەرەوە بۆ ژوورەکە).

**پیرە:** (لە کوڕەکە دەڕوانێ و وردە وردە لێی دەچێتە

پێشەوە و بەهێمنی لەگەڵی دەدوێ) زۆر حەز دەکەم بەر لەماڵئاوایی کردن هەموو چیرۆکەکانمت بۆ تەواو کەم، بەڵام تۆ ماندوویت و بەزوویی تووڕەبوون زەفەرت پێدەبات.. دەخوازم ئاسوودە بیت و هێمن بیتەوە تا بەئاسانی گوێڕادێری خاترجەم بە عەزیزم.. خاترجەم بە (دەیەوێت بەلای کوڕەکەدا بڕواتە سەرەوە کوڕەکە ڕێی دەگرێ).

**کوڕە:** ببوورە مامۆ. حەزم نەدەکرد تووڕەبم، بمبوورە بێ ئاگا بووم لەهۆشمدا نەبووم.. ببوورە مامۆ.

**پیرە:** خەمی ناوێ.. عەزیزم من ڕاهاتووم لەسەر تووڕەبوونی تۆ و پەتیارەبوونی یوونس و خەمی ئەستێ و حەزی جەنەراڵ. من ڕاهاتووم، خەمی ناوێ.

**کوڕ:** مامۆ هێشتا چیرۆکەکەی یوونس لەناو قەدیا وەستاوین بەرەو ژوور ناکەوێ؟

**پیرە:** ئای کاکۆ دەبێ هەر ئەمڕۆ ئێوارە و سبەی سپێدە هەموو چیرۆکەکان بکەمە گوڵ و بیخەمە نێو گیرفانەکەی سەر دڵتەوە نەبادا بژاکێم..

**کوڕ:** ئای مامۆ.. دیسانەوە گەڕایتەوە بۆ سەربوردە ناخۆشەکان.

**پیرە:** کوڕەکەم مردن داری نییە وشک کات و ئیتر ترسمان لێی بڕەوێتەوە. ئەو وەیشوومەیە هەموو دەم خۆی بەخانەخوێ دەزانێ و ئێمەش میوان.. ئێ.. یوونس باخەوانی باخی گوڵەمێخەک.. ئێوارە بوو.. ئێوارەی بارانی پایز بەپەرۆشەوە گوڵی دەچنی بەنیازی بەرۆکی دڵبەرەکەی.. ئاخۆ کەی مانگ دەردەکەوێت و ئەم خەوی بێتە دی.. هەر ئەو شەوە کە کیژە لە ژوان گەڕایەوە.. لەسەر سووچی کۆڵانی تاریکا، مێردەزمە زەفەریان پێ بردوو ئابڕوویان برد.. کچێنییان کرد بەملی ڕمی لەزەتی بەدییانا. چاوەڕێی سەحەر بوون تاوەک داهۆڵی نێو کێڵگە وەک بووکی بووکەبارانێ بەنێو کۆڵانەکاندا بیگێڕن، کچە خەم تەنێ حەسرەت کردیە دارێکی کلۆر، هەر ئەو شەوە دڵی خۆی کوشت، بۆ سبەینان بووە یەکێک لەو دوو گوڵە مێخەکە ڕەنگ سپییەی یوونس دەیچنی.. دوای ئەوە ئیدی یوونس لەهەر کوێ مێخەکی دەبینی دەیکردە مەزار و پەرستگا لای ئەو هەموو گوڵەکان دڵبەرەکەی بوو، ئەویش هەموو گوڵەکان بوو، دواجار چاری نەما دەستی کردە چاندنی مێخەک و بووە باخەوان و بڕیاری دا تا ئەبەد لە ئامێزی مێخەکدا ڕۆژ بکاتەوە.

**کوڕ:** مامۆ چیرۆکی ئەم عەشقانەی ئێمە هەموویان چیرۆکی بەهیلاک چوون و خەمن، تا ئێستا خەونێکمان نەهاتەدی، ئەستێرەیەکمان بەدرەوشەوە ڕۆژی نەکردەوە، هەموومان خنکاوین، سەربڕاوین و بەدوای لاشەی خۆمانا وێڵین، چ چارەنووسێکی بەد چاوەڕوانمانە.

**پیرە:** کوڕم ئێجگار بەدنیهاد مەبە.. لێرە لەبن چاوی هەڵتۆقیوی بەرد، بیزا بەو هەموو شەنگییەوە لەدایک دەبێت.. خاترجەم بە ئەوەی پێ ناوێ..

**کوڕ:** مامۆ دواتر سەربوردەکەی لەکوێدا کۆتایی دێ؟

**پیرە:** بیرتە ڕۆژان کە دەکەوتیتە گیانی ئەو پەپوولە ڕەنگالەییانەی باخی گوڵەکان دەمکردە هاوار و دەموت لێیان گەڕێ، ئەوانە وەک عاشقەن بۆ دیداری ماشقەکانیان دێن.

**کوڕ:** لەبیرمە ئەو ڕۆژە لەسەر ئەو پەپوولەیەی دەمی نابوو بە هەلاڵەی گوڵە مێخەکەوە من هەڵمفڕاند، گۆچانەکەتت تێگرتم.. ئەو ئازارەم لەبیرە.

**پیرە:** ئاخر گلێنەم ئەو پەپوولەیە یوونسە بۆنی سینەی دڵبەرەکەی دەکا، تۆش بۆی بووی بە دڕک.

**کوڕ:** تێناگەم ئەمانە مەتەڵن.

**پیرە:** زۆر سانان.. کاکۆ یوونس حەسرەتی فوراق و خەڵوەتی شەوانەی عەشق لە بەیانییەکی بەژن سەوزی بەهارێکی وەک ئێستا، ئەو دەمەی پەلکەگیا بەشەونم دەستنوێژی دەشت، یوونس بووە پەپوولە و هەڵفڕی.. خەڵکی دەیانوت یوونس بووە بە دێوانە و هەرد دەپێوێ، کەس جگە لە من ئاگاداری ئەو نهێنییە نەبوو.. منیش پێم خۆش نەبوو بەهەموو کەسێ بێژم..

**کوڕ:** مامۆ من نازانم چۆن پۆزش بۆ ئەو پەپوولە عاشقانە بێنمەوە. چی بڵێم نازانم؟ بە چ زمانێ بیاندوێنم؟ چۆن چی بکەم؟

**پیرە:** پێی ناوێ ئەو شەوەی تۆ نوقمی خەوێکی وەنەوشەیی ئێجگار قوڵ بوویت ئەو هاتە لای من بۆ ڕاز و سکاڵا تێم گەیاند کە تۆ مەبەستت نییە لەیەکیان کەیت، ناتەوێ فرمێسکی گەرمیان پێ بڕێژی. بەیانیش کە چوومەناو باخان..ئەو گوڵە لە باتی شەونمی بەیانی فرمێسکی لەچاوان دەچۆڕا، بۆ گلەیی..ئیتر دڵی ئەویشم بۆ ئاشت کردیەوە ئێستاکە زویر نین خەم مەخۆ.

**کوڕ:** سەرفراز بی مامۆ وەکو لەم خەمەت دەرهێنام..تۆش بمبوورە بەناوی منیشەوە جارێ تر داوای لێبوردن لەو گوڵە و پەپوولەی عاشقی بکە..مامۆ گیان (دەوەستێ) مامۆ تۆ وەچەی سلێمانیت وا لە زمانی پەپوولە و گوڵ دەزانی..؟

**پیرە:** (سەبر ئەهێنێ پێدەکەنێ) نا ڕۆڵە زمانی ئەوان زمانی عەشقە بۆیە تێیدەگەم.

**کوڕ:** ئێ خۆ من عەشقی هەزاران فەرهاد و کاکە مەم بە قەزەم دەبینم لەبەردەم بێستونی عەشقمدا.

**پیرە:** ڕاست ئەکەی بەڵام هێشتا کە تۆ ماوتە قاڵتر بی تۆ هێشتا سەری خۆت لە سنگی شاخ نەسووە، ئەوساکە تەنیایی تەنها خۆی باوک و خۆی دایک و خوشک و یار دەبێت، ئەوسا لە نهێنی ئەو عەشقە تێدەگەیت و بەئاسانی ئەو زمانە فێر دەبیت، ئێستا لێم گەڕێ با بچمە دەرەوە، کەمێک چاو بە دەشت و دەرا هەڵڕوانم،

هەست دەکەم سەفەرم دێتە پێش.
**کوڕ:** ئۆغر خێر؟
**پیرە:** هەست دەکەم ئەمجارە بۆ دنیای ئەبەدی.
**کوڕ:** ئای مامۆ دەتەوێ لە شاخی حەسرەتم زیاد بکەی یان هەروا بۆ گاڵتە پەنا دەبەیتە بەر ئەو وشانە.
**پیرە:** یەزدان بەخێری بگێڕێ، سان بەفریامانەوە بێ.. یا عەلی.
**کوڕ:** مەولا عەلی.. بەخێرچی.. (پیرە دەڕوات بەرەو دەرەوە)

(کوڕەکە دەچێتە لای ئاگردانەکە و خۆی بەئاگرەکەوە خەریک دەکات چاوەڕوانی شتێکە ڕوو بدات کە پێشبینی بۆ ناکرێت.. دەیەوێت شتێک ببینێت بەڵام تا ماوەیەک هیچ شتێک چاو ناکات).

(لەپڕ هاوارێک لە ژوورەکەی سەرەوە دێت، ژووری پیرە جەنەراڵە تارمایی کچەکەی دیوە، دەرگاکە دەکرێتەوە، لەوێوە کچەکە دەردەکەوێت بەپلیکانەکاندا دێتە خوارێ، کوڕەکە حەپەساوە، لێی دەڕوانێ کچەکە ورد ورد دێت لەنزیکی مێزەکەوە دەوەستێ و سەیری کوڕەکە دەکات و ئەویش سەیری دەکاتەوە).

**کوڕ:** (بەحەپەساوی و لەبەر خۆیەوە) دەتەوێت باوەڕ بکەم؟!
**زیڕینا:** (بەهێمنی) دەتوانیت.
**کوڕ:** تۆ تارماییت؟! یان خەیاڵێکی خولقاوی دەماغێکی نەخۆش؟
**زیڕینا:** هیچیان نیم.
**کوڕ:** ئەی تۆ چیت؟ کێی؟ لەکوێوە هاتوویت؟ چی دەکەیت لێرە؟ بۆ وەستاوی؟ شتێک بڵێ. بێدەنگ مەبە. وەڵامم بدەرەوە.
**زیڕینا:** پێویست بەم هەموو پرسیارە ناکات.
**کوڕ:** حەز دەکەم ناوت بزانم!
**زیڕینا:** زیڕینا.
**کوڕ:** لەکام لاوە هاتوویت؟
**زیڕینا:** لە باکوور ڕا..
**کوڕ:** تۆ دەمێکە لەم ناوەیت، وانییە؟! من لەمەوبەر وەک تارمایی چاوم کردی. تۆ بوویت لەنێو کاولاشی بن گوڵاندا ڕاکشابوویت.. وانییە؟
**زیڕینا:** دەشێت.
**کوڕ:** بۆ لەنێو ئاوە ڕەشی گوماندا نغرۆم دەکەیت و جێم دەهێڵی؟ بۆ شتێک ناڵێی نزیک بێت لە ڕاستی؟
**زیڕینا:** حەزم بەدرۆ نییە. پێم خۆشە وەک ئێستام بمناسی. گوزەشتەم تێپەڕی، ڕۆی، گەر لەکاتی خۆیدا نەتناسیوم، پێویست ناکات خۆت بڕەنجێنی ئەی تۆ حکایەتت چییە؟ کوڕی کام داستانی؟
**کوڕ:** هەیهو درێژە چیرۆکی من، زادەی گوناهترین گوناهم، خۆم وا دەڵێم کەچی لای ئەوان وا نییە، بە ڕۆڵەی خەڵوەتی سەیدم ناو دەبەن، نازانم کامیانم.
**زیڕینا:** بۆ ئەوەندە لە بوونی خۆت دوودڵ و نیگەرانی؟ مل بنێ بەکێوی قەدەرتەوە و ڕێ کە.
**کوڕ:** ئەو مەغریبە کە لە... نا... نا..
**زیڕینا:** چییە بۆ تەواوی ناکەی؟!
**کوڕ:** ناکرێت من بەم خێراییە هەموو پەڕەکانی یادەوەریمت بۆ بەیان کەم.. نا.. نا..
**زیڕینا:** ئەوەندە بێ متمانە مەبە.. ئاوا حەسرەت سەرت دەخوا. بدوێ.. گوێم لێتە و بێخەم بە لە نهێنی.
**کوڕ:** ئەو مەغریبە کە لەنێوان ئاپۆرەکەدا دایاننام، دوو گوێزی فەریکم لەنێوان چنگمدا قان دابوو، بەلەرزینەوە دەنگێک دەمگەیشتێ، بەهێمنی و لەپشتی ئاسمانەوە دەهات، سەیدەکە وتی ئەوە دەنگی ڕۆژە، لەودیو ڕۆشنایی ئاسمانەوە وەستاوەو خۆی تێکەڵ بە ڕەنگی دەریا کردووە، من ترسام، لەپڕ سەیرێکی نێو هەردوو چاومی کرد، لەمەوبەر چاوی وام نەدیبوو، هەستم دەکرد ئەوانە چاوی خواوەندە، دەلەرزیم. ئیتر بۆ پیرۆزی ئەو هاوارم کرد، وەک دارێکی وشک بەزەوییەکەدا نووسام بێجووڵە، ئەوسا وام بەرگوێ کەوت کە بەرەکەتی یەزدانم بەسەردا ڕژاوەو باریوە. ئیتر سەید بەچرپە فەرمووی: ئێستا دوو ڕەنگی لەمەوبەر نەبینراوت چاوکرد.. وتم دووانن، ئەو وتی: زۆرتر دەبن هەر چوار لات دەتەنن. وتم لێم گەڕێ هەموویان ببینم و ویستم هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشم. سینەم پڕی بوو لە ماندوویی و میهرو ترس. کاتێ بەئاگا هاتمەوە دیوان چۆڵ بووەو جەم کۆتایی هاتووە.. ئەستێم چاو کرد وەک تارمایی بەسەر سەرمەوە ئەشکی دەڕشت کەچی لێوەکانی پڕبوون لە زەردەخەنە.. نازانم بۆ وا بوو..
**زیڕینا:** ئەمانە سەربردەی گوناهن یان لە خەم ڕەخسینە؟ ئیتر بۆ دوودڵی لە بوونت و لە نەژادت دەپرسی؟ گەر ڕەسەن نەبوویتایە یەزدان بە نەفرەتی دەکردی.
**کوڕ:** تا ئێستاش نازانم ئەو سوباتە عەشق بوو یان نەفرەت؟ بەرەکەت بوو یان تووڕدان؟ مردنێکی کاتی پێشوەختە بوو یان فڕین بۆ دنیای جاویدانی؟ من نازانم کامیان بوو.
**زیڕینا:** تۆ بۆ خۆت لەبەردەم هاژەی بافڵی ئێوارەیەکا دەڕوانی پرسیارت ون کردووە، ئای لە من شمشێری دووفاقی غەزەب چاومی کردۆتە گۆمی خوێن، تۆ لەوە دەچی کە بە هەر دوو دەستی چاوی خۆی گرتووەو بەسەر تیغی مردندا ڕێدەکا ئەو هەر دەزانێ بگاتە ئەو بەریش، هەر هەمان چارەنووس چاوەڕێی دەکا، هەموو شت دەزانێ کەچی لەترسان دەستەکانی لەسەر چاوانی لانابا، هەمووشی ئەزبەرە.. مەرگی خۆی و پەپوولە عەشقی خۆی ئاگر.. گریانی خۆی و پێکەنینی سەقەر.

**کوڕ:** چی نابینیت لەم دیوارانەوە.. لەو ڕووناکییانەوە چی نابینیت.. هەموو ئەم شتانەی ئێرە بێدەنگییان نووسییەوە.

**زێرینا:** ئەوەندە بێ هیوا لەم ساتانەی خۆت مەڕوانە.. دەمری..

**کوڕ:** (خەندەیەک دەکات) تۆ بڵێی ئێستا لەو درزەوە منداڵێکی ژیکەڵە بێتە ئەم دیو تابووتێکی گەورەی بەشانەوە بێ، بێت و بڵێ ئەوە دوارۆژمانە وا کۆتایی هات، یان کەمێکی دی دایکانی جگەر سووتاو بەڕیز نێو دەرگاکە دەگرن و بە مستەکۆڵە بەردەبنە گیانی، وەک ئەوەی یەکەم تاوانبار لە نەمانی کوڕەکانیانا ئەو دەرگایە بێت. ئێمە لەسەر خورافە دەژین.. ئیتر هیوا لە کوێوە دەتوانێ ببێتە فەنەرو پێش بایەواندارەکانمان کەوێت، ئێمە ئەوەنە قەهری فوراق دڵی کوتاوین.. ئەوەندە لەسەر گردی لاشە با لێی داوین، ئەوەندەمان ئەشک لەدووی کۆتەڵ کردۆتە ڕووبار، بڕستی چی ترمان نەماوە، نە فریشتە دەناسی و نە ئەبیە هاوڕێی بەدکار.

**زێرینا:** من حەزم دەکرد وشەی شیرینترت لێ ببیستم، وامدەزانی ئێستا باس لەو ساتە خۆشانە دەکەیت کە بەئارامییەوە چاوەڕوانی دەکەیت، من خۆم خەمم کەم نییە هی تۆش سەرباری بێت.

**کوڕ:** دەتەوێ باسی عەشقت بۆ بکەم، من لەو شتانە بوومەتەوە، تەنیایی وای داچۆڕاندووم بڕستی بیرکردنەوەم نەماوە.. خۆم ئێستا حەز دەکەم باسی دوو چاوی شەهلایت هەموو شتێکی من بێت، بەڵام دەزانم تۆش دەڕۆی لە قوژبنێکی تاریکی ئەم ماڵە غەریبەدا لەگەڵ کۆمەڵێک یادگاری توندم دەکەیت.

**زێرینا:** من هەمیشە ڕقم لەوانە دەبێتەوە کە دەڕۆن، ئەوان دەڕۆن بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئێمە، هەندێ شتمان بۆ بەجێ دەهێڵن کە ئیتر کەڵکیان نییە، یان کەمێک یادگاری بەسەرچووە، دەڕۆن و لەپاش خۆیان چەند وشەیەک لە چنگمانا جێ دەمێنێ، وشەی غەمگینی ماڵئاوایی.

**کوڕ:** مانای تۆ لێرە دەمێنیتەوە؟

**زێرینا:** لێرە لەلای کێ؟ بۆ بمێنمەوە.. ژیان لێرە گرانە.

**کوڕ:** وا دەزانی!

**زێرینا:** تۆ زۆر بەپەلەیت.. دەتەوێ ساڵ ببێتە مانگ و مانگ بە هەفتە و هەفتە بە ڕۆژ و ڕۆژ بە سەعات؟ ئاستەمە.

**کوڕ:** ئیتر هیوای چی؟ چۆن دەتوانین بڵێین ئێمە لێرە پێکەوە دەژین.. چەندین کۆت وەک هێڵی سنوورێکی دەم تیژ دایبڕیون، وەک زەوی بەیارمان لێهاتووە لە چاوەڕوانی بارانا خەریکە تەونی جاڵجاڵۆکە دەمانتەنێ. تەمەڵییەک جەستەمانی داگیرکردووە. ئاستەمە بەزوویی لە چنگی قوتار بین. ئەمە نەگبەتییەکە منی بەم دەقەرەوە گرێ داوە، عەشقی چی ئێمە لێرە بەتەنیا بە گۆرانی خۆمان لە مردن دەدزینەوە، من ئێستا لەنێوان دوو بەری ڕووبارێکی تیژدام. نازانم لە کام بەر کوختی خۆم دابنێم، چاکترە خۆم دەمە دەم ئاوی ڕووبارەکە بمبات نەک نیگەرانی وەک ئێستام سەرم بخوا..

(لەکاتی قسەکردنی کوڕەکەدا زێرینا بەرەو ژوورەکەی سەرەوە دەڕوات. کوڕە بێئاگایە لەو. هەر قسە دەکات جارجار وەک بۆڵە بۆڵ).

**کوڕ:** دەتانەوێ دڵی چی بەم ساتانەی بوونی خۆم خۆش بکەم؟ ئەوەی ئێمە بۆی دەژین شت نییە. نازانم چییە؟ بەپەلە لەم دەرگایەوە ئاوا دەبین و لەو پەنجەرەیەی ترەوە سەرهەڵدێنین. یارییە، یارییەکی بێزار و ئیتر هیوا و عەشق لە کوێوە ببینم (سەیر دەکات زێرینا دیارنییە)

ها.. ئەی یەزدان تۆ بڵێی من ئەو هەموو ساتە لەگەڵ ئەندێشەی خۆمدا دوا بم؟ (دەست دەکات بە بۆڵەبۆڵ و هاوار هاوار و دەنگە دەنگ. کەس تێیناگات).

(لەپڕ لە دەرگای سەروو جەنەراڵ پشتاوپشت دێت و لەسەر پلیکانەکان دەکەوێت زێرینا لەناو دەرگای ژوورەکەدا وەستاوە، جەنەراڵ بە کەوتوویی دەپاڕێتەوە).

**جەنەراڵ:** ئێستا هەرچی بڵێی گوێم لێ نییە، لەوە زیاتر چیت لێم دەوێت؟ بوومەتە داهۆڵێکی گاڵتەجاڕ. هەر دەمەو بایەک ڕوویەکم نیشان دەدا.. ئیتر بۆ لێم ناگەڕێی؟ خۆ من چیم (کچەکە بێدەنگە و سەیری دەکات، کوڕەکەش بە حەپەساوی لەو دیمەنە دەڕوانێت) من ژەهرم ڕۆنەکردۆتە کانیاوەکانەوە، خۆیان بوون، ئەو گۆرانییانە ئەوان وشەکانیان لە من گەیاند؟ گەر نا هیچ درکم پێنەدەکرد. من باشت دەناسمەوە. تۆ ئێمەت بەو دەرد و میحنەتە برد. وا زوو شکستمان نەدەهێنا. لە خشتەت بردین.. چیت دەوێت قسەبکە.. مردم.

**زێرینا:** (بەهێمنی) بۆ؟

**جەنەراڵ:** هیچی بەمن نەبوو. نەمدەتوانی بەرەنگاری فرمان ببمەوە. چییان دەوت دەبوو جێبەجێی بکەم. گەر نا منیش بۆ جەهەنەم.

**زێرینا:** بۆ ئێستا بە هیوای کوێی؟

**جەنەراڵ:** هەر شوێنێک بێت لەم زەلیلییە باشترە.

**زێرینا:** لەگەڵ کێ؟

**جەنەراڵ:** لەگەڵ درنج و بەراز و گورگ و سەگ و ئەژدیها و هەموو شتێکی تری خراپ تا تۆ ئاسوودە دەبی ئیتر لێم گەڕی لێوانلێوم لە گوناه، لە پۆخڵی، ئیتر تەواو.

**زێرینا:** دەتەوێ بەو ئاسانییە دەرباز بیت؟

**جەنەراڵ:** (هەڵدەستێ وەک مەیموون جووڵە دەکات) لەمە زیاتر چی ترت هەیە؟ بۆ بۆ لێم ناگەڕێی؟

(جەنەراڵ بەپلیکانەکاندا دەچێتە خوارێ و بە هاوار و ناڵەوە دەچێتە سەر مێزەکە. لوول دەبێت. دەترسێ و

دەلەرزێ).

بەسە فریام کەون، ئەم مۆتەکەیەم لە مل کەنەوە، دەمکوژێ.. ئەمە تاریکییە لە گەردنم ئالاوە. کەی بەشەری وا هەیە، خوایە کەس نازانێ هەر دەمەو لە شوێنێک ئامبازم دەبێ هەر دەمکوژێ، هەر دەمکوژێ بۆ کوێ دەچم؟

(کچەکە دەچێتە ژوورەوە، کوڕەکە بە هێمنی سەیری جەنەراڵ دەکات.. هێمنی ماڵەکە دادەپۆشی. ئەستێ لە ژوورەکەی دێتە دەرێ کوڕەکە دەیبینێ سەیری یەک دەکەن، کوڕەکە بەخێرایی دەچێتە سەرەوە، ئەستێ دوو پلیکانە بە دوایدا و پەشیمان دەبێتەوە.. لەم کاتەدا پیرە بەهێواشی دێتە ژوورێ، ئەو دیمەنەی دەیبینێ سەرسامی دەکات) سەیری ئەستێ دەکات، پاشتر سەیری جەنەراڵ، وردە وردە دێتە پێشەوە، دەستێک لە جەنەراڵ دەدات جەنەراڵ بەرزدەبێتەوە و دەکەوێتەوە، پیرە سەرسامە سەیری ئەستی دەکات، ئەستی حەپەساوە و نازانی چی بکات، پیرە جێیان دەهێڵێ و دەچێتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، ئەستێ لە جەنەراڵ دێتە پێشەوە، ئەویش دەکەوێتە بۆڵە، ئەستێ تەشی و لفکەی هەڵدەگرێ و دەیەوێت بڕوات، جەنەراڵ قسە دەکات.

**جەنەراڵ:** تەواو زەلیل بووم. ئیتر ناتوانم بەچاوی تۆشا هەڵبڕوانم.. خەمێکی قورس و جەستەیەکی لاواز ئاستەمە بەرگە بگرم.

**ئەستێ:** من هیچم لە توانادا نییە بۆتی بکەم.. هیچ.

**جەنەراڵ:** با.. با.. کەمێک میهر.. چنگێک خۆشویستن، جورعەیەک بەزەیی..

**ئەستێ:** نەما.. هەمووی فەوتا.. نەما هیچمان نەما..

**جەنەراڵ:** تۆ بە ویستی خۆت لە دەست خۆتت کردەوە، واتدەزانی دنیا تاسەر بۆ خۆتە، کەچی وا نەبوو، لەوێ لەناو ئەو کەلاکانەیا چاوبەڵەکێ کەوتووە ئێواران بەو شانە تەختەییەی نێو چنگی بەردەم ئاوێنەی گوڵێکدا پرچی بۆ پەخشان دەکەم، کەچی سەیر دەکەم دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرم لەو کانیاوانەی چاوییەوە دێتە دەرێ منیش نیگەران و دوودڵ لێی دەڕوانم، تۆ بڵێی بۆ ئەو ساتانە ڕۆحی بێتەوە نێو جەستە یان ئەوانە وەهمی منە؟ ئیتر نازانم.. دەگەڕێمەوە کۆخەکە ئەو شەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە خەو بە شەپۆلی هەڵچووی دەریایەکی تووڕەوە دەبینم، تۆ بەدرێژایی ئەم کاتەی من دەتبینم خەریکی چنینی تەونێکی، من هیچی لێ حاڵی نابم.

**ئەستێ:** ئەوە کاری تۆ نییە.. ئەوەندەش نەپرسی چاکە.. (پاش کەمێک) برسیت نییە؟

**جەنەراڵ:** من برسی نان نیم.

**ئەستێ:** چی ترمان لا نییە.

**جەنەراڵ:** ئەی مردن. ئەویش شک نابەن پێمی بەخشن؟ (ئەستێ پێدەکەنێ، جەنەراڵیش پێکەنینی دێ، پاشان بە هستریاوە) ئێستا دەمەوێ پەیکەرێکی مەزن دروست بکەم بۆ حەزی مەرگ، دەمەوێ ڕووناکی بکوژێنمەوە و پەردە لەسەر ئەم سەدەی لیبۆکە دۆڕاوانە دادەمەوە. ساڵانێکمان لەدەست داوە، دەبێت ساڵانێکی تریش بۆ ئەو لەدەست چوونە بگرین.. ئەمە ئابڕووچوونی ڕاستەقینەیە، ئەوکاتەی کۆیلەکان بە قامچییەکانی دەستی خۆمان لاشەمان ئەنجن دەکەن، ئەو دەمەی دەموچاومان وەک کانی خوێن دەردەکەوێت، ئەوسا ئیتر بە هەموو بوونی خۆم پێدەکەنم (پێدەکەنێ بەدەنگی بەرز، تا وڕبوونێکی سەخت).

[دەنگی ژەندنی تارەکەی پیرە دێت لەگەڵ گۆرانییەکدا.. ورد ورد.. تەواو سەرنجی ئەستێ و جەنەراڵ ڕادەکێشێ، هۆنراوەی گۆرانییەکە بریتییە لە یەکێک لە شیعرەکانی بابە تاهیری هەمەدانی کە باس لە مردن دەکات] [ئەستێ ئاماژە بۆ سەرەوە دەکات جەنەراڵ سەیری دەکات ئەستێ ورد ورد سەردەکەوێ بۆ سەرەوە و دەنگی ژەندنی تار و گۆرانییەکە زیاتر دەبێت، ئەستێ دەچێت بەرەو دەرگاکە دەچێت بەهێواشی دەرگای ژووری پیرە دەکاتەوە، ڕووناکییەکی شین لە ژوورەکەوە دێت، دەنگی مۆسیقا و گۆرانی زیاد دەبێت، ئەستێ هاوارێکی ترسی لێ بەرز دەبێتەوە، بەدەست ئاماژە بۆ ژوورەوە دەکات جەنەراڵ لەسەر مێزەکە وردە وردە بەرز دەبێتەوە، بەترسەوە دێتە خوارێ سەرسامە و دەپرسێ].

**جەنەراڵ:** چییە؟ چی بووە؟ بۆ وا پەشۆکاویت؟ چییە؟ (ئەستێ بێدەنگە) مردووە؟ (ئەستێ بەدەست ئاماژەی ئەو دەکات) ئەی چییە بۆتە دڕندە؟ ڕمووزن؟ چی لێهاتووە قسە بکە، بۆ بەدەست دەمت ئاخنیوە؟ شتێ بڵێ (ئەستێ بەدەست ئاماژەی ئەوە دەکات کە کەسی لێ نییە) ئەی چۆن ئەی ئەو دەنگە لە کوێوە دێ؟ ئەی ئەو هەموو ڕووناکییە لە کوێوە دەڕژێ؟ دەترسی؟ وەرە خوارەوە.. من لە ئامێزت دەگرم تا ئەو ترسەت بڕەوێتەوە، خەمی چیتە وەرە خوارەوە ئەی ئەو دەنگی گۆرانییە لە کوێوە دێت؟ (جەنەراڵ سەردەکەوێ، ئەستێ تەواو دەنووسێ بەدیوارەکەوە، جەنەراڵ دەگاتە بەردەم دەرگاکە، دەسڵەمێتەوە دەرگاکە بەڕوویدا دادەخرێت، ڕووناکییەکە کز دەبێت جەنەراڵ دەترسێت و تووڕە دەبێت).

**جەنەراڵ:** بۆ دادەخرێی؟ بکرێوە ئەی نەفرەتی.. دەتەوێت خۆت لەپشت ئەو تەمانەوە یاخی کەیت و بە سانایی لەمن دەرباز بیت.. لەسەر حەرفێک سەد جار دەتکەمە دۆستی بەدترین مەرگ. خۆتم پیشان بە، بە چ ئەفسوونێ ئەم دەرگایەت کلۆم داوە ئیبلیس، بیکەرەوە تۆ چۆن دەرگا بەڕووی مندا دادەخەیت.

(ئەستێ هێواش خۆی دەدزێتەوە و بۆ خوارەوە دێت، جەنەراڵ لەسەر تووڕە بوونی خۆی بەردەوامە، ئەستێ جارجارە بەترسەوە لەسەرەوە دەڕوانی).

**ئەستێ:** (بەترسەوە) لەوێ نەبوو؟!

**جەنەراڵ:** لە کوێ؟

**ئەستێ:** (بە دەست ئاماژە بۆ ژوورەکە دەکات) بەتەنها تارەکەم دەدی دەژەنرا.. چیتر دیارنەبوو. ڕووناکییەک بە دەوریا وەک فەنەر دەسووتا و هیچی تر.

**جەنەراڵ:** ئەمە حیکایەتە.

**ئەستێ:** (کەمێک تووڕە دەبێ) ئارەزووی خۆتە چی دەڵێی بڵێ (وردە وردە دەنگی گۆرانییەکە کز دەبێت) (جەنەراڵ دێتە خوارێ پیرە دەرگاکە دەکاتەوە لەنێو پەنجەرەی بەردەم پلیکانەکاندا دەوەستێ، پەنجەرەکە دەکاتەوە و لە دەرەوە دەڕوانێ، دەنگی گۆرانی کۆمەڵێ منداڵ لە دەرەوە دێت. وەک لە ئەندێشەی پیرەدا بێت وایە. پیرە لەتەکیا دەبێژێ و ئاسوودەیە. فرمێسک بەچاویا دێتە خوارێ. لە دەرەوە ئاگرێک وەک مەشخەڵ وایە و ڕیزێ منداڵ لەدوای ئاگرەکەوەن. دەنگی گۆرانییەکەیان دەبیسترێ):

**ئەمشەو ئەوەڵ نەورۆزە... ئامین**
**وەستا خۆی و چەکوشی... ئامین**
**خودا باوکی نەکوژی... ئامین**
**خودا دایکی نەکوژی... ئامین**
**خودا مامۆ نەکوژی... ئامین**
**یاسواو یاجواو.. یاخود قردگی کەواو**

(پیرە لەگەڵیان دەڵێت و دەست دەکات بەگیرفانیا. کەمێک شت دەردەهێنێ وەک گوێزەبانە هەڵیدەدات)

**ئەستێ:** مامۆ کەمێک لەمەوبەر...

**پیرە:** (پێیدەبڕێ) ئەوە پرسیاری ناوێ ئەستێ خاتوون.. مۆمەکان حازر بوون؟

**ئەستێ:** بەڵێ چەندت بوێت هەیە.

**پیرە:** بەقەد دانەی هەموومان، ئەی خواردنەکە؟

**ئەستێ:** پێناچێ هەر حەوتی بسازێ بەڵام هەر خەریک دەبم.

**پیرە:** سەرفراز بی خاتوون.

**جەنەراڵ:** (بە سەرسامی) منیش ویستم شتێ بپرسم.

**پیرە:** ئەوەی پێناوێ ئەوە شتی تایبەتە.

**جەنەراڵ:** مات دەتبینم!

**پیرە:** من برستم نەماوە بەسەر ئاگردا بازدەم.. چیتر تەمەنم لە نوێ نانووسرێ..

**جەنەراڵ:** ئەوە مانای چی؟

**پیرە:** زەحمەتە بەستەڵەکی کەللەی تۆ شتی وا وەرگرێ.

**جەنەراڵ:** سووکایەتیم پێدەکەیت؟!

**پیرە:** نا ئەوەندە دەمارگیر مەبە، دەمەوێ بڵێم ئەوانە شتی ئێمەن. لای ئێوە دەگمەن و عەجایەبە، هەیهوو.. چیمان هەبوو لەوانە.. هەیهوو.

**جەنەراڵ:** دەمەوێ پەڕەیەکی نوێترت لێ تۆمار بکەم.

**پیرە:** وەختی نییە، کەمێک سەرم قاڵە، با بڕەوێمەوە ئەوسا گوێت لێدەگرم، خاتوون بەشی ئەم مۆم دامەنێ (ئەستێ بەسەر وەڵامی بەڵێ دەدات)

**جەنەراڵ:** من بۆخۆم حەزم لەو بەزم و ڕەزمەی ئێوە نییە و هیچیشی لێ تێناگەم.. دەرباش سرووتی هەیە، ئەویش بۆخۆی گۆرانی دەزانێ، درەخت، بەرد، ئەو سەگانەی من ڕاودەنێن گۆرانی دەڵێن.. دەخەون هەموو شت دەزانن، مێروولەکانیش شار و شانە و شا و شەویان هەیە، هەر ئێوە نیتانە، من مۆمی ئێوەم ناوێ، تاریکی زەفەرم پێبەرێت پەنجەکانم دادەگیرسێنم (ئەستێ و پیرە سەیری دەکەن، جەنەراڵ حەماس گرتوویەتی) چاوم دەکەم بە ئاگردان، من لە تووشترین سەرمادا هەڵنەلەرزیوم، ئەو شەوەی خوێن ئەیبەست من تەواو مەست بووم و میوانی خەوێکی قووڵ بووم کەچی نەمردم.. ئێستا بەمۆمی ئێوە ناژیم و نامەوێت (ماندوو دەبێت و دەنگی وەک بوڵەو بزرکانی لێدێت، سەردەکەوێتە سەرەوە بەرەو ژوورەکە، پاشان پەشیمان دەبێتەوە و بەرەو دەرەوە دەچێت، لەناو دەرگاکەی دەرەوە دادەنیشێ، نابینرێت، پیرە و ئەستێ لێیدەڕوانن).

(ئەستێ لفکە چنراوەکەی لە تەواوبووندایە، لایدەبات و سەیری پیرە دەکات).

**پیرە:** (بە خۆشییەکی تێکەڵ و بە غەم) مەغریب نزیکە تەدارەک حازر کەین؟

**ئەستێ:** بێ خەم بە هەموو شت حازرە، هەر ئەوەندەی کاتی هات هەمووی دێنم.

**پیرە:** ئەرکی زۆرم دایە بەرت ببەخشە.

**ئەستێ:** خوایشت دەکەم مامۆ داود ئەوە ئەرک نییە بۆ من.

**پیرە:** بەڕاستی قەرزارتم خاتوون.

**ئەستێ:** پێی ناوی مامۆ تۆ عەزیزی و بان چاوی.

**پیرە:** لە کوێیە؟

**ئەستێ:** لەسەرەوەیە (ئاماژە بۆ ژووری کوڕەکە دەکات).

**پیرە:** من دەچمە لای تا کاتی دێت (پیرە دەڕواتە سەرەوە بۆ ژووری کوڕەکە).

**ئەستێ:** بەخێرچی منیش سینی ئامادە دەکەم (ئەستێ هەڵدەستێت خەریکی ئامادەکردنی شتەکان دەبێت، لەوکاتەدا دەنگی هەور دێت و کەمێک لێڵی و تاریکی، هێشتا باران نابارێت).

[پاش کەمێک سینی ئامادەیە (خواردنی حەفت سین) حەوت جۆر خواردنە کە حەرفی سینی تێدابێت، چوار مۆم لەسەر مێزەکە دانراوە دایاندەگیرسێنی، پاش کەمێک پیرە و کوڕەکە دێنە خوارەوە، کوڕەکە کەمێک گرژ و غەمبارە، پیرەش هەروا، ئەستێ وا دیار نییە، کە دەگەن سەیری خواردنەکان و مۆمەکان دەکەن و سەیری یەکتر دەکەن].

**پیرە:** خاتوون بۆ چوار مۆم؟

**ئەستێ:** خۆمان چوارین.

**پیرە:** ئەی نەمگوت ئەو کابرایە لە ئێمە نییە.

**ئەستێ:** مەبەستم لەو نییە (سەیری کوڕەکە دەکات، کوڕەکە سەر دادەخات).

**پیرە:** ئەی کێ؟

**ئەستێ:** هاکا پەیدابوو.

**پیرە:** باعیسم؟!

**ئەستێ:** یەزدان سەلامەتت کا مامۆ داود قسەی خراو مەکە، بەتایبەت لە شەوی وادا.

**پیرە:** (وەک گۆرانی) ئەمشەو شەوی حەفت سینە.. ئای دەمێکە لێی بێبەشم.

**ئەستێ:** وا پێی شاد بووی.. خەم مەکەرە خۆراکی شەوی وا.

**پیرە:** بەخۆم نییە خاتوون.. منیش حەزم بەوە نییە.

[کوڕەکە دەچێتە سەرەوە، لە ژووری پیرە سێتارەکە دەهێنێ و لای کورسییەکان دایدەنێ، پیرە بە خۆشحاڵییەوە سەیری دەکات، ئەستێ بەلایەوە سەیرە، مۆمەکان دادەگیرسێنێ، پیرە دادەنیشێ و تارەکە دەگرێتە دەستی و کەمێک بە کزی دەیژەنێ، کوڕەو ئەستێ سەیری دەکەن، کوڕەکە لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ و ئەستێ کەمێک لێیان دوورە].

**پیرە:** شەومان هەبوو ئەوسا منداڵان بە مەشخەڵ و گۆرانییەوە دەگەڕان ئای چ ساتێکی مەزن بوو، ئێمەش بەچراکانەوە دەگەڕاین، لەپێشمانەوە پیاوە سەر ڕووتاوەکە دەڕۆیشت و بەدەنگی بەرز گۆرانی دەچڕی، نەماندەزانی بۆ خەمە یان خۆشی، ئاوا لە نوێساڵ دەچووینە پێش.

**ئەستێ:** ئێمەش دەستمان بڵند دەکرد یەزدان تەمەن درێژ بین، کوڕوکاڵ بەسەر ئاگردا بازیان دەدا تا عومریان باقی بێ ئێمەش لە دوورەوە لە بەرزاییەکانەوە سەیرمان دەکردن، نوێساڵ زۆر عەزیز بوو مامۆ داود.

**پیرە:** ئەستێ وا نەبایە ئەمشەو تەدارەکی وامان نەدەسازاند.

**کوڕ:** من نازانم لەنێو ئەو سەربوردانەدا چیم یان چی بڵێم؟ هیچی وام لە یاد نییە جارێ نەبێ مەشخەڵ بەدەست بووم لە دەرگای ماڵی سەیدێکدا وەستاین چییان نەبوو بۆ سەواب، جامێ ئاویان پرژاند، یەکسەر بەر من کەوت.

**پیرە:** شتی عەجایەبمان هەبوو.. هەموویان لەیادمانا سەربڕی ئەو شەوەدرێژ بوو، ئێمە زۆر بووین، لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە دایان نابووین.. ماندوو، برسی، نیگەران، ژن و پیاو تێکەڵاو، پێیەکی ماندوو سەرێکی قورس و کاس، چاوی چاوەڕوان دەمی پڕ پرسیار، وەک پڵنگی لە دارستان دەرکراو بووین.. دەنگی گوللەباران هات، خەنی بووین، وتمان مەرگێکی بەختەوەر لە ئامێزمان دەگرێت.. هەر دەمانوت زووبێت یان درەنگ ڕۆژێکی شەنگ دێت، ئەوسا دەپرسین ئەو شەوە درێژ بوو یان نا.. ئەو شەوەی لەبەردەم زۆنگاوی فرمێسکدا سامر بووین (ئەستێ جامێکی پێیە وەک دووکەڵی بوغورد بێت بە دەستوورێکی کوردانە بەناو ماڵەکەدا دەیگێڕێت).

**ئەستێ:** مامۆ داود چیمان کەم نییە تەدارەک.. هەرچیش بێت هەر ئەوەندە هەڵسووڕا، چی بکەین؟

**پیرە:** سەر و زیادە خاتوو خاترجەم بە. لەحاڵی وادا هەر بوونمان خۆی زەحمەتێکی گەورەیە چ جای تەدارەکی نوێساڵ خاترجەم بە عەزیزم (بە کوڕەکە) خۆش نییە وا زوو گرژ بی ئەوە قەدەرێکە و سان دەیەوێت تۆ چ بڵێی یان نا خۆ هیچ ناگۆڕێ.

**کوڕ:** مامۆ هەست دەکەم دەڕمێم.. ئیتر شتێک نامێنێ خۆی پێبگرمەوە، کاتی کەوتن نازانم هەر شتێکە باس ناکرێ. نیگەرانییە. حەسرەتە. مردنە. نازانم.. نا...

**پیرە:** پێی ناوی گرنگ ئەوەیە ئەم شەوە بەعەشقی سان بەموحەبەت بکەینە چراخان.

**کوڕ:** لەئێستادا دەبینم لەناو ئەو ڕیشە چەرمووەتدا دوو خونچە ڕواون، یەکێکیان دەیەوێت بکرێتەوە و دەم باتەوە ئەوی دی هێشتا ساوایە.

**پیرە:** ئەوانە بۆ پێشوازی «شاخۆشین» حازر دەبن.

**کوڕ:** مامۆ دەتەوێ بەمەبەست بمگرێنی.. یان...

**پیرە:** نا.. نا دەخوازم چی شت ماوە بیزانی. تا سبەی هیچت لێنەچێ بەچەقی لەعنەتا (کوڕەکە مات دەبێت و سەیری مۆمەکان دەکات هەروا پیرەش) ئەوسا بڕوایەکی سەیرمان لێ هەبوو، لە شەوی وادا لەنێو جامێکی ڕووندا ماسییەکی قرمزیمان دەبینا و لە جووڵەیمان دەڕوانی، دەیانوت کە ئیدی دواشەوی کۆنە ساڵ دەست لەملمان بەردەدات و نوێ ساڵ دەیەوێت بێتە جێی، ماسییە قرمز لەو ساتەدا ڕەپ دەوەستێ و جووڵە ناکا تا ئەو مەراسیمە دوایی دێ ئەوسا بەنەشئەوە لەنێو ئەو ئاوە سەما دەکا و

شوکرانە بژێرە کە ساڵێکی تریشی تەمەن بینی.

**کوڕ:** ئەی ئێستا ئێمە.

**پیرە:** لێرە و لەکاتی وایا چارمان نییە ماسی قرمز و عاشقمان لەکوێ بوو. من دەترسم ئەم شەوەمان هەر لێنەڕوا (دەنگی هەورو برووسکە دێت و ماڵەکە داگیر دەکات، کوڕەکە کەمێک دەترسێ، پیرە دەکەوێتە نزا) عەزیزم.. شام.. سەروەرم لەم شەوە ساردەدا بەم کۆڵانە تەنگەبەرانەدا مەگوزەرێ تا دیمەنی لاشەی منداڵێکی کوژراو نیگەرانت نەکات. بەربەستی لاشە کۆڵانەکان لەمبەر و ئەوبەرەوە دەگرن، دەترسێم هەناسەت سواربکەن.. شام سەروەرم. بەنێو دڕکی برینانداا بەو شاڵە سپییەوە مەگوزەرێ نەبادا گەرد بگرێ (وەک لە خەڵوەت و دوعا دەیژرێ و نزیکە لە گریان) (ئەستێ لەدوور دانیشتووە دەگری، پیرە چاوی نووقاوە، کوڕەکە واقی وڕماوە بێئاگا دەستی بڵندە بررووسکە بەردەوامە، لەنێو ئەو هەرایەدا کچەکە لەسەرەوە دەردەکەوێت ڕووناکییەکی زۆری شینی لەگەڵدایە، ئەستێ سەیری دەکات، کوڕەکە ئاوڕ دەداتەوە، پیرە لەسەریەک و خێراخێرا ڕادەچڵەکی و لە دوعا و گریان بەردەوامە..)

ئەم عومرانەمان بۆ کوێ بەرین یەزدان ئەم هاوار و ناڵینانە لەناخمدا دەتاسێنم لەنێوان من و مەرگا دوو ڕم ماوە.. ماوە، لەترسا نییە ناڵینم، کێ ئەو وێنانە لەیادما وەرگرێ؟ وێنەی ئەوانەی لە پۆستەکانی شەڕا مردن. کردنییە نامە جگە لەدڵم کەس نەیگرتنە خۆی. من بەر لەوادەی خۆی پیر بووم دەزانم بەر لەوادەی خۆشم دەمرم دەمەوێ سڵاوم بسێنێتەوە، ئەو گوڵە گەنمەی لە زستانێوە چاندوومە بۆ سەوزبوونی شەوی نوێساڵ، دەمەوێ سڵاوم بسێنیتەوە ئەو باپرچ ئاڵۆسکاوەی بە عەساکەم ئێوارانی پایزی تەنهایی پرچیم بۆ پەخشان دەکرد.. دەمەوێ ئەو منالە سڵاوم بسێنێتەوە کە ئێستاش بە سەر سینەی دایکییەوەیە و لەو شیرە تێر نەبووە کیژە گوڵ بەدەستەکان یوونس و پەپوولەکانی تر.. گوڵەکانی پێکەنین.. سان بەفریام بێ دەزانم نێوانی من و مردن دوو ڕمە.

(دەنگی بروسکە دێ و زێڕینا ورد ورد دێتە خوارێ.. پیرە چاو دەکاتەوە ترس و نیگەرانی و خەم سەیری کیژەکە دەکات، ئەویش بەسیمایەکی ساردەوە ورد ورد دێ، پیرە هەڵدەستێ کوڕەکەش لەگەڵیا، کچەکە دێتە پێشەوە. لەلای مێزەکە دەوەستێ سەیری چوار مۆمەکە دەکات، یەکێکیان هەڵدەگرێ و دەیباتە دواوە. دوو دڵۆپ فرمێسک لەچاوییەوە دێن. بەهێواشی فوویەک لە مۆمەکە دەکات و دەیکوژێنێتەوە).

**زێڕینا:** ببوورە.. مامۆ.. بەمن نییە. (پیرە وردە وردە بێهێز دەبێت و دادەنیشێ و سەری دەخاتە سەر مێزەکە. کەمێک وەک بۆڵە و بزرکان دەڵێت)

**پیرە:** ئێستا ئیتر نازانم حەزم بەژیانە یان توانایم نەماوە، نازانم کەسم خۆش دەوێت یان ڕقم لەکەسە. هەستم دەمخەڵەتێنێ یان ئەوە حەقیقەتە سیمای شاخۆشین بەسەر سەرمەوە دەفرێ یان ئەوە وەهمی خۆمە.. دەمەوێ ئەو گۆرانیانەتان بۆ تەواوکەم بەلام ببوورن.. کاکۆ ئیدی تۆ لە هەموو مەغریبێکا لە جێی من بچۆرە بان گردەکە و تارەکە بەرەو ماڵئاوایی لە ڕۆژ بکە، من برستی ئەوەم نەما لەشەوی خەرمانەی مانگدا هاواری سان بکە عەزابم لابەرێ. برالە من حەزم دەکرد خۆم بتوانم.. یا عەلی.. یا عەلی.. حەق ئەڵڵا.. حەق عەلی.. مەولا عەلی.. یا عەلی.. حەق ئەڵڵا.. حەق عەلی.. مەولا عەلی (وردە وردە دەنگی کز دەبێ و سەر دەخاتە سەر مێزەکە و بەرەو مردن دەڕوات، کوڕەکە بەهێواشی دەگری، ئەستێ دەگری، زێڕینا وەستاوە سەیر دەکات، جەنەراڵ دێت. لەو دیمەنە سەرسام دەبێت زێڕینا نایبینێت.. لە پیرە دێتە پێشەوە بێدەنگە، نازانێ بڵێ چی، سەیری کوڕەکە دەکات هیچ وەڵامێک نابیستێ.. سەیری ئەستێ دەکات، هەروا زێڕینا دەبینێ دەسڵەمێتەوە.. ناچار دەکەوێتە قسە).

**جەنەراڵ:** دەی هاوڕێ ماندوویيت دەرچوو تا چیرۆکەکەم تەواوکەم (بێ وەڵامە و تێدەگات) ئەی چیرۆکەکانم.. «بێدەنگی» ئەی چیرۆکەکانم لە کوێن؟ (کوڕەکە بەدەست ئاماژە بۆ پیرە دەکات) لە کوێی داناون؟ (کوڕەکە ئاماژەی نەزانین دەکات) چییان لێهات؟

**کوڕ:** چوون.

**جەنەراڵ:** بۆ کوێ؟

**کوڕ:** بۆ سەفەرێکی دوور دوور.

**جەنەراڵ:** کەی دێنەوە ؟

**کوڕ:** نایەنەوە.

**جەنەراڵ:** ئەی من چیبکەم؟ چۆن چنگم کەوێتەوە؟

**کوڕ:** بچۆ بەدوایانا.

**جەنەراڵ:** لە کوێوە ڕۆیشتن؟

**کوڕ:** لەوێوە (ئاماژە بۆ دەرگای دەرەوە دەکات)

**جەنەراڵ:** ئاخر ئەوێ نا.. ئەو هەوشارانە بەشەر لەت دەکەن.

**کوڕ:** ئێمەش وا دەڵێین.

**جەنەراڵ:** ئا.. دەڕۆم بەشوێنیاندا. من بێ ئەوان یەکسانم بە سفر.

**کوڕ:** هەموو کات.

**جەنەراڵ:** ئەی تۆ؟ تۆ گوێم لێناگری تا بۆتی تەواوکەم؟

**کوڕ:** بەسەرچوو؟ کۆن بوو کۆن. بوارت نەما بچۆ بەشوێن ئەوانەی ترت بکەوە.

**جەنەراڵ:** دەڕۆم.

**کوڕ:** بۆ سەقەر چی. [جەنەراڵ نیگەرانە، کە زێڕینا دەبینێ دەترسێ، بۆ دەرگاکە (زێڕینا) بەدوایدا.. دەچێتە دەرەوە]

[ئەستێ دەگری و دێتە پێش کوڕەکە، لە پیرە نزیک دەبێتەوە.. کێشی دەکاتە سەر مێزەکە، دەنگی بارینی باران و سەگوەڕ دێت.. جارجار هاوار و ناڵەی جەنەراڵیش لە دەرەوە دەبیسترێ]

**ئەستێ:** کلۆڵی لەمە زیاتر چییە؟ مامۆ دەبی بێ شتێ بچێتە نێو خاک.

**کوڕ:** بۆ؟

**ئەستێ:** چونکە بێ برای قیامەتی مرد.

**کوڕ:** نا دایە (ئەستێ دادەچڵەکێ) مامۆ منی کردە برای قیامەتی بەڵام خەمە بە چی بیشۆم.

**ئەستێ:** (لەوشەی دایە حەپەساوە) ئەوەتا ئەو لفکەم بۆ چنی دەمێکە خەریکم.

**کوڕ:** دەبوو لەمێژ بوو ئەوەم بزانیایە.. لە خشتەت بردم

**ئەستێ:** (گرژ و دوودڵ و نیگەرانە) نازانم زێڕینا چی لێهات، ئەو کابرایە بۆ جەهەننەم (دەچێتە لای پەنجەرەی ناوەڕاست سەیری دەرەوە دەکات) ئای لەو هەوشارانە چی بەو کابرایە دەکەن، ونجڕیان کرد.

**کوڕ:** ئەی ئەو کیژە چی دەکات؟

**ئەستێ:** دیار نییە.. ئای.. ئای یەزدان موعجیزەیە وەرە بڕوانە هەڵدەکشێ بەرەو ئاسمان هیی زێڕینا.. شیرینێ بێرەو.. هێی...

**کوڕ:** (کوڕەکە هێدی هێدی و بەدەم گریانەوە) لە دنیایەکا خورافە هەر چواردەوری تەنیبی مەحاڵە بزانی ڕاستی لە کوێوە دەست پێدەکات.. (هاوار دەکات) ئەو پەنجەرەیە داخە و وەرە مەرگی منیش ببینە. منی گوناه.. زادەی گوناه و ئامرازی گوناه.. یان تۆ بەر لە من بمرە یان دانیشە بەدیار مردنمەوە با عەزاب سەرت بخوا.

**ئەستێ:** کوڕەکەم دەبوو وا بی. قربان کردین. دەبوو وەچەمان بمێنێ. دەبوو بمێنین ئەوان دەیانویست بمانسڕنەوە. هێڵی ڕاست و چەپمان پێدا بهێن.

**کوڕ:** بەڵام بەو گوناهە.. ئاخر ئێمە سەقیمی ئەو دەردەین.. بۆ وات کرد؟!

**ئەستێ:** گەر وەک من لە لافاوی غەزەبیانا دەست و پات ئیفلیج دەبوو ئێستا ورتەت نەدەکرد.

**کوڕ:** ئەم بارانە بهاتایە لەگەڵ خۆی هەڵیکێشامایەتە دنیای نەبوون، تا غەزەبی هەموو خواوەندەکانی شەڕ.. بڕوا ناکەم بەتەنها بە مردن لەم گوناهە ڕزگارم بێت.

**ئەستێ:** کوڕەکەم ئەوساکە مناڵ بوویت.. دەترسایت، دەموت ئەم بارانە ناسیاوە میوانە هەموو زستانێک دێت لەسەر دێمان دەبارێ، ئەوەندە نابا، با لەگەڵ خۆی دەیبا بەرەو ڕۆژهەڵات، دەیبا بەڵکو ئاگری ئەو شەڕانەی پێ خەفە بکات، مەرگ بە ئاوات مەخوازە، بە گۆرانییەکی مەردانە گۆشم کردی دەموت ئەوە باوکتە بە سوار ئەسپێکی سپی یاڵ سووری کەحێلەوە دێتەوە، بەمەشخەڵێ لە نوورەوە، چاوەکانت ڕۆشن دەکات. ئەوەتا منی دایکیشت پێخاوس بەنێو ڕووباری درکەزیدا ڕادەکەم تا لەتێ نان بۆ بژێوی تۆ پەیداکەم. دەستی نزا بڵندکە کوڕم با بێ ئەم بارانەی ئێستا میوانە بباتە ڕۆژهەڵات بەڵکو ئەو ئاگری شەڕە خەفە بێت.

[کوڕەکە دەگری و دەچێتە بن دەستی دایکی ئەویش سەری دەگرێ و ماچی دەکات].

**کوڕ:** دایە با لاشەکەی مامۆ بدەینە بەر ئەو بارانە لە ئاوی چاوی ئاسمان پاکتر شک نابەین گوڵاو پرژێنی کا.. خەم مەخۆ دایە هەموو ویردەکانم لەبەرە، من شاگردێکی گوێڕایەڵی مامۆ بووم و دەزانم چی بووە و چی دەبێ.. ئەم هەموو گوناهە لەپێناو مانەوەی وەچەماندا باری شانی هەردووکمان گران دەکا.. بەڵام دەبێت بە ئیرادەوە بەرەو هەورازی ئەو قەدەرە مل نێین چارمان نییە.. [تارەکە دەنگی دێ، هەردووکیان لە تەنیشت یەکەوە لەبەردەم مێزەکە و جەستەی پیرەدان و بەیەکەوە دەست دەکەنە ئەم گۆرانییە تا دوایی بەدەنگی بەرز لە دەرەوە دێت دەنگی پیاو و ژن و مناڵ بەتێکەڵی هەموویان هەر ئەو گۆرانییە دەڵێن]

(هەردووکیان چاویان پڕ دەبێت لە فرمێسک و دەڕژێت کە دەڵێن)

**دنیا فانییە داود گیان.. هەر هەق باقییە داود گیان**

[تا کۆتایی ئەم گۆرانییە بەئاوازە ڕەسەنەکەی خۆی دەوترێ.. دەنگی گۆرانییەکە و تارەکە ماڵەکە داگیر دەکات.. دنیا هەموو نغرۆی ئەو گۆرانییە دەبێت.. ڕووناکی وردە وردە خۆی دەدزێتەوە. بەتەنیا ڕۆشنایی دوو مۆم دەمێنێتەوە کە گوزارشت لە مانەوەی ژیانی دایک و کوڕەکە دەکات و تەواو ئەو سرووتە هەر بەردەوامە.. تەواو.. تەواو.. تەواو...].

**کۆتایی**



# لەبارەی میللەر و شانۆكانییەوە

د. فازیل جاف
(سوید)

(١ - ٢)

ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەكەم جار نمایشی شانۆنامەی مەرگی دێوەرەیەكی شانۆنووسی ئەمریكایی ئارسەر میللەرم لە سەر شانۆی شاهانە (دراماتن)ی ستۆكهۆڵم لە دەرهێنانی ئارسەر میللەر خۆی بینی.

شانۆی شاهانە یان (شانۆی نەتەوەیی دراماتن) لە ستۆكهۆڵم كە میللەری بانگهێشت كردبوو، پاش تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەك لە پرۆڤەكردن، كۆنفرانسێكی بۆ دەزگاكانی ڕاگەیاندن ساز كرد. هێشتا میللەر لە گەرمەی پرۆڤەدا بوو هەواڵی ئەو كۆنفرانسە بڵاو بووەوە و منیش بە تاسەوە چاوڕێم دەكرد و پێم خۆش بوو میللەر لە نزیكەوە ببینم، چونكە هەر لە تافی لاوێتیدا لە ڕێگای خۆیندنەوەی كتێبێكی جان پۆل سارتەر-ەوە، كە تێیدا گەلێ ستایشی میللەر دەكات، ئارەزووی خوێندنەوەی بەرهەمەكانی میللەرم لا دروست بوو، بەپێی توانای سنووورداری ئەوسای خۆم بە دوای شانۆنامەكانی میللەردا دەگەڕام.

سارتەر لەو دەورانەدا كە هاریكاری پارتی كۆمۆنیستی فەرەنسای دەكرد، دوو شانۆنامەی یەك لە دوای یەك نووسی (كین ١٩٥٣ و نیكراسۆڤ ١٩٥٥). هەر لەو سەردەمەشدا شانۆنامەی جادوبازانی سالیمی میللەری بۆ سینەما ئامادە كرد. سارتەر كاتێ ئەم سیناریۆیەی نووسی كە كاریگەرێتی بیروباوەڕی چەپڕەوێتی لە سەر بوو و لە هەموو بەرەیەكدا دژ بە فاشیزم و تۆتالیتاریزم و چەوساندنەوەی ئادمیزاد تێدەكۆشا. هاوكات میللەر ساڵی ١٩٥٦ ڕاپێچ كرایە بەر كۆمیتەی سیناتۆر جۆزیف مكارسی (كۆمیتەی چالاكی دژایەتیكردنی ئەمریكا). سارتەر دەیویست بە سیناریۆی فیلمی جادووبازانی سالیم هاوسۆزی خۆی بەرامبەر بە میللەر و هەڵوێستی خۆی دژ بە مكارسیزم بسەلمێنێ.

میللەر لە بەردەم كۆمیتەدا سەبارەت بە پێوەندی خۆی بە كۆمەنیستانی ئەمریكا پرسیاری لێ كرا، هەروەها



ئارسەر میللەر و ئیلیا کازان

داوای لێکرا ناوی ئەو کەسانە بدا کە کۆمەنیستن. کەسانێکی گەلێ ناودار بەرگەیان نەگرت و ناوی کۆمەنیستەکانیان ئاشکرا کرد، لەوانە ڕیژیسێری بەناوبانگ «ولت دیزنی» و «ئیلیا کازان» کە ناوی گەلێ کەسیان ئاشکرا کرد و بوونە هۆی ماڵوێرانیان. کەسانی دی وەکو چاپلن ناچار کران ئەمریکا بەجێبهێڵن، بەڵام هەڵوێستی خۆڕاگرانەی میللەر لە بەردەم کۆمیتەدا لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە و تاکو ئێستاش نیشانەیەکی ڕوونی بوێری و بەرگریکردنی میللەرە لە مرۆڤ. میللەر ڕووی دەمی لە سەرۆکی کۆمیتەکە کرد و گوتی:

«جەنابی سەرۆکی کۆمیتە، من لە مەبەستی پرسیارەکەتان دەگەم، منیش داواتان لێدەکەم کە ئێوەش لە من بگەن. کاتێ کە ئەمە دەڵێم دەمەوێ ئەوە تێبگەن کە من نە بەرگری لە کۆمەنیستەکان و نە لە پارتی کۆمەنیست دەکەم. من هەوڵ دەدەم و دەشمەوێ بەردەوام هەوڵ بدەم هەستی خۆم بەرامبەر بە خۆم بپارێزم. من هەرگیز ناتوانم ناوی کەسێ بدرکێنم، بێ ئەوەی کارەساتێکی بەسەردا بێنم، بۆیە نامەوێ گرفت بۆ کەس دروست بکەم و داواتان لێدەکەم کە چی دی ئەم پرسیارەم ئاراستە مەکەن.

لە ئاکامی ٣٧٣ دەنگی دژ بە میللەر و بەرامبەر بە ٩ دەنگ بۆ ئەو، بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە دادگا تاوانبارکرا. سزای میللەر بژاردنی ٥٠٠ دۆلار و مانگێ زیندانی بوو. پاشان لە دادگای باڵادا بڕیاری زیندانیکردنەکەی لەسەر لادرا. هەر هەمان ساڵ ئەکتریسی لە جوانیدا بەناوبانگ مارلین مۆنرۆ شووی پێکرد.» (١)

سارتەر کە ئەرکی ئەدەبی لە ئیلتیزامدا دەبینی، دژایەتیکردنی مکارسیزمی نەک تەنیا لە بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکانیدا ڕیسوا کرد، بگرە گەلێ وتار و باسی لەم بارەوە بڵاو کردەوە، شان بە شانی بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین. فیلمی جادووبازان کە هەردوو ئەکتەری ناسراو «ئیڤ مۆنتان» و «سیمۆن سیگنۆرێب» ڕۆڵیان تێدا گێڕا و لە ساڵی ١٩٥٦ پیشان درا. بێگومان ناکرێ ئەم بەرهەمەی سارتەر بە یەکێ لە شاکارەکانی بژمێردرێ، بەڵام لە لایەکەوە هەڵوێستی وجوودییانەی سارتەر پیشان دەدات و لە لایەکی دیکەوە ئاستی کاریگەرێتی میللەر و شانۆیەکانی لای سارتەر دەردەخات، پاشتر سارتەر لە چەند بۆنەیەکی دیکەدا ئاماژەی بۆ کردووە. (٢)

میللەریش هەروەکو سارتەر باوەڕی بە ئیلتیزام هەبوو و داهێنەرێکی خاوەن هەڵوێست بوو، لەنێو نووسەرانی دنیاشدا وا ناسرابوو کە پەیامی مرۆڤانەی لە ڕێزلێگرتن لە بوونی مرۆڤ و بەرگریکردن لە ئازادییەوە سەرچاوەی دەگرت، نەک لە هاوسۆزییەکی ئایدیۆلۆژیانەوە. بەرگریکردنی لە ئیلیا کازانی ڕیژیسێر پاش ڕووخانی لەبەردەم دادگای مکارسیدا و ئاشکراکردنی ناوی هەشت کەس لە هاوڕێیە کۆمەنیستەکانی کە سەر بە گرووپی شانۆی ستودیو بوون. میللەر بەرگرییەکی توندی لە کازان کرد چ لەبەردەم دادگا و چ پاشان لە دەرەوەی دادگا کە جێگای تانە و تەشەری هەمووان بوو. لە ساڵی ١٩٩٩ کە ئەکادیمیای ئەمریکا کازانی هەڵبژارد بۆ خەڵاتی سەرجەمی داهێنانی تەمەن، دەنگی ناڕەزایی لە ژمارەیەکی زۆری ئەدیبانی ئەمریکا بەرز بووەوە، زۆربەی ئەو کەسانە ڕووخان و خۆبەدەستەوەدانی کازانیان پێ لەکەی شوورەیی بوو، تەنانەت یەکێ لەوانە دەیگوت ئەگەر بەدەستم بوایە دەمدایە بەر گوللە، بەڵام میللەر دیسانەوە بە توندی بەرگری لە کازان کرد و ئەوەی پێ ڕەوا دەبینی کە وەکو داهێنەرێک لە بواری شانۆ و سینەمادا خەڵات بکرێ، لە کاتێکدا میللەر هەر لە سەرەتای پەنجاکانەوە بە هیچ شێوەیەک پێوەندی لەگەڵ کازان نەمابوو.

میللەریش وەکو سارتەر گەلێ کەسی زوڵم لێکراو و ستەمدیدە لە هەر گۆشەیەکی جیهانەوە بێ، پەنایان بۆ دەبرد و بەرگری لێدەکردن. ڕۆژنامەنووسی سویدی «کریستینا ڕوسینکڤیست» ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە:

«جارێک نووسەری ئەفریقایی وۆڵ سوینیکا لە لایەن سەرکردایەتی باڵای سوپای نێجیریاوە بڕیاری کوشتنی درابوو، کە میللەر لە نیویۆرک ئاگادار کرایەوە، بێ

ئەوەی سـوینیکاش بناسێ، یەکسـەر بە بازرگـانێکی بەریتانیدا نامەیەکی بۆ سەرکردەی باڵای سوپای نێجیریا نارد، تێیدا داوا دەکا کە سەرفراز بکرێ. سەرکردەی سوپا لە بازرگانە ئینگلیزەکە دەپرسێ: تۆ بڵێی ئەمە هەر ئەو میللەرە بێ کە مێردی مارلین مۆنرۆیە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: بەڵێ. ئیدی یەکسەر سوینیکا بەرەڵا دەکا. هەر ئەو نووسەرە پاشان خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێ. ئەم بەسەرهاتە چوارساڵ دوای کۆچی دوایی مارلین مۆنرۆ رووی دا، مۆنرۆ چەند بەمە شاد دەبوو ئەگەر لە ژیاندا بایە و زانیبای کەسێکی لە مەرگ رزگار کرد» (٣).

رۆسینکڤیست هەروەها باس لەوە دەکا کە چۆن شانۆنامەی مەرگی دێوەرەیەک بوو بە هۆی رزگارکردنی درامانووسی بەناوبانگی ئیسپانی فێرناندۆ ئارابال لە زیندان. «ئەمجارەیان تێلیگرامێک لە مەدریدەوە گەیشت، باس لەوە دەکا کە یەکێ لە درامانووسانی بەناوبانگی جیهان، فێرناندۆ ئارابال هەرەشەی سزای زیندانی درێژخایەنی لێدەکرێ. ئارابال لە کاتی ئیمزاکردن لە سەر یەکێ لە کتێبەکانی خۆی هەندێ وشەی سووکایەتی پێکردنی لەبارەی فرانکۆ نووسیبوو. ئارابال کە لە پاریس دەژیا، بە سەردان هاتبووە مەدرید تا لە نمایشی یەکەمی یەکێ لە شانۆنامەکانی ئامادە بێ. هەر لە مەدرید هاوکات مەرگی دێوەرەیەکی میللەر نمایش دەکرا. ئەو دادوەرەی کە بریاری سزادانی ئارابالی بەدەست بوو هەواداری شانۆ بوو. لە تێلیگرامێکدا میللەر بۆی نووسی کە ئارابال درامانووسێکی پلە یەکە و یەکێکە لەو درامانووسە گەورانەی کە ئەو پێی سەرسامە. دادوەرەکە ئارابالی ئازاد کرد و ئەویش ئیسپانیای یەکسەر بەجێهێشت و هەتا هەتایە نەگەرایەوە» (٤)

* * *

لە ساڵانی یەکەمی خوێندنمدا لە ئاکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا حەزم لە شانۆییەکانی میللەر دەکرد، سۆراخم دەکردن و هەر کامیانم بەردەست کەوتبا یەکسەر دەمخوێندەوە، بەڵام لە سەر شانۆ و وەکو نمایش بە غەیری شانۆنامەی «هەموو کورەکانم» نەبێ، کە (جاسم ئەلعبودی) بۆ شانۆی نەتەوەیی دەریهێنا بوو، بەدرێژایی حەفتاکان شتاقیان لەسەر شانۆکانی بەغدا نمایش نەکران.

بەداخەوە پێداویستی خوێندنم لە رووسیا وای دەخواست لە کاتی کۆنفرانسەکەی میللەر لە ستۆکهۆڵم، بۆ بەدەستهێنانی چەند سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ تێزی دکتۆراکەم لە کتێبخانەی شانۆ لە کۆڤنت گاردن سەفەر بکەم بۆ لەندەن، بۆیە ئەو دەرفەتەم لە کیس چوو.

## میللەر و ئیبسن

میللەر نزیکترین درامانووسە لە ئیبسنەوە، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٥٠دا شانۆنامەی دوژمنی گەلی ئیبسنی بۆ شانۆ ئامادەکرد. هەر لە پێشەکی دەقی ئامادەکردنەکەدا میللەر نارەزایی خۆی بەرامبەر بە تێرمی ئامادەکردن دەردەبرێ، مەبەستیش ئامادەکردنی دەقی نووسەرێکی دیکەیە. میللەر دەڵێ: «زۆر جار ئامادەکردن بیانوویەکە بۆ ئەوەی درامانووس درامای خۆی نەنووسێ، جا لەبەر ئەوەی من هێشتا پشتم بە دیوارێکی تایبەتەوە ئەستوور نییە، وابزانم چاکترە دەست بە نووسینی ئەو شتە بکەم کە دەمویست لەبارەی دوژمنی گەل بیکەم.» مەبەست لەم ئامادەکردنە وەکو میللەر خۆی دەڵێ خوڵقاندنی دەقێکی ئەمریکایی زیندووە کە هاوتای دەقە نەرویجییە زیندووەکە بێ. گرنگی ئیبسن لە هەڵبژاردنی دوژمنی گەلدا خۆی دەسەپێنێ وەکو خۆی دەڵێ: «زۆر گرنگە بینەران تێبگەن کە شانۆ جێگایەکە بۆ بیر، بۆ فەلسەفە، بۆ چرترین گفتوگۆ لەبارەی چارەنووسی ئادمیزاد. یەکێ لە داهێنەرانی ئەم گفتوگۆیە ئیبسنە. منیش دەوێرم جارێکی دی ئەمە بخەمە روو». (٥)

رەخنەگرانی وا هەن پێیان وایە ویللی لومان هاومبازێکی ئەمریکایی ئێکدالی پاڵەوانی شانۆنامەی قازە کێوی ئیبسنە. لومان و ئێکدال هەردوو لە خەیاڵدا دەژین و خولیای جیهانێکن کە تەنیا لە ئەندێشە و فەنتازیادا جێگای هەیە. بابەتی شانۆنامەی هەموو کورەکانم لە رووی پەیامی ئەخلاقی و ئەرکی کۆمەڵایەتییەوە تارادەیەکی شێواز و دنیای ئیبسنمان بیر دەخاتەوە، کاتێ کە بۆ یەکەم جار لە برۆدوای نمایش کرا رەخنەگران ناویان لێنا شانۆنامەیەکی ئیبسنانە. میللەریش وەکو بیرنارد شۆ، لاریی نییە لە کاریگەرێتی ئیبسن، بە پێچەوانەوە دەڵێ هەندێ کەس هەر لەبەر ئەم هۆکارە حەزیان لێکرد و هەندێکیش حەزیان لێنەکرد. بۆ نموونە شۆ ئیبسنی بە قوتابخانە دادەناو بۆ یەکەم جار تێرمی ئیبسنیزمی بەکارهێنا. میللەریش دەڵێ: «ئەم شانۆنامەیە پێوەندی بە ئیبسنەوە هەیە، بەڵام ئیبسن چی لای من دەگەیەنێ، لای خەڵکی دی هەموو کاتێ هەمان شت ناگەیەنێ» (٦).



به بۆچوونی میللەر کە باس دێتە سەر شانۆنامەی کۆمەڵایەتی، وەکو خۆی دەڵێ، یەکسەر ئیبسنمان دێتەوە یاد، دەشبێ هەر وابێ، چونکە لە ناو شانۆنامە کۆمەڵایەتییەکانیدا ئیبسن وا نەبێ تەنیا فۆرمی واقیعی بەکارهێنابێ، بگرە ئەو فۆرمەی تا ئەو پەڕی بەکارهێناوە. (٧)

یەکەم سەرکەوتنی میللەر لە شانۆنامەی هەموو کوڕەکانم لە ١٩٤٧دا بوو، کە باس لە سەرمایەدارێکی خاوەنی کارگەی دروستکردنی کەرستەی فڕۆکە دەکا و چۆن لە پێناوی پاشەکەوتکردنی قازانج، کەرستەی ساختە و عەیبدار دەفرۆشێ، ئەم بەدرەفتارییە دەبێتە هۆی مردنی چەند فڕۆکەوانێک، لەوانەش کوڕەکەی خۆی. پەیامی ڕیفۆرمیستانە و زمانی ڕەخنەگرانەی هیچ شانۆنامەیەک تا ئەو دەمە ئەوەندەی ئەم شانۆنامەیە ئیبسنی وەبیر نەدەهێنایەوە.

میللەر نزیکەی بیست و پێنج شانۆنامەی نووسیوە، جگە لە سیناریۆی فیلم و درامای ڕادیۆ و گوتاری تیۆری لەبارەی شانۆ و لە سەرووی هەمووشیانەوە وتارە بە پێزەکەی «خێزان لە درامای مۆدێرندا» (٨) و هەروەها گوتاری «لەبارەی شانۆنامەی کۆمەڵایەتی» (٩). میللەر لە گوتارێکی دیکەدا بە ناوی «سروشتی تراژیدیا» (١٠) دید و بۆچوونی خۆی لەبارەی چەمکی تراژیدیا لە شانۆی مۆدێرندا شی دەکاتەوە. لەم دیدو بۆچوونە ئیستێتیکیانەوە بە تایبەت لەبارەی شانۆی خێزان و شانۆی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێ کە میللەر چ تەکانێکی گەورەی بە شانۆ و جیهانی ئیبسن داوە و بەرهەمەکانی پەرەپێدانێکی مۆدێرن و شارستانیانەی ئیبسنە.

«جادووگەرانی سالیم» ١٩٥٣ شانۆنامەیەکی دیکەی میللەرە کە لە ڕێپێرتواری شانۆکانی جیهاندا جێگایەکی دیاری هەیە و زوو زوو نمایش دەکرێ. نووسەر لە ڕێگای بەسەرهاتێکی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، باس لە کۆمیتەی دادگاییکردنی ئەو کەسانە دەکا کە بە بیانووی چالاکی دژ بە ئەمریکا تاوانبار دەکران. میللەر پاش ئەم شانۆنامەیە مۆرکی چەپڕەوێتی درایە پاڵ. میللەر دەڵێ: «جادووبازانی سالیم لە مێژوو وەرگیراوە. هیچ کەسایەتییەکی تێدا نییە هامبازی خۆی لە سالیمی ١٩٦٢ نەبێ. چیرۆکە بنەڕەتەکە بە کورتی لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەو سەردەمەدا تۆمارکراوە، /....../ پایزیساڵی ڕابردوو بۆ یەکەم جار ڕۆیشتم بۆ سالیم. پێشتر چیرۆکەکەم دەزانی و دەمێکە بیری لێ دەکەمەوە» (١١)

هەردوو ساڵ پاشتر میللەر شانۆنامەی «دیمەنێک لە پردێکەوە»ی نووسی. ڕەخنەگران بەتایبەتی لە لەندەن زۆر بە توندی ڕەخنەیان لێگرت، بینای شانۆنامەکە خۆی لەخۆیدا بوو بە جێگای مشتومڕ و ڕەخنە، شانۆنامەیەکی کامڵ و درێژ، بەڵام لە یەک پەردەدا تا ڕادەیەک میللەر بە ڕێنمایی پیتەر برووک دەستکارییەکی تەواوی شانۆنامەکەی کرد(١٢)، بەڵام بینای شانۆنامەکە هەروەکو شانۆنامەیەکی یەک پەردە مایەوە. میللەر لە وتارەکەیدا لەبارەی شانۆنامەی کۆمەڵایەتی دەڵێ: «دیمەنێک لە پردێکەوە یەک پەردەیە، دیارە هەرچەند کۆششم کرد نەمتوانی تا تەواوبوونی شانۆنامەکە پەردە بێنمە خوارێ» (١٣).

بەر لە نمایشکردنی شانۆنامەکە، سانسۆر لەبەر یەکێ لە دیمەنەکان (دوو پیاو یەکدی ماچ دەکەن) ڕێگای نمایشکردنی شانۆنامەکەی نەدا. بە گشتی شانۆنامەکە پاشتر وەکو نمایشێکی داخراو بۆ خەڵکێکی تایبەت نمایشکرا. ئەو سەردەمە بە پێچەوانەی ئێستا، دیمەنی لەو

جۆره لە سەر شانۆی بەریتانی قەدەغە بوو، دواتر پیتەر برووک دەرهێنەری شانۆنامەکە لە بۆنەیەکدا سەبارەت بە پێوەندی شانۆ بە کۆمەڵگا، ئەم شانۆنامەیە و سانسۆرکردنی وەکو بەڵگە دەهێنێتەوە، هەروەها باس لەوەش دەکا کە چۆن هەمان دیمەن لە کۆمەڵگایەکی کراوەی وەکو کۆمەڵگای فەرەنسی ئاساییە و بە هیچ جۆرێ کێشەو گرفت دروست ناکات.

پاش نمایشکردنی شانۆنامەکە لە ئینگلستان لە ١٩٥٦، ئەم شانۆنامەیە بوو بە یەکێک لە شانۆنامە بە برەوەکانی میللەر و زوو زوو لە سەر شانۆکانی جیهاندا پێشکەش دەکرێ.

میللەر چەند شانۆنامەیەکی دی نووسیوە، بەڵام ئەگەر باس لە ناوبانگ و برەو و ڕێپێرتوار بکەین ئەوا دوو شانۆنامەی دیکەی شایەنی ئاماژە پێکردنن، یەکەمیان شانۆنامەی «پاش ڕووخان» ١٩٦٤ کە ڕەنگدانەوەی دارمانی ژیانی هاوسەری خۆیەتی لەگەڵ ئەکتەریسی بەناوبانگی هۆلیوود مارلین مۆنرۆ، لە ڕووی تەکنیک و بینای دیمەنەکانەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە.. دووەمیان شانۆنامەی «نرخ»ە ١٩٦٨ کە باس لە پێوەندی نێوان دوو برای ئەمریکایی دەکا و چۆن ئەو دووانە کێشەکانیان یەکلا دەکەنەوە. کاریگەری ئیبسن لەم شانۆییەدا بە زەقی هەست پێدەکرێ. هەرچۆنێ بێ میللەر لە نرخدا جارێکی دی ئاوڕ لە بابەتی خەونی ئەمریکایی دەداتەوە، ئەو بابەتەی کە کاکڵە و جەوهەری شانۆنامەی مەرگی دێوەرەیەک پێکدێنێ.

شانۆییەکانی میللەرم، وەکو مەرگی دێوەرەیەک، هەموو کوڕەکانم، جادووبازان، پاش ڕووخان، دیمەنێک لە پردەوە و نرخ بە زمانی عەرەبی خوێندنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمانە لەسەر شانۆکانی بەغدا نەدەبینران و لە ڕێپێرتواری شانۆکاندا (هەرچەندە شانۆی عەرەبی ئێستاشی لەگەڵ بێ سیستەمی ڕێپێرتواری بە خۆیەوە نەبینیوە) بە دەگمەن نەبێ ناویان نییە. بە قەد ئەوەی من ئاگادارم تەنیا ئەو بەرهەمەی شانۆی نەتەوەیی بەغدا نەبێ، هیچ بەرهەمێکی دیکەی میللەر پێشکەش نەکرا. پیشاندانی نمایشەکە زۆری نەخایاند، چونکە لە ڕووی هونەرییەوە ئەو برەوەی نەبوو. لەلایەکەوە خاوی و قورسی نمایشی ئەکتەرەکان و لە لایەکی دیکەوە بێ فەنتازیی ڕیژیسێرەکە و ناڕەوانی زمانە عەرەبییەکەی، ئەمانە هەموو چارەنووسی سەرنەکەوتووی شانۆگەرییەکەی دەستنیشان کرد. ڕیژیسێری شانۆگەرییەکە، (جاسم ئەلعبودی) نەیتوانی زمانی سەردەمی شانۆنامەکە بدۆزێتەوە و لەگەڵ گیانی کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی عیراقی بگونجێنێ. هەرچەندە ڕەخنەی عەرەبی هەرگیز ئاماژەی بۆ ئەو بەرهەمە نەکردووە وەکو بەرهەمێکی سەرنەکەوتوو، بە پێچەوانەوە ڕۆژنامەوانان و ڕەخنەگرانی عەرەب بە بۆنەی کۆچی دوایی میللەر، بە شانازییەوە باسی ئەم بەرهەمەیان کردووە و وەکو هەموو بەرهەمەکانی دیکەی حەفتاکان بە شاکاریان لە قەڵەم داوە.

بەر لە بینینی مەرگی دێوەرەیەک لە ستۆکهۆڵم تاکە بیرەوەریم لەبارەی شانۆییەکانی میللەر نمایشەکەی بەغدا بوو کە وێنەیەکی تەڵخی لەبارەی میللەر لەسەر شانۆدا لا دروست کردبووم، بەڵام هەواڵی کۆچی دوایی میللەر لە ڕاگەیاندنی عەرەبیدا قەبارەیەکی گەلێ گەورەی داگیر کرد و زۆر بایەخی پێدرا، وەک بڵێی شانۆنامەکانی میللەر بەردەوام لە وڵاتانی عەرەبیدا پێشکەش دەکرێن. لە ڕاستیشدا ئەمە وا نییە، چونکە ئەگەر سەرجەمی نمایشی شانۆنامەکانی میللەر لە هەموو وڵاتانی عەرەبی کۆبکرێتەوە ڕەنگە هێشتا نەگا بە نیوەی ئەوەی کە بۆ نموونە لە شارۆچکەیەکی سوێددا پێشکەش کراوە. بایەخی میدیای عەرەبی بە میللەر بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی میللەر لە سیستەمی ئەمریکایی کە ئەمە هەمیشە بابەتێکی گرنگ بوو لای میللەر، ڕەخنەی میللەر و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر بە ئیسرائیل و پشتیوانی کردنی فەلەستینییەکان هەرچەندە خۆی جوولەکە بوو، ئەمە جگە لە ناڕەزایی بەرامبەر بە شەڕی عیراق، لە تێگەیشتن و بۆچوونی قووڵی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێ و گەلێ جیاوازە لە دیدو بۆچوونی ناسیونالیستانەی میدیای عەرەبییەوە بۆ ئەو مەسەلانە.

ساڵانی یەکەمی تەمەنی ئاوارەییم لە ستۆکهۆڵم گەلێ شانۆیی درامانووسانی ئەوروپایی لە کلاسیک و مۆدێرنم بینی. بەرهەمی درامانووسانی ئەمریکا لە نێو پرۆگرامی شانۆکانی سوێددا هەمیشە جێگایەکی بەرچاوی هەیە. شانۆییەکانی ئونێل تا ئێستاش کە شانۆی شاری ستۆکهۆڵم شانۆگەریی (ڕەشپۆشی لە ئەنتیگۆنا دێ) پێشکەش دەکات، لە بەرهەمی هەموو درامانووسانی دیکەی ئەمریکا بە برەوترە. لە سەرووی هەموویانەوە شانۆنامەی (گەشتی ڕۆژێکی دوورودرێژ بەرەو شەوگار) کە بۆ یەکەم جار شانۆی شاهانە لە ساڵی ١٩٥٦ لە دەرهێنانی ڕێژیسێری بەناوبانگی ئەو سەردەمەی سوێد



بینگت ئێکیروت پێشکەش کرا، ساڵی ١٩٩٢ جارێکی دی شانۆی نەتەوەیی ئەم شانۆنامەیەی بە شێوازێکی جیاواز و لە دەرهێنانی ئینگمار بێرگمان پێشکەش کرد، ڕەخنەگران و بێرگمانناسان ئەم بەرهەمەیان بە یەکێ لە بەرهەمە نایابەکانی بێرگمان لە قەڵەم دا. هەر بە ماوەیەکی کورت ڕێژیسێری لاو تورستین فلینک ئەم شانۆگەرییەی بۆ شانۆی نەتەوەیی دەرهێناو بە دیدێکی شاعیرانەی ئەوتۆ کە دەکرێ بە یەکێ لە شێوازە هەرە سەرکەوتووەکانی پێشکەشکردنی ئەم شانۆنامەیە بژمێردرێ.

لەناو درامانووسانی چلەکان و پەنجاکانی ئەمریکادا، وەکو تینسی ویلیامز، ئیدوارد ئەلبی و کلیفۆرد ئۆدیتس، ناوی میللەر و ویلیامز لە هەموویان گەشترە و لە هەموو ئەوانی دی پتر کاریگەرییان لەسەر نووسەرانی پاش جەنگی دووەمی جیهان چ لە ئەمریکا و چ لە ئەورووپا هەیە. ڕەنگە ڕەوابێ بڵێین خەمی هاوبەشی هەردوو درامانووس تێکەڵکردنی واقیعە بە شیعرەوە. ئەم دوو درامانووسە لە سەردەمی گەشەسەندن و دەوڵەمەندبوونی ئەمریکادا بەها وجوودییەکانی ئینسانیان خستەڕوو و نەیانویست متمانەی خۆیان ببەخشن بە کۆمەڵگای هەڵپە بە دوای قازانج و بەدڵنیاییەوە بڕوانە سامان و دەوڵەمەند بوون، ئەمان ئەو پرسیارەیان لە سەردەمەکەی خۆیان کرد «بەچی دەچێ گەر مرۆڤ هەموو دنیا پاشەکەوت بکات، بەڵام خۆی بدۆڕێنێ» (١٤)

تێکەڵکردنی واقیع و خەون، یان بەرجەستەکردنی واقیع لە خەون و لە ناو فەنتازیاکانی ئینساندا ویللی لومانیش وەکو نموویەک، بە پلەی یەکەم دەستکەوتێکی گرانبەهای میللەرە، ئەمجا تینسی ویلیامزیش، لەگەڵ جیاوازی ئاشکرای جیهانی هەردوو درامانووس و جیاوازی دیدی هەردووکیان. تێکشکاندن و بەزاندنی سنووری نێوان واقیع وخەون بەو ڕوخسارەی کە مەرگی دێوەرەیەک و پاش رووخاندا پیادە کراوە هەنگاوێکی نوێ بوو لە تەکنیکی شانۆی واقیعیدا و ڕێگای بۆ نەوەی نوێ لە درامانووسانی ئەمریکا وەکو ئێدوارد ئەلبی خۆش کرد.

میللەر باس لەوە دەکا کە چۆن سەرکەوتنی شانۆنامەی «ترامواپەک ناوی ئارەزووە»ی ویلیامز کاری تێکرد و بوو بە هاندەرێکی ڕاستەقینە لە داهێنانی مەرگی دێوەرەیەکدا.

ئەوەدەم سەرکەوتنی شانۆنامەیەکی تازە بابەت و نوێ ڕوخساری وەکو ترامواپەک ناوی ئارەزووە لە برۆدوای کارێکی ئاسان نەبوو، سەرکەوتنی شانۆنامەکە واتە

سەرکەوتنی درامانووسانی نەوەی نوێ. ویلیامز وەکو میللەر دەڵێ: «ئیجازەیەکی شیعری پێ بەخشین /...../ ئەوەی سەرسامی کردم نە کرداری شانۆنامەکە بوو، نە بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکان بوو و نە دەرهێنانەکەی و نە هەست و سۆزی بەجۆشی کارەکەبوو، ئەوەی کە بەڕاستی لە دڵی دام زمانی شانۆنامەکە بوو، وشەکان و ماناکانیان بوو، شادی نووسین لای ئەو پیاوەی کە ئەم شانۆنامەیەی نووسیوە، ئەم جورئەتە تیشکبەخشە لە جۆری دەربڕین و لەداڕشتندا.»(١٥)، بێگومان ڕۆڵی نوێخوازانەی ئیلیا کازان لە پرۆسەی گەڕان بە دوای فۆرم و زمان و کەرەستەی دەربڕینی درامی نوێ و شان بە شانی ڕێبەرانی شانۆی گرووپ(١٦) لە نیویۆرک کە ڕابەرانی قوتابخانەی مودێرنی نواندن و دەرهێنانی وەکو هارۆڵد کلورمان و لی ستراسبێرگی گرتبووە خۆی هەموو ئەمانە کە بە خەستی کاریان لەسەر میتودی ستانیسلاڤسکی دەکرد و لە ئەمریکا دایانمەزراند، ڕۆڵی کاریگەریان لە داهێنانی درامانووسانی ئەمریکادا هەبوو.

بە بۆچوونی من لە نێوان شانۆنامەکانی نووسەرانی ئەمریکا سێ شانۆنامە لە هەمووان پتر نمایش دەکرێن و لە ڕێپێرتواری شانۆکانی جیهاندا جێگایەکی فراوانیان داگیرکردووە: گەشتی ڕۆژێکی دوورودرێژ بەرەو شەوگار-ی یوجین ئونێل و کێ لە ڤرجینا وۆلف دەترسێ-ی ئێدوارد ئەلبی و مەرگی دێوەرەیەک-ی ئارسەر میللەر.

ڕەخنەگرانی بواری دراماتورگی هەندێ جار ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەر درامانووسە و شاکارێکی هەیە و بەرهەمەکانی دی هەموو لە بازنەی ئەو بەرهەمەدا دەسووڕێنەوە، نووسەر هەرچەند دەکا لە دراماکانی دیکەیدا ناتوانێ سنووری داهێنانەکەی ببەزێنێ. دەکرێ بیکێت و شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)ی بیکێت و (بە تووڕەیی ئاوڕ بدەوە-ی جۆن ئۆزبۆرن) و (تراموایەک ناوی ئارەزووە)ی تینسی ویلیامز بەڵگەی پڕ بە پێست بن بۆ ئەم ڕایە. ڕەنگە ئەم بۆچوونە سەد لە سەد ڕاست نەبێت و درامانووسانی وەکو سۆفۆکلیس و شەکسپیر و مۆلێر و چیخۆف و ستریندبێرگ و ئیبسن نەگرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە ئۆنێل و ویلیامز و میللەر و هەر سێ شانۆنامەی ناوبراو دەکرێ ڕاست بێ.

هەر سێ شانۆنامەکە وەک چۆن لە سەرانسەری ئەورووپادا پەیتا پەیتا نمایش دەکرێن بەهەمان شێوەش لەسەر شانۆکانی سوێد پانتاییەکی فراوانیان داگیر کردووە. هەڵبەتە ئۆنیل لە هەمووان کۆنترە و شانۆیی ڕەشپۆشین لە ئێلیکترا دێ هەر لە سییەکاندا لە دراماتن نمایش کرا. پاشان لە چلەکاندا ئیدی بەرهەمەکانی میللەر و ویلیامز ماکسویل ئەندیرسون پێشکەش کران.

لە نێو درامانووسە ئەمریکاییەکاندا ئۆنێل و میللەر هەر لەمێژەوە، پێوەندییەکی خۆشەویستی گەرمیان بە شانۆی سوێدییەوە هەبووە. جارێ دەکرێ هەر بەم بۆنەیەوە ئاماژەیەکی خێرا بە ئونێل بدەم کە شانۆنامەی (گەشتی ڕۆژێکی دوورودرێژ بەرەو شەوگار)ی بۆ یەکەم جار لە سوێد و لەسەر شانۆی دراماتن نمایش کرا. ڕەخنەگران نووسیویانە کە شێوازی نمایشەکە تەواو شقڵی ڕیالیزمی سایکۆلۆژی پێوە دیار بوو. ئۆنێل خۆی پێی وا بوو کە دراماتن لە هەموو شانۆکانی جیهان چاکتر لە شانۆنامەکانی دەگەن، بۆیە شانۆنامەکەی پێشکەش بە دراماتن کرد و هەموو مافێکی پیشاندان و فرۆشتنی (کۆپی ڕایت)ی شانۆنامەکەی بەخشی بە دراماتن و تاکو ئێستاش داهاتی ئەو شانۆنامەیە بۆ دراماتن دەگەڕێتەوە.(١٧)

مەرگی دێوەرەیەک ساڵی ١٩٤٩ خەڵاتی پولیتزەر و خەڵاتی ڕەخنەگرانی نیویۆرکی بردەوە و دوو جاران کراوە بە فیلم. یەکەم جار ١٩٥١و ساڵی ١٩٨٥دیسانەوە دێوەرە کرایەوە بە فیلم، ئەمجارەیان داستن هۆفمان ڕۆڵی ویلی لومانی دەبینی، پاش گواستنەوەی ڕاستەوخۆی نمایشی شانۆنامەکە سەریەکی لە شانۆییەکانی برۆدوای بۆ سینەما. ڕەخنەگران دوو دیدی جیاوازیان بەرامبەر بە شێوازی بەرجەستەکردنی داستن هۆفمان هەبوو، لەسەر شانۆ ویلی لومانی هۆفمان ڕەزامەندی ڕەخنەگرانی وەدەست نەهێنا و هەندێ لە ڕەخنەگران پێیان وابوو کە هۆفمان قەوارەیەکی فیزیکی ئەوتۆی بۆ ڕۆڵی لومان خوڵقاندبوو کە پتر لەگەڵ شەخسی هۆفمان دەگونجا و یللی لومانێکی بۆش و بێ ناوەرۆکی لێ کەوتەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێ هۆفمان ڕەزامەندی ڕەخنەگرانی فیلمی مسۆگەر کرد.

# بەرەو کۆنگرەیەک بۆ گۆرانی و مووزیکی کوردیمان

وریا ئەحمەد

ئێمەی هونەرمەندانی کورد بە گشتی و پسپۆڕانی گوتن (گۆرانی) و مووزیکیش بەتایبەتی، چەندین ساڵە بە دەست دەیان کێشە و گرفت و گرێکوێرەوە دەناڵێنین. هۆیەکەشی بە ڕای من نەبوونی پرەنسیپێک، یاسا، یان دەستوور و ڕێوڕەسمێکن کە بۆ ئەو کێشە و گرفتانە ببن بە چارەسەر و بۆ نەوەکانی نوێشمان ڕێنیشاندەر بن. نەوەی نوێ چ مووزیکژەنانی بەهرەمەند بن و چ دەنگخۆشی بلیمەت مافی خۆیانە بزانن. بۆ نموونە تامویۆ و مۆرکی کوردی لە مووزیک و گوتندا کامانەن و چۆن پێناسە دەکرێن و دەناسرێنەوە؟ ئەو هونەرمەندە لاوە مافی خۆیەتی بزانێت بۆ دانانی گۆرانییەک یان ئاوازێکی نوێ، دەبێ پشت بە کام جۆر لە «ڕەزم و مەقام و ئامێری مووزیک و مووزیکژەن و جۆری ئەداکردن و کادیری تۆمارکردن و مۆنتاژ و ئێفێکتەکان... تاد» ببەستێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی ئەو ڕەسەنایەتییە وەربگرێت؟

پێموایە تاکە دەسەڵات بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستە، کۆنفرانسی مووزیک و دواتریش کۆنگرەی مووزیکە کە ئەویش دوای پێشکەشکردنی تۆژینەوەی تێروتەسەل و قووڵ و ورد و ئەکادیمی، لەلایەن کەسانی پسپۆڕی بواری گوتن و مووزیک بە تایبەتی ئەوانەی زووتر لەو بوارەدا دەستپێشخەری گونجاویان بۆ ئەو کێشە و گرفتانە هەبووە، بە مەبەستی چارەسەرکردن و بڕیار لەسەر وەرگرتنیان. هەر لەبەر نەبوونی ئەو دەستوورە، باری هونەری گوتن و مووزیکی کوردیمان، گەر وەک ئێستا بەردەوام بێت، دوور نییە لە داهاتوودا تووشی قەیران بێت! مەبەستم بوونی سیستەمێکی یاسایی دارێژراوە، لەلایەن سەرجەم هونەرمەندانی (کورد)ەوە پەیڕەو بکرێت. نەبوونی ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی هەر کەسە و بە هەوەسی خۆی گۆرانی و مووزیک بەرهەم بێنێت و بگرە لەوەش زیاتر زێدەڕۆیی بکەن. بۆ نموونە: «دزینی ئاوازی خەڵکی، نووسینی ئاوازی فۆلکلۆری و ڕەسەنی خۆمان بە ناوی خۆیانەوە، دووبارەکردنەوەی گۆرانییە ڕەسەنەکانی گۆرانیبێژە نەمرەکانمان، بەڵام مخابن بە سەقەتی، گۆڕینی تێکستی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بە تێکستی نوێ، بەکارهێنانی هەندێ ڕەزمی بێگانە بە تایبەتی هی عارەبی، تۆمارکردنی گۆرانی بە یارمەتی مووزیکژەنانی بێگانە وەک ئەوەی کورد خۆی خاوەنی مووزیکژەن نەبێت!».

کێشەکە لەوەدایە منداڵ، کە پیاوی دوارۆژە، ڕەوایە گوێی بەو بەرهەمانە ئاو بدرێت؟ شایەنی باسە هەندێ لەو بەرهەمە نوێیانە (گەرچی لە ڕووی تامویۆ و مۆرکەوە) کوردیش نەبن، بەڵام ئاستێکی هونەری بەرزیان هەیە و هەندێ لەو گۆرانیبێژە لاوانە بەهرەمەندن و خاوەن هەم تەکنیک و هەم دەنگی شیرین و بەتامن. منداڵیش هۆشیاری ئەوەی نییە بزانێت ئەو بەرهەمانە لە ڕووی تامویۆ و ڕەسەنایەتییەوە کوردین، یان تورکی، یان فارسی، یان عارەبین، بۆیە من وای دەبینم نەوەیەک بەم جۆرە بەرهەمانە گۆش بکرێت، کاتێک پێدەگات هەر لە ناو بازنەی ئەو تامویۆ و مۆرکە نامۆیانەدا خول دەخواتەوە و سەری لێدەشێوێت. وای لێدێت نەزانێت ڕەسەنایەتی

گوتن و مووزیکی کوردیمان کامەیە، مخابن دەزگاکانی میدیای خۆشمان لەو بوارەدا ڕۆڵی هاندەر و یارمەتیدەری ئەو بەرهەمانەی سەرەوەن، ئەویش بە پەخشکردنیان، تەنیا لە پێناوی زۆرکردنی بینەر و لایەنگیر بۆ تەلەڤزیۆنەکان و پارتەکانیان. بە داخەوە وەک دەسکەوتێکی (حزبی) مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن بێ ئەوەی گوێ بە مۆرک و تام و ڕەسەنایەتی و کولتووری نەتەوایەتیی خۆمان بدەن.

دەرمانی بنەڕەتی هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی باسمان کردن و گەلێکی دیکەش هەر بەستنی کۆنگرەی مووزیکە. پێم باشە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەم مەبەستە، لیژنەیەکی کاتی لە هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون و شارەزا پێکبهێنێت بۆ ئەوەی بتوانن کلێشەیەک (فۆرمێک) ئامادە بکەن وەک داوەتنامە، ئاراستەی پسپۆڕان و لێهاتووان و شارەزایانی لایەنە جیاجیاکانی هونەری گوتن و مووزیکی کوردیمانی بکەن. بە تایبەتی ئەوانەی زووتر بەرهەمی هونەرییان بە چاپ گەیاندووە، یاخود پێشکەش و ئامادە کردووە، بۆیە پێشنیار دەکەم ڕۆژی (١/١٠/٢٠٠٥) کە ڕۆژی جیهانی مووزیکە، هەر لە ئێستاوە دەستنیشان بکرێت، وەک ڕۆژی یەکەمی «کۆنفرانس یاخود کۆنگرەی مووزیکی کوردی». بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانەی داوەت دەکرێن، ماوەیەکی باشیان لەبەردەم بێت تا بتوانن بە وردی کار بۆ تۆژینەوەکان و بابەتەکانیان بکەن.

هونەرمەندانی بواری گوتن و مووزیکی عارەبی ساڵی (١٩٣٢) لە قاهیرە یەکەمین کۆنگرەیان بۆ مووزیکی خۆیان بەست. بەش بە حاڵی خۆم چەندین کۆپی ئەو تۆژینەوانەم لە ڕێگەی هونەرمەند «حوسێن ئەلقەدوری» یادی بەخێر، بەدەست گەیشتووە کە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانی مووزیک و گوتنەوە لە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی دواتری تایبەت بە گوتن و مووزیکی عارەبییەوە ئامادە و پێشکەش کرابوون.

بۆیە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە، لەژێر سێبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە پەلە لە سازدانی کۆنفرانس، یان کۆنگرەی گوتن و مووزیکی کوردیمان بکرێت. دەتوانین لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەم جیهانە خەڵکانی پسپۆڕمان داوەت کەین، تا بە تۆژینەوە و لیکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانیان کۆنفرانس، یان کۆنگرەی گوتن و مووزیکی کوردیمان بڕازێننەوە و دەوڵەمەند کەن و لە هەمان کاتیشدا چارەسەری گونجاو گەر بۆ هەموو کێشە و گرفتەکانیش نەبێت بۆ نەختێکیان بدۆزنەوە، لە بیرمان نەچێت هەموو کارێکیش هەر چەندە قورس و زەحمەت و ئەستەنگیش بێتە بەرچاو، هەر دەبێت بە هەنگاوی یەکەم دەست پێبکات.

# پێداچوونەوەیەكی ڕەخنەگرانە بە فەرهەنگە (فەڕەنسی- كوردی)یەكەی هەڵكەوت حەكیم و ژیرار گۆتیێ-دا

د. كەمال مەعرووف
(زانكۆی سەلاحەدین - كۆلیژی ئاداب)

كاری فەرهەنگ كارێكی پڕ زەحمەت و پێویستی بە ماندووبوون و گەڕان و سەرچاوەی هەمەلایەن هەیە، دیارە فێربوونی زمانێكی بیانی بەس نییە بۆ دانانی فەرهەنگ، هەرچەندە پیاو كە بە گەورەییش فێری زمانێكی ئەورووپی بوو، هەر لە كەناری زمانەكەیە و وەكو پێویست ناتوانێ بچێتە قووڵایی زمانەكەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە دەبێ هەردوو زمانەكە زۆر بە باشی بزانێ و شتە ورد و درشتەكانی ناو هەردوو زمانەكە شارەزابێ، هەروەها لێهاتوویی لە بوارەكانی تری زانست و هونەردا هەبێ، بە كورتی بە كوردی دەبێ كایەیەكی مەعریفی لە پشتەوە بێ و زانست و زانیاری تەواوی لە بارەی هەردوو میللەتەكەوە هەبێ، ئەگینا كارەكەی لە خەوش بەدەرنابێ هەروەكو ئاشكرایە، دانانی فەرهەنگ جگە لەوەی زۆر پێویستە و لە هەمان كاتیشدا خزمەتێكی بێ پایانی زمانی كوردی دەكات و دەبێتە هۆی ئەوەی زمانەكە دەوڵەمەند و سەنگین بێ، بە تایبەتی فەرهەنگی فەڕەنسی- كوردی كە لەم بوارەدا شتێكی ئەوتۆمان وەكو پێویست نییە، دیارە فێربوونی زمانیش ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە پێشخستن و پەرەسەندنی هەر میللەتێكدا، چونكە پەنجەرەیەكی بە ڕوودا واڵا دەكات، هۆیەكی مەزنیشە بۆ لێك نزیكبوونەوەی میللەتان، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و زانستەوە خەریكە جیهان دەبێتە گوندێكی خنجیلانە، ئەگەرچی ئەم فەرهەنگە نرخێكی باشی هەیە و دەستخۆشی لە هەردوو هاوڕێیان د. هەڵكەوت حەكیم و ژیرار گۆتیێ دەكەم، كە ئەركی بەجێگەیاندنی ئەم فەرهەنگەیان گرتۆتە ئەستۆ، لە هەڵسەنگاندنی ئەم كارەدا هیچ مەبەستێكم نییە، جگە لە خزمەتكردنی زمانە شیرینەكەمان و نامەوێ فێرخوازان بەهەڵە فێربن.

ئەگەر ئەم فەرهەنگە وەكو كارێكی زانستی و ئەكادیمی لێی بكۆڵینەوە، دەبینین لە خەوش و ناتەواوی و كەموكوڕی بە دەر نییە و خۆی لە چەند خاڵێكدا دەبینێتەوە:

١- ئامادە كاری ئەم كارە میتۆدێكی زانستی لە بارەی نووسینی فەرهەنگییەوە پەیڕەو نەكردووە.

٢- وشە هەیە لە زمانی فەرەنسیدا زۆر واتای هەیە، لەم فەرهەنگەدا تەنیا یەك مانای وەرگرتووە.

٣- بەدەیان وشەی عارەبی لەجیاتی وشەی پەتی كوردی نووسراون.

٤- هەندێ لە وشەكان بە هەڵە ماناكانیان لێكدراونەتەوە.

٥- زۆر وشەی فەرەنسی پێویست هەیە، ئەم فەرهەنگە بەخۆوەی نەگرتووە.


٦- كەم سەرچاوەیی پێوە دیارە، بە خوێندنەوەی ئەم فەرهەنگە هەست دەكرێت دانەران پشتیان بە زۆری بە فەرهەنگی فەرەنسی- فارسی بەستووە، بۆیە بەدەیان

وشەی عارەبی کە لەزمانی فارسیدا بەکاردێن. لەم فەرهەنگەدا کۆکراونەتەوە.

لێرەدا وشە عارەبیەکان دەخەینە ڕوو کە لەم فەرهەنگەدا بەکارهێنراون: ئینزارکردن، ئیعتراف، ئیستراحەت، ئیلهام، إعدام، ڕەحمەت، ئیفلاس کردن، تەسریف، جەللاد، ئیستیعمار، عاجز کردن، تەرشیح، ئەسیرکردن، وەزیفە، کەفالەت، مورەشەح، شکڵی، وەعزدان، دیعایە، مەیل، بەسەعی، مەحزەر، التهاب، غەیبەت، موبەشیر، بێ عەیب، بێ قسوور، ئیلتیزام، ئیمکان، عەملیات، ئیجابی، عەمار، مەشروع، ڕەجم، جالیب، حەڵاڵ، حاکم تحقیق، بێ ئسووڵ، سەحەر، تیفاق، ئیزن، ئیشارەت کردن، ئیجازە، ئیحتیکار، تەجرید، مأموور، سوجدەبردن، ئیعلان هەڵواسین، قبوڵ کردن، غەیرە وەکالەت، ڕەحەتی.

دیارە بۆ ئەم هەموو وشە عارەبیانە ئێمە لە زمانی کوردیدا بەرامبەرەکەیمان هەنە.

ئینزارکردن: ئاگادارکردن
ئیعتراف: دان پێدانان
ئیستراحەت: پشوودان
ئیلهام: سرووش، خورپەی دڵ
إعدام: لە سێدارەدان
ڕەحمەت: بەزەیی و لێبووردن
ئیفلاس کردن: مایە پووچ بوون، نابووت بوون
تەسریف: وشەسازی، کارسازکردن




جەللاد: بکوژ، سەربڕ
ئیستعمار: داگیرکردن
عاجز کردن: بەرهەڵستی کردن، سەرپێچی کردن
تەرشیح: پاڵاوتن
ئەسیرکردن: بەندکراو، گیراو
وەزیفە: فەرمان، کار، ئەرک
کەفالەت: دەستەبەر، زامن
موڕەشەح: پاڵێوراو، پاڵاوتە
شکڵی: ڕواڵەت، ڕووکەش
وەعزدان: ئامۆژگاری کردن، وانە دادان
دیعایە: پرۆپاگەندە
مەیل: ئارەزوو
بەسەعی: بە کۆشش
مەحزەر: کۆنووس، ڕێککارنامە
إلتهاب: هەوکردن، سووتانەوە
غەیبەت: دووزمانی
موبەشیر: موژدەدەر، موژدەهێن
بێ عەیب: بێ خەوش
بێ قسوور: بێ کەم تەرخەمی
ئیلتیزام: دەربەست، پەیامداری،
ئیمکان: گونجان، دەستدان، شیان
عەمەلیات: برینکاری، نەشتەرگەری، برین سازی
ئیجابی: بەباشی، بەجێیی
عەمار: گەنجینە، ئەنبار
مەشروع: پرۆژە، کارنامە
ڕەجم: پرۆژە، کارنامە
ڕەجم: بەرد باران کردن، بەردهەڵدان
جالیب: کاریگەر، هاژێنەر
حەڵاڵ: ڕەوا، دروست
حاکم تحقیق: دادوەری لێکۆڵینەوە.
بێ ئسوول: نا ڕەسەنی
سەحەر: بەرە بەیان، کازێوە، شەفەق
تیفاق: شمەک، کەلوپەل
ئیزن: ڕێدان
ئیجازە: مۆڵەتدان، ماوەدان، وچان
ئیحتیکارکردن: قۆرخ کردن
تەجرید: ڕووت کردنەوە
مأموور: فەرمانبەر، مووچەخۆر
سوجدە بردن: کڕنووش بردن
ئیعلان هەڵواسین: ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، جاڕدان
قبووڵ کردن: پەسەندکردن، وەرگرتن، ڕازی بوون
غەیرە: بێجگە، هی کە، جگە لەو، ئەوی کە
وەکالەت: بریکاری، جێگرەوانی

ڕەحەتی: خۆشگوزەرانی، خۆشی
ئیشارەت کردن: ئاماژە کردن، هێماکردن
بەکارهێنانی هەندێ وشەی فەرەنسی کە ڕیشەیەکی لاتینییان هەیە وەکو خۆی خەڵکی لە فەرەنسا لێی تێ دەگا، بەڵام لە دەرەوەی پاریس لێی تێناگەن بۆ نموونە (Burse) بورس، (garantir) گەرەنتی (ascenseur) ئەسانسۆر. دەبوایە بەرامبەر بەم وشانە کوردییەکەشی بنووسرێ کە ماناکانیان بەم جۆرەیە (Burse) بەمانای یارمەتی خوێندن دێت، (garantir) بە مانای دابینکردن، دەستەبەری دێت، (ascenseur) بە مانای سەرخەر، بڵندکەرەوە بەرزەک کە بەعەرەبی (مصعد)ی پێ دەڵێن.
ل١٥:
(academie) ئەکادیمی
(academique) ئەکادێمی
(academie) بە مانای ئەکادیمی نایەت، بەڵکو بەمانای زانکۆ، ئامۆژگای باڵا، کۆڕی زانیاری دێت.
ل١٧:
(acide) ترشی
(acidite) ترشی
(acide) بە مانای ترشی نایەت، بەڵکو بەمانای ترش دێت.
ل١٨:
(acquittement) بەردان، بەرەڵڵاکردن.
(acquitter) بەردان، بەرەڵڵا کردن.
(acquittement) (acquitten) بەمانای بەردان، بەرەڵڵاکردن نایەن، بەڵکو بە مانای پاکانە کردن؛ بیانوهێنانەوە، پاساوهێنانەوە، دەگەیەنن.
ل١٩:
(aeration) فێنک کردنەوە، پەنجەرە کردنەوە.
(aerer) فێنک کردنەوە، پەنجەرە کردنەوە.
(aeration) بەمانای فێنککردنەوە، پەنجەرە کردنەوە نایەت، بەڵکو بە مانای با گۆڕین دێت.
(aerer) بە مانای فێنککردنەوە، پەنجەرەکردنەوە نایەت، بەڵکو بە مانای با گۆڕینەوە، هەوا تازەکردنەوە دێت.
ل٢٠:
(affirmation) دووپاتکردنەوە.
(affirmer) دووپاتکردنەوە.
(affirmation)، (affirmer) بەمانای دووپاتکردنەوە نایەن، بەڵکو بە مانای قایمکردن، جێگیرکردن، چەسپاندن، سەلماندن دێت.
ل٢١:
(agiter) ئاشووب گێران، ئاشووب نانەوە (ئاشوب) فارسییە بە کوردی ئاژاوەمان هەیە دەبێتە ئاژاوە گێڕان، ئاژاوە نانەوە، مانای تریش هەڵدەگرێ وەکو یاخیبوون، بزواندن، هەژاندن، وروژاندن، تووڕەکردن.
ل٢٢:
(aisance) کامەرانی، دەوڵەمەندی.
(aisance) بە مانای کامەرانی، دەوڵەمەندی نایەت، بەڵکو بە مانای ئاسوودەیی، ئارامی، خۆش گوزەرانی، هەرزانی، باش ڕابواردن دەگەیەنێ.
ل٢٥:
(amical) برادەرانە، هاوڕێیانە
(amicalement) برادەرانە، هاوڕێیانە لێکدانەوەی هەردووکیان لە شوێنی گونجاوی خۆیدا بەکار نەهێنراون، بەڵکو ڕاستییەکەی (amical) مانای لە ناخی دڵەوە، دۆستانە، خۆشەویستانە، دڵسۆزانە دەگەیەنی، (amicalement) مانای بە دۆستانە، بە دڵسۆزانە، بەخۆشەویستانە دەگەیەنێ.
ل٣٤:
(avance) پێشەکی
(avance) بەمانای پێشەکی نایەت، بەڵکو بە مانای پێشخستن، پێشکەوتن دەگەیەنێ.
ل٥٢:
(Certain) بێ گومان
(Certaine ment) بێ گومان
(Certes) بێ گومان
(Certaine ment)، (Certes) بەمانای بێ گومان نایەت، بەڵکو بە مانای مسۆگەر، بەدڵنیایی، بەبێ هیچ گومانێ، هەڵبەت، هەر ئەبێ دێت.
ل١٨:
(admiration) پەرستن
بە مانای پەرستن نایەت، بەڵکو بە مانای سەرسوڕهێن، دڵ پیاچوون، بەدڵا چوون دەگەیەنێ.
ل٢١:
(agrandir) گەورە کردنەوە، گەورەبوونەوە بە مانای گەورە کردنەوە، گەورەبوونەوە نایەت، بەڵکو بە مانای مەزن بوون، زل بوون، زۆر گەورە بوون دێت.
ل٦٤:
(Confort) ڕەحەتی
(Confortable ment) بە ڕەحەتی
ڕەحەتی وشەیەکی فارسییە، کە لە (راحە)ی عارەبی وەرگیراوە ئێمە لە زمانی کوردیدا وشەی خۆشی، هێمنیمان هەیە بۆ بەڕەحەتی وشەی بەخۆشی، بە هێمنی، بەئارامی بەکار دێت.

ل٧١:
(Crime) پیاوکوژی
بە مانای پیاوکوژی نایەت، بەڵکو بە مانای تاوان، تاوانە گەورە، دەگەیەنێ.
(Criminel) بە مانای پیاوکوژی نایەت، بەڵکو بە مانای تاوانبار، تاوانکار، گوناهبار دێت.
ل٧٤:
(decor) دیکۆر
(decoration) دیکۆر
(decor) دیکۆر وشەیەکی ئەوروپییە هاتۆتە ناو زمانی فارسییەوە لە کوردیدا ئێمە وشەی (نەخش)مان هەیە.
(decoration) دیکۆر مانای نەخشکردن، ڕازاندنەوە دەگەیەنێ.
ل٧٥:
(defensif) بەرگری
بە مانای بەرگری نایەت، بەڵکو بە مانای بەرگریاری دەگەیەنێ.
ل٧٩:
(deshonorant) شوورەیی
بە مانای شوورەیی نایەت، بەڵکو مانای ئابڕووبەر دەگەیەنێ.
ل٨٣:
(diplomatie) دیبلۆماسی
دیبلۆماسی هەڵەیە، بەڵکو بە مانای دیبلۆماسیەت دێت.
ل٨٣:
(direct) ڕاستەوخۆ
ڕاستەوخۆ هەڵەیە، بەڵکو بە مانای ڕاست دێت.
ل٨٤:
(discretion) نهێنی
نهێنی هەڵەیە، بەڵکو بە مانای بەنهێنی، بەشێنەیی، بەسەنگینی دەگەیەنێ.
ل٨٦:
(douche) دووش
دووش وشەیەکی ئەوروپییە، هاتۆتە ناو زمانی فارسییەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا بەکارنایەت، لە کوردی ئێمە وشەی ئاوپرژان بەکاردەهێنین.
ل١٢٨:
(hospitalier) میوانداری
بە مانای میوانداری نایەت، بەڵکو مانای میوان دۆست میواندار، خانەخوێ، بەخشندە دەگەیەنێ.
ل١٢٨:
(humanisme) مرۆڤایەتی
بە مانای مرۆڤایەتی نایەت، بەڵکو بە مانای ڕەوتی مرۆڤایەتی دێت.
(humainement) مرۆڤانە
بە مانای مرۆڤانە نایەت، بەڵکو مانای مرۆڤخوازی دەگەیەنێ.
ل١٣٠:
(idolatrie) بتپەرستی
بە مانای بتپەرستی نایەت، بەڵکو مانای بتپەرستن دەگەیەنێ.
ل١٧١:
(objectivite) بابەتی
بە مانای بابەتی نایەت، بەڵکو بە مانای بابەتگەرایی دەگەیەنێ.
ل١٧٣:
(opposant) دژ
بە مانای دژ نایەت، بەڵکو مانای سەرپێچیکەر دێت.
ل١٨٢:
(Pena lisation) جەزا، سزا.
بە مانای جەزا، سزا نایەت، بەڵکو بە مانای سزادان جەزادان دەگەیەنێ.
ل٢٣٢:
(territoire) ئەرز
زیاتر مانای هەرێم، ناوچە دەگەیەنێ.
ل٢٣٣:
(theorie) تیۆری
بە مانای تیۆر دێت نەک تیۆری.
ل٣٤١:
(Vainement) بێ سوود، بێ هوودە
مانای بێ هوودەیی دەگەیەنێ نەک بێ هوودە.

**سەرچاوەکان:**

1- Halkawt Hakim, Gerard Gautier Diction naire Francais- Kurde Klincksieck, paris, 1993.
٢- محمد رضا پارسايار: فرهنگ معاصر فرانسە- فارسى، ص٣، تهران، (١٣٨٢).
٣- الدكتور جبور عبدالنور، الدكتور سهيل الدريس المنهل «قاموس فرنسي- عربي» دارالعلم للملايين، بيروت، ١٩٨٣.
٤- فاضل نظام الدین: فەرهەنگی شیرین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠١).

# دیوانی حاجی باقی (بەنگینە)


لێدوانی: زانیار سەردار قرگەیی
(سلێمانی)

ئەم دیوانە شیعرییە بریتییە لە کتێبێکی جوان و بەرگێکی ڕازاوە، لە بەرگی پێشەوەیدا نووسراوە (دیوانی حاجی باقی- بەنگینە)، (١٩٠٨-١٩٧٢) لە بەرگی دواوەیدا وێنەیەکی شاعیر و پارچە شیعرێکی لەخۆ گرتووە و بە لاتینی هەمان نووسراوی بەرگی یەکەم دووبارە بۆتەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە چەندین پارچە شیعری جۆراوجۆری نایابی حاجی باقی- کە ناسراوە بە بەنگینەی شاعیر، مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی شاعیر ئەرکی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی گرتۆتە ئەستۆ و لەسەر ئەرکی (خەبات تۆفیق بەنگینە) واتە کوڕەزای شاعیر بە چاپ گەیەنراوە، کە بریتییە لە (١٨٩) لاپەڕە.. لەلایەن عوسمان محەمەد هەورامییەوە پێشەکییەکی بە پێز و پڕ بڕشتی بۆ نووسراوە، کە بەشێکی لەم لایەنەدا خۆی بەرجەستە دەکات و دەڵێت: (بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی هەیبوون و لای کاک نووری بەنگینەی کوڕی بە جێماون، ئەم شاعیرەمان ناوی (فەیزوڵڵا باقر ئەحمەد)ە، ساڵی (١٩٠٨) لە شاری سەقز لە دایک بووە، کە لەبەر دژواریی باری ژیان و بژێوی سەخت لە گەرموگوڕی تەمەنیدا ڕووی کردۆتە شاری سلێمانی و تێیدا نیشتەجێ بووە.

لەسەردەمی (پیرەمێرد)ی نەمردا چەند جارێک شانۆگەری (مەم و زین) پێشکەش کراوە، شاعیریشمان پیرەمێرد ئەو ناوەی لێناوە و، هەر بەو ناوەشەوە لە ڕۆژنامەی (ژیان و ژین)دا هۆنراوەی بلاوکردۆتەوە و ناوی (بەنگینە)، یان (حاجی باقی بەنگینە) بۆتە ناسنامەی. هەروەها هەر لە پێشەکییەکەدا وتەیەکی شاعیر (محەمەد ساڵح دیلان)ی تێدایە کە دەڵێ: بەنگین گەلێ پێی خۆش بوو بەم ناوەوە بانگ دەکرا و زۆریش شانازی پێوەدەکرد. هەروەها مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی دەڵێ: ئەم شاعیرە تا دوا هەناسەی ژینی لەگەڵ کاروانی خۆشی و تاڵی، شادی و ناهەمواریی کوردی قارەماندابوو.

سەرئەنجام ڕۆژی (١٩٧٢/٩/١٥) لە شاری سلێمانی و بۆ دواجار ماڵئاوایی کرد و سەیوانی پیرۆز گرتیە باوەشی.

هەروەها دەڵێت: بە پێویستم زانیوە کە بۆ دەوڵەمەندکردنی و هەڵسەنگاندنێکی زۆر مەزن بیرەوەری دوو بەرێز وەرگرم، ئینجا دەڵێ: دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەم بەرهەمە لە ئەمینداریێتی ڕۆشنبیریی ئەوسای ڕژێمی بەعسی ڕووخاو، لە هەولێر مایەوە و سەرئەنجام درایە دواوە.. بێگومان هەر لەبەر ئەوەبوو سەراپا هۆنراوەکان ڕێچکەی نەتەوەییان گرتۆتەبەر و پڕن لە



کلێپەی نیشتمانپەروەری و مرۆڤایەتی.

لە هەمان کاتدا دڵنیام لەملا و لەولاش هۆنراوەی دیکەی بەنگینە هەن و بەردەستم نەکەوتوون، هیوادارم بەدەست بکەون و لە چاپی ئایندەدا جێی خۆیان بگرن.. کاکە تۆفیق بەنگینە- کوڕی شاعیریش گوتی: «لەبەر ترس و تۆقاندنی ڕژێمە فاشستەکان، گەلێک هۆنراوەی سووتێنراون».

(عوسمان محەمەد هەورامی) لە کۆتایی پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ئەشێ ئەوەش بڵێم، لەبەر ئەرکی زۆر و زەبەندی چاپەمەنی ناچار بووم پێشەکییەکە کە توێژینەوەیەکی زۆری لەخۆ گرتووە، کورت کەمەوە و گەلێ پەراوێزیش لابەرم.

پاشان لەسەرەتای دەسپێکی دیوانەکەدا وێنەیەکی شاعیر (بەنگینە)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە و لەژێر وێنەکەدا پارچە هۆنراوەیەک نووسراوە، تێیدا شاعیر ئامۆژگاری توێژی لاوانی ئەو سەردەمە دەکات کە لە پاش ئەم و چەندینی وەک ئەم، درێژە بەکاروانی ڕەوتی خەباتی کوردایەتی بدەن تا دەگەن بە ئامانج.. بەم شێوەیە کە دەڵێ:

**ئەوا من مردم، نەگەیە ئاوات**
**لاوان، لامەدەن لە کۆڕی خەبات**
**(بەنگینە) هیوای وایە بە یەزدان**
**هەر ئاوەدان بێ خاکی کوردستان**

ئینجا چەندین پارچە هۆنراوە لە لاپەڕەکانی دیکەدا دەبینرێت کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکراونەتەوە، بەسەر کەسێتییە هەڵکەوتووەکانی کورددا و شاعیرە ناودارەکانی کورد وەک (مستەفا پاشای یامولکی)، (حاجی شێخ نووری) کە زانایەکی پایەبەرز و بەتوانا بووە، (شێخ بابە عەلی)شمان کە زانایەکی بەناوبانگە، لەگەڵ چەندین شاعیر و هونەرمەندی وەک (پیرەمێردی نەمر، قانع، موفتی پێنجوینی، مەولەوی، مامۆستا عەبدولواحید نووری، هونەرمەند عەلی مەردان).. لەگەڵ چەندین شیعری تر کە بۆ بۆنە نەتەوەییەکانی وەک (نەوروز و بەهار و دواکەوتنی هۆز و زانستی و ئایینی و هونەری و، دڵداری و ئامۆژگاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و قوتابیان و لاوان و کرێکار و جووتیار و..تاد. نووسراون.

مامۆستا عوسمان هەورامی باس لە چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەم دیوانە دەکات و دەڵێ: لە پاییزی (١٩٧٩)دا، بۆ ماوەی سێ مانگ، بەردەوام خەریکی گەشتی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (ژیان، ژین) و گۆڤاری گەلاوێژ و هەتاو بووم. لە ئەنجامدا لە توێی دوو دەفتەری سەد پەڕەییدا چەندان دەق و هۆنراوەم تۆمار کردن، هۆنراوەکانی (حاجی باقی بەنگینە)ش بەشێکی زۆریان گرتەوە، بەداخەوە ئامادەکردنی دیوانەکە زۆر دواکەوت. لە هاوینی ساڵی (١٩٨٤)دا، لەگەڵ کاکە (نووری بەنگینە)دا کوڕی شاعیر باسی کۆکردنەوەی دیوانەکەی باوکیم کرد، گەلێک پێی خۆش بوو.

هەروەها باسی بوارە گەشەکانی هۆنراوەی دەکات و دەڵێ: بەنگینە دەسنەمامێکی گەش و پاراوی گوڵزاری بەرینی پیرەمێرد بووە، بە شاعیرێکی میللی ناسراوە. دیارە شاعیری میللیە و ڕاست بەزمانی زۆربەی گەل و توێژ و چینی جووتیار و کرێکار و پاڵە و ڕەنجدەران دەدوێ، لە نزیکەوە ئاگاداری دەرد و هەست و ئاواتی جەماوەری گەلەکەیەتی هەمووان بە ئاسانی لە مەبەست و ناوەڕۆک و ئامانجی هۆنراوەکانی دەگەین و کاریگەرییان ڕوون و ئاشکرایە.

لە هۆنراوەکانیدا چاک دەردەکەوێ، بۆ هەریەکێ لەم بوار و ئامانجانە خەرمانێ هۆنراوەی نووسیوە.. کوردایەتی، کۆمەڵایەتی، پیرەمێرد، ڕۆژنامەی- ژیان و ژین، قوتابخانەی زانستی، نەوروز، گۆڤارەکان، جەنگ و گرانی، ئاشتی، نامەنووسین بۆ شاعیرە ناودارەکان، شین بۆ بلیمەتانی کۆچکردووی سەردەمی خۆی..تاد. لە هەمان کاتدا گەلێک کارەسات و بەسەرهات و ڕووداویشی تۆمار کردوون، وەک سەرچاوە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. لەم نووسراوەدا بێگومان دەردەکەوێ کە مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی شاعیر زۆرماندووبوونی چەشتووە بە مەبەستی وەبەرخستن و زیاتر کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شاعیر (بەنگینە)، هەر بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر پەنای بردۆتە بەر چەندین مامۆستای ناودار و شارەزا بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن و ڕوونکردنەوەی بەرهەمەکە تا زیاتر بە پێزبێت.

هەروەک خۆی ئاماژەی پێدەکات لەوانە (کەریم زەند، عەبدولقادر دەباغی، مەلا عەلی محەمەد ڕۆستەمی کەنۆشی) و (کتێبخانەی گشتی، کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی، مۆزەخانەی سلێمانی) بە گوێرەی شارەزاییان ناوی گەلێ شوێن و گوند و شاخیان بۆ ڕوونکردۆتەوە، پاشانیش سوپاسیان دەکات کە زۆر ئەرکی خستۆتە

سەریان.

هەروەها شـیـعـرێکی نایابی تێـدا بەناوی (شـێخ مـەحـمـودی نەمـر)، کـە بە مـەلیکی کـوردسـتـاندا هەڵگوتووە.. دواهەمین شـیـعـری شـاعـیـر لە کـۆتایی شـیـعـرەکـانی (بەنگینە) کـە لە سـاڵی (١٩٦٠)دا گوتوویەتی بەناوی (کوردی دیموکرات) کە بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەڵێ:

**کوردم پارتی دیکراتم**
**خەبات دەکەم بۆ وڵاتم**
**خاوەن عەزم و ثەباتم**
**مەڕوانە هەژار و لاتم**
**کوردم نەوەی کوردی شێرم**
**دەمێکە بە دووژمن فێرم**
**چیای زۆر سەختە سەنگەرم**
**دوژمن با، بێ بەرامبەرم**
**ئەزانم چۆن ئەیبەزێنم**
**هەتا ئەمرێ ئەیرێنم**

شیعرێکی بەنگینی شاعیر لە دیوانەکەدایە کە هیوا و ئاواتی ئەم شاعیرە ئەوەبووە کە نەتەوەکەی رزگاری بێت لە زوڵم و زۆرداری و تەنانەت باس لەوە دەکات کە ئەگەر لە پاش مردنی ئەمیش گەلەکەی رزگاری بوو ئەوا شاعیر لە گۆڕەکەشدا شاد دەبێت.. کە دەڵێ:

**وەسیەتی بەنگینە**
**ئاواتی من بوو، رزگاریی کوردان**
**وەسیەت بۆ ئێوە دەستەی هاوفەردان**
**ئەوا من مردم نەگەیە ئاوات**
**لاوان لامەدەن لە کۆڕی خەبات**
**تا رزگار ئەبێ کورد و کوردستان**
**بەڵکو سارێژ بێ زامی شەهیدان**
**هەرکات رزگار بوو کوردی قارەمان**
**من لە گۆڕیشدا، ئەبم شادمان**
**(بەنگینە) هیوای وایە بە یەزدان**
**هەر ئاوەدان بێ خاکی کوردستان.**

**بەنگینە و بواری پەخشان**

مامۆستا عوسمان هەورامی دەڵێت:

لە گـەشـتـی رۆژنامـەی (ژیان- ژین) و گـۆڤـارە کوردییەکانی سەردەمی ژیانی شاعیرماندا، تەنیا سێ پارچە پەخشانیم بەرچاوکەوتوون، یەکەمیان لە رۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکـراوەتەوە، ژمـارە(٤٧٧) رۆژی ٢ی مایسی (١٩٣٦)، دووەمیان لە هەمان رۆژنامەدا، ژمارە (٥٠٧- رۆژی ٢١ی ک١-١٩٣٦)، سێیەمیشیان لە رۆژنامـەی (ژین)دا، (ژمـارە- ١٥١٨- رۆژی ٢١ی مـارتی ١٩٦٠) لەژێر سـەرباسی (زانستی و مێـژووی کـاوە و نەورۆز)دا.. کە تێیـدا زۆرتر یادی پیـرەمێـردی نەمری کردۆتەوە و باسی ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە دەکـات لە پێناوی کـۆکـردنەوەی ئاگـری نەورۆز، جـەژنی نەورۆز و خزمەتی قوتابخانەی زانستیدا دوچاریان بووە. بەنگینەی شاعیر، لە پەخشـانیشـدا زمـانێکی رەوان و بێـقـۆرت و گـرێی هەیە، بەشـێـوەیەکی سـادە و روون مـەبەست دەدا بەدەسـتـەوە... لەم بوارەشـا و بۆ نموونەی پەخشانی رەوانی، ئەم دوو بابەتەی تۆمار دەکەم.

**بەنگینەی شاعیر دەنووسێت: بۆ ژیان پێشکەشە**

ئەم جەژنی رەمەزانە تەمسیلێکی کـتـوپڕمان کرد.. بۆ ناوی تەلەبەکانی زانستییەوە سپاسی ئەو کەسانە دەکەین کە رەزامەندبوون بۆ هاتنی تەمسیلەکە.

هەرچەندە مەیدانی خۆهەڵکێشان خراپە، ئەمما هێشتا فـەخـرە بۆ وەتەنەکـەمـان کە بە شـەو و رۆژێک ریـوایەتی پاشـایەکی کـۆنمان کـرد، یەعنی سلێمـان پاشا ناسـراوە لەگەڵ شەریف چەلەبی و کوێخاکانی هەمەوەندا، عەینی وەزعـیـەتی ئەو وەخـتـەمـان هێنایە پێش چاوی برا کـوردەکـانمان،... هەرچەندە ئێـمـە بۆ پارەی نـاکـەین، خزمەتێکە بۆ وەتەنەکەمانی دەکەین..

بەڵام داخ بۆ ئەو کـەسـانە کـە رەزامـەندییـان نەنواند بۆ هاتنی تەمسیلەکەمان، ئەگەر لۆتییەک مەیموونێک یاخود ورچێکی پێبوایە، ئەتوانم بڵێم هەمـوو شاری سلێـمـانی ئەهاتنە سەیری؛ خۆ نازانن ئێـمە غـایەمـان هیچ نییـە، ئیللا خـزمـەتی زانسـتی نەبێ... بە فـرسـەتی ئەزانین هەموو جەژنێک تەمسیلێک بۆ خۆمان ئەکەین..

*** قوتابیی زانست: بەنگینە**

هەر لەنێو ئەم دیوانەی بەنگینەی شاعیردا شیعرێکی بەنگینەی تێـدایە کـە شـیـوەنێک بۆ شـێخ مـەحـمـودی مـەلیکی کـوردسـتـان دەکـات و باسی کـۆچی دوایی دەکـات... مـامـۆسـتـا عـوسـمـان هەورامی دەڵێت: ئەم هۆنراوەیەم لە کاسێتی کاک نووری بەنگینە وەرگرت، کە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، کاک باقی حوسێن ئەحمەد بەقـاڵ- کـە ئێـسـتـا مـوختـاری گـەڕەکی گـۆیژەیە لە

سلێمانی- بە دەنگە زۆر خۆشەکەی و بە شێوەیەکی زۆر دڵگیر و جوان و بە ئاوازێکی زۆر نایاب ئەم هۆنراوەیەی چریکاندووە و زۆر بەجۆش و کوڵەوە تۆماری کردووە. شایانی یادکردنەوەیە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراودا ئەم هۆنراوەیەم بە تەواوی بەرچاو نەکەوتووە، لەم دواییەدا، لە هاوکاریدا- ژمارە- ٨٦٦- رۆژی (١٩٨٦/١١/٢٠) مامۆستا مەحمود لە وتارێکدا لەبارەی بەنگینەوە (حاجی باقی بەنگینە شاعیرێکی میللی لەبیرکراوە) بەشێک لەم هۆنراوەیەی بڵاوکردبووەوە.

ئەمەش دەقی ئەو شیعرەی شاعیر بەنگینەیە بەناوی (شینی شێخ مەحموودی نەمر):

**ئەی دڵ کۆستی وا هەر نەبینراوە**
**بۆ هەڵناقرچێی بە دەم جەفاوە**
**هاوار سێبەری نیشتمانم رۆ**
**سەرداری گەلی کوردستانم رۆ**
**شەڕی دەربەند و بەردە قارەمان**
**بووە بە مێژوو بۆ گەلی کوردان**
**لەشکر کەشییەکەی ئەو ساڵەی پیران**
**ئەتوت رۆستەمە و هاتووە لە سیستان**
**با دڵ بناڵێ بەدەم دەردەوە**
**بەشین و رۆ رۆ و بەم چەند فەردەوە**
**هاور بەندی دڵ برا بە جارێ**
**قەڵای قەومی کورد رووخایە خوارێ**
**سەرداری گەلی خێر نەدیوم رۆ**
**ئازا وەک رۆستەم، جوان وەک گیوم رۆ**
**گریان بەشمان بێ کوردی جیهانی**
**بێ گەورە ماوین لە دنیای فانی**
**رۆژی ئاو باریک هەر یادگارە**
**وەک چەنە قەلعە لە خەڵکان دیارە.**

لە کۆتایی دیوانەکەشدا شیعرێکی تێدایە کە هی- نووری بەنگینەی کوڕی شاعیرە و کە پاش کۆچی دوایی شاعیر و بە بۆنەی چلەی شاعیرەوە نووسیویەتی کە ئێمەش کۆپلەی دوایەمینی شیعرەکەی دەنووسینەوە:

**چیت پێشکەش بکەم، باوکی بەرێزم**
**رۆشنیی چاو و، توانا و هێزم!**
**کۆچی دوایی تۆ سەرسامی کردووم**
**بە جارێ هۆش و ئارامی بردووم**
**ماڵئاواییت خواست، نا بەدڵ، ناکاو**
**بۆ گیانی پاکت هەزاران سڵاو..**
**ویردی زوبانت کورد و کوردستان**
**گیانت بە بەهەشت شادبێ، شادمان..**

لە کۆتاییدا هەر ئەوە ماوە کە دەستخۆشی لە مامۆستا عوسمان هەورامی بکەین کە ماوەیەکی دوورو درێژ کاتی خۆی تەرخان کردووە و، ماندووبوونێکی زۆری چەشتووە لەپێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئەم دیوانە شیعرییە نایابە.

وەک خۆم ئەوەی دەمەوێت لەم بابەتەدا ئاماژەی پێبدەم هەڵوێستی جوامێرانەی مامۆستا (عوسمان هەورامییە) کە وەک لە بەرێزیانم بیستووە لە ئەنجامی ئەو هەموو کۆششەو زەحمەتە درێژخایەنەی لە بەرهەمهێنانی ئەم دیوانە شیعرییەدا کێشاویەتی، هیچ سوودێکی ماددی بەدەست نەهێناوە، لە هەمان کاتدا خۆیشی مەبەستی سوودی ماددی نەبووە، بەڵکو مەبەستی بوو کە ئەم شاعیرە نەتەوەییە خزمەت و تێکۆشانەکەی لە بواری شیعردا بزر نەبێ و شاعیرەکەش نەبێتە سەربازێکی گومناو لە دیرۆکی شیعری کوردیدا، کەچی بۆیە سۆز و ماندووبوونێکی زۆری لەپێناو بە چاپ گەیاندنی خستۆتەگەڕ تا خوێنەرانی ئازیزیش سوودێکی باشی لێوەربگرن، ئەم شاعیرە بێ نازەش ڕەنجی چەند ساڵەی بەبا نەچێت..

بۆیە جێی خۆیەتی ئەرک و ماندووبوون و کۆششی بێ وچانی مامۆستا (عوسمانی هەورامی) بەرز بنرخێنین.. هیواداربن وێنەیان هەر لە زیادبووندا بێت بۆ ساخکردنەوەی دیوانە شیعرییەکان و بابەت و نووسینەکانی نووسەر و شاعیر و کەسێتییە ناودارەکان و مێژووی شوێن و خزمەتکردن بە تەواوی بوارە جیاجیاکان، تا کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەنەوە و زیاتر زانیاری و سوود بگەیەنن.

# بهێنڤەدانەک د ئەرشیفێ- هزرڤانیدا

لێدوانی: عەبدولرەحمان بامەرنی
(دهۆک)

پڕ تشتێن بەرزەبووی کۆمەلە هەلبەستێن هوزانڤان «هزرڤانی»نە، د چوار ژماراندا ب ئێک قەبارە و نەخشە بەرگێن هەر چار ژمارا هاتینە چاپکرن، بتنێ جیاوازیا هەر چاران، ژمارە-١-٢-٣-٤ کو بڤان ژماران ژێک دهێنە نیاسین.. ئەڤ چار کۆمەلە هەلبەستە ب ئالیکاریا ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد، دهوک هاتینە چاپکرن و هونەرمەند سەتار عەلی کەڤالێن دناڤدا نەخشاندینە، هەلبەستێن دناڤ هەر چار ژماران دا نیشتەجێبوین ژنڤیسینێن سالێن« ١٩٨٠»ێ سالا «١٩٩١» ێ نە، ئەڤ هەلبەستێن وی هەر وەکو ئیشارەی پێددەت و بەرپەرێ تەرخانکری بۆ سوپاسیان، کو هەڤالێن وی بناڤێ ئەوان دسەرهلدان و کۆچا تەڤایی دا ژ دەریا هندابوون و بەرزەبونێ قورتالکرینە.

پێشەکیەکا بێ ناڤ ونیشان ددەتەهەر چار ژماران و تێدا دیاردکەت کا بۆچی ئەڤ بەرهەمە داینە چاپێ ..« بەرێزان، خواندەڤانێن خوشتڤی، بەرهەمێن منێن بەری سەرهلدانێ. کو پێکهاتینە ژکۆمەلە هەلبەستان، پێشکێشی هەوە بکەم، پشکەک ژ بەرهەمێ گەنجانیا منن، هەروەسا نەینکا دەرد و ئاواز و نەخۆشیێن من و گەلێ منن، دبت هن ژوان د ئالیێن خوە یێن تەکنیک و هونەریدا ، هنەک جاران کز و لاواز ژی بن، بەلێ من ئەو ب هەمی کێمانیا را خوە دڤێن ، ژ بەر کو ئەو ئەزم و ئەز ئەو بووم.

### پڕ تشتێن بەرزە بووی ژمارە«١»

سیە و دوو هەلبەست د هەشتێ و دوو بەرپەران دا قەبارەکێ ناڤین، نڤیسینا هەلبەستان ژ سالێن «١٩٨٠» تا «١٩٨٤» بخۆڤە گرتیە.

هەلبەستێن قەشەنگ، فیریانا گەنجاتیێ دناڤ هەلبەستان دا دیارە وبگرە ژ هەلبەستێن، ئەڤینیێ وهەلبەستێن خوین گەرمیێ و ڤیانا ولاتی، هەلبەستەکاجوان بەرامبەر ناڤێ ئێک ژ کۆمەلە هەلبەستێن هوزانڤانێ دەستهەل- عەبدولڕەحمان مزوری- ژ ئەڤینا چراییێن کەڤن - بناڤێ جارەکا دی ژ ئەڤینا چراییێن کەڤن، گوت هوزانڤانێ خوین گەرم دەربرینا وی خوە ل چ ئاستا ناگرین، حەز دکەت دفرینادا بیت چاوان پێشمەرگە ل شەڕی و لچۆل و چیا و برسی و تێهنی، وی ژی ڤیایە بقەلەمێ خوە پشکداری سەنگەرێ وی بیت. کو ئەڤ هەلبەستێن دڤی دەمی دا ودیارە ئەڤ دەمە دهێتە هژمارتن ب قوناغەکا تایبەت.کو قۆناغا بەرخودانێ بوو، هەر خواندەڤان هەبان حەزێن وی ب ڤان هەلبەستان تێر د بوون، بتایبەت کو هێما و چەڤەنگێن دڤان هەلبەستاندا دهاتنە بکارئینان. ئەو چەڤەنگ ب کوردەواری ڤە د گرێدایی بان، یان ئیشارەت ب خەباتا وێریانا پێشمەرگەی هاتبا دان.



**سەیدایێ من**
**ئەڤینا وان چرایێن کەڤن و دووری تو**
**ستێرەک بلند ل ئەسمانێ**
**دەنگێ خانی و جەگەر خوون و جزیری تو**
**..............**
**کەلادمدم هەمی سەرن**
**هەمی ئەو سەر پێغەمبەرن**
**ئێدی خەما بەس بچینە «۱»**

**پرتشتێن بەرزەبووی ژمارە«۲»**

بیست و حەفت هەلبەست، د هەشتێ و هەشت بەرپەڕان دا، قەبارەکێ ناڤین، نڤیسینا هەلبەستان«۱۹۸۵-۱۹۸۷»دا هاتینە نڤیسین.

دگەل خوە ئاخفتن و نڤستنا د هشیاریێ دا، ل تەنشت خەونان و ئیلهام و دیتنێن رویدانان و بجهئینانا وان کاران یێن کو بهشیاریێ و دورهێل ببیتە رێگر، ژبۆ ئەنجامدانا وان کاران، قەلەم، تفەنگ ، چەکێ هوزانڤانی و پڕ تشتێن ژ بەرزەبوو لێ قورتال بوین و هزر و ژین و رابرودوویێ هوزانڤانێ تێدا نڤستی و هشیار بووی و گەڕیان تێدا کری، ڤەدانا هەستێن وی چەند شیایە کارتێکرنان لهزرا جادێ بکەت چەند شیایە، بیتە هەڤسەنگەرێ پێشمەرگەی ل دۆل و چیان، چەند شیایە و هوزانێن خوەدا بەرێ خورت و تولازان، بەرێ دلسۆزێن رزگاریکرنێ بدەتە شۆرەشێ و شۆرەش بەردەوامیا خوە بکەت.

ئەڤە هەمی بابەتن هوزانڤانی بۆ خوە تەرخان کرین کو هەلبەستێن خوە پێ بنەخشینیت. چەند جانە مرۆڤ ل هەست و نەستێن هوزانڤانەکی بنێڕیت کو خودان کێش بیت و کێشا وی مللەتێ وی بیت. چەند خۆشە مرۆڤ ل دلسوزێن خوە بنێڕیت وکا وان ب چ هەست هزر دکر و هەستا بەرخودانێ دناڤ مێشکێ واندا خویا دکر.

**زل بوونە دار**
**گومتل بوونە کەڤر و زنار**
**کەنی ل من بوون ئاخینک و گری و زێمار**
**هەمی رەنگێن من داکەتن هزر و بیرێن من کەتن**
**ژدەردێ تە هاوار هاوار«۲»**
**..................**

**پرتشتێن بەرزەبووی ژمارە«۳»**

سەد و شێست و سێ هەلبەست. بناڤێ نیشانێن جۆدا جۆداو ب ژمارە هاتینە نیشان و جۆداکرن ژ ژمارە ئێکە تا ژمارە سەد و شێست و سێ ژماران، بقەبارەکێ ناڤین ب سەدو دوو لاپەران.

هەلبەستا ژمارە«۱» بناڤێ کەڤال و هوزانڤانێ ڤیایی ژمارێن خوە تەرخان بکەت بوو پیشانگەهەکا کەڤالان، کەڤالێن جۆدا و مێژوویا نڤیسینا وان ژ سالێن«۱۹۸۰» و تا سالا«۱۹۹۳»ێ. مرۆڤ دشێت بێژیت هوزانڤانی ڤیایە کونترولا ڤان کەڤالان بێختە بن ئەندازیاریا خویا تایبەت ڤە.

رێزکرنا هەلبەستان برێزکرنا سالێن مێژوویا نڤیسینێ ڤە دگرێدای نینن. بابەتێن جۆدا و تەرخانکرنەکا جۆدا و گهوڕینا بارودوخێن سیاسی و دەربازبوونا قۆناغان و دسێزدە سالاندا کو هاتینە تەرخانکرن بۆ ڤان ژمارێن درێژ. کو ئەڤەژی دبنە ئەگەرێ گهوڕینا دژیێ مرۆڤی دا .

هەست و هزرێن مرۆڤی ژی وەرارێ دکەن و تایبەت یێن هوزانڤانەکی کو هەر جار نموونێن وی یێن دیتنێ و دیمەنێ وی یێن تایبەت نویکرن و رۆژێن وی لێگەڕیانن بۆ وی:

**من گوتە بای**
**گەر تو هەبای**
**خودان وەلات و ژ وەلاتێ خوەی مشەخت بای**
**تەژی وەک من چار زارۆکێن نازدار هەبان**
**تو ل نک نەبای**
**تە ب چاڤێ خۆ دیتبا لێ دباریت بەفرا بکوری**
**تە چونینە ب سەر دادەی**
**هەتا دلۆپەکا بارانا بتەنی ژ وان ڤەگری**
**باوەڕیکە تو دا ژ ژیانێ دەرکەڤی و دا بۆ گری«۳»**

**پڕ تشتێن بەرزە بوویی ژمارە«٤»**

سیە و حەفت هەلبەست ب قەبارەکێ ناڤین ب سەد و چلو هەشت بەرپەڕان . نڤیسینا هەلبەستان«۱۹۸۸»تا «۱۹۹۰»د پتریا ڤان هەلبەستان بئەنفالێن رەش ئەوێن سالا«۱۹۸۸»ل کوردستانێ هاتینە رویدان ل سەردەستێ رژێما بەعسیا ژناڤچووی »

زێدە باری کیمیا بارانکرنا حەلەبجەیا شەهید .کوئەم دشێین بئەدەبێ ئەنفالان ڤێ ژمارێ ناڤبکەین و ڤان هەر دوو سێ سالان کارتێکرنا خوە لسەر هوزانڤانی هەبوویە و هوزانێن وی دا دیارە و ب چ وێرەکی و ب چ ڤەشارتنا وێنەیان دناڤ چەڤەنگ و هێمایان دا دڤێت ژ بیرنەکەین ئەڤ چەند ژمارە لسالا«۲۰۰٤» دا هاتینە چاپکرن کو ئەرشیفکرنەکا درەنگە ژ گەلەک لایەنان ڤە کو دبیتە بابەتەکێ دی یێ سەربەخۆ ژ بۆ دەستکاری و

سالێن نڤیسین وسەروبەرکرنا هۆستاکاریێ پێنەڤێت، هەر رۆژەک گەلەک ژبۆ پێشڤەچوون و لێگەریانێن نوی و گەلەک ژ ڤان بەرهەمان بێی جیاوازیا ناڤەرۆکا بابەتێ وان، د ڤەشارتی بوون و نەهاتبوونە ئەرشیفکرن و گەلەکان ژی وێنەیێن خوە چەڤەنگاندا دڤەشارتن. هەر چیبت بمن وەرە ئەو هوزانا نڤیسین و بەلاڤکرن و چەند وێنەیێن وێ و لاواز بن نەشیابن ئامانجێ بگەهینن یان چەند ئەو وێنەیە دڤەشارتی بن. دبن چەڤەنگ و هێمایان ڤە لێ دڤێت ژبیر نەکەین گرنگیاوان گەلەک هەبوویە و هەستا نەتەوەیی دگەل خەلکی پەیداکریە و کریە هێڤێنێ بەرخودان و سەرهلدانێ یا کو ئەم وەک میللەتێ کورد پێ شادبووین .

هوزانڤان شیابوو دڤی دەمیدا یان کو بەری سەرهلدانێ کۆمەلەکا هەلبەستێن خوە چاپ بکەت بناڤێ «ئەزو ئاگر» کوئەڤە رەنگە دانەکا دی بوو. بۆ هەست و بەرخودانێن هوزانڤانی و شیایی وێنەیێن وی ڤیای بکەتە ناڤەرۆکا وان هەلبەستان و بەلاڤبکەت و دیسان گەلەک هەلبەستێن دناڤ چار ژماراند. هاتینە بەلاڤکرن د رۆژنامە و گۆڤارێن کوردیدا و گەلەک ژێ هاتبوونە خاندن دکۆڕ و ڤیستەڤاڵێن هوزان خاندنێ دا هەر وەکو ئیشارەت پێ هاتیە دان.

ل دووماهیێ هیڤیا پێشڤەچوونێ بۆ هوزانڤانی و ئەڤ ئەرشیفکرنا دەمەکی مێژوویی یێ ئەدەبێ مەیێ کوردییە لسەر دهێتە ئاڤاکرن

**دەهمەن:**

* پرتشتێن بەرزەبووی ژمارە«١»
کۆمەلە هەلبەست« ٢٠٠٤» هزرڤان

* پرتشتێن بەرزەبووی ژمارە«٢»
کۆمەلە هەلبەست «٢٠٠٤» هزرڤان

* پرتشتێن بەرزەبووی ژمارە«٣»
کۆمەلە هەلبەست «٢٠٠٣» هزرڤان

* پر تشتێن بەرزەبووی ژمارە«٤»
کۆمەلە هەلبەست «٢٠٠٤» هزرڤان

(١) پرتشتێن بەرزەبووی ژمارە«١» بپ ١٨
(٢) پرتشتێن بەرزەبووی ژمارە«٢» بپ ٦٢
(٣) پرتشتێن بەرزەبووی ژمارە«٣» بپ ٩٩

# نامەیەکی هونەرمەند ئازاد شەوقی

بەڕێز کاک ئازاد.. کاک سەرۆ

سلاوێکی پڕ وەفاداری، حورمەت، برایەتی ئاراستەی ئێوەی ئازیز دەکەم.

هەمیشە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.. زۆر حەز بە دیدارتان دەکەم، بەڵام بەداخەوە نەخۆشی و چەرمەسەری حەرب ڕێگای نەدام لە هەولێر پێتان شادبم.

دڵنیـام ئەگـەر هاتـوو باری تەندروسـتـیم بەرەو چاکی بێت. ئەو حەلە شاد دەبم پێتان، ڕاسـتییـەکـەی هەست دەکـەم بەو سـۆزەی ئێـوەی ئازیز بەرامـبـەر هەمـوو ڕۆشنبیـرێکی کـورد و بەرهەمە پیـرۆزەکانتـان لەبەرچاون سەرکەوتوو بن..

براکانم..

بە هەلم زانی هاتنی بنیـادی کـوڕی دکـتـۆر مـارف بۆ سولەیمانی بەم نامەیە خۆشەویستی و ئیعتیزارم بۆتان نوێ بکەمەوە.

هەرگـیـز چاکـەتان و لوتفـتـان لەیاد ناچێـتـەوە. هیـوام گـەورەیە ئەو پێـشـانگایەی لە یادی پەرلەمـان ببـێـتـە تەقلیـدێک بۆ زیندوو کـردنەوەی ئەو مـونجـەزە پاکـە و مـەزنە و بتـوانم زێتـر تابلۆی ئاشـتی و برایەتی هەمـوو کـونجـێکی ئەو تەلارە بڕازێنێـتـەوە بە خـۆشی هەمـوو کوردێکی بە شەرەف و هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد.

لە کۆتایی..

ئیـحـتـیـرامـاتم، دڵسـۆزیم نوێ دەکـەمـەوە بۆ ئێـوەی بەڕێز.. هەر بژین.

**دڵسۆزتان**
**ئازاد شەوقی**
**سولەیمانی**
**نیسانی ١٩٩٨**



# سەفین ئەنوەر شوکری: بینەری کورد نەگەیشتۆتە ئەو بڕیارەی شانۆ بۆ ئەو چی دەگەیەنێ؟

**سەفین ئەنوەر شوکری یەکێکە لەو شانۆکارە لاوانەی خاوەنی ئەزموون و توانستێکی باشە لە نواندندا. ئەو بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە و چ لە پەیمانگاو چ لەدوای پەیمانگا یەکێک بووە لە شانۆکارە چالاک و ئەکتیڤەکان، ماوەی پێنج ساڵە لەولاتی سویسرا دەژی و ئێستا بڕیاری داوە بە یەکجاری لە نیشتمان ژیان بەسەربەرێت. دوای یەکەم ئەزموونی پاش گەڕانەوەی پێکەوە گفتوگۆیەکی کراوەمان سازکرد.**

* بەپێی ئەوەی ماوەیەکە لە ڕەوتی هونەری دابڕاویت و سەفەری دەرەوەی وڵاتت کردووە. ئایا ئەو دابڕانە چییە و چۆنە کە دوای چەند ساڵ لە ڕەوتی شانۆ بینیوتەتەوە؟

– سەفەری من بۆ دابڕان نەبوو لە شانۆ، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی دوورگەیەکی نوێ بوو لە ژیانم هەروەک کۆڵۆمبس، چونکە ئەو زەمەنەی کە من ئێرەم بەجێ هێشت گەرمەی تاودانی ئەسپەکەم بوو لە پانتایی شانۆدا و سەرەتای بەدەستهێنانی ئیمتیازاتەکانم و گەرمەی دەستە و یەخە بوونم بوو لەگەڵ خۆشەویستی، بەڵام ئەفسووس ئەو زەمەنە هەمووان دەیانگوت ئێرە مەنفایە هەموو شوێنەکان پڕبوون لە چاڵ، ڕاکردن، موغامەرەیەکی گەورە بوو بۆ موغامەرەچییەکان، موسافیر جوانترین ئەکتەر بوو لەسەر شانۆی ژیان و گەورەترین قافڵەی وڵات بوو، ئیدی هیچ شتێک نەمابوو تاوەکو تەحقیقی بکەم. هەموو بڕوانامەکانیشم بڕوانامەی قەرەجێتی بوون، دڵنیام ئەوەی کە لە واقیعدا سەفەری نەکرد، ئەو هەمیشە لە وەهمیدا لەوێ بوو. هەموو ژیانیش لەوەهمیدا بوو، بۆیە ئەم وڵاتە وەهمستان بوو. هەموو شتەکان لە گەیشتن پێیان دەبوونە وەهم، بۆیە من زەویم بەجێ نەهێشت، بەڵکو زەوی ئەم نیشتمانە خۆی لەژێر پێمدا ڕایکرد.

بۆیە ئەگەر جەللادێک بووبم وڵاتێک دروستی کردم، ئەگەر موسافیربووم وڵاتێک سەفەرم پێ دەکات.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، ئەو دابڕانەی کە من لە ڕەوتی شانۆدا بینیومە دابڕانێکە زۆر جیاواز، دابڕانێکە لە قازانجی شانۆکاران و لەزەرەری بابەت و جەوهەری مەفهومەکانی شانۆ، هەروەکو سەدەی بیستەم دێتە پێش چاوم، چونکە ئەو نووسینانەی لەو سەدەیەدا نووسران زۆر بە بەهاتربوون لە نووسینەکانی دوای ئەو سەدەیە، ئەو سەدەیە یاخود بڵێم ئەو زەمەنەی پێش سەفەر، تەنانەت ئەوانەی تێیدا لەدایک بوون جیاوازتربوون لەو هونەرمەندا و شانۆکارانەی ئێستا دروستیان دەکات، ئاشکراتر تەنانەت مەفهومی شانۆکارەکانیش ئەو مەفهومانەی جاران نەماون ناشکرێ بڵێم ئەمە شموولیە.



دەتوانم کورت بڵێم شانۆکان خەریکە لە بەرژەوەندی شانۆکاران و زەرەری جەوهەر و بابەتەکانیان نمایش دەکرێن کە بینەر بە ئاراستەیەکی تردا دەبات لە قەڵەقی.

* لە ماوەی چەند ساڵ پەنابەرێتی هیچ کارێکی هونەریت کردووە، یان سروشتی کاری هونەری لەوێ لەبەردەم لەمپەری فرە لایەندایە؟

– لەبەر ئەوەی بەر لە سەفەر عەبەس وەک کێچ گیانی دەگەزستم، سەفەرم نەکرد بۆ وڵاتێ کە بە ویستی خۆم بوویێ و بەپاسپۆرت بۆی بچم، بەڵکو ڕام کردووە چووم بۆ شوێنێک کە خۆشم نەمدەزانی کوێ دەبێت، بەڵام ئەمزانی کە من ئیتر لەسەر زەوی هەر شوێنێک بێت پەنابەرم... هەر بۆیەش لە یەکەم مەحکەمەمدا پارێزەرە سویسرییەکە پێی وتم من گوێ لە تۆ ناگرم تاوەکو تێروانینەکانتم بۆ باس بکەی یان وەک شانۆکارێک ئیزافەبیت من گوێت لێ دەگرم تاوەکو جێی خەو و خواردنت لێرە بکەیتەوە.

بەهەرحاڵ من لەوێ پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوڵاتی بووم، هەر لە دەرچوونیەوە، کارم لە ڕۆژنامەکانی (چەپ)دا کردووە لەوێ بۆ کاتێکی دیاریکراو، ئەندامی کۆمەڵەی هونەری بووم لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی ئەم شارە، عەقدی تیپی Kontakt 01م کردووە. هەروەها گەڕاوم گەیشتوومەتە ئەو شتانەی کە ڕەنگە لێرە بوومایە بەدەستم نەهێنایە و توانیومە ئەو ڕێگایانە بدۆزمەوە کە بهێنێتەوە بۆ نیشتمانەکەم و ئیزافە بە ڕەوت و مێژووە شانۆییەکەم بدەم.

ناشکرێ ئینکاری لەوە بکەم کە لەوێ بواری تەحقیقکردنی کۆمەڵێ شتم هەبووە. کە لێرەدا پەیم پێ نەدەبردن هەرچەندە شتی زۆر پێویست بوون شانۆکار بڕیاری تێدا بدات، بۆ نموونە ئیشکردنی شانۆکار لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا، لەگەڵ تەکنەلۆژیا لەگەڵ ئەو ئیشانەی کە هی تۆ نین و دەیانکەیت. بینینی چەندەها فۆلکلۆر و عادەتی سەیر، تێکەڵاوبوونی چەندین ڕەگەز و بیرکردنەوەیان، هونەر و هۆی کردنی، ساتێک سەیرکردنی وڵاتەکەت لەدوورەوە و لە شتەکان لەوێ، دڵنیابوون لەکۆمەڵێک شت کە هەمیشە لەگەڵتان لە هەموو شوێنێک وەک مردن، پێوەندییەکان.. یادگاری... باوەڕ.. خۆشەویستی. بە نموونەیەک کۆتایی بەم پرسیارە دەهێنم (زۆرم لە مارتینی هاوڕێم کرد کە کارەکانی منی زۆر بە دڵ بوو تا بێت بۆ کارێکم، بەڵام هەمیشە پێی دەوتم من مەحکومم بە ئیشکردن، هەموو خەڵکی ئێرەش وەک منن بەیانی تا ئێوارە وەک مەکینە کاردەکەم لەبەر ئەوە بوارم نییە تاوەکو بێم بتبینم و بزانم چی دەڵێیت دواتریش هەر شتێک بڵێیت ناتوانی وا لە هەموومان بکەیت کە لە کارەکەی خۆمان زیاتر هیچی تر بکەین و بیر لە هیچی تر بکەینەوە).

* دوای ئەو دابڕانە بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی کارێکی کامۆوە هاتیتەوە سەر شانۆ، هەستت بەچی کرد؟

– ئەوە بۆ ماوەی ساڵێک و دوو مانگە کە لێرەم لەم زەمەنەدا سەرقاڵی سێ کاری شانۆیی بووم، بەڵام بەداخەوە دوانیان نەگەیشتە ئەنجام ئەوانیش (لیرشا) و (جەللاد لە حیکایەتە کۆنەکاندا) بەڵام لە شانۆیی (لەخواپپارێرەوە دڵت بکا بە بەرد) کە لەدەقی (بەدحاڵی بوونی ئەلبێر کامۆ)وە وەرگیرابوو دەرهێنانی (کامەران سوبحان و گۆران عەلی)، توانیم بچمەوە بەردەم بینەران هەرچەندە تا دەگەیتە لەحزەی نمایش تووشی دنیایەک کێشە دەبیت لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوانەی کاری شانۆیی دەکەن کۆمەڵێکی دیاریکراون، ئەوەی کە مەبەستمە بیڵێیم ئەوەیە کە تۆ دەبێت خۆت شەڕەکان بکەیت خۆت کارەکانی خۆت بۆ خۆت ئاسان بکەیت، کەم کەس هەیە یارمەتیت بدات و حەقی خۆتت پێ ببەخشێت. ئەمە لە حاڵەتێکیشدا کە ئێستەی ڕەوشی شانۆ یاخود ئیداریاتی شانۆ لە (٥) ساڵ لەمەوبەر باشترە، ئەمەوێ ئاماژە بە چەند شتێک بدەم لە کاری (لەخوا بپارێرەوە دڵت بکا بە بەرد) ئەوەی زۆر هەستم پێ ئەکرد و باسم دەکرد ئەوەبوو کە من دوای پێنج ساڵ لە دووری شانۆی ئێرە، توانیم وەک ئەکتەر بوونم هەبێتەوە، بە جیاوازییەکی زۆر کەم لەگەڵ جاران کەچی ئەو بینەرەی لەسەر کورسییەکان دادەنیشتن فەرقیان زۆر هەبوو لەگەڵ جاراندا، بۆ نموونە کە من ئەو کادرە هونەرییانەی جێگەیەکی باشیان داگیرکردووە لەنێوەندە هونەرییەکە، تێبینی من لێرەدایە ئەویش ئەوەیە کە هەر وڵاتێک پارەی زۆر تێ هات ئیدی ئەو شتانەی بە پارە ناکڕدرێن قیمەتی نامێنێت..

سەرەڕای هەموو ئەمانە هەست بە لەحزەیەک دەکەم کە زۆر خەتەرناکە ئەویش ئەوەیە کە هێشتا بینەری کوردی نەگەیشتۆتە ئەو بڕیارەی پرسیار لەخۆی بکات شانۆ بۆ ئەو چییە؟ بۆچی دەچێت بۆ شانۆیەک؟! یاخود ڕەوتێکی هونەری دیاریکراو نییە کە ببێتە بنەمایەک بۆ سیمای شانۆی کوردی، من گاڵتەم لەو کەسانەیە کە هونەری درۆ فێری خەڵکی دەکەن و هەمووان چەپڵەی بۆ لێ دەدەن، هێشتا زۆر کەس هەیە ناتوانێ نەقدی کاری ئەوی تر بکات، یان تەحدید بێت لە دنیایەک لق و پۆپ کە شانۆ هەڵی ناگرێ، نموونەیەک دەهێنمەوە بۆ کۆتایی ئەم پرسیارەش: ماوەیەک بەر لە ئێستا من و چەند برادەرێک ئەندامی لیژنەی تەحکیمی فیستیڤاڵی یەکەمی گەرمیان بووین. لەوێ ئێوارەیەک لەماڵی کەسایەتییەکی بەرزی سیاسی دەعوەت بووین: وتی گەر من پاڵپشتی تۆ بکەم ئیتر تۆ قەت قسە بە من ناڵێیت بگرە قسەش بەوە دەڵێیی کە من ڕقم لێیەتی..

* تا چەند باوەڕت بە گرووپ و گرووپکاری هەیە لەکاری شانۆدا، بیرت لەوە نەکردۆتەوە بە هەناسەیەکی نوێوە لەم لایەنەدا کاربکەین؟

– کێشەیەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە لێرە تاک خۆی پەرش و بڵاوە و خەریکی کۆکردنەوەی بەشەکانی خۆیەتی بۆیە یەکێک بیر لە دروستکردنی گرووپێک دەکاتەوە تاڕادەیەک زەحمەتە، من بەر لە سەفەر بە تەنیا لەشکڵی گرووپدا کارم کردووە، وەک گرووپی ستۆدیۆی ئەکتەر و بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو، بەڵام ئەمڕۆ بەو شێوەیەی جاران کارناکەم، کەسایەتییەکان ڕەنگە هەمیشە دووبارە و دیاریکراو نەبن لەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەلی بوونیات نانی دەستەیەکم هەیە، دەستەیەک کە بەردەوام لە زیادبووندا بێت، چونکە لەم وڵاتەدا بە تەنیا کارەکان لەسەر شانت قورس دەبن و بچووکت دەکەنەوە، بەڵام تایبەتمەندێتی هەیە لە ئیختیارکردنت بۆ ڕەگەزەکان، یەکێک لە خاڵە ئیجابییەکانی گرووپ ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵە گەر بە کاربن (فعال) ئەوا دەتوانن ستایلێک بۆ خۆیان دیاری بکەن و فۆرمێک لە پانتاییەکەدا بۆ خۆیان بخوڵقێنن، دواتریش مێژووش بۆ خۆیان دروست دەکەن کە مێژوویەکی گشتی ئەو کۆمەڵە دەبێت و هەروەها کەمی کاری گرووپە شانۆییەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسێتییەکانی ئەو گرووپە زۆرجار بە تەنیا مەحکومن بەوەی کە بەس لەگەڵ گرووپەکەیان ئیش بکەن کە ئەوانیش ناکەن یان بەکاری ترەوە خەریکن.. من هەمیشە دەمەوێت بە هەناسەیەکی نوێوە کاربکەم و کۆببمەوە. گەر بهێڵن هەناسە بدەین، چونکە زۆرجاریش هەوڵەکان مەحکومن بە فەشەل، کە ئەمەش ئەتگەیەنێتە سەرکەوتن، بەڵام دەبێت کەسی بەتوانا خۆی ڕاکات بەدوای شتەکاندا و بوون و بونیادێکی گەورە دروست بکات.

# لە دیاربەکر فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی منداڵان سازکرا



لە ڕۆژانی (١١-١٦/گولانی/ ٢٠٠٥)، پێنجەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی منداڵان لە شارەوانی دیاربەکر سازکرا، شاندە هونەرییەکان و تیپی منداڵان لەچوار وڵات و هەشت ویلایەتی تورکیا جگە لە دیاربەکر تێدا بەشداربوون کە ئەمانە بوون: (ئیسپانیا، سوێد، ئەڵمانیا و ئێران) و ویلایەتەکانیش (مێرسین، ئەدەنە، وارتوو، مووش، ئەستەنبول، بنگوول، وێران شەهر، میلادیاد) بوون. بەپێی بەرنامەی فیستیڤاڵەکە ڕۆژی یەکەم تەرخانکرابوو بۆ ڕێپێوانی تیپە هەڵبژاردەکان لەنێو جادەکانی شاردا، دواتر پێشبڕکێی چیرۆکی منداڵان کە بە دوو زمان (کوردی، تورکی) پێشکەش کرابوون ئەنجامدرا، لیژنەی هەڵسەنگێنەری چیرۆکە کوردییەکان ئەمانە بوون: (فورات گەوەری، ڕوونی دار، یوونس بەهرام، سوداد یورتاش) و چیرۆکی ڕەجەب دڵدار بەیەکەم دەرچوو.

لیژنەی هەڵسەنگاندنی چیرۆکە تورکییەکانیش ئەمانە بوون: (سۆزان سامانجی، ئورهان چەلیک، گایا بورالێ ئوغلۆ) و چیرۆکی یاوس قارداشلەر بەیەکەم دەرچوو. لە ڕۆژی دووەم و سێیەمدا دوو شانۆگەری گەڕۆک لە گەڕەکە میللییەکاندا سازکرابوون کە بەیانیان لەدوو شوێنی جیاجیا دادەنران و دوای نیوەڕۆ دەگوازرانەوە بۆ دوو شوێنی ترو بەپێی ئەم بەرنامەیە منداڵانی زۆربەی گەڕەکەکان ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە چالاکییەکاندا دەکرد کە گۆڤەند و سەما و شانۆگەر و بڕگەکانی پێکەنین و وتەی پیرۆزبایی دەگرتەوە، سەرەڕای ئەوە کە بە دەیان منداڵ وێنەو نەخش و نیگاریان لەسەر دیواران دروست دەکرد و جگە لەوانەی کە لەزەوی دانیشتبوون و لەسەر کاغەزی سپی وێنەیان دەکێشا. ئەمەو هەردوو تیپی منداڵانی ئیسپانیا لە هەرێمی کاتەلۆنیاو تیپی منداڵانی سنە لە ئەیالەتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان لەم چالاکییانەدا هەبوو، جگە لە منداڵانی سوێد و ئەڵمانیا کە گۆرانییان بەچەندین زمان دەچڕی.

لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٥/١٤) سیمینارێک بۆ (٥) پسپۆری شارەزا لەبواری پەروەردە و سایکۆلۆژیەتی منداڵان لە بارەگای شارەوانی گەورەی دیاربەکر سازکرا. ئەم سیمینارە لەلایەن بەڕێز (ئیسماعیل دڵدار)ەوە بەڕێوە چوو و بەپێی ئامار و ژمارەکان بارودۆخی پەروەردەو فێرکردن لە تورکیا بەگشتی و لە دیاربەکر بەتایبەتی شرۆڤە دەکراو، بەپێی ئەو ئامارانەی کە پێشکەش کران تەنیا (١٠٠٦) قوتابخانە بەهەموو قۆناغەکانی خوێندنەوە لە ویلایەتی دیاربەکر هەن کە تەنها (١٣٨) قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەو (١٥) قوتابخانەی یاپۆ هەن کە خوێندن لە قوتابخانە دەکرێت و نوستن و خواردن لەبەشە ناوخۆییەکاندایە، ژمارەی سەرجەم قوتابیانیش (٢٩٠٣٥٠) قوتابییە، بەڵام ژمارەی مامۆستایان (٧٩٤٦) مامۆستایە. ئەمەو ئاهەنگەکانی فیستیڤاڵەکە هەتا ئێوارەی (٥/١٦) بەردەوام بوو و ئامانجەکانی جێبەجێ کرد.

هەروەکو سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر فەرمووی کە مەبەست لەسازدانی ئەم فیستیڤاڵانە ئەوەیە کە زارۆک داهێنەر و بڕیاردەری پاشەڕۆژی ئەم گەلەن و مافی خۆیانە کە لە ئاشتیدا بژین و سەما بکەن و پێکەنن و گۆرانی بڵێن.

**ئەحمەد قەرەنی**
**(دیاربەکر)**

# گەلەریی کۆیە... شارێک لە هونەر و جوانی

گەلەریی کۆیە یەکێکە لەو دەسکەوتە کولتووری و شارستانییانەی کە لە خەرمانەی ئەو کردە ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبییانەی لە مێژووی شاری کۆیەدا ڕۆشناییان دەکەوێتە سەر.

بەکردنەوەی گەلەری کۆیە شاری کۆیە ڕووەو پێشکەوتنێکی دیکە هەنگاو دەنێ، چونکە بوونی گەلەری و مەڵبەندێکی هونەری بۆ نمایشی کاری هونەری شێوەکاری، بە بەردەوام، پێویستییەکی زۆر گرنگی سیمای شارە، بەتایبەتیش ئەو شارانەی کە ڕواڵەتەکانیان بە داهێنان و پێشکەوتنخوازی

پیشان دەدەن...
شاری کۆیە کە هەر لە دیرۆکەوە پانتاییەکی زۆری لە ڕووگەی ئەدەب و هونەری کوردی وەرگرتووە، ئەمڕۆ بەکردنەوەی گەلەرییەک ئەو پانتاییەی زیاتر دەکات و ئەم پرۆژەیەش دەچێتە پاڵ ئەو هەموو کارانەی کە لەم بوارەدا «کۆیە» بووە بەسەرچاوەکەی.

گرنگی کردنەوەی گەلەریی کۆیە لەوەدایە، کە بۆ یەکەمین جارە نەک تەنیا لە کۆیە، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستانیش «قەزایەک» کە یەکەی ئیداریەکەی بەم شێوەیە بێت، مەڵبەندێکی هونەری بۆ نمایشی بەردەوام بکاتەوە، ئەم هەنگاوە بۆ سەرانسەری عێراق و ناوچەکەش هەنگاوێکی پڕ داهێنان و کارێکی بوێرانە و جیددییە، کە لەوپەڕی هەستکردن و خزمەتکردنی هونەرییەوە سەرچاوە دەگرێت.

لە خولی یەکەمی گەلەریی کۆیەدا کە لە ٢٠٠٥ /٦/٢١ کرایەوە، ٥٠ هونەرمەندی شێوەکاری بە ١٠٠ کاری هونەرییەوە، لە سەرجەم شارەکانی کوردستان بەشدارییان تێدا کردووە، ئەمە جگە لەوەی کاری هونەری هونەرمەندانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لەخۆ گرتووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی لەم خولەدا بەشدارییان کردووە، خاوەن ئەزموون و هونەرمەندی دەرکەوتوو و جیددین، ئەمەش بەهۆی ئەو پۆلێن کردنەوە کە گەلەریی کۆیە لەسەرەتادا بەپێی هەڵسەنگاندن و ڕاوێژکردنی هونەریانەوە، گەیشتۆتە ئەوەی کە ڕێژەی دیاریکراو لە هونەرمەندان بۆ بەشداری کردن داوەت بکات کە ئەمەش بۆ خۆی خاڵێکی ئیجابییە لە ڕووی هونەرییەوە چونکە هەڵبژاردەیەک لە هونەری باش مایەی سەرکەوتن و جوانتر نیشاندانی ڕووی پێشانگا بەردەوامەکەی «گەلەریی کۆیە»یە، ئەم خاڵە ئیجابییەش ئەگەر تۆکمەتر و لە ئایندەدا یان لە خولی دووەمدا کاری زیاتری بۆ بکرێت، ئەوا گەلەریی کۆیە دەبێتە شوێنگەیەکی شیاوی هونەری.

ئەم گەلەرییە دەکەوێتە یەکێک لەو هۆڵانەی کە لەناو «قشڵە» قەڵای دێرینی کەکۆن لە کۆیەدایە. ڕووپێوی هۆڵەکە درێژییەکەی ٣٥ مەتر و پانییەکەی ٥ مەتر دەبێت، جگە لەوەی کە چەند پەنجەرەیەکی تێدایە، ئەوا لە ڕووی ڕووناکییەوە چەند پلاجکتۆری بۆ دانراوە، هەروەها بەهۆی



«پارتیشن»ی تەختەوە سوود لە «فلات» کردنی دیوارەکانی وەرگیراوە.

لە سەرەوەشی کە سەقفی هۆڵەکەیە، بە چەندین نیوەبازنەی ئەندازەیی میعماری، کە لەسەر تیرازی کۆنی بیناکە دروست کراوەتەوە.

ئەم هۆڵە دیوارەکانی نزیکەی مەترێک ئەستوور دەبن کە ئەمەش بۆخۆی جۆرێکە لە پارێزگاری کردنی بەرهەمە هونەرییەکان لە سەرما و گەرما، هەروەها لەبەرئەوەی هەموو بیناکە بە ماددەی «قسڵ» دروست کراوە، ئەوا هەواو کەشی هۆڵەکە زۆر لەبارە بۆ تابلۆ هونەرییەکان و ئەو چەند پەیکەرەی کە نمایش کراون، بەهۆی ستوونی تەختەوە لەژێر پایەی ئەو نیوە بازنەییانەدا هێندەی تر هۆڵەکەیان جوان کردووە.

ئەم گەلەرییە لە بەرنامەیدایە کە لە ئایندەدا پرۆژەی هونەری هەم بۆ شاری کۆیە و هەم بۆ هونەرمەندان بە کردنەوەی پێشانگای هاوبەش و تایبەتی، هەروەها کۆڕگرتن و نمایشی سلاید و سینەما ڤیژن بۆ تابلۆی هونەرمەندان بکات، هەروەها جێگای ئاماژە پێدانە ئەم گەلەرییە لەسەر پێشنیار و هەوڵ و ماندووبوونی هونەرمەندی شێوەکاری «حەمە هاشم» دامەزراوە و هەر خۆشی سەرپەرشتیاری گەلەرییەکەیە، لەگەڵ چەندین دڵسۆزی دیکە کە بەیەکەوە گەلەرییەکە بەڕێوە دەبەن.

**سەرخێڵ کۆیی**
**(کۆیە)**

## لە هەولێر سەنتەری ئارسەر ڕامبۆ کرایەوە

کاتژمێر (٩)ی ئێوارەی ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/٢٤)، لە بەشی شوێنەواری ناو شاری قەڵای هەولێر، بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک هونەرمەند و هونەردۆست، سەنتەری ئارسەر ڕامبۆ کرایەوە.

ئەم سەنتەرە، لەناو یەکێک لە خانووەکانی بەشی شوێنەواری قەڵای هەولێر دەستی بەکارو چالاکی خۆی کرد و ئەمەش ماوەی شەش مانگە کە «ماتیوو» (بەڕێوەبەری سەنتەر) لە هەوڵی جێبەجێکردنیدایە و بڕیارە ئەم شوێنە ببێتە ناوەندێکی باش بۆ چالاکی هونەری. جێگەی ئاماژە پێدانە کە ئەم سەنتەرە لە ڕووی فۆرمی میعماری و ڕواڵەتییەوە هەر لەسەر بنەمای کۆنی

ئەم خـانووە، ڕێک و پێک کـراوەتەوە و هەوڵ دراوە کـە کۆنینە بوونی ئەم شـوێنە بپـارێزرێ. «مـاتیـو» لە کـاتی کـردنەوەی سـەنتـەرەکـەدا ئاماژەی بەوە داکـە: ئێـمـە مـاوەیەکی زۆرە بە شـوێن ئەم کـارەوەین و ئێـسـتـاش سەنتەری ئارسەر ڕامبۆ لەمڕۆوە چالاکیەکانی خۆی دەست پێـدەکـات و هەوڵ دەدەین کـۆمـەڵێک کـاری باش بۆ پشـتگیـری لە هونەرمـەندانی کـورد دەست پێبکەین و ئەوەندەی لە تواناشمـاندابێت میـوانداری هونەرمـەندانی دەرەوەی وڵات بەتایبەت هونەرمەندانی فەرەنسا دەکەین و کـارەکـانیـان پێشـان دەدەین و ئەمـەش دەبێـتـە هۆی سازکردنی پردێکی بەهێـز بۆ پێوەندییـەکانمان. هەروەها ماتیو ئاماژەی پێدا کە ئەم سەنتەرە بە شێوەی ڕەسمی مـانگێکی تر دەست بەکـاردەکـات. هیـوای خـواست بە هەوڵی گـشت لایەک و هەروەها پشـتگیـری هەمـووان باشترین ئارسەر بکری. ماتیـو لە کۆتایی قسـەکانیدا گوتی: ئێمە لە مرۆوە داوا لەهونەرمەندانی کورد دەکەین کە بێن و لەم شوێنە کارەکانیان نیشان بدەن.

بەدوای وتەکەی ماتیوو دا، بەڕێز د. موحسین ئەحمەد عومەر وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و ئاماژەی بە ڕۆڵی خۆی و هاوڕێیانی دا بۆ کردنەوەی ئەم سەنتەرە و هیـوای سـەرکـەوتنی بۆ هەمـووان خـواست. لە کـۆتایی



ڕێورەسمەکەدا چەند فیلمێکی هونەرمەندێکی فەرەنسی نمایش کرا.

سەنتەری ئارسەر ڕامبۆ لە چەند هۆڵ و بەشی جیا جیا پێکهـاتووە، کـە بریتـیـە لە هۆڵی نمایشکردنی فـیـلم و بەرهەمی شێـوەکـاری و هەروەها ژووری تایبـەت بە وانە گوتنەوە کە لەم ڕۆژانەدا خولی یەکەمی زمانی فەڕەنسی دەست پێیدەکات.

**وریا بوداغی**




## وێنەگرانی کوردستان زۆرینەی خەڵاتی پێشانگەی فۆتۆگرافی لە بەغدا وەدەست دێنن

لە چوارچێوەی چالاکـیـە هونەرییـەکـانی کـۆمـەڵەی وێنەگـرانی کـوردسـتـان/ دەسـتـەی باڵا، سـازدانی پێشـانگەیەکی فـۆتۆگرافی بوو لەسـەر ئاستی عـیـراقی فـیـدراڵ لە بەغـدا، بەهاوکـاری وەزارەتی ڕۆشنبـیـری هەرێمی کوردستان.

ئەم پێـشـانگە فـۆتۆگـرافـیـیـە بەچاودێری وەزیری ڕۆشنبیری عیراقی فیدراڵ ڕێزدار نووری ئەلڕای لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/٧) لە هۆڵی «ئەلواسـتـی» لەناو بینایەی وەزارەتی ڕۆشنبـیـری کـرایەوە، تێـیـدا (٥٩) وێنەگری کوردسـتـان و (٥٥) وێنەگری بەغدا و پارێزگـاکانی تری عیراقی فیدراڵ بەشداریان تێدا کرد، ئەم پێشانگەیە لە حەوت تەوەری سەرەکی پێکهـاتبوو «هونەری، پۆرترێت، مرۆڤ و کار، گـەشتیاری، ژینگە و سروشت، جیـهـانی منداڵێـتی، ڕۆژنامـەنووسی و شـەڕ)، بۆ هەر تـەوەرێک سێ خـەڵات دیاری کـرابوو (زێـڕینی، زیوینی، بڕۆنزی). لەگەڵ ئەوەی دوو لیژنەی فـەرز و هەڵسەنگاندنی وێنەکان زۆرینەی ئەندامـانیـان و سـەرۆکی هەردوو لیـژنەکـان لە وێنەگرانی کۆمەڵەی وێنەگرانی عیراقی بوون، بەڵام لەبەر ئاست بەرزی بەرهەم و کارەکانی هونەرمەندە فۆتۆگرافییە کـوردەکـان، زۆرینەی خـەڵاتەکـان نزیکەی (٨٥٪) بەر وێنەگـرانی کـوردسـتـان کـەوتن، کـە ئەمـەش مـایەی خۆشحـاڵیـیـە بۆ کورد و کـوردستان، کە دوای ڕووخانی

ڕژێمی دکتاتۆری سەدام، کورد لە گشت بوارەکاندا لە پەراوێزەوە هاتنە ڕیزی پێشەوە و توانا و بەهرەی خۆیان بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەردەبڕی. ئەو وێنانەی گەیشتنە پیشانگەکە زیاتر لە (٣٠٠) وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ و ڕەش و سپی بە قەبارە ٣٠×٤٠سم بوون، بەڵام تەنیا (١٨٥) وێنە هەڵبژێردران و نمایش کران.

ئەوانەی خەڵاتی زێڕینیان لە گشت تەوەرەکان بەرکەوت: «فارس سەعدی/ هونەری، سائیر زوهەیر ئەلسودانی/ شەڕ و ڕۆژنامەنووسی، ڕاجۆ زرار سەدیق/ پۆرتریت و جیهانی منداڵێتی، شێرزاد گەردی/ ژینگە و سروشت، سەردار خدر/ گەشتیاری» خەڵاتی زیوینی: «ئازاد لەشکری/ هونەری، سەمیر سالح/ شەڕ و ڕۆژنامەنووسی، سەمیر ئاکرەیی/ مرۆڤ و کار، شێرزاد گەردی/ پۆرتریت، عەبدولخالق نعمە/ جیهانی منداڵێتی، هاوڕێ سەلاحەددین/ ژینگە و سروشت، محەمەد عەزیز (هەورۆ)/ گەشتیاری) خەڵاتی برۆنزی (راجۆ زرار سەدیق/ هونەری، ئارام سەباح/ شەڕ و ڕۆژنامەنووسی، ئیسماعیل هەمەوەندی/ مرۆڤ و کار، سیروان چاوبەخاڵ/ پۆرتریت، ئازاد لەشکری/ جیهانی منداڵێتی، سەمیر ئاکرەیی/ ژینگە و سروشت، لە تەوەری گەشتیاری خەڵات نەدرایە کەس).

لەپاڵ ئەم خەڵاتانەش بۆ هەر تەوەرەیەک دوو بڕوانامەی ڕێزلێنان درایە وێنە سەرکەوتووەکان. جێی ئاماژە پێکردنە ئەم پێشانگەیە بە هاوکاری لقی کۆمەڵەمان لە بەغدا و لەگەڵ کۆمەڵەی وێنەگەری عیراقی- مەڵبەندی گشتی بە بۆنەی یادی یەکەمینی ساڵڕۆژی دامەزراندنی لقەکەمان لە بەغدا سازمان دا، جێی خۆشحاڵی و سەرنجدانی هونەرمەندانی بەغدا و کەناڵە جیاجیاکانی ئاسمانی و ڕاگەیاندنەکان بوو، بۆیە بۆ یەکەمین جارە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەغدا نووسراوی سوپاس و پێزانینی ئاراستەی کۆمەڵەمان کرد.

**ب. هەوراز**



## شامیل عەسکەرۆڤ مالئاڤایی کر

د تەمەنێ (٧٧) سالیدا، ل ڕۆژا (٢٠/٥/٢٠٠٥) شاعرو وەرگێڕو کوردۆلۆگ شامیل سەلیم عەسکەرۆڤ ل باکۆ مالئاڤایی کر.

شامیل ل سالا (١٩٢٨)ێ ل گوندێ ئاخچاکەنتێ کو سەر ب باژارێ کەلبەجەرێ ل کوردستانا سۆر هاتبوو سەر دنیایێ. دبستانا ناڤین و ئامادەیی و پاشان دبستانا بلندا دەولەتا ئازەربێجانێ یا مامۆستایان ولدویڤدا زانکۆیا پیداگوگی خلاس کرییە.

شامیل نێزیکی (٤٠) کتێبی وی چاپبوونە، ژ ئەوانا وەرگێڕاندنا «مەم و زین»ا ئەحمەدی خانی بۆ زمانێ ئازەری و، تێزا خوە یا دکتۆرایێ ل سەر خەباتێن ئەدەبی یێن جگەرخوێن نڤیساندبوو و، گەلەک ژ شیعرێن فەقیێ تەیران، مەلایێ جزیری، عەبدولڕەحمان هەژارو، عەبدوللا گۆران و ب سەدان هەلبەستێن دن ژی ژ کوردی وەرگەڕاندبوونە زمانێ ئازەری.

هەروەسا فەرهەنگەکا زمانەوانی ئازەری- کوردی، کوردی- ئازەری دانابوو.

شامیل عەسکەرۆڤی هەموو تەمەنێ خوە ژبۆ ساخڤەکرنا زمانی کوردی و بەلاڤکرنا ئەدەبیاتێن کوردی تەرخان کربوو.

ل سالا (١٩٧٨)ێ ب سەدەما کوردایەتیێ (٤) چار سالان هاتە زیندانیکرن و د ئەڤی ماوەی دا، داستانەکا هەلبەستی نڤیساندبوو، کو ژ (٢٠) هەزار مالکان پێکهاتییە و، ڕەوایا دۆزا کوردستان و زۆلما ل سەر کوردان تێ کرن تێدا نیشان دایە.

شامیل هەر ل باژارێ کەلبەجەرێ ژیایە و گەلەک کارێن ئەدەبی و زانستی وجڤاکی ئەنجام داینە وەکو ڕۆژنامەڤانی و سەرۆکێ ڕێکخستنا لاوان و ڕێڤەبەرێ قوتابخانێ... والیێ باژێر، ڕێڤەبەرێ پەروەردەیا باژێر، ڕێڤەبەرێ مۆزەخانەیا دیرۆکی... شامیل پشتی سالا (١٩٩٣)ێ و پشتی سوپایێ ئەرمەنستانێ کوردستانا سۆر گرتی ئەو ژی دەربەدەری باژارێ (باکۆ)یێ بوو.

شامیل عەسکەرۆڤ ڤالاتیەکا مەزن ل جیهانا چاندا کوردی دا دروستکر، چونکە سمبۆلەکا دۆزا گەلێ کوردو نموونەیەکا بلندا زانستی و ئەدەبیاتێن وی بوو و، ژ هەمیان پتر کەسایەتیەکا مەزن بوو ل هندور و دەرڤەی ئازەربێجانێ.

**ئە. قەرەنی**

* **لە ئینتەرنێتەوە**

## شانۆگەریی «دوژمنی گەل» چی لا جێ هێشتین؟

«هنریک ئەپسن» یەکێکە لە دیارترین نووسەرە ڕەمزییەکانی شانۆی نەرویژی، ئەو کەڵە نووسەرە نەک شانۆی نەرویژ بەڵکو هەموو شانۆی ئەوروپا قەرزاری چرکەکانی داهێنانین، بە جۆرێک لە ئەدەبیاتی شانۆییدا بە شکسپیری نەرویژ ناو دەبرێت.

لە چوارچێوەی چالاکییە هونەرییەکانی شاری سلێمانیدا ئێوارەی ٢٠٠٥/٦/١١ و ڕۆژانی دوای لە هۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی شانۆ، شانۆی «دوژمنی گەلی» نمایشت کرا لە نووسینی هنریک ئەپسن و دەرهێنانی «موەفەق عارف لهۆنی»، نواندنی «نیاز لەتیف، سەردار مەحموود، شاناز مەحموود، ئەژی حەمە نووری، میهرەبان عەبدوڵڵا، جەبار حەسەن، کاوە کافرۆشی، ئاراس محەمەد و سەرخێڵ حامید».

(دوژمنی گەل) یەکێکە کە دیارترین دەقەکانی نووسەر کە کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگای نەرویژ لەو قۆناغەدا باس دەکات کە ئەم دەقەی تێدا نووسراوە، ئەویش کێشەی زۆرینەو کەمینەیە کە ئەپسن پێی وایە مەرج نییە هەمیشە زۆرینە لەسەر حەق بێت، ئەم ئاڕاستەیەش دکتۆر «ستۆکمان» ڕابەرایەتی دەکات و بە درێژایی شانۆییەکەش ململانێی بەهێز لە نێوان «سکۆتمان و قایمقام» دایە لەسەر ئاراستەی زۆرینە و کەمینە لە بیرکردنەوەدا، کە دواجار سکۆتمان دەیسەلمێنێ مەرج نییە زۆرینە لەسەر حەق بێت.

ئەمە بەگشتی چیرۆکی شانۆگەرییەکە بوو، دەرهێنەریش هەوڵی دابوو مامەڵەیەکی ڕیالیزمی سیمبۆلی لەتەک ئەو دەقە شانۆییەدا بکات، بەڵام لە جێبەجێکردنی پلانی دەرهێناندا تووشی کۆمەڵێک گرفتی هونەری ببوو، لەوانە هەڵبژاردنی ئەکتەر و فۆرمایستی ئەو کاراکتەرانەی لە دەقەکەیدا جێبەجێی کردبوو کە فۆرمی تەمەن و ڕوخسار شکلێک لە جەدەلییەت و نەگونجانی پێوە دیاربوو، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاری لە ڕێڕەوی نمایشەکە کردبوو. جگە لە «دکتۆر ستۆکمان و خاتوو ستۆکمان» کە تا ڕادەیەک لە کاراکتەرەکان نزیک کەوتبوونەوە ئیدی زۆرێک لە ئەکتەرەکانی تر لەگەڵ کاراکتەرەکاندا تووشی دابڕان ببوون.

خاڵێکی تر ئەوەیە، لە یەکەم ڕۆژی نمایشدا هەندێ هەڵە لە نمایشەکە ڕووی دا بەتایبەتی لای قایمقام کە «سەردار مەحموود» ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی کە چەندین جار دیالۆگەکەی لەبیر دەچۆوە، کە بێگومان ئەمەش کاری سلبی لەسەر نمایشەکە کردبوو، لە ڕووی جلوبەرگ و مۆسیقاشەوە مادام نمایشەکە کارێکی ڕیالیزمی بوو، دەبوایە ئەم دوو ڕەگەزە بەپێی دەقەکە تەوزیف بکرایە، بەڵام بە پێچەوانەوە بە ئاراستەیەکی تردا دەڕۆیشتن. بۆیە «دوژمنی گەل»ی ئەپسن و ئەم دوژمنی گەلە جیاوازیان زۆر بوو.

**عەبدولخالق قەرەداغی**
**(سلێمانی)**

---

## فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی

**پەیامی ڕۆشنبیری و هونەریی شاری سلێمانی**
**کامەران سوبحان ئامادەی کردووە**

وەک نەریتێکی باو هەموو ساڵێک پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی فیستیڤاڵی ساڵانەی خۆی لە مانگی کۆتایی خوێندندا سازدەکات، مەبەست لەم فیستیڤاڵەش خستنەڕووی ئەزموون و بەرهەمی هونەری قوتابیانە بەتایبەتی لەو ماوەی ساڵەدا کە بەشێوەی (تیۆری، پراکتیکی) لەسەردەستی مامۆستای پسپۆڕ وانەی تایبەتیان خوێندووە، ئەمە جگە لەوەی ئەم فیستیڤاڵەش ساڵانە وەک ڕاپەڕینێکی هونەری لێدێت کە قوتابیان و مامۆستایان شانبەشانی یەکتر ئەزموونە هونەرییەکانیان نمایش دەکەن، ئەم ساڵیش بەهەمان شێوەی ساڵانی ڕابوردوو (بەشی شێوەکاری) لە ڕۆژانی (٤-٥-٦/٦/٢٠٠٥) لە هۆڵ و گەلەرییەکانی پەیمانگە سەرجەم لقەکانی (پەیکەرسازی، سیرامیک، وێنەکێشان- گرافیک) بەرهەمی هونەری خۆیان نمایش کرد، پێشتر مامۆستایانی پسپۆڕیان ئەو بەرهەمانە

هەڵدەبژێرن بۆ نمایشکردن کە لە هەموویان زیاتر توانستی هونەری پێوەدیارە، بۆیە ئەم ساڵ جیا لە زۆر ساڵی تر لە بینینی بەرهەمی قوتابییاندا هەستت بەوە دەکرد کە ئەم ساڵ ئەم بەشەو مامۆستایانیان زیاتر بەرهەمی هونەرییان هەڵبژاردووە، ئەمەش زۆر بەڕوونی لە پێشانگەکەدا هەستت پێدەکرد.

بوونی ئەم جۆرە چالاکی و کەرنەڤاڵە هونەریانە جیا لەوەی هەوڵێکە بۆ وروژاندنی نێوەندی هونەری لەوشارەدا، لە هەمانکاتدا هەوڵێکیشە بۆ دەرخستنی توانست و دەنگی نوێی هونەری، کە ساڵانە ئەم پەیمانگەیە بە هەموو بەشاکانیەوە کۆمەڵێک هونەرمەند پێشکەش بەنێوەندی هونەری دەکات، بۆیە ئەم ساڵیش لە ئەزموونی قوتابییاندا بەتایبەتی لەهەردووبەشی (وێنەکێشان و سیرامیک)دا هەستت بە بینینی ئەو دەنگە تازانە دەکرد کە ئێستا لە سەرەتای دەرکەوتندان و دەشکرێت لە داهاتوودا ببنە هونەرمەندی دواڕۆژ.

خاڵێکی تر کە مایەی لە سەروەستانە بۆ بایەخ و گرنگی ئەم پەیمانگەیە ئەوەیە کە ئەم نێوەندە دەستی قوتابیانی هونەر دەگرێت تا بەشێوازێکی ئەکادیمیانە کار لە هونەردا بکەن، بەڵام ئەوەی کە هەستی پێدەکرا لەم ساڵدا، ئەوەبوو کە بینای ئەم پەیمانگەیە شیاوی ئامادەییەکە نەک پەیمانگەیەکی هونەریی، چونکە بیناکەی هێندە بچووک و تەسکە خاوەن گەلەرییەک نییە بە مانا مۆدێرنەکەی و تایبەتمەندی گەلەرییەکی هاوچەرخی تێدابێت، بۆیە بەبڕوای من لەم قۆناغەدا شانبەشانی خوێندنی هونەری مۆدێرن بیرکردنەوە لە دروستکردنی بینایەکی مۆدێرنیش پێویستییەکە لە پێداویستیە گرنگەکانی بەرەو پێشچوونی ئەم نێوەندە هونەرییە.

ئەگەر چاوێک بخشێنین بەسەرەتاکانی دروستبوونی ئەم پەیمانگەیە لە هەشتاکاندا تا ئێستا دەبینین نزیکەی (٢٥ ساڵ) دەبێت ئەم پەیمانگەیە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە لە ڕووی پرۆگرام و توانستی هونەری و ژمارەی قوتابییاندا کە لە چاو ساڵانی ڕابوردوودا بە چەندین پلە زیادی کردووە، بەڵام بەداخەوە هەر ئەو بینایەیە کە ساڵی هەشتا دامەزراوە، بێگومان ئەمەش ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ڕەوتی پێشکەوتنی هونەری و توانای داهێنان لای قوتابیان.




## تێکشکانی فۆرمە باوەکان لە شانۆگەریی «دیوار»دا

پرۆسەی بە نمایش بوون لە هونەری شانۆدا لەو چرکەساتەوە دەست پێدەکات کە هەموو کردەکانی نووسین دەگوێزرێنەوە بۆ کردەیەکی وێنەیی و جوولاو، ڕەنگە ئەمەش دیارترین ڕەگەزی هونەری شانۆ بێت لە چاو هونەرەکانی تردا...

(شانۆگەری دیوار) کە بەرهەمی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی هەولێر بوو کە ڕۆژی (١٨-١٩/٥/٢٠٠٥) لە هۆڵی سلێمانی پێشکەش کرا، ئەم شانۆگەریە لە نووسین و دەرهێنانی ڕزگار ئەمین و نواندنی (بەهمەن حاجی- ڕزگار مەحموود- چێنەر ئەحمەد سالار و بەرزان سنجاوی) بوو.

گەر بمانەوێت دیدێکی گشتگیرمان بۆ ئەم شانۆییە هەبێت ئەوا دەبێت قسەو گفتوگۆ لەسەر سەرجەم ڕەهەند و لایەنە هونەرییەکانی بکەین، ئەوسا دەتوانین بڵێین مافی تەواومان بەم شانۆگەریە داوە..

لێرەوە من دەمەوێت بە گەشتێکی سەرپێیی و خێرا هەندێ شفرەو ڕەهەندی جۆراوجۆری ئەم نمایشە قسەی لەسەر بکەم و دواتر بۆ هەر یەکەیان قسەی خۆمی لەسەر بکەم.

ڕەنگە یەکەم ڕەهەند لە ستراکتۆری دەقەوە دەست پێ بکەین، کە پرۆسەی نووسینی دەق لای ڕزگار ئەمین پڕاوپڕ بوو لە چێژو مانا بەشێوازێک فۆڕمێکی سادەی ڕۆژانە دنیایەک تەکنیک و کرداری هونەریانەی

خولْقاندووە، ئەمەش ڕەنگە سەرەتاترین ئەرک و ڕۆڵی دەقی شانۆیی بێت...

لەم دەقەوەو لەناوەکەیەوە (دیوار) نووسەر دەیەوێت سەرجەم دیوارە وەهمی و کۆنکریتییەکانی کۆمەڵگە تێک بشکێنێ، بەتایبەتی ئەو دیوارانەی بمانەوێت یان نا بوونەتە بەشێک لە کولتووری ڕۆژانەمان و هەر جارەی بەرەو ئاقارێک دەمانبەن، لێرەوە من پێم وایە نووسەر توانیبووی لە دیواردا بەشێوازێکی هونەریانە تەوزیفی کۆمەڵێک ڕووداو و حاڵەتی ڕۆژانە بکات کە بە ناوی عورف و دین و ڕەوشتەوە هەندێ جار کۆت دەکەنە ملی مرۆڤ.

لە ڕەهەندی دەرهێنانیشەوە (ڕزگار ئەمین)ی دەرهێنەر بەهەمان فۆرمی کارکردنی ڕابردوویەوە هەوڵی داوە پانتایی خەیاڵ لەسەر پانتایی تەختەی شانۆ بەرجەستە بکاتەوەو مروونەتێک بخولْقێنێ بۆ ئەوەی توانا جەستەییەکانی ئەکتەر بە ئازادی و دوور لە هەموو سانسۆر و دیوارێک بجوولێن و بەهیچ شێوەیەک تووشی وەستان نەبن ڕەنگە دەولەمەندی خەیاڵ و ئەندێشەی دەرهێنەر وای کردبێت کە ئەکتەرەکان بوونە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆنەستی دەرهێنەر و هەموویان پێکەوە گوزارشت لەو بابەتە بکەن کە دەقەکەی لەسەر نووسراوە.

ڕەهەندی نواندن بە بۆچوونی من پایەیەکی زۆر بەهێزە بۆ دەرخستنی لایەنە هونەرییەکانی نمایشێکی شانۆیی، بەتایبەتیش لەم ئەزموونەدا کە دەرهێنەر لەسەرەتای نمایشەوە تا کۆتایی لە هەوڵی خولْقاندنی ڕیتمێکە لە شانۆ کە بە زمانێکی زۆر سادە، بەڵام قووڵ و ئاسان، بەڵام پڕ لە مەعریفە بدوێ.

لەنێو بندێڕی ئەو دیالۆگانەی کە دەقەکەی پێ نووسراوە هەست بە تەکنیکێک دەکەین کە بەردەوام بینەری کەمەندکێش دەکرد بۆ نێو چیرۆکی نمایش، ئەو چیرۆکەی کە ڕەنگە ژیانی ڕۆژانەی هەر یەکە لە ئێمە بێت و ئەوان لەسەر تەختەی شانۆ پێمان بڵێن..

ناشێت لێرەشدا توانستی ئەو چوار ئەکتەرە لاوە لە یاد کەین کە بە بۆچوونی من هۆکارێکی بەهێزبوون بۆ گەیاندنی دیدوبۆچوونەکانی دەرهێنەر لە شانۆگەری دیواردا چونکە بە دڵنیاییەوە گەر ئەوان نەبوونایە ڕەنگە دەرهێنەر بیرۆکەی شانۆگەریەکەی بەم شێوەیەی ئێستای نەبوایە.

لایەنی گوزارشتیش کە دوا قسەمە لەسەری، دەرهێنەر زۆر وریایانە ویستبووی گوزارشت لە هیچ کات و شوێنێک نەکات، ئەوەندەی دەیویست لە ئێستاو لەو دنیا گرفتاویە بدوێت کە کۆمەڵێک هۆکار بوونەتە هۆی خولْقاندنی، بەبۆچوونی ئەو شانۆو تەختەی شانۆ باشترین شوێنە بۆ گوزارشتکردن لەو دنیایە.

## هاوڕێیانی گەزیزە و میوانی ئەم ئێوارەیە




ڕۆژی (٢٧-٣٠/٥/٢٠٠٥) لە هۆڵی سلێمانی تیپی شانۆی «هاوڕێیانی گەزیزە» شانۆگەریی «میوانی ئەم ئێوارەیە»یان پێشکەش کرد، ئەم شانۆگەرییە لە نووسین و دەرهێنانی «گەزیزە» و نواندنی «نەرمین کاوانی، خەندە جەزا، یاسین بەرزنجی»، هۆنراوەکانی ئەم شانۆگەرییە مارف عومەر گوڵ نووسیویەتی و سەلاح ڕەئووف ئاوازی بۆ داناوە.

پێشتر ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەم جار لە وڵاتی سوید لە شاری ستۆکهۆڵم پێشکەش کراوە و میوانی «کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنی کورد» بووە.

گەر سکێچێکی گشتیی ئەم شانۆگەرییە باس بکەین وەک زۆرێک لە شانۆگەرییەکانی تری «گەزیزە» بە تایبەتی ئەم چەند شانۆگەرییەی لەم چەند ساڵانەی ڕابردوودا کاری لەسەر کردووە خولانەوەیەکە بەنێو بازنەیەکی دیاریکراودا، ئەویش قسەکردنە لە باسی فەلسەفەی (فیمینیستی) و کاریگەری ئەو فەلسەفەیە لای ژنی کورد، ئەمە جگە لەوەی هەوڵەکانی لە چوارچێوەی ماف و ئەرکی ئافرەتی کورددا دەسووڕێتەوە، ئەو کائینەی بە درێژایی مێژوو لە ژێر چەپۆکی چەوساندنەوە و ماف خوراندا بووە.

«میوانی ئەم ئێوارەیە»ش بە شێوازێکی گشتی لەم مەودایانەوە گوزارشتی دەکرد.

ڕەنگە دیارترین بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە، لەو وتەیەی دەرهێنەرەوە بێت کە لە دەلیلی شانۆگەرییەکەدا نووسیویەتی و دەڵێت: «تۆ.. ئەی ژن.. ئەی ئەو مرۆڤەی زەمەنێکە ململانێ لەگەڵ ئەم دژوارییەی ژیاندا دەکەیت! چی دەخوازیت؟ پێت وایە.. تۆ تەنها بیت، بۆ مەینەتییەکانی ژیان بەردەوامی بدەیتە ڕۆحی خۆت؟!

چی دی بیر لە فرمێسک مەکەوە، ئاوڕێک لە دوای خۆت بدەوە و بزانە لە کوێوە خۆر هەڵدێت؟ بە پرشنگی چاوەکانت لێی بڕوانە، تۆ مرۆڤیت و دەبێت وەک مرۆڤیش بژیت، ڕابە... با چیتر لە ڕووناکی خۆر بێبەش نەبیت».

لەم وتانەی دەرهێنەرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم شانۆگەرییە زیاتر لە بابەتێکی دیاریکراو دەدوێت، ئەویش کێشەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەمە جگە لە هەندێ هەوڵی دەرهێنەر بۆ دیاریکردنی فۆرمێکی کوردانە لە ستایلی شانۆگەرییەکەدا وەک بەکارهێنانی موفرەدە و دیکۆر و جلوبەرگ و مۆزیکی کورد کە ئەمانە هەمووی هەوڵێکن بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی دیاریکراو کە زۆر جار ئەم فۆرمەش لە ئیشکالیەتی شوناس و ناسنامەوە سەرهەڵدەدات.

بە تێڕوانینی من «گەزیزە» دەنگێکی ڕەسەنە بۆ ئیشکردن لەم مەیدانەدا، بەڵام چەند گرفتێ لەم شانۆگەرییەدا هەبوون، لەوانە «نواندن» کە ڕەگەزێکی لاوازی نمایش بوو، شان بە شانی دەوڵەمەندیی تێکستەکە ئاستی نواندن لاواز بوو، بەتایبەتی لە دەستنیشانکردنی ڕیتمی گشتیی نمایشدا، هێندە ڕیتمەکە هێواش بوو زۆر جار بینەران تووشی دڵەڕاوکێ دەبوون، لە کاتێکدا بابەتی دەقەکە پێویستی بە ڕیتمێکی خێراتر بوو.

دەرهێنان و سینۆگرافیا ئەم دوو ڕەگەزەش تاڕادەیەک بۆشایی تێدا بوو، بە شێوازێک لە هەموو گۆڕانێک لە کردار و شوێندا هیچ گۆڕانێکی لە شانۆگەرییەکەدا دروست نەدەکرد، کە پێویستە وەزیفەی دەرهێنەر ئەو گۆڕانە بەرەو ئاقارێکی ڕاستەهێڵ ئاسا بەرێت تا دەگاتە کۆتایی چیرۆکی نمایش.

سینۆگرافیاش لەنێو موفرەدەی نمایشەکە و دیکۆر و ئەو دوو کەرەستەیەدا ون بووە، لە کاتێکدا بە پلەی یەکەم ئەرکی ئەکتەرە ئەو حاڵەتە بپارێزێ و نەیەڵێت ون بێت، هەر چۆنێک بێت گەزیزە و هەوڵەکانی شایستەی ئەوەن لە شانۆی کوردیدا قسە و باسی جددییان لەسەر بکرێت.

## شێروان فاتیح و ڕۆژگار مەحموود لە کارێکی هونەریی هاوبەشدا


ئەزموونی کاری هونەری بەبێ دیالۆگ و گفتوگۆی هونەریی شتێکی مەحاڵە، چونکە لەسەرەتاترین هەڵوێستدا هەموو کارێکی هاوبەش دەبێتە بەشێک لەو ئامانجەی کە مەبەستی کارە هاوبەشەکەی بۆ خوڵقاوە، لێرەشەوە من پێم وایە ئەزموونی هاوبەشی هەردوو هونەرمەندی داهێنەری لاو (شێروان فاتیح و ڕۆژگار مەحموود) فۆڕمێکە لەو فۆڕمانەی کە بەدوای شتێکی ناباو و نامەئلوفدا دەگەڕێت، ئەو هەستەش لە یەکەمین چرکەساتی کردنەوەی ئەو پێشانگە هاوبەشەیانەوە دەست پێدەکات کە ڕۆژی (٥/٢٨) بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە گەلەری ئارام لە سلێمانی کردیانەوە.

ئەم پێشانگەیە هەر لە کردنەوەیەوە تا دەگاتە شێوازی نمایش و دواتر ستایلی کارکردن جۆرێک لە تازەگەری پێوەدیارە، بەجۆرێک لە یەکەم چونە ژوورەوەی بینەر بۆناو گەلەرییەکە، بینەر ناچار دەکەن کە سەری بەرز کاتەوە بۆ ئەوەی تابلۆ و ئەزموونە هونەرییەکە ببینێت کە بە سەقفی گەلەرییەکەوە هەڵواسرابوون، بە پێچەوانەی زۆرێک لە پێشانگەکانی تر کە تابلۆکان لە ئاستی چاوی بینەر تێناپەڕێت، ڕەنگە ئەم کارەش پێشتر لەلایەن هەندێ لە هونەرمەندانی ترەوە کرابێت و شتێکی نوێ نەبێت، بەڵام ئەوەی شتێکی نوێیە لەم پێشانگەیەدا شێوازی کارکردن و ئەو جۆرە تەنسیقەیە کە ئەم دوو هونەرمەندە کاریان لەسەر کردووە، بەتایبەتی کارکردن لە دنیای هونەریدا و ئیشکردن لەگەڵ ئەو مادانەدا بەشێوازێک بووە کە وێنە وەک ماتریالێک بەکار هاتووە نەک وەک خودی وێنە، بۆیە لەم حاڵەتە کارکردنەی ئەم دوو هونەرمەندەدا زیاتر بیرۆکە زاڵە نەک تەکنیک، واتە هەریەکەیان بەتەواوی ئازادی خۆیەوە کاریان بۆ تایبەتمەندی و شێوازی کارکردنیان کردووە..

لای ڕۆژگار شکڵی تێکشکاو بەتایبەتی هێڵە خوارو خێچەکانی تایبەتمەندی کارکردنی ئەون بەشێوازێک ئەو هێڵانە لە کاری منداڵێک دەچێت بەترسەوە مامەڵە

لەتەک وێنەکێشاندا بکات، بەڵام ڕەنگە ئەم حاڵەتەش زیاتر ڕەهەندێکی نەستیانەی هەبێت و بگەڕێتەوە بۆ چرکەساتەکانی ڕابردووی هونەرمەند.
ئەم ئەوەندەی لە کارکردندا کار لەسەر پێکهاتەی بیرۆکەو ڕەنگ دەکات ئەمەندە ئیش بۆ تەکنیک و مەوداکانی تر ناکات، هەروەک ئەوەی بیانەوێت لەم هەوڵەیاندا ڕابردوو و چرکەکانی ئێستا پێکەوە ببەستنەوە، هەر بۆیە لە ڤۆڵدەری پێشانگەکەشیاندا پێکەوە هەردوو هونەرمەند نووسیویانە: ڕابردوو ئێستایە، ئەمانە بەشێکن لەوساتانەی جێمان هێشتوون، لێرەوە دەمانەوێت لەگەڵ مەوداکانی هێڵ، مەبەست لەو هێڵەی ساتێک دەکێشرێت، دەبێتە تۆمارکەری ساتەکانی خۆی، کاتێک داوا لە تۆ دەکات سەرت بەرز کەیتەوەو ئەو ساتانە لەپاڵ یەکدا ببینیت، بەپێچەوانەی نمایشەکانی تر لەگەڵ ئاستی بینینی تۆدا دانراون، ئەمەش هەوڵێکە بۆ دەرچوون لەو چوارچێوەیەی کە پێشتر باوبووە، لەمەشەوە تۆ دەبیتە بەشێک لەکارکردن.

# سەمای ڕەنگە ئەفسووناوییەکانی ناهیدە سدیق




ئەزموونی مامەڵەکردنی ڕەنگ لای هونەرمەند لەو چرکە ساتەوە دەست پێدەکات کە هونەرمەند خولیایەتی بەدوای کاری نوێ و داهێناندا بگەڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەنگە هۆکاری گوزارشتکردن بە ڕەنگ یەکێک بێت لە هۆکارە بەربڵاوەکانی مرۆڤ بۆ دەست نیشانکردنی هەڵچوونە ناوەکیەکانی خۆی، لە مەش گرنگتر مرۆڤ کاتێک هەست دەکات شتێک لە ناخیدایە و گوزارشتی پێ دەکات، هەر ئەو کاتە نهێنییەکانی ناخیشی لە فۆرمی جۆراوجۆردا خۆیان دەبیننەوە...
ئەگەر دەستەواژەی مامەڵەکردنی سایکۆلۆژیانەی ڕەنگ لەسەر ئەساسێکی ڕەگەزیانە شیتەڵ کەین ئەوا من پێم وایە ڕەگەزێ (مێ) لەو گوزارشتە گرنگەدا بە ڕەنگ سەرکەوتووترو قووڵترە، ئەوەتا (ناهیدە سدیق)ی شێوەکار، لە دوا ئەزموون و دووەمین پێشانگەی تایبەتیدا دەیەوێت دیوێکی تری ڕەنگمان پێ نیشان دات، دیوێک کە ڕەنگە کەم تا زۆر پێشتر نەمان بینیبێت.
سەمای ڕەنگە ئەفسووناوییەکان، ناوی دووەمین پێشانگەی تایبەتی ناهیدە سدیق بوو کە لە ڕۆژی ٢٥-٢٧/٥/٢٠٠٥ لە گەلەری سلێمانی کردیەوە.
هونەرمەند دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانەو ئەمە دووەمین پێشانگەی تایبەتی و جگە لەساڵی (١٩٩٥- ١٩٩٩) کە قوتابی بەشی شێوەکاری بوو لەو ساڵەوەی کە خوێندنی تەواوکردووە بەشداری نزیکەی (٢٠) پێشانگەی هاوبەشی کردووە، کە ڕەنگە ئەمە بۆ کیژۆڵەیەکی شێوەکار تا ڕادەیەک جێگەی ستایش بێت.
هونەرمەند لە ڤۆڵدەری ئەم پێشانگەیەدا نووسیویەتی:
«لەگەڵ سەمای ڕەنگە ئەفسووناوییەکەی ڕۆحدا، لەگەڵ یەکەمین هەنگاوی تازەگەریدا ڕەنگەکانم سەرقافڵەی خەمڕەوێنی ساتە شکستەکانی بیرەوەریەکانن و ئاشنایەتیان بەو جوانیانەی لە جوانی جوانترو لە خۆشەویستی مەزنتربوون بۆ قوتاربوون...
بە ئومێدی ئەوەی بە ئاوازی فلچە ڕۆحیەکانی دەروونمەوە ڕۆژگارێک بنەخشێنم بەرەو ئەو سپێدە»
وەک بینەرێک کە ماوەی چەند چرکەیەک لەو تابلۆیانە ڕامام، یەکەم ڕەگەز کە بەرچاوم کەوت، ڕەگەزی ڕەنگ بوو، کە ڕەنگ دیارترین هۆکاری گوزارشتی ناخی هونەرمەندە...
لەلایەکی ترەوە هونەرمەند هەوڵی دابوو ڕەنگەکان ڕوویەکی گەش و پاکیان هەبێت، بەشێوازێک مەلموسی ڕەنگەکانی ئەو لە هەموو حاڵەتێکی بینیندا هەستت بە جووڵەیان دەکرد، دوورنییە لەبەر ئەم هۆکارەش بێت ناوی

پێشانگەکەی نابێت «سەمای ڕەنگە ئەفسووناوییەکان» بەشێوازێک سەرجەم ڕەنگەکانی نێو تابلۆکانی لە حاڵەتێکی ئەفسووناوی و میتاواقعیدان، بەوجۆرەی ڕەگەزی ئەفسووناوی و سیحری بوون بنەمای سەرەکی ڕەنگەکانیەتی و بە بینینیان هەست دەکەیت ڕەنگەکانی ئەو سەر بە کیشوەرێکی ترن، ئەو کیشوەرەی لە سەرووی یادەوەری ئێمەوەیە...

لە ڕووی پێکهاتیشیەوە کە (تکوین)ی تابلۆ لەسەر ئەساسی هارمۆنیەتی ڕەنگەوە بونیاد نراوەو ئەو فیگەرانەش کە لەناو تابلۆدا بوونیان دەبێت و هونەرمەند دروستی کردوون لەو حاڵەتی سەمایەدان کە ناوی پێشانگەکەیەتی.

دوا شت لەم پێشانگەدا ئەوەیە کە بینەر لە بینینی ئەم تابلۆیانەدا هەست بەوە دەکات هەموو تابلۆکان پێکەوە چیرۆکێک دەگێڕنەوە کە ڕەنگە ئەو چیرۆکەش چیرۆکی پاڵەوانێکی (مێینە) بێت و پاڵەوانەکەشی چیرۆکنووسەکە بێت، کە هونەرمەندە وێنە کێشەکە لەم پێشانگەیەدا ڕاستەوخۆ ڕۆڵی ئەو چیرۆکنووسە دەبینێت و بە ئاسانی بەهۆی ڕەنگ و فیگەر و تابلۆوە ئەو چیرۆکە دەبینین.




## بیتوێن عەلی لە یەکەمین پێشانگای هونەریدا

ڕۆژانی ٦ تا ٨ی مانگی حوزەیران لە باخچەی «نالی» لە شەقامی سالم لە شاری سلێمانی هونەرمەندی تازە پێگەیشتوو بیتوێن عەلی یەکەمین ئەزموونی هونەری خۆی لە فۆرمێکی شێوەکاری گرافیکیدا نمایش کرد.

ئەم ئەزموونەی بیتوێن بریتی بوو لە (٢٠) تابلۆی قەبارە جیاواز و بە تەکنیک و ستایلی جیاوازەوە کاری کردبوو کە سەرجەمیان دەتوانین بڵێین ڕەنگدانەوەی حاڵەتی گریان و بیرکردنەوە و تێڕامانی ئەو بوون بۆ ژیان و دەوروبەری، ئەمەش سەرەنجامی ئەو تەکنیکە هونەرییە بوو کە ئەو کاری لەسەر کردووە.

گەر بمانەوێ خوێندنەوەیەک بۆ ئەم ئەزموونە نوێیە بکەین دەتوانین چەند ڕەهەندێکی ڕاڤە بکەین و لەسەر چەند مەودایەکی بدوێین، دیارترینیان شوێن و ئەو باخچەیە کە هونەرمەند هەڵی بژاردووەو پێشانگاکەی تێدا نمایشت کردبوو، دیارە ئەو باخچەیە یەکێکە لە باخچە جوان و گرنگەکانی شاری سلێمانی و ڕۆژانە چەندین هاووڵاتی پشووی تێدا دەدەن، ئەمەش وریاییەکی هونەرمەندە بۆ هەڵبژاردنی شوێنێک کە زۆرترین بینەر تێیدا ئامادەیە.

ئەمە فۆرمی کردنەوەی پێشانگە بوو، گەر لە تەکنیکی هونەری بدوێین ئەوا مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ ڕەنگدا باشترین ڕەهەندە بۆ قسە لەسەرکردن. بەتایبەتیش پێگەی ڕەنگی «کۆنتراست» (ڕەش و سپی) پێگەیەکی گرنگی لە تابلۆکانیدا داگیرکردبوو کە ڕەنگە ئەویش پێویست بێت بەو ستراتیژییەی کە ئەو بیرۆکە و تەکنیکی لەسەر بنیات ناوە، هەروەک خۆشی لەسەر پێکهاتەی ڕەش و سپی دەڵێت: «گەر خاوەنی دڵێکی سپی نەبین ناتوانین ڕەشمان خۆش بوێت و لێی تێبگەین».

«بیتوێن» قوتابی بەشی گرافیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە و بەو مامەڵەیەی لە تەک ئەو دوو ڕەنگە سەرەکییە، تایبەتمەندە کە هونەرمەند زۆرێک لە تابلۆکانی پێ نەخشاندبوو.

**م. عەبدولخالق**
**(سلێمانی)**

# ڤیکتۆر هۆگۆ لە وتارێکدا

ئەو مرۆیەی لەم گۆڕەدا خەوتووە، لەو کەسانەیە کە تێیدا چوونیان دەردو پەژارەی هەمووانە، لە ڕۆژگارێکدا کە هەموو خەونەکان لەبیر دەچن، چاوەکان لەسەر تاجە زێڕینەکان قەتیس نابن، بەڵکو دەڕواننە ئەو مێشکانەی کە بیرمەندن، کاتێ یەکێکیان دەمرێ تەواوی وڵات ڕەش دەپۆشێ، ئەمڕۆ، ڕۆژی ماتەمی خەڵکە، ڕۆژی مردنی پیاوێکی خاوەن چێژە، ڕۆژی ماتەمی نەتەوەیی، ڕۆژی مەرگی تاقانەیی.

خەڵکینە، ناوی بەلزاک لەگەڵ بەرهەمە ڕووناکەکەی، کە سەدەی ئێمە لە شوێنی خۆی بەجێ دێڵێ تێکەڵ دەبێ.

بەلزاک سەرتۆپی هەموو نووسەرەکانی سەدەی نۆزدەیە، کە بەدوای ناپلیۆنەوە هات. بەو جۆرەی کە (پلیاد) لە سەدەی حەڤدەدا دوای (ڕیشیلۆ) هات، دەڵێ بەرەو پێشبردنی شارستانیەت سروشتیە، چونکە ئەمڕۆکە سەرۆکەکان بەهێزی ئەندێشەوە، دەبنە جێگری ئەو سەرۆکانەی کە بە زەبری شمشێرەوە خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە.

بەلزاک لەنێو گەورەکاندا یەکێک لە باشترین و لەنێو خەڵکی ڕەشۆکی و خوێندەوارەکاندا لە ڕیزی گەورەترین مرۆڤەکان بووە، ئێرە جێگەی ئەوە نییە کە بڵێم مێشکی لێواولێو و پڕ لە مەزنیی و گەورەیی بووە. تەواوی کتێبەکانی دەبنە کتێبێکی تاقانە. کتێبێکی زیندوو و پڕ بایەخ.

کە هات و نەهاتی هەموو سەدەی هاوچەرخی خۆمانە، نازانم چ شتێکی ترسێنەرو سامناکە کە لەتەک ڕاستیدا تێکەڵ دەبێ، لەلابەلای ئەودا ڕەچاو دەکرێ، کتێبێکی سەیرو سەمەرەو هەڵکەوتووە.

کە شاعیر بەگاڵتە ناوی ناوە. هەر ئەوساتە دەیتوانی ناوی مێژووی لێ بنێ، بەرهەمێک کە هەموو وێنەکان و هەموو شێوازەکان دەگرێتەوە (ناسیت) بەجێ دێڵێ و هەتا «ڕابلە» پێش دەکەوێ. بەرهەمێک کە خولیاو خەون بێ، ئەو بەرهەمەی کە پڕبێ لە ڕاستی و ناڵەی دەروون و ڕازی بوورژوازی و دڵە خورپەی پارەپەرەستی و جارجارێک لەنێوان هەموو ڕاستەقینەکاندا کە بەتوندی بڵاو دەکرێتەوە. لەپڕ سووچێک لە قووڵترین و ناخۆشترین ئامانجەکان نیشان دەدا. نووسەری ئەم بەرهەمە گەورەو سەرسووڕهێنەرە لەخۆوە چ بیەوێ و چ نەیەوێ، چ بەم حاڵە ڕازی بێ و چ ڕازی نەبێ لە ڕەگەزی بەهێزی نووسەرەکانە، کە دەبێ لە سەر ڕێچکەی پێشڕەودا ناویان بەرین. بەلزاک ڕاست بەرەو ئامانجەکەی دەڕوا، لە تەک مرۆڤی ئەمڕۆکەدا، شەڕی کەس بەکەس دەکا، لە هەموو کەسێک شتێک وەردەگرێ، لە کۆمەڵێک گومان، لە گەلێکی تر هیوا، لەمانە هاوارێک و لەوانە سەرپۆشێک..... تا لە ناپاکی دەکۆڵێتەوە هەوەس شی دەکاتەوە، دەگاتە پلەی بیرکردنەوە و شی کردنەوەی بنیادەم، ڕۆح، دڵ، جەرگ، مێشک، لەو هەڵدێرگەیە دەکۆڵێتەوە، کە هەموو کەس لە ناخیدا هەیەتی، بەلزاک بەهێزی یەکێک لە سروشتە خوا پێداوەکەی و بە خەرمانی مافی تێگەیشتووەکانی هاوچەرخمان ئازادییان لە نزیکەوە لە ئامێز گرتووە و ئاکامی ژینی مرۆڤ جوانتر دەبینن، جوانتر دەرک بە ویستیان دەکەن، لەو لێکۆڵینەوە ترسێنەرەی کە «مولێر» پەژارەو کاسبی لە «ڕۆسۆ» خەڵک ڕاو دەنێ. بەپێکەنین و ڕۆحێکی سووکەوە دێتە دەرەوە.

ئەمەیە ئەوەی لە نێوانماندا ڕووی داوە. ئەمەیە کە بەرهەمێکمان بۆ بەجێ دێڵێ. بەرهەمێکی گەورەو قایم، کەڵەکەیەکی بەردی خارا. بەرهەمێکی گەورەو نەمر، بەرهەمێک کە لەمە بەدواوە ناوو ناوبانگی لەسەر سەریەوە هەڵدەفڕێ. پیاوە گەورەکان بە دەس خۆیان پایەی پەیکەرەکانیان دادەڕێژن، پاشان بەرەی نوێ پەیکەرەکانیان دروست دەکەن، مردنی، پاریسی لەسەر سووڕماندا نوقم کرد، سێ، چوار مانگ دەبوو گەڕابووەوە، چونکە کاتی مردنی نزیک ببووەوە، ویستبووی بۆ جارێکی تر وڵات و نیشتمانەکەی ببینێتەوە، بەو جۆرەی کە بنیادەم دوێ شەو لە سەفەرێکی گەورە بۆ لای دایکی بگەڕێتەوە.

ژینی کورت بوو، بەڵام بەرهەمەکانی لە ڕۆژەکانی تەمەنی درێژتر بوون. حەیف و سەد مخابن ئەم کرێکارە بەهێزە، هیچ کات ماندوو بوونی نەدەناسی، ئەم فەیلەسووفە، ئەم بیرمەندە، ئەم شاعیرە ئەم تاقانەیەی لەنێو ئێمەدا، ژینی پڕ لە هەڵسوکەوت و بەربەرەکانی و شەڕی تەواوکرد. کە لە هەموو سەدەکاندا ژینی هەموو پیاوە گەورەکان بووە ئەمڕۆ تەمەنی دا بەئێوە. لە شەڕو بەربەرەکانی ڕزگاری بوو. لە ڕۆژێکدا پا لەنێو گۆڕ و شانازی دادەنێ. لەمڕۆ بەدواوە بەسەر ئەم هەورانەی کە بەسەر سەرمانەوەن، لەنێوان ئەستێرەکانی نیشتماندا دەدرەوشێتەوە.

ئێوە کە تەشریفتان لێرەیە، حەزناکەن تامەزرۆی جێگەی ئەوبن؟

خەڵکینە، دەردوپەژارەی ئێمە لە بەرامبەر ئەم کۆسپەدا بەهەر ئەندازەیەک بێ چۆک دادەدەین و بە هەموو ناخۆشییەکانی وەری دەگرین. ڕەنگە واچاک بێ، ڕەنگە لە چەرخێک وەک سەدەی ئێمە جارجارێک کۆسپێکی گەورە ئەو مێشکانەی کە لەژین و مردن لە شەک و گوماندان جووڵانەوەیەکی ئایینیان پێ با. کاتێ چارەنووس خەڵک دەخاتە بەرامبەر ئەو نهێنییە، کاتێ ئەم دەرفەتە بە خەڵک دەدا کە مردن بۆ هەموو کەس بەرامبەریەکی گەورەو ئازادە. ئێوە بچنە ماڵی فیکرەوە، دەزانی دەبێ چ بکا، چارەنووس دەزانێ چی دەکا، چونکە

گەورەترین پلەی هەموو فێربوونەکان لێرەدایە، کاتێ مێشکێکی گەورەو بەناوبانگ لە دایک دەبێ، کاتێ یەکێک لەو مرۆڤانەی کە ماوەیەکی درێژ بەباڵی فیکرو ئەندێشە بەسەر نیشتمانەکەی هەڵدەفڕێ و لە پڕ ئەو باڵانەی کە نابینرێن، بڵاودەکەنەوە بە توندی دەچنە ناو نەناسراوەکان! بێجگە لە ئەندێشەی تێکەڵاوی بنەوەیشی و توندی ناتوانێ لەنێوانیاندا بێت. نا، نەناس، ئەمە نەناسراو نییە، نا، ئەم خاڵەم لە جێگەیەکی ترا، لە کارەساتێکی دڵتەزێنتردا وتووە، لە پاتەکردنەوەی هیلاک نابم. نا، شەو نییە، ڕەشایی نییە، ڕووناکییە، دوایی نایە، سەرەتایە، تەواوی نییە، نەمرییە ئێوە کە بۆ قسەکانم گوێتان ڕاگرتووە، بلێن بزانم، مەگەر وانییە؟ ئەو دارەمەیتانە نیشانەی نەمرین، لە بەرامبەر کۆمەڵێک لەمردووە ناودارەکان، بە ئاشکرایەکی ڕوونتر بەچارەنووسی خۆیی کە هەیە، ئەوکەسەی کە بیری هەیە بۆ ئازار کێشان و خاوێنی لەسەر زەوی تێدەپەڕێ. ناوی بنیادەمە. دەزانین و لە دڵی خۆمانەوە دەڵێین بەبیردا نایە ئەو مرۆڤانەی لەتەمەنیاندا تاقانە بوون. دوای مردن، لەنێو بچن.

**و/ لە فارسییەوە: م. حەکیمی**
**(کوردستانی ئێران)**

**سەرچاوە: اونورە دوبالزاک، م. حکیمی – سرهنگ شاید – ل٦.**

*** ڤیکتۆر هۆگۆ ئەم وتارەی لە کۆبوونەوەیەک لەسەر گۆڕی «فردریک لولیا» ڕۆژی ٢٧ی ئەیلوولی ١٨٤٧ خوێندووەتەوە.**

# کورتە باسێک لە بارەی ئەو قەرەجانەی لە جیهاندا بڵاون

تایفەیەک لە پاشماوەی هەندێک گۆرانیبێژ و سەما کارەکانن کە لە سەردەمی «بەهرامی گۆڕ» هاتوونەتە ئێرانەوەو خەڵکێکی گەڕیدەی بیابان گەڕن کە لە هەموو شوێنێکدا هەر خەریکی گەڕان و سووڕانن.

ئەڵمانیای نازی تەنیا شەش ملیۆن جوولەکەی نەکوشت و لە کوورەکانی مرۆڤ سوتاندندا نەیکردن بە خەڵوز، بەڵکو نزیکەی (٤٠٠) هەزار مرۆڤی «قەرەج»یشی کوشت و لەناوبردن.

دوا بەدوای شەڕی دووەمی جیهانی بە هۆی ئەم هەموو بەڵایەی کە بەسەر جوولەکەکان هات، جووەکان خوازیاری وڵاتێک بوون کە ئەمە خۆی بوو بە یەکێک لە هۆیەکانی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل.

بەڵام قەرەجەکان بە پێچەوانەی ئەمانەوە چاوەڕوانی ئەوەیان کرد کە هیچ سنوورێک نەبێت کە ئەوان لەگەڕان بکات و بتوانن بۆ هەر شوێنێک کە مەبەستیانە بە ئازادانە بچن، بەڵام ئاخۆ قەرەجەکان کێن، لەکوێ هاتوون و بۆ کوێ دەڕۆن کە ئارام ناگرن و لە هیچ شوێنێک نیشتەجێ نابن؟!

زۆر کەس ئەم پرسیارە دەکەن، بەڵام وەڵامەکەی نادۆزنەوە، هەروەک باسمان کرد، خەڵکێک بوون لە دانیشتوانی باکووری هیندوستان کە نزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا وردە وردە و دەستە دەستە، ڕێگای کۆچیان گرتە بەرو لە ڕێگای ئێران و قەفقاز و تورکیاوە هاتوونەتە ناو ئەورووپاوە.

لە سەرەتای سەدەی یازدەیەمی زایینی ئیمپراتۆری سیگسمۆند پاشای (بوهم)ی قەرەجەکانی خستە ژێر باڵی خۆی، هەر بۆیە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا قەرەجەکان بە (بوهمی) ناسراون.

لە سەردەمی ئێستادا زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر، قەرەجەکان نیشتەجێی وڵاتانی ئەوروپان.

قەرەجەکانی ئەوروپا بریتین لە سێ بەش کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- قەرەجەکانی ڕۆم کە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ نیشتەجێی ڕۆمانیا بوون و ئەگەر ناوی ڕۆم (ROM)یان لە خۆناوە، لەبەر ئەوەیە کە لە زمانی ڕۆمانیاییدا (ڕۆم) بە واتای مەرد و ئازاوە دێت.

٢- قەرەجەکانی مانۆش کە ناوەکەیان لە واژەی هیندی (مانۆش)ەوە دێت بە واتای مەردو بە جەرگە و زۆربەی ئەوانیش چەندین ساڵ لە ئەڵمانیادا ژیاون و هەر لەوێوە پەڕیوەی وڵاتانی تری ئەوروپا بوون.

٣- ئەو قەرەجانەن کە (ژیتان)ن و ئەو ناوەشیان لە واژەی «ژیپی» یان «ئەژیپین» واتە میسریەکان دەگەیەنێ، چونکە ئەوروپاییەکان بە میسر دەڵێن (Eggpte).

لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر باشووری فەرەنسا و دوابەدوای ئەویش باشووری ئیسپانیا ناسرابوو بە میسری بچووک، لەبەر ئەوەی قەرەجەکان لەو شوێنانە نیشتەجێ بوون و بە میسریش ناسراون.

زمانی ئاخافتنی قەرەجەکانی ئەوروپا کە ژمارەیان نزیکەی هەشت ملیۆن کەس دەبێت سەر بە ڕەگەزی زمانی (سانسکریتین) هەمان زمانی ئێستای خەڵکی باکووری هیندوستان کە بە هۆی نیشتەجێ بوونیان لە وڵات و هەرێمی جۆراوجۆردا شێوەی جۆراوجۆریان لێ پێک هاتووە.

ئەوەی کە چۆن دەکرێ باس لە ورە بەرزی و ژیانی سەربەستی قەرەجەکان بکەین دژوارە، لەبەر ئەوەی لەم دنیایەدا هەموو گەل و نەتەوەو کەسێک لە خەمی ماڵ و منداڵ و ژیانی باشدا وێڵە، بەڵام قەرەجەکان نەبێ کە هەردەم ماڵ بەکوڵەوەن و ناخوازن بۆ هەمیشە لە هیچ شوێنێکدا نیشتەجێ بن و هەردەم بەماڵ و منداڵەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر خەریکی کۆچ و گەڕانن.

**ئا: ڕامان**

# عەلی ئەشرەف دەروێشیان کۆمەڵێک چیرۆکی کوردی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی

داستان کوتاه معاصر کرد (کورتە چیرۆکی هاوچەرخی کورد) ناونیشانی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەیە کە عەلی ئەشرەف دەروێشیان لە کوردییەوە کردوونی بە فارسی.

نووسەری بەناوبانگی بە ڕەچەڵەک و بیر کوردی فارس نووس، عەلی ئەشرەف دەروێشیان لە هەوڵێکی جیدیدی بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بە خوێنەرانی فارس زمان، هەڵبژاردەیەک لە کورتە چیرۆکی کوردی وەرگێڕا. دەروێشیان لەو بارەوە بە پەیامنێری گرووپی فەرهەنگ و هزری ئاژانسی «ئیلنا»ی ڕاگەیاند: «کۆمەڵە چیرۆکەکە لە ٢٥ کورتە چیرۆک پێکهاتووە کە لە کۆنترین چیرۆکی کوردی بەرهەمی «حەسەن قزڵجی»یەوە تا کاری نووسەرانی گرنگی وەک شێرزاد حەسەن، ڕەووف بێگەرد، نەجیبە ئەحمەد و...تاد،ی لە خۆ گرتووە.

عەلی ئەشرەف لەدرێژەدا گوتی: لە پێشەکی کتێبەکەدا بە تەسەلی لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و تایبەتمەندیی چیرۆکی کوردی دواوم. کەڵکەڵەی نووسەرانی کورد لەم چیرۆکانەدا زیاتر، ئاوارەیی و پەریوەیی و ژینۆسایدە و زۆربەی چیرۆکەکان بەشێوەی ڕیالیستی نووسراون، دیارە لە هەندێ لەو چیرۆکانەدا ڕەگی سوریالیستیشیان تێدا بەدی دەکرێ. نووسەری ڕۆمانی «سالانی هەوروهەلا» گوتی: هەرچەندە خۆم کوردم، بەلام لە وەرگێڕانی ئەو چیرۆکانەدا کە بە کوردی سۆرانی نووسراون، لە هەندێ شوێن تووشی گرفت بووم کە بە هاوکاریی چەند دۆستێک ئەو گرفتانە چارەسەرکران.

ئەو کتێبە (٤٠٠) لاپەڕەییە بەو زووانە لەلایەن دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی «چەشمە»وە لەتاران بلاودەکرێتەوە.

# ئیسمایل کادارە خەڵاتی ئەدەبیی «بوکەر»ی بردەوە

یەکەم خەلاتی نێونەتەوەیی «بوکەر» درایە ئیسمایل کادارە، ڕۆماننووسی ئەلبانی.

ئەم نووسەرە کە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە لە فەڕەنسا دەژی، ڕۆژی ٢٧ی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ لە ڕێوڕەسمێکدا لە ئەدینبەرگ ئەو خەلاتە ٦٠ هەزار پاوندییەی وەرگرت.

پرۆفیسۆر «جان کێری» سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردنی ڕکابەرییەکە گوتی: «کادارە نووسەرێکی جیهانییە کە ڕاوێژی چیرۆکبێژییەکەی بۆ «هۆمێر» دەگەڕێتەوە.» شایەنی باسە ئەو خەلاتە سەبارەت بە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەر، دەدرێ نەک تاکە بەرهەمێکی. کادارە دەتوانێ وەک بەشێکی تری خەلاتەکە وەرگێڕێک بۆ بەرهەمەکانی دەستنیشان بکات، وەرگێڕەکەش ١٥ هەزار پاوندی دەست دەکەوێ.

کادارە ساڵی ١٩٣٦ لە شاری شاخاویی «جیرۆ کاستەر» لە دایک بوو. ئەو بەنێوبانگترین شاعیر و ڕۆماننووسی ئەلبانیایە. کادارە ساڵی ١٩٩٠ لە فەڕەنسا بوو بە پەنابەری سیاسی و لە ماوەی ئەو ١٥ساڵەدا لە ئەلبانیا نەژیاوە. یەکەم ڕۆمانی بە ناونیشانی «ژەنەڕاڵی سوپای مردوو» ساڵی ١٩٦٣ بلاو کردەوە. ئەو ڕۆمانە تا ئێستا لە ٤٠ ولاتی دنیادا بلاو بۆتەوە.

هەژێ گوتنە، پێشتر خەلاتی ئەدەبیی بوکەر تەنیا بۆ نووسەرانی بریتانیا تەرخان کرابوو، بەلام دوای ئەوەی لەسەر ئەو هەڵوێستە ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا، بڕیار درا لەمە بەولا هەر دووساڵ جارێک ئەو خەلاتە جیهانییە بدرێتە نووسەرێکی زیندوو.

ئیسمایل کادارە لەناو ١٨ پالێوراوی وەرگرتنی خەلاتەکە، یەکەم خەلاتی جیهانیی بوکەری بردەوە.

# بەرگی تازەی «هێری پاتێر» نیو ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا

لە کاتێکدا هێشتا مانگێکی بۆ بلاوبوونەوەی کتێبی تازەی زنجیرە چیرۆکی «هێری پاتێر» ماوە، نیو ملیۆن کەس کتێبەکەیان پێشکڕ کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتێک کە کەناڵی S.N.N بلاوی کردۆتەوە، خاتوو «جی. کی. ڕۆلینگ» نووسەری ئەو زنجیرە چیرۆکە، شەشەم بەرهەمی خۆی نێو ناوە «هێری پاتێر و شازادەی زڕ». ئەم کتێبە ١٦ی مانگی ژوییە (تەمووز) دەکەوێتە بازاڕەکانی کتێبی دنیاوە.

پێنجەم بەرهەمی خاتوو ڕۆلینگ لەژێر ناونیشانی «هێری پاتێر و فەرمانی قەقنووس» بلاو بووەوە. ئەم کتێبە، ڕیکۆردێکی نوێی لە بواری فرۆشی کتێب لە دنیادا شکاند. وەها کە تەنیا لە یەکەم ڕۆژی بلاوبوونەوەیدا، پتر لە ٥ ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا.

زنجیرە چیرۆکەکانی «هێری پاتێر» لە شوێنە جیاجیاکانی دنیادا تا ئێستا زیاتر لە ٢٥٠ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە.

خۆزگە ئەم شاکارە پڕ خوێنەرە لەلایەن وەرگێڕێکی بەتواناوە، لە زمانە سەرەکییەکەیەوە کە ئینگلیزییە وەردەگێڕرایە سەر زمانە شیرینەکەمان، تا ئێمەش گەرماوگەرم دوا بەرهەمی نووسەرێک بخوێنینەوە کە لە هەموو دنیادا بە لێشاو خوێنەری تامەزرۆی هەن.

**ئا: س. دڵسۆز**

سەرچاوە: سایت لینکستان و ادبستان.

# شەرعیەتی داهێنان شەرعیەتی هاووڵاتیبوون



نەژاد عەزیز سورمێ

ئەگەرچی لە سەرەتادا زۆرمان خۆشویست و بەخۆشەویستی ئەو و چەند سومبلێکی دیکەی ئەدەبیاتی فەلەستینی گۆرانیمان بۆ چڕین، بەڵام کاتێ ئەویش نەیتوانی لە بازنەی شۆڤێنیایەتی ئەزەلییان دەربازی بێت و لە تاکە شیعرێکی (کوردستان) پەشیمان بووەوە، ڕووبەندەکان زیاتر داماڵران و حەقیقەتی چەهرە و سیمایان وەک زۆرجاری دی پتر دەرکەوتن..

لەگەڵ ئەوەشدا (مەحموود دەروێش)ی شاعیری فەلەستینی لەو قسەیەیدا کە دەڵێ دەبێ شەرعیەتی شیعر و داهێنان بەگشتی و شەرعیەتی خەبات و هاووڵاتیبوونی سوودبەخش لێک هەڵاوێردرێن، ڕاست دەکا..

لەو ڕێیەدا هەڵوەستەیەک پێویستە، تاریکترین شوێن ئەوەتا دەکەوێتە ژێر ڕوناهی چراوگ..

مرۆڤ ئافرێندراوە، مرۆڤییەتی خۆی هەست پێ بکا و پەیماننامە ئەبەدییەکانی خود لەگەڵ خۆیدا بە پیرۆزی بێڵێتەوە.. ئەوەی پێی دەگوترێ دادپەروەری، (ئەگەر بوونەوەرێک بەو ناوونیشانە هەبێ)؛ لە هونەر و ئەدەبیات و ئەو ڕێگایانەدایە ڕووەو هاوسەنگیدان بە ژیان، دوور لە خۆنووسان و بارکەوتوویی هەڵدەبەسترێن.. بەدوای نووردا گەڕان کەم نییە..

دەخوازێ شتێک نەکەین هارمۆنیای خەیاڵناسکیی و ئاسمانگەڕیی.. بەختووکەدانێک بشێوێنین و شەرعیەتی باڵانمای پیرۆزگریی داهێنان بە تەواوی گڕوگاڵ و چەخماخە و تەنینەوە و ڕۆشنایی و دڵگەرمی و ڕوونبینی و هەروایەتییەوە؛ بە شەرعیەتێک بسەپێنرێ کە تەنیا لە ئایەتی و نایەتیدا گیراوە و بەهێزی لێگۆڕان و کوڕ گەرم کردن و دەمار دەرهێنان و تێکشکاندنی هاوکێشەکانەوە، لە ڕۆژگارێکی زیوار زیوار و ماسکداردا سەری کێل کردبێتەوە. لێرەیش ڕا دادخواز، ئەگەر بەلای بەری سیاسەتیشدا بشکێنێتەوە، مەترسییەک پێکناهێنێ، ئەوەندەی خودی (بەحساب) داهێنەر و (ڕەها) بە زانین بێ یا نەزانیی، لە زۆر خوازیی و گومڕاییدا لێی دەخا.. ئەمە لەخۆیدا چەپڵەکوتانە لە تیمە تەیار و ئامادە و پۆشتەکانی دڵنشینی؛ لەپێناوی پاکانەی بەخۆنەوەستان و چاونزیی و بەسەرخۆدا زاڵ نەبوون.. دوو شتی لێک جیاوازن، شەرعیەتدان بە خود، لە ڕێی شەرعیەتی هاووڵاتیبوون و وەرگرتن یا گۆڕینەوەی کارتی ئینتیمای هەڵکەوتن، لە تونێلە مارپێچەکانەوە کە نەک جەوهەری ڕۆحیان تێدا ونە، ڕووکەشی پێوەندییە لاوەکیەکانیش لەوێدا لە بن پێیان کەوتووە، دیارە هونەر و فەنتازیا و هەرچییەکی پێیانەوە بەندە کە مانایەکیان نامێنێ خود و ناسکبێژی و شایان بوونیش لە ئەتمۆسفیرێکی لەو چەشنەدا جێی باسان نییە.

ئەم دوو شەرعیەتە، دوو شتی لێک جیاوازن، با بشیان بینین پێکەوەن لە ڕێگادا.

شەرعیەتی داهێنان، لە بە گوڕترین درەوشانەوەیدا و شەرعیەتی هاووڵاتیبوون، کاتێ شەرعیەتی داهێنانی پێ دەسەپێنرێ. لە خەفەترین کوژانەوەیدا، دوو شتی جیاوازن.

**حوزەیرانی ٢٠٠٥**